

پیـاوان و ئافرەتانی دەوری پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم

نووسینی
سعـــد یوسف ابو عزیز

وەرگێـڕانی
تارا حمـە سعید حمە کریم

پیاوان و ئافرەتانی

دەوری


پێغەمبەر (ﷺ)

ئامادەکردنی : سعد یوسف ابو عزیز

پێشەکی : مامۆستا حسن أیوب

وەرگێرانی : مافناس تارا حمه سعید حمه کریم

١٤٣٠ هجری - ٢٠٠٩ زاینی



ناوی کتێب : " پیاوان و ئافرەتانی دەوری پێغەمبەر(ﷺ)"

نووسینی : سعد یوسف ابو عزیز

وەرگێڕانی : مافناس تارا حمـــه سعید حمه کریم

دیزاینی ناوەوە : سرمد

دیزاینی بەرگ : سیف

شوێنی چاپ : چاپخانەی ڕێ نوێ

ژمارەی سپاردن : (١٨٦٧)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێدراوە

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی وەرگێڕ:

ئەی ئەوانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا وێڵ و سەرگەردانن و هاوەڵێکی هەق نیە دەستتان بگرێت و ڕێگای ڕزگاری و خۆشبەختی تان نیشان بدات ..

بۆ من و بۆ ئێوەش نزیکترین هاوەڵ .. ڕۆشنترین چرای ڕێگا و دڵسۆزترین برا .. و ڕاستگۆترین ئامۆژگاریکەر .. و شیاوترین پێشەنگ هەر ئەو یارانەی ئازیزمانن (ﷺ) کە پەیمانی فیداکاری خۆیان بە کامڵترین شێوە نیشانی مێژوودا ئەوان لە لوتکەدا بوون لە ئاکاری جوان و بێ وێنەن لە پیادەکردنی واتا و مەبەستەکانی شەریعەت لە خۆیاندا بەڕادەیەک بۆ هەندێ کەس بڕواکردنی مەحاڵە..

بەڵام ئایا بۆ ئەوانەش مەحاڵە کە ڕاستگۆیانە دەیانەوێ سەر مەشقێکیان هەبێ لەهەر لایەنێك لە لایەنەکانی ژیاندا ، لە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، لە خۆشویستنی زانست و تەقەلادان بۆی ، لە مەیدانی گیانفیدای و خۆنەویستی و پشت بە خوا بەستن و لە سەرجەم واتا جوانەکانی تری ژیاندا ..

هەر بەو ئامانجە و بە هیوای ئاوێتە بوون لەگەڵ ئەو چاخە زێڕینەدا هەوڵمدا بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەنرخە بەرهەمێك زیاد کەم بۆ کتێبخانەی کوردی و بە ئومێدی ئەوەی بتوانین بیانکەینە چاوساغ و پێشڕەومان و شوێنپێی ئەوان بگرین لە ئامانج و هەنگاوەکانماندا و لە پەروەرگاری مەزنیش داواکارم بیکاتە توێشوویەك بۆ قیامەت "آمین"

" وَاللَّهُ مِنْ وَرَاءِ القصد "

وەرگێڕ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سەرەتایەك

بە پێنووسی: مامۆستا حسن ایوب

سوپاس و ستایش بۆ خوای جیهانیان ، تەوەككولم بەوە و پشت بەستنم هەر بەو زاتەیە . شایەتی دەدەم لە سەرتاك و تەنهایی خودا و شایەتی دەدەم كە بێ هاوتاو هاودەمە و هەموو كاروبارەكانی هەردوو جیهان لە دەستی ئەو دایە ..

وە شایەتی دەدەم كە (محمد ﷺ) بەندە و نێردراو و خۆشەویستی خوایە و هەڵگری ئالای ستایشە لە ڕۆژی پەسلاندا . درورد و سەلامی پەروەردگار لەسەر پێغەمبەر و ئەهل و یارانی و شوێنكەوتوانی بە چاكە لە هەموو حاڵ و لە هەموو كاتێكدا.

وە پاشان ...

برای بەڕێزمان (سەعید یوسف ئەبو عزیز) لەناو برایان و هاوەڵانیدا بە كەسێكی باش ناسراوە ، هەروەك خاوەنی ڕێبازێكی دروستە و پێداگرە لەسەر شوێنكەوتنی سوننەت و دژایەتی كردنی بیدعە ، چەند بتوانێت هەوڵی پێشكەشكردنی سوود و خەیر و ڕێنموونی دەدات بۆ هەموو موسڵمانێك .

وە ئەمە ماوەیەكە بەردەوام پەرتووكی سوودمەند ئاسانكراو پێشكەش دەكات . جا هەندێ لەو پەرتووكانە لێكۆڵینەوە و لەسەر نووسینی هەندێ پەرتووكی ترە كە كەسانی دیكە دایاننناون هەڵساوە بە دەرهێنانی ئەو فەرموودانەی كە لەو پەرتووكانەدا دەرهێنانیان بۆ نەكراوە ، بڕێكی تریان لە كۆشش و كۆ كردنەوە و دانانی خۆیەتی ، كۆتا پەرتوكیشی ئەمەیە كە لەبەردەستاندایە بەناوی " پیاوان و ئافرەتانێكی نموونەیی لە دەوری پێغەمبەردا ﷺ " .

هەڵساوە بە هەڵبژاردنی سەد كەسایەتی لە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەو فەرموودە و چیرۆك (ریوایەت) و ڕووداوانەی كۆ كردوەتەوە كە بەشداری یان لە دەرخستنی ئەم كەسایەتی یانەدا كردووە كە دوای پێغەمبەران و نێردراوانی خوا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نموونەیان نی یە ، هەروەك ئیبن مەسعود خوا لێ ی ڕازی بێت دەڵێت : " هەر لە نێوەندی لێكۆڵینەوەی ئەم كەسایەتی یانەدا ئەو ڕەوشت و ئاكارانە

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سەرەتایەك

بە پێنووسی: مامۆستا حسن ایوب

سوپاس و ستایش بۆ خوای جیهانیان ، تەوەککولم بەوە و پشت بەستنم هەر بەو زاتەیە . شایەتی دەدەم لە سەرتاك و تەنهایی خودا و شایەتی دەدەم کە بێ هاوتاو هاودەمە و هەموو کاروبارەکانی هەردوو جیهان لە دەستی ئەو دایە ..

وە شایەتی دەدەم کە (محمد ﷺ) بەندە و نێردراو و خۆشەویستی خوایە و هەڵگری ئالأی ستایشە لە ڕۆژی پەسلأندا . درووت و سەلامی پەروەردگار لەسەر پێغەمبەر و ئەهل و یارانی و شوێنکەوتوانی بە چاکە لە هەموو حالْ و لە هەموو کاتێکدا.

وە پاشان ...

برای بەڕێزمان (سەعید یوسف ئەبو عزیز) لەناو برایان و هاوەلأنیدا بە کەسێکی باش ناسراوە ، هەروەك خاوەنی ڕێبازێکی دروستە و پێداگرە لەسەر شوێنکەوتنی سوننەت و دژایەتی کردنی بیدعە ، چەند بتوانێت هەوڵی پێشکەشکردنی سوود و خەیر و ڕێنموونی دەدات بۆ هەموو موسڵمانێك .

وە ئەمە ماوەیەکە بەردەوام پەرتووکی سوودمەند ئاسانکراو پێشکەش دەکات .

جا هەندێ لەو پەرتووکانە لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی هەندێ پەرتووکی ترە کە کەسانی دیکە دایانناون هەڵساوە بە دەرهێنانی ئەو فەرموودانەی کە لەو پەرتووکانەدا دەرهێنانیان بۆ نەکراوە ، بڕێکی تریان لە کۆشش و کۆ کردنەوە و دانانی خۆیەتی ، کۆتا پەرتوکیشی ئەمەیە کە لەبەردەستاندایە بەناوی " پیاوان و ئافرەتانێکی نموونەیی لە دەوری پێغەمبەردا ﷺ " .

هەڵساوە بە هەڵبژاردنی سەد کەسایەتی لە هاوەلأنی بەڕێزی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەو فەرموودە و چیرۆك (ریوایەت) و ڕووداوانەی کۆ کردوەتەوە کە بەشداری یان لە دەرخستنی ئەم کەسایەتی یانەدا کردووە کە دوای پێغەمبەران و نێردراوانی خوا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نموونەیان نی یە ، هەروەك ئیبن مەسعود خوا لێ ی ڕازی بێت دەڵێت : " هەر لە نێوەندی لێکۆڵینەوەی ئەم کەسایەتی یانەدا ئەو ڕەوشت و ئاکارانە

ئاشکرا دەبن کە پێیان ڕازابوونەوە و هەر بەو هۆیەشەوە بوو بوونە باشترین ئوممەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا " .

هەروەها هەموو ئەم پایە بەرزی و چاکە و ڕەوشتانەی لەم هاوەڵانەدا هەبوون و باسکراون بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەو هاوەڵانەش کە ناویان نەبراوە لەسەر هەمان ڕێباز و ڕەوشت و خۆپارێزی و باوەڕ و تەقوا بوون ، هەروەها بەهەمان شێوە پابەند بوون بە هەموو ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ، وە بە هەموو ئاکارێکی گەورە و بچوك کە لە پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) فێری بووبێتن .

ئێمەش لەلای خۆمانەوە هیواداریـن خوای گەورە یارمەتی ئەم دانەرە بەڕێزە بدات تاوەکو لەسەر ژمارەیەکی زیاتر لەهاوەڵانی ئەو پێغەمبەرە ئازیزە (ﷺ) بنوسێت ، خوا یار و یاوەری بێت بۆ ئەوەی زیاتر سوود بە ئیسلام بگەیەنێت و ئیسلام زیاتر پێیان بەهێز و بە تینتر بێت .

آمین ..

حسن أیوب

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

" لە نێو دەستی ئەم پەرتووکەدا "

سوپاس و ستایش بۆ پەروەدگاری هەردوو جیهان ، وە درود و سەلام لەسەر ئەو کەسەی وەك رەحمەت نێراوە بۆ مرۆڤایەتی ، گەورەمان محمد ﷺ و لەسەر ئەهل و یارە پاك و چاكەكانی و لەسەر شوێنكەوتووانیان بە چاكە تا ڕۆژی پەسلان .

دواتر ... بێ گومان نووسین لەسەر مێژووی ئیسلام و بژار كردنی ڕاوییەكانی و سۆراخ كردنی كەلتوری ئیسلامی كارێكی ئاسان نیە ، هەروەك ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو جیاوازی و ناتەبایی یانەی لە نێوان هاوەڵە بەڕێزەكاندا ڕووی داوە پێویستی بە زانیاری یەكی پتەوو وێژەیەكی بەهێز هەیە بەو پێیەی كە چەندین زیادەی زیانەدەری خراوەتە سەر كەڕوونیی ژیانی تێك داوە و ئەدەبی خراپ كردووە و لە پلەو پایەی زانایان و پێشەنگانی هێناوەتە خوارەوە و بەمەش هەندێ هەرچی و پەرچی فریودراون و ڕێگای تێگەیشتنیان ون كردووە و لە ڕێی ڕاست لایانداوە و باوەڕیان بەم ساختە گوماناوی یانە هێناوە.

ئەمە و " خانەی – ئەلفەجری تایبەت بەكەلتور " بە نیازی ئەوەی وێنەیەكی ڕاستەقینە لە ژیانی هاوەڵان بە پیاو و ئافرەتەوە نیشان بدات وەك بەشداری كردنێك لە بڵاو كردنەوەی هۆشیاری ڕاست و دروست و تێگەیشتنێكی ڕوون بۆ ئەم دینە و شوێنكەوتوانی ، داوای لێ كردم هەڵسم بە دانان و ڕێكخستنی ئەم پەرتووكە " رجال و نساء حول الرسول ﷺ "

منیش لەبەر ئەوەی هەستم بە گرانی و سەختی ئەم سپاردەیە و ئەو بڕبرسیارێتی یە گەورەیە كرد لە ئاستیدا ، هەر زوو پەنام بردە لای خوای گەورە و داوای یارمەتیم لێ كرد و ئەوپەڕی توانام خستە كار بۆ ساغكردنەوەی ڕیوایەتەكان .. وە هێشتا خۆم بە بێ دەسەڵات و بێ دەرەقەت دادەنێم لە ئاست بابەتەكەدا ، بەڵام ئەوەندەم بەسەكە هەوڵی خۆمم بۆ داوە ، بێ گومان كەماڵییش هەر بۆ خوایە . بە ئەوپەڕی دڵنیاییم لە وتەی شاعیر كە دەڵێت : –

سیبقی الخط بعدي في الكتاب   و تبلی الید مني في التراب

فیا لیت الذي یقرأ كتابي   دعالي بالخلاص من الحساب •

" لە كۆتاییدا ، تەنها خوا ئاگای لەمەبەستەكانە .

سعد یوسف محمود ابو عزیز   نووسیویەتی

• واتە : پاش خۆم نووسینەكەم لە پەراوەكەدا دەمێنێتەوە   وە دەستم لەناو خاك و خۆڵدا تیادەچێت

سا خۆزگە ئەوەی نووسینەكەم دەخوێنێتەوە   دوعای ئەوەی بۆ دەكردم لە لێپرسینەوە ڕزگارم بێت

× " چاکە و فەزڵی هاوەڵان ڕەزای خوایان لێ بێت "

پەروەردگار دەفەرموێت : -

﴿وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنْ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَداً ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ سورة التوبة آية ١٠٠ .

واتاکەی : خوای گەورە لەوانەی کە پێشکەوتن و یەکەم کەس بوون لە ئیسلام بوون و خزمەتکردنی ئیسلامدا لە کاروانی کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی بەرێك و پێکی پێشیانکەوتوون ، ڕازی بووە ئەوانیش لەو ڕازی بوون ، باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون چەندەها ڕووبار بەبەردەم کۆشکەکانی وبەژێر درەختەکانیدا دەڕوات ، بەنەمری و هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە ئەو سەرئەنجامە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە .

(تێبینی: بۆ مانای ئایەتەپیرۆزەکان پشتم بە تەفسیری ئاسانی- بورهان محمد امین- بەستووە . وەرگێڕ)

پێغەمبەری خواش ﷺ فەرموویەتی : (إن الله تبارَكَ وَ تَعالى اختارني و اختار لي اصحاباً فجعل لي منهم وزراء و أنصاراً و اصهاراً ، فمن سبهم فعليه لعنة الله و الملائكة و الناس اجمعين ، لا يقبل منه يوم القيامة صرف و لاعدل)[1] .

واتە : خوای پەروەردگار منی هەڵبژاردووە ، وە هاوەڵانێکی بۆ من هەڵبژاردووە کە لە ناویاندا هەندێکیانی بۆ کردووم بە وەزیر و پشتیوان و خزم و کەس ، لەبەر ئەوە هەر کەسێ جنێویان پێ بدات ئەوە نفرەتی خوا و فریشتەکان و هەموو خەڵکی لەسەرەو و لە ڕۆژی قیامەتدا هیچ پەرستشێکی لێ وەرناگیرێت ، نە ئەوەی فەرز و گەرەك کراوە و نە ئەوەیش سوننەت و خۆ نزیك کردنەوە یە لە خوا) .

هەروەها لە ئەبو موسای ئەشعەری یەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (النجوم أمنة للسماء ، فإذا ذهبت النجوم آتي السماء ماتوعد ، و أنا أمنة لأصحابي فاذا ذهبت أتى أصحابي مايوعدون ، و أصحابي أمنة لأمتي ، فإذا ذهب أصحابي ، أتى أمتي مايوعدون)[2] .

---

[1] - حاکم ڕیوایەتی کردووە ، دەڵێت : ئیسنادەکەی دروستە و ذهبیش هەمان رای هەیە (٣ / ٦٢٣) .

[2] - صحيح مسلم .

واتە : ئەستێرەکان ئارامی بە ئاسمان دەبەخشن ، خۆ ئەگەر ئەستێرەکان لە ناوچوون و نەمان ، ئەوا ئەو وادەیەی بۆ ئاسمان دانراوە دێتەدی [1] ، وە من ئارامی بە هاوەڵانم دەبەخشم ، هەر کاتێ ڕۆیشتم و بە لیقای خوا گەیشتم ئەوا ئەو وادەیەی بە هاوەڵانم دراوە دێتە دی [2] وە هاوەڵانم مایەی هێمنی و ئارامین بۆ ئوممەتەکەم و بە نەمان و وەفاتی ئەوان ئەو وادەیەی بۆ ئوممەتەکەم دانراوە دێتە دی) .

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (تزالون بخير مادام فيكم مـــن رآني و صـــاحبني ، والله لاتزالون بخير مادام فيكم من رأى من رأني و صاحب من صاحبني) [3] .

واتە :هێشتا لە خێر و چاکەدان مادەم لەناوتاندا کەسانێك هەبن کە منیان بینیوە و هاوەڵایەتی یان کردووم ، سوێند بە خوا لە خێر و چاکەدان مادەم کەسانێك لەناوتاندا هەبێ چاویان بە کەسانێك کەوتووە کە چاویان بە من کەوتبێ و هاوەڵایەتی کەسانێکیان کردبێ کە هاوەڵانی من بوون) .

ئیبنو مەسعود (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرموویەتی : (خوای تەعالا سەیری دڵی بەندەکانی کرد ، بینی دڵی محمد (ﷺ) باشترینی دڵەکانە ، لەبەر ئەوە هەڵی بژارد بۆ خۆی و پەیامەکانی خۆی پیادا نارد ، پاشان لە دڵی بەندەکانی ڕوانی ، بینی دڵی هاوەڵان باشترینی دڵەکانن ، بۆیە کردنی بەوەزیر و دەستە ڕاستی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) تاوەکو لە پێناو ئایینەکەیدا بجەنگن . هەر بۆیە ئەوەی موسڵمانان بە باشی بزانن ، ئەوە لای خودایش باشە ، وە هەرشتێ موسڵمانان بە خراپی بزانن ئەوە لای خوداش هەر خراپە) [4] .

---

[1] - واتە : هەتا ئەستێرەکان بمێننەوە ئاسمانیش دەمێنێتەوە ، هەر کاتێ ئەشتێرەکان هەڵوەرین و لە جێ ی خۆیان نەمان ئەوا ئاسمانیش دەقیلیشت و درز دێنێت .

[2] - واتە من لە فیتنە و هەڵگەڕانەوە و جیاوازی دڵەکان دووریان دەخەمەوە .

[3] - فەرموودی (حسن)ە : ئیبنو ئەبی شەیبە لەوائیلەی کوڕی ئەسقەمەوە ڕیوایەتی کردووە . لە (روضة المعبين) ی (العدوى) پەڕە (٩٠) وەرگیراوە .

[4] - احمد و بزار و طبرانیش لە (الکبیر)دا ڕیوایەتیان کردووە و پیاوانی جێ متمانەن. المجمع (١٧٧/١).

هەروەها عبدالله کوڕی عمر (ڕەزای خوایان لێ بێت) فەرموویەتی :

(هەرکەسێ لە ئێوە ویستی ڕێگایەك بۆ خۆی هەڵبژێرێ تا بیگرێتەبەر ئەوا با ڕێگای ئەوانە بگرێتەبەر کە وەفاتیان کردووە ، ئەوانە هاوەڵانی (محمد ن (ﷺ)) باشترین کەسی ئەم ئومەتەن ، خێرۆ مەندترینی دڵەکانن ، زاناترینیانن و کەمترینیانن لەوەی لە خۆ بگۆڕێن . ئەوانە کەسانێکن خوای پەروەردگار بۆ هاوەڵایەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و گەیاندنی ئاینەکەی هەڵی بژاردوون ، دە ئێوەش ڕەوشت و ڕێگای ئەوان هەڵبگرن ، چونکە ئەوان هاوڕێی پێغەمبەر (ﷺ) بوون لەسەر ڕێگای ڕاست سوێند بە خوای پەروەردگاری کەعبە)[1]

وە لە (ئەبی راکە)وە فەرموویەتی : (لەگەڵ عەلی (ڕەزای خوای لێ بێت) نوێژی بەیانیم کرد ، کاتێ ڕووی لە لای ڕاست وەرگێڕاو سەلامی دایەوە وەك ئەوەی پەرێشان بێت ، مایەوە تاوەکو خۆردای لە دیواری مزگەوتەکەوە هێندەی ڕمێك بەرز بووە وە ئەو جادوو ڕکات نوێژی تری کرد[2] . پاشان (ئەبی راکە) دەستی دا بەدەستدا (وەك ئەسەفێك) وتی : سوێند بەخوا هاوەڵانی (محمد م (ﷺ)) ئاوا بینی کەچی لەم ڕۆژگارەدا هیچ شتێك نابینم وەك ئەوان بێت . ئەوانە کاتێ ڕۆژیان دەکردەوە هەڵبزرکاو و سەر قژ تۆزاوی و گژ بوون ، لە نێوان چاوەکانیاندا نیشانەیەك هەر وەك چۆکی بزن هەبوو[3] ، بەردەوام تا بەیانی خەریکی پەرستش و کرنوش بردن بوون و نەو بەیان دەکرد لە نێوان نێوچەوان و پێیەکانیاندا (مەبەست هەڵسانەوە و دانیشتن و کڕنوش بردنی نوێژە) کاتێکیش ڕۆژیان لێ هەڵدەهات و یادی خوایان دەکرد سەریان دەجولاند و ڕاست و چەپیان پێ دەکرد لەبەر زۆریی ملکەچی یان (خشوع) هەروەك جووڵەی درەختەکان لە

---

[1] - ئەبو نعیم لە (الحلیه) (١/٣٠٥) دا ڕیوایەتی کردووە.

[2] - لە فەرموودەدا هاتووە : (من صلي الصبح في جماعة ، ثم قعد يذكر الله حتى تطلع الشمس ، ثم صلي ركعتين ، كانت لة كأجر حجة و عمرة ، تامة تامة تامة) . فەرموودەی حەسەنە لە صحیحەکانی ترمزی (٤٨٠) وەرگیراوە ، ماناکەی : هەر کەس نوێژی بەیانی بە جەماعەت کرد و دانیشت و خۆی بە یادی خواوە خەریك کرد تا خۆرهەڵاتن ، پاشان دوو ڕکات نوێژی کرد ، ئەوە پاداشتی وەك ئەوە یە حەجێك و عەمرەیەکی ئەنجام دابێ ، بەتەواوی ، بەتەواوی ، بەتەواوی)

[3] - جۆرێکە لە مەڕومالآتی توکن ، مەبەست ئەوەیە شوێنەواری سوجدە بردن بە نێو چاوانیانەوە دیارە .

ڕۆژی ڕەشەبادا ، چاوەکانیان بەردەوام فرمێسکی دەرشت تاوەکو جلەکانیان تەڕ دەبوو ، سوێند بەخوا ئەڵێ ی ئەم خەڵکە [1] بێ ئاگا بوون . پاشان هەڵسا و دوای ئەوە نە بینرا پێ بکەنێت و هەر خەمبار بوو تاوەکو ئیبن مەلجەمی دوژمنی خوای لە دین دەرچوو کوشتی) [2] .

هەروەها پێشەوا حەسەنی بەصری ستایشی هاوەڵان بەم جۆرە دەکات : —

پێشەوا ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : سوێند بەخوا بە چەندین کەسایەتی گەشتووم و هاوەڵایەتی چەندانیانم کردووە ، نەمدەبینی هەرگیز بە هیچ شتێکی دنیا کە بەرەو ڕوویان دەهات خۆشحاڵ بن ، و هەرگیز بە هیچ شتێکی دنیایی خەفەتیان نەدەخوارد گەر پشتی لەوان بکردایە . خۆشیەکانی دونیا لەم خۆڵەکەمتر بوو لەلایان . هەیانبوو پەنجا ساڵ دەژیا ، لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵە لە تەمەنیدا بەرگێکی هەڵگیراوی نەبوو ، وە هیچ سینی یە خۆراکێکی (قدر) ێکی بۆ دانەنرا وە هیچ شتێکی لە نێوان خۆی و زەویدا دروست نەکرد بوو [3] هەروەك هیچ کاتێك فەرمانی نەکرد بوو خواردنێك لە ماڵیدا دروست بکرێ کاتێکیش شەو دادەهات خەریکی (قیام اللیل) بوون و بەردەوام سوجدەیان دەبرد . فرمێسکەکانیان بە ڕومەتیاندا دەهاتە خوارەوە و خەریکی موناجاتی خوای خۆیان بوون تا گەردنیان ئازاد بکات ... کاتێ چاکەیەکیان دەکرد بە بەردەوام سوپاسی خوایان لەسەر دەکرد و داوای قبوڵ کردنیان لێ دەکرد ، کاتێکیش خراپەیەکیان ئەنجام بدایە زۆر خەفەتباری دەکردن و داوای لێخۆشبوونیان لە خوا دەکرد .. ئەوان بەردەوام لەسەر ئەو ڕێیە بوون سوێند بێ بە خوا ئەوانە تەنها بە داوای لێخۆشبوون و پاڕانەوە لە خوای خۆیان ڕزگار و ئازاد بوون ، ئێوەش ئێستا لە دەرفەتێکی کورت و کردەوەیەکی پارێزراو و هەڵگیراودان . سوێند بێ بە پەروەردگار مردن وا لەگەردنتاندا و ئاگریش لە نێو دەستتاندایە ، دەی هەموو کاتێك چاوەڕێی قەزا

[1] - مەبەستی ئەو هاوڕێیانەیەتی کە لەو ڕۆژەدا لەدوایەوە نوێژیان دەکرد .

[2] - ئیبن ئەبی دونیا و ئەبو نعیم لە (الحلیة) ٨ / ٦ و (البدایة و النهایة) ١ / ٧٦ دەرهێنانیان بۆ کردووە .

[3] - مەبەست ئەوەیە هەرگیز پەیوەندیەکی لەگەڵ زەویدا دروست نەنەکرد وای لێ بکات پەیوەست بێ پێیەوە ، بەڵکو وەك ڕێبوارێك بوو. (وەرگێڕ)

و بڕیاری خوای گەورە بن) [1] . ئەوانە هاوەڵانی پێغەمبەر بوون (ﷺ) ، جا کێ هەیە ئاستی باوەڕی بە پلەی باوەڕ و ئیمانی ئەوان بگات و خۆی بدات لە دڵسۆزی ئەوان بۆ ئاینەکەیان ، ئەوانە کەسانێك بوون کە : –

" کاتێ خەڵکی لە ڕووی دەرەوەی دنیای دەڕوانی ئەوان سەیری ناو کرۆکی دنیایان دەکرد ، کاتێ خەڵکی سەیری ئێستای دونیایان دەکرد ، ئەوان سەیری داهاتوویان دەکرد ، بۆیە لەهەر شتێکی دنیایی کە ترسی ئەوەیان لێ ی هەبوایە عەیبداریان بکات لە دڵیاندا دەیانمراند و ئەوەی دەیانزانی وازیان لێ دێنێ ، وازیان لێ دەهێنا تاوەکو زۆریی و کەمیی دنیا لایان وەك یەك بوو و باسی دنیایان لە لا وەك شتێکی گوزەراو و تێپەڕ بوو وا بوو . دنیا لە لای ئەوان گوزەرا بوو ڕۆیشتبوو هەرگیز بە دوایدا نە ئەگەڕان تا تازەیکەنەوە وە لە دڵ و دەرونیاندا مرد بوو ، زیندوویان نەدەکردەوە ، بەڵکو دەیانڕماند و ئاخیرەتیان پێ بینا دەکرد، وە دەیانفرۆشت و بەنرخەکەی شتێکیان پێ کری کە بۆیان دەمێنێتەوە و بەسەر ناچێت ، ئەوان کەسانێك بوون ، دنیایان ڕەفز کرد بوو ، هەر ئەوانیش لە دنیادا ئاسوودە بوون . خوای خۆیان خۆش دەویست حەزیان بە یاد کردنی بوو ، داوای ڕووناکی ئەویان دەکرد ، هەر بەو دنیایان ڕووناك دەکردەوە . هەواڵێکی سەر سوڕهێنەریان هەیە ، هەروەك هەواڵی سەر سوڕهێنەریان لە لایە : – " قورئان " بە ئەوان هەڵسایەوە هەروەك ئەوان بە قورئان هەڵسابوونەوە ، وە ئەوان زمانحاڵی قورئان بوون ، هەروەك بە قورئان دەکەوتنە ئاخاوتن . لە ڕێ ی ئەوانەوە بەرنامەی خوا بە خەڵکی گەیەنرا و هەر بەقورئان و بەرنامەی خوا ڕەفتاریان دەکرد لە پاڵ ئەو بەهرە و خەڵاتەی بە دەستیان هێنا بوو ، وە پێی گەیشتبوون چاو لە دوای هیچ بەهرەیەکی تر نەبوون ، ئارامیی یان تەنها لە وتکا و خواستەی خۆیاندا دەدیەوە ، ترسیشیان تەنها لەوەدا دەدیەوە کە خۆیان لێی لادەدا و ئاگاداری بوون [2] – کە سزای خوایە – " .

" ئەوان بەڵگەی خودان بەسەر خەڵکەوە ، کراسی نوری درەوشاوەی لە خۆشەویستی خۆی بەباڵادا کردوون و ئاڵای ڕێنمونی بۆ درێژە پێدان لەسەر بەرنامەکەی

---

[1] - کتێبی (الزهد)ی حسن بصری لاپەڕەی ۳۰ / ۳۱ . چاپی دار الحديث .

[2] - بڕوانە : " حلية الأولياء (۱ / ۱۰)

بۆ بەرز کردوونەتەوە ، سەبر و ئارامیی پێداون لەسەر لانەدان لەو ڕێیە ، وە بە چاودێری کردنیان جەستەیانی پاك کردووەتەوە ، هەروەك بە خۆشەویستی خۆی ڕازاندونیەتەوە ، پاشان لە تفاقی غەیب و دنیای شاراوەی بەدڵەکانیان سپاردووە تا پابەند بێت بە درێژە پێدانی ئەو خۆشەویستی یە . خەمەکانیان بۆ لای ئەو بەرز کردووەتەوە و چاوەکانیان بە چاوی غەیب ڕوویان لەو زاتەیە ، لەسەر قاپیی بینایی لە نزیکی زاتی خۆی نیشتەجێی کردوون لەسەر دانیشگەکانی پزیشکانی ئەهلی مەعریفەتی داینشتاندوون .

یاساغی جنێودان بە هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێ) : -

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (لاتسبوا اصحابي ، فلو أن احدكم انفق مثل أحد ذهباً ، ما بلغ أحدهم و لا نصيفه) [1] .

واتە : جنێو بە هاوڵانم مەدەن ، خۆ ئەگەر یەکێ لە ئێوە هێندەی کێوی ئوحود زێڕ ببەخشێ ناگات بە مشتێك لەوەی ئەوان یان هەتا نیوەی ئەوە .

وە فەرموویەتی : إذا ذكرأ صحابي فأمسكوا و اذا ذكر النجوم فأمسكوا ، و اذا ذكر القدر فامسكوا) [2] .

واتە : کاتێ باسی هاوەڵانم کرا پارێز بکەن (زمانتان بپارێزن) ، وە کاتێ باسی ئەستێرەکان کرا پارێز بکەن وە کاتێ باسی قەدەر و چارەنووس کرا پارێز بکەن .

هەروەها ئیمامی زەهەبی " ڕەحمەتی خوای لێ بێت " فەرموویەتی : " هەرکەسێ ڕاما لە کاروبار وسیرەی ژیانی هاوەڵان و شوێنەواریان لە ژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پاش وەفاتیشی ، بێ گومان ئەو کەسە لە چاکی و فەزڵی ئەوان تێ دەکات ، هەر لە پێشبڕکێ کردنیان بەرەو باوەڕ هێنان و ڕووبەڕووبوونەوەی بێ باوەڕان و بڵاو کردنەوەی ئایین و نیشاندانی ڕەمز و بۆنە ئیسلامی یەکان و بەرز ڕاگرتنی فەرموودەکانی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ، تا دێتە سەر فێرکردنی خەڵك بە ئەرك و سوننەتە شەرعی یەکان ئەگەر ئەوان نەبوونایە نە بنچینەیەك (ئەصڵێك) و نەلقێك لەم ئاینە بە

---

[1] - صحیح بوخاری و موسلم .

[2] - تەبەرانی بە ئیسنادێکی باش ڕیوایەتی کردووە . لە (العراقي في تخرج احاديث الاحياء) (١ / ٦٣) وەرگیراوە .

ئێمە نەدەگەیشت [1] . وە لە ئەرك و سوننەتەكان نەئەركێكمان دەزانی و نەسوننەتێك و هیچ شتێكمان لە فەرموودە و هەواڵەكان نەدەزانی .

لەبەر ئەوە هەر كەس تانەیەكیان لێ بدات یان جنێویان پێ بدات ئەوە لە دین دەرچووە و [2] ، لە میللەتی موسوڵمانان چووەتە دەرێ ، لەبەر ئەوەی تانە لێدان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ كە ئەو كەسە باوەڕی بە خراپە یان هەیە و ڕق و قینێكی لە دڵیدا بۆیان شاردووەتەوە و نوكڵی دەكات لەوستایش و چاكانە و لە وخۆشەویستی یەی كە خوای پەروەردگار لە قورئاندا دەربارەیان باسی كردووە ، چونكە ئەوان باشترین نموونەن بۆ نیشاندانی ئەم دینە و باشترین هۆكار و وەسیلەن بۆ گەیاندنی هەر بۆیە تانەدان لە هۆكاری هەر شتێ تانەدانە لە بنچینە و ئەصڵی ئەوشتە وە بە سووك ڕوانین لەگەیەنەر سووك ڕوانینە لە گەیەنراو . ئەمەش ئاشكرایە بۆ هەركەسێ تێفكرێ و لە دووڕوویی و بێ دینی و بێ باوەڕی دوور بێت [3] .

خوشك و برای خوێنەرم .. پاش ئەم سەرەتا پیرۆزەی كە وەك بیرخستنەوە یەك پێشكەشمان كرد " لمن كان له قلب أو ألقى السمع وهو شهيد " (ق : ٣٧) .

هەنگاوی خێرا هەڵدەگرین تا لە لاپەڕەكانی داهاتوو دا بە لیقای باشترین سەدەكان شادبین و لە كاروباریان ئاگاداربین و لە ژیانیان شت فێر بین و لە نێو مێژووی ڕاستەقینەی ژیانیاندا لەگەڵیاندا بین . ئاخر ئەوانە چەند ئاكارێكی دیار و نیشانەی ڕوونیان هەیە كە خاوەن هۆش و پیاوچاكان بۆ شوێنكە وتنیان ڕادەكێشن و شەهیدان و پێغەمبەران پێ ی شادمان و خۆشحاڵ دەبن و تامەزرۆی پلو پایە یان دەكەن .

" پیاوانێكی باوەڕدار و ئافرەتانێكی باوەڕدار ، خودا سەرزەوی بە ئەوان دەپارێزێت. ناخی دەروون و ڕووی ناوەوەیان وەك ڕووی دەرەوەیانە ، بەڵكو ڕوونترە .

---

[1] - هەر لە بەر ئەمەیە دووژمنانی ئیسلام رشووی تیرەكانیان كردووەتە هاوەڵان بۆ تانە لێدان و كەمكردنەوەی پلە و پایەیان خوداش خۆی ئاكاداری كردەوەكانیانە و بەسە بۆیان .

[2] - جا خۆزكە ناحەزان و نەمك نەناسانی سەردەم لەمە دەگەیشتن و خۆ پاریزی یان دەكرد بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەرەكەیان (ﷺ).

[3] - پەرتووكی (الكبائر)ی زەهەبی لاپەڕە (٢٧٦) گوناهی كەورەی جنێودان بە هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێت) .

نهێنی یان وەك ئاشكرایان وایە ، بەڵكو جواترە ، هیمەتیان لەلای ئەستێرەكاندایە و بەرزتریش لەوانە سەراپای زەوی خۆشیانی دەوێت و فریشتەكانی ئاسمان پێیان دڵخۆشن ... داوا لە خوای گەورە دەكەین سەركەوتوومان بكات بۆ شوێنكەوتنیان و بمانخاتە یەكێ لە شوێنكەوتوانیان [1] .

"خوای تەعالاش هەر خۆی ئاگاداری مەبەستەكانە و هەر ئەو ڕێ نیشاندەرە "

[1] - صيد الخاطر .. لاپەڕە (١٦ – ١٧) .

بەشی یەکەم

" پیاوانێک لە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

" ا- ئەبوبەکری صدیق "

ئەبو بەکر کێ یە ؟

عبدالله ی کوڕی ئەبی قوحافەیە ، لە (مرە) * دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەگات [١] . وە مصعبی کوڕی زوبێر دەڵێت : (ئوممەت لەسەر ئەوە پێك هاتوون کە ناوی – صدیق " ڕاستپەروەر" ی لێ بنێن [٢] .وە لە عائیشەی دایکی ئیماندارانەوە (رضي الله عنها) فەرموویەتی :– " هەندێ لە بێ باوەڕان هاتنە لای ئەبی بەکر و پێیان ون : چ وەلامێکت هەیە بۆ ئەم هاوڕێیەت ؟ بانگەشەی ئەوە ئەکات کە گوایە ئەمشە و ڕەوی (بیت المقدس) ی پێ کراوە . ئەویش فەرمووی : (ئەو وای گوت ؟) وتیان : بەڵێ ، فەرمووی : (ڕاست دەڵێت ، وە من بڕوام بە دوورتر لەوەش هەیە مادام لە پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) بێت، باوەڕم هەیە بە هەواڵی ئاسمان لە بەیانیان و ئێوارانـدا لە پێغەمبەر ەوە (ﷺ)) لەبەر ئەوە ناونرا بە (صدیق) [٣]

" هاتنە دنیای "

پێشەوا ئەبوبەکر (رضي الله عنه) دوو ساڵ و چەند مانگێك پاش لە دایك بوونی حەزرەتی محمد (ﷺ) لە دایك بووە .

ئیمامی نووی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت : " لە سەردەمی نەفامیدا (پێش ئیسلام) یەکێ بووە لە سەرکردەکانی قوڕەیش و ئەهلی ڕاوێژ و تەکبیریان . وە لە

* باوانی هۆزێکە لە قورەیش ئەویش (مرەی کوڕی کعبی کوڕی لوئی کوڕی غالبی کوڕی فهری کوڕی مالکی کوڕی نضی . (معجم الصحاح) ی جوهەری .

[١] - (تاریخ الخلفاء) ی (سیوطی) لاپەڕە (٢٧) بە دەستکاری یەوە .

[٢] - (و تهذیب الأسماء و اللغات)ی نووي (٢ / ١٨١) .

[٣] - ئیسنادەکەی باشە . حاکم لە (المستدرك) گێڕاویەتیەوە (سیوطی) دەڵێت : لە (تاریخ الخلفاء) لاپەڕە (٢٩) وەرگیراوە .

ناویاندا کەسێکی خۆشەویست بووە و لە هەموویان شارەزاترە بووە لە کاروبارەکانیاندا . کاتێکیش ئیسلام هات هەڵی بژارد بەسەر هەموو شتێکدا و بەکامڵترین شێوە باوەشی بە ئیسلامدا کرد) .

" ڕاسایی ئەبوبەکر لە پێش ئیسلامدا "

عائیشە (رضي الله عنها) دەڵێت : (سوێند بە خوا ئەبو بەکر هەرگیز شیعری نە وتووە نە لە سەردەمی نەفامیدا نە لە پاش هاتنی ئیسلامدا ، وە هاوڕێ لەگەڵ (عوسمان) لە جاهلیەتدا وازیان لە مەشروب خواردن هێنا) [1] .هەر عائشە (رضي الله عنها) فەرموویەتی : " ئەبو بەکر لە نەفامیدا مەشروبی لە خۆی حەرام کرد بوو [2] .

" ئیسلام بوونی "

لە ئەبی سەعیدی خدری یەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی : ئەبوبەکر وتی : ئایا کێ وەك من مافی جێنشینایەتی هەیە ؟ مەگەر من یەکەم کەس نەبووم موسڵمان بووم ، (مەگەر خاوەنی فلانە و فلان هەڵوێست نەبووم) . [3]ئیمامی سیوطی دەڵێت : وا گوتراوە یەکەمین کەس موسڵمان بووە (علی) بووە ، وە وتراوەیشە کە خدیجە بووە وە زانایان یەکدەنگن لە سەر ئەوەی یەکەمین کەس لە پیاواندا موسڵمان بوو ئەبوبەکر بووە و لە ئافرەتانیشدا خدیجە و لە منالان و کەم تەمەنەکاندا علی بوو . یەکەمین کەسیش باسی ئەم کۆمەڵەی (جمع) ی کردووە پێشەوا ئەبو حنیفة بووە ، ڕەحمەتی خوای لێ بێت . [4]

---

[1] - بە ئیسنادێکی صحیح ئیبنو عەساکر ڕیوایەتی کردووە ، سیوطی دەڵێت : ئیسنادەکەی دروستە . (تاریخ الخلفاء) لاپەڕە ٣٢ .

[2] - ئیسنادەکەی باشە . ئەبو نعیم بەئیسنادێکی باش دەرهێنانی بۆ کردووە . سیوطی هەمان شتی وتووە . (هەمان سەرچاوە)

[3] - فەرموودی صحیح لە صحیحی سوننەتەکانی ترموزی (٢٨٩٨) وەرکیراوە .

[4] - تاریخ الخلفاء (لا ٣٤) .

" چاکەکانی "

فەزڵ و چاکەکانی " صدیق " (رضي الله عنه) ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایەن ، ئێمە هەرئەمانەی لێ باس دەکەین :-

١ - فەرموودەی خوای پەروەردگار : ﴿ ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا ﴾ سورة التوبة آية " ٤٠ " .[١]

وە لە ئەبوبەکر خۆیەوە (رضي الله عنه) دەڵێت : (کاتێ لە ئەشکەوت بووین بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)مم وت : خۆ ئەگەر سەیری ژێر پێ ی خۆیان بکەن دەمان بینن ، ئەویش فەرمووی : " گومانت چی یە ئەی ئەبو بەکر بە دووکەس کە سێ یەمیان - الله - یە .[٢]

٢ - یەکەمین کەس لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا نوێژی ئەنجامداوە ، لە زەیدی کوڕی ئەرقەم (رضي الله عنه) وتوویەتی : " یەکەمین کەس لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی ئەنجامدا ئەبوبەکری صدیق بوو .[٣]

٣ - ڕزگار کراوی خوا لە ئاگر :-

لە عائیشە وە (رضي الله عنها) دەڵێت : " جارێك ئەبوبەکر هاتە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ،ئەویش پێ ی فەرموو : تۆ لە لایەن خوداوە لە ئاگر ڕزگار بوویت (ئازاد بوویت) . لەو کاتەوە (بە ئازاد کراو) ناونراوە .[٤]

٤ - گەورەی پیرانی ئەهلی بەهەشتە :-

لە پێشەوا (علی)یەوە (رضي الله عنه) ، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاویەتیەوە ، فەرموویەتی : ئەبوبەکر و عومەر گەورەی پیرانی ئەهلی بەهشتن لەناو ، هەموو میللەتانی پێشوو دواینیشدا ، جگە لە پێغەمبەران و نێرراوان ، ئەم هەواڵەیان پێ نەدەی) .[٥]

---

[١] - واتای ئایەتەکە : یەکێك بوو لەو دووکەسە کاتێك هەردووکیان لەناو ئەشکەوتەکەدا بوون .. پێغەمبەریش (ﷺ) دڵی دایەوە و پێی وت : خەفەت مەخۆ ، دڵنیابە خوامان لەگەڵە .

[٢] - صحیح . بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە .

[٣] - ئیبنو خیثمە بە ئیسادێکی ڕاست گێڕاوەیەتیەوە ، تاریخ الخلفاو ص ٣٣ .

[٤] - صحیح . صحیح فەرموودەکانی ترمزی (٢٩٠٥) .

[٥] - فەرموودەکە : عن علی (رضي الله عنه) عن النبی (ﷺ) قالَ " ابوبکر و عمر سیدا لهول اهل الجنه من الاولین و الاخرین ماخلا النبین و المرسلین ، لا تخبرهما یا علی) .

٥ – وە لە (عبدالله كوڕی حنطب)ەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوی بە ئەبوبەكر و عومەر كەوت ، فەرمووی : " هذان من السمع و البصر " واتە : ئەم دووانە هێوای چاو و گوێن . [١]

٦ – هەروەها احمد و كەسانی تریش لە علی یەوە گێڕاویانەتەوە ، فەرموویەتی : " باشترین كەسی ئەم ئومەتە پاش پێغەمبەرەكەی (ﷺ) ئەبوبەكر و عومەرن " .

زەهبی دەڵێت : ئەم فەرموودەیە بە (تواتر) * لە علی وەرگیراوە ، دەی لەعنەتی خوا لە كۆمەڵی (رافضة) بێت چەند بێئاگان) [٢] .

" چەند لاپەڕەیەكی ڕووناك لە ژیانی ئەبوبەكردا "

هەڵوێستی یەكەم : "پیاوێك باوەڕەكەی ئاشكرا دەكات "

لە كاتێكدا زۆرێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) ئیمانی خۆیان دەشاردەوە تا ڕۆژێك خودا دەرویان بە ڕوودا دەكاتەوە و ئاینەكەیان سەردەخات ، كەچی ئەبوبەكر لە لە ڕوودا –وەستانێكی بێ وێنەدا هەڵساو باوەڕی خۆی ئاشكرا كرد ، جا با بێ باوەڕان هەر پێیان ناخۆش بێت .

خوێنەری بەڕێز گوێ بگرە بۆ ئەم هەڵوێستە : لە علی كوڕی ئەبی طالیبەوە ، فەرموویەتی : (بینیم قورەیش ئازاری پێغەمبەری خوا یان دەدا (ﷺ) . یە كێ پاڵی پێوە دەنا ، یەكێ ڕایدەوەشاند و ئەیانووت : ئەمە تۆی خواكانت كردووە بە یەك خوا ؟ عەلی فەرمووی : سوێند بەخوا كەس لێمان نزیك نەبووە وە ئەبوبەكر نەبێ لەمی دەدا و پالی بەوەوە دەناو ، ئەوی تری ڕادەوەشاند و دەیوت : وەی بۆ ئێوە ، و ئەم ئایەتەی دەفەرموو : ﴿أَتَقْتُلُونَ رَجُلاً أَنْ يَقُولَ رَبِّي اللَّهُ﴾ سورة غافر آية (٢٨) .واتە : ئایا ڕەوایە پیاوێك بكوژن تەنها تاوانی ئەوەیە كە دەڵێت : پەروەردگارم – ٱللَّهُ – یە .

صحيح . لە صەحيحەكانی سوننەتەكانی ترمزی (٢٨٩٧) .

[١] – صحيح . ترمزی ڕیوایەتی كردووە . فەرموودەی ژمارە (٨١٤) .

* تواتر : ناوبەناو = یەكلە دوای یەك .

[٢] – لە تاريخ الخلفاء لاپەڕە ٤٥ وەرگیراوە ، رافضة : ئەو كۆمەڵەیەن كە حەزرەتی ئەبوبەكر و عومەر و عوسمان بە هەند وەرناگرن. (وەرگێڕ)

پاشان پێشەوا عەلی ئەو بوردەیەی * لەسەر شانی بوو لای برد و ئەوەندە گریا تاوەکو ڕیشی تەربوو . پاشان فەرمووی : سوێندتان ئەدەم بەخوا ، داخۆ ئیماندارانی سەردەمی فیرعەون باش بوون یان ئەبوبەکر ؟ خەڵکەکە بێ دەنگ بوون ، ئەویش فەرمووی : بۆ وەڵام نادەنەوە ؟ سوێند بەخوا یەك سەعاتی ئەبی بەکر باشترە لە هەزار سەعاتی ئیمانداریکی ئەهلی فیرعەون ، ئەو ئیمانی شاردبوویەوە ، بەڵام ئەبو بەکر ئیمانەکەی خۆی ئاشکرا کرد)[1] .

هەڵوێستی دووەم : " ڕۆژی بەدر "

ئیبن عەساکر لە ئیبن سیرینەوە دەرهێنانی کردووە کە عبدالرحمن ی کوڕی ئەبی بەکر لە جەنگی بەدردا لەگەڵ بێ باوەڕاندا بوو !! کاتێ موسڵمان بوو بە باوکی وت : ڕۆژی بەدر هاتیتە پێش چاوم ، بەڵام من خۆم لێت لادا بۆ ئەوەی نەتکوژم ، کەچی ئەبوبەکر فەرمووی : بەڵام ئەگەر من چاوم پێت بکەوتایە خۆم لێت لانەئەدا) .

لەم هەڵوێستەوە باوەڕی ئەبوبەکر دەردەکەوێت لەگەڵ ئەو بنەچە و مەعدەنە ڕاستەی کە هەیبوو لە پێشخستنی خۆشویستنی خوا و پێغەمبەرەکەی بەسەر هەموو شتێکدا .پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : (لايؤمن أحدكم حتى أكون أحب اليه من نفسه ، و ولده و أهله و الناس اجمعين)[2]

واتە : هیچ کەس لە ئێوە باوەڕ ناهێنێت هەتاوەکو منی لە نەفسی خۆی و منداڵ و ئەهل و هەموو کەسێك خۆشتر دەوێت .

وە ئەبو یەعقوبی نهرجوری دەڵێت : هەر کەس ئیدیعای خۆشەویستی خوا بکات و بە گوێرەی بەرنامەکەی هەڵس و کەوت نەکا ئەوە ئیدیعاکەی درۆیە ، وە ئەویندارێك لە خوانەترسێت ئەوە لە خۆبایی یە)[3]

---

* جۆرێگ بەرگی ئەوسەردەمەیە .

[1] - تاريخ الخلفاء . لاپەڕە : ٣٧ .

[2] - بوخاري و موسليم ڕیوایەتیان کردووە .

[3] - جامع العلوم مەحکم لاپەڕە (٥٢٤) .

هەڵوێستی سێ یەم : ڕۆژی وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) .

لــە ئــیبن عەباســەوە (رضي الله عنه) : کــاتی پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) وەفــاتی کــرد ئەبوبـەکر(رضي الله عنه) هاتـە دەرەوە عومـەر (رضي الله عنه) لەوکاتـەدا خـەریك بـوو قسەی بۆ خـەڵکی دەکرد) [1] فەرمووی : ئەی عومەر دانیشە ، بەڵام عومەر ڕازی نەبوو دانیشێت ، دیسان فـەرمووی : دانیشە و شایەتومان بێنـە . ئینجا فـەرمووی : (ئـەوجا ئـەی خەڵکینـە هـەر کەس لە ئێوە (محمد ﷺ) دەپەرستێت ئەوە (محمد ﷺ) ڕۆشت و وەفاتی کرد ، وە هـەر کەس لە ئێوە خوا دەپەرستێت ئەوە خودا زیندووە و نامرێ ، خوای گەورە فەرموویـەتی : ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِيْن مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئاً وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ ﴾ سورة آل عمران آية ١٤٤ .

واتــە : (محمد ﷺ) تــەنها پێغەمبــەرێك نــەبووە وەفــاتی کــرد بێــت بێگومـان پێغەمبـەرانی پـێش ئـەمیش وەفاتیـان کـردووە ، ئایـا ئەگـەر وەفـاتی کـرد یـان کـوژرا و شـەهید بـوو ، ئێـوە پاشـگەز دەبنـەوە و هەڵدەگەڕێنـەوە ؟ خـۆ ئـەوەی هەڵگەڕێتـەوە و پاشگەز بێتەوە ، ئەوە هەرگیز زیـان بە خـوا ناگەیـەنێت ، لـە داهاتوویـەکی نزیکدا خـوای گەورە پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە) .

وتی : سوێند بە خوا خەڵکی وەك ئەوەی نەیانزانی بێ کە خـوای پـەروەردگار ئـەم ئایەتەی دابەزاندووە ، هەتا ئەبوبەکر خوێندیەوە و خەڵکی هـەموو وەریـان گـرت و دەیـان وتەوە .

ئیبن شەهاب دەڵێت : سەعیدی کوڕی موسەییب هەواڵی پێدام کە عومـەری کـوڕی خەتاب (رضي الله عنه) فەرمووی : سوێند بە خوا هەر ئەوەندە ئەزانم گوێم لە ئەبوبەکر بـوو ئـەم ئایەتەی خوێند ئیتر لە دەست و پـێ کەوتم و لاقـەکانم هـەڵیان نـە ئـەگرتم و کـەوتمە سـەر زەوی و ئەو کاتە زانیم بەراستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کردووە) . [2]

---

[1] - لەو وتەکانیشی لەو ڕۆژەدا : (پیاوانێك لە دوو ڕووەکان وا بانگەشە ئەکەن کە گوایە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) وەفاتی کردووە ، نەخێر ئەو نەمردووە ، بـەڵکو بـۆ لای پـەروەردگاری ڕۆشـتووە هـەروەك موسـای کـوڕی عـمران ، سوێند بە خوا پێغەمبەر (ﷺ) دەگەڕێتەوە و ئەوسا دەست و پێ ی ئەوانەی ئەڵێن وەفاتی کردووە دەبڕێـت !!) لەبەر شۆك و کتوپڕی ڕووداوەکە ئەمەی دەفەرموو .

[2] - بڕوانە : الحلیە (١ / ٢٩)

هەڵوێستی چوارەم : "ڕۆژانی هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام "

(هێشتا چەند ڕۆژێك تێنەپەڕی بوو بەسەر وەفاتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئیسلام تووشی تێگیران و پێکدادانێکی ترسناك هات لەگەڵ ئەو بتپەرستیەی کە سەر لە نوێ و لە پڕ گەڕایەوە ناو بیروباوەڕی خەڵکی و هەروەها ئەو خاچ پەرستی یەی کە لە باکووری دوورگەدا نیشتەجێ بوو ، ڕێگەی لە چوونە ناو ئاینی ئیسلام دەگرت و بە توندی دەعوای ئیسلامی ڕەت دەکردەوە وە بەرهەڵستی دەکرد) [1] .

پێشەوا زەهەبی دەڵێت : -

کاتێ هەواڵی وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دەروبەری مەدینە بڵاو بوویەوە ، ژمارەیەکی زۆر لە هۆزە عەرەبەکان لە ئیسلام پاشگەز بوونەوە و زەکاتیان نەدەدا ، ئەوە بوو ئەبوبەکر هەڵسایەوە بۆ بەگژا چوون و جەنگ لە دژیان ، بەڵام عومەر و چەند کەسێکی تریش داوای ئەوەیان لێ ئەکرد کە وازبێنێ لە بە جەنگ هاتن لە دژیان . ئەویش فەرمووی : (و الله لومنعونی عقالاً أوعناقاً ، کانوا یؤدونها الی رسول الله علیه الصلاة و السلام لقا تلتهم علی منعها) واتە : سوێند بەخوا ئەگەر لە ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) دا زەکاتی ساڵێك یان کارە مێ یەکیان دا بێتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئێستا نەیدەن ، ئەوا لەسەر نەدانی لە ژیان ئەجەنگم ، عومەر فەرمووی : چۆن ئەتەوێ بەگژ ئەو خەڵکەدا بچیت کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی : (أمرت أن اقاتل الناس حتی یقولوا : لااله الا الله ، وَ أن محمداً رسول الله ، فمن قالها عصم ماله و دمه الا بحقها و حسابه علی الله) .

واتە : فەرمانم پێ کراوە بجەنگم لەگەڵ هەر یەکێکدا تاوەکو دەڵێت : " : لااله الا الله ، وَ أن محمداً رسول الله " ، خۆ هەر کەسێ ئەمە بڵێ ، ئەوە ماڵ و خوێنی پارێزراو دەبێ مەگەر بە هەق و لێپرسینەوەش لای خوایە .

ئەبوبەکریش فەرموی : (سوێند بە خوا بە گژی ئەوەدا ئەچمەوە کە جیاوازی ئەکات لە نێوان نوێژ و زەکاتدا ، ئاخر زەکات مافێکی دارایی یە ، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرموویەتی : (الا بحقها - واتە : مەگەر بەهەق) .

[1] - بڕوانە (فقه السیرة)ی غەزالی - (٤٩٣) .

عومەر فەرمووی : سوێند بەخوا هەر ئەوەندەم زانی کە خوا سنگی ئەبوبەکری بۆ جەنگ فراوان کرد بوو ، ئیتر منیش زانیم ئەوە هەقە) . بوخاری و موسلیم و کەسانی تریش گێڕاویانەتەوە .

ئەوە بوو ئەبوبەکر ((رەحمەتی خوای لێ بێت)) لەسەر هەموو بەرە و پێشگەکان لیوای هەڵگرت بۆ شەڕ .

(بیابان لە ژیانی پێغەمبەریشدا (ﷺ) نموونەی ئەم جەنگە خوێناوی یەی بەخۆیەوە نەدیبوو .

ئەوە بوو مەیدانی جەنگە کە فراوان بوو دەستی یارمەتی یەك لە دوای یەك دەهات و هەروەها تێچوونەکانی زۆر بوون وە قوربانیی زۆریشی لێ کەوتەوە ، بەڵام ئەو پیاوانەی کەلەسەر دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر هەقناسی و گیانفیدایی لە پێناویدا پەروەردە بوو بوون ، ئەو بەکردەوە ڕاستگۆیی خۆیان لەگەڵ خوادا سەلماندو وەك پاڵەوانێکی بێ ئەندازە هەڵسانەوە بەو سەنگە گرانانەی دەیانهاویشت وەها زەربەیان دا لە بتپەرستی لە جەزیرەدا پشتیانی شکاند و گیان و ڕۆحی گوشین و بۆ هەمیشە دایمرکاندنەوە ، وە ڕۆمەکانیشیان لە سنوورەکان دەرپەڕاند)[1]

وە دەسەڵات و هەیبەتی هەڵگەڕاوەکانیان نەهێشت ، ئەوە بوو هەندێکیان گەڕانەوە باوەشی ئیسلام و هەندێکیان تیاچوون دوور لە ئیسلام .. دوای ئەوە چەند ساڵێکی کەم پێنەپەڕی هەتا ئیسلام لێوانی دەریاو ووشکانی بوو ، لێوانی چاوو گوێ بوو ، لە کاتێکدا ئاینەکانی تر بوونە پەراوێز لە ژیاندا .

هەڵوێستی پێنجەم : " کۆ کردنەوەی قورئان ".

بوخاری لە زیدی کوڕی ثابت گێڕاویەتیەوە ، وتوویەتی : ئەبوبەکر پاش کوژرانی ئەهلی یەمامە ناردی بە دوامدا و عومەریشی لە لابوو . ئەبوبەکر وتی : عومەر هاتووە بۆلام دەڵێت : ڕۆژی (یەمامە) کوشتارێکی زۆری لێ کەوتەوە ، وە من لەوە ئەترسم کە کوشتار بگاتە خوێنەرانی قورئان لە جەنگەکاندا وتیابچن و زۆربەی قورئان ون بێت ، مەگەر کۆ بکرێتەوە ، وە من وای بە باش ئەزانم قورئان کۆبکرێتەوە ، ئەبوبەکر فەرمووی:

[1] - بڕوانە (فقه السیره) ی غەزالی (٤٩٣) .

منیش بە عومەرم وت : چۆن کارێ بکەم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیێ ی هەڵنەساوە . عومەریش وتی : سوێند بەخوا ئەمە کارێکی باشە و بەردەوام عومەر دەهات بۆ لام بۆ ئەم مەبەستە تاوەکو خوا دڵ و دەروونی بۆ ئەم کارە فراوان کردم و منیش هاتمە سەر ڕای عومەر .

زەید وتی : عومەریش هەر لای دانیشتبوو هیچی نە ئەوت ئەبوبەکر وتی : تۆ گەنجێکی ژیری ، و هیچ تۆمەتێکیشت لەسەر نی یە ، تۆ ئەوسا وەحیت بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەنووسیەوە لەبەر ئەوە داوات لێ ئەکەین کە بە دوای قورئاندا بگەڕێیت و کۆی کەیتەوە .

زەید دەڵێت : سوێند بە خوا تەکلیفی گواستنەوەی کێوێك لە لام لەم فەرمانەی پێم کرا بە کۆ کردنەوەی قورئان ، گرانتر نەبو . وتم : چۆن کارێك ئەکەن کە پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردووە ؟ ئەبوبەکر فەرموی : سوێند بە خوا کارێکی باشە ، ئەوە بوو بە بەردەوام دەچوومەلای تا خوا سینەی فراوانکردم بۆ ئەو کارەی سینەی ئەبوبکر و عومەری بۆ فراوان کرد بوو ، ئەوە بوو گەڕام بە دوای قورئاندا و لەسەر پارچە پەڕۆ و لەسەر بەرد پێستە و لەناو سینەی پیاواندا وەرم گرت و کۆم دەکردەوە ، تا دوو ئایەتی سورەتی توبەم لە لای خوزەیمەی کوڕی ثابت دۆزیەوە کە پێشتر لە غەیری ئەوم نەبیستبوو ئەویش ئەم دوو ئایەتە بوو : ﴿ لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ (١٢٨) فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ اللَّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ (١٢٩)﴾ سورة التوبة آية (١٢٨ – ١٢٩) .

ئەوە بوو ئەو لەوحانەی کە قورئانی پیرۆزی لەسەر کۆ کرایەوە لەلای ئەبوبەکر مایەوە تاوە فاتی کرد پاشان لای عومەر بوو تا وەفاتی کرد دواتر لەلای حەفصەی کچی عومەرمایەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) .

ئەبو یە علی لە علی یەوە دەگێڕێتەوە ، فەرموویەتی : گەورەترین پاداشت لە کۆکردنەوی قورئاندا (المصاحف) بۆ ئەبوبەکرە ، ئەبوبەکر یەکەمین کەس بوو قورئانی لە دووتوێی دوتابلۆدا کۆکردەوە) .

" ترسی ئەبوبەکر لەوەی حەرام بخوات "

وەهیبی کوڕی وەرد دەڵێت : - (هێندەی پایەی مزگەوت (قیام اللیل) بکەیت هیچ سوودت پێ ناگەیەنێت تاوەکو ئاگاداری ئەوە نەبیت کە دەچێتە ناوسکت ئایا حەڵاڵە یان حەرام ؟) .

عومەری کوڕی خەتاب (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت : ئێمە لە دە بەش نۆ بەشی حەڵاڵمان واز لێ دەهێنا لە ترسی ئەوەی نەوەك بکەوینە حەرامەوە) .

خاتوو عائیشە (رەحمەتی خوای لێ بێت) باسی ئەبوبەکر مان بۆ دەکات و دەڵێت : وەختی خۆی ئەبوبەکری صدیق (رەحمەتی خوای لێ بێت) غولامێکی هەبووکە (خراج) [1] ی لێ وەردەگرت ، ئەبوبەکر هەمیشە لە خەراجی ئەوی دەخوارد ، ڕۆژێکیان غولامەکەی شتێکی بۆ ئەبو بەکر هێنا ئەویش وەك جاران لێ ی خوارد .

غولامەکە وتی : ئەزانی ئەمە چی بوو ؟ ئەبو بەکر فەرمووی چی بوو ؟ وتی : لە نەفامیدا (فال) [2] م بۆ کەسێك گرتەوە ، دەزانم کە شتێکی خراپە و درۆیە ، بەلام من هەڵمخەڵەتاند ، ئەویش پێمگەیشت و بەو هۆیەوە ئەمەی پێ دام کە تۆ لێت خواردە ئەوە بوو ئەبو بەکر هەرئە وەی بیست دەستی بەناو قورگیدا کرد هەتا هەرچی یەك لەگەدەیدا بوو هێنایە دەرەوە) . بوخاری ڕیوایەتی کردووە [3] .

" بەخشینی لە پێناوی خوای گەورە دا "

هەڵوێستەکانی ئەبوبەکر (رەحمەتی خوای لێ بێت) لە ماڵ بەخشیندا زۆرن ، ئێمە هەر ئەمەندەمان بەسە باسی بکەین : -

---

[1] - خەراج / شتێکە خاوەنی کۆیلە لەسەر کۆیلەکەی فەرزی دەکات لەوەی هەر ڕۆژێك بەدەستی دەکەوێت شتێکی بداتێ و باقی یەکەی هەڵگری بۆ خۆی .

[2] - فاڵ یان (کهانە) ، ئیدیعایە بە غەیبزانی ، غەیبیش تەنها خوا دەیزانێ ، ئەوانەش خەریکی ئەم کارانەن دەجال و جەردەن و ماڵی خەڵکی بەناهەق دەخۆن ، حەرامە هەر کەس بچێتە لای ئەوانە و بۆی هەیە بیگەیەنێتە پلەی کوفر .

[3] - محمدی ئیبن سیرین ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : ئاگادارنیم هیچ کەسێك لەبەر خواردنێك خوارد بێتی خۆی ڕشاندبێتەوە غەیری ئەبوبەکر ، ئەحمەد لە (الزهد) داگێڕلویەتیەوە .

١- فەرموودەی خوای پەروەردگار : ﴿وَسَيُجَنَّبُهَا الأَتْقَى (١٧) الَّذِي يُؤْتِي مَالَـهُ يَتَزَكَّـى (١٨) وَمَا لأَحَدٍ عِنْدَهُ مِنْ نِعْمَةٍ تُجْزَى (١٩) إِلاَّ ابْتِغَاءَ وَجْهِ رَبِّهِ الأَعْلَى (٢٠) وَلَسَوْفَ يَرْضَى (٢١)﴾ سورة الليل آية (١٧ بۆ ٢١) .

واتە : جا خواناس و پارێزگاران لەو سزا و ئاگر و ناخۆشیە دوور دەخرێنەوە ، ئەو جۆرە کەسەی ماڵ و سامانی (دەبەخشێت) بەوە دڵ و دەرونی خۆی خاوێن دەکاتەوە ... لە کاتێکدا کە کەس چاکەیەکی وای بەسەریەوە نی یە پاداشت بدرێتەوە .. تەنها مەبەستی ڕەزامەندی خوای بەرز و بڵندە ، (سوێند) بە خوا ڕازی و خۆشنود دەبێت .

ئیمامی قورتوبی دەڵێت : (ڕای زۆر ینە لەسەر ئەوەیە کە ئەم سورەتە لە دەبارەی ئەبوبەکر دا (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هاتوەتە خوارەوە ، ئیتر چ بەهرە یەك لەمە گەورەتر و چ نیشانێك لەمە بەنرختر هەیە ؟

هەروەها ئیبنو عباس (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت : (بێ باوەڕان ئازاری بیلالیان دەدا) ئەویش دەیوت : (أَحَـدٌ .. أَحَـدٌ) **واتە : (خوا تاك و تەنهایە) .. پێغەمبەری خوا ﷺ بەلایدا تێپەڕی و فەرمووی :** (أَحَدٌ ، يعنى الله تعالى ، ينجيك) **مەبەستی لە (أحد) خوای گەورەیە ، و خوا ڕزگارت دەکات) پاشان بە ئەبوبەکری فەرموو** (يا أبا بكر ، ان بلا لاً يُعَذب في الله) **واتە : (ئەبوبەکر ، دەبینی بیلال وا لە پێناو خوادا ئازار دەدرێت) .**

ئەبو بەکریش (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە مەبەستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تێگەیشت ، بۆیە خێرا بەرە و ماڵ کەوتە ڕێ و ئۆقیەیەك[1] **زێڕی هێنا و بردی بۆ ئومەییەی کوڕی خەلەف کە گەورەی بیلال بوو ، پێ ی فەرموو : بیلالم پێ دەفرۆشی ؟ وتی : بەڵێ ، ئەوە بوو لێ ی کڕی و ئازادی کرد ، کەچی بێ باوەڕان دەیانوت : ئەوە ئەبوبەکر بۆیە بیلالی ئازاد کرد لەبەر چاکەیەك کە بیلال بەسەریەوە هەیبووە ، خوای گەورەش دەرهەق بەم وتانە ئەفەرموێت :** (و ما لأحد عنده من نعمة تجزى الا ابتغاء وجه ربه الأعلى و لسوف يرضى)[2]

---

[1] - ئۆقیتە / واتە (٨٤) مسقاڵ .

[2] - بڕوانە (الجامع الاحكام القران) ، (٢٠ / ٧٨ - ٨٠) .

٢- پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : - هەر کەس چاکەیکی بەسەر مانەوە هەبوو بێت پاداشتمان داوەتە ، بێجگە لە ئەبوبەکر ، بەڕاستی چاکەکانی ئەو تەنها خوا لە قیامەتدا پاداشتی دەداتەوە ، وە ماڵی هیچ کەس هێندەی ماڵی ئەبوبەکر سوودی بۆ من نەبووە) [١] .

٣- لە عومەری کوڕی خەتاب ەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت : (پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردین بە بەخشین (صدقە) ، هاوکات منیش لەماڵەوە پارەم هەبوو ، بە خۆمم وت : ئەمڕۆ پێشی ئەبوبەکر ئەدەمەوە ، ئەگەر چی تا ئێستا نەمتوانیوە پێشی بدەمەوە ، دەڵێت : نیوەی دارایی یەکەمم هێنا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : (ما أبقيت لأهلك ؟) .

واتە : چیت بۆ ماڵ و منداڵەکانت جێ هێشتووە ؟) وتم : هێندەی ئەمەم بۆ داناون ، ئینجا ئەبوبەکر هات بە خۆی و هەموو دارایی یەکەیەوە . پێغەمبەر (ﷺ) پێ ی فەرموو : (يا أبا بكر ، ما أبقيت لأهلك ؟) ئەی هیچت بۆ ماڵ و منداڵ داناوە ؟
وتی : خوا و پێغەمبەرەیان (ﷺ) بەسە (خواو و پێغەمبەری خوام (ﷺ) بۆ بەجێ هێشتوون) . منیش بە خۆمم وت : هەرگیز بۆ هیچ شتێك پێشی ناکەوم . [٢]

" گریانی ئەبوبەکر لە نێو دەستی خالقیدا "

لە عائیشەوە (﵂) : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : (مروا أبابكر فليصل بالناس) واتە : (بە ئەبو بەکر بڵێن با نوێژ بۆ ئەو خەڵکە دابەسێت - عائیشە وتی : (ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەگەر ئەبوبەکر بخرێتە جێ ی تۆ خەڵك لە بەر گریانی گوێیان لە هیچ نابێ ، بفەرموو با عومەر نوێژ دابەسێت بۆ خەڵك) عائیشە دەڵێت فەرمووی : (مروا ابابكر فليصل بالناس) عائشە دەڵێت : بە حەفصەم وت : پێی بڵێ ئەگەر ئەبوبەکر لەو جێیەدا بوەستێ خەڵك گوێیان لە هیچ نابێت ، بڵێ بەشکوم فەرمان بدات عومەر ئەو کارە بکات ، حەفصەش ڕۆشت پێ ی وت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێ فەرموو (انكن لأنتن

---

[١] - صحيح / صحيحی سوننەتەکانی ترمزی (٢٨٩٥) فەرمودەکە : (ما لأحد عندنا يد الاوقد كافيناه ، ماخلا ابابكر ، فإن له عندنايداً يكافية الله بها يوم القيامة ، و مانفعني مالُ أحد قط مانفعني مال أبي بكر) .

[٢] - فەرموودەی (حسن)ە : صحيحی سوننەتەکانی ترمزی (٢٩٢٠) ، المشكاة (٦٠٢١) .

صواحب يوسف ، مروا أبابكر فليصل بالناس) – **بەڕاستی ئێوەش بوون بە هاوەڵەکانی یوسف ، بڕۆن بە ئەبوبەکر بڵێت با نوێژ بۆ ئەو خەڵکە دابەسێت – حەفصەش بە عائیشەی وت : (ئەوە من نیم لە تۆوە توشی خێر بم)** .[1]

" زوهدی [2] ئەبو بەکر لە دونیا "

لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە : جارێك ئەبوبەکر تینووی بوو جامێکیان بۆ هێنا کە ئاو و هەنگوینی تیا بوو ، کاتێ نزیکی کردەوە لە دەمی ، دەستی بە گریان کردو ئەوانەی دەور و بەریشی خستە گریان ، ئەو بێ دەنگ بوو کەچی ئەوان هەر ئەگریان ، پاشان دەستی کردەوە بە گریان بەڕادەیەك خەڵکەکە وایاندەزانی ناتوانن پرسیاری لێ بکەن لە هۆی گریانەکەی ، پاشان دەم و چاوی سڕی و هاتەوە سەرخۆ ، پێیان وت : چی وەها بۆ ئەو گریانە و ڕوژاندیتی ؟

فەرمووی : جارێك لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووم ، دەمبینی بەردەوام شتێکی لە خۆی دوور ئەخستەوە و ئەیفەرموو : (وازم لێ بێنە ، وازم لێ بێنە) وە من هیچم نە ئەدی ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ، دەبینم شتێك لە خۆت لا ئەدەیت و هیچیشت لە گەڵدا نابینم ؟

فەرمووی : (هذه الدنيا تمثلت لي بما فيها ، فقلت لها : اليك عني ، فتنحت و قالت : أما و الله لئن أنفلت مني لا ينفلت مني من بعدك) . **واتە : فەرمووی ئەوە دنیایە و خۆیم بە هەموو شتێکیەوە نیشان ئەدات ، منیش پێم وت : وازم لێ بێنە ، ئەویش خۆی لاداو وتی : سوێند بە خوا ئەگەر تۆ لەدەستم دەرچووی ، ئەوانەی دوای تۆ لە دەستم دەرناچن) . ئەبو بەکر فەرمووی : منیش ترسام ئەوە دنیا بێت گەیشتبێتە من ، ئەوە گریانمی)** [3]

---

[1] - صحيح : صحيح سوننەتەكانى تەرمزى (٢٩٠٠) ، ابن ماجە (١٢٣٢) .

[2] - دونيا نەويستى و پشت لێ هەڵكردنى .

[3] - ئيسنادەكەى باشە ، حاكم و بەزار ريوايەتيانى كردووە ، عيراقى دەڵێت : ئيسنادەكەى باشە .

" هەندێ گوتار و ئامۆژگاری بە جێماو لە ئەبوبەکر "

١- لە یەحیای کوڕی ئەبی کثیرەوە دەڵێت (ئەبو بەکر ﷺ ، لە وتاردا دەیفەرموو : (کوان دەم و چاو جوانو پاکەکان ئەوانەی لە خۆیان ڕازی بوون ، کوان ئەو پاشایانەی کە شارانیان بینا ئەکرد و بەدیوار دەوریان ئەدا بۆ پارێزگاریکردنی ؟

لە کوێن ئەوانەی لە شوێن و جێگاکانی شەڕدا سەر کەوتنیان بە دەست ئەهێنا ؟ بەڕاستی ڕۆژگار و زەمانە ملکەچی تاریکی گۆڕەکانی کردن ... دەی خێراکەن ، دەی خێراکەن ، خۆتان ڕزگار کەن .[1]

٢- عبدالله ی کوڕی عکیم دەڵێت : ئەبو بەکر وتاری بۆ دەداین ، پاش ئەوەی لە ستایشی پەروەردگار بوە وە فەرمووی : (لە پاشان ، وەسیەتی ئەوەتان بۆ دەکەم کە تەقوای خوا بکەن و ستایشی بکەن بە جوانترین شێوە کە شایستەی ئەوبێت ، وە ترس و خۆشەویستی خوا ئاوێتە بکەن ، هەروەك داوا کردن و پێ داگرتن لەسەری پێکەوە گرێ بدەن ، بەڕاستی خوای گەورە بەم شێوەیە مەدحی زەکەریا و ئەهلەکەی کرد ، فەرمووی :

﴿ ... إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَباً وَرَهَباً وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ ﴾ سورة الأنبياء آية (٩٠) .واتە : بەڕاستی ئەوانە چالاك و گورج و گۆڵ بوون لە ئەنجامدانی هەموو خێر و چاکەیەکدا و نزای بە کوڵیان دەکرد ، بە ئومێدی ڕەحمەت و بەهشتی ئێمە و لە دۆزەخ و خەشمی ئێمە دەترسان و ئە وان هەمیشە گەردن کەچ بوون بۆ ئێمە ..

ئەی بەندەکانی خوا بزانن کە خوا نەفسی ئێوەی بە هەق بە بارمتە گرتووە لەسەر ئەوەش پەیمانی لێوەر گرتوون ، ئەو شتەکەمە لەناو چووەی لێ کڕیون بەشێك کە زۆر و نەبڕاوەیە ، ئەویش قورئانە کە فەرمایشتی خوایە و شوێنوارەکانی لەناو ناچێت و ڕووناکی یەکەی هەمیشەیی یە و ناکوژێتەوە ، دە ئێوەش بە ڕاست وەریگرن و پەند و ئامۆژگاریەکانی وەرگرن و داوای ئەوەبکەن لە خوا کە لە ڕۆژی قیامەتدا لە نووری قورئان بێ بەش نەبن ، بەڕاستی خوا بۆ بەندایەتی کردنی خۆی بەدیی هێناون ، فریشتە بەڕێزە نووسەرەکانی کردووەتە وەکیل بە سەرتانەوە و ئاگاداری هەرکارێکن کە ئەنجامی ئەدەن ، پاشان ئەی بەندەکانی خوا ئەوە بزانن کە ئێوە لەوادەیەکدا بە یانی و ئێوارە دەکەنەوە کە زانیاریتان لەسەری نی یە و نادیارە ، ئەگەر ئەتوانن کاتەکانتان لە فەرمانبەرداری

---

[1] - بڕوانە : صفە الصفوە (ﷺ / ١٣٦) .

خوادا تەواو بکەن و بەسەر بەرن ، ئەوا ئەو کارە بکەن ، لە ڕاستیدا ناتوانن ئەوە بکەن بە یارمەتی خوا نە بێت ، دەی هەڵسن پێشبڕکێ بکەن لەسەر ئەو دەرفەتەی بۆ کار کردن پێتان دراوە پێش ئەوەی بوار و فرسەت تان نەمێنێ و بەرەو خراپەی کارەکانتان بتانگێڕێتەوە ، خەڵکانێك هەن ئەو مۆڵەتەی بۆیان دانراوە داویانە بەکەسانێکی تر و خۆیان لە بیر کردووە ، نەکەن وەك ئەوان بن ، خێراکەن ، خێراکەن ، خۆتان قوتار کەن ، چونکە بەڕاستی تاڵبێکی خێرا و بەپەلەتان لە پێشەوەیە . (واتە فریشتەی گیانکێش)[1] .

" ڕاسپاردەی ئەبو بەکر بۆ عومەر لەسەرەمەرگدا "

لە عبدالرحمن ی کوڕی عبدالله ی کوڕی سابطە وە دەڵێت : کاتێ ئەبوبەکر(رضي الله عنه) کەوتە سەرە مرگ ، بانگی لە عومەر کرد و پێ ی فەرموو : (ئەی عومەر لە خوابترسە و ئەوە بزانە کە خودا چەند کارێکی هەیە لە ڕۆژدا کە لە شەودا وەریناگرێت ، وە چەند کارێکی بە شەو دا دەوێت کە لەڕۆژدا وەریان ناگرێت و قبوڵی ناکات ، بەڕاستی هەتا فەرزەکان جێ بە جێ نەکەیت خودا سوونەت و چاکەت لێ وەرناگرێت ، بەڕاستی هۆی سەنگینی تەرازوی خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا ئەوەیە کە لە دنیادا دوای هەق و ڕاستی کەوتوون و لەسەریان سەنگین و گران بوو ، وە بەڕاستی ئەو تەرازوەی سبەینێ هەقی لەسەردا ئەنرێ ماق خۆیەتی سەنگین بێت ، هەروەها تەرازووی ئەوانەی لە قیامەتدا سووك و بێ وەزنە تەنها لەبەر ئەوەیە لە دنیادا شوێن ناهەق و باتڵ کەوتوون ، بەلایانەوە ئاسن بووە ، لەبەر ئەوە ماق خۆیەتی ئەو تەرازووەی کە سبەینێ ناهەقی لەسەر دائەنرێ سووك و بێ وەزن بێ .

خوای گەورە کاتێ باسی خەڵکی بەهەشت ئەکات باشترین کارەکانیان وەبیر دەخاتەوە و لە کارە خراپەکان لا ئەدات ، من کاتێ بیر لە ئەهلی بەهەشت ئەکەمەوە لەوە ئەترسم یەکێ نەبم لەوان و پێیان نەگەمەوە ، هەروەها خوای پەروەردگار باسی ئەهلی ئاگر دەکات و خراپترینی کارەکانیان وەبیر دێنێتەوە ، چاکەکەشیان بەڕوودا ئەداتەوە ، من کاتێ بیر لەوان ئەکەمەوە ، بە خۆم ئەڵێم : تکام وایە لەگەڵ ئەوانەدا نەبم ، با هەمیشە بەندەی خوا لەگەڵ ترس و خۆشەویستی خوادا بژی و جگە لە خوا وبەسەر ئەوزاتەدا

[1] - بڕوانە صفە الصفوة (١/١٣٦، ١٣٧).

تەمەنناى هیچى تر نەکات و هەرگیز بىٚ هیوا نەبىٚ لەبەزەیى ئەو ، تۆش ئەگەر ئەم ڕاسپاردەیم بپارێزیت ئەوە هیچ نەهات (غائب)ێك هێندەى مردن لەلات خۆشەویست نى یە ، مردنیش بىٚ گومان وا بەرێوەیە بۆت ، بەڵام ئەگەر ڕاسپاردەکەم زایەکەیت ئەوا مردن لە هەموو نەهاتەکان لەلات سەختتر و ناخۆشتر دەبێت ، بىٚ گومان ناشتوانین پێشى پىٚ بگریت) .[1]

" ساتەکانى ماڵئاوایى لە ژیانى ئەبو بەکردا "

وانە و پەند :-

لە عائیشەوە (رضي الله عنها) دەڵێت : کاتىٚ ئەبوبەکر تووشى نەخۆشى مردن هات فەرمووى : بزانن لەوکاتەوەى هاتوومەتە ئەمارەتەوە – جێنشینایەتى – چى لە ماڵى من زیادى کردووە ، بینێرن بۆ جێنشینى پاش خۆم !! ئێمەش گەڕاین تەنها بەندەیەکى نوبى (سۆدانى) کە منداڵەکانى بۆ هەڵئەگرت لەگەڵ حوشترێکى ئاوکێشدا ئاوى باخەکەى بۆ دەدا و ناردماننن بۆ عومەر عائیشە دەڵێت : با پیرم پىٚ ى وتم : عومەر دەستى بە گریان کردووە و فەرمویەتى : (ڕەحمەتى خوا لەسەر ئەبو بەکر بێت ، بەڕاستى ئەوەى پاش خۆى تەواو ماندوو کرد) .[2]

پاك و بىٚ گەردى بۆ خوا ، میراتى خەلیفە یەك بریتى بێت لە بەندەیەك و تەنها ئاژەڵێك !! ﴿ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِمَنْ يَخْشَى ﴾ سورة النازعات آية (٢٦)واتە : (بەڕاستى لەوبەسەرهاتەدا پەند و ئامۆژگارى هەیە بۆ هەر کەسىٚ لەخوا بترسێت) .

هەر لە عائیشەوە (رضي الله عنها) دەفەرموێت : (کاتىٚ ئەبوبەکر گەیشتە سەرە مەرگ پرسى ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە ؟ وتیان : دوو شەممەیە ، فەرمووى : ئەگەر ئەمشە و مردم مەمهێڵنەوە تا بەیانى ، لەبەر ئەوەى خۆشەویستترین شەو و ڕۆژ لەلام نزیکترینیانە لە پێغەمبەرى خواوە (ﷺ)) . احمد ڕیوایەتى کردووە .

لە عەباسى کوڕى قەیسەوە ، دەڵێت : (پێشەوا ئەبوبەکر لەسەرەمەرگدا بە عائیشەى فەرموو ، ئەم دووبەرگەم بۆ بشۆ و بیکەرە کفنم ، بىٚ گومان باوکت لە یەکىٚ لەم دوو پیاوە تێناپەڕىٚ : یان ئەوە دەبێتە کەسێکى داپۆشراو بە باشترین جل و بەرگ ، یان

[1] - بڕوانە : الحلية (١ / ٣٦ ، ٣٧) صفة الصفوة (١ / ١٣٧ ، ١٣٨) .

[2] - بڕوانە : صفة الصفوة (١٣٨/١) .

دەبێتە ڕووت و ڕەجاڵێك بەخرابترین شێوە) . [١] هەروەها ئیبنو سەعد و غەیری ئەویش لە عائیشەوە (﵂) دەرهێنانیان بۆ کردووە فەرموویەتی : (کاتێ ئەبو بەکر مەرگ زۆری بۆ هێنا ئەم بەیتە هۆنراوەیەم وت : —

لعمرك ما يغني الثراء عن الفتى

اذا حشرجت يوماً و ضاق بها الصدر *

واتە : سوێند بێ دەوڵەمەندی هیچ سودێکی نابێت بۆ مرۆڤ

کاتێ پەلەپروزەی مەرگ ڕێ ی پێ گرت و هەناسەی سوار بوو

ئەبو بەکریش دەم و چاوی خۆی لادا و فەرمووی : (وا نیە ، بەڵکو بڵێ : ﴿ وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنْتَ مِنْهُ تَحِيدُ ﴾ سورة ق ، آية (١٩) .

واتە : ئەی ئینسان ... تەنگانەی مردن و ئازارەکانی هات ، هاوڕێ لەگەڵ ڕاستیەکاندا ، ئا ئەوە ئەو بەسەرهات و ڕووداوەیە کە خۆتت لێ لادەدا و پەنات لێ دەگرت .فەرمووی : ئەم دوو بەرگەم بێنن بیشۆن و بیکەنە کفنم ، چونکە زیندووەکان زیاتر لە مردووەکان پێویستیان بە بەرگی تازە هەیە .

ئیبنو سەعد لە عور وە و قاسمی کوڕی محمد دەرهێنانی کردووە کە ئەبو بەکر (﵁) عائیشەی (﵂) ڕاسپاردووە کە لە تەنیشت پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بیناژن ، ئەوە بوو کاتێ وەفاتی کردو قەبری بۆ هەڵکنرا سەری خرایە لای شانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و گڵکۆکەی لکێنرا بە قەبری پێغەمبەری خواوە (ﷺ) .

هەروەها ئیبنو سعد لە سەعدی کوڕی موسەیب دەرهێنانی کردووە کە عومەر (﵁) نوێژی لەسەر ئەبو بەکر کرد لە نێوان قەبر و مینبەردا و چوار جار (الله اکبر)ی لەسەر کرد .

---

[١] - عبدالله ی کوڕی ئیمام ئەحمەد لە (زوائد الزهد)دا دەری هێناوە .

* دیارە عائیشە (﵂) لە پاڵ غەمی مەرگی ئەبو بەکردا غەمباری ئەوەش بووەکە پارچە بەرگێکی تازەیان نەبووە بیکاتە کفنی . (وەرگێڕ)

ئەهلی سیرە دەڵێن : (ئەبو بەکر شەوی سێ شەممە لە نێوان ڕۆژئابوون و شێواندا کە مانگی (جمادی الأخرة) هەشت شەوی مابوو[1] لەساڵی سیانزەی کۆچی لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا گەڕایەوە لای پەروەردگاری .

ڕەحمەت و ڕەزای خوای لەسەر بێ خوا بمانکاتە یەکێ لە گرۆی ئەو لەگەڵ ئەودا حەشرمان بکات .

" ئەبو بەکر لە دیدەی علی کوڕی ئەبی طالب دا "

ئەسیدی کوڕی صفوان دەڵێت : -

(پاش ئەوەی ئەبو بەکری صدیق ڕەزای خوای لێبێت وەفاتی کرد و کفن و دفنیان کرد ، شار - مەدینە - هەموو دایە قوڵپەی گریان وەك ئەو ڕۆژەی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد .

دەڵێت : (ئەو کات علی کوڕی ئەبی تالیب (رضي الله عنه) بەپەلە و خێرا و بەدەم وتنی : (إنا لله و إنا إلية راجعون) .

فەرمووی : -

ئەمڕۆ نبوەت کۆتایی هات . ئەوجا لەسەر ئەوماڵەی کە ئەبو بەکری تێدا بوو وەستا و فەرمووی : -

" ڕەحمەتی خوات لێ بێت ئەبو بەکر ، تۆ دۆست و هاودەم ئارامگەی پێغەمبەر وجێ متمانە و جێگای نهێنی و ڕاوێژی بوویت ، یەکەمین کەس بویت باوەڕت بە ئیسلام هێنا دڵسۆزترین باوەڕت هەبوو ، دڵنیاترین کەس بوویت لە پەروەردگارت و لە هەموو کەسیش زیاتر لە ئەو دەترسایت گەورەترین سامان بووی بۆ ئایینی خوا و باشترین پەڕژین بووی بە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەمیشە بەسۆز بوویت بۆ ئیسلام . تۆ باشترین هاوەڵ و زانا ترینیان بوی ، باشترین پێشینەت هەبوو ، پایە بەرزترین پلەت هەبوو ، نزیکترین وەسیلە بووی ، لە هەموو کەس زیاتر لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەچوویت لە ڕێنمویی و هیدایەتتدا و ڕێزدارترین پلە و پایەت هە بوو ، لە هەمووان

[1] - بڕوانە: تاریخ الخلفاء(٨٥) . و هیثمی دەڵێت: طبرانی ڕیوایەتی کردووە بە ئیسنادێکی باش.المجمع (١٤٣٩٢).

بەرزتر بووی لەلای ، وە بەخشندە تر و میهرەباتر بووی بۆی ، خودا لە بۆ ئیسلام و لە بۆ پێغەمبەرەکەی پاداشتت بداتەوە ، کاتێ خەڵکی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) بە درۆ دەخستە وە تۆ بەڕاستت زانی وە باوەڕت پێ کرد ، تۆ لە لای وێنەی چاو گوێ گرنگ بووی ، پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا بە – صدیق – ناوی هێناوی ، دەفەرموێت : ﴿ وَالَّذِي جَاءَ بِالصِّدْقِ وَصَدَّقَ بِهِ ﴾ سورة زمر آية ٣٣ .

واتە : ئەوکەسەش ڕاستی و هەقیقەتی هێناوە و باوەڕیشی پێیەتی .

کاتێ خەڵکی چاویان بەرویدا هەڵنەئەهات تۆ دڵنەواییت دەکرد ، وە کاتێ خەڵکی لە ماڵەکانیاندا دانیشتبوون تۆ لەگەڵ ئەودا لەناڕەحەتی یەکاندا بوویت ، و لەکاتە سەختەکاندا باشترین هاوەڵی بوویت ، تۆ – ثاني اثنين –[1] بوویت ، هاوڕێی ئەشکەوتی بوویت و ... سوکونەت و ئارامیت بەسەردا ئەباراند هاوڕێ ی کۆچی بوویت، باشترین جێنشینی ئەوت کرد لە ئاینیەکەیدا کاتێ خەڵکی هەڵگەڕانەوە لە دین ، و هەڵساین بە کارێك جێنشینی هیچ پێغەمبەرێك پێ ی هەڵنەساوە ، تۆ ئەو کاتەی هاوەڵان لاواز و دەست و پێ بەسرا و بوون هەڵسایتەوە ، وە کاتێ ئەوان زەلیل و ژێر دەستە بوون تۆ دەرکەوتی ، کاتێ ئەوان بێ هێز بوون تۆ بەهێز بوویت ، وە ئەگەر ئەوان سستی و بێ خەمی یان کردبێ لەبەرنامەی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەوا تۆ هەمیشە پابەند بوویت پێیەوە ، بەڕاستی جێنشینایەتیت لە جێگای خۆی بوو .

بە بێ ڕکابەر و بە بێ ئەوەی کەس بتوانێت ملکەچت بکات ، دووڕووکانت ناچار کرد و چاو چنۆکانت سەرکوت کرد ، کاتێك خەڵکی شکستیان هێنا تۆ بەکارەکەیان هەڵساین ئەوانیش شوێنت کەوتن و بەوەش ڕێنموونی کران و هیدایەتیان دۆزیەوە ، تۆ لە هەمووان دەنگت نزمتر و لەسەر خۆتر بوو ، کەچی لەسەروی هەموانەوە بوویت ، کەمترین قسەت دەکرد ، ڕاستگۆترین بوویت لە ئاخاوتندا ، بێ دەنگترین و ڕەوانبێژ ترینیان بوویت ، جوامێرانە ترین ڕات هەبوو ، بەجەرگترین کەس بوویت ، مەزنترین و پایە بەرزترین کارت دەکرد ، تۆ ، بە پەروەردگار قەسەم ، بۆ ئەم ئاینە وێنەی شاهەنگ بوویت ، یەکەمجار کە خەڵکی پشتیان تێ کرد ، وە دووەمجار کاتێ خەڵکی ڕوویان تێ دەکرد .

[1] - هاوڕێ ی ئەشکەوتی پێغەمبەری ئازیز بوویت .

بۆ باوەڕداران باوکێکی بە بەزەیی بوویت و ئەوان بوو بوونە بەخێو کراوی تۆ . هەمووبارێکی گرانت هەڵگرت کە ئەوان لە توانایاندا نەبوو ، وە ئەو شتەی ئەوان وازیان لێ هێناو بایەخیان پێنەدەدا تۆ چاودێریت ئەکرد ، ئەوەی ئەوان لێ ی بێ ئاگا بوون تۆ تیایدا زانا بوویت ، خەڵکی سست و لاواز بوون و بێ هیوا بوون ، تۆ قوڵی کار کردن و بەردەوامیت لێ هەڵکرد . ئەگەر ئەوان ئارامیان لەسەر نەگرت ئەوا تۆ بەردەوام لەسەری ڕۆیشتیت ، بەڕاستی تۆ دەرکت بەویست و داواکاری یەکانیان کرد ، بۆیە هەر لە سەر ڕای تۆ و ڕێنمایی تۆ بەخۆیاندا چوونەوە و هاتنەوە هۆشی خۆیان و سەرکەوتوو بوون ، بە ڕاپەسندەکانت شتانێکیان بە دەست هێنا کە بە بیریاندا نەهاتبوو .

تۆ بۆ بێ باوەڕان سزایەکی سەختی بڵێسەدار بوویت ، و بۆ باوەڕداران ڕەحمەت و هاودەمی و قەلای پۆلایین بوویت .

سوێند بەخوا تۆ خەلاتی خواییت بۆ خۆت بە دەست هێنا و پایەبەرزەکانت بۆ خۆت مسۆگەر کرد و دەرکت بە پێشهات و مەترسی یەکان کرد ...

هەرگیز بەڵگەکانت سواو و ناکاریگەر نەبوون ، وە هیچ وەخت زرنگی و چاوساغیت لاواز نەبوو ، هیچ کات ڕێگەت نەدا بە ترسنۆکی توخنی دەروونت بکەوێ ، دڵت هیچ وەختێ نەگۆڕا ، لە بەر ئەوە بوو وەك کێو بوویت کە نەڕەشەبا دەیجوڵێنێت و نە تێکشکەنەرێك لە جێ ی خۆی لایدەبات ، تۆ هەر ئەو زاتەیت کە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەت فەرمووی : (ضعيفاً في بدنك قوياً في امر الله تعالى ، متواضعا في نفسك ، عظيما عند الله ، جليلا في عين الناس ، كبيراً في انفسهم) جەستەت لاواز ، بەڵام لە ئاست جێبەجێ کردنی فەرمانی خوادا زۆر بەهێزیت ، کەسێکی لە خۆ بوردەیت و لەلای خۆت کەم ، بەڵام لەلای خوا گەورەیت لە چاوی خەڵکدا پایەبەرز و لەلایان بڵند و گەورەیت) هیچ نەنگی و عەیبێکت لای هیچ کەس نەبوو، هەگیز کەسێك نەبوو بتکاتە جێگای تانە و تەشەر لێدان ، کەسی لاوازی بێ دەسەڵات لەلات بەهێز بوو تا هەقی خۆیت بۆ وەردەگرتەوە ، نزیك و دوور لەلات وەك یەك بوون ، نزیکترین کەس لەلات ئەو کەسە بوو کە لە هەمووان زیاتر ملکەچی خوا بێت و تەقوای ئەو بکات .کاروبارت هەموی هەق و ڕاستی و نەرم و نیانی بوو ، وتەکانت لەیەك کاتدا فەرمایشت و چەسپاندنیش بوو ، کارەکانت هەمیشە بە میهرەبانی و لەهەمان کاتدا بە توندو تۆڵی ئەنجام دەدا ...

ڕاو و پێشنیارەکانت هەمووی زانیاری و لە هەمانکاتدا عەزیمەت و بێ پەروایی بوو ، ئەم ئایینە بەتۆوە جێگیر و میانەڕە و بوو ، باوەڕ بە تۆوە بە هێز بوو . سوێند بە خوا بەڕاستی پێشڕەوی یەکی ناوازەت کرد و ئەوانەی پاش خۆت خراپ ماندوو کرد و ئەم موصیبەت و کارەساتە خەڵکی پیر کرد ، دەسا (إنا لله و إنا اليه راجعون) .ڕازین بە ویست و قەزای خوای پەروەردگار و ملکەچین سوێند بەخوا دوای پێغەمبەر (ﷺ) ئیتر موسڵمانان بە وێنەی تۆ بۆ کەسی تر خەمبار و ناڕەحەت نابن ، تۆ بۆ ئەم ئاینە سەر بەرزی و قەڵای پۆڵایین و پەناگە بوویت ، سا خوا یە بیگەێنیتە لای پێغەمبەرەکەت (محمد) (ﷺ) و لە پاداشتی ئەم خەمە بێ بەشمان مەکە لە پاش ئەو ڕێگە مەدە گومڕا بین و ڕێی هیدایەت ون کەین ..)خەڵکی بێ دەنگ بوون تاوەکو لە قسەکانی بوویەوە ، پاشان بەڕادەیەک گریان هەنسك و هاواریان بەرز بوویەوە و هەموو دەیان وت : بەخودا ڕاستت فەرموو [1] .

خوا لە (صديق) خۆش بێ و ڕازیشی بکات ..

[1] - صلاح الأمة (٦ / ٣٩ – ٤١) لە (التبصرة) (١ / ٤٠١ – ٤٠٣) وەرگیراوە .

" ٢- عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) "

ناوی عومەری کوڕی خەتابی کوڕی نفیلی کوڕی عبد عوزایە ، لە ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتیدا و لە تەمەنی (٢٧) ساڵیدا موسڵمان بووە ، وە یەکێکە لەو هاوەڵە بەرێزانەی مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە .

ئیسلام بوونی بە هۆی بەرەکەتی دوعای پێغەمبەری خواوە بوو (ﷺ) ، لە ئیبن عومەرەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (أللهم أعز الإسلام بأحب هذين الرجلين اليك ، بابي جهل ، اوبعمر بن الخطاب) .

واتە : پەروەردگارا ئیسلام بەهێز کە بەهەر کام لەم دوو پیاوە کە لەلات خۆشەویسترە ، بە ئەبی جەهل یان بە عومەری کوڕی خەتاب ، فەرمووی : عومەر لەلای خوای پەروەردگار خۆشەویستر بوو [١]. وە عومەر یەکەم کەسە ئیسلامی ئاشکرا کرد .

لە ئیبنو عەباسەوە (رضي الله عنه) دەڵێت : (یەکەم کەس ئیسلامی ئاشکرا کرد عومەری کوڕی خەتاب بوو) [٢].

" چاکەکانی "

١- پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت : (ان الله جعل الحق على لسان عمر و قلبه)[٣].واتە : پەروەردگار هەقی لەسەر زمان و دڵی عومەرداناوە .

٢ - لە عەقبەی کوڕی عامرەوە (رضي الله عنه) دەڵێت : (پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (لوكان نبـي بعدى لكان عمر بن الخطاب)[٤] .

واتە : ئەگەر پێغەمبەرێك لە دوای من بهاتایە ئەوە عومەری کوڕی خەتاب بوو .

٣ - لە ئەبی سەعیدەوە ، دەڵێت : (پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (تتكلم الملائكة على لسانه) [١].

---

[١] - صحيح : تەرمزی ڕیوایەتی کردووە ، وە بڕوانە (المشكاة) ، (٦٠٣٦) .

[٢] - صحيح و حسن : (تاريخ الخلفاء) ی سیوطی (١١٥) و دەڵێت ئیسنادەکەی باشە .

[٣] - صحيح : ترمزی فەرموودەکانی (٢٩٠٨) لە ئیبنو عومەرەوە .

[٤] - فەرمودەی (حسن)ە / ترمزی ڕیوایەتی کردووە (٢٩٠٩) فەرموودەی (٣٢٧) .

واتە : (فریشتەکان لە زاری عومەرەوە دەدوێن) .

٤ – لە عائیشەی دایکی ئیمانداارانەوە (رضي الله عنها) فەرموویە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (قد كان يكون في الأمم محدثون ، فإن يك في امتي احد / فعمر بن الخطاب)[٢] .

واتە : لەناو ئوممەتاندا کەسانێك ی (محدثون) هەبوون ، خۆ ئەگەر لەناو ئوممەتی مندا یەکێ هەبێ لەوانە ئەوە عومەری کوڕی خەتابە) .

٥ – لە ئەنەسەوە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : (دخلت الجنة ، فإذا أنا بقصر من ذهب ، فقلت : لمن هذا القصر ؟ قالوا : لشاب من قريش ، فظننت أني أنا هو ، فقلت ، ومن هو ؟ قالوا : عمر بن الخطاب)[٣] واتە : چوومە ناو بەهەشت ، لەوێ خۆمم لەبەردەم کۆشکێکی ئاڵتونیدا بینیەوە پرسیم : ئەم کۆشکە هی کێ یە ؟ وتیان هی گەنجێکی قورەیشی بە ، وامزانی کە ئەوە منم ، وتم : ئەو گەنجە کێ یە ؟ وتیان : عومەری کوڕی خەتاب .

هاوەڵان چیان دەربارەی فەرمووە ؟

١ – لە علی کوڕی ئەبی تالیب (رضي الله عنه) فەرموویەتی : (ئەگەر باسی پیاوچاکان کرا خێرا ناوی عومەر بێنن ، ئێمەی هاوەڵانی محمد (ﷺ) ئەوەمان بە دوور نە ئەگرت کە سکونەت لەسەر زمانی عومەر دێتە گۆ)[٤]

٢ – بوخاری لە ئیبنو مەسعودەوە دەرهێنانی کردووە و دەڵێت : (ئێمە لەو کاتەوەی عومەر موسڵمان بوو بە هێز و بەدەسلات بووین)

---

[١] - ئیسنادەکەی باشە : تەبەرانی دەری هێناوە لە (الاوسط) و سیوطی دەڵێت : ئیسنادەکەی باشە . بڕوانە: تاریخ الخلفاء (١١٩ ، ١٢٠).

[٢] - محدثون : دواینەی زانا و نووسرانەو و واژووی پێشینەشە ، یاخود ، ئەو کەسەی فەرمایشی پێغەمبەری دەگێڕێتەوە ، لە هەردوو سەرچاوە فەرهەنگی دەریا / ٢٥٠ و فەرهەنگی نۆ بەرە (٢٠٠٥) وەرگیراوە ، فەرموودەکە (حسن صحيح)ە صحیحی سوننەتەکانی تەرمزی (٢٩١٥) .

[٣] - صحیح :صحیح سوننتەکانی ترمزی (٢٩١١) فەرموودەی (١٤٠٥) .

[٤] - اسنادەکەی (حسن)ە ، طبرانی ڕیوایەتی کردووە . هیثمی دەڵێت : اسنادەکەی باشە . (المجمع) بە ژمارە (١٤٤٢٧) .

هەروەها ئەهلی زانست ئەڵێن : (کاتێ عومەر موسڵمان بوو ئیسلامی بەهێز کردوو بە ئاشکرا کۆچی کرد و بەدر و ئوحود و سەرجەم جەنگەکانی بینیوە ، عومەر یەکەمین خەلیفەیە بە ئەمیری ئیمانداران بانگکرا و یەکەمین کەسە مێژووی بۆ موسڵمانان نووسیوە.

وە یەکەمین کەسە قورئانی لە ڕووپەڕێکدا (المصحف) کۆکردەوە و ، هەروەها یەکەمین کەسە خەڵکی بۆ نوێژی تەراویح کۆ کردەوە ، هەروەها یەکەمین کەسە شەو ئێشکگریی دەکرد بۆ چاودێری کاروباری ڕەعیەتەکەی و قامچی هەڵگرت و خەڵکی پێ پەروەردە ئەکرد ، فتوحاتی ئیسلامی ئەنجامداوە ، (خەراج)[1] ی داناو سنووری بۆ شارەکان کێشا و دادوەرانی دانا ، دادگا و دیوەخانی بۆ بەڕێوەبردن پێکەوەنا و حەجی بە دایکانی ئیمانداران کرد لە کۆتا حەجیدا کە ئەنجامیدا [2].

" دابەزینی قورئان بە ویست و خواستی عومەر (رضي الله عنه) "

لە ئەنەسەوە ، عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) فەرمووی : (لە سێ جێگادا لەگەڵ خوای پەروەردگاردا هاو دەنگ بووین ، جارێ بە پێغەمبەری خوام (ﷺ) وت : با مەقام و جێگای ئیبراهیم بکەینە نوێژگە و مزگەوت ، پەروەردگارم ئەم ئایەتەی دابەزاند و فەرمووی : ﴿ ... وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى ... ﴾ . جارێکیش وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەڵك لە باش و خراپ دێن بەسەر خێزانەکانتدا ، ئەگەر فەرمانت پێ بکردنایە بە خۆ داپۆشین ئەوە بوو ئایەتی حیجاب هاتە خوارەوە .

جاری سێیەم ئەوە بوو خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کۆبوونەوە لەسەری بە هۆی (غیرە) یانەوە منیش وتم : ﴿عَسَى رَبُّهُ إِنْ طَلَّقَكُنَّ أَنْ يُبْدِلَهُ أَزْوَاجاً خَيْراً مِنْكُنَّ ﴾[3] سورة تحريم آية (٥) . ئەوە بوو ئایەتێك دەقا و دەق بەم شێوەیە هاتە خوارەوە) بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە .

---

[1] - خراج / باج .

[2] - بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ١٤٣) .

[3] ماناى ئایەتەکە / ئەگەر پێغەمبەر ﷺ تە لاقتان بدات ،ئەوە نزیکە خوا هاوسەرانی چاکتر لە ئێوەی پێ ببەخشێ ..

وە هاو دەنگ بوونی ڕای عومەر لەگەڵ دەقی قورئاندا لەمانەش زیاترە ، هەندێ بە زیاد لە بیست جێگە ئەژماری ئەکەن ، لەوانەش : —

١ — موسلیم لە عومەرەوە (رضي الله عنه) دەرهێنانی کردووە فەرموویەتی : (وافقت ربي في ثلاث : " في الحجاب ، و في اسارى بدر ، و في مقـــام ابـــراهيم) واتـە : لە سێ جێگـادا لەگەڵ پەروەردگارمدا هاودەنگ بووم ، لە حیجاب و لە گێراوەکانی شەڕی بەدر و لە مەقامی ئیبراهیم " عليهم السلام " دا .

٢ — هاوەڵانی فەرمووده و حاکم لە عومەرەوە گێڕاویانەتەوە فەرموویەتی : (ئەی پەروەردگار داوات لێ ئەکەم دەربارەی عەرەق و مەشروب یەکلامان بکەیتەوە و دڵمان شیفا بدەیت ، ئەوە بوو ئایەتی حەرام کردنی دابەزی ، کە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلامُ رِجْسٌ مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُـــمْ تُفْلِحُونَ﴾ سورة المائدة آية ٩٠ .

٣ — طبرانـــی لــە ئیبنــو عباســەوە دەرهێنــانی کــردووە ، دەڵێــت : — (کــاتێ پێغەمبەر(ﷺ) زۆر داوای لێ خۆش بوونی لە خوا ئەکرد بۆ خەڵکانێك عومەر فەرمووی : وەك یەکە بۆیـان (داوای لێخۆش بوونیـان بۆ بکـەن یـان نـا هـیچ تـەوفیری نیـە) ، خوای گەورەش ئەم ئایەتەی دابەزاند کە دەفەرمووێ : ﴿ سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُـــمْ ... ﴾ ســـورة المنافقون آية ٦ .واتە : چوون یەکە بۆیان داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەیت یان نەکەیت .

" پەرستشی عومەر و ترسی لە پەروەدگار "

پێشەوا عومەر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بە هـۆی زۆریـی گریانـەوە دوو هێڵـی ڕەش لەسەر ڕوومەتی پەیدا بوو بوو ، هەمیشە حەزی ئەکرد لە نیوەشـەودا نوێژ بکـات و ئەیفـەرموو : (ئەگـەر گێسکێك لە کـەناری فـورات بمرێـت (مردار بێتـەوە) ئەترسم خوا لێپرسینەوەم لەسەری بکات) .

وە لـە عبـدالله ی کـوڕی عـامرەوە ، دەڵێـت : عومـەرم بینـی کایـەکی (پوشـێکی) لەسەر زەوی هەڵگرت و فەرمووی خۆزگە ئەم پوشە بوومایە ، خۆزگە دروست نەکرامایە ، خۆزگە دایکم منی نەدەبوو ، خۆزگە هیچ شتێ نەبوومایە و خۆزکە لە بیر بکرامایە ..

ئەسلەم دەڵێت : عومەر هەموو دەم بەڕۆژوو بوو !!

ئیبنو عومەر دەڵێت : عومەر لە دوو ساڵی پێش وەفاتیەوە ڕۆژوی گرێدابوو بە بەردەوامی مەگەر ڕۆژانی جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان یان لەکاتی سەفەر کردندا !!.

هەروەها عومەر بەشە و هەتا خوا حەزی پێ دەکرد نوێژی ئەکرد ، تا کۆتایی شەو ئەو کات خێزانەکەی بە خەبەر ئەهێنا و ئەیفەرموو :

(نوێژەکەتان ، نوێژەکەتان ، ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە : ﴿ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلَاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا ﴾ [1]سورة طه ، آية (١٣٢) .

واتە : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ، ئەی ئیماندار فەرمان بدە بە سەر هەموو تاکەکانی خێزانت تا نوێژەکەیان بە چاکی بکەن و کۆڵنەدەر بن لەسەری .

لە ئوم سەلەمەوە : عبدالرحمن کوڕی عەوف هاتە لای و وتی : دایە ، لەوە ئەترسم ئەو حاڵەی هەمە بە هەلاکەتمدا بەرێت ، دەبینی دەوڵەمەندترین کەسی قورەیشم ، وتی : دەی کوڕم ببەخشە گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو دەیفەرموو : (ان من اصحابي من لا يراني بعد ان افارقه) واتە : هەندێ لە هاوەڵانم دوای ئەوەی لێیان جیا دەبمەوە و کۆچ دەکەم ئیتر نامبیننەوە ، عبدالرحمن ی کوڕی عوف چووە دەرەوە و بە عومەر (رضي الله عنه) گەیشت و ئەوەی ئوم سەلەمەی پێ ی وتبوو بە ئەویشی وت ، عومەریش هاتە لای ئوم سەلەمە ، فەرمووی : توخوا پێم بڵێ ، ئایا من یەکێکم لەوانە ؟ وتی : نەخێر ، بەڵام پاش تۆ ناتوانم بە هیچ کەسێکی کە بڵێم کە ئەو یەکێك نیە لەوانە) [2].

لە حەسەنەوە ، دەڵێت : عمری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَاقِعٌ (٧) مَا لَهُ مِنْ دَافِعٍ ﴾ سورة الطور ، آية (٧ ، ٨) .

واتە : بەڕاستی سزا و ئازاری پەروەدگاری تۆ هەر پێش دێ ، کەسیش ناتوانێ بەری پێ بگرێت و نەهێڵێت .

دوای ئەوەش تووشی هەناسە تەنگی یەك (پشوو سواری یەك) هات ، تا بیست ڕۆژ لە جێ کەوت و خەڵکی دەهاتن بۆ لای .

[1] - بڕوانە: (سيره لعمر بن الخطاب) ی احمد البلتاجي (ص ٢٥٣) .

[2] - هەمیسەمی دەڵێت : بەزار ڕیوایەتی کردووە پیاوانیشی پیاوانی ڕاستبێژ و (صحيح)ن . المجمع ژمارە (١٤٤٤٩).

لە عوبەیدی کوڕی عومەرەوە (رضي الله عنه) دەڵێت : عمری کوڕی خەتاب نوێژی بەیانی دابەست و دەستی کرد بە خوێندنی سورەتی (یوسف) و بەردەوام بوو تا گەیشتە﴿...وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ ... ﴾ سورة يوسف آية (٨٤).

واتە : ... چاوەکانی سپی هەڵگەڕا و ئاوی سپی تێزا و بینینی نەما لە ئاخ و داخ و خەفەت و ئێشدا ..

عومەر (رضي الله عنه) گریا هەتا تار بوو ئەوجا ڕکوعی برد وە لە عبدالله ی کوڕی شەدادە وە ، دەڵێت گوێم لە کرو زانەوە و پرمەی گریانی عومەر بوو لە کاتێکدا من لە ڕیزەکانی کۆتاییدا بووم لە نوێژی بەیانیدا[1] ، و سورەتی (یوسف) ی دەخوێندەوە تا گەیشتە ﴿إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللَّهِ﴾ سورة يوسف آية (٨٦).

واتە :بەڕاستی من باسی سکاڵاو غەم و پەژارەم هەر بۆلای خوادەبەم .

هەروەها لە هیشامی کوڕی حەسەنەوە ، دەڵێت : عومەر کاتێ ئایەتێکی دەخوێندەوە هەناسەی لێدەبڕا و دەگریا هەتا دەکەوت ، پاشان لە ماڵەوە دەمایەوە تا خەڵکی سەردانیان دەکرد وایان دەزانی نەخۆشە .

هەروەها لە ئەنەسەوە ، دەڵێت : لەگەڵ عومەردا بووم ، تا چووە پشت دیوارێك بۆ هەندێك کاری خۆی ، گوێم لێ بوو کاتێ دیوارەکە لە نێوان هەردوکماندا بوو ، بە خۆی دەوت : عومەری کوڕی خەتاب : ئەمیری باوەڕداران ، بە هـ ، بەهـ ، سوێند بەخوا ئەی کوڕی خەتاب ، یان ئەبێ لە خوا بترسی یان ئەوەتا خۆت تووشی سزای خوا دەکەیت .

وە عومەر (رضي الله عنه) پاش ئەوەی نوێژی عیشای بۆ خەڵکی دا ئەبەست و نوێژیان دەکرد دەچووە ماڵەوە و تا سبەینان (فجر) نوێژی ئەکرد .[2]

" زوهدی عومەر "

عومەر ڕەزای خوای لێبێ هەمیشە لە پێناوی خوادا لە خۆ بووردە بوو ، ژیانی زبر و ڕەق و خواردنی بەهەمان شێوە بوو ، بەڵام بەرامبەر زاتی پەروەردگاری و بۆ ئەو کەسێکی دلاوەر و بە هێز بوو ، هەمیشە جلەکانی پینەکراو بوون بە پێستەیەك ، کوندەی

[1] – بڕوانە: حياه الصحابه (٣/٢٦٠).

[2] – بڕوانە : البدايه و النهايه (٥ / ٢١٥) .

بەسەرشانی خۆی هەڵدەگرت لەگەڵ ئەو هەموو هەیبەت و سامەی کە هەیبوو ، وە سواری گوێدرێژێکی ڕووتی بێ کۆپان دەبوو ، لە کاتێکدا حوشترەکان بەڕیشاڵ و دەزوو هەوسار کرابوون ، کەسێك بوو زۆر کەم پێ دەکەنی گاڵتەی لەگەڵ کەس نەئەکرد ، مستیلەکەی بەم وتەیە نەخش کردبوو : (كفى بالموت واعظاً يا عمر) . [1] .

واتە : ئەی عومەر مردن بەسە ببێتە پەندێك بۆت ...

کاتێکیش بوو بە خەلیفە ، فەرمووی : (لەماڵی خوا لە دوو دەست بەرگ زیاتر بۆ من حەلاڵ نی یە ، بەرگێك بۆ زستان و بەرگێك بۆ هاوین ، خۆراکی منیش ئەبێ هەر وەك خۆراکی پیاوێکی ئاسایی قورەیش بێت نەك ئەوەیان کە دارایە .. دواتر ، منیش تاکێکم لە موسڵمانان !! .

ئەی خالقی ئەم کەڵە پیاوە ، پاکی و بێ گەردی بۆ تۆ ، داخۆ قورئان چی لە دڵ و دەروونی ئەوانە کردووە ؟! .

خوێنەری بەڕێز ورد بەرەوە لە حاڵی (خەلیفە) و ئەوەی کە بەسیەتی لە خەلیفەیەتی ... دەی خوا پیرۆزی کات ئەو ئاینەی پەروەردەی کردی و ئەو پێغەمبەرەی فێری کردیت .

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان دەڵێت : (سەبارەت ئەبوبەکر ئەوە کەسێك بوو نەدنیای دەویست و نە دنیاش ئەوی دەویست ، سەبارەت بە عومەریش ئەوە دنیا ئەوی ویست ، بەڵام ئەم دونیای نەویست ، هەرچی ئێمەشە ئەوا دنیا بە ئارەزووی خۆی ئەمدیو ئەو دیومان پێ ئەکات و دەمانگەوزێنێ ..

جارێك گلەیی لە عومەر کرا دەربارەی حاڵی خۆی پێ وترا : چی ئەبو ئەگەر خواردنێکی باشت بخواردایە .. باشتر بوو تاوەکو لەش ساخ بیت و بتوانیت بەرگری لە هەق بکەیت ؟ ئەویش فەرمووی : من هەر دوو هاوەڵەکمم لەسەر ڕێ یەك بە جێ هێشتووە ، خۆ ئەگەر ڕێگەکەیانم دۆزیەوە و پێ ی گەیشتم بە شوێنپێگرتنیان پێیان دەگەم ، خۆ بەدانیشتن لەماڵەوە پێیان ناگەم .

هەروەها لە کاتێکدا ئەو جێنشینی پێغەمبەر بوو (ﷺ) کەچی جلێکی خوری لەبەر ئەکرد ، هەندێکی بە پێستە پینە کرا بوو و بە بازڕەکاندا دەسوڕایەوە و قامچی

[1] - بڕوانە : البدایە و النهایە (٥ / ٢١٤) .

یەکی (بەدەستەوە بوو) ، بۆ ڕاست کردنەوە و پەروەردە کردنی خەڵك ، خۆ ئەگەر ناوکە خورمایەکی یان هەر شتێك پێبگەشتایە هەڵی ئەگرت و فڕێ ی دەدایە ماڵی خەڵکی تا سوودی لێ ببینن .[1]

لە وشکە ساڵەکەیشدا تەنها نان و زەیتی دەخوارد تاوەکو پێستی ڕەش بوو بوویەوە ، بەردەوام دەی فەرموو : (من خراپترین والیم ئەگەر خۆم تێربم و خەڵکیش برسی) .

" چەند لاپەڕەیەکی ڕووناك لە ژیانی "

چۆن ئەکرێ شوێن نهێنی و ڕازەکانی عومەر بکەویت ؟!

تەڵحەی کوڕی عبیداللە (ﷺ) دەڵێت : جارێك و لە شەوێکی تاریکدا عومەر چووە دەرەوە خۆی کرد بە ماڵێکدا کاتێ ڕۆژ بووە وە ، چووم بۆ ئەو ماڵە بینیم پیرە ژنێکی کوێری پەککەوتە لەوێیە ؟ پرسیم : ئەو پیاوە ئیشی چیە وا دێت بۆ لات ؟ ژنەکە وتی : ئەوە بەینا و بەین هەرچی پێویستم بێ بۆم دێنێ و پیسی و پاشەڕۆکانم فڕێ ئەدات !! منیش بەخۆمم وت : دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات تەڵحە ، مەگەر ئەکرێ شوێن نهێنیەکانی عومەر بکەویت ؟[2]

" مژدەی کوڕێك بەهاوەڵەکەت بدە "

شتێکی سەیر و نموونەیەکی ناوازەیە .. بەڕاستی ئەمەی لەسەر ئەم لاپەڕانە نیشانی ئەدەین قەڵەم لە ئاستیدا توانای دەربڕینی نیە .. داخۆ ئێمە لە جیهانی ئەندێشەداین یان ڕاستەقینە ؟ بخوێنەرەوە : -

ئەسلەم دەڵێت : جارێکیان ئەو کاتەی عومەر ئەمیری ئیمانداران بوو شەوێك لەگەڵیا چوومە دەرەوە ڕۆشتین بەرەو (دەوروبەری شار) ، بەردەوام بووین تا ماڵێکی لە پوش و پەلاش دروستکراومان پێ گەیشت بەرەو ماڵەکە چووین بینیمان ئافرەتێکی تیایە وەختی منداڵ بوونیەتی و لەتاو ئازار دەگری ... عومەر هەواڵی پرسی .. ئافرەتەکە وتی : من ئاوارە و غەریبم و هیچ شتێ شك نابەم .. عومەریش دەستی

---

[1] - بڕوانە : البدایە (٥ / ٢١٤) .

[2] - بڕوانە : البدایە (٥ / ٢١٥) .

بەگریان کرد و خێرا بەرەو ماڵ کەوتەڕێ بە خاتوو (ئوم کلثوم)ی خێزانی کە کچی پێشەوا علی کوڕی ئەبی تالیبە (﵁) فەرموو : ئایا خێر و چاکەیەکت ناوێ خوای پەروەردگار هێناویەتیە ڕێت ؟ و هەواڵەکەی بۆ گێڕایەوە ، ئەویش فرمووی : - بەڵێ ئامادەم ... دواتر پێشەوا عومەر (﵁) بڕێك ئارد و چەوریی بەشان هەڵگرت و خێزانەکەشی ئەوەی بۆ منداڵ بوون دەست بدات و پێویست بێ لەگەڵ خۆی هەڵیگرت و هێنایان بۆ ئافرەتەکە و خاتوو ئوم کلثوم چووە ژوورەوە بۆ لای ئافرەتەکە و عومەریش (﵁) لەگەڵ هاوسەری ژنەکەدا دانیشت ... مێردی ئافرەتەکە پێشەوا عومەری نەدەناسی و بەیەکەوە کەوتبوونە گفتوگۆ .. دواتر ئافرەتەکە کوڕێکی بوو ... خاتوو ئوم کلثوم بە پێشەوا عومەری وت : (ئەی ئەمیری ئیمانداران ... مژدەی کوڕێك بە هاوڵەکەت بدە) کاتێ پیاوە ئەمەی بیست زۆر لای گەورە بوو ... داوای لێبوردنی لە پێشەوا عومەر کرد . ئەویش فەرمووی : (گوێ ی پێ مەدە ... ئاسایی یە) پاشان بڕێك بژێوی و ئەوەی پێویستی بوو پێ ی دان و ڕۆیشت .. [1]

بەکوڵ هەڵیئەگرم !! ئەسلەم دەڵێت : شەوێکیان لەگەڵ عومەردا چووین بۆ (حرە واقم) تا گەیشتینە (بصرار) و ئاگرێکمان بەدی کرد .

عومەر فەرمووی : ئەسلەم ، هەر لێرە ڕێبوارانێك هەن شەوگار هێشتونیەتیەوە ، بڕۆ بابچینە لایان ، چوین بینیمان ئافرەتێك لەوێیە لەگەڵ منداڵەکانیدا مەنجەڵێکیان ناوەتە سەر ئاگر و مناڵەکانی هاواریانە ، عومەر فەرمووی : سلاوی خواتان لێ بێت ئەی ئەهلی ڕوناکی * ... ئافرەتەکە وتی : سلاو لە تۆش . عومەر نزیك بووە وە فەرمووی : چیتانە ؟ ئافرەتەکە وتی : شەوو سەرما ڕێگەیان لێ گرتووین لێرەدا ... فەرموی : ئەی ئەو منالانە بۆ هاوار ئەکەن ؟

ئافرەتەکە وتی : لەبرسانا .. فەرمووی : ئەی ئەوە چی یە لەسەر ئاگرەکە ؟ وتی : ئاوە و خستوومەتە سەر تاوەکو بیانخەڵەتێنم تا دەخەون ، خواشاهیدە ... عومەریش (﵁) گریا و خێرا بەرەو ئەو جێگایەی ئاردیان تێدا دائەنا ڕۆیشت بڕێك ئارد و کۆشێ (هەمبانێ) چەوری دەرهێنا و بە ئەسلەمی فەرموو : بیخەرە سەر پشتم) ئەسەلەم دەڵێت

[1] - بڕوانە : البدایە (٥ / ٢١٦) .

* واتە ئەی ئەو کەسانەی بەم ئاگرە ئەم ناوەتان ڕووناك کردوەتەوە .

: وتم با من لەبری تۆ هەڵیبگرم ، فەرمووی : ئایا تۆ لە قیامەتدا ئاواتەکانم هەڵ ئەگری ؟! و ئیتر خستیە سەر پشتی خۆی و چووین بۆ لای ئافرەتەکە و عومەر کۆڵەکەی سەر پشتی داگرت و بە جامێك برێ ئاردی دەرهێنا و برێگ لە چەوری یەکەی کرد بەسەردا و بەردەوام فووی دەکرد بە بنی مەنجەڵەکەدا تا ئاگرەکە هەڵکات و دووکەڵ نزیکەی کاتژمێرێك بەرپیشیدا ڕۆ دەچوو ، دواتر مەنجەڵەکەی لەسەر ئاگرەکەدا گرت و فەرمووی : قاپێکم بەرێ ، ئافرەتەکەش بۆی هێنا ، لەوخۆراکە پڕی کرد و خستیە بەردەمی منداڵەکان و فەرمووی لێکردن . ئەوانیش هەتا تێر بوون لێیان خوارد ئافرەتەکەش بەردەوام دوعای خێری بۆ دەکرد بێ ئەوەی بیناسێ .. ئەسلەمە دەڵێت : عومەر (رضي الله عنه) لایان مایەوە تا منداڵەکان خەویان لێ کەوت ، پاشان برێك بژێوی پێدان و ڕۆیشت ، ئەسلەم دەڵێ : پاشان هات بەرەو ڕووم و پێمی فەرموو : ئەی ئەسلەم : برسێتی وای لێ کرد بوون خەویان لێ نەوکەوێت و بگرین ، بۆیە حەزم کرد لایان بمێنمەوە تا ئەمەی کە دیتم بیبینم .) [1]

بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران ، بەڕاستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاستی فەرمووە کە دەڵێت : خاب عبد و حسر لم يجعل الله تعلى في قلبه رحمة للبشر) [2]

واتە : ئەو بەندەی خوایە کە خودا لە دڵیدا بەزەیی دروست نەکردووە بۆ مرۆڤەکان ئەوە بەندەیەکی خەسارەومەندو هیوا بڕاوە .

" سەر ڕاستی ڕەعیەت لەسەر ڕاستی چاودێرە کەیانەوەیە "

لە سەعدی کوڕی موسەیب (رضي الله عنه) دەفەرموێت : عومەر فەرمووی : (بێ گومان خەڵکی بەسەر ڕاستی و لەسەر ڕێی چاکە دەمێننەوە مادەم پێشەوا و ڕێنمونیکارەکانیان سەر ڕاست بن) [3] .

وە لە جریری کوڕی عبدالله ی بەجەلی یەوە (رضي الله عنه) دەفەرموێت : –

---

[1] - بڕوانە : البدايه (٥ / ٢١٦) عمر بن الخگاب / ی ابن جوزی (٩٦ ، ٩٧) .

[2] - فەرمووی (حسن)ە / ئەبو نەعیم وغەیری ئەو دەرهێنایان بۆ کردووە لە (المعرفه)دا . ئەلبانی بە باش دایناوە لە (صحيح الجامع) (٣٢٠٥) دا .

[3] - بڕوانە : سیرەی عومەر – البتاجی ٠ ٩٦).

کابرایەك لەگەڵ ئەبی موسای ئەشعەریدا لەیەکێ لە غەزاکاندا بوو ، خاوەنی دەنگێکی دوژمن بەزێن بوو، ئەوە بوو دەستکەوتێکی باشیان بە دەست هێنا ، بەڵام ئەبو موسای ئەشعەری برێك لە بەشەکەی پێ داو مافی تەواوی خۆی پێ نەدا کابرا نارەزایی دەربڕی ... بۆیە ئەبو موسای ئەشعەری بیست قامچی لێ داو سەری سفر کرد ! پیاوەکە قژەکانی سەری کۆ کردەوە و چوو بۆ لای عومەر (﵁) و لەناو کۆڕەکەیدا قژەکەی فڕێ دایە سەر سنگی عومەر و وتی :

(سوێند بە خوا لە ترسی دۆزەخ نەبوایە وەها وەهام بە پیاوەکەت دەکرد (مەبەستی ئەبی موسا) یە !) وە پاشان ئەوەی ئەبی موسا بەسەریدا هێنا بووی گێڕایەوە..)

عومەریش (﵁) ئەمەی بۆ ئەبی موسا نووسی :

" سلاوت لێ بێت ، پاشان .. فلان کەس ئەوە و ئەوەی پێ ڕاگەیاندم . ئەگەر تۆ کارێکی وەهات ئەنجام داوە لەبەرچاوی کۆمەڵێ خەڵکدا ، ئەوە سوێندت لەسەر بێت کە ئەبێ لەبەر چاوی خەڵکدا و لەبەردەستیدا دانیشیت و هەقت لێ بکاتەوە (چیت لێ کردووە وەهات لێ بکاتەوە) وە ئەگەر لە چۆڵەوانی و لە نێوان خۆت و ئەو دا ئەو کارەت کردووە ئەوا هەر بەو شێوەیە ئەویش لە چۆڵەوانیدا دەبێ مافی خۆیت لێ وەرگرێتەوە "

کابرا نووسراوەکەی عومەر (﵁)ی هێنا بۆ ئەبی موسا ، خەڵك بە پیاوەکەیان دەوت کە لێ ی خۆش بێ ! .. بەڵام پیاوەکە وتی سوێند بە خوا لەبەر خاتر هیچ کەس لێ ی خۆش نابم .

ئینجا ئەبوو مووسا ناچار لەبەر دەستی پیاوەدا دانیشت تا (قصاص)ی لێ وەرگرێتەوە .. لەوکاتەدا پیاوەکە سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە ، وتی : ئەی پەروەردگار ئەوا لێ خۆش بووم ! [1] .

بە بێ هیچ لەسەر دوانێك و زیادە ڕۆی یەك دەڵێم کە بەڕاستی ئەمەیە ئیسلام ...

[1] - سیرة عمر بن خطاب – البلتاجی (٩٧ – ٩٨) .

" لە ئامۆژگاری یەکانی عومەر (رضي الله عنه) "

" ئەی خەڵکینە : بزانن بەڕاستی ئێمە کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناوماندا بوو وە سروشی بۆ دەهاتەخوارەوە و لە کاتێکدا خوای پەروەردگار هەواڵی ئێوەی پێ دەداین ، ئێوەمان دەناسی .

ئێستا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناوماندا نەماوە سروشیش ئێدی لێمان دا بڕاوە ! بزانن .. بێ گومان بەوەی کە پێیەوە دەتانناسین قسە دەکەین و لەسەر ئەو بنچینە یە ئەدوێین .

پێتان ئەڵێین : هەر کەس لە ئێوە چاکەی لێ ئاشکرا بوو ، ئێمەش گومانی باشی پێ دەبەین و بەچاکە وەڵامی دەدەینەوە هەر کەسیش خراپەی لێ ئاشکرا بوو .. ئێمەش گومانی خراپی پێ دەبەین و لەسەر ئەوەش کینەی لێ دەکەین ڕازەکانتان لە نێوان خۆتان و خوای خۆتاندایە .. سەردەمێك من وامەزانی ئەوەی قورئان دەخوێنێ لە بەرخاتری خوا و پاداشتی خوایە ، کەچی لەم دواییانەدا وا هەست دەکەم پیاوانێك هەن قورئان دەخوێنن لەبەر خاتری خەڵك و پاداشتی خەڵکە ...

ئەمەوێ قورئان خوێندنتان بۆ خوا بێت و دەمەوێ کردەوکانتان لەبەر خاتری خوابێت .

ئاگادار بن .. سوێند بەخوا من پیاوەکانم بۆ ئەوە نانێرمە لاتان کە بە پێستاندا بدەن و ماڵ و سامانتان ببەن ، بەڵکو بۆ ئەوە دەیاننێرمە لاتان تاوەکو فێری ئەو ئاین و سوننەتەتان بکەن کە باوەڕتان پێ هێناوە .

کەواتە ئەوەی غەیری ئەمانەی پێکرا با بەرزی کاتەوە بۆم و سکاڵای خۆی بکات .

سوێند بەو خوایە کە نەفسی منی بە دەستە مافەکەی بۆ وەردەگرمەوە .

لەم کاتەدا عەمری کوڕی عاص هەڵسایەوە وە وتی : ئەی ئەمیری ئیمانداران : ئەی ئەگەر ئەوکەس یەکێ بوو لەو موسڵمانانەی چاو دێر و بەر پرسە برامبەر ڕەعیەتەکەی بۆ تەمبی کردنیان ئەم کارەی کرد ، ئایا تۆ هەر (قصاص)ی لێ وەردەگریتەوە ؟

عومەر فەرمووی : ئەرێ بەو کەسەی نەفسی منی بەدەستە ، قیصاصی لێ وەردەگرمەوە ، چونکە پێغەمبەرم (ﷺ) بینیوە لە زاتی خۆی (قصاص)ی وەرگرتووەتەوە .ئاگاداربن ... نەکەن لە موسڵمانان بدەن و سوکیان کەن .. ماڤ خۆیانیان

لێ زەوت مەکەن و لە ئەنجامدا کافریان بکەن .. و لە بۆ سەو پێشەکاندا دایانمەبەزێنن نەکا لە دەستتان بچن .[1]

" ئامۆژگاری عومەر بۆ ڕەعیەت "

" خۆتان بە دەستی خۆتان مافەکان بدەن .. وە کەس کەسی تر تاوانبار نەکات تاوەکو لەبەردەم مندا ڕاستی یەکان دەردەخەن و دادبینی دەکەن .. ئەوەش بزانن کە چاکی و باشی هەرکارێك لە سێ شتدایە : –

ئەوشتە بە هەق وەربگرێت و لە هەقدا بدرێت وڕێگری ناهەقی لێ بکرێت ...

پەیمانی ئەوەتان ئەدەمێ کە هیچ شتێك نەلەسەرانەتان و نەلەوەی خودا فەرزی کردووە لە سەرتان کۆ نەکەمەوە لێتان مەگەر بە هەق واتە : هەقی – بیت المال .

هەروەها ئەوەش لە ئەستۆ ئەگرم ئەوپارە کەوتە دەستمەوە نابێ لە دەستم دەرچێت مەگەر بە هەق ، واتە : بەرپرس دەبم لەوەی بەداد پەروەرانە دابەشی کەم .

وە مافی ئێوەیە لەسەرم کە لە بەخشش و ڕۆزی یەکانتان زیاد کەم بە یارمەتی خودا ...

وە مافی ئێوە یە لەسەرم کە بەرەو تیاچوون ڕاپێچتان نەکەم و بۆ ماوەیەکی زۆر لە جەنگەکاندا نەتانهێڵمەوە دوور لە کەس و کار وماڵەکانتان[2] .

وە ئەگەر ویستتان بڕۆن بۆ جەنگ ، ئەوە هەتا دەگەڕێنەوە من باوکی منداڵەکانتانم دەی لە خوابترسن – ئەی بەندەکانی خوا – هاوکاریم بکەن لە فەرمانکردن

---

[1] - پێشەوا عومەر سێ کاری لە والی یەکان قەدەغە کرد کە دەرهەق بە ڕەعیەتەکەیان ئەنجامی بدەن : قەدەغەی کرد بوو کە لێیان بدرێت ، تا سووك نەبن و پیاوەتی و هەیبەتیان نەمێنێ . قەدەغەی کرد بوو لە مافی تەواوی خۆیان بێ بەشیان بکەن تاوەکو بێ باوەڕ نەبن و بڕوایان بە دادپەروەری نەمێنێ کە تەرازوی ئاینەکەیانە ، هەروەها قەدەغەی کرد بوو کە سوپاکەیان جیا بکاتەوە و ە لەناو زەویەکانی دوژمندا بەش بەشیان کات و بەمەش دوژمن ئابلۆقەیان بدات و ناپاکی یان دەرهەق بکات . سیرەی عومەری کوڕی خەتاب ، مامۆستا احمدی بەلتاجی . لاپەڕە (٤٣) .

[2] - چونکە هەموو کە تیپەیەك لە سوپا مۆڵەتێکیان هەیە بچنەوە ماڵەکانیان .

بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە ، لەودا کە خودا تیایدا منی کردووە بەسەرپەرشتیارتان ئامۆژگاریم بکەن ...

" خۆراکی عومەر لە ساڵی گرانی یەکەدا (لە وشکە ساڵی یەکەدا) "

ئەسلەمی خزمەتکاری عومەر دەڵێت :

کاتێ عومەر ئێوارەی لێ ئەهات لە وشکەساڵی یەکەدا [1] – نانێکی دەهێنا لە ناو ڕۆندا دەی گوشی ، بەڵام ڕۆژێکیان وشترێکی سەربڕی و دابەشی کرد بەسەر خەڵکدا ..

ئەو ڕۆژە چوو بەژووردا دەبینێت جامێك دووگ و چەوری حوشتر و جگەرێکی لێیە ! بۆیێ دانراوە .

پرسی : ئەمە مان لە کوێ بوو ؟

وتیان هی ئەو حوشترە یە کە ئەمڕۆ سەرمان بڕی !

عومەریش فرمووی : بەهـ بەهـ [2] چ والی یەکم کە خۆم شتەباشەکان بخۆم و ئێسك و پروسکەکانیش دەرخواردی خەڵك بدەم .. ئینجا چوو نانێك و بڕێك زەیتی هێنا و کردنی بە ترێت پاشان بە غوڵامەکەی فەرموو : بەڵات لێ دا ئەی یەرفا !

ئەم کاسەیە هەڵگرە و بیگەیەنە بە فلانە ماڵ لە مەدینە ، چونکە من ئەوە سێ ڕۆژە سەرم لێ نەداون . وابزانم زۆر برسین ..

یەرفا ش ئەو خواردنەخۆشەی هەڵگرت و بردی بۆ ئەو ماڵەی کە عومەر(رضي الله عنه) مافی ئەوانی دا بەسەر خۆیدا !

" گیریبی (تشدد) عومەر لە وشکە ساڵی یەکەدا لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەیدا "

لە ئیبنو عومەرەوە ، دەڵێت :(کاتێ عومەر نەهی شتێکی لە خەڵکی ئەکرد ، دەهاتە لای ماڵ و منالەکەی و پێیانی دەفەرموو : ئەوا من نەهیم لە خەڵك کردووە بە فلانە و فلانە شت ... ئەوانیش سەیری ئێوە ئەکەن هەر وەك چۆن باڵندە سەیری گۆشت ئەکا ، خۆ ئەگەر ئێوە کەوتن ، ئەوانیش ئەکەون .. وە ئەگەر ئێوە ڕاپەڕین بۆ ئەنجامدانی

---

[1] - وشکەساڵی لە (١٨) کۆچیدا بوو .. باران نەدەباری و زەوی و زار وشك هەلاّت .

[2] - بە گاڵتە کردنەوە .

ئەوانیش ئەنجامی ئەدەن ، لەبەر ئەوە منیش سوێند بەخوا هەر کەس لە ئێوە بکەوێتە ناو ئەوکارەوە کە نەهیم لە خەڵکی کردووە لە ئەنجامدانی ، ئەوا سزای دوو هێندی ئەدەم لەبەر نزیکیتان لەمنەوە ، ئیتر هەرکەس ئەیەوێ بێتە پێش بابێتە پێش ، هەرکەسیش ئەیەوێ دواکەوێ ، بادواکەوێ .)

ئیبنو سەعد دەڵێت :

لە وشکە ساڵی یەکەدا عومەر کاڵەکێکی بچوکی بە دەست یەکێ لە منداڵەکانیەوە بینی ، فەرمووی : بەهـ بەهـ ! کوڕی ئەمیری ئیمنداران ، ئەوە میوە ئەخۆیت کاتێ ئوممەتی (ﷺ) لە برسا لاواز بوون ؟ منداڵەکەشی بەڕاکردن و گریانەوە چووە دەرەوە . خەڵك بە عومەریان وت : منداڵەکە بە مشتێك ناووك کریویەتی [1] .

وە لە قەتادەوە ، دەڵێت :

موعەیقیب لە – بیت المال – گەنجینەوان بوو ، جارێك گسکی لەوێ دەدا و درهەمێکی دۆزیەوە دای بەیەکێ لە منداڵەکانی عومەر . موعەیقیب دەڵێ : دواتر چوومەوە بۆ ماڵ ، دەبینم نێردراوێکی عومەر هاتووە بۆ لام و بانگم دەکات .

چووم بۆلای عومەر دەبینم درهەمەکە لەناو دەستیدایە . پێی وتم : بەڵات لێ دا ئەی موعەیقیب ، چیت لە من داوە [2] چیتە پێمەوە ؟

منیش وتم : ئەی ئەو درهەمە چی یە بەدەستەوە ؟

وتی : ویستت لە ڕۆژی قیامەتدا ئوممەتی (ﷺ) بۆ ئەم درهەمە ڕووبەڕووم بووەستن ! درهەمەکەی دایەوە بە موعەیقیب . [3]

---

[1] - واتە بە تۆو و ناوکی هەندێ درەختی وەك خورما و هیتر .. واتە شتێکی بێ بایەخ کڕیویەتی کە بۆ کەسانی وەك ئەو (منداڵ) ئاسانەشتی وا کۆ بکاتەوە .

[2] - چ دوژمنایەتی یەك لە نێوان من و تۆدا هەبووە تا ئێستا رقت لێم بێتەوە . .

[3] - سیرەی عومەری کوڕی خەتاب . . بەلتاجی (٦٠ – ٦١) .

" توندی لێپرسینەوەی عومەر بۆ ئەهلەکەی "

عبدالله کوڕی عومەر (رضي الله عنه) دەڵێت :

حوشترێکم کڕی و ناردم بۆ (حمی) [1] کە لەوێ وەك حوشتری خەڵکی بلەوەڕێ ، کاتێ گۆشتی گرت .. عومەر هاتە بازاڕ و لەوێ حوشترێکی گۆشتنی بینی ...

فەرمووی : ئەمەهی کێ یە ؟

پێ ی وترا / هی عبدالله ی کوڕی عومەرە .

پێشەوا عومەر لەبەردەم خۆیەوە دەیفەرموو : بەهـ بەهـ ! کوڕی ئەمیری ئیمانداران ! منیش هاتم بۆ لای و پێم وت : — چی بووە ئەی ئەمیری باوەڕداران ؟

پرسی / ئەم حوشترە چی یە ؟

وتم کڕیم و ناردمە (حمص) تاوەك ئەو خەڵکە منیش سوودی لێ ببینم .

فەرمووی / وەتاوەکو بڵێن : حوشتری کوڕی ئەمیری باوەڕداران بلەوەڕێنن ، حوشتری کوڕی ئەمیری باوەڕداران ئاو بدەن ، پاشان فەرمووی / بڕۆ (عبدالله) سەرمایەکەی خۆتی لێ هەڵگرە و ئەوەشی مایەوە بیخەرە — بیت المال — بۆ موسڵمانان[2]

" عومەر و هاوسەرەکەی "

لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسەوە ، دەڵێت :

(لەبەحرەینەوە بڕێك میسك و عەنبەر هێنرا بۆ عومەر ، فەرمووی / سوێند بەخوا حەزم ئەکرد ئافرەتێك هەبوایە بەباشی کێشانەی بکردایە تاوەکو ئەم بۆ ئەم بۆ کێشانە بکات و دابەشی کەم بەسەر خەڵکیدا) .

عاتکەی خێزانی پێ ی وت : من باش کێشانە دەکەم ، بمدەرێ با بۆت بکێشم .

عومەر فەرمووی : نەخێر .

عاتکە پرسی / بۆچی نا ؟

فەرموی / ئەترسم وەها بیبەیت و بڕێك لە گەردنی خۆت بدەی و بەوەش بەشێکی موسڵمانان کەم بێتەوە ...

---

[1] - حمی / لە دەرگایەك بوو لە قەراغ شاردا .

[2] - واتە بیفرۆشە و چەندت پێ دا بو هەڵیگرەوە و ئەوەشی مایەوە بخەرەوە خەزێنەی دەوڵەت بۆ موسڵمانان .

" عومەر و ئەوانەی جەنگ شێواند بوونی "

لە عبدالله ی کوڕی عومەرەوە ، دەفەرموێت : -

لە کاتێکدا خەڵکی خەریکی وەرگرتنی بەشی خۆیان بوون لە نێو دەستی عمردا ، عومەر (﵁) سەری بەرز کردەوە چاوی بە پیاوێك کەوت لێدانێك لە دەم و چاویدا بوو ، لێ ی پرسی . ئەویش لە وەڵامدا وتی / لە یەکێ لە جەنگەکاندا کە لەگەڵ موسڵماندا چوو بوین تووشی ئەم لێدا نە بووم .

عمر فەرموی / هەزار درهەمی بۆ بژمێرن .. هەزار درهەم درا بە پیاوەکە .

پاشان فەرمووی / هەزاری تری بۆ بژمێرن ، هەزاری تری دا بە پیاوەکە .. عومەر چوار جار ئەمەی و تەوە هەرجارێك هەزار درهەم ئەدرا بە کابرا تاوەکو پیاوەکە تەریق بووە و چووە دەرەوە .

عبدالله دەڵێت : عومەر هەواڵی کابرای پرسی ، پێیان وت: وا بزانم لە تەریقیا چووەتە دەرەوە بە هۆی ئەو هەموو بەخششەوە کە پێ ی ئەدرا ..

عومەریش فەرموی / دەی سوێند بەخوا ئەگەر بمایەتەوە بەردەوام پێم ئەدا هەتا درهەمێك بمایەتەوە ، چۆن بم دەرهەق بە پیاوێك لە پێناوی خودا لێدانێکی وای لێ دراوە چاڵێکی لە دەم و چاویدا دروست کردووە .[1]

" عومەر و خێزانی پیاوە شەهیدەکە "

لە جابرەوە (﵁) دەڵێت : شەوێك لەگەڵ عومەردا (﵁) بەناو شاردا ئێشکگریمان دەکرد تا گەیشتینە لای خەیمەیەك ئاگرێکی کزی تیا بوو ، بەینێ دەکوژایەوە و بەینێ دادەگیرسایەوە ، و دەنگێکی غەمباری گوێ لێ بوو ، عومەر فەرمووی : لە جێ ی خۆتان بوەستن ، ڕۆشت تاگەیشتە لای خەیمەکە ، بینی پیرەژنێکە دەڵێت : -

على محمد صلاة الأبرار　　صلى عليه المصطفون الأخيار

قدكنت قواما على الأسحار　　فليت شعرى و المنايا أطوار

هلى تجمعنى و حبيبى الدار ؟

[1] - سیرەی عومەر . بەلتاجی (٧٣ - ٧٤) .

عومەر (رضي الله عنه) گریا هەتا دەنگی بەرز بووەو ، پاشان چوو هەتا لە خەیمەکەوە نزیك بوویەوە .

فەرمووی / سلاوتان لێ بێت ، سێ جار دووبارەی کردەوە . لە سێیەم جاردا مۆڵەتی پێ درا بچێتە ژوورەوە . عومەر فەرمووی / قسەکانتم بۆ دووبارە بکەرەوە . ئەویش بە دەنگێکی خەفەتبارەوە بۆی دووبارە کردەوە ، عومەریش (رضي الله عنه) دەستی بەگریان کرد .پاشان بە پیرە ژنەکەی فەرموو : ڕەحمەتی خوات لێ بێت عومەریشت بیر نەچێت ...

ژنەکەش وتی : و عمر اغفر له انك غفار [1]

" عومەر پلان بۆ سەرکردەکانی جەنگ دادەنێت "

جەنگی قادسیە سێ ڕۆژی خایاند ، قادسیەش دەرگا یەك بوو لە ڕێیەوە ئیسلام گەیەنرایە عێراق و فارس و هەموو ڕۆژهەلات ، لەبەر ئەوە جەنگێکی چارەنووس ساز بوو لە نێوان عەرەب و موسڵمانان و فارس و مەجوسی یەکاندا .

عومەر (سعدی کوڕی ئەبی وەقاص[2])ی بەسەر کردەی سوپاکەی هەڵبژارد . ئەوە بوو ساڵی (١٤ ك) لە شارچووە دەرێ و لە زەوی عێراق قادسیەی کردە لەشکر بەست .

زەوی جەنگەکەی وا هەڵبژارد کە بکەوێتە نێوان بیابان و ئەو تۆرە ئاوی یە ئاڵۆزەی لە زەوی عێراقدایە تاوەکو سوپای موسڵمانان تووشی شەڕنەبێت لەسەر زەوی یەك کە پێ ی ئاشنا نەبووە و شارەزایی لە مەترسی یەکانی نی یە .

وە بۆ ئەوەی ئەگەر شەڕ لە دژی سوپاکەی بەرپا بوو بتوانێت بەرەو بیابان پاشەکشەیان پێ بکات و بەو جۆرە هێرش بەرێت و بگەڕێتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەم ئاشناترە بەرێ و شوێنی بیابان .

بەلام ئەگەر جەنگ لە دژی فارسەکان ڕوویدا ئەوە دوژمن لە بەردەمیاندا بێت و دەریاش لە پشتیانەوە و شمشێرەکانی موسڵمانان لەناو یان دەبات و بەوجۆرەکەسیان نامێنێتەوە . هەر واش بوو ئەوەی ئەو سەرکردە لێهاتووە چاوەڕوانی کرد هاتەدی .

---

[1] – سیرەی عمر . بەلتاجی (٨٢ ، ٨٣).

[2] – دواتر باسی سیرە ، ژیانی ئەم هاوەڵە بەرێزەش دێتە پێشەوە .

وە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص (رضي الله عنه) لە قادسیە دابەزی و ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی سوپای فارسەکانی کرد ، کەچی نەهاتن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی موسڵمانان ، تا چەند شالاوێکیان هێنا بۆ سنوورەکانی دەوروبەری عێراق لە ڕووی باکور و باشوورەوە بۆ ئەوەی بیانوروژێنن...

فارسەکان هاوار و سکالایان بردە لای (یەزدەجرد) ی پاشا یان و داوای پاراستنیان دەکرد ، ئەویش داوای لە (روستم)ی سەرکردەی سوپاکەی کرد بەرووبەڕوو بوونەوەی موسڵمانان لە قادسیە ، بەو جۆرە (روستم) سوپاکەی خستە ڕێ و لەبەردەم سوپای موسڵمانانداندا دەرکەوتن .

جەنگێکی توندی سێ ڕۆژی لە نێوانیاندا ڕووی دا و بەسەرکەوتنی موسڵمانان کۆتایی پێ هات . سەکەوتنێکی سەرکوتکەر .

جەنگی قادسیە یەکێك بوو لە جەنگە مێژوویی یە یەکلاکەرەوەکان کە پشتی فارسەکانی شکاند و ئیتر دوای ئەوە نەیانتوانی ئەو هێزەی جارانیان بە دەست بێننەوە تاوەکو پاش چەند شکستهێنانێکی یەك لە دوای یەك دەوڵەتەکەیان روخا ..

ئەوە بوو عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) هەندێ ئامۆژگاری سەعدی کرد پێش بەرێ کردنی سوپاکەیان ، لەوانە : —

(گوێ لە هاوەڵەکانت ڕاگرە و لە فەرمانەکانتدا بەشداریان کە و پەلەمەکە لە بڕیاردانا ، بەڵکو لەسەرخۆ بڕیار بدە .

بزانە ئەمە جەنگە و پیاوی جەنگیش ئەو پیاوەیە کە چاوەڕێ دەکات تابزانێت دەرفەت کامەیە ... لەڕاستیشدا تۆ بەرە و زەوی یەك دەچیت کە بە فێڵ و تەڵەکە و ناپاکی ناسراوە .. بەرەو ڕوی کەسانێك دەچیت کە پرکێشییان کرد بەسەر خراپە داو بێ باکانە ئەنجامیاندا و چاکەیان لە بیر خۆیان بردەوە و لێی بێ ئاگا بوون ، ئیتر بزانە چۆن دەبیت ، زمانت قایم کەو نهێنیت ئاشکرا مەکە [1] .

[1] - سیرەی عومەر / بێلتاجی (١٦٩ ، ١٧٢) بە دەستکاریەوە .

" ڕاسپاردەکانی عومەر بۆ سوپا موجاهیدەکان "

(حیوە)ی کوڕی (شریح) دەڵێت :

کاتێ عومەر سوپاکانی بەڕێ دەکرد ڕایدەسپاردن بە تەقوای خوا و پاشان دوای ئەوەی لیواکان جیادەکرانەوە دەیفەرموو : -

(بەناوی خوا و بە پشتیوانی خوا ، بەڕێ کەون بە ئومێدی پشتگیری خوا و سەرکەوتن ، بە پەیوەست بوون بە هەق و ئارامگری یەوە ..

لە پێناوی خوا دا بجەنگن لەگەڵ ئەوانەدا باوەڕیان بە خوا نی یە و دەستدرێژی مەکەن ، چونکە خوا دەستدرێژکەرانی خۆشناوێت ، پاشان ، کاتێ بە دوژمنتان گەیشتن ترسنۆك مەبن وە کاتێ دەسەڵاتتان هەبوو کوژراوەکان مەشێوێنن ، وە لە کاتی دەرکەوتندا زیادە ڕۆیی مەکەن وە لە کاتی شەڕدا قسەمەکەن .

هەروەها ئافرەت و پیاوی پیر و منداڵ مەکوژن هەروەك کاتێ دوو کۆمەڵەکە بەیەك گەیشتن و کاتی گەرمەی ڕاپەڕین و شاڵاو بردن خۆتان لە کوشتنیان بپارێزن واتە : (پیر و منداڵ و ئافرەت)

هەڵپە مەکەن و لە دەستکەوتەکان مەدزن ، جیهاد پاك ڕاگرن و خواستەکانی دنیای تێکەڵ مەکەن و بەوسەرکەوتن و دەستەکەوتانە خۆشحاڵ بن کە لە پەیمانێکدا دەستان دەکەوێت داوتانە بە پەروەردگارتان و هەر ئەوە سەرکەوتنی مەزنە) .

"لە ڕاسپاردەکانی عومەر بۆ

(سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص) (رضي الله عنه) فەرماندەی سوپاکەی"

کاتێ عومەر (رضي الله عنه) (سەعد)ی کردە فەرماندەی سوپاکەی لە عێراق بەم جۆرە ڕایسپارد : - (ئەی سەعد ، ئەوە فریوت نەدا و لە خوا دوورت نەخاتەوە کە پێت بوترێت : خاڵی پێغەمبەری خوا و هاوەڵی .. ، چونکە لە نێوان پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هیچ کەسێکی کەدا خزمایەتی یەك نی یە مەگەر بە گوێڕایەڵی کردنی خوا .

دەی تۆش هەر ئەوە بکە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیکرد و ئەوەش واز لێ بێنە کە ئەو وازی لێ دەهێنا ئەمە ئامۆژگاری منە بۆ تۆ) .

" چیرۆكی عومەر و جبلەی كوڕی ئەیهەم "

دەگێڕنەوە كە جبللەی كوڕی ئەیهەمی كۆتا پاشای غەساسنەكان كاتێ ویستی لە ئیسلام بوون بوو ، بە كەژاوەیەكی گەورەوە هاتە مەدینە ، كە جل و بەرگێكی ناوازە و تایبەتی یان لەبەردا بوو خۆیشی تاجەكەی بەسەرەوە بوو .

ئەوە بوو پێشەوا عومەر (ﷺ) بەهاتنیان خۆشحاڵ بوو دواتر و كاتێ وەرزی حەج هاتە پێشەوە ، جبلله لەگەڵ عومەر چوو بۆ حەج كاتێ جبلله خەریكی تەوافی ماڵی خوا بو پیاوێك لەو خەڵكە پێینا بە جلەكانیدا و هەلیتەكاند (دڕاند)ی ، ئەویش زللەیەكی لە دەم و لوتی دا پڕی كرد لە خوێن .

" پیاوەكە چووە لای پێشەوا عومەر بۆ سكاڵا "

عومەر لە جبللەی پرسی : چی وای لێ كردی لەم پیاوە بدەی ؟

وتی : پێ ی بە جلەكانمدا ناو دڕاندی .

عومەر فەرمووی : كەواتە مادەم دانی پێدادەنێیت كە لێت داوە یان ئەبێ كابرا ڕازی كەیت بە جۆرێك یان ئەبێ چیت لێ كردووە وەهات لێ بكاتەوە .

جبیلەش وتی : مەگەر شتی وائەكرێ ؟ لە كاتێكدا من پادشایەكم و ئەو كەسێكی ڕەش و ڕووتە ؟

عومەر فەرمووی : ئیسلام ئێوەی یەكسان كردووە ، تۆش بە هیچ شتێك چاكە و فەزڵت بەسەریەوە نی یە مەگەر بە كاری چاكە .

جبیللە وتی : سوێند بە خوا هیوام وا بوو كە بە موسڵمان بوونم زیاتر ڕێزدار و دەستڕۆ شتوو دەبم لەو كاتەم كە لە نەفامیدا بووم .

عومەریش فەرمووی : دەی هەروایە .[1]

جبیلەش وتی : تا بەیانی بۆم دوا خەتا بیرێكی لێ بكەمەوە ، ئەی ئەمیری ئیمانداران .

---

[1] - واتە : بەڵێ تۆ ڕێزدار ترین بە ئیسلام بونت مادەم لەسەر هەق بیت ، دەست درێژی كردنە سەر خەڵكیش هەق نی یە .

عومەر فەرمووی : باشە با وابێت ... ئەوە بوو کاتێ شەوداهات جبللە خۆی و هاوڕێکانی چوونە دەرەوەی شار و خۆیان گەیاندە قوستەنتینیە بۆ لای هرقل ، و جبلە بوو بە خاچ پەرست و لە لای هرقل مایەوە [1] .
بەو جۆرە عومەر نموونەیەکی جوانی فەرمانڕەوایەکی دادپەروەری نیشاندا و لە ڕاستیدا سەعیدی کوڕی سوەید ڕاستی وت کە لە (حمص) و تاری بۆ خەڵکیدا بەم جۆرە :
(ئەی خەڵکینە ، لە ڕاستیدا ئیسلام دیوارێکی سەخت و دەرگایەکی قایمی هەیە ، دیواری ئیسلام هەق و دادپەروەریش دەرگاکەیەتی . ئیسلامیش مادەم فەرمانڕەوایەکی توندو گیری هەبێت ، بە پتەوی بە هێزی دەمێنێتەوە ، توندی سوڵتان و فەرمانڕەواش بە وە نی یە خەڵکی بە شمشێر بکوژێت یا خود بە قامچی لێیان بدات ، بەڵکو بەوەیە بەهەق دادگەری بکات و دادپەروەر بێت) .

" پێشەوا حەسەنی بەصری لە وەسفی پێشەوای دادپەروەردا "

کاتێ عومەری کوڕی عبدالعزیز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بوو بە جێنشین ، نووسراوێکی نارد بۆ حەسەنی کوڕی ئەبی لحەسەنی بەصری کە ئاکار و ڕەوشتەکانی پێشەوای دادپەروەری بۆ بنووسێ . حەسەنیش ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەمەی بۆ نووسی :
(ئەوە بزانە – ئەی ئەمیری ئیمانداران – کە پێشەوای دادپەروەر ڕاستکەرەوەی هەموو لاری یەکە و شکێنەر و (کەلەپچە)ی هەموو ستەمکارێکە ، چاککەری هەموو خراپکراوێکە و هێزی هەر بێدەسەلاتێکە و دادی هەموو ستەملێکراوێك و پەناگەی هەموو لێقەوماوێکە ، وە پێشەوای دادپەروەر – ئەی ئەمیری ئیمانداران – وەك شوانی بە بەزەیی یە بۆ حوشترەکەی کە بۆ باشترین لەوەڕگای دەبات و دەیپارێزێت لە لەوەڕگای وشك و خراپ و لەمار دەیپارێزێت و لە ناڕەحەتی گەرماو سەرما دەیشارێتەوە .
هەروەها پێشەوای دادپەروەر – ئەی ئەمیری ئیمانداران – وەك باوکێکی نزیکە لە منداڵەکەیەوە بە منداڵی هەوڵیان بۆ دەدا و بە گەورەیی فێریان دەکات ، تا لە ژیاندایە کاسپیان بۆ دەکات و بۆ کاتی مردنیش بۆیان پاشەکەوت دەکات ..

---

[1] - سیرەی عومەری – بەلتاجی (٢٣١ ، ٢٣٢) .

هەروەها پێشەوای دادپەروەر – وەك دایكی بەسۆز و میهرەبان وایە بۆ منداڵەكەی ، بە سەختی هەڵیدەگرێ و بەسەختی لیێ دەبێتەوە و بە منداڵی پەروەردەی ئەكات و شەونخونی پێوە دەكات و ئەو كاتە ئارام دەبێت كە كۆرپەكەی ئارام بێت ، بەینێ شیری دەداتێ و بەینێ لە شیری دەبڕێتەوە تا فێری خۆراكی بكات ، بە تەندروستی خۆشحاڵ دەبێت و بە نەخۆشی و شەكەتی غەمبار دەبێ .

هەروەها پێشەوای دادپەروەر ئەی ئەمیری ئیمانداران ڕاسپێردراوی هەتیوان و خەزێنەی هەژارانە و منداڵانیان پەروەردە ئەكات و بە گەورە كانیشیان ئازوقە ئەدات ..

هەروەها وەك دڵە لەناو جەستەدا ، بەسەلامە تبونی ئەو جەستەش سەلامەت دەبێ و بە خراپبوونیشی جەستەتێك دەچێ و خراپ دەبێ ..

هەروەها پێشەوای دادپەروەر كەسێكە لە نێوان خودا و بەندەكاندا وە ستاوە گوێ لەو وتەی خوا دەگرێ و دەیدات بە گوێ ی بەندەكاندا و لە پەروەردگاری دەڕوانێ و ئەویان نیشان دەدات ، هەر بەرەو لای خوا ڕێ دەكات و ئەوانیش بۆ لای ئەو دەبات ...

لەبەر ئەوە ئەی ئەمیری ئیمانداران ، لەو موڵكەدا كە خودا پێ ی داویت وەك ئەو عەبدە مەبە كە گەورەكەی متمانەی پێ دەكات و ماڵ و منداڵی ئەداتە دەستی ، كەچی ماڵەكەی پەرش و بڵاو كردەوە و منداڵەكانیشی دەربەدەر كرد و بەو جۆرە ئەهلەكەی هەژار كرد و ماڵ و سامانەكەشی بەش بەش كرد .

ئەوەش بزانە – ئەی ئەمیری ئیمانداران – كە خوای گەورە بۆیە سنوورەكانی دیاری كردووە تا ڕێگری لە پیسی و خراپەكاری بكرێت ، ئیتر بەوكەسە چی دەڵێیت كە ڕاگرتن و جێگیركردنی سنوورەكانی بەدەستە خۆی خراپەكاری ئەكات ، هەروەها خودا (قصاص)ی لەبەر خاتری پاراستنی ژیانی بەندەكانی بڕیارداوە ، ئەی ئەگەر كەسێك كە دەبا (قصاص)ی بۆ وەرگرتنایەتەوە ، خۆی بیانكوژێت چی ؟

ئەی ئەمیری ئیمانداران ، یادی مەرگ و دوای مردن و كەمی شوێنكەوتەكانت و پشتیوانەكانت لەوكاتەو ساتەدا بكە ، وە توێشوو بۆ ئەو كاتە و بۆ كاتی تۆقینی هەرەگەورە بۆ خۆت بخەرەوە .

بزانە كەماڵێكی دیكەت هەیە جیاواز لەم ماڵەی ئێستا تیایدایت و لەوێ بە خاك دەسپێردرێیت و خۆشەویستانت جێت دەهێڵن و لە قوڵایی گۆڕدا بە تاك و تەنها

تەسلیمت دەکەن . دەی ئەو زادەی بۆ هـەڵگرە کە لەگەڵت دەمێنێتـەوە ﴿يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِـنْ أَخِيهِ (٣٤) وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ (٣٥) وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ (٣٦) ﴾ سورة عَبَس ، آية (٣٤ – ٣٦)[١]

ئەوەت لە یاد بێ ئەی ئەمیری ئیمانداران کە ئـەو ڕۆژەی ﴿ ... إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُـورِ (٩) وَحُصِّلَ مَا فِي الصُّدُورِ (١٠) ﴾ سورة العاديـات ، آيـة (٩ – ١٠) [٢] **ئـەو ڕۆژە نهێنییەکان ئاشکرا دەبن و پەڕاویش گەورە و بچوك دەخوێنێتەوە ...**

ئێستا کـە هێشتا تـۆ لـە دەرفەتـدایت – ئـەی ئـەمیری ئیمانـداران – وە ئەجـەلت نـەهاتووە و بـێ هیـوا نـەبویت ، بـە فـەرمانی نەزانـەکان حـوکمی بەنـەکانی خـوا مەکـەو دەرهـەق بـەوان ڕێگـەی ستەمەکاران مـەگرە و خۆبەزلزانـەکان زاڵ مەکە بەسـەر بێ هێـز و چەوساوەکاندا ، چونکە ئەوان دەرهەق بە باوەڕداران هیچ هەلێك لـە دەسـت نایـەن و هـیچ باکیـان نـی یە ... تـۆش ئەگـەر ئـەو کارەت کـرد ئـەوا تـاوان و گونـاهی خـۆت و ئـەوانیش هەڵـدەگریت ، وریابـە ئـەو کەسـانە هەڵتنەخەڵـەتێنن کـە لـە بەدبـەخت کردنـی تـۆ چـێژ وەردەگرن و بۆ خۆیان لە خۆشی یەکانی دونیا ئـەخۆن بە نەهێشنی خۆشیەکانی تـۆ لـە ئاخیرەتدا ..

سـەیری تواناو دەسەڵاتی ئەمڕۆت مەکە ، بەڵکو سەیری بـێ دەسـەڵاتیی سبەینێت بکە ئەو کاتەی کە دیلی پەتی مـەرگیت و لـە نێو دەسـتی خوادا وەسـتاویت لـە بەرچـاوی فریـشتەکان و پێغەمبــەران و نێرراوانـــدا و لــە ڕۆژێکــدا کــە هـــەمووان ڕوویـــان لـــە پەروەردگاریانە ...

لە ڕاستیدا من ئەی ئەمیری ئیمانداران ئەگەر چی بەم ئامۆژگاریـەم نەگەشـتوومەتە پلەی کامڵان و ژیرانی پێش خۆم ئەم نووسراوەت بۆ دەنێرم وەك دەرمانـسازێك کە چۆن خۆشەویـستەکەی چارەسـەر دەکـات و دەرمـانی تـاڵ و سـەختی پـێ دەدات بـە ئومێـدی

---

[١] - ئەو ڕۆژە هێندە سامناکە برا لە دەست براکەی هەڵدێت و ڕادەکات هەروەها لە دەست دایك و بـاوك و ... لـە دەست هاوسەر و کوڕەکانی .

[٢] - کاتێ لە گۆڕەکان هێنرانە دەرەوە و هەرچیش لە سینەکاندایە هەر هەموو لە (کارنامەدا) بـە تۆمـار کـراوی ئاشکرا کران و خرانە بەر دەست

سەلامەتی و تەندروستی . لە کۆتاییدا سلاو ڕەحمەت و بەرەکاتی خوای پەروەردگارت لێ بێت . [1] ئەی ئەمیری ئیمانداران .

– سۆز و تاسە کردن بۆ پەروەردگار : –

پاش گەشتێکی پیرۆز کە (فاروق) لەناو ئیسلامدا بەسەری برد ، زەوی بۆ ئیسلام خۆش و ئامادە کردوو ئالای یەکتاپەرستی لەسەر دەمی ئەو دا لە زۆر ولاتداشەکایەوە لەوانە : –

(بصری ، دمشق ، ئوردون ، بیسان ، طبریة ، فەلەستین ، قودس ، مصر ، ترابلوس ، عراق ، ئەهواز ، نەهاوەند ، خوراسان ، ... و زۆری تریش) کاتی ئەوەهات ڕەوەندەکە بگاتە مەنزڵ و بەو ئامانجەی بگات کە لە پێناویدا ژیاو لە پێناویدا وەفاتی کرد .

پێشەوا : ئیبنو کەسیر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت

(عومەر (رضي الله عنه) ساڵی ٢٣ ی کۆچی کاتێ لە حەج بوویەوە و لە ئەبتەح دابەزی دەستی بە دوعا کردن کرد سکالای خۆی بردە لای پەروەردگاری کە تەمەنی گەورە بووە و هێز و توانای کەم بووەتەوە ڕەعیەتەکەشی بلاو بوونەتەوە و لەوە دەترسێت تووشی کەم و کورتی و کەمتەرخەمی ببێت و داوای لە خوای پەروەردگاری کرد بیباتە وە لای خۆی و لە ولاتی پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) شەهادەتی بە نسیب بکات ، هەروەك لە (صحیح)دا هەیە فەرمووی : (پەروەدگارا .. داوای شەهادەتت لێ ئەکەم لە پێناوی تۆدا و داوای مردنێکت لێ ئەکەم لە ولاتی پێغەمبەرەکەتدا (ﷺ) . [2]

خوای پەروەدگار و میهرەبانیش نزای پێشەوا عومەری گیرا کرد و هەر دوو داواکەی قبوڵ کرد ،شەهادەت لە شاری پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) .

ئەمەش زۆر پلەوپایەیەکی گەورە و مەزنە ، بەلام خودا بۆ هەر کەس بیەوێ میهرەبان و بەسۆزە ، ئەوەبوو بڕیاری خودا وا بوو ئەبولو لو ە فەیروزی مەجوسی کە خۆی لە ڕۆمدا نیشتەجێ بوو ، لە کاتی نوێژی بەیانی و لەناو میحرابی پیرۆزدا سێ لێدان – وتراویشە شەش لێدان – ی بە خەنجەرێکی دووسەر دا لە پێشەوا عومەر کە

---

[1] – العقد الفريد (٣٥ ، ٣٦) ، صلاح الأمة (٦ / ٢٥ – ٢٧) .

[2] – صحیحی بوخاری (٣ ، ٣٠) .

یەکێکیانی لە ژێر ناوکی دا بوو – لە جیێ ی خۆی کەوت و (عبدالرحمن ی کوڕی عوف)ی لە جیێ ی خۆی دانا ..

کابرای عەجەمی بێ باوەڕ خەنجەرەکەی دەرهێنایەوە و بە هەر کەسێك دەگەیشت لێ ی دەدا و تا لە سیانزە پیاوی دا شەشیانی کوشت ، و لە کۆتاییدا عبالرحمن ی کوڕی عوف کڵاو (تەقلە) کەی خۆی هەڵدا بەسەریدا و کەوت ، ئەویش نەفرەتی خوای لێ بێت خۆی کوشت .. دواتر عومەر (﵁) هەڵگیرا و برایەوە بۆماڵی خۆی پێش خۆرهەڵاتن ..

پێشەوا لە حاڵەتێکدا بوو برینەکەی خوێنی لێ دەڕۆشت بۆیە لە هۆش خۆی دەچوو ، و دەهاتەوە هۆشی خۆی پاشان نوێژیان وە بیر دەخستەوە کەوا کاتی نوێژی بەیانی یە .. ئەویش بەهۆشی خۆی دەهاتەوە و دەیفەرموو : " بەڵێ ، ئەوەی نوێژ واز لێ بێنێت هیچ پشکێکی لە ئیسلامدا نیە " . [1] پاشان لەکاتی خۆیدا نوێژەکەی ئەنجامدا. [2]

گەشتیارێك بۆ بەهەشت : –

وەرن با لەگەڵ بەڕێ کردنی سات بە ساتی ئەم بەندە چاکە خوازە بۆ بەهەشت ، بژین ، بەڵام ئەوە کێ یە وێنەیەکی زیندوومان بۆ دەگوازێتەوە لە کۆتا کاتژمێرەکانی پێش کۆچی عومەر ؟ ئەو کەسە عبداللە ی کوڕی عمری کوڕی خەتابە ڕەزای خوایان لەسەر بێ ، عبداللە دەڵێت : –

(کاتێ ئەبو لؤلؤە دووجار خەنجەرەکەیدا لە عومەر ، عومەر وایزانی تاوانێکی لەلای خەڵکی هەیە و نازانێ ، بۆیە ئیبنو عەباسی بانگکرد ، ئەو ئیبنو عەباسی خۆش دەویست و لێ ی نزیك بوو وە گوێ ی بۆ دەگرت ، پرسی : ئەمەوێ بزانم ئایا ئەمەی ئەم کارەی کرد یەکێ بوو لە خەڵکەکە ؟ ئیبنو عەباس یش چووە دەرەوە ، بە هەرکەسێك دەگەیشت دەیبینی کە دەگریان ، ئەویش گەڕایەوە لای عومەر فەرمووی : –

ئەی ئەمیری ئیمانداران ، بەهەر کەسێ دەگەیشتم وەها دەگریان وەك ئەوەی ڕۆڵەیان جوانە مەرگ بووبێ .

---

[1] – ئیسنادەکەی باشە : ئەحمەد و غەیر ئەویش گێڕاویانەتەوە ز (الترغیب و الرهیب)ی منزری (١ / ١٩٧).

[2] – بڕوانە / البدایة و النهایة (٥ / ٢١٧) بە کەمێ دەستکاریەوە .

ئەویش فەرمووی : کێ منی کوشت ؟

ئیبنو عەباس فەرمووی : ئەبو لؤلؤە ی مەجوسی کە بەندەی موغەیرەی کوڕی شوعبەیە .[1]

ئیبنو عباس دەڵێت : کەوام پێ وت ئاسوودەیم لە دەم و چاویدا بەدی کرد . ئینجا فەرمووی سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە بەکەسێك تاقی نەکردمەوە وتبێتی ﴿لااله الا الله﴾ و بێتە بەڵگە بەسەرمەوە .[2]

فەرمووی : بەلام من پێم وتبوون کە هیچ کەسێکی بیانی بێ باوەڕمان بۆ مەهێنن کە چی سەرپێچیتان کردم ، پاشان فەرمووی : براکانم بۆ بانگ کەن ، پرسیان کێ ؟ فەرمووی : عوسمان و عەلی و تەڵحە و زوبێر و عبدالرحمن ی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی ئەبی و قاص) ئەوانیش ناردیان بە دوایاندا و پاشان سەری لەسەر کۆشم دانا کاتێ گەیشتن پێم وت : ئەوانەی داوات کرد بوون گەیشتوون ، فەمووی : بەڵێ .. لە کاروباری موسڵمانانم ڕوانی ، بینیم ئێوە ئەو شەش کەسەتان سەرانی خەڵك و پێشەوایانن و ئەم کاروبارەش هەر بە ئێوە دەکرێ ، ئەگەر لەسەر ڕێ ی ڕاست بمێنن ئەوا خەڵکیش لەسەر ڕێ ڕاست دەمێننەوە . خۆ ئەگەر جیاوازی یەکیش هەبێ ئەوە لەناو ئێوەدایە .. منیش کاتێك گوێم لێ بوو باسی ناکۆکی و پەرت پەرت بوونی دەکرد وا مزانی کە ڕووی داوە ، چونکە بەدەگمەن شتێکی و تووە و ڕوی نەدابێ ، پاشان ئەوەندە خوێنی لەبەر ڕۆشت تا تەواو بێ هێز بوو ئەوانیش دەستیانکرد بە ورتە ورت هەتا لەوە ترسام لەناو خۆیاندا بەیعەت بە یەکێك لە خۆیان بدەن ، وتم : ئەمیر هێشتا زیندووە خۆ نابێ دوو جێنشین هەبن یەك سەیری ئەوی تر بکات ، عومەر فەرمووی : هەڵمگرن .. ئێمەش هەڵمانگرت .. فەرمووی (لەگەڵ سێ لایەن (سێ کۆمەڵ – ڕاوێژ بکەن و پاشان صوهەیب نوێژ بۆ خەڵکی بکات (دابەستێ).

---

[1] - هەندێ لە بوختانچیان دەیانگوت کە گوایە موغەیرەی کوڕی شعبە ئەم پلانەی ڕێك خستووە – بە کوشت چن درۆزنان و بوختانچیان .

[2] - لە ڕیوایەتی تردا (سوپاس بۆ ئەو خوایەی چارەنووسی منی نەخستە دەستی کەسێك ئیدەیعای باوەڕ بکات و تەنها کڕنوشێکیشی بۆ خوا نەبرد بێ) البدایە (٥ / ٢١٨) .

وتیان / لەگەڵ کێ ڕاوێژ بکەین ئەی ئەمیری باوەڕداران ؟

فەرمووی : (ڕاوێژ بکەن لەگەڵ کۆچکەران و پشتیوانان و جوامێرانێک لەناو سەربازەکاندا) .

پاشان داوای قومە شیرێکی کرد کە خواردیەوە سپیایی شیرەکە لە هەردوو برینەکەیەوە هاتە دەرەوە ، زانیی کە ئاماژەیە بە مردنی ، فەرمووی : " ئێستا ئەگەر هەموو دنیا هی من بوایە ئەمکرد بە فیدای سامناکیی ڕۆژی قیامەت " .

ئیبن عباس یش فەرمووی : دەی خوا خۆی پاداشتت بداتەوە ، مەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو کاتەی موسڵمانان لەمەککەدا لە ترسدا دەژیان داوای لە خوا نەکرد کە ئیسلام و موسڵمانان بە هۆی تۆوە بە هێز و بە توانا بکات ، و کاتێ موسڵمان بویت ، موسڵمانبونت بوە عیززەت و بە تۆوە ئیسلام و پێغەمبەری خوا(ﷺ) و هاوەڵان دەرکەوتن و ئاشکرا بوون .

وە بە کۆچکردنت بۆ مەدینە ڕزگاریت هێنا ، ئەوجا لە هیچ جەنگێکدا نەبووە کە ئامادە نەبوبیت هاوڕێ لەگەڵ پێغەمبەر ی خوا (ﷺ) بۆ کوشتنی بێ باوەڕان لە فلانە و فلان ڕۆژدا ، و پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد و لێت ڕازی بوو ، دوای ئەویش هاوکاری جێنشینە کەیت کرد لەسەر خستنی بەرنامەکەی خوادا و بە کەسانێك کە بەرەوڕووی ئیسلام دەهاتن لەوانەت دەدا کە پشتیان لە ئیسلام هەڵدەکرد ، هەتا خەڵکی بەویست و ناویست هاتنە ناو ئیسلام ، پاشان خەلیفەش وەفاتی کرد و لێت ڕازی بوو ، پاشان کرایتە والی بە باشترین شێوە کە خەڵکی پێ بکرێتە والی و سەرکار ، و خودا بە هۆی تۆوە وڵاتانێکی پێ ئاوەدان کردیتەوە و ماڵ و سامانێکی بۆ موسڵمانان لەسەر دەستی تۆ کۆ کردەوە و دوژمنانی ئیسلامی لەسەر دەستت نەفی کردووە دەرنا ، پاشان خوای گەورە هەر لە ڕێ ی تۆوە چەندین خێزانی لە ئایین نزیک کردەوە و ڕۆزی دان و لە کۆتایشدا شەهادەتی پێ بەخشیت... دەی خۆشی لە خۆت ئەی ئەمیری ئیمانداران .

ئەویش فەرمووی : " سوێند بەخوا لە خۆبایی ئەو کەسەیە فریو خواردووی ئەکەن " پاشان فەرمووی : ئەی عبدالله لە ڕۆژی قیامەتدا ئامادەی لەلای خوا شایەتیم بۆ

بدەی ؟ وتی : بەڵێ ، عومەریش (رضي الله عنه) فەرمووی / ئەی پەروەردگار ستایش بۆ تۆ ، ئەی عبدالله ی کوڕی عومەر ڕوومەتم بنووسێنە بە زەویەوە .[1]

منیش لەسەر ڕانم دامگرت و خستمە سەر لاقم فەرمووی : " ڕوومەتەم بدە لە زەوی " و ڕیش و ڕوومەتی هێنایە خوارەوە تا کەوتە سەر زەوی و فەرمووی : " خۆت و دایکت بەد بەخت دەبن – یان بەد بەختی بۆ خۆت و دایکت – ئەگەر خوا لێت خۆش نەبێ ئەی عومەر " .

ئەوجا وەفاتی کرد ڕەحمەت و بەرەکەتی خوای لەسەر بێ ، وناردیان بە دوای عبدالله ی کوڕی عمردا فەرمووی : لەگەڵتان نایەم تا ئەو کارە نەکەن کە عومەر فەرمانی پێ کردن ئەویش ڕاوێژ کردنە لەگەڵ ئەنصار و کۆچکردوان وچەند پیاوێکی جوامێر لەناو سەربازەکاندا) .

حەسەن دەڵێت : باسی عومەری بۆ کرا لەسەرەمەرگیدا چۆن لە پەروەردگاری ترساوە . ئەویش فەرمووی : " موسڵمان بەم جۆرەیە چاکە و بەزەیی تێدا کۆ بۆتەوە ، وەك چۆن دووڕوان خراپە و هەڵە و لە خۆبایی بوونیان تیا کۆ بۆتەوە .

سوێند بەخوا نە لە ڕابردوو و نەلە ئێستادا هیچ بەندەیەکی خوام نەدیوە چاکەکارتر و لە خواترستر و بەبەزییتر لە عومەر ، هەروەها لە ڕابردوو ئێستاشدا هەر کەسێکم دیبێ خراپەی زیادی کردبێ ئەوە هەڵە و ساویلکەیشی زیادی کردووە " .[2]

خودا خافیزی : –

لە کۆتایی ڕێدا و لە کاتێکدا خواحافیزی لە ئەمیری باوەڕداران ئەکەین وشەیەك بۆ وتن نادۆزمەوە ئەمە نەبێت کە ئبنو مەسعود دەڵێت : –

" عومەر قەڵایەکی پۆڵایین بو بۆ ئیسلام کە خەڵکی دەهاتنە ناوی و ئیدی نەئەچوونە دەرەوە ، بەڵام پاش ئەو ئەو قەڵایە ڕما و ئیدی خەڵکی لێ دێنە دەرەوە لەبری ئەوەی بچنە ناوی " .[3]

---

[1] – وەك ئەوەی عبدالله ی کوڕی عباس ی لێ بوو بێتە کوڕی عومەر .

[2] – ئیسنادەکەی (حسن)ە : تەبەرانی لە ئەوسەت دا ڕیوایەتی کردووە هەیسەمی دەڵێت : ئیسنادەکەی (حسن)ە الجمع ژمارە (١٤٤٦٣) .

[3] – تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە لە الکبیردا . الجمع (١٤٤٦٦ ، ١٤٤٧٩) .

هەروەها دەفەرموێ : " حەزم ئەکرد خزمەتکارێك بوومایە لە بەردەستی عومەردا هەتا مردن)[1]

وە دەڵێت : " ئەگەر عومەر سەگێکی خۆشبویستایە ، ئەو سەگە دەبووە خۆشەویسترینی سەگێك لە لام)[2] سوێند بەخوا ئیبنو مەسعود ڕاستی وتووە ..

" سەلام لەسەر گیانی عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) لەگەڵ نەمراندا "

[1] - تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە لە الکبیردا . المجمع (١٤٤٦٦ ، ١٤٤٧٠) .

[2] - تەبەرانی ڕوایەتی کردووە لە الکبیردا بە ژمارەی (٨٨١٥) .

" ٣ - عوسمانی کوڕی عەفان(رضي الله عنه) "

ناسنامەی : -

عوسمانی کوڕی عەفانی کوڕی ئەبی لعاصی کوڕی ئومەییەی کوڕی عەبد شەمسی کوڕی عبدمەنافە ...

عوسمان (رضي الله عنه) لە ساڵی شەشی فیل دا لە دایك بووە و هەر زوو موسڵمان بووە و هەردوو کۆچەکەی کردووە ، کۆچی یەکەمی حەبەشە و کۆچ بۆ مەدینە ..

خاتوو ڕوقیەی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ی هێناوە و لە شەوەکانی بەدردا خاتوو ڕوقیە وەفاتی کردووە ، دوای ئەویش پێغەمبەری خوا (ﷺ) خاتوو ئوم کەلسوم ی (خوشکی ڕوقیە)ی پێداوە .

زانایان دەڵێن : " جگە لە عوسمان نەزانراوە کەسێکی تر دوو کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوسەری بووبێت . لەبەر ئەوە ناونراوە بە " ذالنورین "[1] عوسمان (رضي الله عنه) یەکێکە لەو دە کەسەی مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە و هەروەها یەکێکە لە و هاوەڵانەی قورئانیان کۆ کردەوە ". " کەسێکی ڕیش درێژ و جوان بووە "[2] و لە جوانترین کەسان بووە[3] .

لە عبدالرحمن ی کوڕی عوسمانی قورەشی یەوە : - پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتووە بۆ ماڵی عوسمان (رضي الله عنه) دیویەتی کچەکەی سەری عوسمان بەملدا دەشوات فەرمووی : " يا بنية احسيني الى أبي عبدالله ، فإنه أشبه اصحابي بي خلقاً "[4] واتە : کچم باشبە بۆ باوکی عبدالله ، چونکە لەناو هاوەڵانمدا لە هەموویان زیاتر هاو ئاکاری منە .

---

[1] - واتە خاوەنی دوو ڕووناکی .

[2] - ئیسنادەکەی (حسن)ە . تەبەرانی لە عبداللە ی کوڕی شداد بەڕاگیراوی ڕیوایەتی کردووە . (المجمع) (١٤٤٩٢).

[3] - هەیسەمی دەڵێت : عبداللە گێڕاویەتیەوە و پیاوانی فەرموودەکە پیاوانی (الصحيح) ن . جگە لە ئوم موسی کە ئەمیش جێی متمانەیە . المجمع (١٤٤٩٦) .

[4] - پیاوانی جێ ی متمانەن / تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە ، المجمع (١٤٥٠٠) .

" چاکەکانی "

١ – لە ئەبی هورەیرەوە (ﷺ) : پێغەمبەری خوا لەسەر کێوی حەڕِا بوو لەگەڵ ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و تەلحە و زوبێر دا ، بەردەکە جولا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەبەردەکەی فەرموو " إهدأ فما عليك الانبـي ، أو صـديق أو شـهيد "[1] واتە : هێمن بە ، خۆ جگە لە پێغەمبەرێك یان (صدیق)ێك یان شەهیدێکت لەسەر نی یە .

نووسەرێك دەڵێت : ئەم فەرموودە گشتگیر ترە لە و فەرموودەیەی ناوی دوو شەهیدی تیاداهاتووە ، هەروەها فەرموودەکە یەکێك لە موعجیزەکانی (پەرجوو) پێغەمبەرایەتی تێدایە ، ئەوە بوو هەریەك لە عوسمان و علی و عمر و تەلحە و زبێر شەهید بوون .

٢ – لە ئەبو موسای ئەشعەری یەوە ، دەڵێت : (لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(ﷺ) چووینە دەرەوە ، و لە ڕێدا چووە پشت یەکێ لە دیوارەکانی ئەنصار بۆ کاری تایبەتی خۆی .

فەرمووی : (يا ابا موسى املك علي الباب فلا يدخلن على احد الاباذن) ئەی ئەبی موسا دەرگاکەم لێ بگرە تا کەس بە بێ مۆڵەت نەیەت بەسەرما . ئەوە بوو پیاوێك هات و لە دەرگای دا پرسیم ، کێیە ؟ وتی : ئەبوبەکر ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەبوبەکر هاتووە و مۆڵەتی هاتنە ژوورەوە وەردەگرێت ؟ فەرمووی : (أئذن له وبشره بالجنة) مۆڵەتی بدە و مژدەی بەهەشتیشی پێ بدە . ئەویش چووە ژوورەوە و مژدەی بەهەشتم پێ دا . پیاوێکی تر هات و لە دەرگای دا ، وتم : کێیت ؟ وتی : عومەرم وتم ئەی پێغەمبەری خوا عومەرە هاتووە داوای مۆڵەتی هاتنە ژوورەوە دەکات . فەرمووی (أفتح له و بشره بالجنة) .

فەرمووی : بۆی بکەرەوە و مژدەی بەهەشتی پێ بدە ، منیش دەرگاکەم بۆ کردەوە کە هات ژوورەوە مژدەی بەهشتم پێ دا .

پیاوێکی تر هات و لە دەرگای دا ، پرسیم ، کێیە ؟ وتی : عوسمان ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) عوسمانە داوای مۆڵەت دەکات . فەرمووی : (إفتح له وبشره بالجنـة

[1] - صحیح : موسلیم و ترمزی ڕیوایەت کردووە بڕوانە صەحیحی ژمارە (٢ / ٥٦٢) .

علی بلوی تـصیبه) [1] واتـه / بۆی بکەرەوە و مژدەی بەهەشتی پێ بدە لەسەر بەڵایەك كە توشی ئەبێت .

٣ – لـه عوسمانـەوە ڕەزای خـوای لێبێـت فـەرمووی : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمووی : " من حفر رومة فله الجنـة " هـەر کەسێ بیرێك لێ بدات دەچێتە بەهەشتەوە . منیش بیرێکم لێ دا هـەروەها فەرموی " من جهز جیش العسرة فله الجنة " واتـه : هـەر کەسێ سوپایەك لـەکاتی نارەحـەتی و نەبوونیـدا سـاز بکـات (بەچـەك و تفـاق) ئـەوا دەچێتە بەهەشت منیش وام کرد . [2]

٤ – هەروەها عوسمان (رضي الله عنه) فەرموویەتی / سوێند بە خوا نە لە جاهیلیدا (پێش ئیسلام) و نە لە موسڵمان بوونمدا هەرگیز زینام نەکردووە . [3]

" شەرمی عوسمان "

لە خاتوو عائیشەی دایکی ئیماندارانەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتبو ڕانی بـەدەرەوە بـوو، ئەبوبـەکر مۆڵـەتی هاتنـە ژوورەوەی وەرگـت ئـەویش هـەر بـەو شـێوەیە مۆڵەتی دا ، ئەوجا عومەر مۆڵەتی هاتن ژوورەوەی وەرگرت ، بۆ ئەویش بەهەمان شێوە مۆڵـەتی دا ، بـەڵام کـاتێ عوسمـان مۆڵـەتی هاتنـەژوورەوەی وەرگـرت ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) جلەکانی دا بەسەر ڕانیدا و داپۆشی .

دوای ئەوەی هەڵسان ، پرسیم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەبوبەکر و عمەر مۆڵەتیان وەرگرتی تۆش فەرمووت لێ کردن لەکاتێکدا هەر بەو حاڵە بوویت کە بوویت (ڕانـەکانت بە دەرەوە بوون) ، کەچی کـاتێ عوسمـان مۆڵـەتی وەرگرت جلـەکانت دا بەسـەر ڕانتدا ، فەرمووی : (يا عائيشة ، الا أستحي من رجل ، والله و ان الملائكة تستحى منه) . [4]

---

[1] - صەحیحە / صەحیحی سوننەتەکانی ترمزی (٢٩٢٧) .

[2] - صحیح ، بوخاری بە هەڵپەسێراوی ڕیوایەتی کردووە بڕوانە : روضة المحبين (٢٠) .

[3] - صحیح / ئەبو داوود ڕیوایەتی کردووە . بڕوانە روضة المحبين ی عەددەوی (٢٠) .

[4] - موسلیم دەرهێنانی کردووە بۆ فەرموودەکە لە بابی (فضائل عوسمان) وا بە چەند دەربڕینێکی نزیك لـەم ڕیوایەتەوە.

واتە : ئەی عائیشە ، ئایا شەرم لە پیاوێك نەكەم كە سوێند بە خوا فریشتەكان شەرمی لیٚ دەكەن .

نووسەرێك دەڵێت ، وتم : باشە پیاوێك فریشتەكان شەرمی لیٚ دەكەن و پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەرمی لیٚ دەكات ، ئەی ئەو تانە و تەشەر لێدەرانە شەرم ناكەن درۆی بۆ هەڵدەبەستن ؟!

وە حەسەن (رەحمەتی خوای لیٚ بێت) ، باسی عوسمان و زۆریی حەیای عوسمان دەكات ، دەڵێت : (هەتا ئەگەر لەماڵ بێت و دەرگاشی لەسەر داخرابیٚ ، جلەكانی داناكەنیٚ تا ئاو بە خۆیدا بكات .[1]

" پەرستشی "

لە ئیبنو عومەرەوە (رضي الله عنه) فەرموودەی پەروەردگار لەم ئایەتەدا كە دەفەرموێت : ﴿أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِداً وَقَائِماً يَحْذَرُ الآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ﴾ سورة الزمر آية (٩) .

واتە : یان ئەو ئیماندارەی كە لە دووتویٚ ی شەوگاردا هەڵدەسێت بۆ خوا پەرستی، سوجدە دەبات و بە پێوە دەوەستێت لە لێپرسینەوەی قیامەت دەترسێت و هیوای بە میهرەبانی پەروەردگاری هەیە.

دەڵێت : مەبەست عوسمانی كوڕی عەففانە .[2] هەروەها (رەحمەتی خوای لیٚ بێت) كە هەڵدەسا بۆ شەو نوێژ هەرگیز كەسی لەئەندامانی خێزانەكەی بەخەبەر نەئەهێنا تا یارمەتی بدەن لە دەست نوێژ گرتنیدا ، مەگەر خۆیان بەخەبەر بونایە . هەروەها هەمیشە بەڕۆژوو بوو . گلەیی لیٚ دەكرا كە بۆچی خزمەتكارێكی بە خەبەر ناهێنی ؟ دەیفەرموو : نەخێر ! شەویش بۆ ئەوانە با ڕاحەت بن .[3]

---

[1] - پیاوانی جیٚ متمانەن : هەیسەمی دەڵێت : ئەحمەد گێڕاویتیەوە . المجمع (٩ / ٨٢) .

[2] - بڕوانە البداية و النهاية (٥ / ٣٠٧) – ئیبنو عباس دەڵێت : كیٚ حەز ئەكات خوای پەروەردگار ڕۆژی قیامەتی لا ئاسان بكات با خودا لە تاریكی شەودا بە كڕنوش بردن و نوێژ كردنەوە بیبینێت و لە خەمی ئاخیرەتدا بیٚ و تكای ڕەحمەت و بەزەیی ئەو بكات . تەفسیری قرتوبی (١٥ / ٢١٤) .

[3] - البداية و النهاية (٥ / ٣٠٧) .

وە لە حەسەنەوە ، دەڵێت : عوسمان فەرمووی : (ئەگەر دڵەکانمان پاك بوایەتەوە هەرگیز لە فەرموودەکانی پەروەردگارمان تێر نەدەبوین ، لە ڕاستیدا حەز ناکەم ڕۆژێکم بەسەردا بڕوات و سەیری قورئانی پیرۆزی تیانەکەم (نەیخوێنمەوە) ، کاتێك وەفاتیشی کرد (مصحف)ەکەی بەهۆی زۆر خوێندنەوە و مانەوەی بەدەستیەوە کۆن و شڕ بوو بوو .[1] هەروەها کاتێ شەهید کرا (مصحف)ەکەی لە کۆشیدا بوو ، هەروەها أنس و محمدی ابن سیرین دەڵێن : خێزانی عوسمان ڕۆژی (الدار)[2] ، وتی : (یان بیکوژن ، یان وازی لێ بێنن ، سوێند بەخوا شەوی بە قورئان لەیەك ڕکاتدا زیندوو ئەکردەوە !)[3]

"ترسی عوسمان "

لە عبدالله ی کوڕی ڕۆمی یەوە ، دەڵێت : " پێم گەیشتووە کە عوسمان (رضي الله عنه) فەرموویەتی : ئەگەر لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا دامنێن و نەزانم دەخرێمە کامیان ، ئەوەم هەڵدەبژارد ببومایە بە خۆڵ پێش ئەوەی بزانم چارەنووسم بۆ کاملایە " . هەروەها عوسمان (رەحمەتی خوای لێ بێت) کاتێ لەسەر گۆڕێك دەوەستا ئەوەندە ئەگریا تا ڕیشی تەڕ دەبوو . پێیان ئەوت : - کاتێ یادی بەهەشت و ئاگر دەکرێت ناگری ، کەچی یادی گۆڕ دەکەیت دەگریت ؟ عوسمان (رضي الله عنه) فەرمووی : گوێملێ بوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : " القبر أول منزل من منازل ألأخرة ، فأن نجا منه ، فما بعده أسير ، إن لم ينج منه فما بعده أشد " واتە : گۆڕ یەکەمین مەنزڵگایە لە مەنزڵگاکانی ئاخیرەت ، ئەگەر ڕزگارت بوو لێ ی ئەوە هەرچی لە دوای ئەو دێت ئاسانترە ، خۆ ئەگەر ڕزگارت نەبوو لێ ی ئەوا هەرچی لە دوای ئەو دێت گرانتر و توندترە ..

[1] - البداية (٥ / ٣٠٧) .

[2] - يوم الدار / ئەو ڕۆژەی ئاشوبەکان هێرشیان بردە سەر عوسمان (رەحمەتی خوای لێ بێت) ، بۆ کوشتنی .

[3] - زەهەبی دەڵێت : لە چەند ڕوویەکەوە ئەم فەرموودەیە ڕاستەکە عوسمان قورئانی هەموو لەیەك ڕکاتدا خوێندەوە ، (سير أعلام النبلاء)،بەشی / الخلفاء ، لاپەڕە (١٥٧) وە بڕوانە :(التبيان)ی نەوەوی(ل ٥٧) .
نووسەرێك دەڵێت : ئەوەش ڕاستە کە نەهی لە خوێندنی هەموو قورئان لە کەمتر لە (٣) ڕکاتدا کراوە . ئیبنو ڕەجەب دەڵێت : (بەڵکو ئەم نەهی یە بۆ کاتێکە بەردەوام بی لەسەری (أ . هـ ی (طائف المعارف) ١٩١ .

وە فەرمووی : گوێم لیّ ی بوو (ﷺ) فەرمووی " ما رأيت منظرا قط الا و القبر افظع منه " [1] واتە : هەرگیز هیچ دیمەنێکم نەدیوە لە دیمەنی گۆڕ ترسناکتر بێت .

بیّ فیزی (تواضع)ی عوسمان (رضي الله عنه)

لە حەسەنەوە (رەحمەتی خوای لیّ بێت) ، دەڵێت : " عوسمانم بینی(رضي الله عنه) لە مزگەوت بەلێفەیەکەوە خەوی لیّ کەوتبوو ، لە کاتێکدا ئەمیری ئیمانداران بوو " [2]

وەڵامدانەوە و ڕەتکردنەوەی ئەو گومانانەی لەسەر پێشەوا عوسمان دروستکرا بوون : -

بوختانچیان چەندین شتیان بۆ (ذي النورين) هەڵبەستووە لە درۆ و بوختان و شتی دور لە ڕاستی تاوەکو بەم کارەیان ڕاستی یەکان بسرنەوە و تانە لە سێیەمین (خەلیفەی ڕاشدین) بدەن ، کە زانایان لە کۆن و ئێستاشدا هەمیشە لە ئاست وەڵامدانەوەیاندا بوون و ئەو تیرەی بو پێشەوا عوسمانیان هەڵدا ، گێرایانەوە بۆ سەر سنگی خۆیان و هەمیشە درۆ و ساختەکاریەکانیان ئاشکرا کردووە "والله غالب على امره". بەڕاستی خودا فەرمان و ویستی خۆی سەر دەخات .

لەو هەڵبەستراوانە : -

١ - ئەوەی کە گوایە پێشەوا عوسمان (عبیدالله ی کوڕی عومەر)ی لە هەقی (هرمزان) دا نەکوشتووەتەوە .

وەڵامیش ئەمەیە : کە عوسمان (رضي الله عنه) خوێنبایی یەکەی لە ماڵی خۆی داوە دوای ئەوەی ڕاوێژی لەگەڵ هاوەڵاندا کردووە ، چونکە ئەو وەلی و سەرپەرشتیاری خوێنی کوژراوە ئەگەر هیچ کەسی تری نەبوو بێتە وەلی ، بە پێی بنەمای (السلطان ولي من لا ولي له) .

وە لە هەندیّ ڕیوایەتدا هاتووە کە (قمازبان)ی کوڕی (هورمزان) لە بکوژەکەی باوکی کە (عبیدالله) بووە خۆش بووە ، وە هەندیّ ڕیوایەتیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە (هرمزان) پلانی بۆ کوشتنی (عومەر) داناوە . [1]

---

[1] - فەرموودەی (حسن)ە / ترمزی ڕیوایەتی کردووە . ئەلبانی دەڵێت : (حسن)ە ، (صحیحی) سوننەتەکانی ئیبنو ماجە (٣٤٦١) .

[2] - بڕوانە : الحلية (١ - ٦٠) .

٢ – هەروەها وتویانە کە گوایە پێشەوا عوسمان کە سەنزیکەکانی خۆی وەك (عبداللە ی کوڕی عامر و وەلیدی کوڕی عوتبە و مەروانی کوڕی حەکەم و عبداللە ی کوڕی ئەبی سرح)ی کردووەتە والی و هاوەڵانی لەسەر کار لابردووە و عەزل کردووە . وەڵامیش ئەمەیە : عبداللە ی کوڕی عامر جوامێریی زۆری تیادا بووە ، خۆراسان و دەوروبەری فارس و سەجستان و چەند جێیەکی تری ڕزگار کردووە .ئیبنو تەیمیەش دەربارەی وتویەتی : ئەوەندەی چاکە و خۆشەویستی هەیە لە دڵی خەڵکیدا کە ناکرێ نکوڵی لێ بکرێت .[٢] سەبارەت بە وەلیدی کوڕی عوتبە ش : پێشەوا عوسمان لەبەر ئەوە کردیە والی ، چونکە پورزای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بوو هەروەها پێشتریش ئەبوبەکری صدیق یش (رضي الله عنه) کرد بوویە والی ، ئەوەش کەڕیوایەت دەکەن قورئان بە (فاسق) لە قەڵەمی دابێ لەم ئایەتە پیرۆزەدا : ﴿ ... إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا ... ﴾ سورة الحجرات ، آية (٦) . ڕاست نیە ، چونکە لە کاتی دابەزینی ئەم ئایەتەدا وەلید منداڵێکی کەم تەمەن بوو .[٣]

هەرچی تۆمەتی ئەوەشە کە گوایە خواردوویەتیەوە ، ڕاست ئەوەیە کە ئەمە پلان و (مؤامرة)ەیەکە لە دژی ئەنجام دراوە و هیچ بەڵگەیەکی ڕاست نی یە موسڵمانان پەنای بۆ بەرن و جێگەی بڕوا بێت ، وە سوێندی خواردووە بۆ پێشەوا (عوسمان) کە مەشروبی نەخواردۆتەوە ، عوسمان یش (رضي الله عنه) فەرموویەتی : " ئێمە سنورەکانی شەرع جێبەجێ دەکەین وشایەتی درۆش جێگایەك لە ئاگردا بۆ خۆی ئامادە دەکات " [٤]

هەرچی مەروانی کوڕی حەکەمیشە : پیاوێکی دادپەروەر بووە ئەوەندە بەسە فەرموودەی لە (صحاح) دا هەیە .

سەبارەت بەخستنە سەر کاری (عبداللە)ی کوڕی ئەبی سرح یش کە پاش موسڵمان بوون لە دین هەڵگەڕابوویەوە ، ڕاستی یەکەی ئەوەیە کە دواتر تەوبەی کردوە و گەڕاوەتەوە باوەشی

---

[١] - بڕوانە (تاريخ الأمم و الملوك)ی ئیبنو جەوزی ((ڕەحمەتی خوای لێ بێت) / ٢٣٩ ، ٢٤٠) و (عوسمان)ی محمد حسن هيكل (٥١)

[٢] - بڕوانە : (مناهج السنة النبوية)ی پێشەوا ابن تيمه (٣ – ١٨٩ – ١٩٠) لێکۆڵینەوەی/محمد رشاد سالم .

[٣] - بڕوانە (العواصم من القواصم) ی ابوبکر عەرەبی (٩٠ ، ٩١) لێکۆڵینەوە محی الدين الخطيب .

[٤] - بڕوانە: انصاف الخليفة عثمان من افرازات صاحب الكشف و البيان(٤٣ ، ٤٤)د.عبدالله جمال الدين .

ئیسلام و کەسێکی پەیوەست بووە بە ئاینەوە و هاوشێوەی پیاوچاکان جیهادی کردووە .
هەروەها لە نێوان هەردوو سەلامدانەوەی نوێژدا وەفاتی کردووە .

٣ - ئەوەی کە دەڵێن پێشەوا عوسمان پەڕاوی قورئانی سوتاندووە : -

وەڵام ئەمەیە : علی کوڕی ئەبی تالیب (رضي الله عنه) دەفەرموێت : " سوێند بەخوا پێشەوا عوسمان پاش ڕاوێژ کردن بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەو پرسە و کۆکردنەوەیان لەسەری ئەو جا ئەو کارەی ئەنجام دا . فەرمووی : ئێوە چی دەڵێن دەربارەی ئەم خوێندنەوەیەی کە خەڵکی توشی جیاوازی و ناتەبایی بوون لە بارەیەوە و یەك بە یەکتر دەگەن ، ئەم دەڵێ خوێندنەوەی من لەوەی تۆ باشترە و ئەوی تر بە هەمان شێوە و ئەمانەش سەردەکێشن بۆ کوفر .

ئێمەش وتمان : ڕای تۆ چی یە ؟ فەرمووی / ئەمەوێ خەڵکی لەسەر یەك پەڕاو (مصحف) کۆ بکەمەوە ، خۆ ئەگەر ئەمڕۆ جیاوازی بکەوێتە نێوان ئێوەوە ، ئەوا ئەوانەی دوای ئێوە دێن خراپتر جیاوازی ئەکەوێتەوە نێوانیانەوە . ئێمەش وتمان : ئەمە باشترین ڕاو بۆچوونە .[1]

هەرچی سەبارەت ناکۆکی و جیاوازی عوسمانە (رضي الله عنه) لەگەڵ ئیبنو مەسعودا (رضي الله عنه) دا . دکتۆر تەها حسین دەڵێت : " مەسەلەی بوونی جیاوازی لە نێوان ئەم دوانە ناڕاست و دروست کراوە " .[2]

٤ - هەروەها ئەوەی کە گوایە لە ئیبنو مەسعود و عەماری کوڕی یاسری داوە !!

وەڵام دیارە کە ئەمە بوختانێکی هەڵبەستراوە ، باشە کوا بەڵگەی پەیوەست و ڕاوی دادپەروەر بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە ؟ گریمان ئەمەش چەسپا بێت ، خۆ ئیبنو تیمیە دەفەرموێت : " ئەگەریش بوترێت عوسمان (رضي الله عنه) لە ئیبنو مەسعود و عەمماری داوە ئەمە نابێتە هیچ خراپی و (ذم) ێك بۆ هیچ کامیان ، چونکە هەموومان شایەتین کە ئەو سێ کەسە بە هەشتین و لە گەورەیانی ئەولیای خودان کە هەمیشە تەقوای خوایان کردووە ، خۆ پێشەوا عومەریش بە (درّە) دای لە أبی کوڕی کعب کاتێ بینی خەڵکی لە

---

[1] - بروانە مناهج السنه (٦ / ٢٥٢ ، ٢٥٣) .

[2] - بروانە : الفتنه الكبرى (١ / ١٦٢) .

دوایەوە دەچن و فەرموی : ئەمە سەر شۆڕی یە کە بۆ ئەوانەی لە دوایەوە دەچن و فیتنە و بەلایشە بۆ ئەو کەسەی شوێنی کەوتوون .[1]

٥ - ئەوەی کە دەلێن : (حەکەمی کوڕی عاص)ی دەرکراوی لە لایەن پێغەمبەری خوا (ﷺ) ەوە گەڕاندوەتەوە !!

وەلام / ئیبنو تیمیە دەلێت : " لە بنچینە دا شتی وا نەسەلمێنراوە و نە چەسپاوە ، هەروەها هیچ ئیسنادێکی نیە .

٦ - دەلێن کە فەرمانی نەفی کردنی ئەبی زەری داوە (ﷺ) بۆ (رەبزە) !!

وەلام : بەڵکو ئەبازەر خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە و عوسمانیش (ﷺ) ڕازی بووە لە سەری .[2]

گەمارۆ ستەمکارانەکە

ئەو بوختانانەی پێشەوە بوونە هۆی ئەوەی ئاژاوەگێڕان لە ئەهلی میصر و کوفە و بەصرە بکەونە جووڵە جوڵ و پەیوەندیکردن بەیەکەوە و لەسەر زاری کۆمەڵێك لە هاوەڵان کە لە مەدینە بوون چەند کتێبێك تەزویر کرا و هەروەها لەسەر زمانی تەڵحە و زوبێر (رەحمەتی خوایان لێ بێت) کە گوایە بانگی خەڵکی ئەکەن بۆ شەڕ کردن لەگەڵ عوسماندا (ﷺ) و لە پێناو سەرخستنی دیندا !! و گوایە ئەمە گەورەترین جیهادە بۆ ئەمڕۆ .

ئاژاوەچیان کەوتنە بزوتن و ئابلۆقەی دەوری ماڵی عوسمانیاندا ، کەڕای پەسەند ئەوەیە چل ڕۆژی خایاندبێ .

لە حەسنەوە ، فەرمووی : ویثاب هەواڵی پێ دام وتی : عوسمان ناردمی بە دوای (أشتر) دا کە یەکێ بوو لە ئەمیرەکانی ئاژاوەچیان کە هاتبوونە سەر پێشەوا عوسمان (ﷺ) منیش بۆم بانگ کرد ، فەرمووی : ئەو خەڵکە چیان ئەوێت ؟ ئەشتەر وتی : سێ شتیان دەوێت کە دەست لە هیچیان هەڵناگرن ، پرسی کامانەن ؟

وتی : یان ئەوەتا دەست هەڵگریت و واز بێنی و کار بدەیتە دەست خۆیان و پێیان بڵێ ی کە بەویستی خۆیان کەسێك هەڵبژێرن ، یان ئەوەتا (قصاص) لە خۆت

---

[1] - بڕوانە : منهاج السنه (٣ / ١٩٢) چاپی یەکەم .

[2] - بڕوانە : العواصم (٧٣ / ٧٧) .

وەرگریتەوە .. ئەگەر یەکێ لەم دوو کارە نەکەیت ئەوا ئەو خەڵکە ئەتکوژن . ئەویش فەرمووی : سەبارەت بەوەی دەست هەڵگرم و کار بدەمە دەست خۆیان ئەوە هەرگیز ناکەم و ئەو کراسەی خوا کردوویە بە بەرمدا دایناکەنم .[1]

هەروەها سەبارەت بەوەش کە (قصاص) لە خۆم بکەمەوە ، سوێند بەخوا هەردوو هاوەڵانم (ابوبکر و عومەر) (ﷺ) لە نێو دەستمدا بوون (لە نزیکەوە لە گەڵیاندا بووم) ئاگاداریانم کە سزای تاوانباریان دەدا (هیچماڵێکیش هەلنەدەسابە (قصاص) وەرگرتن.

هەروەها ئەگەریش ئەتانەوێ بمکوژن ، سوێند بە خوا دوای کوشتنی من خۆشەویستی لە نێوانتاندا نامێنی و هەرگیز بەیەکەوە سەرجەم ناجەنگن لەگەڵ هیچ دوژمنێکدا .[2]

وە لە ابی عبدالرحمن ی سلمی یەوە ، دەڵێت : کاتێ گەمارۆی عوسمانیاندا(ﷺ) ، لەسەربانی ماڵەکەیەوە کەوتە گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا و فەرمووی / سوێندتان ئەدەم بەخوا ئایا ئەزانن کاتێ کێوی (حیرا) بزواو لە جێ ی خۆی ڕاتەکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێ ی فەرموو : -

" اثبت حراء فليس عليك الا نبـــي أو صديق او شهيد ؟ " واتە : ئەی حیرا جێگیر بە و مەجوڵێ خۆ کەست بەسەرەوە نی یە ، جگە پێغەمبەرێك یان صدیقێك یان شەهیدێك ؟

وتیان : بەڵێ .

فەرمووی : بۆ خوا پێم بڵێن : ئایا ئەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەبارەت سوپای (العسرة)[3] فەرمووی : کێ ئەیەوێ خەرجی یەکی قبوڵ کراو بدات ؟ خەڵکیش هەموو ماندوو بێ دەسەڵات بوون ، من ئەو سوپایەم بە تفاق ئمادەکرد ؟) وتیان : بەڵێ

---

[1] - ڕۆژێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە عوسمانی فەرموو (ﷺ) : - (يا عثمان لعل الله يقمصك قميصاً فان ارادوك على خلعة فلا تخلعة لهم) صحيح : صحيح سوننەتەکانی ترمزی (٢٩٢٣) واتە : ئەی عوسمان ڕەنگە خودا کراسێکت بە بەردا بکات ، خۆ گر ویستیان پێت دابکەنن ئەوا بۆیان دانەکەنیت (مەبەست جێنشینایەتی یە) .

[2] - بڕوانە / البدايه و النهايه (٥ / ٢٧١) .

[3] - ئەو سوپایە بوو کە بەرەو تەبووك ڕۆیشت .

... پاشای فەرمووی : سوێندتان ئەدەم بەخوا مەگەر نازانن (رومە)[1] کەس نەیدەتوانی ئاوی لێ بخوات بە بێ پارە ، منیش کڕیم و بەخشیم بە هەژار و دەوڵەمەند و ڕێبواران، وتیان (اللهم) بەڵێ .. دواتر چەند شتێکی تری بیر خستنەوە .[2] بەڵام ئەو خەڵکە گوێچکەیان لە ئاستیدا کەڕ کرد بوو ، دوای نەفسی بەد کرداریان کەوتبوون کە هانە هانەی دەدان و لە بەدبەختی و چارە ڕەشی یان هیچ شتێکیان نەدەویست جگە لە کوشتنی عوسمان (رضي الله عنه) . !!

داوایەکی پڕ ڕێز لە بەهەشتەوە : ئەی عوسمان لەلامان بەربانگ بکەرەوە:

لە موسلیمی کوڕی سەعیدی خزمەتکاری عوسمانی کوڕی عەففانەوە (رضي الله عنه) دەڵێت :

عوسمان بیست بەندەی ئازاد کردوو داوای چەند شەرواڵێکی کرد و لە خۆی توند کرد (لەبەری کرد) لە کاتێکدا عوسمان نەلە جا هلیەت و نەلە ئیسلامدا لەبەری نەکرد بوو[3] ، پاشان فەرمووی : " لەخەونمدا پێغەمبەری خودا (ﷺ) و ئەبوبەکر و عومەرم بینی ، پێیان وتم : ئارام بگرە ، تۆ لە لای ئێمە شەوی داهاتوو بەربانگ دەکەیتەوە)[4] .

پاشان پێشەوا عوسمان داوای قورئانێکی کرد و لە نێو دەستەکانیدا پەراوەکانی کردەوە و بەو حاڵەوە شەهیدا کرا کە قورئانەکە لە نێو دەستیدا بوو ، تەسلیمی فەرمانی خوای پەروەردگاری بوو و بە هیچ جۆرێ ڕووبەڕووی خەڵکەکە نەوەستا و خۆی لە کوشتاریان بە دوور خست و جەختی کردەوە لە خەڵکانی دەور و پشتی کە لەبەر ئەم شەڕ نەکەن و دەستیان لەکەس بەرز نەکەنەوە ، خۆ ئەگەر پێداگری ئەم نەبوایە لەسەر ئەوە ، ئەوا هاوەڵان پشتگیری یان دەکرد و سەریان دەخست لە دژی ئاژاوەچی یەکان ، بەڵام ویست و فەرمانی خوا گێڕانەوەی بۆنی یە . ئەوە بوو کاتێ عوسمان سوێندی ئەهلەکەی (ئەوانەی لەماڵدا لەگەڵیبوون) دا بڕۆن و واز بێنن لە شەڕ کردن ، ئاژاوە چیەکان

---

[1] بیرێکە عوسمان (رضي الله عنه) کڕی بۆ موسڵمانان .

[2] صحیح / صحیحی سوننەتەکانی ترمزی (١٩٢٩) و ئینو ماجە (١٠٩) .

[3] – ئیبنو کثیر دەڵێت / ئەو ڕۆژە لەبەر ئەوە شەڕواڵی لە پێ کرد تا ئەگەر کوژرا (عەورەتی بەدەرنەکەوێت) بڕوانە البدایە (٥ / ٢٧٠) .

[4] – پێشەوا عوسمان (رضي الله عنه) ئەو ڕۆژەی شەهید کرا بە ڕۆژوو بوو .

بەسەرماڵەکەیدا سەرکەوتن و دەرگای ماڵەکەیان سوتاند و چوونە ژوورەوە ، لەناویاندا هیچ کەس لە هاوەڵانی تیانەبوو .. کاتێ لێیان دا قورئانی پیرۆز لە نێو دەستیدا بوو ، وە تەمەنی نزیکەی (٩٠) ساڵ دەبوو .[1]

ئیبنو کثیر دەڵێت : چەسپاوە کە یەکەمین دڵۆپە خوێنی کەوتوەتە سەر ئەم ئایەتی خوای پەروەردگار ﴿ فَسَيَكْفِيكَهُمُ اللَّهُ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ﴾ سورة البقرة ، آية (١٣٧) .

واتە : بەلام دڵنیابە ئەی (ﷺ) ئەی ئیماندار خوا تۆ دەپارێزێت لە پیلان و تەڵەکەیان ، چونکە ئەو خوایە زۆر بیسەر و زانایە . ئەمەش هیچ دوور نیە لە کاتێکدا ئەو قورئانی لە نێو دەستدا بووە و دەیخوێندەوە[2]

ئیبنو عەساکر دەگێڕێتەوە : کاتێ لە عوسمان درا ، فەرمووی : (بسم الله ، توکلت علی الله) کاتێکیش خوێنی ڕژا فەرمووی : (سبحان الله العظیم) .

ئەصمەعی لە عەلائی کوڕی فەضلە وە لە باوکیەوە دەڵێت :

پاش کوشتنی پێشەوا عوسمان (رضي الله عنه) خەزێنەکەیان پشکنی صندوقێکی داخراوی لەناودا بوو لەناو صندوقەکەدا قاپێکی لەناودا بوو کە ئەمیش پارچە کاغەزێکی تیا بوو لەسەری نووسرا بوو : " ئەمە وەسیەتنامەی عوسمانە ، بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ، عوسمانی کوڕی عەفان شایەتی دەدات کە هیچ خودایەك نیە جگە لە (الله) و بێ هاوەڵە و (محمد) بەندەو نێردراوی خوایە و بەهەشت و ئاگر هەقن و خودا هەموو مردووانی ناو گۆڕەکان زیندوو ئەکاتەوە بۆ ڕۆژێك کە هاتنی هیچ گومانێکی تێدا نیە و بێ گومان خودا وادەی خۆی جێ بە جێ دەکات . لەسەر ئەم زەوی یە دروست کراوان دەژێنێت و هەر لەسەر ئەویش دەیانمرێنێت و دیسان لەسەر ئەم زەوی یە بونەوەران زیندوو دەکاتەوە بە ویستی زاتی خۆی)[3] پاش شەهید بوونی عوسمان (رضي الله عنه) زوبێر

---

[1] – قەتادەی دەڵێت : تەمەنی عوسمان (رضي الله عنه) ئەوکاتەی کوژرا نەوەد یان هەشتا و هەشت ساڵێك دەبوو ، پیاوانی فەرموودەکە جێ ی متامانەن ، تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە .

[2] – بڕوانە : البدایە و النهایە (٥ / ٢٧٣) .

[3] – ئەبو یعلی و عبدالله ی کوڕی پێشەوا ئەحمەد گێڕایانتەوە ، بڕوانە : البدایە (٥ / ٢٧٠) .

نوێژی لەسەر کرد (رەحمەتی خوا لەهەموویان بێت) و ئەو جا لە (بحش کوکب) کە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی بقیع سپاردە کرا .[1]

دادپەروەریی خوا

لە محمدی ئیبن سیرینەوە ، دەڵێت : لە کەعبە تەوافم دەکرد گوێم لە پیاوێك بوو ئەیوت : خوایە لێم خۆش بی ، باوەڕ ناکەم لێم خۆش بی ، منیش پێم وت : ئەی بەندەی خوا ئەوە چی دەڵێیت ؟ تا ئێستا گوێم لە هیچ کەس نەبووە وەك ئەم دوعایەی تۆ بکات...

وتی : پەیمانم بە خودا دا بوو کە هەر کاتیٚ دەسەلاٚتم هەبوو زللەیەك لە ڕووی عوسمان دەم ، ئەوە دریٚغی ناکەم و لیٚ ی ئەدەم .. ئەوە بوو کاتێکوژرا و لە ماڵەکەی خۆیادا لەسەر نوێنەکەی دانرا بوو خەڵکی ئەهاتن نوێژیان لەسەر ئەکرد ، منیش بەناوی ئەوە وە کە نوێژی لەسەر دەکەم هاتمە ژوورەوە ، خەڵوەتێکم بۆ هەڵکەوت ، لە و خەڵوەتەدا بەرگەکەم لەسەر ڕووی هەڵدایە و زللەیەکم لیٚ دا ، کە بووە هۆی ئەوەی لای ڕاستم وشك بوو .

ئیبن سیرین دەڵێت : بینیم لای ڕاستی هەروەك دار وشك بووە .[2]

" یاویلاه النار "[3] : –

لە ئەبی قلابەوە ، دەڵێت : لەگەشتێکدا بووم لە شام ، گوێم لە دەنگی کابرایەك بوو دەیوت : " یاویلاه النار " ، منیش چووم بۆ لای بینیم کابرایەکە هەر چوارپەلی بڕاوە لە نیوەیدا ، هەر دوو چاوی کوێرە بووە ، دەم و چاوی لار بووە ، هەواڵیم پرسی ، وتی :

من یەکیٚ بووم لەوانەی چوینە سەرماڵی عوسمان ، کاتیٚ لە عوسمان نزیك بوومەوە خێزانەکەی[4] هاواری کرد ، منیش زللەیەکم لیٚ دا ، عوسمانیش فەرمووی : " بۆ وادەکەی ، خوا دەست و پێکانت ببڕێت و چاوت کوێر کات و بتخاتە ئاگرەوە) لەو

[1] – البدایە / (٥ / ٢٨٠) .

[2] – بروانە البدایە و النهایە (٥ / ٢٨١) .

[3] – ئای واوەیلا لە ئاگر .

[4] – نائلەی کچی فرافصە (رضي الله عنه) .

کاتەداتووشـی پەشـۆکان و هـەڵ لـەرزێنێکی گـەورە بـووم و بـەڕاکردن چـوومە دەرەوە ، ئەمەم بەسەرهات کە دەیبینی و لە دوعاکانی عوسمان هیچ نەماوە نەهاتبێتە دی جگە لەوەی بچمە ئاگر ... منیش پێم وت : خوا لەوەلاترت بەرێ و خراپترت بەسەر بێنێ [1] ، وە یەزیدی کوڕی ئەبی حەبیب دەڵێت : (سەرجەم ئەوانەی چوونە سەر ماڵی عوسمان دواتر شێت بوون .) [2]

ئـیتر بـۆ خـۆت بەڕاحـەت چـاولێك بـنێ ئـەی (ذي النـورین) بەڕاسـتی دواڕۆژ و عاقیبەت هەر بۆ تەقوادارانە ...

[1] – بڕوانە / الریاج النچره فی مناقب العشرة ی (طبری) (٥٠٧) لێکۆڵینەوە د . حمزة النشرتی .

[2] – بە ئیسنادێکی باش تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە و هیثمي أسنادەکەی بە (حسن) داناوە . (المجمع) بە ژمارە (١٤٥٥٣) .

" ٤ - علی کوڕی ئەبی تالیب(رضي الله عنه) "

پێناسەکەی : -

علی کوڕی ئەبی تالیبی کوڕی عبدالمطلب و ئامۆزای پێغەمبەری خوایە (ﷺ) . مەشخەڵی ڕێنمونکەران و ڕووناکی فەرمانبرداران و پێشەوای دادپەروەران و خاوەن دڵێکی ژیر و زمانێکی هەمیشە بە دوعا ..

لە هەمووان پێشترە لە باوەڕهێناندا و هاوسەری خاتو فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .

" چاکەکانی "

١ - پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " من كنت مولاه فعلي مولاه "[١] واتە : من هاوپەیمان و هاوەڵی هەر کەسێ بم ، عەلیش هاوپەیمان و هاوەڵیەتی ..

٢ - لە سەعدی کوڕی ئەبی وقاصەوە (رضي الله عنه) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە عەلی فەرموو : " أنت مني بمترلة هارون من موسى ، الا أنه لا نبي بعدى " .[٢]

واتە : تۆ بۆ من لە پلەو پایەی هاروندای بۆ موسا ، بەڵام تەنها ئەوەندە هەیە ، لە دوای من پێغەمبەرێکی دیکە نایەن .

٣- لە (علی)یەوە (رضي الله عنه) دەفەرموێت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی ڕاسپاردم کە " أنه لايحبك الا مؤمن ، ولا يبغضك الا منافق "[٣] واتە : بێ گومان تەنها ئیماندار تۆی خۆش دەوێت و تەنها دووڕوانیش تۆیان ڕق لێیە و خۆشناوێت .

٤- حوبشی کوڕی جنادەت دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرمووی : (علي مني و انا منه ، ولا يؤدى عني الا علي)[٤]

---

[١] - صحیح / ئیبنو ماجە (٩٨) ، ژمارەی فەرموودە (٤ / ٣٣٥) .

[٢] - صحیح / ئیبنو ماجە (٩٨) ، و ترمزی (٢٩٣٣) .

[٣] -صحیح / صحیحی سوننەتەکانی ترمزی (٢٩٣٨) و ئیبنو ماجە ١١٤٠) .

[٤] - صحیح / صحیحی سوننەتەکانی ترمزی (٢٩٣١) و ئیبنو ماجە (١١٩) .

واتە : عەلی لە منە و منیش لە ئەوم ، و هیچ کەسیش جگە لە علی کارەکانم بۆ جێ بەجێ ناکات .

٥- لە ئیبنو عومەرەوە ، دەفەرموێت : " پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : " الحسن والحسين سيدا شباب أهل الجنة ، و ابوهما خير منهما " [١]

واتە : " حەسەن و حوسەین (رەحمەتی خوایان لێ بێت) گەورەی لاوانی ئەهلی بەهەشت ن باوکیشیان جێگەی لەوان باشترە .

٦- لە عبدالرحمن کوڕی ئەبی (لیلی)وە دەڵێت : ئەبو لیلی لەگەڵ علی(رضي الله عنه) شەونشین بوو (گفتوگۆی دەکرد) ، دەڵێت ، ئەو لە هاویندا جل و بەرگی زستان و لە زستانیشدا جل و بەرگی هاوینی لەبەر ئەکرد (واتە گرنگ نەبوو بەلایەوە) .

وتمان : بۆ لێ ی ناپرسی ؟! فەرموی لەوەڵامدا / لە ڕاستیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردی بە دوامدا ڕۆژی خەیبەر و منیش ئەوکاتە چاوم ژانی دەکرد . وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوم ژان دەکات ئەویش تفی موبارەکی لە چاوم دا و پاشان فەمووی : " اللهم اذهب عنه الحر و البرد " واتە : خوایە گەرما و سەرمای لەسەر لابەرە ...

دەفەرموێت : لە دوای ئەو کاتەوە ئیتر هەستم بە سەرما و گەرمانە دەکرد ، ئەو جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " لأبعثن رجلاً يحب الله و رسوله ، ويحبه الله و رسوله و ليس بفرّار " .

واتە : پیاوێك دەنێرم کە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) خۆشدەوێت خوا و پێغەمبەریش (ﷺ) ئەویان خۆشدەوێت و لەو کەسانەش نی یە هەڵبێت ..

خەڵکی سەیریان کرد بزانن کێ یە . پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردی بەدوای عەلیدا و کارەکەی پێ سپارد .. [٢]

٧ - لە ئیبنو مەسعودەوە (رضي الله عنه) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " ألنظر الى علي عبادة [١] " واتە : ڕوانین لە علی پەرستشە .

---

[١] - صحیح / صحیحی سوننتەکانی ئیبنو ماجە (٩٦) ژمارە (٧٩٧) .

[٢] - فەرموودەی (حسن)ە / صەحیحی سوننتەکانی ئیبنو ماجە (٩٥) و هیپمی لە (المجمع) دا بە (حسن) دایناوە بە ژمارە (٩ / ١٢٢) .

"چەند هەڵوێستێك لە جیهادی عەلی لە پێناو خوادا "

پێش ئەوەی سوچێك لە هەڵوێستەکانی جیهادی (ﷺ) هەڵدەینەوە ، دەڵێم : ئیسلام جیهادی بۆ پارێزگاریکردن لە هەق و ڕەت کردنەوەی ناهەق و سەرکوتکردنی دەستدرێژکاران و سەرشۆڕ کردن و شکاندنی ستەمکاران داناوە .

هەرچی درۆ هەڵبەستنی ڕۆژهەلاتناسانی ئەهلی ئاینەکانی تریشە کە ئیدیعای ئەوە ئەکەن موسڵمانان هێزیان لە جێگایەکدا بە کار هێناوە کە بیانووی نیە ، ئەمانە هەموو قسەی بێ مانا و بێ بەڵگەن و بەشێکە لەو پلانانەی بۆ سڕینەوەی ئیسلام و هێشتنەوەی ئەهلەکەی وەك کۆیلەی خاچپەرستەکان و زایۆنی یەکان دانراوە ..

وە هیچ ڕۆژێك جیهاد پێویستتر نی یە لەلایەن موسڵمانانەوە لەو ڕۆژەی کە ئیسلام وئەهلەکەی هەڕەشەی لەناو چوونیان لێ ئەکرێ و چەندین هێز لەسەر ئەمە جەم بوون ، بەڵکو ئەوانەش کە دوژمنی خوێنڕێژی یەکترین ، لە پێناو لەناو بردنی ئەمە ئاینە و ئەهلەکەیدا بۆ هەمیشە ، ئاشت ئەبنەوە و دەسازێن . ئەمەش لە ڕاستیدا لەسەرەتای ئیسلام و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ڕووی داوە و وڵاتی موسڵمانان کەوتوەتە دەستی جەردەکانی سەرزەوی و ئەوجا پیسترین سیاسەتیان کێشا بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو لەناوی بەرن و نەیهێڵن .

چۆن نکۆڵی لە بازاڕی مەرگ دەکرێ لەناو ئوممەتێکدا کە سەر بڕو خوێنڕێژان لە هەموو لایەکەوە هێرشی بۆ دێنن .[٢]

ئەمە پێشەکی یەك بوو کە دەبوایە باسبکرێت ، ئێستا بابێینە سەرمەبەستەکەمان : -

هەڵوێستی یەکەم / ڕۆژی بەدر : -

لەسەرەتای جەنگی بەدرا ، لە بێ باوەڕان هەریەك لە عوتبە و شەیبەی کوڕانی ڕەبیعە و وەلیدی کوڕی عوتبە هاتنە پێشەوە و لە بەرامبەر دا چەند لاوێك لە ئەنسار هاتنە مەیدان بۆ ڕووبەڕوو بونەوەیان .. بێ باوەڕان بانگیان کرد : ئەی (محمد) ئە وانەمان بۆ بێنە مەیدان کە لە هۆزی خۆمانن و لە ئاستی ئێمەدان پێغەمبەری خوا (ﷺ)

---

[١] – تەبەرانی و حاکم ڕیوایەتیان کردووە ، سیوتی دەڵێت : ئیسنادەکەی (حسن)ە ، تاریخ لخلفاو (ص ١٧٢) ئیبنو کەسیر لە (البدایە و النهایە) ٥ / ٤٧٣) بە لاواز داینـاوە .

[٢] – بڕوانە : فقە السیرەی (غەزالی) (٢٢٥) بە دەستکاریەوە .

فەرمووی : (قم یا عبیدة بن الحارث ، قم یا حمزة ، قم یا علـــی) واتـە : ئـەی عوبەیـدەی کـوڕی حارث و ئەی حەمزە ، ئەی عەلی ئێوە هەڵسن ..

ئـەوە بـوو عوبەیـدە لەگـەڵ عوتبـە و حـەمزە لەگـەڵ شـەیبە و علـی لەگـەڵ وەلیـد بەرامبـەر وەستان . هەرچی (حـەمزە)یـە هـیچ بـواری بەشـەیبە نـەدا و خێـرا کوشـتی .. هـەروەها عـەلیش بەهـەمان شـێوە بەرامبەرەکـەی کوشـت ... بـەڵام عوبەیـدە و عوتبـە یەکتریان بریندار کرد تا حەمزە و علی بە شمشێر دایـان بەسـەر عوتبـەدا و ئـەو دوژمنـەی خویان کوشت و هاوەڵە بەرێزەکەیان هەڵگرت [1]

ئیبنو عـەباس دەڵێت : کـە عوبەیـدەی کـوڕی حـارث لـە (صـفراء) پـاش گـەڕانـەوە لەبەدر وەفاتی کردووە هەر لەوێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سپاردوویەتی [2]

هەڵوێستی دووەم / ڕۆژی خەندەق : —

عـەمری کـوڕی وەد کـە دەمـامکی ئاسـنی بەسـتبوو هاتـە دەر و بـانگی کـرد : کـێ بەرامبـەرم ئەوەسـتێ ؟ عـەلی کـوڕی ئـەبی تالیـب (رضي الله عنه) هەڵـساو فـەرمووی : ئـەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بەرامبـەری دەوەستم ، پێغەمبـەریش (ﷺ) فـەرمووی " انـه عمرو ، اجلس **" ، " دانیشە ، ئەوە عەمرە " .**

پاشان عەمر بانگی کردەوە : ئایا پیاوێك نیە بەرامبـەرم بوەستێت ؟ دەستی کـرد بە تانە و تەشـەردان لـە موسڵمانان و دەیـوت : ئـەی کـوا ئـەو بەهەشـتەتان کـە ئـەڵێن هـەر کـەس لـە ئێوە بمرێـت جێگـەی بەهەشتە ؟ پیاوێکتـان تیـا نیـە بێتـە دەرەوە و ڕووبەڕووم بوەستێ ؟ عەلی هەڵسایەوە و فەرمووی : من ، ئەی پێغەمبەری خوا ... فەرمووی (ﷺ) ، "اجلس".

پاشان بۆ جاری سێیەم بانگی کردەوە و هۆنراوەیەکی خوێندەوە عەلی (رضي الله عنه) هەڵسایەوە و فـەرمووی : ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ، مـن ... فـەرمووی (ﷺ) " انه عمرو " ...

---

[1] – **صـحیح / ئـەبو داود لـە (١ / ٤١٦) و احمـد ڕیوایـەتیان کـردووە . ئـەلبانی لـە (تخـریج فقه السیرە) (٢٤٣) بە (صحیح) دایناوە ...**

[2] – **حسن / حـاکم ڕیوایـەتیان کـردووە ، دەڵێـت (صـحیح)ە زەهـەبیش لەسـەر هـەمان ڕایـە . وە ئەلبانی لە (تخریج فقه السیرە) دا بە (حسن) دایناوە بە ژمارە (٢٤٣) .**

عەلی فەرمووی ، با عەمریش بێت ، ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەتی داو ئەویش بەرەو ڕووی عەمر ڕۆیشت و کاتێ گەیشتە بەردەمی فەرمووی :

لا تعجلن فقدأ تاك   مجيب صوتك غير عاجز
في نيــة و بــصيرة   الصدق منجى كل فـائز
انــى لأ رجوان اقيم   عليـك نائحــة الجنائز
مــن ضــربة بخلاء   يبقى ذكرها عند الهز هز " [١]

عەمریش پرسی : تۆ کێیت ؟ فەرمووی : عەلی ,.. وتی : کوڕی عبد مناف ؟ فەرموی / من (علی کوڕی ابی تالیب)م وتی : برازا ، لە مامەکانت هەن کە لە تۆ بەتەمەنترن ، من حەزناکەم خوێنت بڕێنم ، (علی) فەرمووی : بەلاّم ، سوێند بەخوا منْ حەز ئەکەم خوێنت بڕێژم .

عەمریش تورە بوو هاتە پێشەوە و شمشێرەکەی وەك بڵێسە ئاگر دەرهێنا و بەرەو ڕووی علی (ﷺ) بە تووڕەیی هات . پێشەوا (علی ﷺ)ش بە (درقە) [٢] کەی بەرامبەری وەستا عەمر شمشێرێکی دا لە سەڵتەکەی و دایدڕی و شمشێرەکەی تیا جێگیر کرد و دای لەسەری و قڵیشاندی ، پێشەوا (علی ﷺ)ش دای لە چەقە دەماری عەمر و خستی .. تۆز بەرزبووەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێ ی لە وتنی " ﷲ " بوو ، ئیتر زانیمان کە (علی ﷺ) عەمری کوشتووە . پاشان (ﷺ) بەرەولای پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەهات و دەم و چاوی لە خۆشی دا دەگەشایەوە . عومەر (ﷺ) فەرمووی : بۆچی درعەکەیت لێ نەکردوەوە بیهێنیت ؟ عەرەب لەم درعە باشتریان نیە . فەرمووی : کاتێ لێمدا وەها

---

[١] – مانای شیعرەکە : " پەلەت نەبێ .. وا ئەوەی بانگت دەکرد بەرەو ڕووت هات بە بێ ترس .. بە نیەت و بەرچاو ڕوونیەکی ڕاست بۆ ڕزگار کردنی هەموو سەر فرازێك .. هیوادارم کارێکی وات بەسەر بێنم هاوار و هەلاّی جەنازەت بۆ بگێڕن ، بە لێدانێکی بەرین و گوشاد کەلە هەموو جەنگ و نەهامەتی یەکدا باس بکرێت .. "

[٢] سەڵتەی چەرم (پۆشاکێکی ئەو سەردەمەیە بۆشەڕ کردن) .

کەوت کە ئەگەر درعەکەیم لێ بکردایەتەوە عەورەتی بەدەر دەکەوت منیش کوڕە مامم بوو شەرمم دەکرد ڕووتی بکەمەوە " .[1]

هەڵوێستی سێیەم : ڕۆژی خەیبەر ...

جولەکە پشت بە سوڕاندنەوەی سوپا لە مەیدانی فراواندا نابەستن کە لێیان بدرێت یان ئەوان لەبەرامبەر بدەن و هەمیشە ڕقیان لە مەیدانە والأکانە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و ئەو ئاینەی هەرگیز دەستی لێ هەڵناگرن بریتی یە لە : هەوڵدان و تێکۆشان لە پشت دیوارەکانەوە .[2] ڕۆژی خەیبەریش ئەوە بوو ئالآی موسڵمانان بە دەست (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)ەوە بوو (﵁) یەهودیش لەناو قەلا هەڵچنراوەکانیاندا خۆیان قایم کرد بوو ، کاتێ شەڕ لە نێوان موسڵمانان و جوولەکەدا دەستی پێ کرد و موسڵمانان ڕووی هێرشەکانیان کردە قەلاکان و قەلا دوای قەلا لە ژێر فشاری موسڵماناندا چۆکی پێ دەدرا .. لە یەکێ لە قەلاکاندا ئەسپ سوارێك بەناوی (مرحبا) هاتە دەرەوە و بانگی لە موسڵمانان کرد : کێ هەیە مەیدانکاریم لەگەڵدا بگات ...

(عەلی) ش (﵁) بۆی هاتە پێش و شمشێرێکی لێ دا سەری لەت کرد و ئەمەش بۆ خۆی فەتح بوو .[3] بەو جۆرە هەموو قەلاکان شکان و موسڵمانان سەرکەوتن و وانەیەکی وایان نیشانی جولەکەدا کە هەرگیز لە یادی نەکەن ، بەم جۆرە دەبینین چۆن ئەو ئاوەدانی و شارە خراپەکارانە بەو خراپەکاری یە یان خۆیان بەرە و هەلاکەت و لەناوچوون دەبەن جا ئەمڕۆ بێت یان سبەی .. وە هەر نەتەوەیەك لەگەڵ بوونی ئازادیدا خۆ بەزلزانی بنوێنێت ، خاوەنێتی خۆی لە دەست دەدات و دەکەوێتە ژێر دەستی کەسانی تر .

---

[1] – ئیبنو کەثیر لە (البدایە)(٤ / ١٠٦) باسی کردووە ، لە ڕێگەی بەیهەقیەوە لە ئیبنو ئیسحاقەوە .

[2] – بڕوانە: فقە السیرەی غزالی (٣٦٣).

[3] – صەحیحە / لە صحیح ی موسلیم و کەسانی تریشدا جێگیر کراوە ، ئلبانی دەڵێت : هەواڵە متواترەکانی زۆرن کە دەڵێن بکوژی (مرحب) عەلی یە . التلیق علی فقە النسە (٣٦٥) .

" زانستی عەلی "

پێغەمبەر (ﷺ) بە (فاتیمە)ی کچی فەرموو : " أما ترضين أن ازوجك اقدم امتي سلماً، و أكثرهم علماً ، و اعظمهم حلما " .[1]

واتە : ناتەوێ بتدەم بە کەسێك لە هەموو ئومەت لە پێشتر بووە لە ئیسلامدا و لە هەموویان زانا تر و لە هەموویان هێمنتر و لەسەر خۆ ترە .

هەروەها ئبنو سەعد لە (علی ﷺ) وە دەرهێنانی کردووە فەرمویەتی:سوێند بە خوا هەر ئایەتێ دابەزیبێت ،زانیومە بۆچی دابەزیوە و لەکوێ دابەزیوە و لەسەرکێ دابەزیوە ؟

خوای پەروەردگارم دڵێکی ژیر و زمانێکی ڕاستبێژ و پاراوی پێداوم ... [2]

هەروەها ئیبنو سەعد و غەیری ئەویش دەرهێنانیان کردووە لە پێشەوا (علی)ەوە ، فەرموویەتی : (دەربارەی پەڕاوی خوای گەورە " قورئان " پرسیارم لێ بکەن ، لەبەر ئەوەی ئایەت بە ئایەتی ئەزانم بە شەو دابەزیوە یان بە ڕۆژ ، لە دەشت دابەزیوە یان لە کێو دا ... [3]

" زوهدی علی "

لە علی کوڕی ئەحمەدەوە ، لە باوکیەوە ، دەڵێت :

" علیم بینی (ﷺ) لە بازاڕ شمشێرێکی ئەفرۆشت ، دەیفەرموو : (کێ ئەم شمشێرەم لێ ئەکڕێ سوێند بەو زاتەی تۆوەکان قڵیش پێ دەبات هەمیشە ڕووی پێغەمبەری خوا (ﷺ)م پێ پاراستووە لە ناڕەحەتی و ئەگەر نرخی پۆشاکێکم بوایە هەرگیز نەم ئەفرۆشت " [4]

ئای لە دەروون بەرزیت ، ئەی ئەبالحەسەن ! بەڕاستی ئەوەی لای خوایە باشترە و هەر ئەوە دەمێنێتەوە ، دەی ئارامبە و لەسەر ناڕەحەتیەکانی دنیا صبر بکە چاوەڕێ ی وادەی خوای گەورە بە .

---

[1] – هەیسەمی دەڵێت : ئەحمەد و تەبەرانی لە ڕێ ی پیاوێکی جێ متمانەوە ڕیوایەتیان کردووە . بە ژمارە (١٤٦٦٩) .

[2] – بڕوانە – تاریخ الخلفا (١٨٥) .

[3] – بڕوانە – تاریخ الخلفا (١٨٥) .

[4] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ١٦٧ ، ١٦٨) .

" خۆشحاڵی لە زاهیدان "

ئامۆژگاری یەکە بە ئاوی ئاڵتون لەسەر لاپەڕەی دڵەکان دەنووسرێتەوە : —

لەنەوف بوکالی یەوە دەڵت : —

" علی کوڕی ئەبی تالیبم شەوێك بینی چووە دەرەوە ، سەیرێکی ئەستێرەکانی کرد و فەرمووی : ئەی نەوف خەوتویت یان تۆش دەڕوانی ؟ وتم / بەڵکو منیش دەڕوانم ، ئەی ئەمیری ئیمانداران . فەرمووی خۆشی لە وانەی پشت لە دنیا هەڵدەکەن و تامەزرۆی ئاخیرەتن .. بەڕاستی ئەوانە کەسانێکن زەوی وەك ڕاخەر و خۆڵەکەی وەك فەرش دەبینن و ئاوەکەی وەك بۆنێکی خۆش و قورئان و دوعایش وەك داپۆشەر و دارستانێکی چڕو پڕ دەبینن .. بەو جۆرە بە دنیایان قایل بوون لەسەر ڕێبازی مەسیح (سەلامی خوای لێبێت) .

ئەی نەوف ، خوای پەروەردگار سروشی بۆ (عیسی) نارد (علیهم السلام)تا فەرمان بکات بە بەنی ئیسرائیل نەچنە هیچماڵێك لە ماڵەکانی بە دڵێکی پاك و چاوێکی ملکەچ و دەست و پەلێکی لە گوناە پارێزراو نەبێ ، ئەگەر وانەکەن وەڵامی هیچ کامیان نادەمەوە ، هەروەك وەڵامی هیچ کەسێك نادەمەوە مافی کەسێکی لە لابێت .

ئەی نەوف نە هۆنەر [1] بەو نە سەرۆکار بەو نەپۆلیس بەو نەباجگر و نە (عشار) [2] بە ، چونکە لە ڕاستیدا (داوود) " علیە السلام " لە کاتژمێرێکی شەودا هەڵساو فەرمووی : (ئای چ سەعاتێکە ! کە دوعای هەموو کەسێکی تیاگیرا ئەبێ مەگەر (عریف) یان پۆلیس یان باجگر یان (دەیەکبەر) یا خود مۆسیقا ژەن بێت بە (سەمتور و دەهۆڵ) یاخود کەسێك شەترنج بکات . [3]

---

[1] — مەبەست لێ شیعری خراپە وەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە : ﴿ وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ ﴾ سورة الشعراء آية (٢٢٤) هەرچی شیعری باش و چاکە ئەوە هیچی لەسەر نیە و هەندێ جار دانایی دەنوێنن .

[2] — (عشار) ئەو ڕێگرەیە کە دەیەکی ماڵ و سامان لە تێپەڕبوان دەسێنێت .

[3] — بڕوانە / البدایە (٥ / ٤٩٦) .

" ڕاسپاردەیەكی دیكە كە بە وشە گەلێك لە نوور دەنووسرێتەوە "

لە (كمیل)ی كوڕی (زیاد)ەوە دەڵێت : علی كوڕی ئەبی تالیب دەستی گرتم و بردمیە لای گۆڕستانێك ، كە گەیشتینە چۆڵەوانی دانیشت و پاشان هەناسەیەكی هەڵكێشا و فەرمووی : —

" ئەی كمیلی كوڕی زیاد ، دڵەكان ئامانن ، باشترینشیان دڵێكە باش شت هەڵگرێ ، ئەمەی پێت دەڵێم لەبەری كە و هەردەم با لە یادت بێ "

خەڵكی سێ كەسن : زانایەكی خوا پەرست و فێر خوازێك لە پێناوی ڕزگاریدا یان گێل و هەرچی و پەرچی یەك كە شوێن هەر قیڕە و هاوارێك دەكەون و لەگەڵ هەموو بایەكدا لادەدەن و نەبە نوری زانست ژیانی خۆیان ڕۆشن كردوەتەوە نەپەنایان بردووەتە بەر پایەیەكی پتەو .

زانست لە ماڵ و سامان باشترە ، زانست پارێزگاری لە تۆ ئەكات لە كاتێكدا تۆ ئەبێ پارێزگاری لە ماڵ و سامانەكەت بكەی . زانست بە كار پێ كردنی گەشە ئەكات بەڵام ماڵ و سامان بە خەرج كردن كەم دەكەن . هەروەها خۆشویستی زانایان فەرزێكە و ئەبێ لە خۆتدا بەدی بێنیت .

هەڵگری زانست وا لە خاوەنەكەی ئەكات لە ژیانیدا ئیتاعە بكرێ و لە پاش مردنیشی بە باشی ناو ببرێت ، بەڵام ماڵ و سامان هەر بە لەناوچونی نامێنێ و لە دەست دەچێ ..

ئەوانەی پارە و پوڵ كۆ دەكەنەوە هەر بە زیندوویی مردوون ، بەڵام زانایان هەتا دنیا بمێنێ دەمێنن . خۆیان دەڕزن و وەفات دەكەن، بەڵام وێنەی بەرزیان هەر لە دڵدا یە .. و ئالێرەدا " ئاماژەی بۆ سنگی كرد " ئەگەر زانستێك نەبێ ئەوا مرۆڤ نازانێ چۆن هەنگاوەكانی هەڵدەگرێ .. دەبینی فەرمانبەرداری ئەهلی هەقە ، بەڵام بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئەو بیر و باوەڕەی بەرچاو ڕۆشن نی یە بە تەنها نیشانەیەك لە گومان دوودڵی لەلا دروست ئەبێ و نە ئەوەتا بەم لادا بێت و نە ئەوە تا بەو لادا .

یاخود زۆر بە ئاسانی بەرەو حەزەكانی ئەڕوات یان بە كۆ كردنەوەی پارە و پول نغرۆ دەبێ و ، بەو جۆرە لێ ی دڵنیا نیت ...

بۆیە زانست بە مردنی هەڵگرانی دەمرێت .. دەسا ئەی پەروەردگار زەوی خاڵی مەکە لە کەسانێك هەڵدەسن بە چەسپاندن و دامەزراندنی بەڵگەکانی تۆ ، بۆ ئەوەی قەواڵە و بەڵگەکانت لەسەر زەوی بەتاڵ نەبنەوە ..

ئەوانە واتا زانایان کەمترین ژمارە یان هەیە و ڕێزیان لەلای خوا لە هەموان زیاترە ، هەر لە ڕێ ی ئەوانەوە خودا پارێزگاری لە بەڵگەکانی دەکات تا بەیدەنە دەست هاوشانانیان و لە دڵی ئەوانیشدا دەیچێنن .

زانست ڕاستیی شتەکانی لەسەر دەستیان ڕوون کردووتەوە تا ئەوەی خۆشگوزەرانان بە بەردەڵان و سەختیان دەزانی ئەمان نەرمی و سادەیی یان دەرخست و لەلای ئەمان خۆشنودی بوو وە ئەوەی بێ ئاگایان لیّ ی دوورە پەرێز بوون ئەمان هۆگری بوون .

هاوڕێیەتی دنیایان بە جەستەیەك دەکرد کە ڕۆحەکەی بە (مەلەکوتی بالاَ)وە پەیوەست بوو . ئەوان جێنشینی پەروەردگارن لە ولاتیدا و بانگخوازانی ئاینەکەی ئەون ، ئای ، ئای چەندە تامەزرۆی دیداریانم .. خوا لە من و تۆش خۆش بێ ئەی کومەیل .. ئەگەر دەتەوێ هەڵسە " [1]

" لە دەربڕینە پتەو و ئاماژە وردەکانی عەلی (رضي الله عنه) "

" ببنە چاوگی زانست و کانگای دانایی و چرای شەوان ، پۆشاك شڕو کۆن و هەمیشە دڵزیندوو .. لەلای ئەهلی ئاسمانەکان ببنە ئاشناو لە ئەهلی زەوی شاراوە و نادیاربن با لە لای پەروەردگارتان باس بکرێن .

ئاگاداربن شارەزای ڕاستەقینە کەسێکە خەڵکی لە ڕەحمەتی خوا بێ هیوا ناکات و هەروەك لە سزای خوا ئەمینیان ناکات و ڕێیان نادات بەسەرپێچی کردن یان لایان ئاسان و سادە ناکات .. و قورئان و ازلیّ ناهێنێت بۆ شتێکی تر .. بەڕاستی خێر لە پەرستشێکدا نی یە بە بێ ئاگایی و بە بێ زانیاری ئەنجام بدرێت .

---

[1] - بروانە / حلیة الاولیاء (١ / ٧٩ ، ٨٠) .

هەروەك خێر لە زانستێكدا نی یە تێگەیشتنی لەگەڵدا نەبێ و خێریش لە قورئان خوێند نێكدا نیە كە ئامۆژگاریت نەكات و پەیڕەوی لەگەڵدا نەبێ .
چاكە و خێر ئەوەنی یە ماڵ و منداڵت زۆر بێت ، بەڵكەو خێر لەوەدایە زانستت زۆر بێ و تا بێ لەسەر خۆتر بیت و شانازی بە خوا پەرستیەوە بكە . ئەگەر چاكەت كرد سوپاسی خوای لەسەر بكە ، ئەگەر خراپەشت كرد داوای لێ خۆش بوون لە ئەو بكە ..
بەڕاستی خێر لە دنیادا نی یە بۆ دوو كەس نەبێ :
كەسێك تاوانگەلێكی زۆری ئەنجام داوە و دواتر تەوبەی كردووە ، وە پیاوێك خێرا بەدەم چاكە كردنەوە دەڕوات و هەوڵ بۆ ئەوە دەدات لەلای خوا پلەی بەرز بێتەوە و هەموو كارەكانی تەقوای لەگەڵدایە ، چۆن تەقوای خوا بەكەم دەزانێ كاتێ هەموو كارێكی لەلایەن خوداوە وەرگیراوە ..
هەروەها امام علی (رضي الله عنه) فەرموویەتی :ئاگاتان لە پێنج شت بێت و چاودێری لێ بكەن كە ئەگەر بچنە سەرپشتی حوشتریش بۆ بەدەست هێنانیان دەستتان ناكەوێت و هێندەی بەدوادا دەگەڕێن تا حوشترەكە لاواز دەكەن پێش بە دەستهێنانیان : –
لە هیچ كەس تكا مەكەن جگە لە پەروەردگارتان ، لە تاوانەكانتان نەبێ لە هیچی تر مەترسن ، كەسی نەزان و نەشارەزایش لەوە تریق نەبێتەوە پرسیار لە شتێك بكات كە نایزانێ ، وە زانایش لەوە شەرم نەكات كە ئەگەر پرسیاری لە شتێك لێ كرا و نەیزانی ، بڵێ : خوا دەیزانێ ، ئارامگرتن لە باوەڕەوەیەو لە پلەی سەر بۆ جەستەدا یە (واتە : جەستەی مرۆڤ بایەخی چیە بەبێ سەر) و كەسێك ئارامی نەبێ باوەڕیشی نی یە .
وە فەرموویەتی : –
سەختترین و دژوارترین كار سێ كارە : – مافدانەوە لە لایەن خۆتەوە (دانەوەی ماف بۆ خاوەنەكەی لەلایەن خۆتەوە) ، یادی خوا لە هەموو كاتێك و لە هەموو بارێكدا ، و دڵنەوایی كردنی براكەت بەماڵ و پارە .. [1]

[1] – واتە : هەریەك لەم سێ كارە بەلای مرۆڤەوە ئەركێكی سەختە ، بەڵام پاداشتی زۆر گەورەیە(وەرگێڕ).

" یەکێ لە وتارەکانی علی (رەحمەتی خوای لێ بێت) "

لە یەکێ لە پیاوانی هۆزی بەنی شەیبانەوە : —

عەلی کوڕی ئەبی تالیب (رضي الله عنه) وتارێکی دا تیایدا فەرمووی : " سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و پشت و پەنام هەر ئەوە و باوەڕ و یەقینم پێ ی هەیە و شایەتی ئەدەم کە هیچ خوایەك جگە لە (الله) نی یە و بێ هاوەڵە ، وە (محمد) بەندە و نێرراوی خودایە و بۆ ڕێنموونی کردنی خەڵکی و ئاینی هەقی پێدانادرووە تا بیانووی خەڵکی نەهێڵێ و دەرد و نەخۆشی لەناوتاندا لابەرێت و لە خەوی بێ ئاگایی وەخەبەرتان بێنێ .. بزانن کە ئێوە دەمرن و پاش مردنتان زیندوو ئەکرێنەوە ، لەسەر کار و کردەوە کانتان ڕادەگیرێن و هەربەوان پاداشتی خۆتات وەردەگرن ، ئیتر ژیانی دنیا لوت بەرزتان نەکات ، چونکە ئەم دنیایە ماڵێکە بە بەڵاو نەهامەتی دەورە دراوە و ئاشکرایشە کە لەناو دەچێت و دەڕوات و بە بێ دادیش وەسف کراوە ..

هەرچی تیایە بەرە و لەناو چوون دەڕوات لە کاتێکدا لە نێو کەس و کاریدا بۆخۆی دەولەتە .. هەروەها مەترسی یەکانیشی بەردەوام نابن و ئەوەشی لە دنیادایە ئەمین نابێ لە شەڕ و خراپەی دنیا ، ئەو کاتەی ئەهلەکەی لە خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتدان ئەو کاتە لە ناو بەڵا و لە خۆبایی بووندان ، دنیا بریتی یە لە چەندین بارودۆخی جیاواز ، چەندین هات و چوون و تێپەڕ بوون ، ژیان لەناویدا بێزراوە و خۆشیەکانی تاسەر نامێنن ، بەڵکو خەڵکەکەی وەك ئامانجێکی پێکراون بە تیرەکانی . هەروەك هەمووان چارەنووسیان تیایدا دیاریکراوە و بەشیان دابین کراوە .

ئاگاداربن ئەی بەندەکانی خوا ، ئێوە کەلەناو گوڵی ژیاندان ، لەسەر ڕێی پێشینەکانتانن لەوانەی کە لە ئێوە تەمەن درێژتر و بەدەسەلات تر و خۆشنشینتر و شوێنەوار دیارتر بوون .. کەچی بوو ؟ ماڵ و سامان لە دەست چوو ، جەستەیان بووە هاوڕێی خاك ماڵەکانیان خاڵی و چۆڵ و هۆڵ .. شوێنەواریان سڕاوەتەوە .. ئەوان کۆشك و تەلاریان بووە بە خۆڵ و بە بەرد کە بیناکەی بە خۆڵ پێکەوە نراوە ، ئەوەی تیایدا نیشتەجێ یە ئاوارە و غەریبە لەناو کۆمەڵێك گۆڕی دیکەدا کە هەر کەس بەخۆی سەرقاڵە و کەس هات و چۆ و سەردانی کەس ناکات لەگەڵ ئەو هەموو نزیکی و هاوسێیەتی یەش

کە لە نێوانیاندایە چۆن هات و چۆی یەك بكەن كاتێ، بەڵاو سەخڵەتی یەكانی گۆڕ هاڕیونی و پاش ژیان بوونەتە مردوو .

پاش گوزەرانێكی گەش بوونەتە ئێسك و پروسك ، بۆ ئازیزانیان بوونە كارەسات . بوونە نیشتەجێ ی خاك و هاتنەوەیان نی یە هەرگیزا و هەرگیز : ﴿كَلاَّ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِنْ وَرَائِهِمْ بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ سورة المؤمنون آية (١٠٠) [١]

ئێوەش كە وەك ئەوان تووشی بەڵاو تەنهایی دەبن لە گۆڕەكانتانا و لەو ئارامگەیەدا بە بارمتە دەگیرێن و سپاردەی ئەو جێگەیە دەكرێن .. ئەی ئەو ساتە چی كە كاروبارەكان جڵە و گیردەبن و هەرچی لەناو گۆڕەكاندایە هەڵدەڕێژرێن و لە نێو دەستی پەروەردگاری بەدەسەڵات و بڵند دا ڕادەوەستێنرێن بۆ لێپرسینەوە لەو ساتەدا كە دڵەكان لەتاو ترس و توقین لە تاوانەكانیان لەسینەكاندا دەردەپەڕن و هەرچی پەردە هەیە بەسەرتانەوە لا دەبرێ و هەرچی نەنگ و نهێنی یەكانتانە ئاشكرا دەبن ، لەوێدا ﴿تُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ﴾ سورة غافر آية ١٧ . [٢]

پەروەردگاری بالا دەفەرموویت : ﴿لِيَجْزِيَ الَّذِينَ أَسَاءُوا بِمَا عَمِلُوا وَيَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَى﴾ سورة النجم ، آية (٣١) . [٣]

وە دەفەرموویت ﴿وَوُضِعَ الْكِتَابُ فَتَرَى الْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلا كَبِيرَةً إِلاَّ أَحْصَاهَا وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِراً وَلا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَداً﴾ سورة الكهف ، آية (٤٩) . [٤]

---

[١] – واتە : نەخێر ئەو قسەیەكە ئەو بۆ خۆی دەیڵێت ، بەڵكو دەبێت لە جیهانی بەرزەخدا ، لە نێوان مردن و زیندوو بوونەوەدا تا كاتێك زیندوو دەكرێنەوە چاوەڕێ بێت .

[٢] – واتە : هەموو كەس پاداشتی كار و كردەوەی خۆی وەردەگرێت .

[٣] – واتە : بۆ ئەوەی تۆڵە بسێنێت لەوانەی كە خراپەیان كردووە بە گوێرەی كردەوەكانیان پاداشتی ئەوانەش كە چاكەیان كردووە بە باشترین شێوە بداتەوە .

[٤] – واتە : نامەی كردەوەی هەر كەس دائەنرێت ، تاوانباران دەبینین دڵە لەرزێ و دڵە ڕاوكێیانە لەكار و كردەوەی ناپەسەندی تۆمار كراویان بۆیە دەڵێت : هاوار لە ئێمە ئەم نوسیانە چین ؟ هیچ گوناهێكی وردی جێ ناهێڵن ، بەڵكو هەموو تۆمار دەكەن ، ئەو خەڵكە هەرچی یان كردووە ئامادەیە ، بێگومان پەروەردگاری تۆ ستەم لە هیچ كەس ناكات .

خوا منیش و ئێوەش بکاتە یەکێ لەوانەی کار لەسەر قورئانەکەی دەکەن و شوێن پیاوچاکان و ئەولیاکان دەکەون تا ئەو کاتەی دەگەینە ماڵی نەبڕاوەمان بە چاکەی خۆی .. بەڕاستی هەر ئەو زاتە سوپاسکراو بە دەسەڵاتە .[1]

وە لە (جعفری کوڕی محمد)ەوە لە باوکیەوە ئەویش لە باپیرەیەوە دەڵێت : — عەلی (رضي الله عنه) جەنازەیەکی بەڕێکرد کاتێ مردووەکە خرایە گۆڕەکەی کەس و کارەکەی هاوار و گریانیان لێ بەرز بوویەوە ، ئەویش فەرمووی : —

" ئەوانە بۆچی ئەگرین ؟ سوێند بەخوا ئەوەی مردووەکەیان دەیبینێت ئەگەر ئەمان بیاندیایە سەرسامی ئەو دیمەنانە مردووەکەی لەبیر ئەبردنەوە ، وە یەکە بە یەکە ئەگەڕێتەوە لایان تا تاقیان لێ ئەبڕێت .. " پاشان فەرمووی : — ئەی بەندەکانی خوا ، ئامۆژگاریتان ئەکەم بەتەقوای ئەو خوایەی کە نموونەی بۆ هێناونەتەوە و وادەکانی بۆ دیاریکردوون و ئەندامی بیستنی پێداون کە لە مەبەستەکانی بگەن و بینایی پێ بەخشیون تا ئەوەی پێ ببینن کە خوا دەیەوێت دلآنێکی پێ داوون کە بگات لەوەی بە دانایی و ژیری ڕەفتار بکات ... تا بزانن خوای گەورە ئێوەی بێ هودە خەڵق نەکردووە ، بەڵکو ئەو زاتە بە بەخششەکانی ڕێزی لێ ناون و پاداشتی بۆ ئامادە کردوون ، دەی ئێوەش ئەی بەندەکانی خوا لە خوا بترسن و پێ داگربن لە دوعاکانتاندا . وە پێش ئەوەی مردن ڕێتان پێ بگرێت ، کاری چاکە پێشبخەن ، چونکە خۆشی یەکانی دنیا هەمیشە نی یە ، و کەس لە ئازار و خەمەکانی دنیا ئەمین نی یە . بەڕاستی لە خۆبایی بوونێکی تێپەڕ بوو و کۆڵەکەیەکی لارە .

ئەی بەندەکانی خوا ئامۆژگاری لە گۆڕ وەرگرن و بە هەڕەشەکان داچڵەکێن و وریابینەوە وسوود لە ئامۆژگاری وەرگرن ، هەروەك ئەوەی ئێستا چنگی مردن پێتان گەشتبێ و خاك و خۆڵ لە باوەشی گرتبن و تۆقێنەرەکان بەفو کردن بە بووقدا (کەڕەنا) کتوپڕ ڕێی پێگرتبن و هەروەها بە پەرش و بڵاو بوونەوەی گۆڕەکان و ڕاپیچ کردنتان بەرە و مەحشەر و ڕاوەستان لەمەیدانی لێپرسینەوەدا و بە دەسەڵات و توانای خودای مەزن ، ئەوکاتەی هەموو کەس (سائق) ێکی هەیە و بەرە و حەشر ڕاپێچی ئەکات و (شاهد)ێکی هەیە شایەتی لەسەر دەدات .

[1] — صفه الصفوه (١ / ١٧٠) .

خوای گەورە دەفەرمووێت : ﴿وَأَشْرَقَتْ الأَرْضُ بِنُورِ رَبِّهَا وَوُضِعَ الْكِتَابُ وَجِيءَ بِالنَّبِيِّينَ وَالشُّهَدَاءِ وَقُضِيَ بَيْنَهُمْ بِالْحَقِّ وَهُمْ لا يُظْلَمُونَ﴾ سورة الزمر ، آية (٦٩). [١]

کە ولات بۆ ئەو ڕۆژە کەوتە لەرزین و بانگبێژ بانگی دا و گیانلەبەران حەشرکران و نهێنیەکان دەرکەوتن و دڵەکان کەوتنە لەرزین و دۆزەخ دەرکەوت بە جۆری کڵپەی دەهات و بڵێسەی بەرز بووەوە .

ئەی بەندەکانی خوا : تەقوای خوا بکەن ، تەقوای کەسێکی ترساو و بە ئاگا و بەرچاو ڕوون و داچڵەکاو ، تەقوای کەسێك پێداگر بووە لە دوعاکانیا ، هەلا تووە تا ڕزگاری بە دەست بێنێ و بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە کاری چاکەی پێشخستووە و بەو تێشووە پشتی قایم کردووە .. بەڕاستی خوا بەسە کە تۆڵەسێن و لە هەمان کاتدا پشت و پەنا بێت ... وە قورئانیش بەسە بۆت ببێتە بەڵگە و لە هەمان کاتدا لەسەرت بەڵگە بێت .

وە بەهەشت بەسە پاداشت بێت ، هەروەك ئاگر بەسە سزا و ئاکامێکی خراپ بێت .. خوا لە من و لە ئێوەش خۆش بێت . [٢]

" شەهید بوونی علی (رضي الله عنه) "

پاش گەشتێکی موبارەك کە عەلی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە ئیسلامدا بەسەری برد وەك داکۆکیکەرێك لەو ئاینەکە ماڵ و گیانی لە پێناویدا دانا بوو ، وادەی خوای پەروەردگاری پێ گەیشت ..

یەکێ لە پەر جووەکانی (معجزەکانی) پێغەمبەرایەتی ئەوەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وێنەی شەهید بوونی عەلی نیشانی (علی رضي الله عنه) داوە !!

[١] – واتە : ئەوسا بە نورێك کە خوا فەراهەمی دەهێنێت زەوی ڕووناك دەبێتەوە کارنامە و دۆسیەکانش دانراون ، سەرەتا پێغەمبەران و شەهیدان دەهێنرێن و دادوەری لە نێوانیندا ئەنجام دەدرێت بە شێوەیەکی حەق و ڕاستی ، بێگومان ئەوان هیچ جۆرە ستەمێکیان لێ ناکرێت .

[٢] صفة الصفوة (١ / ١٧١ ، ١٧٢) .

ئەوەتا لە عەمماری کوڕی یاسرەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە علی (رضي الله عنه) فەرموو : (أشقى الناس رجلان : أحيمر ثمود الذي عقر الناقة ، والذي يضربك يا علي على هذه يعني قرنه – حتى تبتل منك هذه من الدم ، يعني لحيته) [1]

واتە : بەد بەختترین کەسان دوو پیاون : یەکەمیان (اصیری ثمود) کە لەحوشترەکەی دا و کوشتی و دووەمیان ئەو پیاوەیە بە ئێرەتدا ئەکێشێ – واتە بەری سەریدا تاوەکو خوێنەکەی ئەمە تەڕ دەکات – واتە ڕیشی) بۆیە پێشەوا علی هەمیشە یەقینی بەوە هەبوو کە وەها شەهید دەکرێ ...

زەیدی کوڕی وەهەب دەڵێت : (علی هات بۆلای چەند تیرەیەك لە ئەهلی بەصرە لە (خوارج) ەکان ، پیاوێکیان لەناو دا بوو بە (جەعدی کوڕی بەعجە) ناسرا بوو ، پێ ی وت : ئەی عەلی لە خوا بترسە ، بێ گومان تۆ ئەمریت .

پێشەوا (علی) فەرمووی : " بەڵکو دەکوژرێم ، بەلێدانێك لە ئێرەم (ئاماژەی بۆلا سەری کرد) ، کە ئێرەم خوێناوی دەکات (واتە ڕیشم) بەڵێنێکە و دراوە و چارەنووسێکە و دیاریکراوە ئەوەش درۆ هەڵبەسێت ، بێ گومان خەسارەو مەندە " [2]

" کاتی زەماوەند بۆ بەهەشتی نەبڕاوە "

ئەصبەغی حەنزەلی دەڵێت : ئەو شەوەی (علی رضي الله عنه) بووکی گواستەوە ئیبنو التیاح لە دەمەوبەیاندا هات بۆ لای وتی : کە وەختی نوێژە (بانگ دانە) پێشەوا علی ڕاکشا بوو قورس بوو گوێ ی پێ نەدا ... دووبارە هاتەوە لای هەروا بوو .. بۆ سێەم جار هاتەوە لای ، پێشەوا (علی رضي الله عنه) هەڵساو ڕۆیشت و بەدەم ڕۆشتنەوە فەرمووی : –

اشدد حيازيمك للموت   فأن الموت لا قيكا
و لا تجزع من الموت   اذا حل بواديكا

ئەوە بو هەر کە گەیشتە دەرگا بچووکەکەی مزگەوت (ئیبنو ملجەم) ڕێ ی پێ گرت و لێ ی دا .

[1] – صحيح / احمد و حاكم بە سەنەدێکی ڕاست گێڕاویانەتەوە .
[2] بڕوانە – صفة الصفوة (١ / ١٧٤) .

وە لە شێخێکی قورەشی یەوە ، دەڵێت : کە ئیبنو ملجەم دای لە (علی رضي الله عنه) فەرمووی : (سەرکەوتم .. بە پەروەردکاری کەعبە قەسەم) .

وە لە (محمد)ی کوڕی علی ەوە ، کە لە علی درا (ڕەزا و رەحمەتی خوای لێ بێت) وەسیەتی کرد بۆ کوڕەکانی و دواتر هیچی نەوت جگە لە وشەی (لا الــه الا الله) هەتا گیانی سپارد .[1]

ئەو جا هەردوو کوڕەکەی حەسەن و حوسەین لەگەڵ (عبدالله ی کوڕی جعفر) شۆردیان و (حسن رضي الله عنه) نوێژی لەسەر کرد .

" گریانی موعاویە (رضي الله عنه) لەسەری "

لە ئەبی صالحەوە ، دەڵێت : ضراری کوڕی ضمره ی کنانی هاتە لای معاویە وە پێی وت : وەسفی (علی)م بۆ بکە ، ئەویش فەرمووی / ئەکرێ ئەم داوایەم لێ نەکەی ؟ وتی / ناکرێ ، ئەویش فەرمووی / مادەم وایە ناچارم وەسفی (علی رضي الله عنه) بکەم : —

" سوێند بە خوا .. ئەو زۆر دوور بین و بە هێز بوو .. کە قسەی دەکرد بابەتەکەی یەکلا دەکردەوە و بەدادپەروەریش حوکمی دەکرد ، زانست لە هەموو لایەکیەوە هەڵدەقولا و دانایی لە هەموو ڕوویەکیەوە هاتبووە ئاخاوتن . لە ئاست دنیا و خۆشی یەکاندا خۆی بە غەریب دائەناو هاودەم و هۆگری شەو و تاریکی شەو بوو ، ئەو سوێند بە خوا فرمێسکی وەك باران بوو بیری درێژی بوو ، پشتی دەستی هەڵدەگێرایەوە و لەگەڵ خۆی گفتوگۆی ئەکرد .. حەزی لە جل و بەرگێك ئەکرد لەسەر ووی پێیەکانیەوە بێت . وە حەزی بە خۆراکی وشك و ڕەق دەکرد ، سوێند بێ بەخوا ئەو وەك یەکێك لە ئێمە وابوو ، کاتێ ئەهاتینە لای ، لێمان نزیك دەبوویەوە ، کاتێك پرسیارمان لێ بکردایە بە باشترین شێوە وەڵامی ئەداینەوە .

ئێمەش هەر چەندە کە لێوەی نزیك بووین ، بەڵام لەبەر ئەو سام و هەیبەتەی کە هەیبوو قسەمان لەگەڵ نەئەکرد ، خۆ ئەگەر پێ بکەنیایە ئەوە ددانەکانی وەك مرواری ڕێك کراو دەردەکەوتن ..

---

[1] — بڕوانە / احیاء علوم الدین (٤ / ٤٧٩) و بڕوانە البدایه و النهایه (٥ / ٤٣٧) .

ئـەهلی ئـاینی بەگـەورە سـەیر ئـەكرد و هـەژارانی خـۆش ئەویـست و هـەرگیز فەرمانبەرداری كەسی بەهێز نەبوو ، ئەگەر لەسەر ناهەق بوایە و هەروەك بیٚ دەسەلاٚتانی لەدادپەروەری خۆی بیٚ هیوا نە ئەكرد ... شایەتی ئەدەم بە خوا كە هەندیٚ جار بینیومە شـەو بـالٚی بەسـەر دنیـادا كێـشاوە و ئەسـتێرەكانی دەدرەو شـانەوە (علـی ﷺ) لـە میحرابەكەیـدا دەسـتی بەریـشیەوە گرتبـوو وەك مارانگازێـك ئـۆقرەی نـەبوو ، هـەروەك خەفەتبارێك ئەگریا ...وەك ئەوەی ئێستا گوێم لیٚ بێت وایە ، كە دەیوت :

" ئـەی پـەروەردگارا ، ئـەی پـەروەردگارا " و لەبـەر دەسـتی پەروەردگاریـدا دەلاٚیەوە و پاشان بە دەنیای ئەوت : " چیە ؟ ئەتەویٚ فریوم بدەی ؟ چاوت لە منە ؟ هەرگیز و هەرگیز ، بڕۆ غەیری من فریو بدە ، چونكە من سیٚ بە سیٚ تەلاٚقم داویت ، لەبەر ئـەوەی تەمـەنت كورتـە و جێگـات بـیٚ نرخـە و مەترسیـشت زۆرە ، ئـای لـە كـەمی توێـشوو ! ودووریی سەفەر و تەنهایی ڕیٚ ! "

دەڵێـت : لێرەدا فرمێسكەكانی معاویـە دەكـەوتن بەسـەر ڕیـشیدا و بـۆی ڕاگیر نـە ئەكرا و بە قۆڵی كراسەكەی دەیسڕی .. خەڵكەكەش دایانە قوڵپەی گریان ، معاویە وتی / (ئەبولحسن) بەم جۆرە بوو ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت .. تۆ چ نارەحەتی و ئازارێكت بۆی هەیەی ئەی ضرار ؟

وتـی : نارەحـەتی كەسـێك تاقانەكـەی لـە ئامێزیـدا سـەربڕا بێـت و فرمێـسكی نەگیرسێتەوە و خەفەت و ئازاری دا نەمركێتەوە .. پاشان هەڵساو ڕۆیشت .[1]

خوا خافیزی : –

پێشەوا (علی ﷺ) ، دەفـەرموێت: بـۆ خـەڵكی وەك هـەنگ بـۆ باڵنـدە بـن ، لـەناو باڵندەكاندا نی یـە بـە بچوك و بیٚ دەسـەلاٚت لـە هـەنگ نـە ڕوانیٚ و نەیچەوسێنێتەوە خۆ ئەگەر باڵندەكان بیانزانیایە چ بەرەكەتێك لە ناخی هەنگدایە ، ئەوەیان پیٚ نەئەكرد .

" بـە زمـان و جەسـتە تـان تێكـەڵی خـەڵك بكـەن ، بـەلاٚم كـردەوە و دڵـەكانتان لەخەڵكی جیابكەنەوە ، چونكە ئـەوەی بۆ مرۆڤ دەمێنێتـەوە كـردەوە كانیـەتی ، وە ڕۆژی دوایش لەگەڵ ئەو كەسەدایە كە خۆشی دەوێت "

[1] – تەبەرانی / ریوایەتی كردووە البدایە : (٥ / ٤٩٥) .

" ٥ – تەڵحەی کوڕی عبیداللە (رضي الله عنه) "

شەهیدێک بە سەرزەویدا دەڕوات

کێ یە ؟

تەڵحەی کوڕی عبیداللە ی قریشی و تەیمی مەککی و باوکی محمد ە ، یەکێکە لەو دە هاوەڵەی مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە ، لەسەر دەستی ئەبوبەکری صدیق(رضي الله عنه) موسڵمان بووە .. کەسێکی جوانخاس بوو ، لە ڕۆشتنندا زۆر خێرا بوو [1] وە یەکێ بوو لە هاوەڵە دەوڵەمەندەکان .

" چاکەکانی "

١ – لە جابرەوە ، تەڵحە بەلای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) تێپەڕی .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " شهيد يمشي على وجه الأرض " [2]

٢ – هەر لە جابرەوە ، دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ)بووە فەرموویەتی : " من سره أن ينظر الى شهيد يمشي على وجه الأرض ، فلينظر الى طلحة بن عبيدالله " [3]

واتە : کێ حەز ئەکات سەیری شەهیدێك بکات کە بەسەر زەویدا ئەڕوات ، با سەیری تەڵحەی کوڕی عبیداللە بکات .

" بەخشندەیی تەڵحە "

لە سوعدای کچی عەوفی خێزانی تەڵحەوە ، دەڵێت : تەڵحە هات بە ژووردا ، بینیم زۆر خەمبار بوو . پرسیم : چیتە ؟ شتێك بووە ؟

---

[1] - بڕوانە : طبقات ابن سعد (٣ / ١ / ١٥٦) .

[2] - صەحیحە / صەحیحە سوننەتەکانی ئیبنو ماجە یە (١٠٢) ، فەرموودەی ژمارە (١٢٦) .

[3] – صەحیحە / صەحیحە سوننەتەکانی ترمزی (٢٩٤٠) .

وتی ک ئەو سەروەت و سامانەی هەیە زۆر بووە ، ئەمەش ئازارم ئەدات ، منیش پێم وت : گوێ ی مەدەرێ ، بەشی کە بەسەر خەڵکیدا . ئەویش دەستی کرد بە بەشکردنی تا دوا درهەمی ...

تەڵحەی کوڕی یەحیا دەڵێت : پرسیارم لە خەزنەداری تەڵحە کرد کە ئەو پارەیە چەند بوو ؟ وتی : چوار سەد هەزار .[1] وە بە هۆی زۆر بەخشندەیی تەڵحەوە بە (تەڵحەی خەیر) ناسرا بوو .

" جیهادی تەڵحە لە پێناوی خوادا "

تەڵحە لە پێناو ئەم ئاینەدا تووشی سەختی و بەڵای زۆر هاتووە و لە هەموو بۆ ئەو جەنگەکاندا بەشداری کردووە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا جگە لە (بەدر) وە زۆر بەسەرکەوتوویی لەوتاقیکردنەوانەدا دەرچووە .

وە لە ڕۆژی (ئوحود) دا خاوەنی دەستێکی سپی بوو . ئەوە بوو لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە و بە دەستی پارێزگاری لێ کرد تاوەکو پەنجەکانی لە ئیش کەوتن ، لەو ڕۆژەدا تەڵحە لە (٢٤) لاوە بریندار کرا ، وتراویشە کە لە (٧٥) لاوە بریندار بووە لە نێوان لێدان و پیکان و بۆ هاویژتندا .. بۆیە لەو ڕۆژەدا پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا بە (تەڵحەی خەیر)[2] پێشەوا ئەبوبەکر هەر کە باسی ڕۆژی ئوحود بکرایە ئەیفەرموو : ئەو ڕۆژە هەمووی ڕۆژی تەڵحە بوو " .

وە لە جابرەوە ، دەڵێت : ڕۆژی ئوحود کاتێ خەڵکی پشتیان هەڵکرد و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە لایەکەوە لەگەڵ (١٢) پیاودا مایەوە کە تەڵحە یەکێکیان بوو ، بێ باوەڕان لێیان هاتنە پێشەوە ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی :

" مـن للقـوم ؟ " کێ ڕووبەڕووی ئەوانە دەبێتەوە ؟ تەڵحە فەرمووی : من ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (کما انت) تۆ لە جێی خۆت بمێنە ئەوجا پیاوێك

---

[1] - پیاوانی فەرمودەکە جێ ی متمانەن ، هەیپەمی لە المجمع (٩ / ١٤٨) باسی کردووە و دەڵێت : تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە .. پیاوانی فەرموودەکە جێ ی متمانەن .

[2] - بڕوانە / صفة الصفوه (١ / ١٧٦) فەرموودەکە لاوازە . ڕای جێگیر ئەوەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (جوامێر) ناوی لێ ناوە، هەیپەمی دەڵێت / تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە ، ئیسنادەکەیشی باشە ، المجمع (١٤٨٠٣).

وتی: من، فەرمووی : تۆ هەڵسە بۆیان ئەویش لەگەڵیان جەنگا هەتا کوژرا ، پاشان ... پێغەمبەر (ﷺ) ئاوڕی دایەوە دەیبینی بێباوەڕان دەوریان داوە .. فەرمووی :

" من للقوم ؟ " تەڵحە فەرمووی : من فەرمووی (ﷺ) : - تۆ لە جێ ی خۆت بمێنە .. پیاوێك لە ئەنصار وتی : من ، فەرمووی (تۆ هەلسە) ، پیاوەکە جەنگا هەتا کوژرا ... کارەکە بەردەوام بوو تاوەکو بە تەنها تەڵحە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا مایەوە .

فەرمووی : " من للقوم ؟ " تەڵحە فەرمووی :

من ئەوە بو تەڵحە بە توانای هەر یانزە پیاوەکە شەڕی کرد تاوەکو پەنجەکانی قرتا و فەرمووی : پەنجەکانم قرتان ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " لوقلت : بسم الله لرفعتك الملائكة ، والناس ينظرون " واتە: گەر بتوتایە بەناوی خوا ، فریشتەکان بەرزیان ئەکردیتەوە بە بەرچاوی ئەو خەڵکەوە . دواتر خوای پەروەردگار بێ باوەڕانی ڕەت کردەوە .[1]

ئەو ڕۆژەپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " أوجب طلحة " . تەڵحە بەهەشتی واجب کرد .. لەبەر ئەوە ، بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو (درع)ی[2] پێوە بوو بوو ویستی هەڵسێتەوە تاوەکو بچێتە سەر بەردێك کە لەوناوەدا بوو ، نەیتوانی ، تەڵحە خۆی بۆ دانەواند ، ئەویش چوە سەر پشتی تا هەڵسایەوە ، ئەو جا فەرمووی " أوجب طلحة "[3]

" شەهید بوونی تەڵحە "

لەگەڵ ئەوەداکە تەڵحە (رضي الله عنه) لە جەنگی ئوحود دا شەهید نەبوو ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی دا بە شەهید بوونی کە ئیتر هەواڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسەی تیا نیە .

---

[1] -ڕاویەکانی جێ متمانەن : نەسائی ڕیوایەتی کردووە ، زەهەبی دەڵێت : ڕاویەکانی جێگەی متمانەن ، بڕوانە (سیر) (١ / ٢٧١) .

[2] - درع : کراسی تەنراو بە زنجیری ئاسن .

[3] بڕوانە : البدایە (٥ / ٣٤٤) .

لە (تەڵحە)وە ، دەڵێت : هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەشتەکی یەکی نەخوێندەواریان وت : دەربارەی ئەو کەسی کە کوژرا پرسیاری لێ بکە بزانە کێ بوو ؟ ئەوان خۆیان نەیاندەوێرا ئەو پرسیارەی لێ بکەن .. شەرمیان لێ دەهات و سامیان لێ دەکرد لەبەرهەیبەتی (ﷺ) . ئەوە بوو دەشتەکی یەکە پرسی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پشتی هەڵکرد . دیسان پرسی یەوە . دیسان پشتی هەڵکردەوە ، ئەمجارەیش پرسی یەوە و دووبارە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پشتی هەڵکرد . ئەو جا من لە دەرگای مزگەوتەکەوە ڕوانیم و بەرگێکی سەوزم لە بەردا بوو ، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بینی فەرمووی : " أين السائل عمن قضى نحبه ؟ " واتە : کوا ئەو کەسەی پرسیاری لە کوژراوەکە ئەکرد ؟ دەشتەکی یەکە وتی من بووم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " هذا ممن قضى نحبه " واتە : ئەمەیەکێ بوو لە کوژراوەکان .[1]

ڕۆژان تێپەڕین و تەڵحە هەر بە دەوری پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بوو ، لە هەموو هەڵوێستەکاندا و کاتێکیش پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد لە تەڵحە ڕازی بوو .

ئەو کاتەی مەسەلەکەی پێشەوا (عوسمان) (رضي الله عنه) هاتە پێشەوە ، تەڵحە کەنارگیری کرد ، ئەوە بوو هەندێ کەس ئەمەیان گێڕایەوە بۆ ئەوەی شتێکی لە دڵدا هەڵگرتبێ ، لەبەر ئەوە لەڕۆژی (الجمل)[2] دا ئامادە بوو وە علی کوڕی ئەبو تالیب (رضي الله عنه) لەگەڵی کۆ بوویەوە و ئامۆژگاری کرد . ئەویش چووە دواوە و لە ناو یەکێ لە ڕیزەکاندا وەستا ، لەوێدا تیرێکی نادیاری[3] لێ دراو بەر ئەژنۆی کەوت ، وە دەشوترێ کە بەرملی کەوتووە ، لەوێدا وەفاتی کرد (رضي الله عنه) . زەهەبی دەڵێت : بکوژی تەڵحە لە تاوان و گوناهیدا وەك بکوژی (علی رضي الله عنه) وایە .[4]

---

[1] - فەرموودە (حسن)ی (صحيح)ە / صەحیحی سوننەتەکانی ترمزی (٢٩٤٢) .

[2] - ڕووداوی (الجمل) لە نێوان (علی) لە لایەك و عائیشە و تەڵحە و زبێر لەلایەکی دیکەوە " ڕەزای خوا لە هەموویان بێت " وە هۆکەشی ئەو پیلانانە بوو کە دژی دەوڵەتی ئیسلامی دەکرا زبڕوانە (العواصم من القواصم).

[3] - واتە نازانرێ تیرهاوێژەکەی کێ بوو .

[4] - اسنادەکەی (حسن)ە . هەیپەمی دەڵێت : تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە . ئیسنادەکەی (حسن)ە . المجمع (٩ / ١٥٠) .

" سۆزی علی بۆ تەڵحە "

لە تەڵحەی کوڕی مەترەفەوە : عەلی (رضي الله عنه) هاتە لای (تەڵحە) ، ئەو کاتەی تەڵحە گیانی سپارد بوو . لەسەر وڵاخەکەی دابەزی و تۆزی سەردەم و چاو و ڕیشی تەکاند بە جۆرێك ڕەحمی بۆی دەچوو ، فەرمووی " خۆزگە بیست ساڵ پێش ئەم ڕۆژە بمردمایە".[1] وە لە قەیسی کوڕی عەبادەوە ، دەڵێت : " گوێم لە (علی) بوو (رضي الله عنه) ڕۆژی (الجمل) بە (حسن)ی کوڕی فەرموو : " ئەی حەسەن ، حەزم ئەکرد بیست ساڵ پێش ئێستا بمردمایە " . وە لە (علی) یەوە (رضي الله عنه) فەرمووی : " مژدەی ئاگر بە بکوژی تەڵحە بدەن . (سیر أعلام النبلاء) ، (١ / ٣٧) .

---

[1] - ئەسنادەکەی (باشە) ، تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە ، پیاوانی فەرموودەکە جێ ی متمانەن هەیپەمیش وا دەڵێت : المجمع (٩ / ١٥٠) .

" ٦ - زوبێری کوڕی عەووام(رضي الله عنه) "

" یەکەمین کەسێک کە شمشێرەکەی لە پێناوی خوادا ڕاست کردەوە "

کێ یە ؟

زوبێری کوڕی عەووامی کوڕی خوەیلیدە ، (حواری)[1] ی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و کوڕە پوری بووە کە خاتوو (صفیەی کچی عبدالمطلب)ە و یەکێکە لەو دە هاوەڵەی کە مژدەی بەهەشتی پێ دراوە ، و یەکەمین کەسێك لە پێناو خوادا شمشێرەکەی لە کالانی دەرهێنا [2] .

باوکی (عبدالله ی کوڕی زوبێر)ە (رضي الله عنه) لەسەر دەستی (صدیق رضي الله عنه) موسڵمان بووە و ئیسلام بوونیشی دوای ئیسلام بوونی ئەبوبەکر و ، واتە چوارەم یان پێنجەم موسڵمان بوو . کەسێکی زۆر بەخشندە و خێرۆمەند بوو لە پێناوی خوادا .

" چاکەکانی "

١- لە زوبێرەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی گرتم و فەرمووی : " لکل نبي حواري ، حواريّ الزبير و ابن عمتي " [3] .

واتە : هەر پێغەمبەرێك (حواری) یەکی هەیە (حواری) منیش زوبێرە کە کوڕی پوریشمە .

٢- لە عورووەوە ، کە عائیشە (رضي الله عنها) پێی ی فەرموو : ئەی خوشکە زا ، باوکت (واتە زوبێر) و ئەبابەکر لەوانە بوون کە خوای پەروەردگار دەربارە یان فەرموویەتی : ﴿الَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِلَّهِ وَالرَّسُولِ مِنْ بَعْدِ مَا أَصَابَهُمُ الْقَرْحُ ...﴾ سورة ال عمران ، آية (١٧٢)*

---

[1] - حواری : سەرخەو پاڵپشت ،و تراویشە : پوخت و بێ گەرد لە هەموو شتێك و لەوەشەوە هاوەڵانی (عیسی سەلامی خوای لەسەر بێ بە (حواریون) ناو براون .

[2] - پیاوانی جێ متمانەن : تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە بە ڕاگیراوی لەسەر (عروەی کوڕی زبێر) ، بڕوانە المجمع (١٤٨٣٠) .

[3] - صحیح : حاکم ڕیوایەتی کردووە ، دەڵێت : صەحیحە ، زەهەبیش ئەم ڕایەی هەیە . ئەرنە ئوت دەڵێت هەر بەو جۆرە یەکە ئەو دووانە وتیان ، سیر (١ / ٤٨) .

واتە : ئەوانەی کە بەدەم بانگەوازی خوا و پێغەمبەرەوە (ﷺ) چوون ، دوای ئەوەی کە تووشی ناخۆشی و زام و ئێش بوون …

" خۆ گری زوبێر لەسەر ئازاردانی لە پێناوی خوادا "

لە یەتیمی عوروەوە ، دەڵێت : زوبێر کاتێ هیجرەتی کرد هەژدە ساڵان بوو مامی ئەیبەستەوە و جگەرەی لەسەر ئەکێشا ، ئەویش ئەیوت " هەرگیز ناگەڕێمەوە سەر کوفر "[1]

وە لە عوروەوە ، دەڵێت : زوبێر بە (٨) ساڵی موسڵمان بوو ، فریشکێك (نفحة) لە شەیتانەوە هات کە گوایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەر مەککەوە فڕێنراوە ، ئەوە بوو زوبێر کە غولامێکی (١٢) ساڵان بوو ئەو کاتە ، بە خۆی و شمشێرەکەیەوە هاتە دەرەوە و هەر کەس ئەیبینی سەری سوڕدەما و ئەیوت ئەم غولامە شمشێری پێ یە ، تا گەیشتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێ ی فەرموو : " مالك یا زبیر " چیتە زوبێر ؟ ئەویش هەواڵی پێ دا و وتی :

" هاتووم بە شمشێرەکەم بدەم لەوەی کە تۆی ڕفاندوە !!

پێغەمبەری خواش (ﷺ) دوعای بۆ خۆی و شمشێرەکەی کرد .[2]

نووسەر دەڵێت : ئەی ئێستا کێ هەیە داکۆکی لە ئیسلام بکات ئەی پیاو نیە ؟ لە کاتێکدا حورمەتی ئاین پێشێل ئەکرێ و بێ شەرمی بەرامبەر پیرۆزی لەکانی دەکرێت ، کوان گەنجەکانمان لەم ڕۆژەدا ؟ کوا غیرەت و پیاوەتیمان لە کاتێکدا هەرچی هێزی سەر زەوی هەیە کۆ بوونەتەوە بۆ نەهێشتنی شوێنەوارەکانی ئەم دینە و سەر شۆڕکردنی ئەهلەکەی ؟

---

* صحیح: صحیح ی سوننەتەکانی ابن ماجە (١٠١).

[1] - پیاوانی جێ متمانەن : هەیپەمی دەڵێت : تەبەرانی لە(الکبیر) دا ڕیوایەتی کردووە ، بەلام دەڵێت : (مرسل)ە . المجمع (٩ / ١٥٢) .

[2] - پیاوانی جێ متمانەن ك ئەحمەد و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کرووە ، ارنۆوط دەڵێت : پیاوانی جێ متمانەن، سیر (١ / ٤٢) .

وە لە هیشامی کوڕی عوروە وە ، دەڵێت : زوبێر سەر لەبەیانی ڕۆژی (الجمل) وەسیەتی کرد بۆ (عبداللە)ی کوڕی و فەرمووی : " هیچ ئەندامێکی نی یە لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بیرندار نەبوبێ هەتا عەورەیشی .[1]

" خەباتی زوبێر لە ڕۆژی بەدر "

ڕۆژی بەدر دوو ئەسپ سوار لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا بوون (ﷺ) ، زوبێر لەسەر ئەسپێك لەلای ڕاستی یەوە و (میقدادی کوڕی ئەسوەد)یش لەسەر ئەسپێك لەلای چەپیەوە .

لە هیشامی کوڕی عورەوە وە ، لە باوکیەوە ، دەڵێت : زوبێر ڕۆژی بەد مێزەرەیەکی زەردی بەسەرەوە بوو ، ئەوە بوو جبرەئیل سەلامی خوای لێ بێ لە سیمای زوبێردا هاتە خوارەوە .[2]

" جیهادی زوبێر هەر لە ڕۆژی بەدرا "

عەلی کوڕی ئەبی تالیب (﵁) دەفەرموێت : ئازاترین پیاو زوبێرە و کەسیش قەدری پیاو نازانێت پیاو نەبێت ..

لە زوبێرەوە دەڵێت :

ڕۆژی بەدر بە (عوبەیدەی کوڕی عاص) گەیشتم کە ئەو هەموو گیانی پرچەك بوو تەنها چاوەکانی دەبینران ، نازناوی (أباذات الكرش)[3] بوو . منیش نوکی (عنزەکەم)[*] بۆی هەڵگرت و کردم بە چاویدا تا مرد ، وە فەرمووی : قاچم خستە سەری و بە زەحمەت سەرە ڕەمەکەم کێشایەوە دەرەوە ، لە ڕاستیدا سەرەکەی نوشتا بووەوە .[4]

عوروە دەڵێت :

---

[1] - اسنادەکەی (صحيح) ە / صەحیحی سوننەتەکانی ترمزی (٢٩٤٥) .

[2] - ئیسنادەکەی (صحيح)ە / (مرسل)ە ، تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە . المجمع (٦ / ٨٤) .

[3] - کوشتن : یاخود مۆن و دەم و چاو دراو بەیەکدا .

[*] عنزە : درێژترە لە دار دەست و کورتترە لە ڕم .

[4] - صحيح : بوخاری ڕیوایەتی کردووە .

هـاوەڵانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە زوبێریـان وت : خـۆت نابەسـتیتەوە (ئامادە ناکەیت) تا ئێمەش لەگەڵ تۆدا خۆمان توندکەینەوە ؟ فەرمووی : ئاخر گەر من خۆم ببەستمەوە ئێوە قسەکەتان نابەنەسەر .

وتیان : درۆ ناکەین .

ئەویش خۆی تونـدکردەوە و بە ناویانـدا ڕۆیـی تـا ڕیزەکانیانی بڕی وئەوە بوو لێیان تێپەڕی و هیچ کەسیش لەگەڵ نەبوو ، پاشان گەڕایەوە ، ئەوانیش لە غاوەکەی یان گرت و دوودانـەیان لـە شانی دا ، لـە نێوان ئـەو دوو لێدانـەدا لێدانێکی دیکە هەبوو کە لەڕۆژی بەدرا تووشی هاتبوو .

عوروە دەڵێت : کـاتێ منـداڵ بـووم پەنجـەم ئەخستە سـەر شـوێنی ئـەو لێدانانـە و یاریم ئەکرد .[1]

" جیهادی زوبێر ڕۆژی یەرموك "

حـافظ ئیبنـو کـەثـیر دەڵێـت : لەوانـەی کـە بەشـدار بـوون لـە ڕۆژی یەرموکـدا (زوبێری کوڕی عەوام) بو ، لە هەموو ئەو هاوەڵانـەی کە لـەوێ بوون باشتر بوو ، یـەکێ بوو لە ئەسپ سواران و پیاوە بە جەرگـەکان ، ئـەوە بـوو کۆمـەڵێك لـە پیاوانی پاڵـەوان و بەجەرگ ئەو ڕۆژە لەلای کۆبوونـەوە و پێیان وت : ئایا خـۆت ئامادە ناکـەیت تـا ئێمـەش خۆمان ئامادە کەین ؟ فەرمووی: ئەترسم ئێوە خۆگرنەبن.

وتیـان : بۆنـا ، ئـەوە بـوو خۆیـان ئامـادەکرد ، کـاتێ ڕووبـەڕووی ڕیزەکـانی ڕۆم بوونەوە دەستیان کێشایەوە، بەڵام ئەو هەربەرە و پێشەوە هات تا ڕیزەکانی ڕۆمی بری و لەلایەکی ترەوە سەری کێشایە دەرەوە و گەڕایەوە بۆ لای هـاوەڵانی ، پاشـان جارێکی تـر هاتنەوە بۆ لای ، هـەروەك یەکەمجاری کرد و لـەو ڕۆژەوە لـە دوولاوە لـە نێـو شـانەکانیدا بریندار بوو .

هەر ئیبنو کەثیر لە جێگایەکی تردا دەڵێت : " وە زوبێریش لەگەڵ خەڵکیدا بـەرەو شام بەرێ کەوتن بۆ جیهاد و لەوێ بەشداری یەرموکی کرد ، ئـەوە بـوو بـە ئامادە بوونی

[1] - سیرا اعلام النبلاء (١ / ٦٢ ، ٦٣) .

ئەو موسڵمانان شەرەفمەند بوون وە دەستێکی سپی و هیمەتێکی بەرزی لەو ڕۆژەدا نواند ، دوجار ڕیزەکانی سوپای ڕۆمی بڕی لە یەکەمیانەوە تا ئەخیریان (دواهەمینیان).

" جیهادی زوبێر لە جەنگی حونەین دا "

ڕۆژی حونەین زوبێر دای لە بێباوەڕان تا لە جێگای خۆیان دەرییەڕاندن ، سەرکردەی بێ باوەڕان چاودێری ڕێ و شوێنی شەڕەکەی ئەکرد ، یەکێ لە هاوڕێکانی پێ ی ڕاگەیاندن کەوا ئەسپ سوارێك ئەبینن ڕمەکەی بەسەر شانیەوەیەتی و سەری بە مێزەرێکی سوور پێچاوە .

وتی : ئەوە زوبێری کوڕی عەووامە ، سوێند بێ بەلات و عوززا ئەزانم کە تێکەڵتان ئەبێت ، ئێوەش وریابن و خۆتانی بۆ جێگیر کەن ، ئەوە بوو کاتێ زوبێر گەیشتە ئەو شوێنەی بێباوەڕانی لێ بوو دیتنی ، ئەوجا بەرەو ڕوویان ڕۆیشت و بەردەوام لێ ی دەدان تا دەرییەڕاندن .

کاتێکیش (عەمری کوڕی عاص) بەرەو (میصر) ڕۆشت بۆ ڕزگار کردنی ، هێزێکی (٣٥٠٠) کەسی لەگەڵدا بوو ، بۆیە نامەیەکی نارد بۆ پێشەوا (عمر) (ﷺ) تیایدا داوای یارمەتی هێزی تری لێ دەکرد . عومەریش (ﷺ) لە خەمی کەمی ژمارەی هێزەکەی عەمر دا بوو ، بۆیە زوبێری لەگەڵ (١٢) هەزار جەنگاوەردا نارد . وتراویشە کە (عمر) چوار هەزار پیاوی ناردووە بەسەرویانەوە چەند هاوەڵێك لە پاڵەوانان و گەورەکانی ناردووە لەوانە : زوبێر و مقدادی کوڕی ئەسوەد و عەبادەی کوڕی صامت و مەسلەمەی کوڕی موخەلەد و ...

کۆمەڵی تر دەڵێت : خارجەی کوڕێ حوزافە چوارەمیان بووە . ئینجا عومەر (ﷺ) ئەمەی بۆ عەمر نووسیوە : " ئەوە من بە چوار هەزار پیاو هاوکاریت ئەکەم ، کەبەسەر هەر هەزارێکەوە پیاوێکم داناوە لە پلەی هەزار پیاو ، ئەوە بوو (زوبێر) بەسەر هەموویانەوە بوو .[1]

[1] - سەرکردەکانی ئەتحی میصر و شام (ص ٢٠٨ ، ٢٢٧) ، صلاح الامە (٣ / ٣٢٢ ، ٣٢٣) .

کاتێ زوبێر گەیشتە لای عەمر بینی ئابلۆقەی قەڵای (بابلیون)ی داوە . زۆری پێ نەچوو زوبێر چووە سەر ئەسپەکەی و بەدەوری ئەو کەندرەدا (خەندەق) کە بەدەوری قەڵاکەدا هەڵکەنرا بوو سوڕایەوە ، پاشان سوپاکەی دابەشکرد بە دەوری خەندەقەکەدا...

ئابلۆقەدانەکە درێژەی کێشا بۆ (٧) مانگ .. ئینجا بە زوبێر وترا لەناو قەڵاکەدا تاعوون بڵاو بۆتەوە . ئەویش فەرمووی : " ئێمە هاتووین بۆ لێدان و بۆ تاعونیش " .

ئەوە بوو ڕزگاری بۆ عەمری کوڕی عاص دواکەوت ، بۆیە زوبێر وتی : " من خۆم بەخش ئەکەم بۆ خوا ، بەڵکو بەم کارەم خوا ڕزگاری بێنێت بۆ موسڵمانان . "

هەڵسا پلەکانیەکی هێنا و لە ڕووی (سوق الحمام) ەوە پاڵی دا بەلایەکی قەڵاکەوە و بەسەریدا سەرکەوت و فەرمانی پێ کردن کە هەر گوێیان لە (تکبیر) کردنی بوو هەموویان وەڵامی بدەنەوە .. هێندەی نەبرد هەستیان کرد زوبێر بەسەر قەڵاکەوە (تکبیر) دەکات و شمشێرەکەی بەدەستەوەیە ، ئەوە بوو خەڵکەکە هەموو بەسەر پلەکانەکەوە سەرکەوتن ، تاوەکو عەمر ڕێگەی لێ گرتن لە ترسی ئەوەی پەیژەکە نەشکێنن .

ئەوە بوو کاتێ ڕۆمەکان بینییان وا موسڵمانەکان زەفەریان بەقەڵاکە بردووە پاشەکشەیان کرد ، بەوەش دەروازەکانی قەڵای بابلیون بەڕووی موسڵماناندا کرایەوە و بەفەتح کردنیشی ئەو جەنگەی بۆ ڕزگاری میصر کرا بوو یەکلایی کرایەوە .

لە ڕاستیدا ئەو پاڵەوانێتی و بە جەرگی یە دەگمەندی زوبێر هۆی ڕاستەوخۆی سەرکەوتنی موسڵمانان بوو بەسەر (مقوقس)دا .. [1]

" خەباتی زوبێر ڕۆژی ئوحود "

لە عائیشەی دایکی ئیماندارانەوە ، دەڵێت : کاتێ بێ باوەڕان ئوحودیانبە جێ هێشت و ئەوەی بەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاوەڵانیدا هات ، هات و پێغەمبەر(ﷺ) ترسالەوەی بێ باوەڕان بگەڕێنەوە ، بۆیە فەرمووی " من ينتدب لهؤلاء في آثارهم ، حتى فيعلموا أن بناقوة ؟

[1] - سەرکردەکانی فەتحی میصر و شام (ص ٢٠٨ ، ٢٢٧) ، صلاح الامە (٣ ، ٣٢٢ ، ٣٢٣) .

" واتە :" کێ نوێنەرایەتی ئەکات لە شوێن پێ کەوتنی ئەوانداتا بزانن کە خاوەنی هێزێکین ؟ " ئەبو بەکر و زوبێری لەگەڵ حەفتا جەنگاوەر دا هەڵبژارد ئەوانیش دوای بێ باوەڕان کەوتن .. بێ باوەڕان ئەمەیان بیست بۆیە ڕۆشتن نەگەڕانەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَانْقَلَبُوا بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ لَمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ ﴾ سورة آل عمران آية،(١٧٤) .

واتە : ئەوسا ئیتر موسڵمانان گەڕانەوە هاوڕێ لەگەڵ فەزڵ و ناز و نیعمەتی خوایی دا ، هیچ ناخۆشی یەکیشیان بۆ پێش نەهات . بەو جۆرە بە هیچ کەس لە دوژمنانیان نەگەیشتن .[1]

" ڕۆژی خەندەق "

لە عورەوە وە ، کوڕی زوبێر[2] (رضي الله عنه) پێ ی وتووە : بابەگیان چاوم لێت بوو ڕۆژی خەندەق بەسەر ئەسپە زەردە کەتەوە شالاوت دەبرد .

فەرمووی : منت بینی کوڕم ؟ وتی : بەڵێ ، فەرمووی : دەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو ڕۆژە دایك و باوکی بۆ باوکت کۆ دەکاتەوە و دەفەرموێت : " ارم فداك ابی و أمی " .[3] واتە : بیهاوێژە دایکم و باوکم بە فیدات بن ... وە لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە ، لە زوبێرەوە ، فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژی (قریظه) دایك و باوکی بۆم کۆکردەوە و فەرمووی : " بأبی و أمی " دایك و باوکم بە قوربانت بن .. (صحیحی سوننەتەکانی ترمزی) ، (٢٩٤٣) . نووسەر دەڵێت : ئەمەش وتەی ئەوا نەڕەت دەکاتەوە کە ئەڵێن تەنها سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصی بەمە تایبەت کردووە .

---

[1] - صەحیح : بەشی بەکەمی بوخاری ڕیوایەتی کردووە ، وە موسلیم و ابنو ماجە و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە .

[2] - مەبەست عبداللە ی کوڕی زوبێرە (رضي الله عنه) ، چونکە (عوروە) پێغەمبەری خوا (ﷺ) ی نەبینیوە .

[3] - پیاوانی فەرموودەکە جێ ی متمانەن ، ئەحمەد لە (١ / ١٦٤) و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە ، ئەرنەئوط دەڵێت : پیاوانی جێ متمانەن . سیر (١ / ٥٠) .

" بەخشندەیی زوبێر "

ئەبو نەعیم لە (الحلیة) ، (١ / ٩٠) دا دەر هێنانی کردووە لە سعیدی کوڕی عبدالعزیزەوە دەڵێت : زوبێری کوڕی عەوام هەزار کۆیلە (مملوك)ی هەبوو کە (خەراج) یان پێ دەدا ، ئەویش هەموو شەوێك دابەشی ئەکرد و بە دەستی خاڵی ئەچووە ماڵەکەی . وە ئیبن عویینە دەڵێت : سامانی زوبێر داەبش ئەکرا بەسەر " چل هەزار هەژاردا . [١]

نووسەر دەڵێت : ئەمەش وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەوانەی ئەڵێن کە گوایە ئیسلام شوێنکەوتوانی بە هەژاری ڕادەسپێریٚ تاوەکو ئومەتی ئیسلام بە سواڵکەری بمێنێتەوە ، جاریٚ ڕوو لە ڕۆژ هەلاٚت و جاریٚ لە ڕۆژئاوا .

" شەهید بوونی زوبێر (رضي الله عنه) "

ڕۆژی (الجمل) زوبێر لەگەڵ تەڵحە و عائیشە دا بوو (ڕەزای خوایان لیٚ بێت) ، بەلاٚم کاتیٚ عەلی کوڕی ئەبی تالیب (رضي الله عنه) فەرموودەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) بیر خستەوە کەچی وتبوو .. ڕۆیشت و ئەویٚی بە جیٚ هێشت .

لە ئەبی حەربی کوڕی ئەسوەدی دەیلی یەوە ، دەڵێت :

زوبێرم بینی بۆ شەڕ کردن لەگەڵ (علی) چووە دەرەوە ، (علی)یش (رضي الله عنه) پیٚ ی فەرموو : سوێندت ئەدەم بە خوا ، گوێت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەبووە کە دەیفەرموو : " ئەتەویٚ لەگەڵی بەشەڕ بێیت لە کاتێکدا کە بەو شەڕ کردنە ستەمی لیٚ ئەکەیت ؟ " ئەویش فەرمووی : لەبیرمە و ، پاشان ڕۆشت و ئەویٚی بە جیٚ هێشت ... [٢]

ئەوە بوو کە زوبێر (رضي الله عنه) ڕۆیشت و نەیویست شەڕ بکات .. لەڕێدا (عبدالله)ی کوڕی پیٚ گەیشت پیٚ وت: دەترسیت .. دەترسیت، ئەویش فەرمووی : " خەڵك ئەزانن

---

[١] - پیاوانی جیٚ ی متمانەن : حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ٣٦١) هەروەها غەیری ئەویش . ئەرنەئوگ دەڵێت : پیاوانی جیٚ ی متمانەن ، بڕوانە : سیر (١ / ٦٥) .

[٢] - حاکم ڕیوایەتی کردووە (٣ / ٣٦٦) ، دەڵێت / ئیسنادەکەی صحیحە . ذەهەبیش لەسەر ئەم ڕایەیە .

که من ترسنۆك نیم ، بەڵام (علی) شتێکی وەبیر هێنام کە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)م بیستبوو ، لەبەر ئەوە سوێندم خوارد کە شەڕی لەگەڵ نەکەم ، پاشان فەرمووی :

ترك الأمور التي اخشى عواقبها   في الله أحسن في الدنيا و في الدين

واتە : واز هێنان لە پێناوی خوادا لە کارێك کە لە دەرئەنجامەکەی ئەترسم ، باشترە بۆ دین وبۆ دنیاش ...

لەوێ (ئیبن جرموز) لێی دا و کوشتی ...

ئەم هاوەڵە بەڕێزە لە دۆڵی (السباع) کفن و دفن کرا وبە ... وەفاتیشی پێشەوا (علی) و هاوەڵانی گریاند ...

(زەر) دەڵێت : بکوژی زوبێر داوای مۆڵەتی لە پێشەوا (علی) کرد ، ئەویش فەرمووی : سوێند بێ بەخوا بکوژی کوڕی صەفیە (واتە زوبێر) جێگای لە ئاگردایە ، من گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو ، دەیفەرموو : " هەر پێغەمبەرێك حەواری یەکی هەیە ، حەورای من زوبێرە ." [1]

---

[1] - اسنادەکەی (حسن)ە : حاکم ڕیوایەتی کردووە (٣ / ٣٦٧) ، و دەڵێت : صحیحە زەهەبیش هەمان ڕای هەیە . ارنووط دەڵێت : اسنادەکەی · حسن) ە . بڕوانە (سیر) (١ / ٦١) .

" ٧ – ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح (رضي الله عنه) "

(سەر ڕاستی ئەم ئوممەتە)

عوبەیدەی کوڕی جەڕراحی قورەیشی فیهری مەککی یە . یەکێکە لە پێشەنگەکان لە ئیسلام بووندا و ئەو کەسەشە کە (صدیق) بڕیاریدا بوو جێنشینی پێ بسپێرێت و لە ڕۆژی (سقیفە)شدا ڕاوێژی پێ کردووە بە هۆی کاملی و ئەهلیەتی لەلای ئەبوبەکر(رضي الله عنه).

لەگەڵ (عوسمانی کوڕی مظعون) موسڵمان بووە و لە هەموو جەنگ و بۆنەکاندا و لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەشداری کردووە و لە ڕۆژی ئوحودیشدا بە خۆگری جێگیری مایەوە .

" چاکی یەکانی "

١– لە (حزیفە) وە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئەهلی نەجرانی فەرموە : " سأبعث معكم رجلا أمينا ، حق آمين " . واتە / پیاوێکی سەرڕاستتان لەگەڵدا ئەنێرم کە بەهەق سەر ڕاستە .
دەڵێت / ئیدی خەڵکەکە پێ ی شەرەفمەند بوون ، ئەوەبوو (أبا عبیدە کوڕی جراح)ی لەگەڵ ناردن .[1]

٢– لە (عبدالله) وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئەبی عبیدەی کوڕی جراحی فەرمووە : " هذا آمين هذه الأمة " .[2] واتە : ئەم پیاوە سەر ڕاست و ئەمینی ئەم نەتەوەیە.

٣– لە ئەبی هریرە وە (رضي الله عنه) دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " نعم الرجل ابوبكر ، نعم الرجل عمر ، نعم الرجل أبو عبيدة بن الجراح " .[3] واتە : باشترین پیاو ئەبوبەکرە ، باشترین پیاو عومەرە ، باشترین پیاو ئەبوو عبیدەی کوڕی جەڕراحە .

---

[1] - بوخاری و مسلم ڕیوایەتیان کردووە . صەحیحە .

[2] - صەحیحە : مسلم ڕیوایەتی کردووە ، بڕوانە : صحیحی سوننەتەکانی ابن ماجە (١١٣) .

[3] - صحیحی سوننەتەکانی تەرمزی (٢٩٥٩) . فەرموودەی (٢ / ٩٦٢) .

٤- کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد ، پێشەوا ئەبوبەکر (رضي الله عنه) لەسەر سەکۆی (بنی ساعده) وەفەرمووی : یەکێ لەم دوو پیاوەم پێ باشە بۆ پێشڕەوتیان و لە سەریان ڕەزامەندم : عمر و أباعبیده .[1]

٥- لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ، لە باوکیەوە ، دەڵێت : عومەری کوڕی خەتاب بە هاوەڵانی فەرمووە : ئاواتتان چی یە ؟ یەکێکیان وتی : ئاواتی من ئەوەیە پڕی ئەم ماڵە سامان و درهەمم هەبێ و بیبەخشم لە پێناوی خوادا .

ئینجا فەرمووی : ئاواتتان چی یە ؟ یەکێ تریان وتی : من ئاواتی ئەوە ئەخوازم کە پەپڕی ئەم ماڵە زێڕ و ئاڵتونم هە بێ و لە پێناوی خوادا بیبەخشم .

دیسان فەرمووی : ئاواتتان چی یە ؟ یەکێکی تر وتی : من ئاواتم ئەوەیە ئەم ماڵە پڕ بێ لەگەوهەر یان هاوشێوەی گەوهەر و بیبەخشم لە پێناوی خوادا . ئینجا عومەر(رضي الله عنه) فەرمووی : ئاوات بخوازن ... وتیان : جگە لەمە ئاواتی ترمان نیە .

ئەوجا پێشەوا (رضي الله عنه) فەرمووی ، بەڵام من ئاواتم ئەوەیە پڕی ئەم ماڵە پیاوی وەک ئەبی عبیدەی کوڕی جراح و معاذی کوڕی جبل و حوزەیفەی کوڕ یەمان بێ و لە فەرمانبەرداری خوادا بەکاریان بێنم .

زەید دەڵێت : پاشان عومەر (رضي الله عنه) بڕێك پارەی نارد بۆ (حزیفه) و وتی بزانە چی لێ ئەکات بینی دابەشی کرد بەسەر هەژاراندا . پاشان بڕێك پارەی نارد بۆ (معاذی کوڕی جبل) ئەویش دابەشی کرد بەسەر هەژاراندا .. ئینجا بڕێکیش پارەی نارد بۆ (أبی عبیده) و وتی : بزانە چی لێ دەکات .. ئەویش هەروەك دووهاوەڵەکەی پێشووی : پێشەوا (عمر رضي الله عنه) فەرمووی خۆ پێم وتن : هەروا دەرچوون کە گومانم پێ دەبردن .[2]

٦- لە تەمیمی کوڕی سەلەمەوە ، دەڵێت : عومەر بە ئەبا عبیدە گەیشت تەوقەی لەگەڵ کردو دەستی ماچ کردو هەر دووکیان بەدەم گریانەوە یەکیان بە جێ هێشت .[3]

---

[1] - بڕوانە : سیر أعلام النبلاء (١ / ٨) .

[2] - پیاوانی جێ متمانەن ، جگە لە ئەبی صەخر ، ئەویش حمیدی کوڕی زیادی خراطە ، ئەویش کەسێکی مەقبوڵە ن بڕوانە : سیر (١ / ١٤) ڕاویژ .

[3] - پیاوانی جێ متمانەن ، بەلام پچڕ پچڕ هاتووە . سیر (١ / ١٥) .

" چەند لاپەڕەیەکی ڕووناك لە جیهادی ئەبا عبیدە "

" ڕۆژی بەدر "

باوەڕی ئەبی عبیدە لە جەنگی بەدر دا زۆر بە جوانی دەرکەوت و نموونەیەکی قەشەنگمان لە ڕاستگۆیی ڕوو لە خوا کردن و پشت بەستنی تەواو بە پەروەردگار پیشان دەدات . ئەوەتە لە • عبداللە ی کوڕی شەو زەبەوە) ، دەڵێت : " لە ڕۆژی بەدرا باوکی ئەبا عبیدەی کوڕی جەراح (کە عامری کوڕی جراح)ە ، بەردەوام بە دوای ئەباعبیدە دەگەڕا و دەیویست ڕووبەڕووی بێتەوە ، بەڵام ئەبی عبیدە هەر خۆی لێ لادەدا تا ئەوە بوو ، ئەبو عبیدە زانی کە باوکی هەر بەردەوامە لە ڕووبەڕووی بوونەوەی ، کوشتی .

خوای پەروەردگاریش لەوکاتەی کە ئەبا عبیدە باوکی کوشت ئەم ئایەتە پیرۆزەی دابەزاندە خوارەوە : ﴿ لا تَجِدُ قَوْماً يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ ﴾ سورة المجادلة ، آية (٢٢) .

واتە : کەسانێك دەست ناکەوێت باوەڕ بهێنن بەخوا و بەڕۆژی دوایی ، لە کاتێکدا کەسانێکیان خۆشبوێن کە دژایەتی خوا و پێغەمبەرەکەیان کردبێت ، ئەگەر چی ئەو دوژمنانە باو و باپیریان بن .

شێخ محمد غزالی دەڵێت : لەم جەنگەدا ، واتە لە جەنگی بەدر دا باوکەکان بە کوڕەکانیان دەگەیشتن ، برا بە برا دەگەیشت ، کە بیر و باوەڕلێکی جیا کردبوونەوە ، و شمشێرەکان لەیەکی دابڕیبوون [1] .

" ڕۆژی ئوحود "

لە ڕۆژی ئوحود دا ئەبا عبیدە نموونەی خۆ بەختکردن و پاڵەوانێتی بوو . لەو ڕۆژەدا بە ددانەکانی ئەو دوو ئەڵقەی دەرهێنا کە چوو بوونە ڕومەتەکانی پێغەمبەری خوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە کڵاو زرێکەیەوە بە هۆی لێدانێکەوە بەری کەوتبوو ، ئەوە بوو ددانەکانی پێشەوەی (بڕۆك) لە ڕیشەوە هەڵکەنران ،

---

[1] - بڕوانە ك فقه السيرە (٢٤٩) .

بەلاّم بەنەمانی ئەو دوو ددانە دەم و ددانی جوانتر بوو هەتا وتراوە کە جوانترین ددانیٚ شکابیٚ ئەوەی ئەبی عبیدە بووە .[1]

" کەرامەتی ئەبا عبیدە "

لە جابرەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردینی بۆ شوێنکەوتنی کاروانێکی قورەیش و ئەبا عبیدەی کوڕی جەراحی کردە پێشەوامان و توێشە بەرەیەك خورمای پیٚ داین کە غەیری ئەوە هیچی بۆمان دەست نەکەوت پێمان بدات ، ئەوە بوو ئەبا عبیدە دەنکە دەنکە خورمای پیٚ دەداین .. وتم : ئەی چیتان لیٚ دەکرد ؟

وتی : هەروەك منالٚ دەمانمژی و پاشان برێك ئاومان دەکرد بەسەردا ئەو ڕۆژە هەتا شەو بەسمان بوو ، دواتر بەرە و کەناری ڕووبار دەرچووین لەویٚ قەوارەیەکی گەورە دەرکەوت هێنامان سەیر ئەکەین گیانلەبەرێکە پیٚ ی ئەوترێت (عنبر) .[2]

ئەبو عبیدە وتی : مردارەوە بوو !! پاشان وتی : نە ، بەڵکو ئێمە نێرراوی پێغەمبەری خواین (ﷺ) و لە پێناوی خوای پەروەردگار دا شەڕ ئەکەین ، ئێمە ئێستا ناچارین ، لەبەر ئەوە لیٚ ی بخۆن .

جابر وتی : یەك مانگ خواردنمان ئەو گیاندارە بوو لە کاتێکدا ژمارەیان (٣٠٠) کەس بوو هەتا گۆشتمان گرت .. پاشان برێکی زۆریشمان لەگەلٚ خۆمان هێنایەوە . کە گەڕاینەوە مەدینە چووین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بۆمان گێڕایەوە ، ئەویش فەرمووی : " هورزق أخرجه الله عزوجل لكم / فهل معكم من شيئ فتطعونا ؟ " واتە : ئەوە ڕۆزی یە کە و لە لایەن خوای پەروردگاردوە بۆتان نێرراوە ، ئایا هیچتان پێماوە لە گۆشتەکەی بەشی ئێمەش بدەن ؟ ئێمەش بۆمان ناردوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێی خوارد .[3]

---

[1] - حاکم لە (المستدرك) دا ڕیوایەتی کردووە (٣ / ٢٦٦) .

[2] - نەهەنگی ئاوی کە (١٠) متر درێژ دەبیٚ .

[3] - صەحیحە / ابن الحجر لە مەسنەدەکەیدا (٢/ ٩٥٢ ، ٩٥٣) بە ژمارە (٢٧٤٢) دەرهێچنانی بۆ کردووە . لەلای بخاری و موسلیم یش حدیە ، برانە (السیرە النبویە)ی و . عبدالمهدی عبدالقادر (ص ٢٦ ، ٢٧) .

" ئامۆژگاریەکانی "

لە ئەبی لحسن ، عمرانی کوڕی نمران ، دەڵێت : ئەبا عبیدە بەناو سەربازەکاندا دەڕۆشت و دەیفەرموو : کەسانێك هەن جلەکانیان سپی و پاك دەکەنەوە ، بەلاّم ئایینەکەیان پیس دەکەن ! کەسانێك وا ئەزانن ڕێز لە خۆیان دەنێن ، کەچی خۆیان سووك ئەکەن لە بری ئەوەی ڕێزی لێ بنێن ، خراپە کۆنەکانتان بە چاکە تازەکانتان بسڕنەوە .[1]

" زوهدی ئەبا عبیدە "

لە هشامی کوڕی عورو وە ، لەباوکیەوە ، دەڵێت : پێشەوا (عمر) هات بۆ شام لەوێ ئەمیر و پیاوە گەورەکان پێشوازی یان لێ کرد ، فەرمووی : ئەی کوا براکەم ئەبا عبیدە ؟ وتیان : ئێستا دێت بۆ لات ، دەڵێت : ئەبو عبیدە بە سواری وشترێکەوە هات و سەلامی کرد ، پاشان بە خەڵکەکەی وت: بە جێمان بێڵن . ئەوجا (عمر) (رضي الله عنه) لەگەڵیدا چوو بۆ ماڵیان و لەوێ تەنها شمشێرێك و قەڵغانێك و کۆچبارەکەی زیاتری تیانەبوو ، عمر فەرمووی : بۆچی برێك کەل و پەل بۆ خۆت لەماڵەکەتدا دانانێیت ؟ ئەویش فەرمووی : ئەی ئەمیری ئیمانداران : ئەمانە بە نیوە ڕۆمان دەگەیەنێت[2] ، واتە : ئەکرێ ژیانتی پێ بەریتەسەر .

" ڕازی بوون بە قەزا و فەرمانی خوا "

کاتێ تاعونی (عمواس) بلاّو بوویەوە و خەڵکێکی زۆر پێ ی شەهید بوون ، ئەبا عبیدە لە ئاست ئەم فەرمان و بڕیارەی پەروەردگاریدا وەك کێوی بڵند و شاخی سەخت ڕاوەستاوە کە بە هیچ شێوەیك بەرامبەر شەپۆلەکانی ئەم بەلاّیە لاواز نەبوو ، بەڵکو بۆنی ڕازی بوون و شەهادەتی لێوە دەکدرن و لەم بوارەدا وانەیەکی باشی پێشکەش

---

[1] - بڕوانە : الحلیە (١ / ١٠٢) ، الاصابە (٥ / ٢٨٨) . حافظ دەڵێت : سەنەدەکەی (مرسل)ە .

[2] - پیاوانی جێ ی متمانەن ، بەلاّم بە بچڕ بچڕی هاتووە ز ابن المبارك لە زاهید و احمد لە (الزهد) ابونعیم لە (الحلیە) (١ / ١٠١) ڕیوایەتیان کردووە ، بڕوانە سیر (١ / ١٧) .

کردین بەرازی بوون بە قەدەری ئیلاهی و پێشوازیکردن لە فەرمانی پەروەردگار بە ئارامکرتنێکی جوان . لە تارقی کوڕی شەهابەوە ، دەڵێت : عومەر (رضي الله عنه) دەربارەی تاعونەکە نووسراوێکی بۆ ئەبا عبیدە نارد نو سیبوی ، لەڕاستیدا پێویستیم بە تۆ هەیە و ناتوانم دەستبەردارت بم ، خێرا وەرە بۆ لام .

ئەوە بوو کاتێ ئەبا عبیدە نووسراوەکەی خوێندەوە فەرمووی : ئەزانم ئەمیری ئیمانداران چی دەوێت ، ئەیەوێ کەسێك بهێنێتەوە کە ئەجەلی نزیکەو نامێنێتەوە ، پاشان ئەمەی بۆ نووسی : " بەڕاستی لە پێویستی یەکەت گەیشتم ، دەی لەو ویستەت ئازادم کە ، چونکە من بەڕاستی لەگەڵ سەربازانێك لە موسڵماندام و نامەوێ خۆم بە بێ ئەوان دەرکەم و ئەوان لە ناوتاعوندا بهێڵمەوە .. " ئەوە بوو کە (عمر) (رضي الله عنه) نامەکەی خوێندەوە ، گریا ، وتیان چی بوو ؟ ئەبا عبیدە وەفاتی کرد ؟ فەرمووی : نەخێر ، بەلام وەك ئەوەیە وەفاتی کرد بێ .[1] ئەوەبوو ئەبو عبیدە (ڕەزای خوای لێ بێت) بەو تاعونە وەفاتی کرد و شەهید بوو ، کاتێ تانەیەك لەسەر شانی ئەبا عبیدە دەرکەوت بە هۆی تووش بوون بە تاعونەکەوە ، خۆشحاڵ بوو و فەرمووی : سوێند بەخوا نامەوێ لە جێ ی ئەم تانەیە خەز و بەز بوایە .[2] (ڕەزای خوای لێ بێت)

---

[1] - حاکم لە (٣ / ٢٦٣) لەمە درێژتر باسی کردووە دەڵێت / ڕاوی یەکانی هەموویان جێ متمانەن ، بڕوانە سیر (١/ ١٩) .

[2] - پیاوانی جێ ی متمانەن ، جگە لە (شهر) کە جیاوازی ڕای لەسەرە ، تەبەرانی لە (الکبیر)دا ریوایەتی کردووە بە ژمارە (٣٦٤) .

" ٨ – عبدالرحمن ی کوڕی عوف (رضي الله عنه) "

" پەروەردگارا..عبدالرحمن ی کوڕە عەوف بەسەلسەبیلی بەهەشت ئاوبدە (فەرمووده)"

" ناسنامەی "

عبدالرحمن کوڕی عوف ی کوڕی عبد عوفی کوڕی عبدالحارثە . هەر زوو پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچێتە مالّی ئەرقەم ، موسلّمان بووە ، وە هەر دوو هیجرەتی حەبەشەی کردووە و لە هەموو جەنگەکاندا ئامادە بوو و لە ڕۆژی ئوحود دا لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماوەتەوە و لە جەنگی تەبوکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پشتیەوە نوێژی کردووە .هەروەها یەکێکە لەو دە هاوەڵەی مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە و یەکێکە لەو شەش کەسەی ئەهلی ڕاوێژ و یەکێکە لەو هەشت کەسەی لە سەرەتادا موسلّمان بوون .

لە ئیبن سیرینەوە ، دەڵێت : لە جاهلیەتدا عبدالرحمن ی کوڕی عەوف ناوی (عبد الکعبە) بوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی نا (عبدالرحمن) .[1]

" چاکەکانی "

١ – لە ئوم سەلەمەوە ، دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو ، بە خێزانەکانی فەرموو : " إن الذين يعفو عليكن بعدى لهو الصادق البار ، اللهم اسق عبدالرحمن بن عوف من سلسبيل الجنة " .[2]

واتە : ئەوەی پاش من بە سۆز و میهرەبانە بۆ تان کەسێکە ڕاستگۆ و چاکەکارە ، ئەی پەروەردگار لەبەهەشتەکەتدا بەسەلسەبیلی بەهەشت عبدالرحمن ی کوڕی عەوف تێر ئاو بکە .

---

[1] - هیثمی دەڵێت : تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە ، پیاوانی پیاوانی (صحیح) ن ، المجمع (١٤٨٨٣) .

[2] - پیاوانی جێ ی متمانەن ك هەیپەمی دەڵێت : احمد و تەبەرانی ڕیوایەتیان کردووە ، پیاوانی جێ ی متمانەن . المجمع بۆ ژمارە (١٤٨٩٨) .

٢ – لە عبدالرحمن ی کوڕی عەوف ەوە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ لای عبدالرحمن کە ئەم لە نوێژدا بووە ، کە پێغەمبەری خوای (ﷺ) بینی و ویستی دوا بکەوێت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاماژەی بۆ کرد کە لە جێ ی خۆی بمێنێ ئەوە بوو بە ئیمامەتی عبدالرحمن پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژەکەی ئەنجام دا .[١]

٣– لە بوسرەی کچی صەفوانەوە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێی پرسی : " من يخطب ام كلثوم بنت عقبة ؟ " کێ داخوازی ئوم کەلسومی کچی عقبە دەکات ؟ وتی : فلان و فلان و عبدالرحمن کوڕی عەوف ، فەرمووی : " انكحوا عبدالرحمن بن عوف ، فأنه من خيار المسلمين ، ومن خيارهم من كان مثله " .[٢]

واتە : بیدەن بە عبدالرحمن ، چونکە بەڕاستی ئەو لە چاکترین پیاوانی موسڵمانانە و هەر کەسێکیش وەك ئەم بێت لە چاکترین پیاوانە .

" جیهادی عبدالرحمنی کوڕی عەوف (رضي الله عنه) "

لە ئیبنو ئیسحاقەوە ، عبدالرحمن کوڕی عەوف کەسێك بوو هەر دوو ددانی پێشەوەی کەوتبوو ، (تەنها دەستی چەپی ئیشی ئەکرد) و (شەل)یش بوو ، ئەوە بوو ڕۆژی ئوحود بریندار کرا و ددانەکانی پێشەوەی لە بنەوە شکان و بیست برینی پێوە بوو یان زیاتر لەوەش کە هەندێکیان لە لاقیدا بوو شەلی کرد بوو .[٣]

---

[١] - دانەپاڵەکەی (صحیح) ە / ابویعلی و بزار بە دانە پاڵێکی (صحیح) ڕیوایەتیان کردووە ، بڕوانە : مجمع الزائد بە ژمارە (١٤٩٠١) .

[٢] - هەیسەمی دەڵێت : تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە ، هەریەکە لە یعقوب کوڕی حمید و سلێمانی کوڕی سالم)ی تێدایە کە جێگەی متمانەن ، باقی پیاوانی تری فەرموودەکە پیاوانی دا (الصحيح)ن الجميع (١٤٨٩٣) .

[٣] - پیاوانی جێ ی متمانەن ، تەبەرانی لە (الجمع) ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە (١٤٨٨٧) .

" بەخشندەیی عبدالرحمن کوڕی عەوف (رضي الله عنه) "

١- لە ئەبی هریرەوە (رضي الله عنه) ،پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :"خيارکم خيارکم لنسائي " واتە : باشترینتان ئەوەتانە کە بۆ خێزانەکانم باشترین بێت ، (عبدالرحمن)یش وەسیەتی لە باخچەیەك بۆ کردن کە بە چوار سەد هەزار دەخەملێنرا .[1]

٢- لە قەتادەوە ، دەربارەی هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە : ﴿ الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ ﴾ سـورة التوبة ، آيـة (٧٩) . واتە : ئەو بێ باوەڕانە کە پلار دەگرنە ئەو ئیماندارانەی کەزیادە بەخشن لە خێر کردندا بەویستی خۆیان، دەڵێت : عبدالرحمن ی کوڕی عوف چوار هەزار دیناری لە ماڵەکەی بەخشی ، کۆمەڵێك لە دووڕووەکان وتیان : عبدالرحمن چەند ریابازە، خودای پەروەردگاریش وەڵامی ئەوانەی دایەوە .[2]

" ترس و گریانی عبدالرحمن لەسەر خۆشیەکانی دنیا "

لە (سەعدی کوڕی ابراهیم)ەوە ، لە باوکیەوە ، عبدالرحمن بە ڕۆژو بوو (رضي الله عنه) ، خواردنێکی بۆ هێنرا فەرمووی ك مصعبی کوڕی عمیر کە لە من باشتر بو ، کاتێ کوژرا بە بوردەیەك کفنیان کرد کە ئەگەر سەریان داپۆشیبایە، قاچی بە دەرئەکەوت ئەگەر قاچیان داپۆشتایە سەری بەدەر ئەکەوت ، وە فەرمووی : حەمزەش کە لە من باشتر بوو (رضي الله عنه) کوژرا ... دوای ئەوان دنیا بەڕووی ئێمەدا کراوەتەوە ، یان وتویەتی : لە دنیا هەرچی پێمان دراوە دراوە ، بە جۆرێك، دەترسین کە چاکەکانمان بۆ پێشخرابێ بۆ دنیا ، پاشان دەستی بە گریان کرد و ئەوەندە گریا تا خواردنەکەی بە جێ هێشت .[3]

---

[1] - حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ٣١١ ، ٣١٢) ، دەڵێت : صحيحه بە مەرجی (مسلم) زەهەبیش هەمان ڕای هەیە .

[2] - بڕوانە / الدار المنثور (٣ / ٢٦٢) ، تەبەرانی (١٠ / ١٩٥) .

[3] - صحيح / بوخاری ڕیوایەتی کردووە .

" پارێزکاری (عیففەت)ی عبدالرحمن (رضي الله عنه) لە داوا کردندا "

عبدالرحمن (رضي الله عنه) دەفەرموێت : کاتێ هاتینە مەدینە و پێغەمبەری خوا(ﷺ) من و (سەعدی کوڕی رەبیع)ی[1] کردە برا ، سەعد پێ ی وت : من لە ناو پشتیوانانندا (انصار) لە هەمووان دەوڵەمەند ترم ماڵ و سامانەکەم لە گەڵتدا ئەکەم بەدوو بەشەوە و بڕوانە لە خێزانەکانم کامیانت بە دڵە بۆتی تەڵاق ئە دەم و دوای عیددە تۆ بیخوازە عبدالرحمن پێ ی وت : پێویستم بە وانە نیە ، بەڵام تۆ بازاڕێکم نیشاندە بازرگانی تیا بکرێت ، وتی : بازاڕی قینقاع .

عبدالرحمن چووە ئەو بازاڕەوە و کەشك و چەوری و ئەو جۆرە شتانەی دەهێنا بەردەوام بوو .. تا هێندەی نەبرد عبدالرحمن دەرکەوت و شوێنەوارێکی زەرد بە کراسەکەیەوە دیار بوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسی : ژنت هێناوە ؟ وتی : بەڵێ .. فەرمووی : کێ یە ؟ وتی : ئافرەتێکی ئەنصاری یە ، فەرمووی : چەندی تێ چوو فەرمووی : کێشی ناوکە خورمایەك زێڕ .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " أولم و لوبشاه " ئەگەر بە مەڕێك یان بزنێکیش بووە خەڵکی داوەتکە و میوانداریان بکە .[2]

نووسەر دەڵێت : -

بەم جۆرە هاوەڵان دونیا و ئاخیرەتیشیان گرێداوە و بوونە خاوەنی ماڵی هەردوو دنیایان ، بەڕاستی ئەوانەی بە تەممەڵی لەم دنیایەدا دەژین و لەسەر بێ کاری و سواڵکردن خۆیان ڕاهێناوە ، ئەوانە تاوانیان بەرامبەر خۆیان و ماڵ و منداڵەکانیشیان ئەنجام داوە و خراپە بەرامبەر نەتەوە و میللەتی خۆیان ئەکەن .. هاوەڵان ئەویان زانیوە کە هەر کەسێ ژیانی خۆی بۆ هەق و چاکە تەرخان بکات ، ئەوە هەموو کارەکانی پەرستشەو هەر دڵۆپە ئارەقێك لە پێناویدا ئایەتێکە لە جیهاد ، و لە تەرازووی چاکەکانیدا لەگەڵ نوێژ و زەکات دانەکاندا بۆی ئەژمار ئەکرێت ، چونکە بەڕاستی کار

[1] - دواتر باسی ژیانی ئەم بەڕێزەش دەکەین .

[2] - صەحیحە ك بوخاری لە بابی (البیوع) ، (٢٠٤٨) ریوایەتی کردووە .

...کردن هۆکارێکە بۆ مانەوە و هۆکاریش شوێن ئامانج دەکەوێت لە گەورەیی و بەرزی یان لە سووکی و بێ بایەخیدا . [1]

" ئایا عبدالرحمن (رضي الله عنه) بە سنگە خشێ (حبواً) دەچێتە بەهەشتەوە ؟!!

بەراستی نووسەرە هاوچەرخەکان بە هۆی نەبوونی پوختە کردنێکی وردی ڕیوایەتەکانەوە کەوتوونەتە هەڵە و لادان کەوا گومان ئەبەن عبدارحمن (رضي الله عنه) بە سنگە خشێ دەچێتەوە بەهەشتەوە ؟!جا ئەگەر ئەم سەروەر و پێشەوایە بەو جۆرە بچێتە بەهەشتەوە ، ئەی ئەوانەی لەخوار پلە و پایەی ئەوەوەن چۆن دەچنە بەهەشت ؟ ﴿ نَبِّئُونِي بِعِلْمٍ إِنْ كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴾ سورة الأنعام ، آية (١٤٣). واتە : ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و بەڵگەیەکی زانستیتان هەیە ، بۆمان ڕوون بکەنەوە ؟!

...کردنی ئەو ڕیوایەتانەی لەم بارەیەوە هاتوون : –

ڕیوایەتی یەکەم : – پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " يا ابن عوف ، أنك من ... لن تدخل الجنة الا زحفاً ، فأقرض الله تعالى ، يطلق لك قدميك " [2]

... ئەی کوڕی عوف تۆ لەدەوڵەمەندانیت وە بەسنگە خشێ نەبێ ناچیتە ... قەرز بدە بە پەروەدگارت تا پێیەکانت بکاتەوە ...

ڕیوایەتی دووەم : لە عائیشەوە ، دەفەرموێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوو ... لا يدخل الجنة الاحبواً " . واتە : عبدالرحمن بەسەر سنگەوە نەبێ ... فەرموودەکە (مونکەرە) احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٦ / ١١٥) و ... پەسەندنە (منكر) بڕوانە : سير (١ / ٢٦) .

...سێیەم : ئەمەیان ڕیوایەتێکی دوور و درێژە کە ئەحمەد لە ئەبی ...ەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " دخلت الجنة ، ... " دەڵێت : چوومە بەهەشت لەوێ گوێم لە خشپە و جووڵەیەك ... تیایدا ... " ... و عرضت أمتي رجلاً رجلاً ، فجعلوا يمرون ،

---

[1] ... بين تعاليم الإسلام و ... الامم المقدة ... ی شیخ محمد غزالی (١٧٣) .

[2] ... (٣ / ٣١١) و بە صحیح دانیاوە ، بەلام زەهەبی دەڵێت : خالد ... بڕوانە : پەراوێزی (سير) (١ / ٨١) .

فأستبطات عبدالرحمن بن عوف ، ثم جاء بعد الایاس .... " واتە : ... پیاو بە پیاوی ئوممەتەکەم نیشاندرا هەموویان تێپەڕ ئەبوون ، بەلاّم دەمبینی عبدالرحمن زۆر دواکەوتووە ، پاشتر دوای بێ هیوا بوون ، هات ... ئیسنادەکەی بێ بنەمایە : زەهەبیش وا دەڵێ . سیر (۷۷/۱) و لە ناوڕاوی یەکانیدا (علی کوڕی یزیدی ئەلهانی هەیە ، کە ئەویش لاوازە .

لەو سۆراخ کردنەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەوەی وا گومان دەبات عبدالرحمن بەسنگە خشێ (زحفاً) دەچێتە بەهەشتەوە ، چەند لەهەڵەدایەو و هەموو ڕیوایەتەکان کە لەم بارەیەوە هاتوون یان لاوازن یان هەڵبەستراون ، سوپاس بۆ خوا ...

" عبدالرحمن لەسەرەمەرگدا "

پاش ژیانێکی ڕووناك و پڕ بەخشندەیی کە کوڕی عوف (ﷺ) بە تێکۆشان بە ماڵ و شمشێرەکەی لە پێناوی خوادا بەسەری برد .. کاتی ئەوەهات کە پشوو بدات .

لە ئیبراهیمی کوڕی (عبدالرحن)ەوە ، دەڵێت : عبدالرحمن ی کوڕی عوف بەدەم ئازارەوە لە هۆش خۆی چوو ، خەڵکەکەی دەوروبەری وایانزانی گیانی دەرچووە ، بۆیە لەلای هەڵسان و دەستیان بە پیاهەڵدانی کرد . ئەویش بە هۆش خۆیدا هاتەوە و تەکبیرەی خوای گەورەی دەکرد ، ئەهلی ماڵەکەشی تەکبیرەیان کرد .

ئینجا فەرمووی : تۆزێ لەمەو پێش لە هۆش خۆم چوو بوم ؟ وتیان : بەڵێ ، فەرمووی : ڕاستتان کرد ، لەوکاتەدا کەلە هۆش خۆم چووم دوو پیاو منیان پەلکێش کرد کە توندی و ڕەقیم تیابەدی ئەکردن ، وتیان پێم لەگەڵمان وەرە تا لەلای (العزیز الأمین) دادوەریت ئەکەین ، بردمیان تا گەیشتینە لای پیاوێك ، وتی : ئەمە بۆ کوێ ئەبەین ؟ وتیان دادوەری ئەکەیت لەلای (العزیز الأمین) . وتی : بگەڕێنەوە ، چونکە ئەمە یەکێکە لەوانەی کە خوای گەورە هەر لەو کاتەوەی لەسکی دایکیاندا بوون بەختەوەری و لێخشبوونی بۆ نووسین ... وە ئەمە جارێ تا خوا دەیەوێ لەناو ماڵ و منداڵەکانیدا دەمێنێتەوە .. ئەوە بوو مانگێك دوای ئەوە ژیا .[1]

---

[1] - ئیسنادەکەی (صحیح)ە : حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە (۳ / ۳۰۷) بە صەبری دەڵێت : اسنادەکەی باشە . پەراوێزی (سیر) (۱ / ۸۹) .

" حاڵی هاوەڵان ئەو ڕۆژەی عبدالرحمن وەفاتی کرد "

١- ئیبراهیمی کوڕی سەعد ، لە باوکیەوە ، ئەمیش لەباپیریەوە ، دەڵێت : ئەو ڕۆژەی عبدالرحمن وەفاتی کرد گوێ ی لە (علی) بووە فەرموویەتی : " بە ڕێ ی خۆتدا بڕۆ ئەی کوڕی عەوف ، بەڕاستی بەڕەوشەن و ئاسوودەیی بەهەشت گەیشتی و پێشگریت کرد لە خەم و ناڕەحەتی یەکان ... " [١]

٢- سەعدی کوڕی ابراهیم ، لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە ، وتوویەتی : لە جەنازەی (عبدالرحمن)دا سعدم دیووە لەناو پێخەفی (عبدالرحمن) دا بوو ، دەیفەرموو : " واجبلاه " . [٢]

عبدالرحمن (رضي الله عنه) لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا وەفاتی کرد و پێشەوا عوسمان کوڕی عەففان (رضي الله عنه) نوێژی لەسەر کرد .

---

[١] - اسنادەکەی (صحیح) ە / تەبەرانی دەرهێنانی کردووە (٢٦٣) لە (الکبیر) دا .

[٢] - واجبلاه / ئاخی بۆ ڕۆشتنی ئەم کەڵە پیاوە هەڵکێشا وە کە وەك کێو خۆڕاگر بوو . ئیبنو سەعد دەرهێنانی کردووە (٣ / ١ / ٩٦) حاکمیش لە (٣ / ٣٠٨) .

" ٩ - سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص (رضي الله عنه) "

" شێری ناو بێشە "

کێ یە ؟

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص (مالکی کوڕی ئوهەیب)ی کوڕی (عبد مناف) ئەمیر ابو ئیسحاقی قورەیشی مەککی یە و یەکێکە لەو دەهاوەڵەی مژدەی چوونە ناو بەهەشتیان پێ دراوە و یەکێکە لە پێشینەکان لە ئیسلامدا و یەکێکە لەوانەی (بەدر و حودەیبیە)ی دیوە هەروەها یەکێکە لەو شەش کەسەی ئەهلی ڕاوێژ ...

وە یەکەم کەسە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیری هاویشتبێ .[1] (ابنو مندە) دەڵێت: سەعد بە حەڤدە ساڵی موسڵمان بووە . وە لە سەعیدی کوڕی موسەیەوە ، دەڵێت: گوێم لە سەعد بوو دەیفەرموو:ئەو ڕۆژەی من تیایدا موسڵمان بووم هیچ کەسی دیکە موسڵمان نەبوو وە من : حەوت شەوانم بەڕێ کرد تیایدا سێ یەکی ئیسلام بووم .[2]

" چاکەکانی "

١- لە جابرەوە ، دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا دانیشتبووین سەعدی کوڕی ئەبی وقاص بەرەو لامان هات ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " هذا خالي فليرني امرؤ خاله " .[3]

واتە : ئەمە خاڵی منە ، دەی ئێوەش خاڵی خۆتانم نیشاندەن .

٢- سعدی کوڕی ابی وەقاص دەڵێت : ئەم ئایەتە دەربارەی من هاتووەتە خوارەوە : ﴿وَلَا تَطْرُدُ الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ ...﴾ سورة الأنعام آية (٥٢) .

---

[1] - (بزار) و · تەبەرانی ڕیوایەتیان کردووە . پیاوانی (صحیح)ن ، جگە لە (ابی خالد الوالبی ، کە ئەمیش جێ ی متمانەیە ، بڕوانە : المجمع بە ژمارە (١٤٨٥٩) .

[2] - صحیح : بوخاری لە (الفضائل) دا ڕیوایەتی کردووە (٣٧٢٦) (٣٧٢٧) .

[3] - صحیح / حاکم لە (المسترك) (٣ / ٤٩٨) دا ڕیوایەتی کردووە . دەڵێت (صحیح)ە زەهەبی هەمان ڕای هەیە .

واتە : ئەی محمد نەکەیت ئەوانە دەربکەیت کە لە بەیانیان و ئێوارانـدا لە پەروەردگاریان دەپاڕێنەوە ...

دەفەرموێت : دەربارەی شەش کەس هاتە خوارەوە لەناویاندا من و ئیبنو مەسعود بووین . بێ باوەڕان وتبویان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئا ئەمانە لە خۆت نزیک ئەکەیتەوە؟ [1]

٣ – سەعدی کوڕی ابی وەقاص ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : "اللهم استجب له اذا دعاك " يعني سعدا . [2] واتە : ئەی پەروەردگار سەعد هەر داوایەکت لێ دەکات وەڵامی بەرەوە .

٤ – لە (عبدالله ی کوڕی عمری کوڕی عاص)ەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " اول من يدخل الباب رجل من اهل الجنة " ، [3] واتە : یەکەم کەس کەلەم دەرگایەوە دێتە ژوورەوە پیاوێکە لە ئەهلی بەهەشت ، ئەوە بوو (سعدی کوڕی ابی وەقاص) هاتە ژوورەوە .

" چەند لاپەڕەیەکی ڕووناك لە خەباتی سەعد (رضي الله عنه) "

" لە جەنگی بەدر دا "

لە سەعدەوە ، دەڵێت : کاتێ لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا لە جەنگی بەدر دا ئامادە بووم تاقە منداڵێك زیاترم نەبوو ، دواتر خوای گەورە هی تری پێ بەخشیم*.

وە لە (ابنو مسعود)ەوە ، دەڵێت / سەعد ڕۆژی بەدر وەك پیادە و وەك ئەسپ سواریش دەجەنگا .

---

[1] - صحیح ك موسلیم ریوایەتی کردووە .

[2] - صحیح / بڕوانە (موارد الظمأن الى زوائد ابن حبان) شێخی (عدویی) دەڵێت : (صحیح)ە بڕوانە / روضة المحبين (٢٥) .

[3] - اسنادەکەی (حسن)ە : احمد ریوایەتی کردووە .المجمع بە ژمارە (١٤٨٦٣) .

* بزار و طبرانی گێڕاویانەتەوە، پیاوانیشی یاوانی(صحیح)ن. المجمع (١٤٨٦٨).

وە لە نێو دەستی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) تیری دەهاویشت و نموونەیەکی جوانی پاڵەوانێتی نیشاندا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای خێری بۆ کرد .

لە عامری شوعەبی یەوە ، دەڵێت : بەسەعدیان وت : چ کاتێك نزات بۆ کراوە ؟ فەرمووی : ڕۆژی بەدر ، کاتێ لە نێو دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا تیرم دەهاویشت ئەم وت: خوایەگیان پێیەکانیان بهێنەرە لەرزین و دڵیان بتۆقێنە و کارێکیان پێ بکە وەها کارێك ..

پێغەمبەری خوا ش (ﷺ) فەرمووی : " اللهم استجب لسعد " [1] ئەی پەروەردگار داواکەی سەعد وەلام بدەرەوە ..

" لە جەنگی ئوحود دا "

لەو شەڕەدا وەك پاڵەوانان لە نێو دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جیهادی دەکرد و بە خۆڕاگری مایەوە .

سەعد دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ هیچ کەسێك پێش من دایك و باوکی کۆنە کردووەتەوە ... گوێم لێ ی بووفەرمووی " یا سعد ارم فداك أبي و أمي " بیهاوێژە سەعد ، دایك و باوکم بە قوربانت بن .. وە من یەکەم موسڵمان بووم کە تیرم بەرامبەر بێ باوەڕان هاویشتبێ . [2]

وە لە ڕیوایەتێکدا دەفەرموێت : پیاوێ لە بێ باوەڕان خەریك بوو موسڵمانانی دەسوتاند ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " أرم فداك أبي و أمي " لێدە دایك و باوکم بە قوربانت بن .. منیش تیرێکم دەرهێنا کەسەری (نووکی) نەبوو ، دام لە نێو چاوانی کابرا ، کابرا کەوت و عەورەتی بەدەرکەوت ، لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەها پێکەنی کاکیلەی دەرکەوت . [3]

---

[1] - اسنادەکەی (حسن)ە تەبەرانی ڕشیوایەتی کردووە ، هیثمی دانە پالەکەی بە (حسن) داناوە . الجسیم بە ژمارە (١٤٨٥١) .

[2] - صحیح : زانایان لەسەری کۆکن ، پێشتر باسی ئەوەشمان کرد کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (زوبێر) یشی ئەمەی فەرمووە (ﷺ) .

[3] - صحیح : مسلم لە (الفضائل) دا (٢٤١٢) ڕیوایەتی کردووە ، لە (باب) ی (مناقب سعد)

یەکێ لەو فەزڵەی خوا داویەتی بەم هاوەڵە بەڕێزە ، ئەوەیە کە هەردوو فریشتەی بەڕێز (جبرئیل و میکائیل) ی لەسەر مەیدانی جەنگە کە بینیوە .

لەسەعدەوە ، دەفەرموێت : دوو پیاوم لەلای ڕاست و چەپی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بینی لە ڕۆژەی ئوحود دا کە جل و بەرگێکی سپی یان لەبەردا بوو ، بە ئەو پەڕی تواناوە شەڕیان دەکرد ، من ئەو دوانەم پێشتر نەدیبوو ، دواتریش نەمبینینەوە .

دەبینین ئەم ڕیوایەتە لە هەردوو صەحیح دا هاتووە ، بەڵام لەم سەردەمانەدا دەبینین کە خەڵکانێك هەن ئەوە بە درۆ ئەخەنەوە کە فریشتەکان لە جەنگەکاندا بەشدار بووبن ، جا بۆ چی درۆ ئەکەن ؟! خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی : ﴿ إِذْ تَقُولُ لِلْمُؤْمِنِينَ أَلَنْ يَكْفِيَكُمْ أَنْ يُمِدَّكُمْ رَبُّكُمْ بِثَلاثَةِ آلافٍ مِنْ الْمَلائِكَةِ مُنْزَلِينَ ﴾ سورة آل عمران ، آية(١٢٤).

واتە : (بیریان بخەرەوە) ئەو کاتەی دەت وت بە بڕوادارەکان ئایا بەستان نیە پەروەردگارتان کۆمەکتان بکات بە سێ هەزار لە فریشتە دابەزێنراوەکان .

مەگەر شتی وا لە ڕووی عەقڵ و لۆژیکەوە مەحاڵە ؟! نەخێر، ئیتر بۆ بەرژەوەندی کێ هەواو ڕاوبۆچوون پێش هەقیقەتە جێگیرەکان لە سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بخەین ، وە ئەم هێرشە گوماناوی یە بۆچی و بە ناوی کێوە ئەم واتایانە دەستکاری دەکرێن و تەزویر ئەکرێن ، بەڕاستی خوا هەمیشە فەرمانی خۆی سەر دەخات ؟

" ڕۆژی قادسیە "

" ئەمە بەڕاستی ڕۆژێکی لەیاد نەکراوە لە ژیانی ئەم ئوممەتەدا "

پێشەوا (عمر) (رضي الله عنه) سەعدی کوڕی ابی وەقاصی هەڵبژارد بۆ کارێکی پاڵەوانانەی هەرە گەورە لە کاتی جێنشینایەتی خۆیدا ، کە بە باشترین شێوە ئەنجامی دا ، ئەویش ئەو بوو فارسەکان بڕیاریان دا کە ڕێزەکانیان یەکبخەن بۆ (وە دەرنانی) موسڵمانەکان لەو ناوچانەدا کە داگیریان کرد بوو ، کاتێ ئەم هەواڵە گەیشت بە (عمر) خەڵکی ڕایاندەکرد و خۆیان بەکەنار دەگرت لە ڕووبەڕوو بوونەوەیان ، بڕیاریدا خۆی سەرکردایەتی بکات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان ، بەڵام هاوەڵان ئاماژەیان بۆ کرد ئەو

بمێنێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری موسڵمانان و هەڵبژاردنی سەرکردەیەکی تر کە گونجاو بێ بۆ ئەم کار و ئەرکە گران و ناڕەحەتە .

ئەوە بوو پاش بیرکردنەوە و گەڕان بەدوای سەرکردەیەکی وادا لە ئاستی ئەوکارەدا بێ سەعدی کوڕی ابی وەقاص هەڵبژێردرا .[1]

ئەوە بوو پێشەوا (عمر) سەعدی ڕاسپارد و ، پێ ی فەرموو : " ئەوا من تۆم کردە بەرپرس بۆ شەڕ کردن لە عێراقدا ، دەی تۆش ئەم وەسیەتەم بپارێزە ، چونکە بەڕاستی تۆ بەرەو کارێکی زۆر ناڕەحەت و گران دەڕۆیت کە تەنها هەق تیایدا ڕزگاری دەبێت وە خۆت و ئەوانەی لەگەڵتدان ڕابێنە لەسەر چاکە و خەیر و بیکە هۆکارێك بۆ فەتح و ڕزگاری و ئەوەش بزانە کە هەر کارو فەرمانێك توێشووی خۆی هەیە ، توێشووی خەیر و چاکەیش ، ئارامگری یە "[2]

ئەوە بوو سەعد بەرێ کەوت و لە (قادسیە) دابەزی[3] سوپای فارسەکانیش بەسەرکردایەتی (روستەم) دەرکەوتن کە (٨٠) هەزار جەنگاوەر ئەبوون و ژمارەیەك فیل پێشیان کەوتبوو ...

پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات ، سەعد چەند پیاوێکی مەزنی نارد بۆ لای (روستم) لە ناویاندا (نعمانی کوڕی مقرن و موغەیرەی کوڕی شعبە و عەمری کوڕی معدی یکرب) ، تا داوای موسلمان بون لە (روستم) بکەن . روستم پێ ی وتن : چی ئێوەی بەرەو ئێرە هێناوە ؟ وتیان : بە لێنێك کە پەروەردگارمان پێ داوین ، ئەویش گرتنی وڵاتەکەتان و دیل کردنی ئافرەتانتان و بردنی ماڵ و سامانتانە ، ئێمەش یەقینمان بەمە هەیە .

ئەوە بوو چەند وتوو وێژێك لە نێوانیاندا ئەنجامدرا و چەند نامە گۆڕینەوە و دانیشتنێك لە نێوانیاندا کرا ، یەکێ لەو دانیشتانە پێك گەیشتنی (ربعی کوڕی عامر (ﷺ) بوو لەگەڵ (روستم) دا کە ئەمە کورتە کەیەتی : -

---

[1] - بروانە : (حیاة الصالحین)ی مامۆستا عبدالنعم قندیل (١ / ٩٤) .

[2] - بروانە هەمان سەرچاوە .

[3] بە (٣٠) هەزار جەنگاوەرەوە . بڕوانە الدایە (٥ / ١٠٤) .

"روستم پرسی : چی ئێوەی هێناوە ؟ فەرمووی : لەسەر فەرمانی خوای گەورە هاتووین ، تاوەکو ئەوەی خوا دەیەوێت لە بەندایەتی کردنی بەندەکان دەربێنین بۆ بەندایەتی کردنی خوای پەروەردگار وە لە تەنگی و تەسکی دنیا بۆ فراوانی ... وە لە جەور و ستەمی ئاینەکان بۆ دادی ئیسلام .. لەبەر ئەوە بە ئاینەکەی خۆی ئێمەی ناردووە بۆ لای بەندەکانی تاوەکو بانگیان بکەین بۆ لای پەروەردگار .. لەبەر ئەوە هەر کەس بەوە ڕازی بوو ئێمەش لێ ی ڕازی ئەبین و دەستی لێ دەکێشینەوە ، ئەوەشی بەمەڕازی نەبوو لەگەڵی دەجەنگین هەتا هەتایە تاوەکو بە لێنەکەی خوا دێتە جێ ..

وتیان : ئەی ئەو بەڵێنەی خوا چی یە ؟ فەرمووی : بەهەشتە بۆ ئەو کەسەی لەگەڵ بێ باوەڕاندا دەجەنگی و دەکوژرێ ، وەسەر کەوتنە بۆ ئەوانەمان کە دەمێنن ، ڕوستم وتی : ئەوا من گوێم لە قسەکانتان بوو ، ئەکرێ ئەم کارە دوابخەن تاوەکو بیرێکی لێ بکەینەوە و چاوەڕێمان بکەن ؟ فەرمووی : بەڵێ ، چەندە باشە چاوەڕێ بین ، ڕۆژێ ؟ دوان ؟ وتی : نا ، بەڵکو تاوەکو هەڵوێستی خاوەن ڕاوێژ و سەرۆکەکانمان وەردەگرین .

ربیع فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیکردووە بە سوننەت بۆمان کە دوژمنانمان لە سێ ڕۆژ زیاتر مۆڵەت بدەین لە کاتی بەیەکگەیشتندا، لەبەر ئەوە بیری لێ بکەرەوە و ڕای ئەوانیش وەرگرەو یەکێ لەو سێ ماوەیە هەڵبژێرە بۆ تەواو بوونی مۆڵەتەکە ..

پرسی / تۆ گەورەیانی ؟ فەرموی : نەخێر ، بەڵام موسڵمانان هەموو وەك یەك بەستەوان ، خوارترینیان بەسەر بالأترینیاندا قسەی دەروات .

ئەوە بوو (روستم) لەگەڵ سەرکردەکانی هۆزەکەیدا کۆبوویەوە و پاش ڕاگۆڕینەوە بڕیاریاندا بە جەنگ ..

(سیف) دەڵێت : کە سەعد نەخۆشی (عرق النسا)ی[1] هەبوو ئەوکاتە ، وتاری دا بۆ خەڵکەکە و لەو وتارەکەیدا ئەم ئایەتی خوێندەوە : ﴿ وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ الصَّالِحُونَ ﴾ سورة ألأنبياء ، آية (١٠٥) .

واتە : سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە لە کتێبی زەبوردا دوای تەورات بڕیارمانداوە کە بێ گومان بەندە شیاو و چاکەکانم دەبنە خاوەنی زەوی .

[1] - عرق النسا : جۆرێ نەخۆشی دەمار توند بوونەوە .. دەرد و ئێشێکە لە دامێنی پشتەوە تا پێ .

وە پێش نوێژی بۆ کردن لە نیوەڕۆدا ، پاشان چوار جار (الله اکبر) ی کردوو پاش ئەوەی فەرمانی پێ کردن بە وتنی (لاحول ولا قوة الا بالله) خۆیان توند کرد بۆ شەڕ .. ئەوە بوو شەڕ لە نێوانیاندا ڕووی داو موسڵمانان ئایەتەکانی جیهادیان دەوتەوە و بانگ و هەڵای (الله اکبر) یان بەرز بوو بوویەوە .. هەرچی سەرانی بێباوەڕانیشە بەهەوا دا ئەکەوت و ئەکوژران و خوێنە پیسەکەیان تێکەڵ بە خاك و خۆڵ دەبوو ، ئەوەشیان کەمان پشتیان هەڵکردوو و هەڵهاتن (سەعد) یش کاری جەنگەکەی هەڵدەسوڕاند لە حاڵەتێکدا کەلەسەر نوێنێك بەسەر سنگیدا کەتبوو [1] نەیدە توانی سواری ئەسپەکەی بێت بە هۆی ئەو دوومەڵانەی پێوەی بوون . ئەوە بوو (روستم) کوژراو فارسەکان تێك شکان .. سوپاس و ستایش و منەت بۆ پەروەردگار .. کوژراوانی فارسەکان گەیشتە (١٠) هەزار کەس " .

" ڕزگار کردنی (بیت الأبیض) کۆشکی سپی "

لە (جابری کوڕی سمرە) وە (رضي الله عنه) فەرمووی " پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " عصبة من أمتي يفتحون البيت الأبيض ن بيت كسري " [2]

واتە : دەستەیەك لە ئوممەتەکەم کۆشکی سپی کەماڵی (کسری)یە ڕزگار ئەکەن .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا : " بێگومان کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم دەست بەسەر زێڕەکانی (کسری) دا دەگرن کەوا لە (ابیض) دا . [3]

سەعدی کوڕی ابی وەقاص (رضي الله عنه) پاش جەنگی قادسیە دوو مانگ لە قادسیەدا مایەوە دواتر نووسراوی نارد بۆ پێشەوا (عمر) (رضي الله عنه) کەوا پێ ی ڕابگەیە نێت چی بکات .. (عمر) فەرمووی کە بەرەو (مدائن)ی پایتەختی (کسری) بەڕێ کەون .. ئەوە بوو سوپا سەرکەتووەکەی موسڵمانان بەڕێ کەوتن بەرەو (مدائن) و بەردەوام لەسەر

---

[1] - بڕوانە : البدایە (٥ / ١١٢).

[2] صحیح : مسلم و احمد ریوایەتیان کردووە .

[3] - صحیح : مسلم ڕیوایەتی کردووە ، ئەرمووده‌کە : " لتفتحن عصابة من أمتي كنز ال كسرى الذي في الأبيض ."

کەوتنێکەوە بەرەو و سەرکەوتنێکی دیکە دەڕۆشتن لە (برس)ەوە بۆ (بابل) و (بهر سیر) تا سوپای موسڵمانان گەیشتە ئاڕاستەی بەرامبەر (مدائن) .. لەوێدا سەعد (رضي الله عنه) هەوڵیدا پەڕینەوە سوپاکەی لەڕێ ی کەشتی یەوە دابین کات ، بەلام بۆی نەکرا لەبەر ئەوەی فارسەکان هەموو کەشتی یەکانیان دەست بەسەردا گرتبوو تاوەکو موسڵمانان سوودی لێ وەرنەگرن و ڕووبارەکەش زۆر بەرین و فراوان بوو ، لێوان بوو بە ئاو و لە توندی شەپۆلە یەك لە دوای یەکەکانیدا کە ملی دەهاویشت و بەڕادەیەکی زۆر ئاوەکەی بەرز بو بۆوە زیادی کرد بوو ... ئەوە بوو شەوێك لە شەوان سەعد (رضي الله عنه) خەوێکی دی ، لە خەوکەیدا ئەسپەکانی موسڵمانان ئاوی بە شەپۆلی دیجلەی بڕی و تێپەڕاند ..

" تێپەڕینێکی بێ وێنە "

ئەوە بوو خەونەکەی سەعد هاتە دی و بڕیاریدا بە ڕووبارەکەدا تێپەڕن ، بۆیە سوپاکەی کۆ کردەوە و وتاری بۆ دان ، پاش ستایشی پەروەردگار فەرمووی : " لە ڕاستیدا دوژمنەکەتان بەم ڕوبارە خۆی لە ئێوە پاراستوو و بەبوونی ئەمە لە نێوانماندا بە دوژمنانمان ناگەین ، لە کاتێکدا کە ئەگەر ئەوان بیانەوێ دەدەن بە سەرتاندا بە کەشتی یەکانیانەوە .. وە ئێوە هیچ شتێك نی یە لێ ی بترسن ، چونکە ئەوان ئێستا گمانی ئەم پەڕینەوەی ئێمە نابەن و سەرباز و پاسەوانیان لەو دەوروبەرەدا نیە ، لەبەر ئەوە من وای دەبینم کە باشتر وایە ئێوە دەست پێشخەری بکەن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنەکەتاندا و نیەتی لێ بێنن ، پێش ئەوەی دنیا ئابلوقەتان بدات ، بزانن . من بڕیارمداوە کە ئەم ڕووبارەی نێوانمان ببڕم .. هەموو وتیان : لەسەر فەرمانی خوای پەروەردگار بۆ ئێمە و بۆ تۆش ئەو کارە بکە . "

سەعد هانی خەڵکەکەی دا بۆ پەڕینەوە و پاشان فەرمووی : " کێ دەست پێ دەکات و (سەری پردەکە) یان (کەنار ڕووبارەکەمان) بۆ دەپارێزێت ، تاوەکو ڕێگرمان نەکەن لە پەڕینەوە ؟ "

ئەوە بوو (عاصم ی کوڕی عەمری تمیمی) هەڵبژارد لەگەڵ شەش کەس لە ئەهلی (نجدات) . ئەو پاڵەوانانە ڕوبارەکەیان بڕی و پاشان (سەعد رضي الله عنه) بە خۆی و

سوپاکەیەوە لە دوای ئەوان لە ڕووبارەکە پەڕینەوە ، بەم کارەشی ئەهلی فارسی سەرسام کرد کە هیچ حیسابێکیان بۆ نەکرد بوو .

سەعد لەو کاتەدا بەناو ڕووبارەکەدا دەڕۆیشت بەرەو کەناری (اسبانیر) دەیفەرموو : بڵێن : " نَسْعِينُ بِاللهِ وَ نَتَوَكَّلُ عَلَيهِ ، حَسْبُنَا اللهُ وَنِعمَ الوَكِيلُ ، وَ لاحَولَ وَلا قُوَّةَ إلا بِاللهِ العَلِيِّ العَظِيمَ " واتە : پشت و کۆمەکیمان خودایە و خوامان بەسە ، و چاکترین کار پێ سپێرراوە ، وە هیچ گۆڕان و توانایەك نیە مەگەر بە خوای باڵاو مەزنەوە .

بەوجۆرە پلانەکەی سەعد سەرکەوتوو بوو بەڕادەیەك مێژوو نووسانی سەرسام کردووە سەرکەوتنێك کە سەعد خۆیشی وە هەروەها هاوەڵەکەی سەلمانی فارسی ، سەرسام کرد بوو.

سەعد دەیفەرموو : " هەر خوا پشت و پەنامانە و باشترین پەناگایە .. سوێندبێ بەزاتی پیرۆزی ... کە دۆستانی خۆی سەر دەخات و ئاینەکەی باڵادەست دەکات و دوژمنەکەی تێك دەشکێنێت ، ئەگەر لەناو سوپاکەدا تاوانگەلێك یان ستەمێك نەبێ بدابەسەر چاکەکاندا " .[1]

(سەلمان)یش پێ ی وت : ئیسلام تازەیە ، سوێند بەخوا ڕووبار بۆیان سەری نەوی کردووە ، هەروەك چۆن وشکانی سەری بۆ یان نەوی کرد ، بەڵام سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە کۆمەڵ ، کۆمەڵ لێ ی دێنە دەرەوە وەك چۆن کۆمەڵ ، کۆمەڵ چوونە ناوی بە بێ ئەوەی لغاوی ولاخێك لە دەست بدەن .

ئینجا دایان بەسەر ئاوەکەدا بە جۆرێ لەگەڵ کەنارەکەدا جیا نەدەکرایەوە و لە کەنارەکەوە ئاو نەدەبینرا .

بەو جۆرە لە ئاوەکە تێپەڕیان کردوو هاتنە دەرەوە هەروەك سەلمان دەڵێت : هیچ شتێکیان لە دەست نەچوو وە هیچ کەسێکیان لە ئاوەکەدا نقوم نەبوو ، جگە لە پیاوێك لە (بارق) بە ناوی (غرقدە)وە کە لەسەر پشتی ئەسپە زەردەکەی خلیسکا .

" ئەبو عوسمان نهری " دەڵێت :

وەك لەبەر چاوما بێت وایە کاتێ ئەسپەکە لەبەر سەرما خۆی ڕاتەکاند و (غرقدە) ی فڕیدایە ناو ئاوەکەوە ، لەو کاتەدا (قعقاع ی کوڕی عەمر) جڵەوی ئەسپەکەی خۆی

[1] - ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەدەی تاوان و گوناە هۆی لەناوچوون و بەهەلاکەت چوونی نەتەوەکانە .

بۆ هەڵدا تا دەستی پێوە بگرێت ، بەو جۆرە ڕایکێشا تا تێپەڕین لە ڕووبارەکە ، کابرای (بارق)ی کە پیاوێکی زۆر بەهێز بوو ، وتی / بەڕاستی خوشکەکان (واتە ئافرەتان) نەیانتوانیوە وێنەی پیاوێکی وەك تۆیان ببێ ئەی قەعقاع .[1]

" سکالایەکی درۆ "

عمری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) سەعدی کردە والی (کوفە) .. ڕۆژان تێپەڕین ن ئەهلی کوفە سکالای سەعد یان لەلای (عمر) کرد ، وتیان : کە بە باشی نوێژ ناکات !!

سەعد فەرمووی : هەرچی دەربارەی من ئەوا هاوشێوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژم بۆ دابەستوون لە نوێژی شێواندا و هیچم لێ کەم نەکردووە .. دوو ڕکاتی یەکەم بەکاملی دەخوێنم (یان دەنگم بەرز دەکەمەوە) و دووڕکاتی دووەم سورەتێك کەم دەکەمەوە (جگە لە فاتیحە) ، (یاخود دەنگم نزم دەکەمەوە) . (عمر) (رضي الله عنه) فەرمووی : ئا ئەمە گومانی بۆ دروستکردویت ئەی ئەبا ئیسحاق .. و دواتر چەند پیاوێکی نارد بۆ کوفە تا دەربارەی سەعد پرسیار بکەن . ئەوە بوو ئەچوونە هەر مزگەوتێ هەموو باسی چاکەی سەعدیان ئەکرد تەنها مزگەوتی نەبێ کە هی (بەنی عبش) بوو پیاوێك (ابو سعدە) یان پێ دەوت ، وتی : مادام سوێندتان داین بەخوا ، ئەوا من ڕاستیتان پێ دەڵێم : سەعد لە (پرس) و کێشەکاندا دادپەروەر نەبوو وە بە یەکسانی ماڵاتی دابەش نە ئەکرد و لەگەڵ (سریە) کانیشدا بەرێ نەئەکەوت (یان سریەی نەدەنارد بۆ هیچ لایەك).

سەعد فەرمووی : " ئەی پەروەردگار داوات لێ ئەکەم ئەگەر ئەو پیاوە درۆ دەکات ، چاوەکانی کوێر کە و تەمەنی درێژکە و تووشی فیتنەکانی بکە " .

عبدالملك دەڵێت : من دواتر کابرام دەبینی لە ئافرەتان ئەهاتە پێش و ڕێ ی پێ ئەگرتن .. ئەگەر لێت بپرسیایە چۆنی ؟ ئەیوت .. پیریکی سەودا سەر ، دوعاکەی سەعدم لێ گیرا بووە .[2]

---

[1] - تارخ الطبری و صلاح الامە (٣ / ٥٣٤ – ٥٣٦) .

[2] - صحیحە : بوخاری ڕیوایەتی کردووە فەرموودەی (٧٥٥) لە بابی (الاذان) دا ، وە (مسلم)یش بە ژمارە (٤٥٣) لە (بابا الصلاة) دا و غەیری ئەوانیش ڕیوایەتیان کردووە .

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : ئەو پیاوە نەمرد هەتا کوێر بوو دەستی بە دیوارەکانەوە دەگرت و وەها هەژار کەوت کە سواڵی دەکرد هەروەها کەوتە ناو فیتنەی (المختار) و تیایدا کوژرا .[1]

" خۆبەکەنار گرتنی سەعد لە فیتنەکە "

کاتێ ئاژاوەکە (فیتنەکە) سەری هەڵدا و بڵاو بوویەوە ، کۆمەڵێك خۆیان لێ بەکەنار گرت لەوانە : سەعد کە دەیفەرموو : " من شەڕ ناکەم تاوەکو شمشێرێکم بۆ نەهێنن دووچار و زمانێکی هەبێ وپێم بڵێ : ئەمە باوەڕدارە و ئەوە بێ باوەڕە " .[2]

وە عومەری کوڕی سعد ، لە باوکیەوە دەگێڕنەوە کە عامری کوڕی هاتووە بۆلای ، سەعد فەرمووی : کوڕم ، ئەتەوێ سەرێك بم لەناو ئەو فیتنەیەدا ؟ نا بەخوا ، مەگەر شمشێرێکم بۆ بێنن کە لە موسڵمانێکم پێ دا خۆی لێ دورخاتەوە و لە بێ باوەڕێکم پێ دا بیکوژێ ، چونکە گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو ، فەرمووی : " ان الله يحب الغني الخفي التقي " [3]

واتە : خوای پەروەردگار بێ نیازی پەنهانی لە خواترسی خۆشدەوێ .

زەهەبی دەڵێت :

سەعد خۆی بەکەنار گرت لە ئاژاوەکە و نە لە (الجمل) و نە لە (صفين) و نە لە (التحكيم) ئامادە نەبوو ، کە بەڕاستی سەعد کەسێکی شیاو بوو بۆ پێشەوایەتی و زۆر پلە و پایەی بەرز بوو .[4]

وە لە کاتی سەرەمەرگدا دەفەرمووێ : " بێ گومان پەروەدگارم سزام نادات ":- لە (مصعب)ی کوڕی(سعد)ەوە ، دەڵێت : " سەری باوکم لە کۆشمدا بوو کاتێ دوا

---

[1] - (موختاری ثقفی) درۆزن کە ئیدیعای خوایەتی ئەکرد . بڕوانە : تاريخ الاسلام (٢ / ٣٦٩ – ٣٧٧) .

[2] - پیاوانی جێ ی متمانەن : تەبەرانی ریوایەتی کردووە ، هەیثەمی دەڵێت ، پیاوانی پیاوانی (الصحيح)ن ، المجمع (٧ / ٢٩٩) .

[3] - اسنادەکەی · حسن)ە ، احمد (١ / ١٧٧) ، الحليە (١ / ٩٤) ، ئەرنە نوط دەڵێت ، (حسن)ە ، سير (١ / ١١٩) .

[4] - بڕوانە : سير اعلام انبلاء (١ / ١٢٢) .

هەناسەکانی ژیانی دەدا ، گریام ، سەری بەرز کردەوە و فەرمووی : کورم ، بۆچی دەگرییەیت ؟ وتم : بۆ ئەم حاڵەی کە تۆی تیایە دەگریم .. فەرمووی : مەگری ، چونکە بەڕاستی خوا هەرگیز ئەشکەنجەم نادات و من لە ئەهلی بەهەشتم " .[1] پێشەوا (ذهبي) دەڵێت : وتم : ڕاست ئەکات بە خودا ، خۆشی لە خۆی ..[2]

" بە بەرگی جیهادەوە کفن دەکرێ "

سعد (رضي الله عنه) پێش وەفاتی و لە کاتێکدا خۆی ئامادە ئەکات بۆ لیقای پەروەردگاری هەق ، ئەوە لەبیر ناکات وانەیەکمان پێشکەش بکات .. ئەبێ بە چ جۆرێ بە لیقای خوای بالادەست شاد بێ ؟ هیچ باشتر نابینێتەوە لەبەرگی جیهاد .. کە نیشانەی شەرەف و ناونیشانی پیاوەتی یە ... خۆزگە قەومەکەم ئەمەیان ئەزانی .

لە (الزهري) وە ، دەڵێت : کاتێ سەعد کەوتە سەرەمەرگ داوای جبەیەکی خوری کردووە فەرمووی : بەمە کفنم بکەن ، چونکە ڕۆژی بەدر بەم بەرگەوە ڕووبەڕووی بێ باوەڕن بوومەوە و هەر بۆ ئەم ڕۆژەم هەڵگرتووە "[3]

ئەی ئوممەتی ئیسلام گوێت لێ بێت ...

سەعد (رضي الله عنه) لە زەمانی موعاوەیەدا پاش حەجی یەکەمی وەفاتی کرد لە تەمەنی (٨٣) ساڵیدا و (مروان) نوێژی لەسەر کردو لە (بقیع) بە خاکیان سپارد .. (ڕەزای خوای لێ بێت) .

---

[1] - بڕوانە : طبقات ابن سعد (٣ / ١ / ١٠٤) .

[2] - بڕوانە سیر اعلام النبلاء (١ / ١٢٢) .

[3] - تەبەرانی لە (الکبیر) دا ڕیوایەتی کردووە ، هەیپەمیش لە (المجمع ٣ / ٢٥) دا باسی کردووە و دەڵێت : پیاوانی جێ متمانەن ، بەلام زەهری بەسعد نەگەشتووە .

" ١٠ - سەعیدی کوڕی زەید (رضي الله عنه) "

" (... و سعيد بن زيد في الجنه) فەرموودەی صحيح "

کێ یە ؟

سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی عەبدعوزای قورەیشی عەدوی یە ..

هەر پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچێتە ماڵی (ارقم) موسڵمان بوو و لە هەموو جەنگ و بۆنەکانتدا لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بەشداری کردووە جگە لە (بەدر) .

لە (عروە)وە ، دەڵێت : [1]

" سعیدی کوری زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نفیل پاش گەڕانەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەدر ، لە شامەوە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی بە ئاخاوتن کرد لەگەڵیدا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو غەنیمەتەی گرتبوویان بەشەکەی پێدا ، سعید فەرمووی / ئەمە پادشتەکەمە ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ئەوەك وا بزانن مافی خۆمم نی یە ؟ فەرمووی / ئەوە پاداشتەکەتە .

هەروەها ئابڵوقە و فەتحی (دیمەشق)ی بینیوە ، و ئەبو عبیدەی کوڕی جەڕاح کردوویەتی بەوالی بەسەر دیمەشقەوە [2]

وە یەکێکە لەو دە هاوەڵەی مژدەی بەهەشتیان پێ دراوە . لە (سەعیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نفیل)ەوە ، ئەفەرموێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دە کەسی ژمارد و فەرمووی :

" ابوبكر في الجنة ، و عمر في الجنة ، و عثمان في الجنة ، و على في الجنة ، و طلحة في الجنـــة ، زبير في الجنة ، سعد في الجنة ، و عبدالرحمن في الجنة "

فەرمووی : " ابوبکر لە بەهەشتدایە ، و عمر لە بەهەشتدایە ، و عثمان لە بەهەشتدایە ، و علی لە بەهەشتدایە ، و تەڵحە لە بەهەشتدایە ، زبیر لە بەهەشتدایە ،

---

[1] - دانە پاڵەکەی (حسن) : تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە . بڕوانە : المجمع بە ژمارە (١٤٨٧٦) .

[2] - الاصابە (٤ / ١٨٨) ، (الاستعیاب) ی ابن عبدالبر (٤ / ١٨٨) .

سعد لە بەهەشتدایە ، و عبدالرحمن لە بەهەشتدایە " پێ وترا : نۆیەمیان کێ بوو ؟ فەرمووی : من بووم .[1]

هەروەها لە (عبدالرحمن ی کوڕی عوف)ەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " ابوبکر في الجنة ، و عمر في الجنة ، و عثمان في الجنة ، و علي في الجنة ، و طلحة في الجنة ، زبير في الجنة ، سعد بن ابي وقاص في الجنة ، و عبدالرحمن في الجنة ، سعيد بن زيد في الجنة ، و ابو عبيدة بن الجراح في الجنة " [2]

فەرمووی : " ابوبکر لە بەهەشتدایە ، و عمر لە بەهەشتدایە ، و عثمان لە بەهەشتدایە ، و علی لە بەهەشتدایە ، و تەڵحە لە بەهەشتدایە ، زبیر لە بەهەشتدایە ، سعد لە بەهەشتدایە ، و عبدالرحمن لە بەهەشتدایە ، سعید بن زید لە بەهەشتدایە ، و ابو عبیده بن الجراح لە بەهەشتدایە "

زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نفیل (باوکی سعید) لەوانە بوو لە پەرستنی بتەکان پشتی هەڵکرد و بەدوای پەرستنی خوای تاك و تەنیادا هەڵات ، پێش پێغەمبەرایەتی (محمد) ی ئازیزمان (ﷺ) ، زەوی شام گەڕا بەدوای ئاینی هەقدا و لەوێ جولەکە و گاورەکانی بینی ، بەڵام ڕقی لە ئاینەکەیان بووە و وتی : ئەی خوای پەروەدگار ئەوا من لەسەر ئاینی (ئیبراهیم)م (سەلامی خوای لەسەر بێت) ، بەڵام زەید لە ئاینی (ابراهیم) (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە گوێرەی پێویست شارەزا نەبوو کەسێکیش نەدیەوە ڕێنمونی بکات بۆ لای ئەو ئاینە ، وە ئەم (زید)ە لە ئەهلی ڕزگار بوانە ، وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی بۆ داوە کە " يبعث امة واحدة " [3]

واتە : بە تەنها وەك ئوممەتێك زیندوو دەکرێتەوە .

---

[1] - صحيح : صحيحی سوننەتەکانی ابن ماجه (١١٠) .

[2] - صحيح : صحيح ی سوننەتەکانی ترمزی (٢٩٤٦) ، المشكان (٦١١٠ ، ٦١١١)،تخرج الطاويه(٧٢٨).

[3] - دانەپاکەکانی (حسن)ە / بەم دەربڕینە (يأتي امة واحدة) تەبەرانی و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە. الجمع (٩ / ٤١٧) .

هـەروەها زەیـد کـوڕە مـامی پێـشەوا (عمـری کـوڕی خـەتاب)ە [1] ، ئـەم پیـاوە پێغەمبـەری خـوای (ﷺ) بینیـوە ، بـەڵام ئەوەنـدە نـەژیاوە تـاوەکو بەرنامـەی ئیـسلام ببینێت. [2]

لـە خـاتوو ئـەسمای کـچی ئەبوبـەکرەوە (ڕەزای خوایـان لـێ بێـت) ، فـەرمووی (زەیدی کوڕی عمری کوڕی نفیل)م بینی ڕاوەستا بوو پشتی نوساند بـوو بە کەعبـەوە و دەیوت : ئەی هۆزی قورەیش ، سوێند بەخوا لە خـۆم زیـاتر کـەس لـە ئێـوە نـابینم لەسـەر ئاینی ئیبراهیم بـێ ، هـەروەها ڕێگـری ئـەکرد لـە زینـدە بەچـاڵ کردنـی ئـەو گیژۆڵانـەی باوکیان دەیانویست زیندە بەچاڵیان کەن ، و بەباوکەکەی دەوت : مەیکوژە ، من بژێوی و خەرجی ئەوت لە کۆڵ ئەکەمەوە ، و ئەیبردە لای خۆی تا کەمێك پێ دەگەیشت ئەوسا بە باوکی کچەکەی دەووت : ئەگەر ئەتـەوێ کچەکەت ئەدەمەوە ، ئەگـەر ناشـتەوێ ئەوا هـەر خۆم بژێوی ئەدەم . [3]

هەروەك قورەیشی بەوەعەیدار ئەکرد کە لـەکاتی سەر بڕینـی ئاژەڵدا نـاوی خـوای تاك وتەنها یان نە ئەبرد ، ئەیوت : " مەڕو ماڵات خوا دروسـتی کـردوون و لـە ئاسمانـەوە دایبەزانـدووە و لـەزەویش خـۆراکی بـۆ وەبـەرهێناوە ، کەچـی دوایـی ئێـوە لـەکاتی سەربڕیندا لە جیاتی ئەوەی ناوی خوای لەسەر بێنن ، ناوی غەیری خوای لەسەر دەهێنن . (بوخاری ڕیوایەتی کردووە)

هەرچی سەعیدی کوڕیەتی ئەوا بە هۆی ئیسلام بوونیەوە بەشی خـۆی ئەشکـەنجە و ئازاری چەشتووە .

لـە قەیـسی کـوڕی حازمـەوە ، دەڵێـت : سـەعیدی کـوڕی زەیـد فـەرمووی : " دەبینـی ، عمـری کـوڕی خـەتاب پـێش ئـەوەی موسـڵمان بـێ لەسـەر ئێسلامەتیم

---

[1] - سەعیدی کوڕی زید ، (فاتمە)ی خوشکی پێشەوا عمری کوڕی خەتابی هێناوە ، چیرۆکێکی بەناوبانگیان هەیە لە موسڵمان کردنی (عمر) دا .

[2] - بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (١ / ١٢٦ ، ١٢٧) .

[3] - صحیح : بوخاری بەهەڵپەسێراوی لە (المناقب) (٣٨٢٨) دا ڕیوایەتی کردووە ، (حاکم)یش بـە (صحیح) دایناوە (٣ / ٤٠٤) زەهەبیش لەسەرمان ڕایە .

ئیبەستەموە ، بەلاّم دواتر دەستی بالاّی لەسەر خستنی ئیسلامدا هەبوو (رضي الله عنه) .[1]

" چەند لاپەڕەیەکی ڕووناك لە جیهادی (رضي الله عنه) "

سەعیدی کوڕی زەید بەباشترین شێوە تاقیکراوەتەوە لە پێناوی پەروەردگاریدا بە ئەوپەڕی لێبوردەیی و خوا ویستی یەوە خەباتی کردووە .

" خەباتی سەعید (رضي الله عنه) ڕۆژی (أجنادین) "

لەو ڕۆژەدا سەرکردەی ئەسپسوارەکان بوو ، لە بەهێز ترینیان بوو ، هەر ئەویش بوو کە پێشنیاری کرد بۆ خالدی کوڕی ولید بەدەستپێکردنی شەڕ لە ڕۆژی (اجنادین) دا ، کاتیّ ڕۆمەکان موسڵمانانیان کردە ئامانجی تیرەکانیان ، ئەوەبوو سەعید هاواری کردە خالد و فەرمووی : " لەسەر چی ببینە ئامانج بۆ ئەو خوانەناسانە ، و ئەوەندە تیریان بۆ هاویشتین تاوەکو ئەسپەکانمان وایان لیّ هات ڕێگریمان بکەن لەوەی بچینە سەر پشتیان " .

ئینجا (خالد) بەرەو لای موسڵمانان هات و فەرمووی : " بەناوی خوا ، خۆتان توندکەنەوە ، ڕەحمەتی خواتان لیّ بێت " . بەو جۆرە خالد و موسڵمانانیش لەگەڵیاندا چەکەکانیان بەرووی ڕۆمەکاندا بەرز کردەوە و ئارامیان لەسەر دووجار هێرشی ڕۆمەکان گرت ، جارێك لەلای ڕاستیانەوە جارێك لەلای چەپیانەوە ، پاشان سوپای موسڵمانان بەرەو ڕۆم ڕۆیشت کە ڕۆمیەکان نەیانتوانی بۆ کاتێکی کەمیش بیّ لەبەردەمیاندا ئارام بگرن و زۆر خراپ شکستیان خوارد و موسڵمانان هەر چۆن بیانویستایە لێیان ئەکوشتن وسەربازکە و هەموو ئەوانەش لەسەربازگەکەیاندا بوو دەستیان بەسەردا گرت .

---

[1] - صحیح / بوخاری ریوایەتی کردووە (٣٨٦٢) لە (باب)ی (من اختار الضرب و القتل و الهوان علی الکفر) .

" خەباتی سەعید (رضي الله عنه) ڕۆژی (یرموك) "

(حبیب ی کوڕی سلمە) دەڵێت : ڕۆژی یەرموك زۆر پێویستیان بە سەعید بوو ، خوا پاداشتی بداتەوە ، بەڕاستی ئەو ڕۆژە هەروەك شێر بوو ، کاتێ لە ڕۆمەکانی ڕوانی وەك ئەوەی بترسێ ، لەسەر ئەژنۆ چۆکی دادا تا ئەوەندەی ڕۆمەکان لێ ی نزیك بوونەوە یەکسەر بە ڕویاندا هەروەك شێر بڵند بوویەوە و بە حەربەکە دای لە یەکەمین پیاویان و کوشتی و سوێند بەخوا بەردەوام لە سەرپێ شەڕی ئەکرد وێنەی کەڵەپیاوە چاو نەترسەکان ، وەك ئەسپ سواران هەڵمەتی دەبرد ، لەڕاستیدا سۆزی خەڵکی بۆلای خۆی ڕاکێشا بوو .[1]

" دوعایەك و وەڵامێك لە پەروەردگارەوە "

لە (هشامی کوڕی عروە) وە ، ئەمیش لە باوکیەوە ، دەگێڕێتەوە کە (أروای کچی اویس) ئیدعای ئەوەی کردکە سەعیدی کوڕی زەید شتێکی لە زەوی یەکەی داگیر کردووە ، بۆ ئەمەش لای (مروان) سکاڵای سەعیدی کرد .. سەعیدیش (رضي الله عنه) فەرمووی : من کەسێك نیم کە لە زەوی ئەوبەرم پاش ئەوەی گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو ، فەرمووی : هەرکەس بە ناهەق و ستەم شتێك لە زەوی خەڵکی داگیر کات ئەوە لە قیامەتدا خودا ئەیباتە ناو حەوت تەبەقەی (چینی) زەویدا . مەروان وتی : پاش ئەم فەرموودەیە ئیتر داوای بەڵگەی دیکەت لێ ناکەم ، سەعیدش (رضي الله عنه) فەرموی : " ئەی خوایەگیان ، ئەگەر ئەو ژنە درۆ ئەکات و ڕاست ناڵێت ، ئەوا چاوەکانی کوێر کە و هەر لە ناو زەوی یەکەیدا بە کوشتی بدە " ئەوە بوو ژنەکە چاوەکانی کوێر بوون و کاتێ بەناو زەوی یەکەیدا دەڕۆیشت کەوتە ناو چاڵێك و مرد .[2] بڕوانە ... خوێنەری بەڕێز چۆن تۆمەتی ناپەسەند و ناهەق دەدرێتە پاڵ شەرەفمەندان .. لە کاتێکدا هەندێ جار ئەو تۆمەتانە لەکەسانێکەوەیە کە خۆیان ئەهل و شایستەی تاوانەکەن ، چەندەها تاوانبار هەن لە دەرەوەی قەفەزی تاوان ڕادەبوێرن و چەندەها بێ تاوانیش یان چاکە خوازیش بونەتە ئامانجی تیری تەڵەکە بازان ، بەڵام پاداشت و جەزا لە کۆتاییدا بەسە پێشگری

---

[1] - تاریخ ی ابن عسكر (١ / ٥٤١) ، و صلاح الامەی ، د . سید العفانی (٣ / ٣٥٦ ، ٣٥٧) .

[2] - صحیح : مسلم لە (المساقاة) (١٦١٠) ، (١٣٩) دا ڕیوایەتی کردووە لە (بابی / تحریم الظعم و عضب الأرض.

هەموو کارەکان بێت و سەر بڵندی بۆ بێ تاوان و سەر شۆڕی بۆ تاوانباران دەمێنێتەوە : ﴿ ... وَقَدْ خَابَ مَنْ افْتَرَى ﴾ سورة طه ، آية ٦١ . واتە : وە بەڕاستی ئەوەی شتی ناڕەوای هەڵبەستووە نا ئومێد و ڕەنجەڕۆ بووە .

ئەوەشی دڵنەوایی بێ تاوانان ئەکات ئەوەیە کە دەزانن تەنانەت پێغەمبەری خواش (ﷺ) دوورنەبوو لە تانەی شەیتانەکانی مرۆیی " ئەوەتە لە غەزای (حنین) دا کۆمەڵێ خەڵك دەستیان بە بۆڵە بۆڵ کرد و دەیانووت کە سوێند بەخوا ئەم دابەشکردنە دادپەروەرانە نیە و لە پێناوی خوادا نیە !! [1]

سەعید (رضي الله عنه) ،ساڵی (٥١)ی کۆچی لە (عقیق) کۆچی دوایی کرد و لە (مدینە) بە خاکیان سپارد پاش ئەوەی سعدی کوڕی ئەبی وەقاص شۆردی و سەعد و ئیبنو عومەر چوونەتە ناو گۆڕەکەی .. ئەوکاتە سەعید حەفتا و ئەوەندە ساڵ بوو ... خواش باشتر دەزانێ ..

یحیی کوڕی سعید ، دەڵێت : نافع بۆی گێڕامەوە لە ئیبنو عومەرەوە کە بەسەر سعیدی کوڕی زەیددا ڕۆژی هەینی پاش بەرز بوونەوەی هەتاو هاوار کرا (هاواری مەرگی کرا) ئەوە بوو ، ئینوعومەر هات بۆ لای لە (عەقیق) و وازی لەجمعەکەی هێنا . [2]

نووسەر دەڵێت : ئەمەش بەڕاستی کەرامەتێکی ترە ، ئەو تا لە عبداللە ی کوڕی عمر ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " ما من مسلم يموت يوم الجمعة ليلة، الجمعة ، الاوقاه الله فتنة القبر " . [3] واتە : هەر موسڵمانێك ڕۆژی هەینی یان شەوی هەینی وەفات بکات ، ئەو بێ گومان خوای پەروەردگار لە ناڕەحەتی گۆڕ دەیپارێزێت .

---

[1] - بڕوانە : الحدود في الإسلام . د . محمود عمارە (لاپەڕە ١٤٨) .

[2] - صحيح / بوخاری ڕیوایەتی کردووە لە (المغازی) دا بە ژمارە (٣٩٩٠) هەروەها (حاکم)یش ، وە پیاوانی جێ ی متمانەن . سیر (١ / ١٣٩) .

[3] - ئەلبانی دەڵێت : احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٦٥٨٢ – ٦٦٤٦) لەکەڵ (ترمزی)شدا ، شاهیدیش هەیە (انس و جابری کوڕی عبداللە و غەیری ئەوانیش . واتە فەرموودەکە لە کشت ڕێگەکانیوە (حسن) یان (صحیح)ە . بڕوانە احکام الجنائز (٣٥) .

" ١١ - حمزەی کوڕی عبدالمطلب (رضي الله عنه) "

" شێری خودا (جل جلاله) و شێری پێغەمبەرەکەی (ﷺ) "

میوانی ئەم چەند لاپەڕەیەمان یەکێکە لەو کەڵە پیاوانەی یاد کردنەوەیان دڵەکان دەژێنێتەوە ، ئەویش : -

(حمزەی کوڕی عبدالمطلب کوڕی هاشمی کوڕی عبدمناف) ە ، حەمزە پێشەوای پاڵەوان و شێری خودا و گەورەی شەهیدان ، وە مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەروەها برای شیرییەتی . حەمزە موسڵمان بوو ، بە موسڵمان بوونیشی بووە عیززەت و توانا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)و بۆ موسڵمانان ، ئەویش لە ساڵی شەشەمی پێغەمبەرایەتیدا پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە ماڵی (الارقم) .[1]

" چاکەکانی "

١- لە (جابری کوڕی عبدالله)وە (رضي الله عنه) لە پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) ڕیوایەتی دەکات : فەرمویەتی : " سید الشهداء حمزة عبدالمطلب "[2] ، واتە : گەورەی شەهیدان (حەمزەی کوڕی عبدالمطلب)ە .

٢- وە لە سعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە (رضي الله عنه) دەفەرموێ :" لە جەنگی ئوحود دا حەمزە لە نێو دەستی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) شەڕی دەکرد و دەیفەرموو : من شێری خودام "* .

" سەرەتای موسڵمان بوونی "

کاتێ خوای پەروەرگار چاکەی بۆ کەسێك دەوێ ، ئەوا هۆکارەکانی بۆ ئاسان دەکات .

لە محمد ی کوڕی کعبی قورتوبییەوە ، دەڵێت : موسڵمان بوونی حەمزە(رضي الله عنه) لە جوامێری و پیاوەتی یەوە سەرچاوەی گرت . ئەو پیاوێکی تیر وەشێن بوو ، وە لە

---

[1] - بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ١٩٥) .

[2] - فەرموودەی (حسن)ە ، بە هەموو ڕێگەکانیەوە . حاکم لە (المسندرك) دا ڕیوایەتی کردووە . بڕوانە (فضائل صحابه النبي)ی (عدوی) (٢٧) .

* ئیسنادەکەی (صحیح)ە: حاکم لە (المستدرك) دا ڕیوایەتی کردووە. (فضائل الصحابه)ی عدوی (٢٧).

حەرەمی مەککە دەچووە دەرەوە بۆ ڕاو کردن و کاتێ ئەگەڕایەوە و بەدانیشتنەکانی (مجالس) قورەشیدا تێپەڕ ئەبوو لەلای صەفادا ، دەیفەرموو وەها و وەهام هاویشت و ئەوە و ئەوەم کرد ، ئینجا دەچووەماڵەکەی .

ئەوە بوو جارێ لە ڕاو کردن دەهاتەوە ، ئافرەتێکی پێ گەیشت پێ ی وت : ئەی ئابا عەممارە دەزانی برازاکەت چی چەشتووە ؟ (مەبەستی پێغەمبەری خوا یە) (ﷺ) بە دەستی ئەبی جەهلی کوڕی هشام ؟ لە جنێو پێدان ودەست لێ کردنەوە و ... کارگەلێکی دەرهەق ئەنجام داوە ... ئەو کاتە حمزە (ﷺ) هێشتا موسڵمان نەبوو بوو ، فەرمووی : کەس بەو حاڵەوە بینیویەتی ؟ وتی : ئەرێ وەڵلاّ بە بەرچاوی خەڵکەوە ئەم کارەی کرد .

حەمزە هات .. تا گەیشتە ئەو دانیشگەی لای صەفا و مەروەدا بوو ، بینی خەڵکانێك دانیشتوون و ئەبو جەهلیان لەناودایە ، حەمزە دەستی لەسەر کەوانەکەی دانا (خۆی بەکەوانەکەوە ڕاگرت) و فەرمووی :

ئەمڕۆ وەها و وەهام هاویشت و ئەوە و ئەوەم کرد ، پاشان هەردوو دەستی بەکەوانەکەیەوە جووت کرد و کێشای بە نێو گوێچکەکانی ئەبو جەهل دا و فەرمووی : چیت لە دەست دێت درێغی مەکە ، ئەوا من شایەتی ئەدەم کە ئەو پێغەمبەری خوایە (ﷺ) و لەلایەن خواوە هەق و ڕاستی هێناوە .

وتیان : ئەی ئەبا عەممارە ، ئەو قسەی بە خواکانمان و تووە ، هەتا ئەگەر تۆش بویتایە کەلەلامان لەو باشتری ، بە کارێکی وەها کە لێت بوەشێتەوە ڕازی نەئەبوین ، وە تۆ ئەی ئەبا عەممارە پیاوێکی خراپەکار نەبوویت .[1]

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : –

ئەبو جەهل لە صەفا ڕێگەی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گرتووە ئازاری داوە ... حەمزەش (ﷺ) کە خاوەنی جوامێری لێهاتووی یەکی زۆر بوو لە تیرهاوێژی و ڕاوکردندا ، لەو ڕۆژەدا تیرو کەوانەکەی پێ بوو .. کاتێ گەڕاوەتەوە خێزانەکەی ئەوەی ئەبو جەهل دەرهەق بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەنجامی دابوو ، ئەم بینیبوی ، بۆ

[1] – تەبەرانی بە (مرسل)ی ڕیوایەتی کردووە ، پیاوانی فەرموودەکە پیاوانی (صحیح)ن الجمع بە ژمارە (١٥٤٦٠) .

حەمزەی گێڕاوەتەوە ، وتویەتی : ئەی ئەبا عەممارە ، ئاگات لێ نەبوو ئەبو جەهل چی بە برازاکەت کرد ! حەمزەش تووڕە بووە و هەر بەو کەل و پەلی ڕاوەوە ڕۆشتووە و کەوانەکەی لە گەردنیدا ئالاندووە تا گەشتوەتە مزگەوت لەوێ ئەبا جەهلی لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکیدا لە دانیشگەکەیاندا بینیوە ، لێ ی چووتە پێشەوە بێ ئەوەی هیچ بڵێ بە کەوانەکەی سەری ئەبو جەهلی بەرز کردەوەتەوە و بریندار کردووە .

لەوێدا کۆمەڵێ پیاو لە قورەیش هەڵساون دەستی حەمزە یان گرتووە تا ئازاری ئەبوجەهل نەدا .. حەمزەش (ﷺ) فەرموویەتی : ئاینی من ئاینی (محمد ﷺ)ە ، شایەتی ئەدەم کە ئەو پێغەمبەر و نێرراوی خوایە .. وە سوێند بە خوا لەو ئاینەش لانادەم ، ئێوەش ئەگە ڕاست ئەکەن (ئەگەر ئەتوانن) ڕێگریم بکەن .

بەو جۆرە کاتێ حەمزە موسڵمان بوو ، بوە پاڵپشت و هێز و توانا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بۆ موسڵمانان ، وە هەندێ لە کاروبارەکانی بۆ جێگیر کردن و قورەیشی توشی ترس کرد . ئەوان ئەیانزانی کە حەمزە (ﷺ) پارێزگاری لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەکات .[1]

حەمزە (ﷺ) کە ئەم وشانەی بە قورەیش دەوت ، هاوکات لەگەڵ وتنی ئەو وشانەدا ڕەحمەتی ئیلاهی بۆی دادەبزێ و سنگی بۆ ئیسلام فراوان دەبێ و دەچێتە ژێر ئالای هەق و دەبێتە کەسایەتی یەکی وەها لە هەموو جێ و سەردەمێکدا نموونە بێت بۆ جوامێری .

وە ئیسلام بوونی حەمزە (ﷺ) شۆکێکی قورس و زللەیەکی توند بوو بۆ قورەیش .. جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەم ئاینە تازە ڕێگای بڵاو بوونەوەی گرتووەتە بەر بەبێ ئەوەی هیچ ڕێگرێك بتوانێ ڕێگای پێ بگرێت .

پاشان ڕۆژان تێپەڕین و پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمانان کۆچیان کرد بۆ مەدینە و لەوێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی بەدانانی بنچینەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کرد و زۆری پێ نەچوو جەنگی بەدری گەورە ڕووی دا کە حەمزە (ﷺ) پاڵەوانی ئەو جەنگە بوو .

[1] تەبەرانی (مرسل)ی ڕیوایەتی کردووە . پیاوانی جێ متمانەن . المجمع بە ژمارە (١٥٤٦١) .

" چەند لاپەڕەیەکی ڕووناکی لە جیهادی حەمزە (رضي الله عنه) "

یەکەمین لیوایەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەوەی نا کاتێ هاتە مەدینە ، بۆ حەمزە بوو (رضي الله عنه) .

" جیهادی حمزە لە شەڕی بەدر دا "

یەکەمین هەڵگیرسێنەری جەنگەکە (ئەسوەدی کوڕی عبدالاسد)ی مەخزومی بوو کە پیاوێکی دڕندە و بەد ڕفتار بوو ، هاتە دەرەوە و وتی : پەیمان ئەدەم بە خواکانم کە ئەبێ لەو حەوزەیان بخۆمەوە یاخود بیڕوخێنم یان بەو هۆیەوە بمرم .[1] ئەوە بوو کاتێ لە ڕیزەکان هاتە دەرەوە ، حەمزەش بۆی هاتە دەرەوە ، کە بەیەك گەیشتنن حەمزە شمشێرێکی لێدا و قاچی لە ڕانیەوە لەت کرد ئەویش بەسەرپیشیدا کەوت و خوێنی قاچی بەرەو هاوڕێکانی جۆگەلەی بەست ، پاشان بەرەو حەوزەکە بە سنگە خشێ ڕۆیشت تا گەیشتە لای حەوزەکە دەیوسیت سوێندەکەی بە جێ بێنێت ، بەڵام حەمزە (رضي الله عنه) یەکێکی تری لێ داو و لەناو حەوزەکەدا کوشتی .[2] ئەمە یەکەمین کوشتن بوو کە ئاگری شەڕی بەدری هەڵگیرساند .

" مەیدانکاری یەکە "

پاش ئەمە سێ ئەسپ سوار لە باشترین ئەسپ سوارەکانی قورەیش کەلەیەك خێزان بوون هاتنە مەیدان ، ئەوانیش (عوتبە و شەیبەی برای کە کوڕی ڕەبیعە) بوون لەگەڵ (ولیدی کوڕی عوتبە) کاتێ لە ڕیزەکان جیابوونەوە داوای مەیدانکاری یان کرد . ئەوەبوو چەند لاوێکی ئە نصاری هاتنە مەیدان کە (عوف و معوزی کوڕانی حارس) بوون کە داکیان ناوی (عفرء) بوو لەگەڵ (عبدالله ی کوڕی ڕواحە) ، وتیان :ئێوە کێن ؟ فەرموویان :

کۆمەڵێکن لە پشتیوانان وتیان : ئێوە هاوشان و جوامێرن ، بەڵام کارمان بە ئێوە نیە ، بەڵکو کوڕە مامەکانمان دەوێت ، ئینجا بانگکەرێکیان هاواری کرد : ئەی محمد

---

[1] - موسڵمانان حەوزێکیان دروست کرد بوو لە پشت سوپاکەوە تا ئاوی لێ بخۆن .

[2] - بڕوانە : الرحيق المختوم (١٩٦) .

هاوشانەکانمان لە خزمانمان بۆ بێنەرە مەیدان . پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : هەڵسە ئەی عبیدەی کوڕی حارس و هەڵسە ئەی حەمزە و هەڵسە ئەی علی .[1]

هەر سێ هاوەڵی بەڕێز هەڵستان و لە بێ باوەڕان نزیك بوونەوە . پرسیان : ئێوە کێن ؟ ئەوانیش هەواڵیان پێدان کە کێن . ئینجا بێ باوەڕان وتیان : باشە ، ئێوە هاوشانی ئێمەن . ئەوە بوو عبیدە (کە لە هەمووان بە تەمەنتر بوو) لەگەڵ عوتبەی کوڕی ڕەبیعە ڕووبەڕوو بوویەوە ، حەمزەش لەگەڵ شەیبەو علی کوڕی ئەی تالیب (ڕەزای خوای لێ بێت) لەکەڵ وەلید دا ڕووبەڕوو بوویەوە .[2]

سەبارەت (حمزە و علی) ، هیچ مۆڵەتی بەرامبەرەکەیان نەدا و خێرا کوشتنیان ، بەڵام عبیدە چەند لێدانێك لە نێوان ئەو و بەرامبەرەکەیدا ڕووی دا و هەریەکەیان ئەوی تری بریندار کرد ، پاشان علی و حمزە دایان بەسەر عوتبەدا و کوشتیان و هاوەڵەکەیان هەڵگرت کە قاچی بریندار کرا بوو .. ئەو هاوەڵە بەڕێزە هەر بەبرینداری مایەوە تاوەکو پاش چواریان پێنج ڕۆژ لە دوای شەڕی بەدر لە (صفراء)گیانی سپارد ، ئەو کاتەی کە موسڵمانان بەرەو مەدینە دەگەڕانەوە .[3]

لەو جەنگەدا (حمزە) (رضي الله عنه) ژمارەیەکی لە بێ باوەڕان کوشت و بە پەڕێکی نەعامە جیا دەکرایەوە .

(عبدالرحمن کوڕی عوف) دەفەرموێت : ئومەییەی کوڕی خەلەف پێی وتم : ئەی (عبدالا لە) ئەو پیاوە کێ بوو کە ڕۆژی بەدر پەڕێکی نەعامەی لەسەر سنگیەوە بوو ؟ وتم : ئەوە (حمزەی کوڕی عبدالمطلب) ی مامی پێغەمبەری خوا یە (ﷺ) . وتی : ئا ئەوە چ کارێکی پێ کردین ئەو ڕۆژە ![4]

---

[1] - فەرموودەکە : " قم یاعبیدة بن الحارث ، و قم یاحمزة ، و قم یا علی "

[2] - لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتوە ل ابی داوودەوە : کەعبیدە لەگەڵ وەلید و علی لەگەڵ شەیبە حمزە لەگەڵ عوتبە ڕووبەڕوو بوونەتەوە . (صحیح) ی سوننەتەکانی ئەبی داوود بە ژمارە (٢٣٢١) .

[3] - بڕوانە / الرحیق المختوم (١٩٦) .

[4] - هەیسەمی دەڵێت : (البزار) لە دوو ڕێگاوە ڕیوایەتی کردووە لە یەکێکیان دا لە مامۆستای (علی بن الفضل المراسبی) بوو کە نەمدەناسی و باقی پیاوانی (صحیح)ن ڕێگەکەی تر (لاوازە) . بڕوانە الجمع بە ژمارە (٩٩٧٦) .

" بە دوو شمێشر لە ڕۆژی ئوحود دا دەجەنگێت "

لە (عمیری کوڕی اسحاقەوە) ، دەفەرموێ / حمزەی کوڕی عبدالمطلب ڕۆژی ئوحود لە نێو دەستی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بە دوو شمێشر شەڕی ئەکرد و ئەیفەرموو : من شێرێ خودا و شێری پێغەمبەرەکەیم (ﷺ) .[1]

" وێنەیەکی زیندووی مەیدانی جەنگەکە "

گەرمەی شەڕە و حەمزە بەشمشێرەکەی گەردنی بێ باوەڕان دەدورێتەوە (یحصد) چۆن دورانەوە یەك ، (وحشی)ش کە بۆ تەنها کارێك هاتبووەناو ئەم مەیدانی شەڕەوە ،ئەویش کوشتنی حمزەیە ، ئەگەر توانی بیکوژێ ئەوە (جبیری کوڕی مطعم) لە کۆیلەیەتی ئازادی ئەکات .

" وەحشی لە پشت دارێکەوە وەستاوە قەمەکەی (حەربەکەی) بە دەستەوەیە و چاودێری جوڵەکانی (حمزە) دەکات و دەنگی جبیری کوڕی مطعم لە خەیاڵیدا دەزەنگێتەوە کە دەڵێت : ئەگەر حمزەی مامی محمدت لە تۆڵەی مامم کوشتەوە ،[2] ئەوە تۆ ئازادیت تەنها لێدانێکە لەسەر سنگی حەمزە و پاشان ئازاد ئەبی... بۆیە بەردەوام شوێن حەمزە دەکەوت بە چاوەکانی و حەمزەش (رضي الله عنه) بەردەوام بە شمشێرەکەی بێ باوەڕانی تەفروتونا ئەکرد ، هەروەك شێرێك کەڵبەکانی تیژ کردبێتەوە دەیدا بە سەریاندا و بەیەك لێدان لە جووڵەی ئەخستن و ئەیفەرموو : " من شێری خودا و شێری پێغەمبەرەکەیم " .

حەمزە یەکێکی دا لە پیاوێك و سەری لە لاشەی جیا کردەوە ، لەوکاتەدا (وحشی) کە بەردەوام لە چاودێریدا بوو خۆی گرد کردەووە ، حەمزە کە (٣٠) دانە پیاوی تەنها لە قورەیش کوشتبوو ، خۆ ئەگەر ئاوڕی بەلای دارەکەوە بدایەتەوە وئەوەی بە خەیاڵدا

[1] - حاکم دەرهێنانی کردووە (٣ / ١٩٦) دەڵێت : (صحیح) ە زەهەبیش هەمان ڕای هەیە هەیثەمی دەڵێت / تەبەرانی ریوایەتی کردووە بەگوێرەی وتەی ئەو پیاوانی فەرمووده پیوانی (الصحیح)ن . المجمع بە ژمارە (١٥٤٦٣) .

[2] - حمزە (رضي الله عنه) ڕۆژی بەدر مامی ئەمی کوشتبوو .

بهاتایە کە (وحشی) خۆی بۆ مەلاس داوە ، ئەوا وەك هەورەگرمە دەیدا بەسەریدا و دەیکوشت پێش ئەوەی ئازادی ببینێت.

بۆیە خێرا (وحشی) حەربەکەی بە ئاراستەی حەمزە ڕاست کردوەوە و پێش ئەوەی هەڵیدا ، حەمزە ڕووی لە (سباع ی کوڕی عبدالعزیز) کردوو ، پیّ ی فەرموو: وەرە پێشەوە ، ئەی کوڕی خەتەنەکارەکە .

ئەوە بوو (ام أنمار) ی دایکی کە خزمەتکاری (شریق ی باوکی أخنس) بوو ئافرەتێك بوو خەتەنەی ئافرەتانی دەکرد لە مەککە . (سباع)ی کوڕیشی کەسێکی دوژمنی خوا و پێغەمبەرەکەی بوو .. یەکیّ بوو لەوانەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بە درۆ دەزانی بۆیە حەمزە (رضي الله عنه) خۆی بۆ توند کردەوە و شمشێرێکی بەسەردا بەرزکردەوە و لیّ ی دا . هەرچی (سباع)یشە هێندەی چاو تروکانێك کەوتە سەر زەوی و دوایین هەناسەکانی ژیانی هەڵمژی .

بەمە دەروونی (وحشی) چووەیەك ، چونکە ئەمە سی و یەکەمین کوژراوی دەستی حەمزە بوو ، بۆیە ترس دڵی وەحشی داگیر کرد لەوەی شەڕەکە بە دۆڕان و شکستی قورەیش کۆتایی بێت بیّ ئەوەی ئەم بتوانێت (حمزه) بکوژیّ و بە و جۆرەش هەتا هەتایە بە کۆیلەیەتی بمێنێتەوە ، بۆیە ئەمجارە بە ئەوپەڕی وردی و عەزیمەتەوە خۆی بۆ مەلاس داو سەرنجی هاتن و چوونەکانی دەدا لە نێوان لاشەی بیّ باوەڕاندا ، بەڵکو لە فرسەتێکدا بتوانیّ بیکوژیّ و ئازاد بیّ .

وە خالد کوڕی وەلید و عەکرەمەی کوڕی ئەبو جەهل [1] و چەند ئەسپ سوارێك لە قورەیش دایانەوە بەسەر موسڵماناندا ، دەبینن تیری ئەو تیر ئەنازانەی کە پشتیان بەکێوی ئوحودەوە دابوو بە ئاسماندا بڵاو بووەوە بە ئاراستەی چاو وگەردن و سنگی ئەسپەکانیان ، بۆیە ئەسپ سوارەکان پشتیان هەڵکرد و لەناو دۆڵەکەدا بڵاو بوونەوە تا لەویّ ببنەوە بە ئامانجی شمشێرەکانی حەمزە و علی و زبیر و ئەبی دجانە و کەڵە پیاوانی موسڵمانان ...

[1] - ئەو کاتە خالد و عکرمە (ڕەزای خوایان لیّ بێت) هێشتا موسڵمان نەبوو بوون .

هـاوار لـە سـەر کێـوی ئوحـود بـەرز بوویـەو و موسـڵمانان هاواریـان ئـەکرد : (أمت ، أمت) [1] و مژدەی سەرکەوتنی خوایی یان دەدا ، بێ باوەڕانیش هاواریان ئەکردە لات و عوززا .

لەو لایشەوە ئافرتانی قورەیش پەرۆشی دەخستەوە دەروونی پیاوەکانیان بەدەف لێدان ، حەمزەش هاتە پێشەوە و شمێشرەکەی بە دەستەو لە نێو دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا شەڕی دەکردوو دەیفەرموو : " من شێری خودام .... "

لـەو کاتـەدا قاچـی لـە زەوی هەڵکەوت و بەسـەر پشتیدا کـەوت و زرێکـەی (درع) بەری لەسەر سکی لاچوو .. هەرچی (وحشی) یە ئەم هەلـەی قۆستـەوە کە لـە سـەرەتای شەڕەکەوە چاوەڕێ ی بوو ، بۆیە حەربکـەی خستە جووڵە و ئاراستـەی (حمزە) و بۆی هەڵدا .. حەربەکە بە موسلدانی دا ڕۆشت و لەنێو لاقەکانیدا هاتەوە دەرەوە .

لەوێدا هاوارێکی بێ دەنگ لە حەمزەوە دەبینرا .. و چاوی گێڕا ، بینی (وحشی) لەپشت دارێکەوەیە ، هـەوڵی دا هەڵسێت و بەرەو (وحشی) بڕوات تاوەکو ئەو کۆیلە حەبەشی یە بکوژێت کە بە ناپاکی لێیدا [2] ، بەڵام نـەیتوانی بەردەوام بێت و کەوتە سـەر زەوی ...

سـەری بـەرز کـردەوە تـا بڕوانـێ .. بینـی کێـوی ئوحـود بەسـەر ئاسمانـەوە دەسـوڕێتەوە و شـاری مەدینـەی دوورە شـاریش تـاریکی دایگرتـووە ، هـاواری موسڵمانانیش کە وەك هەورە بروسکە دەڵێت (أمت ، أمت) خەفە بوویەوە ... ئەو ئیتر نەیدەتوای بە چاو ببینێت ، بـەڵام بە چاوی بـە سیرەتی یەکـەم ڕۆژی ئاشکرا کردنی موسڵمان بوونی خۆی دەبینی کە چووە سەر ئەبو جەهل و کەوانەکەی لە ملی ئاڵاند ، ئـەو کاتـەی ئەبوجـەهل لـە دانیشگەیەکی لای کەعبـە دابـوو کـاتێ بیستی ئـەبو جـەهل خەریکی خراپەکاری و ئازاردانی برازاکەی بووە .

هەروەها پیاوە ئازاکانی قورەیشی دەبینی کە ڕۆژی بەدر لە ژێر لێدانی شمشێرە تیژەکەیدا بەلاشـەیەکی سارد و سڕەوە جێ دەمان بەو جۆرە دنیای بە جێ هێشت لە ماڵێکدا کە دەنگی نـەرم و شیرین بە گوێچکەیدا دەیچرپاند و مژدەی بەهەشتێکی پێ

[1] - بەمانای ئەوە دێت کە وا دەی خوداهاتەدی و فەرمانی جێ بەجێ بوو .

[2] - واتە لە مەیدانی شەڕدا ڕووبەڕووی نەوەستا ، بەڵکو لە پشتەوە بە (غدر) لێیدا .

دەدا کە فراوانی یەکی هێندەی زەوی و ئاسمانەکانە .. و دڵ و دەروونی ئاسوودە بوو ، ڕۆحە پاکەکەی بەرەو لای پەروەردگاری بە دڵنیایی و ئاسوودەی گوزەری کرد .

ئینجا (وحشی) هاتە سەری .. ئێستا وحشی ئیتر ترسی لیّ ی نی یە .. بۆیە حەربەکەی دەرهێنایەوەو بەرە و سەربازکەگە گەڕایەوە ، چونکە ئەو تەنها کارەی بە ئەو سپێردرا بوو ئەنجامی دا .[1]

دواتر (وحشی) موسڵمان بوو ، بووە موسڵمانێکی باش و هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لێرەدا بوارێک دەکەینەوە تا بزانین ئەو وتووێژەی کەلەم چاوپێکەوتنە ڕوویدا چی بوو ؟

(وحشی) دەڵێت : هاتم بۆ مەدینە بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسی : وحشییت ؟ وتم : بەڵێ . فەرمووی : " إجلس ، فحدثني كيف قتلت حمزة " ، فەرمووی : دانیشە ، بۆم باسکە ، چۆن حەمزەت کوشت ؟ منیش بۆم باس کرد ، فەرمووی : " ويحك ! غيب عني وجهك ، فلا أرينك " فەرمووی : " ئیتر بەسە ، ڕووم لیّ وەرگێرە و ئیتر با نەتبینم " ئەوە بو ئیتر من خۆم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەکەنار ئەگرت هەتاوەفاتی کرد .

کاتێکیش کە موسڵمانەکان چوون بۆ (مسليمەی درۆزن) منیش لەگەڵیاندا چووم و ئەو حەربایەم هەڵگرت کە (حمزە)م پیّ کوشت ، کاتیّ خەڵکە بەیەگەشتن ، سەیری (مسليمە)م کرد کە شمشێری بەدەستەوە بو ، سوێند بەخوا نەمدەناسی ، بەڵام ببینم پیاوێك لە پشتیوانان لەلایەکی ترەوە ئەیەویّ هەڵمەت بەرێتە سەر مسليمە ،ئیتر هەر دووکمان خۆمان بۆ ئامادە کرد تا من بوارم بۆ ڕەخسا و حەربەکەم بۆ هاویشت و لێمدا ، ئەنصاری یەکەش بە شمشێر لێیدا ، خوا دەزانیّ کاممان کوشتمان . خۆ ئەگەر من کوشتبێتم ئەوا باشترین کەس پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە خراپترین کەسم کوشتووە.[2]

---

[1] - بڕوانە (محمد رسول الله والذين معه ...) (٢٧ – ٣٠) (غزوة احد)ی مامۆستا عبدالحميد جوده السحار .

[2] – دانە پاڵەکەی بەهێزە / بۆ (وحشی) دەگەڕێتەوە . ابن هشام درەهێنانی بۆ کردووە (٢ / ٧٠ – ٧٣) هەروەها (بخاری) لە (المغازی) دا (٤٠٧٢) .

" پاش شەهید بوونی حەمزە بێ باوەڕان لاشەکەیان شێواند "

لە ئەنەسەوە ، دەفەرموێ : ڕۆژی ئوحود پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە سەر لاشەی (حمزە) کە لوت و گوێ کرا بوو شێوێنرا بوو . فەرمووی :

" لولا أن تجد صفية في نفسها ، لتركته حتى يحشره الله من بطون السباع و الطير " **فەرمووی : لەبەر ئەوە نەبوایە (صفیە) دڵگران ئەبێ ، وازم لێ ئەهێنا تاوەکو خوای پەروەردگار لەناو سکی جانەوەر و چیکڵدانۆچکەی باڵندەکاندا زیندووی بکردایەتەوە .**

ئینجا کەوایەك (بوردەیەك) کرایە کفنی کە ئەگەر سەریان دا پۆشیایە ، قاچی دەردەکەوت ، ئەگەر قاچیت دا پۆشیایە سەری بەدەردەکەوت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو جەنگەدا نوێژی لەسەر هیچ کام لە شەهیدەکان نەکرد و فەرمووی : " أنا شهيد عليكم " ، من شاهیدم بەسەرتانەوە ... و سێ سێ یان دوو دوو لە گۆڕێکدا کۆی دەکردنەوە و دەیپرسی کامیان زیاتر قورئانی لەبەرە ، ئەوەی پێشتر لە گۆڕەکەدا دا ئەناو هەروەك دوو دوو سێ سێ دەیخستنەیەك کفن .[1] وە لە ڕیوایەتێکدا هاتووە / بینرا کە حەمزە سکی هەڵدڕا بوو (و حشی) جگەری بۆ (هندی کچی عنبە) برد بوو لەبەر پەیمانێك (نزدێك) کە هیندا بووی کاتێ لەبەدر دا باوکی کوشتبوو .[2]

وە لە ئیبنو عومەرەوە ، فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێ ی لە ئافرەتانی ئەنصار بوو هاواریان بەسەر کوژراوەکانیاندا ئەکرد .. فەرمووی : " لکن حمزە لابواکی لە " ، بەڵام حەمزە کەس نی یە بۆی بگری ... ئافرەتیش هاتن و لەلای پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بەسەر حەمەزەدا گریان تاوەکو فەرمووی : " مروهن لايبكين على هالك بعد اليوم "[3] **واتە : پێیان بڵێن لەم ڕۆژە بەدوواوە بەسەر هیچ مردوویەکیاندا نەگریەن .**

---

[1] - اسنادەکەی (حسن)ی / أحمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ١٢٨) وە ابوداوود لە الجنائز (٣١٣٦) دا و ئەرنائوط بە (حسن) داناوە .

[2] – بڕوانە : سير اعلام النبلاء (١ / ١٧٩) .

[3] – دانە پاڵەکەی بە هێزە : احمد درەهێنانی بۆ کردووە ٠ ٢ / ٨٤) بڕوانە لێکۆڵینەوەی (ئەرنائوط) لەسەر (سير اعلام النبلاء) (١ / ١٧٣) .

وانەیەك : لەهەر دوو (صحیح)ە کەدا هاتووە لە فەرمایشتی (عقبە)وە ، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی مردووی لەسەر کوژراوەکانی جەنگی ئوحود کردووە ، ئەمەش بە چەند ڕۆژێك پێش وەفاتی (ﷺ) .
پێشەوا ئیبنو لقەیم دەفەرموێ / ڕاستی باسەکە ئەوەیە کە ئەو ئازادە (مخیّره) لەوەدا نوێژیان لەسەر بکات یان نەیکات ، لەبەر ئەوەی بەڵگە لەسەر هەردوو جۆرەکە هاتووە ، ئەمەش یەکێکە لەو ڕیوایەتانەی لە ئەحمەد وەرگیراون کە ئەم ڕایەش لایەقتەرە (وەرگیراوترە) بە پێ ی بنچینە و بنەماکانی ڕێچکەی ئەو .[1]

" کەرامەتیٚ (ڕێز لیٚ نانێك) پاش مردن ﷺ "

لەجابرەوە ، دەڵێت : موعاویە ویستی ئەو سەرچاوە ئاوەی لیٚ بدا کە لە ئوحود هەیبوو[*] . بۆیان نووسی کە :
ناتوانین ئاوی لیٚ بێنین مەگەر لەسەر گۆڕی شەهیدەکان . ئەویش نووسی بۆیان : کە لە گۆڕەکان دەریان بێنن ... دەڵێت : دەمبینین بەسەر شانی پیاوانەوە وەك خەوتوو بوون !! وە بێلە کە، کە گۆڕەکانیان پیٚ هەڵدایەوە بەر لایەك لە قاچی (حمزە) کەوت .. خوێنی لیٚ هێنا !..

---

[1] – بڕوانە : (تهذیب السنه) ی ابن القیم (٤ / ٢٩٥) .

[*] صفه الصفوه(١٩٨/١)

" ١٢ - بەڕانی کوڕی مالک (رضي الله عنه) "
" سەد پاڵەوانی بەمەیدانکاری کوشت !! "

خوای پەروەردگار هەروەك چۆن دەزانێ پەیامەکەی بە کوێ دەگەیەنێت وەهاش دەزانێ کێ هەڵبژێری ببنە هاوەڵ و پشتیوان بۆ پێغەمبەرەکەی .

(براء) کێ یە ؟

ئەم پاڵەوان و جوامێرە ، هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لە هەمان کاتدا برای (أنس ی کوڕی مالك)ی خولامی پێغەمبەری خوایە . لە جەنگی ئوحود بەشدار بووە و لە پەیمانی ژێر دارەکەشدا بەیعەتی داوە ..

زەهەبی دەڵێت / براء بەوە بەناوبانگە لە جەنگەکانیدا سەد کەسی بە مەیدانکاری (مبارزە) لە پاڵەوانان کوشتووە .[1]

عومەر (رضي الله عنه) کاتێ پەیامی بۆ ئەمیرەکانی سوپا دەنارد ، دەینووسی : " براء بەکار مەهێنن بەسەر سوپاوە ، چونکە بەڕاستی ئەو لەناویان ئەبات بە هۆی ئەوە وە کە هەر بەرەو پێشەوە دەیانبات .[2]

کەواتە ئەو تەنها بەدوای سەرکەوتندا ناگەڕێ ، بەڵکو بەدوای شەهادەت دا دەگەڕێ و پەلەی هاتنیەتی ، بەڕاستی نموونەیەکی بێ وێنەیە و زەمان هاوشێوەی ئەم پیاوەی کەم تێدایە ...

براء هێندەی گرنگی بەناخی دەروونی دەدا ، ئەوەندە گرنگی بەڕووکەش نەئدا ، ئەو دەیزانی کە ناو کرۆکی جێگای سەرنجی پەروەردگاریەتی .. براو لە ژێر ئەو بەرگە ڕەش و ڕووتەیدا ... گەورەیی شاردبووە وە ...

لە (أنس ی کوڕی مالك) ەوە (رضي الله عنه) ، دەفەرموێ : " چەندەها سەر گژی تەپ و تۆزاوی و جل و بەرگ شڕ هەیە کە گوێی پێ ناردێ ، کەچی ئەگەر سوێند بە

---

[1] - بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (١ / ١٩٦) .

[2] - حاکم لە (المستدرك) دا ڕیوایەتی کردووە (٣ / ٢٩١) بە دانە پاڵێکی (مرسل) . حیاة الصحابة (١٢٨/٢) .

پەروەردگاری بخوات ، ئەوا سوێندەکەی بە جێ ئەهێنێ (یاخود ئەوەندە چاکەکارە هەرگیز سوێندەکەی ناشکێنێ)، لەوانە براء ی کوڕی مالك .[1]

" چەند هەڵوێستێکی پاڵەوانانەی دەستی ئیسلام "

لەسەردەمی جێ نشینایەتی پێشەوا (ابوبکری صدیق) دا (رضي الله عنه) ئەوەی ویستی لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە و فیتنە و ئاژاوە سەری کێشاو وەك لافاوی ڕاپێچکرا و کەوتە بزوتن بە ئامانجی سڕینەوەی شوێنەوار و مەشخەڵی ئەم ئایینە پیرۆزە ، بۆیە ئەبوبەکر لە دژیان ڕاپەڕی و چەند لیوایەکی پێکەوە نا و بە پشت بەستن بەخوای تاك و تەنها ، ئاژاوەکەی دامرکاندەوە و فەرمانی خوا هاتەدی و ئاشکرا بوو ... جا با بێ باوەڕانیش بەمە دڵگران بن ...

بەو جۆرە ڕووداوی یمامە) ڕووی دا لە نێوان موسڵمانان و سوپای (موسلیمەی درۆزن) و یەکێ بوو لەو جەنگانەی لە نێوان سەربازانی خوا و سەر بازانی شەیتاندا ڕووی دا .

لەم جەنگەدا (براء ی کوڕی مالك) جوانترین هەڵوێستی لە ژیانی ئوممەتەکەی و نەتەوەکەیدا نووسیەوە .

لە (أنس)ەوە ، دەڵێت / ڕۆژی (یمامە) ، خالدی کوڕی ولید بە (براء)ی فەرموو: هەڵسە ئەی (براء) ، دەڵێت : براء هەڵستا و چووە سەر ئەسپەکەی و ستایشی پەروەردگاری کرد و ئینجا فەرمووی :

" ئەی ئەهالی مەدینە ، ئەمڕۆ مەدینە بۆ ئێوە نیە ، بەڵکو تەنها خوای تاك و بەهەشت بۆ ئێوەیە " . ئینجا چەکی هەڵگرت و حەڵکیش بە دوایدا چەکەکانیان هەڵگرت. بەو جۆرە ئەهلی (یمامە) شکستیان خوارد . لەوێ (براء) (رضي الله عنه) گەیشت بە (محکم ی

[1] - حسن صحیح / ترمزی دەرهێنانی کردووە (٣٨٥٣) و دەفەرموێ : فەمعەی (حسن)ی (صحیح) ە . (ئەرنائوط) یش ئەم ڕایەی هەیە .

یەمامــە) ی ســەر کــردەی ســوپای موســەیلەمە و شمــشێرێکی لێــدا و کوشــتی و شمشێرەکەی (محکم)ی هەڵگرت و شەڕی پێ کرد هەتا لەت بوو .[1]

ئیبن اسحاق ، دەڵێت : موسڵمانان هێرشیان بردەسەر بێ باوەڕان تا پەنایان پێ بردنە ناو باخچەکە کە موسەیلەمەی دوژمنی خوای تیا بوو ، براء وتی : موسڵمانان بمخەنە سەر شانتان ، ئەوانیش بەرزیان کردەوە تاوەکو خۆی گەیاندە سەر دیوارەکە و بەسەریدا سەرکەوت و خۆی هەڵواسی و لەوێ بەسەر باخچەکەوە بەردەوام شەڕی لەگەڵ دەکردن تاوەکو بەروی موسڵمانەکاندا کردیەوە و چوونە ژوورەوە بۆیان و خوای پەروەردگار موسەیلەمەی دا بە کوشت .[2]

لە ڕیوایەتێکدا هاتووە ، براو لەسەر قەڵغانێك دانیشتووە و وتویەتی : بەرمەکانتان بەرزم کەنەوە و بمگەیەننە لایان ، ئەوانیش بەرمەکانیان بەرزیان کردەوەتەوە و خستویانەتە پشت دەرگاکەوە .. دوایی زانی یان لەوێ دە کەسی لە بێ باوەڕان کوشتووە..[3]

بەم شێوەیە جەنگەکە بەسەرکەوتنێکی گەورەی موسڵمانان کۆتایی پێ هات ، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو پاڵەوانێتی و تێکۆشانەی براو لەم جەنگەدا و خۆخستنە بەرمەترسی لە پێناو بەدەست هێنانی شەرەفی شەهادەتدا ، کەچی لەم شەڕەدا شەهیدی بەنسیب نەبوو ﴿ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ ﴾ سورة الرعد ، آية (٣٨) .

لەگەڵ ئەمەشدا دڵنیا بوو کە خوای پەروەردگار بێ بەشی ناکات لەو ڕێزە گەورە و ئەو شانازی یە بێ وێنەیە ، بەڕاستی خودا ئەو کەسانە بێ ئومێد ناکات کە لێی دەپاڕێنەوە و داوای لێ دەکەن .

[1] – بڕوانە : حیاة الصحابة (٢ / ١٢٧) .

[2] – بڕوانە : الاستیعاب (ابن عبدالبر) (١ / ١٣٨) .

[3] – بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە . اسنادەکەی (مرسل)ە . بڕوانە پەراوێزی (حیاة الصحابة) (٢ / ١٢٨) .

لە ئەنەسەوە ، دەڵێت : چووم بۆ لای براو دەبینم کە وانەکەی دەلاواندەوە پێم وت : تاکەی ئەم کارە ئەکەیت ؟ وتی : تۆ وائەزانی من لەسەر جێگا ئەمرم ؟ سوێند بەخوا نەوە دو ئەوەندەم کوشتووە .[1]

ڕۆژان تێپەڕین و کوشتارێکی توند لە نێوان موسڵمانان و فارسەکاندا لە جەنگی " تستر " دا ڕوودەدات ، لەوێ لەکاتی گەرمی و کڵپەسەندنی کوشتار و خستنەکاری ئەوپەڕی توانا و هێز لەلایەن دوژمنانەوە و لە بارو دۆخێکی تەنگاودا (حرج) دا ، هەندێ لە موسڵمانان بە (براو) یان وت : ئەی (براو) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " إنك لو اقسمت على الله لأبرك ، فأقسم علـى الله " واتە: تۆ ئەگەر سوێند بە پەروەردگارت بخۆیت (داوای لێ بکەیت) وەڵامت دەداتەوە لەبەر ئەوە سوێندی لەسەر بخۆ ...

ئەویش فەرمووی : سوێندت پێ ئەخۆم ئەی پەروەردگار ، بیانخەیتە ژێر چنگمان پاشان لە پردی (سوس) بەیەکگەیشتن ، موسڵمانانیان تووشی ئەزیەت کرد . وتیان / ئەی براو سوێند لەسەر پەروەردگات بخۆ ، فەرمووی : " ئەی خوای پەروەردگار ... سوێندت پێ دەخۆم بیانخەیتە ژێر چنگمان و بمگەیەنە بە پێغەمبەرەکەت ، ئەوە بو خوای گەورە فارسەکانی خستە ژێر دەستی موسڵمانان و شکستیان هێناو (براو) یش شەهید کرا .[2]

لەسەر مەیدانی جەنگ و شەرەفدا ئەم پاڵەوانە شەهید بوو ، زەوی بە خوێنی پاکی ئاودرا کەلە بۆنی میسك خۆشتر بوو ...

بەڕاستی ئەوەی تامەزرۆی بوو بەدەستی هێنا و بە ئاواتی خۆی گەیشت و شوێنەواری ئاسوودەیی لە سنگ و ڕوخساریدا بەدی کرا و لەناو ویژدانیدا دەنگی ئەم ئایەتانەی پەروەردگاری دەزرنگایەوە : ﴿ ... ثُمَّ قُتِلُوا أَوْ مَاتُوا لَيَرْزُقَنَّهُمُ اللَّهُ رِزْقاً حَسَناً وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ ، لَيُدْخِلَنَّهُمْ مُدْخَلاً يَرْضَوْنَهُ وَإِنَّ اللَّهَ لَعَلِيمٌ حَلِيمٌ ﴾ سورة الحج آية (٥٨ — ٥٩)

---

[1] - اسنادەکەی (صحيح)ە ، ئیبن سەعد لە (الطبقات) (٧ / ١ / ١٠) ڕیوایەتی کردووە ، ئەرنائوط سیر (١٩٨/١) .

[2] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٣١٧ ، ٣١٨) .

واتە : ئەوانەی لە پێناوی خوادا کوژران و شەهید کران یاخود مردن ، سوێند بێ بێگومان خوا لەرزق و ڕۆزی چاك بەهرەوەریان دەکات ، بەڕاستی خوا هەر خۆی چاکترین ڕزق و ڕۆزی بەخشە .سوێند بێ خوای گەورە ئەو جۆرە کەسانە دەخاتە شوێنێکەوە کە زۆر پێ ی ڕازی و خۆشنود دەبن ، بەڕاستی خوا زانایە (بە هەوڵ و نیەتتان) و خۆگرە (زۆرپەلە ناکات لە تۆڵەسەندندا) . .

" ١٣ - عبداللە ی کوڕی مسعود (رضي الله عنه) "

" نزیکترین کەس لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕووی ڕێنموونی و شوێن پێ هەڵگرتنەوە"

ابن مسعود کێ یە ؟

پێشەوای تێگەیشتوو ،[١] و زانای ئەم ئوممەتە (ابو عبدالرحمن)ی هزلی مکی موهاجیری و بەدری)یە ، یەکێکە لە (السابقین الاولین)[٢] و لە نەجیبزادە زاناکان . لەبەدر بەشدار بووە ، و هەردوو هیجرەتەکەی کردووە ، وە ڕۆژی (یەرموك) بەسەر (غەنیمە)وە بووە . چاکە و ئاکاری گەلێك زۆرە و زانستی زۆری لێ وەرگیراوە .

پێش چوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ماڵی (ارقم) ، موسڵمان بووە هەموو جەنگەکانی بینیوە .. خاوەنی نهێنی[٣] و هاوەڵی سەرین و سیواك و نەعلەکانی و هەروەها دەست نوێژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە لەسەفەردا .

لە ڕووی شوێن پێ هەڵگرتن و ڕێنموونیەوە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەشوبهێنرێ و کەسێکی کەم گۆشت و باریکە لە بووە و قاچەکانیشی ورد و باریك بوون . وە یەکێ بووە لەوانەی باشترین پۆشاك و خۆشترین بۆنی هەبوو .

دادگای کوفەو گەنجینە ، (بیت المال) ی لەسەردەمی (عمر) و سەرەتای سەردەمی جێنشینایەتی (عوسمان) یشدا (ڕەزای خوای لێ بێت) ، گرتووەتە دەست ، پاشان چووە بۆ (مدینە) و لەوێ ساڵی (٣٢)ی کۆچی وەفاتی کردووە و لە (بقیع) سپاردە کرا لە تەمەنی شەست و ئەوەندە ساڵیدا .[٤]

---

[١] - هەروەها (ابن عباس) یش (رضي الله عنه) هەروەك ئەم بە (حبرالامة) ناونرا بوو .

[٢] - السابقین الاولین : ئەو هاوەڵە بەرێزانەن کە هەر لە سەرەتای پێغەمبەرایەتیدا ئیمانیان هێناوە .

[٣] - هەروەها (حزیفەی کوڕی یمان) (رضي الله عنه) بە خاوەنی نهێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەناو بانگ بووە .

[٤] - بڕوانە م سیر اعلام النبلاء (/ ٤٦١) ، صفة الصفوة (١ / ٢٠٨) .

" چاکەکانی "

١- لە (عبدالله ی کوڕی عـەمر) ەوە ، دەڵێت : پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی : " خزوا القرآن من أربعة ، من ابن مسعود ، ابي بن كعب ، و معاذ بن جبل ن و سالم مولى أبي حذيفة"[1]

واتە : قورئان لە چوار کـەس وەرگـرن ، لـە ئیبنـو مسعود و ئوبـەی کوڕی کـەعب و مەعازی کوڕی جبل و سالمی (مولى) ی ئەبی حزیفە .

٢- لە ئیبنـو مەسـعودەوە ، دەفـەرموێ : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : "أقتـدوا باللذين من بعدى من اصحابي ، أبي بكر و عمر ،واهتدوا بهدى عمار ، وتمسكوا بعهد ابن مسعود "[2]

واتـە : شـوێنی هـاوەڵانم پـاش خـۆم هـەڵگرن ، لـە ئـەبی بـەکر و عمـر و لەسـەر ڕێنمویی (عمار) بڕۆن و دەست بە پەیمانی ابن مسعودەوە بگرن ...

٣- لە عبدالرحمن ی کوڕی یـەزیردەوە ، دەفـەرموێ : هـاتین بـۆلای حزیفە و پێمـان وت : باسـی نـزیکترین کـەسمان لە پێغەمبـەری خـوا وە (ﷺ) بـۆ بکـە لـە ڕووی ڕێنمـونی و هـەڵگرتنی ڕاسـتە ڕێگـاوە ، تـاوەکو ئێمـەش شـتی لـێ وەرگـرین و گـوێ بـۆ ڕاگـرتن ، فـەرمووی : نـزیکترین کـەس لـەو ڕووەوە ئیبنـو مەسـعودە ، هـەتا لەماڵەکـەی خۆیـدا شـەرممان لـێ دەکـات ، هـاوەڵانی پێغەمبـەری خوایش (ﷺ) زانیویانە کە کوڕی (ئوم عەبد) لە هەمووان زیاتر ڕوو لە خوایە .[3]

٤- لـە عبـدالله ی کـوڕی مـسعودەوە ، ئەفـەرموێ: کـە ئـەبو بـەکر و عمـر (رضي الله عنهما) مـژدەی ئەوەیان پێداوە کە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمویـەتی : " من أحب أن يقرأ القرآن غضاً كما انزل فليقرأه على قراءة ابن ام عبد "ە*

واتە : کێ حەز ئەکات قورئان بە پاراوی هەر بەو جۆرەی کە دابـەزیوە بیخوێنێ با لەسەر خوێندنەوە (ابنو ام عبد) بیخوێنێ .

٥- ڕەحمەتی خوات لێ بێت ، بەڕاستی تۆ غولامێکی فێر کراویت .

---

[1] - صحيح/صحيحی سوننەتەکانی(ترمزی) (٢٩٩٥) ، صەحیحەی(١٨٢٧)و لە هەردوو صحیحەکەشدا هاتووە .

[2] - صحيح / صحيحی سوننەتەکانی (ترمزی) (٢٩٩٢) ، ابن ماجه (٩٧) .

[3] - صحيح / صحيحی سوننەتەکانی (ترمزی) (٢٩٩٤) .

* صحيح: صحيحی سوننەتەکانی (ابن حاجه) (١١٤ ، فەرموودەی (٢٣٠١).

ئەمە سەرەتای ناسینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو لەگەڵ ئیبنو مەسعود دا ، کە چیرۆکەکەی بەم جۆرەیە :

لە ئیبنو مەسعود ، دەفەرموێ / شوانیم بۆ (عقبەی کوڕی ابی معیط) ئەکرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبو بەکر بەلامدا تێپەڕین . پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " یا غلام هل من لبن ؟ قلت : نعم ، و لكني مؤتمن ، قال : فهل من شاة لم يتر عليه الفحل ؟ " فأتيته بشاة ، فمسح ضرعها ، فترل لبن ، محلب في اناء ، فشرب ، وسقى أبابكر ، ثم قال للضرع أقلص ، فقلص".

واتە : فەرمووی : ئەی کوڕی لاو (غولام) شیرت لا هەیە ؟ وتم : بەڵێ ، بەلام من خاوەنی نیم و تەنها ڕاسپێراوم ، فەرمووی : ئەی هیچ مەڕێکت لا هەیە ، نێرەی لێ نەپەڕیبێ . منیش مەڕێکم بۆ هێنا و دەستی پیرۆزی هێنا بەسەر گوانی مەڕەکەدا ، شیری لێوەهات و دایدۆشیە ناو جامێك ، ئەو لێ ی خواردەوە و بەشی ابوبکریشی دا و پاشان بەگوانەکەی فەرمووی بچۆرەوە یەك ، ئەویش چووە یەك . لای (ئەحمەد) ئەمەش لەسەر ڕیوایەتەکە هەیە کە ابن مسعود ، دەڵێت : دوای ئەوە هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێم وت : ئەی پێغەمبەری خوا ، شتێکم لەم وتەیە فێرکە .... ئەویش دەستی بەسەرمدا هێناو فەرمووی : " يرحمك الله انك غليمم معلم "[1] ،

واتە : خوا ڕەحمەت پێ بفەرمێ ، بەڕاستی تۆ لاوێکی فێرکراویت (زیرەکیت) . لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە دەڵێت : ئیتر منیش موسڵمان بووم و هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) .[2]

٦- لە عبدالله ی کوڕی مسعودەوە (رضي الله عنه) ، دەفەرموێ : کاتێ ئایەتی : ﴿ لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ ﴾[3] سورة المائدة ، آية ٩٣ . هاتە خوارەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێمی فەرموو : " أنت منهم "[4] واتە : تۆ لە وانیت .

---

[1] - فەرموودەی (حسن)ە ، احمد ڕیوایەتی کردووە (١ / ٣٧٩) . زەهەبیش بە هیچ داینـاوە لـە (سـير اعـلام النبلاء) (١ / ٤٦٥) .

[2] - احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (١ / ٤٦٢) .

[3] - مانای ئایەتەکە / هیچ کوناهێك نیە لەسەر ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردارە چاکەکانیان ئەنجامداوە .

[4] - صحيح : موسلم لە (الفضائل) ، (٢٤٥٩) ڕیوایەتی کردووە لە بابی (فضائل عبدالله) .

٧- لە (أبی الاحوص)ەوە ، دەڵێت : گوێم لە (أبا مسعودی بەدری) و (باموسی) بوو کاتێ عبدالله ی کوڕی مسعود وەفاتی کرد ، بەیەکتریان ئەوت : تۆ بڵێ ی دوای خۆی کەسی وەك خۆی بە جێ هێشتبێ ؟ ئەوی تر دەیوت : مادەم تۆ وا دەڵێیت با پێت بڵێم کە ئەو کەسێکی وابوو کاتێ خەڵکی ڕێگەیان بە ئێمە و مانان نەئەدا مۆڵەتی ئەویان دەدا و کاتێ ئێمە لە هەڵوێست و بۆنەیەکدا نادیار و نائامادە بووبین ئەو لەوێ بوو .[1]

نووسەر دەڵێت : بێ گومان جگەلەمانەی باسمان کرد ، چەندین چاکە و فەزڵی دیکەی هەیە ئێمەش بەڕاستی دەمانەوێت زیاتر لەسەری بڕۆین ، چونکە ئیبنو مەسعودیش (ﷺ) بێ بەش نەبووە لە بوختان و زمان خراپ لەم چاخەماندا لەلایەن کەسانێکەوە کە پسپۆڕن لە تەزویر کردنی واتاکان و دان لە ڕەمزە ئیسلامیەکان : ﴿ وَاللَّهُ مِنْ وَرَائِهِمْ مُحِيطٌ ﴾ سورة البروج ، آية (٢٠) .

واتە : (بابزانن) دەسەڵاتی خوا لە پشتانەوە دەورەی داوون و لە دەستی دەرناچن.

" زانستی ئیبنو مەسعود (ﷺ) "

١- لە (ئەبی مسعودی بەدری)یەوە ، دەڵێت / کەسێك ناناسم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش خۆی بە جێ ی هێشتبێ زاناتر لە ئیبنو مەسعود ، لە قورئاندا " .[2]

٢- لە (مەسروق)ەوە ، دەڵێت : عبدالله (ﷺ) فەرمووی : سوێند بەوزاتەی هیچ خوایەك نی یە بێجگە لەو .. هیچ سوورە تێك نی یە دابەزیبێت و من نەمزانیبێ لە کوێ دابەزیوە ، وە هیچ ئایەتێك نی یە دابەزیبێ و من نەمزانیبێ لە سەرکێ دابەزیوە ، وە ئەگەر بزانم کەسێك لە من زانا ترە بە فەرموودەی خوا (قورئانی پیرۆز) ، ئەوە دەچووم بۆلای . (بوخاری ڕیوایەتی کردووە) .

٣- لە (ابی وائل) ەوە ، لە عبدالله وە دەگێڕێتەوە کە چەند کەسێك باسی خوێندنەوەی (عبدالله) یان دەکرد ، وەك ئەوەی عەیبداری بکەن (ڕەخنەی لێ بگرن) ، ئەویش

[1] - صحیح / مسلم دەرهێنانی کردووە (٢٤٦٦)(٢٤٦٣) لە (فضائل الصحابة) ، فضائل عبدالله بن مسعود .

[2] - صحیح / مسلم لە بابی (فضائل الصحابە) (٢٤٦١) (١١٣) دەرهێنانی بۆ کردووە .

فەرمووی : بەڕاستی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیانزانی کە من لە هەموویان باشتر قورئان دەخوێنمەوە ، پاشان وەك ئەوەی پەشیمان بێ لەمەی کە وتی ، فەرمووی : بەڵام من باشترینیان نیم .[1]

" لاقی عبداللە لە ترازوودا لە کێوی ئوحود سەنگینترە "

لە (علی کوڕی ابی تالیب)ەوە ، (ﷺ) فەرموویەی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە (ابنو مسعود) تا بچێتە سەردارێك داوای شتێکی لێ کرد و کە چووە سەردارەکە هاوەڵان سەیری لاقی (عبداللە) یانکرد، لەبەر باریکی و وردیی لاقی دەستیان بە پێکەنین کرد . پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێیانی فەرموو : " ما تضحكون ؟ لرجل عبد الله اثقل في الميزان يوم القيامة من احد "* .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەردەم ابن مسعود دا دەگری ، عبداللە دەفەرمووێ:- پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی کە قورئانی بەسەردا بخوێنم منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەتەوێ من قورئانت بەسەردا بخوێنم لە کاتێکدا بەسەر تۆدا دابەزیوە ؟ فەرمووی " اشتهي أن اسمعه من غيري " واتە : حەز ئەگەم و تامەزرۆم لە غەیری خۆمی ببیستم .

منیش سورەتی (النسا)م بەسەردا خوێندەوە تا گەشیتمە : ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلَاءِ شَهِيداً ﴾ سورة النساء ، آية (٤١) .

واتە : ئینجا دەبێ حاڵی ئەو خەڵکە چۆن بێت، کاتێ لەهەر میللەتێك شایەتێکیان هێناو تۆشی هێنا (ئەی محمد (ﷺ)) بە شایەت بەسەر ئەو خەڵکەوە .

لەوێدا ئیدی ئاماژەی بۆ کردم کە بەسە ... دەبینم فرمێسك لە چاوەکانی دێتە خوارێ.[2]

---

[1] - پیاوانی جێ متمانەن، بخاریش بە هاوشێوەی ئەم دەرهێنانی کردووە (٥٠٠٠) ، بڕوانە پەڕاوێزی سیر اعلام النبلاء (١ / ٤٧٤) .

* - صحيح احمد ، دەریهێناوە (١ / ١١٤) بڕوانە (المجموع) (٩ / ٢٨٨) .

[2] - صحيح : بوخاری و مسلم و ترمزی ڕیوایەتیان کردووە .

" عومەر بەرگری لە ئیبنو مەسعود (ﷺ) دەکات "

لە (ئەبی وائل) ەوە ، ئینو مەسعود کابرایەکی بینی کە رۆبەکەی زۆر شۆڕ بوو بووەوە پێ ی فەرموو : ڕۆبەکەت بەرز کەرەوە .. ئەویش وتی : ئەی تۆش خۆت ڕۆبەکەت بەرزکەرەوە ، ئەویش فەرمووی ، بەلاّم من قاچم عەیبێکی هەیە کە باریکی یە و من ئیمامەتی بۆ خەلْك ئەکەم ...

ئەمە بە (عمر) گەیشت ،ئەویش دەستی بە لێدانی کابرا کردوو ئەیفەرموو : ئەتەوێ وەلاّمی ئیبنو مەسعود بدەیتەوە ؟ [1]

نووسەر دەلێت : پێشەوا (عمر) (ﷺ) ئەم کارەی بۆ بەرزڕاگرتنی زانست و ڕێزگرتن لە زانایان کرد ، بەلاّم لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەندێ کەس هەن سەربزێوی بە سەر زانایانی ئەم ئوممەتەوە دەکەن ، ئەمانە بەڕاستی پێویستیان بە کەسێکە فێری ئەدەب و و نەریتیان بکات .

" حالّی ئینو مەسعود لەگەلّ قورئاندا "

لە (عونی کوڕی عبداللە) و لە عبیداللە ی برایەوە ، دەلێت : ئەوکاتەی چاوەکان لێك ئەنران و خەلْکی دەنووستن عبداللە هەلْدەساو گوێم لە دەنگی بوو وەك دەنگی هەنگ.

وە لە (زیادی " مەولا " ی ئینو عیاش)ەوە ، دەلێت ئینو مەسعود (ﷺ) دەنگێکی زولاّلی بۆ قورئان خوێندن هەبووە .

وە لە (زەیدی کوڕی وهب) ەوە ، دەلێت : بە چاوی خۆم دوو شوێنەورای ڕەشم بە چاوەکانی ئینو مەسعودەوە بینی بە هۆی زۆری گریانیەوە ..

" لە خۆبوردەیی (تواضع) ئیبنو مەسعود (ﷺ) "

لە (عبداللە) وە ، دەفەرموێ : ئەگەر بەتاوانەکانمتان بزانیایە و بتزانیایە چەندە گوناهبارم ، تەنها دوو کەس لە شوێنم نەئەهات وە خاك بەسەرتان دەکردم ، وە من حەز

---

[1] - پیاوانی جێ ی متمانەن : حافظ لە (الاصابة) دا دیگێڕێتەوە بۆ (البخوی) ، بڕوانە پەراوێزی سیر (١/ ٤٩١)

ئەکەم بە (عبداللە ی کوڕی ڕوثە) [1] بانگ بکرێم، بەڵام خوا لە تاکە تاوانێك لە تاوانەکانم خۆش بێت .. [2]

وە لە قاسمی کوڕی عبدالرحمن)ەوە ، ئیبنو مەسعود لە پاڕانەوەکانیدا ئەیفەرموو : ترساوێکم تکای داڵدە دەکەم ، تەوبەکارێکم داوای لێخۆش بوون ئەکەم ، تامەزرۆیەك و تۆقیوێکم.

" جیهادی لە پێناوی خوادا "

ئینو مسعود هەر لەمەککە وکاتێ قورئانی ئاشکرا کرد ، جیهادی خۆی دەستپێکرد ، لە (یحیی کوڕی عروە) ، لە باوکیەوە ، دەگێڕێتەوە کە ئیبنو مەسعود یەکەم کەس بوو لە مەککەو لەماڵی خودا قورئانی ئاشکرا کرد ، پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) و کاتێ قورەیش لە دانیشتگاکانیاندا بوون ، سورەتی (الرحمن علم القرآن)ی خوێندەوە ، ئەوانیش هەڵسان بۆی و دەستیان بە لێدانی کرد . [3]

وە لە هەموو جەنگ و (مشاهد)ەکاندا ئامادەبووە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لە چەندین هەڵوێست (موقف) دا بەشدار بووە وەك (یەرموك) و غەیری ئەویش ، ئەویش بوو لە جەنگی بەدردا (ئەبو جەهل)ی کوشت پاش ئەوەی کوڕانی (عفراء) لێیان دا بوو .

لە (ئەبی عبیدە)وە ، دەفەرموێ : عبداللە فەرمووی : گەیشتمە ئەبو جەهل کە فیێ گرتوویەك بوو خەریك بوو بە شمشێرەکەی خەڵکی لە خۆی دور ئەخستەوە ، وتم : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە سەرشۆڕی کردیت ئەی دوژمنی خوا ، ئەویش وتی / مەگەر زیاتر لە پیاوێکم کە هۆزەکەی خۆی کوشتوویانە .. منیش بە شمشێرەکە) لێم دا و دەسێکم پێکا ، شمشێرەکەی لێکەوت .. شمشێرەکەیم هەڵگرت و لێم دا تا ساردم کردەوە (کوشتم) ، پاشان چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەواڵەکەم پێ دا ...

[1] - ڕوثە / تەپاڵە .

[2] - حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ٣١٦) .

[3] - بڕوانە : البدایة و النهایة (٥ / ٢٤٦) .

فەرمووی : " واللە الذي لااله الا هـــو " .. و لەگەڵمدا هات تاگەیشتینە سەر لاشەی ئەبو جەهل . فەرمووی : " الحمد لله الذي أخزاك ياعدو الله ، هذا كان فرعون هزه الأمة " ...[1]
واتــە : ســوپاس بـۆ ئـەو خوایـەی کـە سەرشـۆڕی کردیـت ئـەی دوژمنـی خـوا ، ئائەمـە فرعەونی ئەم ئوومەتە بوو .. بەو جۆرە ئەو زۆردارە لە ژێر پێ ی ئینو مەسعود (رضي الله عنه) دا مرد .

" لە ئامۆژگاری یەکانی ئیبنو مەسعود (رضي الله عنه) "

لـە (عبـدالرحمن ی کـوڕی حجـیرە) ەوە ، لـە باوکیـەوە ، لـە ئبنـو مەسـعودەوە ، ئەگێڕنەوە کاتێ دا ئەنیشت بۆ یادی خوا ئەیفەرموو :

" ئێـوە لـە ڕێـرەوی شـەو و ڕۆژدا لـەناو تەمـەنێکی کـەمکردوو کردەوەیـەکی پارێزراودان و مردنیش لە پڕ دێت ، ئەو کەسەی چاکەی ناشتبێ ئەوە خەریکە ئاسودەی و ڕەزامەندی دەدورێتەوە ، وە ئەوەشی شەڕ و خراپەی ناشتبێ ئەوە خەریکە پەشیمانی دەدورێتەوە .. وە هەموو کشتیارێکیش هەر وێنەی ئەوەی دەست ئەکەوێ کە ئەینێژێ و ئەیڕوێنێ ..

هەرگیز کەسی تەمەڵ پێش ی چارەنووسی ناداتەوە ، هەروەك هیچ پێداگرێکیش بە ئامانجەکەی ناگات بەویستی خوا نەبێت .. خۆ ئەگەر چاکەیەکی پێ درا ئەوە لەلایەن خواوەیە ، ئەوەشی لە خراپەیەك پارێزرا ئەوە خوا پاراستوویەتی بە ڕاستی پارێزکاران گەورە و سەردارن و زانایانیش پێشەوان و دانیشتنەکانیان (مجالسهم) زیادە خێرە .[2]

وە لـە (عـونی کـوڕی عبـدالله)وە ، دەڵێـت : عبـدالله فـەرمووی : زانـست بـەزۆریی گێڕانەوە نیە ، بەڵکو زانست لە خوا ترسانە .[3]

هەروەها فەرموویەتی / هەر کەس لە ئێوە میوانە ، ماڵ و سامانەکەشی سپاردەیە ، میوانیش هەر دەبێ بڕوات و سپاردەش دەبێ بدرێتەوە بە خاوەنەکەی .

---

[1] - پیاوانی جێ ی متمانەن / احمد و ابو داوود بە کورتی ڕیوایەتیان کردووە ن بخاریش بـە هاوشـێوەی دەرهێنـانی کردووە (٣٩٦٢) .

[2] - احمد ڕیوایەتی کردووە . صفة الصفوة (١ / ٢١٥) .

[3] - بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢١٨) .

وە لە عبدالرحمن کوڕی عبدالله ی کوڕی مسعودەوە ، لە باوکیەوە دەگێڕنەوە ، دەڵێت : کابرایەك هات بۆ لای ، پێ ی وت ئەی باوکی عبدالرحمن ، چەند وشەیەکی کورتی پڕ مانام فێر ناکەیت؟...

عبدالله فەرمووی : هیچ کەسێك مەکە بە هاوەڵی خوا ، و لەگەڵ قورئاندا بمێنەرەوە ، بۆ هەر جێ یەك ڕۆشت و هەرکەسێ هەقی پێ وتی ئەوە لێ ی وەرگرە با کەسێکی نەیاریش بێ وە هەر کەسێك پوچ و ناهەقی پێ وتی ڕەتی کەرەوە باکەسێکی خۆشەویت و نزیکیش بێت .[1]

" هەر لە ئامۆژگاری یەکانی (رضي الله عنه) "

بێ گومان ڕاستترین وتە ، فەرموودەی خوایە ، توندوتۆڵ ترین شتێك خۆی پێوە ڕاگریێ وشەی (تقوی) یە .. باشترین نەتەوە ، نەتەوەی ئیبراهیمە ، چاکترین سوننەتیش سوننەتی (محمد) ە (ﷺ) و باشترین ڕێنموونی ڕێنموونیی پێغەمبەرانە (علیهم السلام) . ڕێزدارترین گوفتاریش یادی خوایە . باشترین چیرۆکیش قورئانە ، و باشترین شتەکان کۆتایی یەکەیەتی خراپترینی شتەکان ئەوانەن کە هەڵبەستراون ، و شتی کەم و ڕەساڵ باشترە لە شتی زۆر و بێ بایەخ ... تاکە نەفسێك بتوانی ڕزگاری کەیت باشترە لە ئیمارەتێك کە بۆت ئەژمار نەکرێت .. خراپترین کەرانەوە و مەعزەرەت ئەوەیە لەکاتی سەرمەرگدا بێت . خراپترین پەشیمانیش پەشیمانی ڕۆژی قیامەتە ، خراپترین گومڕایی ئەوەیە دوای دۆزینەوەی ڕێ ی ڕاست گومڕابیتەوە ، باشترین بێ نیازی ، بێ نیازیی دەروونە .. باشترین توێشوو تەقوایە و باشترین شتێك ، دڵنیایی (یەقین) دڵەکانە .. بێ هۆشکەرەکان (خمور) کۆ کەرەوەی هەموو تاوانەکانن ، ئافرەتان تەڵەی شەیتانن ، گەنجییش بەشێکە لە شێتی ... شیوەن لە زانستی جاهلیەتەوە وەرگیراوە ، خەڵکانێك هەن لە دواوە نەبێ نایەنە نوێژی جومعەوە و لە دوورەوە نەبێ یادی خوا ناکەن ، گەورەترین گوناە درۆکردنە و جنێودان بە موسڵمانان لە دین دەرچوونە (فسق) و کوشتنیشی کوفرە . حەرام بوونی ماڵی موسڵمان وەك حەرام بوونی خوێنی وایە ..

[1] - بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢١٩ ، ٢٢٠) .

ئەوەشی عیففەتی بویٚ خوا پیٚ ی دەبەخشیٚ ئەوەی ڕقی خۆی بخواتەوە خوا پاداشتی ئەداتەوە ، ئەوەی لە خەڵکی ببوریٚ ، خوا لیٚ ی دەبوریٚت ، ئەوەی لەسەر کارەساتەکان ئارام بگریٚت ، خوا پاداشتی ئەداتەوە و جێی بۆ پڕئەکاتەوە ، خراپترین خۆراك خواردنی ماڵی هەتیوە ، بەختەوەر کەسێکە لە غەیری خۆی ئامۆژگاری وەرگریٚ ، بەدبەختیش کەسێکە لە سکی دایکیەوە بە بەدبەختی لە دایك بیٚ .. بەڕاستی ئەوەی دەروونت قەناعەتی پیٚ ی هەیە بەسە بۆت .. مایەی هەرکارێك کۆتایی یەکەیەتی .. خراپترین ڕیوایەتکاران ئەوانەن کە بەدرۆ هەواڵەکان دەگێڕنەوە . شەرەف مەندترین مردن کوژرانی شەهیدەکانە ، ئەوەی بەلاٚبناسیٚ ئارامی لەسەر ئەگریٚ ، ئەوەشی نەیانناسیٚ نکوڵی لیٚ دەکات ... ئەوەی خۆی بە زل بگریٚ خوانزمی ئەکاتەوە ، ئەوەشی شوێن دنیا بکەویٚ پیٚ ی ناگاتەوە ، ئەوەشی گوێڕایەڵی شەیتان بیٚ ئەوە سەرپێچکارە بۆ خوا ، ئەوەشی سەرپێچی خوا بکات ، سزا و ئەشکەنجەی ئەدا .[1]

لە (أبی ایاس البجلي)ەوە ، دەڵێت : گویٚم لە عبدالله ی کوڕی مسعود بوو ، دەیفەرموو : " هەر کەسیٚ بۆ خۆزل کردن سەربزێوی بکات ، ئەوە خوا نزمی دەکاتەوە ، ئەوەشی لەبەر ملکەچی و گوێدێری خودا لە خۆ بووردەیی بنوێنیٚ ئەوە خوا سەری بەرزدەکاتەوە ، بەڕاستی فریشتەکان جیٚ دەستێکیان هەیە (لمس) ، شەتانیش جیٚ دەستێکی هەیە ... جیٚ دەستی فریشتەکان بریتیە لە ڕاهێنان و خوگرتن بە چاکە و بەڕاست دانانی هەق ، خۆ ئەگەر شتی وەهات بینی لە خۆتدا ، ئەوە سوپاسی خوای لەسەر بکە ، جیٚ دەستی شەیتانیش خوگرتن و ڕاهێنانە بە خراپە و بەدرۆ خستنەوەی هەق ، خۆ ئەگەر شتێکی واتان بە دی کرد ، پەنا بە خوا بگرن " .[2]

وە لە (مسیب ی کوڕی رافع)ەوە ، دەڵێت : عبدالله ی کوڕی مسعود ، فەرمووی : " بەڕاستی ڕقم لە پیاوێك ئەبێتەوە دەست بە تاڵ بێت ونەبەکارێك بۆ دنیای خەریکە و نەبەکارێك بۆ قیامەتی " .[3]

---

[1] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢١٦) .

[2] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢١٧ ، ٢١٨) .

[3] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢١٧ ، ٢١٨) .

هەر لەوەوە (رضي الله عنه) دەفەرموێ :

" مادەم لە نوێژدایت ، ئەوە تۆ لە دەرگای خوداوەند دەدەیت ، ئەوەشی لە دەرگای خوداوەند بدات ، بۆی دەکاتەوە " .[1]

هەر ئیبنو مەسعود (رضي الله عنه) دەفەرموێ :

" ببنە چاوگەی زانست و چرای ڕێنمونی و چەتری ماڵەکانتان و ڕووناکی شەوان .. و کەسانێك بن دڵ زیندوو بەرگ شڕ ، کە ببنە ئاشنا و ناسیاو و لەلایەن ئەهلی ئاسمانەکان و نەناسراو و نامۆ لەلای ئەهلی زەوی " .[2]

هەر لە عبدالله وە (رضي الله عنه) :

" سوێند بەو زاتەی کە هیچ پەرەستراوێکی هەق نی یە جگە لە ئەو ، هیچ شتێك نی یە لەسەر زەوی لەزمان زیاتر پێویستی بەبەند کردنێکی درێژ خایەن بێت ".[3]

هەر لە عبدالله وە (رضي الله عنه) :

" هەر کەس لە ئێوە توانی گەنجینەکەی لە ئاسماندا هەڵگری ، لەوێ کەنەمۆرانە دەیخوات و نەدزان ئەیدزن باوا بکات ، چونکە دڵی مرۆڤ لەگەڵ گەنجینەکەیدایە " .[4]

هەر لێیەوە (رضي الله عنه) :

" کەس لە ئێوە لە ئاینەکەیدا چاولێگەری کەس نەکات ، بە جۆرێ ئەگەر کەسێ بڕوای هێنا ئەمیش باوەڕ بێنێت و ئەگەر بێ باوەڕ بوو (هەڵگەڕایەوە) ئەمیش هەڵگەڕێتەوە ، وە ئەگەر هەر چاولێگەریان کرد ، ئەوا شوێن پێ ی مردوان بگرن ، چونکە زیندوان دوورنین لە فیتنەو تاقیکردنەوە " .[5]

وە دەفەرموێت :

" لە ڕۆژی دواییدا بەندەی خوا دێنن و پێ ی دەوترێت : سپاردەکەت بدە (جێ بەجێی کە) ، ئەڵێت ، لە کوێ بێنم ئەی پەروەردگار ؟ خۆ دنیا ڕۆشتووە و تەواو بووە ،

[1] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ١٧ ، ٢١٨) .

[2] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢١٨) .

[3] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢٢٠ ، ٢٢١) .

[4] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢٢٠ ، ٢٢١) .

[5] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢٢٠ ، ٢٢١) .

ئینجا دنیا لەناو چاڵی دۆزەخدا لەو شێوەدا خۆی دەنوێنێ کە ئەم ڕۆژگارێك باوەشی پێدا کرد بوو ، کابرا دادەبەزێت و هەڵی دەگرێت و دەیخاتە سەرشانی تا بیهێنێتە سەرەوە ، و تا ئەو کاتە وا ئەزانێ خەریکە دەیگەێنێتە سەرەوە ، لەسەر شانی دەکەوێت و ئەمیش بەدوای خۆیدا فڕێ ی دەداتە دۆزەخەوە بۆ هەتا هەتایی " .[1]

وە دەفەرموێت :

" لەو کەسانە مەبە کە (إمعّة) ن ، وتیان (إمعّة) چی یە ؟ فەرمووی / کەسێکە بڵێ من لەگەڵ خەڵکیدام ، ئەگەر هیدایەت دران ئەوە منیش هیدایەت وەرئەگرم ، ئەگەر گومڕا بوون منیش گومڕا ئەبم ، ئاگاداربن ، ئێوە دەروونی خۆتان وا ڕابێنن کە ئەگەر خەڵکی بێ باوەڕ بوون ئەم بێ باوەڕ نەبێت " .[2]

" دیداری پەروەردگار "

پاش تەمەنێکی موبارەك کە عبداللە ی کوڕی مەسعود (رضي الله عنه) لە ناو ئیسلامدا بەسەری برد و هاوبەشی کرد لە بنیاتنانی تەلاری ئەم ئاینەو ڕوخاندنی بونیادە پوچ و ناهەقەکان ، مردن لێ ی هاتە پێش ، چونکە ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو کە بارگەی بپێچێتەوە و بە قافڵەی خۆشەویستانی بگات ...

لە سەرەمەرگدا پێشەوا (عوسمان) (رضي الله عنه) سەردانی کرد و ئەم وتوێژە لە نێوانیاندا ئەنجامدرا :

لە (ظبیة)وە ، دەڵێت : کە عبداللە نەخۆش کەوت ، عوسمان هات بۆلای و فەرمووی : سکاڵای چی ئەکەیت ؟ فەرمووی / گوناهەکانم ، پرسی / ئەی تامەزرۆی چی ئەکەیت ؟ فەرمووی / بەزەیی پەروەردگارم .. پرسی / پزیشکت بۆ نەهێنم ؟ فەرمووی / پزیشك خۆی نەخۆشی خستووم . فەرمووی / ئەی هیچ شتێکت ناوێ ؟ فەرمووی پێویستم پێ ی نی یە .[3]

---

[1] – هەمان سەرچاوە .

[2] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢٢٠ ، ٢٢١) .

[3] – بڕوانە / سير اعلام النبلاء (١ / ٤٩٨) .

پاشان وەسیەتی کرد کە – زبێری کوڕی عوام) نوێژی لەسەر بکات .. و ڕۆحی پاکی بەرەو لای پەروەردگار و خالقی هەڵفڕی تاوەکو لەوێ لە بەهەشتدا بحەوێتەوە .. :

﴿ إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ ، فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ ﴾سورة القمر ، آية (٥٤ - ٥٥) .

واتە : پارێزگاران و خواناسان بێ گومان لە ناو باخ و ڕووبار و تاڤگەکانی بەهەشتدا ژیانی پڕ لە بەختیاری و کامەرانی هەمیشەیی دەبەنە سەر ، لە شوێنی ڕاست و پەسەندان لەلای خواوەندی بەدەسەلات .

پاشان لە بقیع ساردە کرا ...

خوات لەگەڵ بێت گەورەم .. تکام وایە لای پەروەردگارت ئێمەش لەیاد نەکەیت ئەی پێشەوا ...

" ١٤ - عبدالله ی کوڕی عباس (رضي الله عنه) "

" ڕەببانیی* ئەم توممەتە "

(حبر)[1] ی میللەتی ئیسلام و زانانی سەردەم و پێشەوای تەفسیر ، (ابو العباس) (عبدالله ی) کوڕی عباسی کوڕی عبدالمطلب . ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ە .

نزیکەی (٣٠) مانگ هاوەڵایەتی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا بەسەر برد .[2]

– لە ئبنو عەباس ەوە (رضي الله عنه) ، دەفەرموێ / کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد من تەمەنم (١٥) ساڵان بوو ، وە خەتەنەکرا بووم .[3]

" پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی لە دایك بوونی دەدات (رضي الله عنه) "

لە ئیبنو عەباسەوە ، دەفەرموێ : " ئوم فەضل ی کچی حارث بۆی گێرامەوە وتی: کاتێ تێپەڕ ئەبووم و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەردەم دەرگا دا بوو فەرمووی : " یا أم الفضل " وتم : بەڵێ ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " انك حامل بغلام " واتە : کوڕێك لە سکتدایە .. وتم : چۆن ؟ لە کاتێکدا قورەیش پەیمانیان بە یەکداوە ژنەکانیان منداڵی نەبێ ، فەرمووی : " هو ما اقول لك ، فاذا وضعتيه فأتيني به " فەرمووی : هەر ئەوەی پێم وتی وایە ، جا ئەگەر لێت بووەوە (لە دایك بوو) بۆم بێنە . منیش کاتێ لە دایك بوو ، هێنام بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش ناوی نا (عبدالله) و لیکی موبارەکی هێنا بە مڵاشوویدا و فەرمووی : " إذهبي به ، فلتجدنه كيساً " ، فەرمووی : " بیبە ، بەڕاستی ئەو کەسێکی زانا وبەهرەمەند لێهاتووی لێ دەردەچی " ..

دەڵێ : هاتم بۆ لای عباس و هەواڵەکەم پێدا ، ئەویش زەردەخەنەیەکی کردو هەڵسا و چوو بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، (عباس) (رضي الله عنه) کە پیاوێکی جوان چاك

---

* ڕەببانی : واتە خواناس و خودا پەرست ، کەسێك زۆر خەریکی پەرستشی خودای گەورە بێت .

[1] – حبر = زاناو پێشەوای ئاینی و کەسی زۆر تێگەیشتوو ..

[2] – بڕوانە / سير اعلام النبلاء (٣ / ٣٣٢) .

[3] – هیثمی دەڵێت / تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە ، پیاوانی ، پیاوانی (صحیح)ن . المجمع بە ژمارە (١٥٥٣٤).

و بالا بەرز بووە ... کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوی پێی کەوت ، هەڵسایەوە نێو چەوانی ماچ کردو لەلای ڕاستی خۆی دا نیشاند و پاشان فەرمووی : " هذا عمي ، فمن شاء فليباه بعمه " فەرمووی : " ئەمە مامی منە ، کێیش لە ئێوە حەز ئەکات بابەمایەوە بنازێ ... عباس (ﷺ) هەندێ شتی وت : " وەك ئەوەی تەریق بێتەوە .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : و لم لا اقول و أنت عمي ، و بقية أبائي ، و العم و الد "[1] ... واتە: جابۆچی ئەمە نەڵێم کە تۆ مامی منی و باوانی منی، چونکە مام لە جێی باوکە (یاخود وەك باوکە).

" چاکەکانی "

١- لە ئبنو عەباسەوە (رضي الله عنه) دەفەرموێ : -

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەباوەشی گرتم و فەرموی : " اللهم علمه الحكمة "[2] ئەی پەروەردگار فێری دانایی بکە ..

٢- وە لە ئیبنو عەباسەوە (رضي الله عنه) فەرموویەتی :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵی (میمونە) بوو ، منیش شەو ئاوی دەستنوێژم بۆ ئامادەکرد و دامنا ، دەڵێت : میمونە فەرمووی / ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئاوی دەستنوێژە عبدالله ی کوڕی عباس بۆی داناویت ، فەرمووی : " اللهم فقهه في الدين ، و علمه التأويل " .[3]

واتە : ئەی خوای پەروەردگار لە کاروباری ئایین تێگەیشتووی بکە و فێری ڕاڤە کردنی بکە .

٣- ئیبنو مەسعود (رضي الله عنه) دەفەرموێ : باشترین وەرگری قورئان ئیبنو عەباسە .[4]

---

[1] - ئیسنادەکەی (حسن)ە ، تەبەرانی کێڕاویەیتەوە ، هیشمی دەڵێت : دانە پاڵەکەی (حسن)ە ، المجمع بە ژمارە (١٢٢١٤) .

[2] - صحیح / سوننەتەکانی (ترمزی) (٣٠٠٤) ... لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتوو بە (... تأويل الكتب) صحیحە . ابن ماجە / ١٣٦ .

[3] - حسن / احمد لە (المسند) دا ، شێخی (عدوی) دەڵێت : (حسن)ە ، (فضائل صحابة النبي) ٦٥ .

[4] - صحیح : ابن ابی شیبە کێڕاویەتیەوە ، شەیخی عدوی دەڵێت : صحیحة ، فضائل صحابة النبيی ، ٦٥.

٤- لە (مجاهد)ەوە ، دەفەرموێ : کاتێ ئیبنو عەباس تەفسیری شتێکی بکردایە ، ڕووناکی یەکم لەسەری بەدی ئەکرد .[١]

٥- لە (شقیق)ەوە ، دەڵێ : ئیبنو عباس لە وەرزی (حەج) دا بوو ، وتاری دا و بە سوورەتی (نور) دەستی پێ کرد ، هەر شتێکی دەخوێندەوە ، بەدوایدا تەفسیریشی دەکرد ، شێخێك لە (الحی) وتی : پاك و بێ گەردی بۆ خوا ، بەڕاستی هیچ وتارێکم نەدیوە لەسەری پیاوێکەوە دەرچێت و (تورك) یش ئەگەر گوێ ی لێ بێ پێ ی موسڵمان دەبێ .[٢]

- هەروەها ئیبنو عباس (﵁) جوان و پاك و بۆنخۆش بوو .

عطاء ، دەڵێت / هەر کەمانگم لە شەوی چواردەدا بدیبایە ، ڕووی ئیبنو عەباسم بیر دەکەوتەوە ..

وە لە (عکرمە) وە ، دەفەرموێ : کاتێ ئیبنوعەباس بەڕێیەکدا ئەڕۆیشت ، ئافرەتان لە پاڵ دیوارەکانەوە ئەیانوت ، ئاخۆ ئەوە (میسك) بوو تێپەڕی یان ئیبنو عەباس ؟[٣]

" خواستی (عبدالله ی کوڕی عباس) بۆ وەرگتنی زانست و پشوو درێژی لە ئاست نارەحەتیدا "

- لە ڕاستیدا ئەم زانستە بە ئاسانی وەرناگیرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بەشێکیت پێشکەش بکات تۆ دەبێ هەموو خۆتی پێشکەش کەیت .

-هەر لەو ڕاسپاردانەش لەم بارەیەوە هاتوون : ئارامگربە لەسەر پەرێشانی و زەلالەتی زانست ، سەربەرزیت پێ ئەبەخشێت ..

---

[١] - صحیح : عبدالله ی کوڕی احمد لە (زوائد الفضائل)دا کێڕاویەتیەوە ، شێخی (عدوی) دەڵێت : (صحیح)ە . هەمان سەرچاوە .

[٢] - صحیحە : عبدالله ی کوڕی احمد لە (زوائد الفضائل) دا کێڕاویەتەوە ، شێخی (عدوی) دەڵێت : (صحیح)ە . هەمان سەرچاوە .

[٣] - بڕوانە : سیر النبلاء (٣ / ٣٣٧) .

وە ئیبنو عباس (رضي الله عنه) پێشەنگ بوو بۆ فێر خوازی زانست و بڵندگۆ و چرایەك بوو بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێی ئەوانەی شوێن پێی زانایان دەگرن ..

عبدالله ی کوڕی عباس (رضي الله عنه) ، دەفەرموێ : کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد ، بە پیاوێك لە (أنصار)م وت : هەڵسە بابچین پرسیار لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەین ، چونکە ئێستا ئەوان زۆرن ...

– وتی : بەڕاستی کەسێکی سەیری ، ئیبنو عەباس ! وا ئەزانی خەڵك پێویستیان بە تۆ ئەبێ ، لە کاتێکدا ئەم کۆمەڵە هاوەڵانەیان لەناودایە کە ئەیبینیت ؟ ئەو ڕۆیشت و منیش چووم بەدوای پرسیار کردنی خۆمەوە . فەرمودەیەکم پێ دەگەشت لەهەر پیاوێك دەهاتم بۆ لای کە لە قەیلولەدا بوو (سەرخەوی پێش نیوەڕۆ) منیش لەبەردەم دەرگاکەی دائەنیشتم تاوەکو خۆڵ و خاکم بەسەر کۆ ئەبوویەوە ، پیاوەکە ئەهاتە دەرەوە ، کە بەو شێوە منی دەبینی ، دەیوت : ئەی کوڕە مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ﷺ بۆچی کەسێکت نەنارد بەدواما کە من بێم بۆلات ؟ منیش دەموت : حەق وایە من بێم بۆ لات و پرسیارت لێ بکەم ، دەڵێت : پیاوە ئەنصاری یەکە مایەوە و نەمرد هەتا منی بینی خەڵکی لە دەورم کۆ بوونەوە (بۆ وەرگرتنی زانست) ، وتی : " ئەم کوڕە لە من عاقڵ ترە" . [1]

" زانستی ئیبنو عەباس (رضي الله عنه) "

لە (سعیدی کوڕی جبیر) ەوە ، لە ئیبنو عەباسەوە (رضي الله عنه) ، دەفەرموێ : پێشەوا (عمر) منی لەگەڵ خۆیدا دەبردە دانشگاکانی شێخانی بەدر ، هەندێکیان وەك ئەوەی پێ ی خۆش نەبێ دەیوت : بۆ ئەمەمان لەگەڵدا ڕووبەڕوو ئەکەیتەوە لە کاتێکدا ئێمەش کوڕی هاوتەمەنی ئەومان هەیە ؟ عومەریش دەیفەرموو : .. ئەویش یەکێکە لە ئێوە (واتە زانایان). ڕۆژێك بانگی ئیبنو عباسی کردوو لەگەڵیدا کردیە ژوورەوە ، ئەو ڕۆژە تەنها بۆ ئەوەی زانستی من نیشانی ئەوان بدات ن منی بردە ژوورەوە ، فەرمووی : ئێوە چی ئەڵێن دەربارەی ئەم ئایەتەی خوای گەورە : ﴿إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ﴾ ؟ سورة النصر ، آية (١) .

---

[1] – دانە پاڵەکەی (صحیح)ە / حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ٥٣٨) . و دەڵێت : صحیح و زەهەبیش هەمان ڕای هەیە .

هەندێکیان وتیان : –

فەرمانمان پێ کراوە سوپاسی خوا بکەین و داوای لێخۆشبوونی لێ بکەین کاتێ سەرکەوتن بوو بەنسیبمان و ڕزگاریمان هات ، وە هەندێکی تریان بێ دەنگ بوون و هیچیان نەوت ، فەرمووی : تۆش هەمان ڕات هەیە ، ئەی ئیبنو عەباس ؟

وتم : نەخێر ، فەرمووی : ئەی چی دەڵێیت ؟ وتم : بەڵکو ئەوە ئەجەل و وادەی پێغەمبەری خوا یە (ﷺ) کە پەروەردگار پێی فەرموو : ﴿ إِذَا جَاءَ نَصْرُ اللَّـهِ وَالْفَتْحُ ﴾ ، ئەوەش نیشانەی هاتنی (ئەجەل) ی تۆیە : ﴿ وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّـهِ أَفْوَاجاً ، فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّاباً ﴾ سورة النصر ، آية (٢ – ٣) .

عومەر فەرمووی : منیش هەروەك ئەوەی لێ ئەزانم کە تۆ ئەیڵێیت .[١] وە عومەر ڕاوێژی پێ دەکرد لە هەرکارێکدا لەلای گرنگ بوایە و ئەیفەرموو (غص غواص) .[٢]

عکرمە ، دەڵێت : پێشەوا (علی) ، چەند کەسێکی سوتاند کە هەڵگەڕا بوونەوە لە ئاینی ئیسلام ، ئەمە گەیشت بە ئیبنو عەباس ، فەرمووی :

ئەگەر من بوومایە ، بە ئاگر نەمدەسوتاندن ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :

" لاتعذبوا بعذاب الله " . واتە : بە سزاو ئەشکەنجەی خودا ، سزای کەس مەدەن ، بەڵکو ئەمکوشتن هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :

" من بدل دینه فاقتلوه " هەر کەس ئایینی خۆی گۆڕی ، بیکوژن " . ئەمە گەیشتەوە بە (علی) فەرمووی : ئای لە ئیبنو عەباس (وەك مەدحێك) ، بەڕاستی ئەو ڕۆچووە لە ناوشتەکاندا – لە زانستی شتەکاندا – .[٣]

هەر لە (عکرمە)وە ، دەڵێت : گوێم لە معاویە بوو پێ ی ئەوتم مەولاکەت – واتە ئیبنو عباس – سوێند بێ بەخوا زاناترینە لەناو مردوان و زیندواندا .

---

[١] – صحیح : بوخاری لە (المغازی) (٨ / ٩٩) دەرهێنانی بۆ کردووە . هەروەها غەیری ئەویش .

[٢] – (عض غواص) واتە ئەی ئەو کەسەی لە ناو زانستدا ڕۆچویت و مەلە دەکەیت ، ڕای خۆتمان نیشاندە لەو بابەتەدا .

[٣] - دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، بوخاری بە بێ ئەم بەشە " فبلغ ذلك ... " ڕیوایەتی کردووە ، هەروەها ابو داوود و غەیری ئەویش .

و لە (طاوس) ەوە ، دەڵێت : " لەگەڵ حەفتا یان هەشتا کەس لە شێخەکانی هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا دانیشتووم ، کەسیان نەبوو ڕای دژی ڕای ئیبنو عباس بێت ، بەڵکو هەر لە باسێکدا بەیەك دەگەیشتن پێیان دەوت : ئەوەیە کە تۆ دەیڵێیت ، یان ڕاست ئەیڵێیت .[1]

" ڕێز و ئەدەب (﵁) لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا "

ئیبنو عباس (﵁) ، دەڵێت : لە کۆتایی شەوێکدا هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لە پشتیەوە نوێژم کرد ، ئەویش دەستی گوتم و ڕایکێشام تا گەیاندمیە لای قاچی (واتە تەنیشت خۆی) و کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕووی کردە ڕووگە (قبلە) چوومەوە دواوە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژەکەی کرد و کە لێ بوویەوە ، فەرمووی : " ما شأنك أجعلك حزائی فتخنس ؟ " ، واتە : چیتە ، بۆچی دەتخەمە تەنیشت خۆمەوە ، بەلام تۆ ئەچیتەوە دواوە ؟ " وتم :ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، مەگەر ئەکرێ کەسێك لە تەنیشت تۆوە نوێژ بکات ، کە پێغەمبەری خوایت و خودا ئەو ڕێزەی بە تۆ بەخشیوە ؟

دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرسام بوو (معجب) بە قسەکانم و دوعای بۆ کردم کە خودا زیاتر زانست و تێگەیشتنم پێ ببەخشێت ..[2]

" ترسی لە پەروەردگار "

لە (ابن ابی ملیکە)ەوە ، دەڵێت : لەگەڵ ئیبنو عباس لە مەککەوە هاوڕێ بووم تا مەدینە ، کاتێ لە جێ یەك دا ئەبەزیین ، بەشێك لە شەو هەڵدەساو شەو نوێژی ئەکرد .

ایوب پرسی : خوێندنەوەی چۆن بوو ؟ وتی : جارێك ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ وَجَاءَتْ سَكْرَةُ الْمَوْتِ بِالْحَقِّ ذَلِكَ مَا كُنْتَ مِنْهُ تَحِيدُ ﴾ سورة ق ، آية (١٩) [1].

---

[1] - هیثمی دەڵێت : تەبەرانی گێڕاویەتیەوە . پیاوانی ، پیاوانی (الصحیح) ن . الجمع (١٥٥٢٢) .

[2] - هیثمی دەڵێت : احمد گێڕاویەتیەوە . پیاوانی ، پیاوانی (الصحیح) ن . الجمع (١٥٥٢٦) .

بەردەوام ئایەتەکەی ئەوتەوە و لەگەڵ وتنەوەیدا پرمەی گریانی زیاتر ئەبوو .[2]

" کۆبوونەوەی لەگەڵ (خوارج)ەکاندا "

کاتێ فیتنەی (خوارج)ەکان سەری هەڵدا عبدالله ی کوڕی عباس (رضي الله عنه) چوو بۆ لایان و کەوتە گفتوگۆ کردن لەگەڵیاندا دەربارەی ئەو بابەتانەی کە کەوتبوونە هەڵەوە تیایاندا و چەند وتوێژ و ڕاگۆڕینەوە یەك لە نێوانیاندا ئەنجامدرا بوە هۆی ئەوەی بیست هەزاریان قەناعەت بکەن و بچنەوە ڕیزی پێشەوا (علی کوڕی ئەبی تالیب) .

" وەفات و ماڵئاوایی "

ئیبنو عباس وەهاژیا ... بەردەوام ڕوناکی بانگەوازی بڵاو دەکردەوە و دەستوورەکانی ئاسمانی ڕوون دەکردەوە ... و لە کۆتایی یەکانی تەمەنیدا بینایی لە دەست دا .

پێغەمبەری خواش (ﷺ) هەواڵی ئەمەی دابوو : لە (موسای کوڕی میسرە)وە ، عەباس عبدالله ی کوڕی نارد بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ کارێك ، عبدالله پیاوێکی لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینی ، بۆیە گەڕایەوە و هیچی نەوت ، پاش ئەمە عباس (رضي الله عنه) بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت و فەرمووی : کوڕەکەم نارد بۆلات ، بەڵام پیاوێکی لەلات بینی ، لەبەر ئەوە نەیتوانی قسەت لەگەڵ بکات .

– پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " یا عم ! تدری من ذاك الرجل ؟ " دەزانی ئەو پیاوە کێ بوو ، مامە ؟ وتی / نەخێر . فەرمووی :

---

[1] – واتە : ئەی ئینسان .. تەنگانەی مردن و ئازارەکانی هات ، هاورێ لەگەڵ ڕاستیەکاندا ئەوسا پێت دەوترێ : ئا ئەوە ئەو بەسەرهات و ڕووداوەیەکە کە خۆتت لێ لادەدا و پەنات لێ دەگرت .

[2] – بڕوانە حلیة الاولیاء (١ / ٣٢٧) .

" ذاك جبريل لقيني ، ولن يموت ابنك حتى يذهب بصره ، و يؤتى علمـاً " . [1] **فەرمووی : ئـەوە جبریـل بـوو هـاتبوو بـۆلام .. وە کوڕەکـەت نـامرێ هـەتاوەکو بینـایی نـەڕوات و زانستێکی باش وەرنەگرێت ..**

لە ساڵی (٦٧ یان ٦٨) دا ئیبنو عباس وەفاتی کرد و ڕۆحی پاکی بۆ لای پەروەردگاری بەرزبوویەوە .

" ئایەتێك لە کاتی مەرگدا "

لە (سعیدی کوڕی جبیر) ەوە ، دەڵێت : ئیبنو عباس (لە (طائف) وەفاتی کرد و ئێمە لەگەڵ جەنازەکەیدا بووین ، دیمان باڵندەیـەك کە پێشتر نـەبینرا بـوو (هاوشێوەی نەبینرابوو) هات و چووە ناو تابوتەکەی و پاشـان نەبینرایـەوە کە لـیٚ ی بێتە دەرەوە ، ئەوە بوو کاتیٚ ئیبنو عباس سپاردەکرا ئەم ئایەتە لەسەر لێواری گۆڕەکەوە خوێنرایـەوە کە هەر نەزانرا کیٚ بوو خوێندیەوە :

﴿ يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَرْضِيَّةً (٢٨) فَادْخُلِي فِـي عِبَـادِي (٢٩) وَادْخُلِي جَنَّتِي ﴾ سورة الفجر ، آية (٢٧ - ٣٠) . [2]

واتە : ئەی خاوەنیدڵ و دەروونی پڕ لە ئارامی ، بگەڕێرەوە بۆ لای پـەروەردگارت کـە تـۆ لـەو ڕازیـت و ئـەویش لـە تۆڕازیـە ، دەبـچۆرە ڕیـزی بەنـدە چـاکە نـازدار و بەرێزەکانمەوە ، بچۆرە بەهەشتە خۆشە ڕازاوەکەمەوە .

پێشەوا (ذهبي) دەڵێت : ئەمە بابەتێکی متواترە – یەکلەدوای یەکە – [3] **وە ئەوان وابۆی دەچوون کە ئەم باڵندەیە زانستی عبداللە بێت (رضي الله عنه) .. وە کاتیٚ ئیبنو عباس سپاردە کرا (ابن الحنفیە) فەرمووی : ئەمڕۆ ڕەببانی ئەم نەتەوەیە کۆچی کرد..** [4]

لە ژێر خاکی (طائف) دا جەستەی ڕوناکی بەباوەڕ و عەقیدە .. و بۆنخۆشکراو بە گوڵاوی خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی داپۆشرا ...

---

[1] – هیثمی دەڵێت :تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە بە چەند ئیسنادێك و پیاوانی فەرموودەکە جیٚ ی متمانەن . المجمع (٩ / ٢٧٧) .

[2] – هیثمی دەڵێت : تەبەرانی گێراویەتیەوە .. پیاوانی ن پیاوانی (الصحیح)ن المجمع (٩ / ٢٨٥) بە ژمارە (١٥٥٣٥) .

[3] – بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (٣ / ٣٥٨) بەم لەفزە لەوانەیە مەبەستی (چیرۆکی متواتر) بێت .

[4] – ابن سعد دەرهێنانی بۆ کردووە (٢ / ٣٦٨) .

" ١٥ - ئەبو دەرداء (رضي الله عنه) "

" دانای ئەم ئوممەتە "

ناسنامەی : -

پێشەوای ڕابەر و دادوەری دیمەشق و هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ئەبو دەرداء عویمری کوڕی زیدی کوڕی قیس ی ئەنصاری خەزرەجی)یە و دانای ئوممەت و گەورەی قورئان خوێنەکانی دیمەشقە ..

سعیدی کوڕی عبدالعزیز ، دەڵێت / ئەبو دەرداء ڕۆژی بەدر موسڵمان بوو ، پاشان لە جەنگی ئوحود بەشداری کرد ، ئەو ڕۆژە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کرد کە ئەوانەی وان بەسەر کێوی (ئوحود) ەوە بگێڕێتەوە دواوە ، ئەویش خۆی بە تەنها هەموویانی گەڕاندەوە.

" چاکەکانی "

١- لە (أنس)ەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد ، جگە لە چوار کەس نەبێ کەسی تر قورئانی کۆ نەکردەوە ، ئەوانیش (ئەبو دەرداء و معاذ و زەیدی کوڕی ثابت و ئەبو زەید) بوون .[١]

(ارنئووط) دەڵێت : ئەو کورت کردنەوەیە (قصر) ، لەم فەرموودە دا شتێکی زیاد کراوە نەك ڕاستەقینە ، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێت) قورئانی پیرۆزیان لەبەر بووە و (حافظ) ناوی هەندێکیانی هێناوە لە (الفتح) دا (٩ / ٤٧ ، ٤٨) .[٢]

٢- ئیبنو عمر دەیفەرمووی / باسی هەردوو ژیر و هۆشمەندەکەمان بۆ بکەن ، ئەوترا کێن ئەو دوانە ؟ ئەیفەرموو : معاذ و ئەبو دەرداء .[٣]

---

[١] - صحیح : بخاری گێڕاویەتیەوە (٩ / ٤٧ ، ٤٨) . (أبو زید) یش وتراوە کە (ثابت ی کوڕي زید)ە ، وتراویشە (سعدی کوڕی عبید) ە .

[٢] - بڕوانە / پەڕاوێزی (سیر اعلام النبلاء) ، (٢ / ٣٣٩) .

[٣] - پیاوانی جێ متمانەن (ابن سعد) دەرهێنانی بۆ کردووە (٢ / ٣٥٠) .

" دونیا نەویستی ئەبو دەرداء (رضي الله عنه) "

ئەبو دەرداء ، دەفەرموێ : پێش هاتنی ئیسلام بازرگان بووم ، بەڵام دوای ئەوەی ئیسلام دابەزی ، بازرگانی و خوا پەرستیم بەیەکەوە کۆ کردەوە ، بینیم کۆنابنەوە ، لەبەر ئەوە وازم لە بازرگانی هێناو خووم دایە خواپەرستی .[1]

" لەسەر وتنێکی گرنگی پێشەوا (ذهبي) "

پێشەوا ذهبي لەسەر ئەم قسەیەی (ابی دەرداء) (رضي الله عنه) ، دەڵێت : " من دەڵێم باشتر وایە هەردوو بابەتەکە لەگەڵ(جیهاد) دا کۆبکرێتەوە ، وە ئەمەی کە فەرمووی رێگەی کۆمەڵێکە (لەسەلەف و سۆفیەت) ، گومانیش لەوەدا نیە کە سروشتی کەسەکان لەمەدا جیاوازە ، هەیانە توانای گرێدانی هەر سێ بابەتەکەی هەیە هەر وەك پێشەوا (صدیق و عبدالرحمن کوڕی عەوف و ابن مبارك) (ڕەزای خوایان لێ بێت) ، وە هەندێ کەسی تر ئەم توانایە یان نی یە و تەنها پەرستش دەکەنە کیفایەت . هەمیشە لەسەرەتاوە توانای کۆکردنەوەی هەرسێ بابەتەکەی هەیە ، و دواتر توانای نامێنێ وە هەموو ئەم بۆ چوونانە گونجاون ، بەڵام پێویستە مرۆڤ کۆشش بکات بۆ بە دەست هێنان لە پێناو مافدانی ژن و منداڵەکانیدا .[2]

" دیمەنێك لە خەباتی ئەبو دەرداء (رضي الله عنه) "

(شریح ی کوڕی عبیدی حمص) دەڵێت : کاتێ هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ئوحود شکشتیان خوارد ، ئەبو دەرداء یەکێ بوو لەوانەی لەو ڕۆژەدا بووە سێبەر لە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، وە کاتێ بێ باوەڕان بەڕاسەری موسڵمانانەوە بوون ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " اللهم لیس لهم أن یعلونا " ئەی پەروەردگارا ئەوان بۆیان نیە لەسەر ومانەوە بن . ئینجا چەند کەسێك لە هاوەڵان خۆیان تەرخان کرد بۆ

---

[1] – هیثمی دەڵێت : تەبەرانی کێڕاویەتیەوە پیاوانیش پیاوانی (الصحیح) ن ، المجمع (٩ / ٣٦٧) .

[2] – بڕوانە (سیر اعلام النبلاء) (٢ / ٣٣٨) .

ڕووبەڕووبوەیان کە (عومیر ابو دەرداء) یەکێك بوو لەناویاندا و توانی یان بیّ باوەڕان لە جێگای خۆیان وە لانێن . و لەو ڕۆژەدا ئەبو دەرداء لە تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوودا بوو ، ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " نعم الفارس عويمر " [1] بەڕاستی سوارچاك (عویمر) ە .

" زانستی ئەبو دەرداء (رضي الله عنه) "

لە (مسروق)ەوە ، دەڵێت :- بەدوای کاروباری هاوەڵانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چووم ، بینیم زانستیان لە (عمر و علی و عبدالله و معاذ و ئەبی دەرداء و زیدەی کوڕی ثابت) دا (ڕەزای خوایان لیّ بێت) براوەتەوە . [2]

وە لە (سعیدی کوڕی عبدالعزیز)ەوە ، لە (مسلم ی کوڕی مشکم)ەوە ، دەڵێت : ئەبو دەرداء پێی وتم : بزانە ئەم دانیشتنەمان چەند کەسی تیایە . دەڵێت : دەگەیشتە زیاتر لە (١,٦٠٠) کەس . دە دە قورئانیان دەخوێند و پێشبڕکێیان ئەکرد ، ئەوجا کە ئەبو دەرداء نوێژی بەیانی ئەنجام دا لەگەڵ سوننەتەکەیدا و (جزء) ێك لە قورئانی دەخوێندەوە ، هەموو چاویان تیّ ئەبڕی و گوێیان لە وشەکانی ئەگرت وە (ابن عامر) پێشەنگیان بوو . [3]

نووسەر دەڵێت: بەڕاستی بانگەواز بۆ لای خوا بە بیّ بوونی کۆششێکی وەها و بە بیّ بوونی هیمەتی لەو جۆرە ، دەرئەنجامەکەی لادان و بیّ بەرهەمی یە .. و بەڕاستی خودا زانست بە داڕنین لە سینەکاندا ناباتەوە ، بەڵکو بە بردنەوە و کۆچی زانایان دەیباتەوە .

---

[1] – فەرمودەی (مرسل) ە : ابن لسکر دەرهێنانی بۆ کردووە هەروەها (حاکم)یش لە (المسندرك) (٣٣٧/٣) دا.

[2] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ابن سعد (٢ / ٣٥١) دەرهێنانی بۆ کردووە .

[3] – ارنۆوط دەڵێت : پیاوانی جیّ ی متمانەن پەراوێزی سیر اعلام النبلاء (٢ / ٣٤٦) .

" چەند وتە و ئامۆژگاری یەك بە ئاوی ئاڵتون دەنووسرێت "

ئەبی دەرداء چەند ئامۆژگاری و وتەیەکی وای هەیە کەلەسەر لاپەڕەکانی دڵ دەنەخشرێنێت . لەوانە : –

١– فەرموودەی کە دەڵێت : چیە ، وا ئەبیستم زاناکانتان ئەڕۆن و نەزانەکانیشتان زانست وەرنا گرن !.. زانست وەرگرن ، چونکە زانا و زانستخواز لە پاداشتدا هاوبەشن .

٢– فەرمووی : وەیل بۆ ئەو کەسەی بۆ جارێکیش بووە فێر نابێ ، وە وەیل بۆ ئەوکەسەی کە ئەزانێت و ، بەلاّم حەوت جار کاری پێ ناکات .

٣– فەرموودەی : وەها خواپەرستی بکەن وەك ئەوەی پەروەردگار ببینن ، وەخۆتان لەڕیزی مردوان دابنێن ، هەروەك خۆتان لە دوعای ستەم لێکراو بپارێزن .

٤– بزانن کە شتێکی کەم بێ نیازت بکات ، باشترە لە شتێکی زۆر کە سەرقاڵت بکات و گومڕات بکات . چاکە و بەخشندەیی لەناو ناچێت .. و خراپەش لە بیرناچێتەوە .

٥–دەفەرموێ : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە وای لە دەوڵەمەندەکان کردووە ، لە کاتی مردندا ئاوات بە ئێمە بخوازن و لەو کاتەدا ئێمە ئاواتیان پێ نەخوازین .. برا دەوڵەمەندەکانمان لەگەڵماندا دادپەروەر نین ، ئەوان ئێمەیان لەسەر ئاینەکەمان خۆش دەوێت ، بەلاّم لەسەر دنیا دوژمنایەتیمان لەگەڵدا دەکەن .[1]

٦– دەفەرموێ : ئەی نەوەی ئادەم بە قاچەکانت ملکەچی بۆزەوی بنوێنە (واتە بەفیزەوە بەسەریدامەڕۆ) .. ، چونکە پاش کەمێك ئەبێتە گۆڕت ، ئەی نەوەی ئادەم ، بێ گومان تۆ پێکهاتویت لە چەند ڕۆژێك کە بەڕۆشتنی هەر ڕۆژێك ، بەشێك لە تۆ دەڕوات ئەی نەوەی ئادەم ، تۆ هەر لەو ڕۆژەوەی لە دایك بوویت بەردەوامی لە ڕوخاندنی تەمەنتدا ..

٧– هەروەها دیفەرموو : پەروەردگارا ، پەنات لێ ئەگرم لە پەرت پەرتی دڵ ، وترا پەرت پەرتیی دڵ چی یە ؟ فەرمووی : ئەوەیە لەهەر دۆڵێك ماڵێك دابنرێت .

٨– وە دەیفەرموو : خەڵکی گەلایەکی بێ دڕك بوون ، بوونە دڕکێکی بێ گەلا ، ئەگەر ڕەخنەیان لێ بگریت ، ڕەخنەت لێ ئەگرن ، وە ئەگەر وازیان لێ بێنیت ، ئەوان واز لە تۆ

[1] – ئەم ئامۆژکاری یانەی باسمان کرد لە (سیر اعلام النبلاء) لە بەشی ژیانی دا (رضي الله عنه) وەرمانگرتووە .

ناهێنن . وتیان ، ئەی چی بکەین ؟ فەرمووی / شتێك لە (عرض – ناموست) بە قەرز بدەپێیان بۆ ڕۆژێ کە هەژار بوویت .

٩– هەروەها وتویەتی : وەیل بۆ ئەو کەسانەی پارەو پول کۆ ئەکەنەو و دەمیان داچەقاندووە و وەك شێت هەر ئەوە دەبینن کە لەلای خەڵکە و ئەوە نابینن کە لەلای پەروەدگارە ، ئەگەر بیانتوانیایە شەویان بە ڕۆژەوە دەبەستەوە (شەویان ئەخستە سەر ڕۆژ) . وەیل بۆ ئەوانە لە لێپرسینەوەیەکی توند و سزایەکی قورس .

١٠– هەر لەوەوە دەفەرموێ : ئەوانەی زمانیان بە یادی خوای پەروەردگار تەڕ و پاراوە ، ئەوە بەدەم بزەی لێوەوە دەچنە بەهەشت .[1]

" بەندەکان چەند سووك و بێ نرخن لە لای خوا کاتێ سەرپێچی ئەکەن "

لە (ابن جبیر)ەوە ، ئەویش لە باوکیەوە ، دەڵێت : کاتێ (قبرص) ڕزگار کرا و دیلەکان بە بەردەم (ابی دەرداء) دا تێپەڕ بوون ، دەستی بە گریان کرد ، لێم پرسی : ئا لەم ڕۆژەدا دەگریت کە وا خوای پەروەردگار ئیسلام و ئەهلەکەی سەر بەرز کردووە ؟

فەرمووی : – ئەی جبیر ، دەبینی ئەمانە کە چەند خاوەن دەسەلآت و دەرکەوتوو بوون ، بەڵام پەرومردگار بینی کە سەرپێچی دەکەن ئەمەی بەسەر هێنان کە ئەیبینیت ، ئای بەندەکان چەند بێ نرخن لەلای خوا کاتێ سەرپێچی ئەکەن .[2]

لە ڕاستیدا لادان لە ڕێگەی ڕاستەقینەی ئیسلام ، و ڕۆچوون لە ناوڕێگای گومڕایی و سەرپێچی و ئارەزووەکاندا ، هۆی بەهەلاکەت چوونی نەتەوە و گەلەکانە : ﴿ وَكَأَيِّنْ مِنْ قَرْيَةٍ عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِ فَحَاسَبْنَاهَا حِسَاباً شَدِيداً وَعَذَّبْنَاهَا عَذَاباً نُكْراً (٨) فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَاقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْراً (٩) ﴾ سورة الطلاق ، آية (٨ – ٩) .

واتە : لە سەدەکانی پێشوودا چەندەها شار و شارۆچکە یاخی بوون لە فەرمانی پەرومردگاریان و فرستادەکانی ، ئێمە زۆر بەتوندی حسابمان بۆ کردن و سزایەکی توند و پڕ ئێشمان بۆ پێشهێنان . ئیتر گیرۆدەی بەڵای خۆیان بوون و ئەو سزایە یان چەشت

---

[1] – لە صفة الصفوة ئەم ئامۆژکاریانە مان وەرگرتووە .

[2] • بڕوانە : ابن عساكر (١٣ / ٣٨٩ / ١) .

که خۆیان دەست پێشکەری یان بۆ کرد بوو ، سەرئەنجامی کار و کردەوەی خەڵکی ئەو شوێنانەش زیانێکی گەورە بوو .

" **بەرەو لای** (ٱلرَّفِيقُ ٱلْأَعْلَى) "

پاش بەڕێ کردنی تەمەنێك لە تێکۆشان بە شمشێر و بە زمان و بەهەر چی خاوەنی بوو ، کاتی ئەوەهات تەمەنی کۆتایی بێت .. لە کۆتایی تەمەنیدا لەسەرەمەرگدا ئەبوو دەرداء دوایین ئامۆژگاری پێشکەش دەکات ، پێش ئەوەی یەکەمین هەنگاوی ڕێگای ئاخیرەتی هەڵگرێ .

ئوم دەرداء دەڵێت : کاتێ ئەبو دەرداء کەوتە سەرەمەرگ ، بەردەوام دەیوت : کێ کار بۆ ئەم ڕۆژەی من ئەکات ؟ کێ کار بۆ ئەم جێگایەی من ئەکات ؟

و لە سەر زەوی دیمەشق .. ڕۆحی پاکی بە شوێن بانگی پەروەردگاریدا بەرزبووەوە .. تا لەوێ ئارام بگرێ : ﴿ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنْ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُولَئِكَ رَفِيقاً ﴾ سورة النساء ، آية (٦٩) .

ئەمەش لە ساڵی (٣٢) دا بوو .. (ڕەزای خوای لێ بێت) .

" ١٦ - قەتارەی کوڕی نعمان (رضي الله عنه) "

" ئەمیری تێکۆشەر "

ناوی : -

قەتادەی کوڕی نعمانی کوڕی زەیدی کوڕی عامرە ، ئەبو عمری ئەنصاری بەدر یە و یەکێکە لە هاوەڵە نەجیبزادەکان .

لەگەڵ (٧٠) کەسەکەدا ئامادەی (عقبە) بووە . وەیەکێ بووە لە تیرهاوێژە ناودارەکان .. لە هەردوو جەنگی بەدر و ئوحود بەشداری کردووە و لەو ڕۆژەدا لە چاوی درا و گلێنەی چاوی هاتەدەر .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستی موبارەکی خستیەوە جێ ی خۆی و بینایی هێنایەوە بۆ قەتادە و ئەو چاوەی بووە سەلامەترین چاوی .

لە (عاصم) ی کوڕی عمری کوڕی قەتادەوە ، لە باوکیەوە ئەمیش لە (قتادەی کوڕی نعمان)ەوە (رضي الله عنه) ، دەڵێت : ڕۆژی بەدر [1] لە چاوی درا و گلێنەی بەسەرو ملیدا هاتە خوارەوە ، خەڵکی دەوروبەری ویستیان لیێ کەنەوە وتیان : بابچین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ڕای ئەو وەرگرین (ڕاوێژی پێ بکەین) ، هەواڵەکە درا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ... ئەویش لە خۆی نزیك کردەوە و گلێنەکەی بەرزکردەوە و لە جێ ی خۆی دانایەوە و ئەوجا لەپی دەستی پێدا هێناو فەرمووی : " اللهم اکسه جمالا " ، ئەی پەروەردگار جوانی یەك بکە بەبەریدا ، ئەوە بوو کاتێ قەتادە (رضي الله عنه) وەفاتی کرد ، ئەو کەسی کە کفنی کرد . نەیزانی کام چاوەیان بوو کە پێکرا بوو .

وە لە ڕیوایەتێکی (تەبەرانی) دا هاتووە ، [2] پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: " اللهم ان قتادة قد وقى نبيك بوجهه ، فاجعلها احسن عينيه و احدهما نظراً ".

فەرمووی / ئەی پەروەردگار ، قەتادە بەڕووی خۆی پێغەمبەرەکەی پاراست ، دەسا ئەو چاوەی بکەرە باشترین و بیناترینیان .

[1] - لە ڕیوایەتی (دار قطنی)دا هاتووە کە ڕۆژی (ئوحود)وای بەسەر هاتووە ز و لە ڕیوایەتێکی (بیهقی) دا لە (ولائل النبوة) دا هاتووە کەڕۆژی بەدر توشی ئەو ڕووداوە بووە . ارنۆط دەڵێت : پیاوانی جێ ی متمانەن . سیر (٢ / ٣٣٢) .

[2] - لاوازیەکی تێدایە .

ئەوە بوو ئەو چاوەی قەتادە (رضي الله عنه) باشترین بوو دوای ڕووداوەکە ..

قەتادە بەردەوام ، هاوڕێ لە گەڵ موسڵماناندا لە خەبات و جیهاد دا بوو ، لە دەست پێشی ئەمیری موسلمانان (عمری کوڕی خەتاب) دا بوو ، کاتێ بەرەو شام بەڕێ کەوتن و یەکێ بوو لەو تیرهاوێژانەی بە پەنجەی دەست دەژمێردران .

ئەم هاوەڵە بەڕێزە ساڵی (٢٣) لە مەدینە وەفاتی کردووە پێشەوا (عمری کوڕی خەتاب) (رضي الله عنه) ئەو ڕۆژە چووە ناو گۆڕەکەیەوە و دواتریش نوێژی لەسەر کرد .

" ١٧ - عامری کوڕی فهیره (رضي الله عنه) "

" ئەو هاوەڵەی کە فریشتەکان سپاردەیان کرد "

هەندێ جار مرۆڤ بەخوا پەرستی و نزیك بوونەوەی لە پەروەردگاری ، ئەگاتە ڕیزی فریشتە نزیکەکان و وای لێ دێت لەسەرزەوی نامۆ و لە ئاسمانەکاندا ئاشنا بێت .. ئەگەر نەخۆش کەوێت ، فریشتەکان سەردانی دەکەن .. و کاتێکیش وەفات دەکات جەنازەکەی بەڕێ دەکەن و هەندێ جار بەشداریی شۆردنیشی دەکەن و کفنی دەکەن و جار جاریش تابوتەکەی هەڵدەگرن و بەخۆیشیان بە گۆڕی دەسپێرن !!

بۆچی نا .. مەگەر ئەولیاکانی خوا خاوەنی کەرامات نین !! بۆ چی نین ؟ .. ﴿ لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ ﴾ سورة یونس ، آیة (٦٤) . واتە : هەر بۆ ئەوانە مژدەی کامەرانی (کە مژدەی قورئان و فەرموودەیە لە قیامەتیشدا (مژدەکان دەبنە واقع و بەزیادەوە دێنەدی) ..

" عامری کوڕی فهیره (رضي الله عنه) کێ یە ؟ "

مەولای پێشەوا ابوبکر (رضي الله عنه) و لە کۆچکەرە پێشینەکانە ، پێشەوا ئەبوبەکر کڕی و ئازادی کرد ، پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەم ، عامر موسڵمان بوو ، وە بۆ پەشیمان کردنەوەی لە ئاینەکەی ، تووشی ئەشکەنجەی بێ باوەڕان بووە ، بەڵام ئەو بەسەر ئەو ئەزمون و ناڕەحەتیانە دا زاڵ بوو ، و گوێی بە ئازار و ئەشکەنجە نەدا لە پێناوی پەروەردگاریدا .. پاشان کۆچی کرد لە مەککەوە بۆمەدینە ..

لەبەدر و ئوحود بەشدار بووە و پاشان لە ڕۆژی (بئر معونە) دا شەهید بووە .. چیرۆکی شەهید بوونیشی بەم جۆرەیە : -

پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند کەسێکی‌نارد بۆ لای (بنی سلیم) لە ناویاندا (عامری کوڕی فهیره) بوو ، لەوێ لەلای (بئر معونە) دا عامری کوڕی طفیل دای بەسەریاندا و کوشتنیان ، (زهری) دەڵێت : پێم گەیشتووە کە بە دوای لاشەی عامر

کوڕی فهیره داگەڕان ، بەڵام نەیاندیەوە ، دەڵێت : وای دەبینن کە فریشتەکان سپاردەیان کردبێت . [1]

ئبنو اسحاق دەڵێت : هشامی کوڕی عروە لە باوکیەوە بۆی باسکردم کە عامری کوڕی طفیل دەیوت : ئەو پیاوە کێ بوو کاتێ کوژرا ، بینیم لە نێوان ئاسمان و زەویدا بەرزکرایەوە تا دواتر لە ئاسمانیشدا دیار نەمابوو ؟ وتیان : عامری کوڕی فهیره بووە.[2]

عروەی کوڕی زبیر دەڵێت : وای دەبینین کە فریشتەکان ناشتبێتیان) ، (صفه الصفوه / ١ / ٢٢٦) .

نووسەر دەڵێت : سوێند بەخوا ڕێزێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوهاوەڵە کەوا بە دەستی ئەو فریشتانە سپاردە کراوە کە پەروەردگار وەصفیان دەکات و دەفەرموێ : ﴿بِأَيْدِي سَفَرَةٍ * كِرَامٍ بَرَرَةٍ ﴾ سورة عَبَس ، آية (١٥ – ١٦) .

---

[1] - بڕوانە صفه الصفوه (١ / ٢٢٦) .

[2] - صحیحە ، بخاری لە بابی (المغازی) (٧ / ٤٠٩٣ / فتح) دا ڕیوایەتی کردووە .

" ١٨ - بلالی كوڕی رباح (رضي الله عنه) "

" لە پێناوی خوادا هەمیشە خۆی بەستبوو بۆ خەبات تا مردن "

بیلالی كوڕی رباح ی (مەولا)ی ئەبو بەكری صدیق و بانگبێژی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و لە پێشینە یەكەمینە بەڕێزەكانە لە ئیسلامدا ، لەوانەی كە لە پێناوی خوادا تووشی ئەشكەنجە هاتن . لەبەدر دا ئامادە بوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستنیشانكردن شایەتی چوونە بەهەشتی بۆ داوە .

" چاكەكانی "

١- لە (ابی هریرە)وە ، دەفەرمویٚ / پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتی نوێژی بەیانی بە بیلالی فەرموو : (حدثني بأرجى عمل عملته في الإسلام فأني قد سمعت الليلة خشفة نعليك بين يدى الجنة) ، فەرمووی باسی باشترین كارێكم بۆ بكە كە بۆ ئیسلام ئەنجامت دابیٚ ، چونكە من ئەمشەو گویٚم لە خشپەی نەعلەكانت بوو لەناو بەهەشتدا ...

بیلال فەرمووی : هیچ كارێكم ئەنجام نەداوە باشتر لەوەی كە هەر كاتیٚ دەستنوێژێكی تەواوم گرتبیٚ لەكاتیٚ لە كاتەكانی شەو یان ڕۆژدا ئەوە هێندەی خوا نووسیبێتی نوێژم ئەنجام داوە .[١]

٢- وە لە (انس) ەوە ، (رضي الله عنه) دەفەرمویٚ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (بلال سابق الحبشه) .[٢]

واتە / بیلال پێشی حەبەشی یەكانی داوەتەوە ..

٣- عمری كوڕی خەتاب (رضي الله عنه) فەرمووی : ئەبو بەكر گەورەمانە و هەروەك گەورەمانی ئازاد كرد - مەبەستی بلال بوو .[٣]

---

[١] - صحيح : زانایان یەكران لەسەری (منتفق عليه) .

[٢] - حسن لشواهده ، حاكم دەرهێنانی بۆ كردووە (٣ / ٢٨٥) شێخی عەدوی دەڵێت (حسن لشواهدة) . فضائل الصحابة (٣١) .

[٣] - صحح / بخاری .

٤- وە لە (عمر)ەوە (ﷺ) ئەبا سوفیان لەگەڵ چەند کەسێکدا هات بۆ لای (سلمان و صهیب و بلال) فەرموویان : سوێند بەخوا شمشێرەکانی خوا جێگای خۆیان لەگەردنی دوژمنی خوادا نەگرتووە .

دەڵێــت / ئینجــا ابــوبکر ، فــەرمووی : چــۆن ئەمــە بــە گــەورە و شێخێك لە قورەیش دەڵێن . ئینجا هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەواڵەکەی پێ دا ئەویش فەرمووی : (یا ابابکر لعلك اغضبتهم ، لئن کنت اغضبتهم لقد اغضبت ربــك) . فەرمووی : ئەی ئەبوبەکر لەوانەیە بەوقسەت تووڕەت کرد بێتن ، خۆ ئەگەر تووڕەت کردبێتن ، ئەوا خوای خۆت تورە کردووە .

ئینجا ئەبوبکر (ﷺ) هاتەوە لایان و فەرمووی : برایانم ! بمبورن تووڕەم کردن ؟ وتیان : نەخێر ، خوا لێت خۆش بێ براگیان .[1]

٥- وە لە (ابی هریرە)وە ، لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەفەرموێ :

(مثل بلال مثل النحلة غدت تأکل من الحلو والمر ثم هو حلو کله)[2]

واتە : نموونەی بلال وەك هەنگ وایە کە لە تاڵ و شیرین دەخوات و خۆیشی هەموو شتێکی هەر شیرینە .

" بەرگە گرتنی ئەشکەنجە لە پێناوی خوادا "

لە (ابن مسعود)ەوە ، دەڵێت : (یەکەمینی ئەوانەی ئیسلامیان ئاشکرا کرد حەوت کەس بوون پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ، ئەبوبەکر ، عمار ، سمیەی دایکی و ، صهیب و بلال و مقداد) (ڕەزای خوایان لێ بێت) .

هەرچی سەبارەت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەوا خوا بە هۆی مامیەوە پاراستی، ئەبوبەکریش بە هۆی تیرە و هۆزەکەیەوە پارێزرا ، ئەوانی تر هەموویان بێ باوەڕان بردنیان و بەرگی ئاسنینیان لەبەر ئەکردن ولەبەر خۆردا ڕایان دەگرتن ، ئینجا

---

[1] - صحیح / مسلم .

[2] - دانەپاڵەکەی (حسن)ە ، هیپمی دەڵێت : تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە و اسنادەکەی (حسن)ە ، بەژمارە (٣٩/ ١٥٦) .

هەریەکە لەوانە یان شەهیدیان دەکردن یان ناچاریان دەکردن بە پەشیمان بوونەوە ، جگە لە بیلال کە نەفسی خۆی لە پێناوی خوادا بە کەم دەزانی و هەروەك لای قەومەکەشی بێ نرخ بوو ، لەبەر ئەوە بردیان و دایانە دەست منالە وردە و ئەوانیش بەدەوری کێوەکانی مەککە دا دەیان سوڕاندەوە .. بەڵام بلال بەردەوام زمانی بە وشەی ﴿ أَحَدٌ ... أَحَدٌ ﴾ ەوە بوو .[1]

ئومەییەی کوڕی خەلەف کە گەورەی بیلال بوو ، لە کاتێکدا کە قرچەی نیوەڕۆدا دەهات و خۆر گەرم دەبوو ، بیلالی دەتلاندەوە بەسەر ئەو خۆڵەی کە لەبەر هتاوەکەدا قرچەی دەهات و فەرمانی ئەکرد بەردی گەورەیان ئەخستە سەر سنگی و پێ ی ئەوت هەروا ئەبیت تاوەکو محمد بەردۆ ئەخەیتەوە لات و عوزەا دەپەرستیت یاخود ئەمریت ، بەڵام بیلال بێ دەنگ نەدەبوو لە وتنەوەی ﴿ أَحَدٌ ... أَحَدٌ ﴾ .

ئیبنو کەسیر دەڵێت : (کاتێ بانگدان لەمەدینەدا بڕیاردرا ، بیلال لەگەڵ (ابن ام مکتوم) بە نۆرە و لە نێو دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگیان دەدا . جارێ ئەم و جارێ ئەو . وە بیلال دەنگێکی خۆش و زوڵاڵی هەبوو هەروەك زمان پاراو بوو .. ئەوەشی کە دەگێڕنەوە وە گوایە (سین)ی بیلال لە لای خودا (شین)ە) هیچ بنەمایەکی نی یە .. هەروەك لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا لەسەر کەعبەی پیرۆز بانگی فەرموو .. و کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد بیلال وازی لە بانگدان هێناو .. پاشان بەرەو شام بۆ جیهاد کەوتەڕێ .)[2]

" دابەزینی قورئان دەربارەی "

لە (سعدی کوڕی ابی وەقاص)ەوە (رضي الله عنه) ، دەفەرموێ : ئێمە شەش کەس بووین لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێباوەڕان وتیان : ئەوانەی وا لەگەڵتن دەرکە ، چونکە ئەوانە کەسانێکن لە شانی ئێمەدانین . شەشە کەسەکەش من و ابن مسعود و بلال و

[1] - حاکم ڕیوایەتی کردووە (٣ / ٢٨٤) . دەڵێت : دانەپاڵەکەی (صحیح)ە زەهەبیش بە صحیح داینساوە . (حیاە الصحابە ، ١ / ٢٢٠) .

[2] - بڕوانە : البدایە و النهایە (٥ / ١٧٨) .

پیاوێك لە (هذیل) و دوانی تر بووین .. ئیدی خوای پەروەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند :
﴿ ... الَّذِينَ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ ... ﴾ سورة الأنعام ، آية (٥٢) .
واتە : (ئەی محمد (ﷺ) نەکەیت ئەوانە دەربکەیت (لە مزگەوت و کۆڕی خواناسین) کە لە بەیانیان و ئێوارانـدا لـە پـەروەردگاریان دەپاڕێنـەوە ...) تا کۆتایی ئایەتەکان .

" سۆزی بیلال (رضي الله عنه) بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

لە سعیدی کوڕی عبدالعزیز و غەیری ئەویشەوە دەگێڕنەوە کە : بیلال دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ هیچ کەس بانگی نەدا بەڵکو ڕووی لە جیهاد کرد .. ئەبوبەکر (رضي الله عنه) ویستی ڕێگەی لێ بگرێت ، فەرمووی / ئەگەر لەبەر خوا منت ئازاد کردووە ، ئەوا دەست بەردارم بە .

دەڵێت : بیلال لە شام مایەوە تاوەکو عمر (رضي الله عنه) هاتە .. (جابیە) و موسڵمانان داوایان لە عمر کرد داوا لە بیلال بکات بانگیان بۆ بدات ئەویش داوای لێ کرد . ئەوە بوو بیلال ڕۆژێك بانگیدا ، لەو ڕۆژەدا هێندە گریا بوو کە پێشتر وەها نەبینرا بوو بگری .. ئەویش بە هۆی یادکردنەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ولید وتی : لەو ڕۆژەوە خەڵکی شام لە جیاتی بیلال خۆیان بانگیان دەدا !! .[1]

بیلال (رضي الله عنه) لە شام بە خەریك بوون بە خەباتەوە مایەوە تاوەکو لە تاعونەکەی (عمواس) دا ساڵی (١٨) وەفاتی کرد .[2]

سعیدی کوڕی عبدالعزیز دەڵێت : کاتێ بیلال کەوتە سەرەمەرگ فەرمووی : سبەی دەگەم بەخۆشەویستان ، (محمد) و هاوەڵانی . لەوێدا خێزانەکەی وتی : واوەیلا بۆ من ! بیلالیش وتی : بەڵام خۆشی بۆ من !

بەڵێ ئەی گەورە و سەروەر (خۆشی لە خۆت) بۆچی نا ؟ مەگەر مردن بۆ باوەڕدار پردێك نی یە کە خۆشەویستان بەیەك دەگەیەنێت .

[1] - ارنۆوط دەڵێت : پیاوانی جێ ی متمانەن ، بەلاّم بە بچڕ بچڕی هاتووە ، سیر (١ / ٣٥٧) . وەلیدیش (وەلیدی کوڕی مسلم)ە .

[2] - ابن کثیر ئەم ڕایەی پەسەند کردووە / بدایە : (٥ / ١٧٩) .

" ١٩ - عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی حرام (رضي الله عنه) "

" پەروەردگار بەبێ پەردە لەگەڵی دەدوێ !! "

بەڕاستی بەڕێزان .. ئەمەی دەیخوێنینەوە جێگای سەرسوڕمانە .. کەسێك پەروەردگار بە بێ پەردە لەگەڵی بدوێ !! بەلاّم هەر بە خوێندنەوەی ئەم فەرموودەیەی زاتی ئیلاهی ئەو سەرسوڕمانەمان نامێنێ کە دەفەرموێ : ﴿ ... وَلَكِنَّ اللَّهَ يَمُنُّ عَلَى مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ ... ﴾ سورة ابراهم ، آية (١١) . واتە : بەلاّم خودا خۆی منەت دەخاتە سەر هەر کەسێ ذاتی خۆی ویستی لەسەری بێ لە بەندەکانی ...

" ئەم خۆشەویستەی خوا کێ یە ؟ "

عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی حەرامی ئەنصاری یە ، باوکی جابر و یەکێکە لە خاوەن ڕێزەکانی شەوی عەقەبە . لەبەدر دا بەشداری کردووە ، و لە ئوحود شەهید کراوە.. ئەمەش چیرۆکەکەی بەم جۆرەیە : -

لە جابری کوڕی عبدالله وە (رضي الله عنه) دەفەرموێ : کاتێ کۆشتاری ئوحود هاتە پێش شەو باوکم هات بۆ لام و فەرمووی / من هەست ئەکەم لەم جەنگەدا دەکوژرێم لەگەڵ یەکەمین هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، سوێند بەخوا پاش خۆم لە دوای گیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە تۆ ئازیز ترم نیە ، وە من قەرزێکم بەسەرەوەیە بۆم جێ بەجێ کە و لەگەڵ خوشکەکانت باش بجولێوە ، دەڵێت : کە ڕۆژمان کردەوە ، باوکم یەکەم شەهید بوو لە جەنگەکەدا و لەگەڵ کەسێکی کەدا خستمە گۆڕێك . ئەبینم دڵم ناهێنێ کە لەکەڵ کەسێکی کەدا بەیەك گۆڕ بسپێرم بۆیە پاش شەش مانگ دەرم هێنایەوە ، دەبینم هەروەك ئەو ڕۆژەیە کە خستبوومە گۆڕەکەوە جگە لە گوێچکەی نەبێت .[١]

وە لە (جابری کوڕی عبدالله) وە ، دەڵێت : کاتێ عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی حرام ڕۆژی ئوحود کوژرا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێ ی فەرموو:

(يا جابر ! ألا أخبرك ما قال الله عزوجل لأبيك ؟) فەرمووی :

---

[١] - حاکم گێڕاویەتیەوە (٣ / ٢٠٣) دەڵێت : فەرموودەی (صحيح) لەسەر مەرجی (مسلم) .

ئەتەوێ ، پێت بڵێم کە خوای پەروەردگار چی بە باوکت فەرموو ؟ وتم ! بەڵێ ، فەرمووی : (ماكلم الله احداً إلا من وراء حجاب ، و كلم أباك كفاحاً [1] ، فقال : يا عبدی تمن علي أعطك ، قال : يارب ! تحييني فأقتل فيك ثانية . قال إنه سبق مني (أنهم اليها لايرجعون) قال : يـــارب فأبلغ من ورائي) [2]

فەرمووی : (خوای گەورە لەگەڵ هیچ کەس قسەی نەکردووە لە پشتی پەردەوە نەبێت ، بەڵام لەگەڵ باوکتدا ڕوبەڕوو دواوە و فەرموویەتی ، ئەی بەندەکەم ئاواتەکانتم پێ بڵێ با بیهێنمەدی ، ئەویش دەڵێت پەروەدگارم ! ئاواتم ئەوەیە زیندووم کەیتەوە تاوەکو لە پێناوتدا دووبارە بکوژرێمەوە ، فەرمووی : بەڕاستی ئەوە شتێکە بڕاوەتەوە کە (انهم اليها لايرجعون) [3]

دەڵێت : ئەی پەروەردگار ! دەی بەوانەی دوای خۆم ڕابگەیەنە .

پاشان خوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿وَلا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتاً ...﴾ سورة آل عمران ، آية (١٦٩) .

واتە : وانەزانن ئەوانەی لە پێناوی خوادا کوژراون ، مردوون ...

هەروەها لە جابرەوە دەڵێ : باوکمیان بۆ هێنام ڕۆژی ئوحود کە شێوێنرا بوو ، ئەوە بوو گەیەنرایە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە جلێکی بەسەردا درا بوو ، ویستم لایبەرم و دەری خەم ، بەڵام هۆزەکەم ڕێیان نەدام ، دیسان هەوڵمدایەوە لایبەرم بەسەریەوە ، ئەمجارەش هۆزەکەم ڕێگەیان لێ گرتم ، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە لابردنی . لەو کاتەدا گوێ ی لە دەنگێ بوو هاواری کرد . فەرمووی : ئەمە کێ یە وا هاوکار دەکات وتیان ، کچی عەمرە یان خوشکی عەمرە ، فەرمووی : (فلم ؟ تبكی أو لاتبكی ، فمازالت الملائكة تظله بأجنحتها حتى رفع) . [4]

فەرمووی : جا بۆچی ؟ بگری یان نەگری ، ئەو بەردەوام فریشتەکان بە باڵەکانیان بوونەتە سێبەری تا بەرز کرایەوە .

---

[1] - واتە : ڕووبەڕوو بە بێ هیچ پەردەیك یان پەیامنێرێك . ئەمەش پاش مردنیەتی و پێش مردنی نەبووە .

[2] - حسن : صحيح ی سونەنەکانی ابن ماجە (٢٢٧٦) ارنوط بە (حسن) دایناوە . سیر (١ / ٣٢٨) .

[3] - واتە بێ کومان کە ناکەڕێتەوە ژیانی دونیا .

[4] - صحيح : بوخاری و مسلم ریوایەتیان کردووە .

وە شەهیدەکان هەر لەوێدا کە شەهید کرا بوون سپاردە کران .. و کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ)(هات بۆ دفن کردنیان فەرموی : (زملوهم بجراحهم ، فأنا شهید علیهم)[1] فەرمووی : بەبرینەکانیەوە دایانپۆشن ، بێ گومان کە من شایەتم لە سەریان .

وە (ابن سعد) ، (٣ / ٥٦٣) لە جابرەوە ، (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرمووێ : (کاتێ (معاویە) بیرەکەی لێ دا و فەرمانکرا بە دەرهێنانی کوژراوەکانی ڕۆژی ئوحودمان ، کاتێ دەرمانهێنان پاش چل ساڵ جەستەیان نەرم بوو ، چوار پەلیان دەنوشتێنرایەوە . ئەمەش مانای ئەوەیە کە زەوی لاشەیانی نە خواردووە !! (ڕەزای خوایان لێ بێت) .

[1] - دانەپاڵەکەی (صحیح) ە / ابن سعد دەرهێنانی بۆ کردووە . (٣ / ٢ / ١٠٥) .

" ٢٠ - عەمری کوڕی جموح (رضي الله عنه) "

" ڕێی لێ مەگرن ، بەڵکو خوای گەورە شەهیدی پێ ببەخشێت "

فەرمودەی پیرۆز ...

کێ یە ؟

عەمری کوڕی جموح کوڕی زەیدی خەزرەجی ئەنصاری یە .

ئامادەی ئوحود بوو ، ئەم کوڕانەی هەیە : معاذ و معوذ و خلاد . کە هەموویان ئامادەی بەدر بوون ، وە عەمری کوڕی جموح لەگەڵ (خلاد) ی کوڕی ڕۆژی ئوحود شەهید بوون.

" چۆن موسڵمان بوو "

لە عکرمەوە ، دەڵێت : مصعبی کوڕی عمیر هاتە مەدینە و خەڵکی فێر دەکرد . عەمری کوڕی جموح کەسێکی ناردە لای و وتی : ئەمە چی یە هێناوتانە بۆمان ؟ وتیان : ئەگەر دەتەوێ دێین بۆ لات و قورئان دەدەین بە گوێتدا تا بزانیت چی یە ؟ وتی : باش ، ئینجا چەند ئایەتێکی سەرەتای سورەتی (یوسف)ی بۆ خوێندەوە عەمر وتی : با ڕاوێژێك لەگەڵ هۆزەکەمدا بکەم .. عەمر گەورەی (بنی سلمە) بوو .

ئەوجا عەمر چووە لای مناف (کە یەکێ بوو لەو بتانەی پێش ئیسلام دەیانپەرست) وتی : ئەی مناف ! سوێند بەخوا ئەزانیت کە هۆزەکەم غەیری تۆیان ناوێت ، تۆ دەڵێیت چی ؟

ئینجا شمشێرەکەی لەگەردنی (مناف) کرد و ڕۆیشت ، ئەوجا ئەهلەکەی هەڵسان شمشێرەکەیان برد ، کاتێ عەمر گەڕایەوە : وتی : باشە کوا شمشێرەکە ئەی مناف ؟ هەی ڕۆبیت ، خۆ بزن بە بزنی خۆی پارێزگاری لە عەورەتی خۆی ئەکات . سوێند بەخوا ئەزانم سبەی خێر لە (ابیی جعار) دا نابینم پاشان پێیانی وت : ئەوا من دەڕۆم بەلای ماڵەکەمەوە ئێوەش داوای چاکە لە مناف بکەن . ئینجا ڕۆشت ..

ئەوانیش هەڵسان بەشکاندنی و بەسەگێکی مردارەوە بووە وە بەستیانەوە و فڕێیاندایە ناو بیرێک [1] ئینجا کاتێ هاتەوە ، وتی : حاڵتان چۆنە ؟ وتیان : باشین . گەورەم ، خوای پەروەردگارماڵەکانمانی لە پیسی پاک کردەوە .

وتی : سوێند بە خوا ئەبینم کە پاش خۆم خراپ جێنشینیتان کردووم دەربارەی (مناف) . وتیان : ئەوەتا ، لێ ی بڕوانە لەناو بیرەکەدا ، ئەویش هات و سەیرێکی کرد پاشان و ناردی بە دوای قەومەکەیدا و پێ ی وتن : ئایا من هەر ڕێیەك بگرم ئێوەش شوێنم دەکەون ؟ وتیان : بەڵێ ، تۆ گەورەمانی ، ئەویش فەرمووی : دەی ئەوا من ئێوە دەکەم بە شاهد کەوا من باوەڕم هێنا بەوەی بۆ (محمد ﷺ) دابەزیوە ...

لە (ابن المنكر)ەوە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ئەی هۆزی (بنی سەلەمە) کێ گەورەتانە ؟ [2]

وتیان : باپیرمان (ابن قيس) ، بەڕاستی ئێمە ، چاومان پیایدا هەڵنایە ، چونکە کەسێکی چروکە . فەرمووی : (جا چ دەردێك هەیە لەمە خراپتر ، بەڵکو گەورەتان خاوەن کەرەم عەمری کوڕی جموحە .

" دڵنیام دەچمە بەهەشت !! "

واقدی دەڵێت : لەبەدر دا ئامادە نەبوو ، چونکە کەسێکی شەل بووە ، بەڵام کاتێ خەڵکی خۆیان ئامادەکرد بۆ جەنگی ئوحود و کوڕەکانی ڕێگەیان لێ گرت لەوەی بەشدار بێت و وتیان تۆ کەسێکی خوا بیانووی پێداویت کەنە جەنگیت . [3]

---

[1] - کوڕەکانی پێش خۆی موسڵمان بوو بوون .

[2] - فەرموودەکە : (یابنی سلمة ! من سيدكم ؟) قالوا : الجدبن قيس ، و انا لنبخلة ، قال : (و أي داء أدوى من البخل ؟ بل سيدكم الجعد الأبيض عمر و بن المجوح) پیاوانی فەرموودەکە جێ متمانەن ، بەڵام (مرسل)ە ابونعيم لە (اكلة) (٧ / ٣١٧) گێڕاویەتیەوە هەروەها بوخاری لە (الأدب المفرد) دا .

[3] – خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَلا عَلَى الأَعْرَجِ حَرَجٌ ﴾(سورة نور ، آية ٦١)

ئەویش هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سکالآیانی لاکرد فەرمووی : (لا عليكم أن لاتمنعوه ، لعل الله يرزقه الشهادة) [1] فەرمووی : هیچتان لەسەر ناکەویٚ ئەگەر ڕێگری لیٚ نەکەن ، بەڵکو خوا شەهادەتی پیٚ ببەخشیٚ .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە عەمری کوڕی جموح بە کوڕەکانی دەڵێت : ئێوە ڕۆژی بەدر ڕێگەی بەهەشتتان لیٚ گرتم ، سوێند بە خوا ئەگەرمام ، هەر دەچمە بەهەشتەوە!!ئەوەبوو کاتیٚ ڕۆژی ئوحود هات ، عمر (رضي الله عنه) فەرمووی : جگە لە خەمی ئەو هیچ خەمێکی ترم نەبوو ، بۆیە داوام کرد ، دەبینم لەبەرەکانی پێشەوەدایە . [2]

پەروەردگارا .. مەمگێڕەوە !

خێزانی عەمر دەڵێت : چاوم لیٚ بوو ، وەك ئەوەی خۆی ئامادە کات بۆ جەنگ ڕۆژی ئوحود ، لەبەر خۆیەوە دەیوت : ئەی خوای پەروەردگار مەمگێڕەوە . ئەوە بوو خۆی و (خەلاد)ی کوڕیشی لەو جەنگەدا کوژران . عەمری کوڕی جموح سواری حوشترەکەی بوو ، و شمشێرەکەی بە دەستەوە و بەزمانیشی لە خودا دەپاڕایەوە کەمنەتی شەهادەتیٚ بەسەردا بڕێژێت و بە نائومێدی نەیگەڕێنێتەوە !!

" پەیژەیەك بەرەو ئاسمان "

کاتیٚ کۆمەڵی موسڵمانان و کۆمەڵی بیٚ باوەڕان بە یەك گەیشتن : عەمری کوڕی جموح هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وپرسی : ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا ئەگەر من لە پێناوی خوادا (بجەنگم) هەتا دەکوژرێم ، ئایا ئەم قاچەم لە بەهەشتدا بە ساغی ڕیٚ ئەکات ؟

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : بەڵیٚ ، ئەوە بوو کاتیٚ لە ڕۆژی ئوحود دا عەمر لەگەڵ برازاکەی و (مەولا) یەکیدا کوژران و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلای لاشەکەیاندا تێپەڕی فەرمووی : (كأني أنظر اليك تمشي برجلك هذه صحيحة في الجنة)

---

[1] – پیاوانی جیٚ ی متمانە : ابن هشام (٢ / ٩٠) .

[2] – پیاوانی جیٚ متمانەن : بەلاّم بچڕ بچڕە . بڕوانە پەڕاوێزی سير أعلام النبلاء (١ / ٢٥٥) .

فەرمووی : وەك ئەوەی بە چاوی خۆم دەتبینم و لێت دەڕوانم کەوا بەو قاچەتەوە بە ساغی لەبەهەشتدا ڕێ ئەکەیت .. و پاشان فەرمانی کرد هەرسیانیان بخرێنەیەك گۆڕەوە .[1] لە ڕیوایەتێکی تردا ڕۆژی ئوحود پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (قوموا الى جنة عرضها السموات و الارض أعدت للمتقين) .

واتە : خۆتان ئامادەکەن بۆ بەهەشتێك فراوانی یەکەی هێندەی فراوانی ئاسمانەکان و زەوی یە وبۆ تەقواداران ئامادەکراوە . عەمریش کە قاچێکی ئەشەلی هەڵسایەوە و وتی : (سوێند بە خوا لە بەهەشتدا ئەبێ بارگە دانێم – واتە لەسەر پشتی ئەم ولاخەم دانا بەزم لەبەهەشتدا نەبێ) ئەوەبوو جەنگا هەتاوەکو کوشتیان

مالك دەڵێت : عەمر لەگەڵ (عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی حرام) دا خرانە یەك کفن و هەر لەو جێیەی جەنگەکەی تیا ئەنجامدا سپاردە کرا (رضي الله عنه) .

لەسەردەمی (معاويه) دا بوو کە ئاوەڕۆ گۆڕەکەی تێك دابوون بۆیە دەریان هێنان و جێیەکە یانیان گۆڕی ، بینیان هیچ نەگۆڕابوون وەك ئەوەی دوێنێ مرد بێتن ، یەکێکیان کە بریندار کرا بوو دەستی خستبووە سەر برینەکەی و بەو جۆرە شەهید بوو بوو ، بۆیە هەر بەو جۆرە دفنیان کردبوو ، وە ئەو ڕۆژەی دەریان هێنایەوە تاوەکو جێگەکەی بگۆڕن ، دەستیان لابرد لەسەر برینەکەی و پاشان بەریان دا وەك خۆی گەڕایەوە سەر برینەکەی ، لە کاتێکدا نێوانی ڕۆژی ئوحود و ئەو ڕۆژە (٤٦) ساڵ بوو .[2]

بەو جۆرە شەهادەتی کردە پەیژەیەك بەرەو ئاسمان (ڕەزای خوای لێ بێت) .

---

[1] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە / احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٥ / ٢٩٩) (حافظ)یش لە (الفتح) دا بە (حسن) دایناوە (٣ / ١٧٣) .

[2] – صحیح : (ابن سعد) بە درێژ تر لەمە دەرهێنانی بۆ کردووە ، حافظ دەڵێت : لە (الفتح)دا کە (صحيح)ە ، (٣ / ١٧٣) .

" ٢١ - ئەبو دوجانە (رضي الله عنه) "

" خاوەنی سەروپێچی مەرگ "

کێ یە ؟

ئەو پاڵەوانە شێر ئاسا یە کە بە (أبو دوجانە) بەناوبانگە ناوی (سماکی کوڕی خەرشەی کوڕی زەیدی ساعدی) یە .

لەبەدر و ئوحود دا بەشدار بووە لە جەنگی ئوحود دا لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە و بەیعەتی دایە لەسەر مردن ، وە ڕۆژی (یەمامە) کوژرا . یەکێ بوو لەوانەی بەشداریان لە کوشتنی موسەیلەمەی درۆزندا کرد .

ئەم پاڵەوانە مان بەوە لە هاوەڵانی تر جیا ئەکرێتەوە کە ڕێگەیەکی تاك و تایبەتی هەبوو لەشەڕ کردندا ، ئەو لە ڕۆژی جەنگدا .. وەها دەبینرا کە سەر و پێچێکی سووری لەسەری دەپێچا وەك دروشمێك بۆ ئازایەتی و لەڕۆشتنیدا فەخر و شانازی ئەکرد وەك ئەوەی گاڵتەی بە باتڵ و ئەهەلەکەی بێت .. و شمشێرەکەی بەرز دەکردەوە وەك مەشخەڵێکی ئاگرین .. و هەر کە لە ملی (گەردنی) بێ باوەڕێکی دەدا ، بەڕاست و چەپیدا ڕووی وەردەگێڕا و وەك شێر هاواری دەکرد : " من ئەبو دوجانەم " .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی ڕێ و ڕۆشتنی ئەبو دوجانە فەرمووی :

(إنها لمشية يبغضها الله و رسوله الا في مثل هذا الموطن) [1]

واتە : ئەم ڕێ و ڕۆشتنە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕقیان لێ ی دەبێتەوە ، مەگەر لەم جۆرە جێگایانەدا نەبێت – واتە مەگەر لە کاتی جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بێ باوەڕاندا .

---

[1] – هیثمی لە (المجمع) دا (٦ / ١٠٩) باسی کردووە و گێڕاویەتیەوە بۆ طبرانی و دەڵێت : کەسانێکی تیایەکە نەمناسین .

" ئەبو دجانە (رضي الله عنه) بە شمشێری پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەڕ دەکات "

(أنس) دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژی ئوحود فەرمووی : (من يأخذ مني هذا ؟) کێ ئەم شمشێرەم هەڵدەگرێ ؟ هەموو دەستیان درێژ کردوو هەرکەس دەیوت : من ، من ، فەرمووی : (فمن يأخذه بحقه ؟) فەرمووی : ئەی کێ مافی خۆی پێدەدات کاتێ هەڵی دەگرێت ؟ خەڵکەکە هەموو کشانەوە . (سماك ی کوڕی خرشەی ئەبو دجانە) وتی: من هەڵی دەگرم و مافی خۆی پێ دەدەم .

دەڵێت : هەڵی گرت و دەستی کرد بە لەت کردنی (شەق کردنی) سەری بێ باوەڕان .[1]

" ئەدەب و ڕێز لەگەڵ شمشێری پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

لە زبیری کوڕی عوامەوە (رضي الله عنه) ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) شمشێرێکی لە ڕۆژی ئوحوددا نیشانی خەڵکی دا کە کامیان هەڵیدەگرن و فەرمووی : (من اخذ هذا السيف بحقة ؟) ئەبو دجانە وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! من هەڵیدەگرم و مافی خۆی پێ دەدەم . ئەبێ مافەکەی چی بێت ؟ دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) شمشێرەکەی پێدا . ئەبو دجانە چووەدەر و منیش شوێنی کەوتم . هەر کە بەلای شتێکدا تێدەپەڕی لەت و پەتی دەکرد تاگەیشت بە کۆمەڵێ ئافرەت لە بناری چیاکەدا و (هند) یان لەگەڵدا بوو (پێش موسڵمان بوونی) .

هند ئەم هۆنراوەیەی وت :

نحن بنات طارق   نمشي على النمارق

والمسك في المفارق   إن تقبلوا نعائق

أوتدبرا نفارق   فراق غير وامق

دەڵێت : ئەبو دجابە ویستی بیکوژێت ، هند هاواری کرد لە ڕووی بیابانەکەوە ، بەلام کەس وەلامی نەدایەوە ، ئەویش وازی لێ هێنا ، بە ئەبو دجانەم وت : هەموو کارەکانتم بینی و پێیان سەرسام بووم (موعجیب بووم) ئەوە نەبێ بۆچی ئەو ئافرەتەت نەکوشت ؟

[1] – صحيح : مسلم گێڕاویەتیەوە (٢٤٧٠) .

دەڵێت : ئاخر ئەو هاواری کرد و کەس وەڵامی نەدایەوە ، منیش حەزم نەکرد و بە شمشێرەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدەم لە ئافرەتێك کە هیچ پشت و پەنایەکی نەبوو [1]

نووسەر دەڵێت :

سوێند بەخوا ئا ئەمەیە پیاوەتی لە بەرزترین پلەیدا .. ئیتر دەجال و درۆزنەکانی سەردەم چی دەڵێت بەم هەڵویستانە ؟ ئەوانەی خراپە دەڵێن لەسەر ئیسلام ؟ کوا ئەم بنەما پیرۆزانە لەلای دوژمنانی خوا ، کە سنووری پیرۆزی یەکانیان شکاندووە و نامووسی ئافرەتان و موسڵمانانیان هەتك کردووە و ورگی ئافرەتانی دووگیانیان هەڵدڕیوە ؟! سکالآمان هەر بۆ لای خوایە ..

ڕۆژانی ئەم تێکۆشەرە تێ ئەپەڕین بەبێ ئەوەی هیچ کۆششێك وەلانێت لە پێناوی سەرخستنی ئیسلام و سەر بڵند کردنی ئەهلەکەیدا و لە هەموو غەزایەکدا بە دوای شەهادەتدا بوو ، و ئەوپەڕی ئاواتی بوو کە لەلای پەروەردگاری لە ناو شەهیداندا ئەژمار بکرێت و تاکە ئامانجی بوو ..

ڕەوڕەوەی ژیان تێپەڕی و جەنگی (یەمامە) هاتە پێش و هاوەڵانی لە باخچەکەیاندا (باخچەی مەرگ) خۆیان حەشاردا .. وە ئەم پاڵەوانە ، لە کاتێکدا لەسەر مەیدانی جەنگەکەدا بوو ، لە بیر کردنەوەدا بوو کە چۆن خۆیان بگەیەننە باخچەکە و .. ئەهلەکەی وەدەرنێن و تووشی سزای شایستەی خۆیانیان بکەن ..

وە لە قوربانیدانێکی سەر سوڕهێنەردا کۆمەڵێك لە هاوەڵان خۆیان کرد بە باخچەکەدا ... کە پاڵەوانی ئەم باسەمان یەکێ بوو لە ناویاندا و قاچی شکا ، بەڵام وەك شێر هەڵسایەوە و شمشێرە پیرۆزەکەی بەرزکردەوە .

لە سەر یەك قاچ شەڕی دەکرد !! چ سەر سوڕمانێك .. دەیڕوانی .. چاوی کەوت بە مسلیمەی درۆزن و وەك حوشتێرێکی (أورق) [2] دەهاتە پێش چاوی ... لەولاشەوە (وەحشی کوڕی حرب) بکوژی حەمزە (رضي الله عنه) هاتە پێشەوە و ڕمەکەی بۆ هاویشت ، لێ یدا و لەلایەکی دیکەیەوە هاتەوە دەرەوە ، و هێندەی چاوتروکانێك ئەبوو دجانە بەرەو (مسیلمە) بۆی دەرچوو ، بە شمشێر لێ ی دا ، هەرچی (مسلیمە) ی ستەمکارە لە

---

[1] - پیاوانی جێ ی متمانەن (البزار) ریوایەتی کردووە . المجمع (٦ / ١٠٩) .

[2] - وشترێکە ڕەنگی سپیەکی ڕەشباوە و گۆشتەکەی زۆربەتامە ، بەڵام کارو ڕێگە کردنی باش نیە - (معجم الصحاب)ی جوهری .

خوێنی خۆیدا دەگلا و بەسزای شایستەی خۆی گەشت لەسەر ئەو درۆیەی بەدەم پەروەردگارەوە کرد بووی و خەڵکی پێ گومڕا کرد بوو .

ئەوە بوو موسڵمانان وەك گێژە لووکەی لەناو بەرخۆیان کرد بە باخچەکەدا ، لەسوپای مسیلمە نزیکەی (١٠) هەزار کەسیان کوشت ...

لەموسڵمانانیش سەدان شەهید بوون (هەندێ دەڵێن (٦٠٠) کەس دەبوون) ، لەناویاندا (ابو دجانە) بوو (رضي الله عنه) [1] ... و بە ئامانجی خۆی گەیشت .

[1] – بڕوانە سیرەی ژیانی (رضي الله عنه) لە : البدایە (٥ / ٣١ / ٤٤) سیر اعلام النبلاء (١ / ٢٤٣ ، ٢٤٦) .

" ٢٢ – مصعبی کوڕی عمیر (رضي الله عنه) "

" بانگخوازی بەکاریگەر و خەباتکاری پشوو درێژ "

بانگ کردن بۆلای ئاینی خوا تەنها چەند ئامۆژگاری یەك و تەنها چەند دەربڕینێك نی یە لە زار بێتە دەر ، بەڵکو پرۆگرامی ژیانە بۆ کەسی بانگخواز .. کە لەناو ویژداندا سەقامگیر دەبێت و شوێنەوارەکەشی لەسەر هەڵس و کەوت و جەستەی مرۆڤ دەردەکەوێت ... وە بانگخوازی ڕەببانی هەموو شتێکی بۆ خوای جیهانیان و بێ هاوتایە .. (مصعب)یش یەکێکە لەم نموونە تاقانەیە ...

مصعب کێ یە ؟

مصعبی کوڕی عمیری کوڕی عبدمناف ... گەورە و شەهیدی پێشینەی بەدریی قورەیشی یە .. بەدوای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) هاتە ماڵی ئەرقەم و ... ئیسلام بوونی خۆی شاردەوە ..

وە بە نهێنی سەردانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ی دەکرد ، کاتێکیش پێیان زانی بەندیان کرد و بە بەند کراوی مایەوە تاوەکو هیجرەتی یەکەمی کرد بۆ حەبەشە .

دواتریش هیجرەتی دووەمی کرد .. پێش موسڵمان بوونی ، یەکێ بوو لە خۆشگوزەرانترین کەس لە ژیانیدا ، بەڵام کە موسڵمان بوو ، وازی لە دنیا و خۆشی یەکانی هێنا و بووە زاهد تاوەکو پێستی وەك پێستی مار کرژ و نەیار بوو .[1]

لە عەلی کوڕی ابی تالیبەوە (رضي الله عنه) ، دەڵێت : هاتم بۆ مزگەوت لەوێ بووم (مصعبی کوڕی عمیر) دەرکەوت کە بوردەیەکی پینە کراوی لەبەردا بوو ، و ئەو پێشتر خۆش گوزەرانترین لاو و جوان چاکترینیان بوو لە مەککە ، ئەوە بوو کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەها بینیی ، ئەو خۆشگوزەرانی و ڕەفاهیەتەی ئەوسای وە بیرکەوتەوە ، حاڵی ئێستاشی بینی کە تێیدایە ... بۆیە فرمێسك لە چاوەکانی هاتە خوارەوە بۆی .. و پاشان فەرمووی : (أنتم اليوم خير ، أم إذا غدى احدكم بجفنة من خبز و لحم ؟)

---

[1] - بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢٠٥) .

فەرمووی : ئێوە ئەمڕۆ باشن ، یان ئەوەی کە بە کاسەیەك لە نان و گۆشت ڕۆژ بکەنەوە ؟

وتمان : ئەوکاتە باشتر ئەبووین بەشی مانەوەمان هەبوو خۆشمان بۆ پەرستش یەکلایی دەکردەوە . ئەویش فەرمووی : (بل أنتم اليوم خير ، منكم يومئذ) [1] فەرمووی : بەڵکو ئێوە ئەمڕۆ باشترن لەو کاتەتان .

" بانگخوازی بەکاریگەر "

پاش ئەوەی کۆمەڵێ پشتیوانان بەیعەتی یەکەمیان دایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) مصعبی نارد بۆ مەدینە تاوەکو قورئانیان بۆ بخوێنێ و لە دین تێیان گەیەنێت ، مصعب دەهاتە ماڵەکانیان و بانگی دەکردن بۆ ئیسلام ، خەڵکێکی زۆر موسڵمان بوون وئیسلامیان لەناودا بڵاو بوویەوە ، پاشان پەیامێکی نارد و بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و داوای مۆڵەتی لێ کرد کە موسڵمانان کۆ بکاتەوە ، ئەویش مۆڵەتی داو (مصعب)یش (ﷺ) لە ماڵی (بنی خیثمة) کۆی کردنەوە .

پاشان لەگەڵ ئەو (٧٠) کەسەی کەلەگەڵیدا بوون لە عەقەبەی دووەمدا ، هاتنە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ماوەیەکی کەم لە مەککە مایەوە پاشان پێش پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە مەدینە و ئەو یەکەم کەس بوو کە پێ ی خستە مەدینە ..

وە لە ئیبنو شهابەوە ، دەڵێت : کاتێ ئەهلی (عەقەبە) بەیعەتیان دایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و گەڕانەوە لای هۆزەکەیان و بەنهێنی بانگیان دەکردن بۆ ئیسلام و قورئانیان بەسەردا دەخوێندن (معاذی کوڕی عفراء) و (رافع ی کوڕی مالك) یان نارد بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و داوایان کرد کەسێکیان بۆ بنێرێت لە لایەن خۆیەوە تا خەڵکی بۆلای قورئانی پیرۆز بانگ بکات وتیان : چونکە ئێستا دڵنیاین کە خەڵکی شوێنی دەکەون ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) یش (مصعب ی کوڕی عمیر) ی بۆ ناردن ئەویش بەردەوام بانگی دەکردن و ڕێنموونی دەکردن بۆ سەر ڕێگەی پەروەردگار ، وە

[1] - ترمزی دەرهێنانی بۆ کردووە (٢٤٧٨) دەڵێت : فەرموودەی (حسن غریب) ە .

لەسەردەستی ئەو ، کەم ماڵ هەبوو لەماڵی ئەنصاری یەکاندا کە کەسانی خانە دانیان لێ موسڵمان نەبوو بێت .

ئەوە بوو (عمری کوڕی جموح) موسڵمان بوو بتەکانانی تێکشاند ... و موسڵمانان بوونە بەعیززەترین کەسانی ئەهلی مەدینە ، ئەوسا (مصعب) گەڕایەوە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بە (المقرئ) [1] ناویان دەبرد .

" خەباتکاری ئارامگار "

ڕۆژی ئوحود (مصعب) ئالای موسڵمانانی بەرزکردبوەوە ئەوە بوو کاتێ موسڵمانان ئەوەیان بەسەرداهات ، کە هات ، مصعب ئالاکەی هەر بەبەرزی هێشتەوە ، تا (ئبنو قمیئە) لێ ی هاتە پێش و لە دەستی ڕاستی داو پەڕاندی (مصعب)یش دەیفەرموو : ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ ﴾ سورة آل عمران ، آية (١٤٤) . و ئالاکەی بەدەستی چەپی بەرزکردەوە ، (ئیبنو قمیئە) ی خوانە ناس لەو دەستەشی دا و ئەویشی پەڕاند ، ئەو جا مصعب ئالاکەی لە خۆگرت و بە هەردوو قۆڵی لە ئامێزی گرت و ئەیفەرموو : ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ ﴾ ئینجا بۆ سێیەم جار بە (ڕم) لێ ی داو شەهیدی کرد .

ئیبنو سەعد ، دەڵێت : عبدالله ی کوڕی فضل وتی : کە مصعب کوژرا ، فریشتەیەك لە شێوەیدا ئالاکەی بەرزکردەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کۆتایی ڕۆژدا دەیفەرموو: (تقدم یا مصعب) وەرە پێشەوە مصعب فریشتە کە ئاوڕي دایەوە بۆی و فەرمووی: (مصعب نیم) ئەو کاتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) زانی کە فریشتە یە و خودا بۆ پشتگیری لێ کردنی ناردوویەتی . [2]

وە لە ڕیوایەتی (ابنو هشام) دا هاتووە / کاتێ مصعب کوژرا ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئالاکەی دا بە علی کوڕی ابوتالیب و کۆمەڵێك لە موسڵمانان .

---

[1] - کەسێکە خوێندنەوەی قورئان فێری خەڵکی بکات .

[2] - بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢٠٦) .

وە لە (عبیدی کوڕی عمیر)ەوە ، دەڵێت : کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (ئوحود) بوویەوە دای بەلای مصعبی کوڕی عمیردا بە کوژراوی ، ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ ﴾ سورة ألأحزاب ، آية (٢٣)

وە لە (خباب)ەوە ، دەڵێت : ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پێناوی خوادا کۆچمان کرد و پاداشتمان کەوتە سەر خوای پەروەردگار . هەیە لە ئێمە کە هەر لە دنیادا بەشێك لە پاداشتی خۆی وەرگرت ، هەیشبوو ڕۆیشت و هیچی لە پاداشتەکەی لە دنیادا نەخوارد ، لەوانە (مصعب ی کوڕی عمیر) بوو کە ڕۆژی ئوحود شەهید کرا ، هیچمان نەدیەوە بیکەینە کفنی جگە لە بووردەیك کە ئەگەر بماندایە بە سەریدا پێیەکانی دەردەکەوتن و بماندایە بەقاچیدا سەری بە دەردەکەوت ، تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردین کە سەری پێ داپۆشین و بڕێك لە ڕووەکی (إذخر) [1] لەسەری بنێن.

[1] - صحیح / زانایان کۆکن لەسەری . (أذخر) یش ڕوەکێکی بۆن خۆشە .

" ٢٣ - جعفری کوڕی ابی تالیب (رضي الله عنه) "
" لەگەڵ فریشتەکاندا لە ئاسماندا دەفڕێ !! "

میوانی ئەم چەند لاپەڕەیەمان ، شەهیدی پایە بەرز و بەڕێز ، بەیداخی تێکۆشەران ئەبو عبدالله ی کوڕە مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، (جعفری کوڕی ابی تالیب (رضي الله عنه)) ی برای (علی کوڕی ابی تالیب)ە و بە دەساڵ لە پێشەوا علی گەورەترە ..

هەردوو هیجرەتەکەی کردووە ، و لە حەبەشەوە بۆ مەدینە هیجرەتی کردووە و پاش گرتنی خەیبەر لەگەڵ چەند کەسێك لە هاوەڵان هاتەوە بۆلای موسڵمانان ، دواتریش لە مەدینە چەند مانگێك مایەوە ، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کرد بە سەر سوپایەکەوە بۆ جەنگی (مؤتە)(ڕێ کەون لەناوچەی (کەرەك) .. لەوێ شەهید بوو .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەهاتنی جەعفەر و گەڕانەوە زۆر خۆشحاڵ بووە هەروەك سوێند بە خوا بە وەفاتی زۆ ناڕەحەت بوو ..

" چاکەکانی "

١- لە (براء) ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە جعفری فەرموو : (أشبهت خلقي و خلقي)[1]

واتە : لە ڕوخسار و لە ڕەوشتیشدا لە من دەچیت ..

٢- لە (ابی هریره) وە (رضي الله عنه) ، دەفەرموێ : لە پاش پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەس باشتر لە جعفری کوڕی ابی تالیب سواری خۆی تاونەداوە لە بەخشندەیی و ڕێزگرتندا.[2]

---

[1] - صحیح : بخاری دەرهێنانی بۆ کردووە (٢٦٩٨) لە بابی (الصلح) دا .

[2] - دانەپاڵەکەی (جید)ە / احمد و ترمزی ڕیوایەتیان کردووە و دەڵێت : فەرمودەی (حسن و غریب وصحیح)ە.

" لیقای جعفر بە نجاشی لە حەبەشە "

لە (أُم سەلەمە) وە ، دەڵێت : پاش ئەوەی مەککە بۆ ئێمە تەسک بووەوە و هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەشکەنجە دەردران و توشی بەڵاو فیتنە دەهاتن و ئەیشیانزانی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناتوانێت ئەو ناڕەحەتی و بەڵایەیان لەسەر هەڵگرێ ، لە کاتێکدا ئەو لە ژێر پارێزگاری مام و هۆزەکەیدا بوو و بەو هۆیەوە کەمتر تووشی ناڕەحەتی دەبوو ، بۆیە پێیانی فەرمووو : (أن بأرض الحبشة ملك لا يُظلم أحد عنده ، فالحقوا ببلاده حتى يجعل الله لكم فرجا و مخرجاً) فەرمووی : (لە زەوی حەبەشە پادشایەکی لێ یە ، هەرگیز ستەم لە هیچ کەسێك ناکرێت لە لای ، لەبەر ئەوە بڕۆن بۆ وڵاتەکەی ئەو تا ئەوکاتەی خوادەرووی خێر دەکاتەوە) ئێمەش بە جیاجیا دەرچووین بۆ لای تا هەموو کۆ بووینەوە لەلای و لەوێ باشترینماڵمان خست لەلای باشترین هاوسێ لە حەبەشە و لە ئاینەکەمان دڵنیا و ئەمین بووین .[1]

لە ڕیوایەتێکی تردا :...

ئوم و سەلەمە دەڵێت :

" کە گەیشتینە حەبەشە ، بە باشترین دراوسێمان گەیشتین کە نجاشی بوو ، بەڕاستی دڵنیا بووین لە ئایینەکەمان و خواپەرستی خۆمانمان دەکرد بە بێ ئەوەی ئازار بدرێین و هیچ شتێکی خراپ ببینین .

کە ئەمە بە قورەیش گەیشت دەستیان کرد بە پلان دانان کە دوو پیاوی بەهێز بنێرنە لای نجاشی و چەند دیاری یەك لە شتە جوان و ناوازەکانی مەککەی بۆ بێنن ، جوانترین ئەو دیاری یانەی بۆیان هێنا بوو پێستە بوو ، ئەوە بوو پێستەیکی زۆریان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو بۆ نجاشی و کەسیان لە (بطارق) (واتە : زاناو ڕاوێژکارە ئایینی یەکان)ی نجاشی بە بێ دیاری نەهێشتەوە و لەگەڵ دیاری یەکاندا (عبدالله ی کوڕی ئەبی ربیعە) و (عەمری کوڕی عاص) یان نارد .

فەرمانیان پێ کردن و پێیان ڕاگەیانبوون کە بەهەریەکە لەو (بطارق)انە دیاری یەك بدەن پێش ئەوەی باسی ئەوان لای نجاشی بکەن و پاشان دیاری یەکانی نجاشی

[1] - دانەپاڵەکەی (صحیح)ە / ابن هشان (١ / ٣٣٤) ابو نعیم لە (الحلیة) (١ / ١١٥) .

پێشکەش بکەن و دوای لێ بکەن کە موسڵمانەکانیان بداتەوە دەست پێش ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکات . (واتە دەیانوسیت بوار بە موسڵمانان نەدات قسەی خۆیان بکەن).

ئوم سەلەمە دەڵێت :

ئەوە بوو ئەو دوانە هاتن و گەیشتن بە نجاشی کەلەلای ئەو لە باشترین جێگادا بووین و باشترین هاوسێ بوو بۆمان ، وە پێش ئەوەی بێنە لای نجاشی وەك پێیان وترا بوو ، هیچ کەسیان لە (بطارق)ەکانی نجاشی بە بێ دیاری نەهێشتەوە و بەهەر یەکێکیشیانیان دەوت : چەند غولامی نەزان لە ئێمە بەشەو پەنایان هێناوەتە لای پادشا ، کە لە ئاینی باوباپیرانیان هەڵگەڕاونەتەوە و نەیشهاتونەتە ناو ئاینەکەی ئێوە ، بەڵکو ئاینێکی تازەیان داهێناوە نە ئێمە و نە ئێوە لێ ی ئاگادارنین ، وە ئێمە ئێستا لەلایەن پیاو ماقولانی هۆزەکانیانەوە نێراوین بۆلای پادشا نجاشی تاوەکو بیانگێڕێتەوە بۆلای هۆزەکانیان ، لەبەر ئەوە ئەگەر قسەمان لەگەڵ پادشاکرد دەربارەیان ئێوە ئامارژەی بۆ بکەن کە بیانداتە دەستمان و هیچ قسەیان لەگەڵدا نەکات ، چونکە ئەوان قەوم و کەسەکانیان بەرچاو ڕونترن بەو نەنگییەی کە ئەوان پێ ی هەڵساون .

ئەوانیش وتیان بێ خەم بن .. پاشان هەردو نێرراو دیاری یەکانیان پێشکەشی نەجاشی کرد و ئەویش لێی وەرگرتن .

ئەوجا دەستیان کرد بە قسە کردن : —

وتیان :— ئەی پادشای بەڕێز ، لە ڕاستیدا چەند غولام و نەزانێك لە ئێمە بەشەو پەنایان هێناوەتە وڵاتەکەت و وازیان لە ئاینی قەومەکەی خۆیان هێناوە و نەشهاتوونەتە ناو ئاینەکەی تۆوە ، بەڵکو ئاینێکی تازەیان داهێناوە کە ئێمەش و ئێوەش نەمانبیستووە . ئێستا پیاو ماقولانی قەومی ئەمانە لە باوان و مام و تیرەکانیان ئێمە یان ناردووە بۆ لای بەڕێزت ، تاوەکو بیانگێڕیتەوە بۆیان ، چونکە گەورەکانیان بەرچاو ڕوونترن لەمان و زاناترن بە و نەنگی یەی هێناویانە تە ڕێیان تاوەکو سەرزەنشتیان بکەن.

ئوم سەلەمە ، دەڵێت : هیچ شتێك ناخۆشتر نەبوو لە لای عبدالله ی کوڕی ربیعە و عەمری کوڕی عاص [1] ، لەوەی کە نجاشی گوێ بۆ موسڵمانان ڕابگرێت ، دەڵێت : خێرا

[1] - ئەم چیرۆکە پێش موسڵمان بوونی (عمری کوڕی عاص)ە (رضي الله عنه) .

(بطارق) ەکانی دەوری وتیان : ڕاست دەڵێن گەورەم ، قەومەکەیان بەر چاو ڕوونترن لێیان و زاناترن ، بیاندەرەوە دەستیان با بیانبەنەوە ناو وڵات و قەومی خۆیان .

دەڵێت : نجاشی تووڕە بوو ، پاشان وتی : نا بەخوا نایاندەمە دەستتان ، کەسانێك نادەمە دەستتان کە پەنایان هێناوەتە وڵاتەکەم و منیان هەڵبژاردووە و غەیری منیان هەڵنەبژاردووە کە پەنای بۆ ببەن ، هەتاوەکو پرسیاریان لێ ئەکەم دەربارەی ئەمەی کە ئەم دوانە باسی ئەکەن ، ئەگەر وا بوون ئەوا ئەیاندەمە دەستیان و ئەیاننێرمەوە بۆ هۆزەکانیان ، ئەگەر وایشنەبوون ، ڕێگەیانناددەم بیانبنەوە و باشترین هاوسێ یەتی یان دەرهەق نیشان ئەدەم تا ئەو کاتەی لەلام بمێننەوە .

دەڵێت : ئینجا ناردی بەدوای هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە بێنە ناو دانیشتنەکەوە . کاتێ پەیامبەرەکەی نجاشی هات و پێ ی ڕاگەیاندن کەوا پادشا داوایان دەکات ، کۆ بوونەوە و بەیەکتریان وت : چوینە لای نجشای ، چی پێ بڵێین ؟ ئەوانی تریان وتیان : سوێند بەخوا هەر ئەوە دەڵێین کە دەیزانین و پێغەمبەرمان (ﷺ) فەرمانی پێ کردوین ، هەرچیش ئەبێ با ببێ . کاتێ هاتن نجاشی فەرمانی کرد بەزانا ئایینی یەکانی کە پەڕاوەکانیان لە دەوری کۆ بکەوە .

" جعفر ئیسلام نمایش دەکات "

نجاشی پرسی : ئەم ئاینە چی یە کەوای لێ کردوون لە ئاینی قەومەکەتان بچنە دەرەوە و نەشیەینە ناو ئاینی ئێمە یان ئاینی یەکێ لەم نەتەوانە ؟ ئوم سەلەمە دەڵێت : ئەوەی وەڵامی نجاشی دایەوە (جعفری کوڕی ابی تالیب) بوو (رضي الله عنه) .

فەرموی : ئەی پاشا ، ئێمە قەومێکی نەزان بووین ، بتمان دەپەرست و مردارەو بوومان دەخوارد و خراپە کاریمان دەکرد و ڕێگەی ڕەحممان دەبڕی و هاوسێ یەتیمان نەدەزانی و ئەوەمان کە بە هێز بوو لاوازەکانمانی دەچەوساندەوە ، هەر لەسەر ئەمە بەردەوام بووین تاخوا پێغەمبەرێکی لە خۆمان بۆ ناردین کە نەژادی دەناسین و لە ڕاستگۆیی و ئەمینی و پاکی دڵنیاین ، بانگی کردین بۆ یەکتاپەرەستی خودا و خۆپاککردنەوە لەوەی کە خۆمان و باوباپیرانمان دەمانپەرست لەبەر دوو بت و فەرمانی پێ کردین کە ڕاستگۆبین و ئەمانەت بپارێزین و ڕەحم بگەیەنین و هاوسێ یەتی بەباشی

بکەین و دەست هەڵگرین لەحەرام و خوێنڕشتن و ڕێگری کردین لە خراپەکاری و درۆ کردن و خواردنی ماڵی هەتیوو لە ناموسدانی ئافرەتانی بێ تاوان و داوێنپاك و فەرمانی پێ کردین کە تەنها خودا بپەرستین و هاوەڵی بۆ دانەنێین و هەروەها فەرمانی پێ کردین بە ئەنجامدانی نوێژو ڕۆژ و زەکات .

دەڵێت : ئینجا کاروبارەکانی ئیسلامی نیشاندا و دواتر فەرمووی / ئێمەش باوەڕمان پێ هێناو شوێنی کەوتین لەسەر ئەوەی کە لە خواوە بۆی نێرراوە و دەستمان کرد بە پەرستنی خوای تاك و بێ هاوتا و ئەوەی حەرام بوو دەستمان لێ هەڵگرت و ئەوەی حەڵاڵ بوو بە حەڵاڵمان زانی و لەسەری ڕۆشتین ..

لەسەر ئەمانە ، قەومەکەمان دەستی کرد بە دوژمنایەتی کردن لگەڵمان و ئەشکەنجە دانمان و چەندین بەڵایان بەسەر داهێناین تا لە ئاینەکەمان واز بێنین و بگەڕێینەوە سەر بتپەرستی و ئەو خراپەکاری یەی ئەوسا دەمان کرد دەستی پێ بکەینەوە ، ئەوە بوو کە ئێمەیان چەوساندەوە و دەستیان کرد بە ستەمکردن لێمان و دنیایان بەرووماندا تەسك کردەوە لە پێناو پاشگەز کردنەوەمان لە ئاینەکەمان . ئێمەش هاتین بۆ وڵاتەکەی تۆو تۆمان هەڵبژارد بەسەرکەسانی تردا و حەزمان بە پەنا و پاڵپشتی تۆ کرد ، بەهیوای ئەوەی کە لەلای تۆستەممان لێ نەکرێت ، ئەی پادشای بەڕێز ...

ئوم سەلەمە دەڵێت :

نجاشی پرسی : هچیت لەوە لەلایە کە خودا بە پێغەمبەرکەتاندا نادوویەتی ؟

جعفر / بەڵێ .

نجاشی / بۆم بخوێنە .

دەڵێت : جعفر چەند ئایەتێکی سەرەتای سورەتی : ﴿ كهيعص ﴾ ی سورەتی مریم ی خوێندەوە .

دەڵێت / نجاشی کە گوێ ی لەو چەند ئایەتە بوو دەستی بەگریان کرد هەتا ڕیشی تەڕ بوو هەروەك زانا ئاینیەکانیش دەستیان بە گریان کرد ، تا پەراوەکانی دەستیان تەڕبوو ، پاشان نجاشی پێی وتن : بەڕاستی ئەمە و ئەوەشی کە بۆ (عیسی) هاتە خوارەوە هەردووکیان لە چرایەکەوە سەرچاوەیان گرتووە . بڕۆن ، سوێند بەخوا نایاندەمە دەستتان وشتی واناکەم ...

دەڵێت :

کاتێ لەلای نجاشی هاتنەدەرەوە عەمری کوڕی عاص وتی / سوێند بەخوا ئەبێ سبەینێ شتێکی وابکەم کە ڕەچەڵەکیان دەربێنم .

دەڵێت : بەڵام عبدالله ی کوڕیربیعە کە لە عمر پارێزگار تر بوو ، وتی : شتی وانەکەیت ، چونکە ئەمانە هیچ نەبێت کەس و کاریان هەیە ، با لە ئێمەش لایاندا بێت .

وتی / سوێند بەخوا ئەبێ پێی بڵێم ئەمانە بە (عیسی)ی کوڕی مریەم دەڵێن : (بەندەی خوا)یە .

پاشان بۆ سبەینێ هات بۆ لای نەجاشی و پێ ی وت : ئەی پاشا ، ئەمانە شتێکی گەورە دەرهەق بە (عیسی)ی کوڕی مریم دەڵێن . بنێرە بەدوایاندا و لێیان بپرسە دەربارەی ئەمە ...

دەڵێت / ئەویش ناردی بەدوایاندا لەو بارەیەوە پرسیاریان لێ بکات .

دەڵێت : هەرگیز وامان بەسەر نەهاتبوو ، بۆیە موسڵمانان کۆبوونەوە و یەك بە یەکتریان وت : ئەگەر لێیان پرسین دەربارەی (عیسی)ی کوڕی مەریم ، چی دەڵێن ؟

وتیان / سوێند بە پەروەردگارمان ، ئەوە دەڵێین : کە خوا فەرموویەتی و پێغەمبەرمان بۆی باس کردووین ، جا چی ئەبێ بابێت .

دەڵێت : جعفری کوڕی ابی تالیب (ﷺ) پاش ئەوەی پرسیاریان لێ کردن دەربارەی (عیسی)ی کوڕی مریم " سەلامی خوای لێ بێت " ، فەرمووی :

ئەوە دەڵێین : کە پێغەمبەری خوامان (محمد) (ﷺ) بۆی باس کردووین و ئەویش ئەوەیەکە (عیسی) بەندەو نێردراوی خوا و ڕۆحی زاتی پەروەردگار و ئەو وشەیە کە خودا خستیە ئەستۆی مریم ی پاك داوێنی (عذراء) .

دەڵێت : نجاشی دەستی برد بۆ زەوی و چیلکەیەکی هەڵگرت و پاشان وتی : سوێند بەخوا ، عیسای کوڕی مریم هێندەی ئەم چیلکە لەوەی کەوتت لاینەداوە . دەڵێت: لەوێدا (بطارق)ەکانی دەوری نجاشی دەستیان بە وورتە ورت و بۆڵەبۆڵ کرد .

نجاشی پێی وتن : ئێوە با هەر قسە بکەن و پێتان ناخۆش بێ پاشان ڕووی لە موسڵمانان کردوو پێی وتن : بڕۆن .. ئێوە ئەمین و پارێزراون لەلای من و لەسەر زەوی من ، هەر کەس جنێوتان پێ بدات غەرامە دەکرێت . هەمتر وتی : هەر کەس جنێوتان پێ بدات غەرامە دەکرێت ، تا سێ جار ..

پاشان وتی : حەزناکەم ببمە خاوەنی کێوێك زێڕ و لەبری ئەوەدا ئازاری کەسێك لە ئێوە بدەم .

پاشان وتی : دیاریەکانیان بدەنەوە ، پێویستیم پێیان نییە ، سوێند بەخوا ، خودا بەرتیلی لە من وەرنەگرت ئەوکاتەی ئەم موڵکەی بۆ گێڕامەوە ، هەتا ئێستا بەرتیلی لەسەر وەرگرم وە خەڵکیش بە بەرتیل گوێڕایەڵم نەبوون تاوەکو منیش بە بەرتیل گوێڕایەڵیان بم .

دەڵێت : بەو جۆرە بەسەر شۆڕی چوونە دەرەوە و هەرچییەکیان هێنا بوو درایەوە بەسەریاندا .. ئێمەش لەلای باشترین هاوسێ ، باشترین ماڵمان خست و ماینەوە و باشترین حاڵ و ژیانمان هەبوو لەلای تا ئەوکاتەی چووین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەمەککە .[1] م – هـ

نووسەر دەڵێت : بانگخوازی ئەبێ ئابەم جۆرە بێ .. بزانێت چۆن ئیسلام نیشانی خەڵك بدات .. و لە قسە کردنیشدا چاودێریی ئەدەب و ڕێز بکات .. ئای لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ، ئیسلام چەند پێویستی بەوەها بانگخوازێك هەیە ، چونك ئیسلام خۆی پرسێکی دادپەروەرە ، بەڵام بەداخەوە کەوتۆتە نێو دەستی پارێزەرانێکی دۆڕاوەوە ....!!

زۆر جاران گوێبیستی کەسانێك ئەبم لەسەر ئیسلام قسە ئەکەن ، تەمەننا ئەکەم کە بێ دەنگ بوونایە و وشەیان لە زار نەهاتبایە دەرەوە ،؟ وە زۆرینە یان بەوجۆرە لە ئیسلام حاڵی نەبوون کە پەروەردگار دایبەزاندووە ، کەسانێکی کەمیان بەو شێوەیەی خۆی لێ ی حاڵی بوون کە ئەوانیش ناتوانن بە باشی و بەڕێگا و ئوسلوبێکی گونجاو بەیانی بکەن ...!! ئەمەش هەمووی لە ڕۆژگارێکدا کە هەرچی بنەما پڕوپوچەکانە ڕازێنراونەتەوە و ، لە چەندین بەرگی فێڵاوی و خەڵەتێنەردا نیشانی خەڵك دەدرێن .. سروشتی خەڵکیش وایە کە دەبنە دوژمنی هەرشتێ کە لێی بێ ئاگا و بێ خەبەر بن ...

بڕوانە موسڵمانان لە چ کەم و کورتی یەکی ترسناکدان ئەگەر ئایینەکەیان بەوردی و ئینصافەوە ڕاڤەنە کەن بە جۆرێك کە نە لێی کەم کەن و نەبۆی زیاد کەن ؟ ڕاڤەکردنێك کە تەنها مەبەست و ئامانجی دەرخستن و بەیان کردنی هەق بێ و هیچی تر ...

[1] - دانەپاڵەکەی (صحیح)ە : أحمد لە (المسند) (١ / ٢٠٢ / ١٧٤٠) دەرهێنانی بۆ کردووە . بە لێکۆڵینەوەی شێخ احمد شاکر ..

" ئەوەی تازە ئاتاجی ئەوەیە کە بە زمانێکی قبوڵ کراو و قەناعەت پێکراو و ڕێگەیەکی نزیك ڕابەری بکرێت بۆ گەشتن لە پەیامی ئیسلام و شارەزا بوون لێی .. و ئەو بۆشاییە دەروونی یە تێبێنی کراوەیان بۆ پڕ بکاتەوە و هەموو ئەو گومان و شوبوهاتانە پوچەڵ کاتەوە و بە درۆ بخاتەوە کە دەلاّلانی بێ دینی و بەدڕەوشتی پاش ئەم داگیر کاری یە دواییەی ئیستعمار بۆ وڵاتەکانمان ، هەڵیانبەستووە .

بەڕاستی ئیسلام مافی ئەوەی بەسەر پیاوانیەوە هەیە کە بەهەرچی یەك هەیانە لە کەلتوری ئەمری ئیسلام ڕووبەڕووی دنیاببنەوە .. بەڵێ ، چونکە ئێمە پەڕاوێکمان هەیە کۆنبوونی نیە و ئەو سامانەی لە خۆی گرتووە ون نابێت وە پێغەمبەرایەتیەکمان هەیە کە خاوەن سیرەتێکی دڵخورپێن و سوننەتێکی بێ گەردە " [1]

کۆچکەران لەحەبەشەوە گەڕانەوە بۆ مەککە ، بەلاّم گەورەمان (جعفر)مایەوە تا ساڵی " فەتحی خەیبەر " و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هاتنەوەی شاد و دڵخۆش بوو .. لە (شعبی)یەوە دەگێڕنەوە ، دەڵێت : کاتێ پێغەمبەری خوا لە خەیبەر گەڕایەوە ، بە لیقای جعفر گەیشت .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە باوەشی گرت و نێو چاوانی ماچ کرد و فەرمووی : (نازانم بە کامیان خۆشحاڵ بم ، بە گەڕانەوەی جەعفەر یان ڕزگار کردنی خەیبەر) [2]

" شەهادەت لە پێناوی خوا دا " ..

جعفر (رضي الله عنه) وەك (ئەمیر) لە غەزای (مؤتە) دا ، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆمەکان کەوتەڕێ .لە (أبی قتادە)ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوپای پێشەوا یان (امراء)ی بەڕێکرد – کە سوپای مؤتە بوو فەرمووی : (علیکم زید ، أی زید بن حارثة ، فإن أصیب ، فجعفر ، أي ابن أبي طالب ، فإن أصیب جعفر ، فأبن رواحة و هو عبدالله بن رواحة) .

---

[1] - (٤،٥) شێخ محمد غزالی (هذه دیننا)

[2] - فەرموودەکە : (ما أدری بأیهما أنا أفرح ، بقدوم جعفر ، أم بفتح خیبر) بە صحیحی (مرسل) بە شێوە ئەم دانەپاڵە (صحیح)ە هاتووە . ذهبی دەڵێت : ئەمە ڕاستە .

فەرمووی : زەیدی کوڕی حارث پێشڕەوتان بێت .. ئەگەر پێکرا ، ئەوا جعفر کوڕی ابی تالیب ، ئەگەر جعفریش پێکرا ، ئەوا عبدالله ی کوڕی رواحە ...

لێرەدا (جعفر) (رضي الله عنه) هەڵسا و فەرمووی : دایک و باوکم بە قوربانت بن من خۆنە ئەترسام تاوەکو زەید لە پێش منەوە بکەیتە ئەمیر ، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (بڕۆن بەڕاستی تۆ نازانیت کامە شت بۆتۆ خەیری تیایە ، ئینجا سوپاکە بەڕێ کەوت ، ئەوەندەی خوا ویستی لەسەر بوو مانەوە ، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە سەرمینبەر (بڵندگۆ) و فەرمانی کرد کە بانگ بدرێت بۆ نوێژی جەماعەت ، و فەرمووی : (ألا أخبركم عن جيشكم ، إنهم لقوا العدو ، فأصيب زيد شهيداً ، فأستغفروا له ، ثم أخذ اللواء جعفر ، فشد على الناس حتى قتل ، ثم أخذه ابن رواحة ، فأثبت قدميه حتى أصيب شهيداً ، ثم أخذ اللواء خالد ، و لم يكن من الامراء ، هو أمر نفسه ، فرفع رسول الله (ﷺ) إصبعيه وقال : (اللهم هو سيف من سيوفك فأنصره) فيومئذ سمى سيف الله ، ثم قال : (انفروا فامدوا إخوانكم ، و لا يتخلف أحد).[1]

فەرمووی : ئایا ئەتانەوێ هەواڵی سوپاکەتان پێ بدەم ، ئەوان بە دوژمن گەیشتن ، زەید پێکرا و شەهید بوو ، داوای لێ خۆش بوونی بۆ بکەن ، پاشان جەعفەر ئاڵاکەی بەرز کردەوە و ڕووبەڕووی خەڵکەکە بووە وە تا کوژرا ، پاشان کوڕی ڕەواحە ئاڵاکەی هەڵگرت و لەسەر پێ مایەوە تا شەهید کرا ، ئەو جا خالد ئاڵاکەی بەرزکردەوە کە ئەوە یەکێ نەبوو لە پێشەواکانی سوپا ، بەڵکو ئەو خۆی کردە پێشەوا ، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستەکانی بەرز کردەوە و فەرمووی : (ئەی پەروەردگارا خالد شمشێرێکە لە شمشێرەکانت ، دەسا سەری خەو پشتیوانی بە) . لەو ڕۆژەوە خالد ناونرا (شمشێری خوا) پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (بڕۆن دەستی یارمەتی بۆ براکانتان درێژکەن و کەستان دوانەکەون) خەڵکەکەش لە گەرمایەکی بەتیندا بەڕێ کەوتن بۆ یارمەتی دان .

[1] - دانە پاڵەکەی (صحيح)ە : أحمد (٥ / ٢٩٩ ، ٣٠٠ ، ٣٠١) ارنۆئوط پەڕاوێزی (سیر) ، (١ / ٢٠٩)

" پاڵەوانێتی جەعفەر "

جەعفەر (رضي الله عنه) لەم ڕوداوەدا سەر کەوتووانە پاڵەوانێتی خۆی سەلماند . لە ئیبنو عەباسەوە ، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتبوو ، ئەسمای کچی عمیسی (کە خێزانی جعفر بوو) لەو دەوروبەرەدا بوو ، فەرمووی : (يا أسماء ! هذا جعفر مع جبريل و ميكائيل مر ، فأخبرني أنه لقي المشركين يوم كذا و كذا فسلم ، فردى عليه السلام ، و قال : انه لقي المشركين ، فأصابه في مقاديمه ثلاث و سبعون ، فأخذ اللواء بيده اليمنى فقطعت ، ثم أخذ باليسرى فقطعت . قال : فعو ضني الله من يدى جناحين أطيرهما مع جبريل و ميكائل في الجنة آكل من ثمارها) . [1]

فەرمووی : " ئەی ئەسما! ئەمە جعفرە لەگەڵ جبریل و میکائیل دا تێپەڕی و هەواڵی پێ دام کە لەفلان و فلان ڕۆژدا ڕووبەڕووی دوژمنان بووەوە ، سەلامیش دەکات ، وە لامی سەلامەکەی بدەرەوە ، وە وتی / ئەو ڕووبەڕووی بێ باوەڕان بوویەوە و لە پێشیەوە حەفتاو سێ جار بریندار کراو لیواکەی بە دەستی ڕاستی هەڵگرت تا ، پەڕاندیان ، ئینجا بە دەستی چەپی تا ئەو یشیان پەڕاند ، وتی : خوای پەروەردگار لە جیاتی هەردوو دەستم ، دوو باڵی پێدام کە لەگەڵ جبریل و میکائیل بەسەر بەهەشتدا بفڕم و لەبەرو بوومەکەی بخۆم " .

" لەگەڵ فریشتەکاندا دەفڕێت "

لە (ابن عمر)ەوە ، دەڵێت : ڕۆژی مؤتە (جعفر)م لە ئامێز گرت بینیم لە ڕووی پێشەوەی جەستەی ، چل و ئەوەندە لێدراوی پێوە بوو .

وە لە ڕیوایەتێك کە هی بخاری یە (٤٢٦٠) ، هاتووە لەنافعەوە کە (ابن عمر) هەواڵی پێ دا کە چووەتە سەر لاشەی جعغر بە کوژراوی ، پەنجا لێدان و برینداری لەسەر ژمارد کە هەمووی لە پێشەوەی لێ درابوو (واتە هیچییان لە پشتەوە لێی نەدرا بوو).

---

[1] - هیثمی لە المجمع (٩ / ٢٧٢ / ٢٧٣) باسی کردووە و دەیگێڕێتەوە بۆ طبرانی و دەڵێت : (سعدان کوڕی ولید)ی تیایە کە نەم ناسی ، باقی پیاوانی فەرموودەکە جێی متمانەن) .

وە لە (ابن عباس)ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :

" رأيت جعفر بن أبي طالب ملكاً في الجنة مضرجة قوادمه بالدماء ، يطير في الجنة " .[1]

فەرمووی : " جعفری کوڕی ابی طالب – م بە فریشتەیی لە بەهەشتدا بینی ڕووی پێشەوەی جەستەی لە خوێندا گەوزا بوو ، لە بەهەشتدا دەفڕی ..

وە لە عەبدالله ی کوڕی جعفر ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : هنيئاً يا عبدالله بن جعفر أبوك يطير مع الملائكة في السماء " .[2] **فەرمووی : خۆشی لە خۆت ، عبدالله ی کوڕی جعفر ، باوکت لەگەڵ فریشتەکاندا لە ئاسماندا دەفڕێ .**

" پێغەمبەر (ﷺ) دەگری "

لە (اسماء)ەوە دەفەرموێ ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ سەردانم و بانگی کورەکانی جعفری کرد ، بینیم بۆنی دەکردن و چاوەکانی فرمێسکیان پێدا دەهاتە خوارەوە ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵێکت دەربارەی جعفر پێ گەشتووە ؟ فەرمووی : "نعم ، قتل اليوم " **فەرمووی : " بەڵێ ئەمرۆ ئەو کوژرا " ئێمەش دەستمان بەگریان کرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشت و فەرمووی :** " اطعموا آل جعفر طعاماً ،فقد شغلوا عن أنفسهم " .

فەرمووی : خواردنێك بۆ ئەهلی (ماڵی) جعفر دروست بکەن ، چونکە ئەوان ئێستا خۆیان لەبیر کردووە .

---

[1] - دانەپاڵەکەی (جيده)ە ، حاکم ڕیوایەتی کردووە و بەصحيح داینـاوە ، حـافظ لـە (الفـتح) دا (٧ / ٧٦) دەڵێت لە ڕێگەیەکی ترەوە دانەپاڵەکەی (باشە) .

[2] - طبرانی ڕیوایەتی کردووە ، دانەپاڵەکەی (حسن)ە ، هیثمی لە (المجمع) دا بە ژمارە (١٥٤٩٨) .

" ٢٤ - ئەبو ذەری غەفاری (رضي الله عنه) "

" خوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر زانایان کە هەق بڵێن باتاڵیش بێت و هەرگیز لە پێناو خوادا لە لۆمەی لۆمەکەران نەترسن ... "

داخوازانی هەقیش پێویستە لەگەڵ هەقدا بژین ، ئەگەرنا ئەوان ناوسکی زەوی بۆیان باشترە لەسەر پشتی زەوی ... ئەبو ذەریش (رضي الله عنه) لەو کەسایەتی یە دەگمەنانەیە..

کێ یە ؟

(جندب ی کوڕی جنادە)ی غەفاریە یە ، پێی وتراوە (بریری کوڕی جنادە) .

لە زەیدی کوڕی اسلمەوە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئەبی ذەری دەفەرموو: (ئەی بەریر) [1] یەکێکە لە پێشینە یەکەمینەکان لە ئیسلامدا و لە هاوەڵە خانەدان و هەڵبژێراوەکانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .. ئەبو ذەر (رضي الله عنه) دەیفەرموو : من چوار یەکی ئیسلام بووم ، کەپێش من تەنها پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبوبەکر و بلال موسڵمان بوو بوون . [2]

" چاکەکانی "

١- لە (ابی دەدە) وە (رضي الله عنه) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، فەرموویەتی : (ماأظلت الخضراء ولا اقلت الغبراء من ذي لهجة اصدق من أبي ذر) [3] .

واتە : نە ئاسمان سێبەری کردووە و نە زەوی قسە کەرێکی (بێژەر) لە خۆگرتووە لە ئەبی ذەر ڕاستگۆتر .

(یاخود لە ژێر سێبەری ئاسمان و لەسەر فەرشی زەوی بێژەرێکی ڕاستگۆ تر لە ئەبو ذەر نیە) .

---

١ - هیثمی دەڵێت : طبرانی گێڕاویەتیەوە لە فەرموودەیەکدا کە کورتمان کردوەتەوە فەرموودەکە (مرسل) ، و پیاوانی جێ متمانەن . المجمع (١٥٨١٢) .

٢ - هیثمی دەڵێت: گبرانی بەدوو ئیسناد گێڕوایەتیەوە، یەکێکیان (متصل)ە و پیاوانی جێ متمانەن (١٥٨١٣).

٣ - فەرموودەیەکە (شواهد)ەکانی بەهێزە ، ترمزی دەرهێنانی کردووە و غەیری ئەویش .

٢ – **وە فەرموویەتی** (ﷺ) : (من أحب ان ينظر الى المسيح عيسى ابن مريم ، الى بسره و صدقه و جده ، فلينظر الى ابي ذر) .[١]

واتە هەر كەس لە ئێوە حەز ئەكات لە عیسای كوڕی مریم بڕوانێ ، لە چاكەكاری و ڕاستگۆیی و جددیەتی دا ، باسەیری ئەبو ذەر بكات .

" سەرەتای موسڵمان بوونی "

(ابو حمزە) دەڵێت : ابنو عباس پێ ی وتین : ئەتانەوێ باسی موسڵمان بوونی (ئەبو ذەر) تان بۆ بكەم ؟ وتمان : بۆچی نا .. دەڵێت : ئەبو ذەر وتی : (پێم گەیشت كە پیاوێك لە مەككە سەری هەڵداوە و ئیدیعای پێغەمبەرایەتی ئەكات ، منیش براكەمم ناردەلای تا قسەی لەگەڵدا بكات .

پێم وت : (بڕۆ بۆ لای ئەو پیاوە و لەگەڵی بدوێ .) ئەویش چووە مەككە و بە لیقای پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت و پاشان گەڕایەوە ، پرسیم : هیچت پێیە ؟ وتی : (سوێند بەخوا پیاوێكم بینی فەرمانی بە چاكە دەكرد و ڕێگری لە خراپە . وتم : ئەمە بە تەنها دڵم تێر ئاو ناكات ..

بۆیە : توێشەبەرەیك و دارە دەستێكم هەڵگرت و بەرەو مەككە كەوتمە ڕێ من نەمدەناسی و حەزیشم نەئەكرد هەواڵی بپرسم ، چوومە لای (زەمزەم) بڕێك ئاوم خواردەوە و دواتر چوومە مزگەوت . علی كوڕی ابی تالیب بەلامدا تێپەڕی . فەرمووی : غەریبیت ؟ وتم : بەڵێ .

فەرمووی لێ كردم لەگەڵی بچم بۆماڵەوە ، منیش لەگەڵی چووم ، بێ ئەوەی پرسیاری هیچی لێ بكەم ، ئەویش هەواڵی هیچ شتێكم بداتێ !

بۆ سبەی بەیانی ، هاتمەوە مزگەوت و هەواڵیشم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نە ئەپرسی . كەسێكیش نەبوو هەواڵێكم پێ بدات ..

---

[١] - هیثمی دەڵێت : احمد گێڕاویەیتەوە ، پیاوانیشی خاوەنی متمانەن ، هەندێكیان نەبێ كە خلافیان لەسەرە . المجمع (٧ / ١٥٨) .

دیسان (علی) بەلامدا تێپەڕیەوە . فەرمووی / ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بگەڕێیتەوە ؟ وتم / نەخێر . فەرمووی : کارت چی یە و بۆچی هاتوییت ؟ وتم : ئەگەر نهێنی بپارێزیت پێت دەڵێم ...

فەرمووی : دەیپارێزم .. وتم : پێمان گەیشتووە پێغەمبەرێك سەری هەڵداوە ، فەرمووی : ئایا هێشتا تێ نەگەیشتووی ! ئەوە من بۆلای ئەو دەڕۆم .. تۆش شوێنم کەوە و چوومە هەرشوێنێ تۆش خۆت بکە بەوشوێنەدا ، وە هەرکاتێ کەسێکم بینی مەترسی بۆت هەبێ بەرەو دیوارەکە ئەچم وەك ئەوەی پێڵاوەکانم چاك بکەم ، بەلاّم تۆ هەر بەردەوام بە لەڕۆشتندا .

ئەوە بوو ڕۆیشت و منیش لەگەڵی ڕۆشتم ، چووینە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێم وت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئیسلامم نیشاندە ، ئەویش نیشانی دام و هەر لە جێ ی خۆمدا موسڵمان بووم ...

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (یا أباذر ، أكتم هذا الامر ، وارجع الى قومك ، فاذا بلغت ظهورنا ، فأقبل) .

فەرمووی : ئەی ئەبو ذەر .. ئەم بابەتە بە نهێنی بهێڵەوە و بگەڕێرەوە لای قەومەکەت ! هەر کاتێ هەواڵی دەرکەوتن و ئاشکرا بوونی ئێمەت پێگەشت ، وەرەوە

وتم : سوێند بەوکەسەی تۆی بەهەق ناردووە ئەبێ لەنێو دەستیاندا هاواربکەم کە موسڵمانم ..

ئەوە بوو هاتە ناو مەزگەوت ، قوریش لەوێ بوون ، وتی : ئەی هۆزی قورەیش ، من شایەتی ئەدەم کە هیچ خودایە نی یە جگە لە (اللّٰه) و (محمد)یش بەندە و نێرراوی خوایە .

ئەوانیش وتیان / هەڵسن بۆ ئەم لە دین دەرچووە . ئەوانیش هەڵسان و وەها لێیاندام کە بمرم ! لەوکاتەدا (عباس) فریام کەوت و هەڵیساندمەوە و فەرمووی : ویل بۆ ئێوە ، ئەوە خەریکە پیاوێك ئەکوژن لە (غفار) کە جێگاو ڕاڕەوی بازرگانیتانە ! ئەوانیش دەستیان لێم بەردا .

بۆسبەینێ گەڕامەوە هەمان شتی دوێنێم وت : ئەوانیش وتیان هەڵسن بۆ تێهەڵدانی ئەم لەدین دەرچووە ، کەوتنەوە لێدانم ، بۆ جاری دووەم (عباس) فریام کەوت و لە ژێر چنگیان دەری هێنام ئەمە سەرەتای موسڵمان بوونی ئەبو ذەر بوو .[1]

زەهەبی ، دەڵێت : ئەبو ذەر (رضي الله عنه) لەسەر دەمی ئەبو بەکر و عومەر و عوسمانیش فەتوای داوە .

وە سەرێك بووە لە زوهد و ڕاستگۆیی و زانست و کارپێکردنیدا ، هەمیشە ڕاستبێژ بووە و لە پێناو خوادا لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەترساوە ..

هەروەها ئامادەی ڕزگار کردنی (بيت المقدس) بووە لەگەڵ عمردا (رضي الله عنه) .[2]

واقدی دەڵێت / ڕۆژی (حنين) ئەبو ذەر هەڵگری ئالای (غفار) بووە . (... وە کاتێ ئەبو ذەر موسڵمان بوو گەڕایەوە وڵاتی خۆی و لەوێ مایەوە تا دوای بەدر و ئوحود و خەندەق. پاشان هات بۆ مەدینە) .[3]

" لە ئامۆژگاریەکانی "

لە (سۆفیانی ثوری)یەوە ، دەڵێت : ئەبو ذەر لەلای کەعبەدا هەڵسایەوە و فەرمووی : " ئەی خەڵکینە ، من (جندبی غفاری) م ، وەرن بۆلای ئەم برا ئامۆژگاریکارە بەسۆزەتان ، خەڵکیش لێ کۆبوونەوە .

فەرمووی : (ئایا هەر کەس لە ئێوە کە بیەوێت سەفەر بکات توێشوویەکی وەها بۆخۆی هەڵناگرێ کە فریای بکەوێ ؟

وتیان : بەڵێ ، وایە .

فەرمووی : دەی سەفەری ڕێگەی قیامەت دوورترین سەفەرێکە کە دەتانەوێ و گرتووتانەبەر ، لەبەر ئەوە توێشووی باشی بۆ هەڵگرن .

وتیان : جا ... چ توێشوویەك باشە ، فەرمووی : حەجێك بەجێ بهێنن بۆ ئاسان کردنی کاروبارە گەورەکان ، وە ڕۆژووی ڕۆژێکی زۆر گەرم بگرن بۆ درێژی ڕۆژی

---

[1] - صحيح / بخاری ریوایەتی کردووە (٦ / ٤٠٠) وە مسلم (٢٤٧٤) لە (فظائل الصحابة) دا .

[2] - بڕوانە / سير أعلام النبلاء (٢ / ٤٦ ، ٤٧ ، ٥٦) .

[3] - بڕوانە / صفة الصفوة (١ / ٢٩٨) .

لێپرسینەوە ، وە دوو ڕکات نوێژ لە تاریکی شەودا ئەنجام دەن بۆ تاریکی ناوگۆڕ .. وە وشەیەکی باش بڵێن یان بێ دەنگ بن لەوتنی وشەیەکی خراپ ، بۆ ڕاوەستان لە ڕۆژێکی زۆر گەورەدا .. لەماڵ و سامانت ببخەشە ، بەڵکو لە نارەحەتی ئەو ڕۆژە ڕزگارت بێت . دونیا بکەرە دوو دانیشگایەکێ بۆ داوای حەلاڵ و گەڕان بەدوای ماڵی حەلاڵدا ، ئەوی تریش بۆ گەڕان بە دوای ئاخیرەتدا .. سێیەم (واتە غەیری ئەو دوانە) زیانت پێ دەگەیەنێت و سوودی بۆت نیە نەتەوێ .

ماڵ و سامانیش بکە بە دوو بەشەوە ، بەشێکیان لە حەلاڵدا و بەسەر ماڵ و منداڵتدا خەرجی کە و ، بەشەکەی تریان پێشکەشی ئاخیرەتت بکە . سێ یەمینیان زیانی بۆت هەیە و سوودی بۆت نیە ، نەتەوێ ...

پاشان بە دەنگی بەرز هاواری کرد : ئەی خەڵکینە ، پێ داگری یەك بۆ دنیا کە هەرگیز هەستی پێ ناکەن ،ئێوەی کوشتووە .[1]

" دنیا نەویست "

لە (عبدالله ی کوڕی صامت)ەوە ، دەڵێت : لەگەڵ ئەبی ذەر چووین بۆ لای عوسمان ، کاتێ ئەبو ذەر چووە ژوورەوە سەری نەوی کرد و فەرمووی : سوێند بەخوا من لە وانە نیم ئەی ئەمیری ئیمانداران (مەبەستی خوارج) بوو .[2]

(ئیبنو شوزب) دەڵێت : (خوارج) بەوە دەناسرێن ڕیش تاشراون ، (یاخود موتاشراون) .

پێشەوا (عوسمان) پێی فەرموو : ئەی ئەبا ذەر ، ڕاست دەڵێیت ، بەڵکو ئێمە بۆیە ناردمان بەدواتدا تاوەکو لە مەدینە لەلامان بمێنیتەوە . فەرمووی : پێویستم بەمانە وە نیە لێرە ، مۆڵەتم بدە بابچم بۆ (رەبزە) . فەرمووی: باشە ، وە فەرمانیش دەکەین کە بەخششێکی باش بکرێیت و بەیانی و ئێوارەی پێ بکەیتەوە

---

[1] - بڕوانە / صفة الصفوة (١ / ٣٠٢).

[2] - چەند جیاوازی یەکی ڕاو بۆ چوون هەبوو لە نێوان ئەبی ژەر و پێشەوا عوسماندا (ڕەزای خویان لێ بێت) .

فەرمووی : پێویستم بەوە نیە ، ئەبا ذەر ماڵاتەکەی خۆی لە حوشتر و مەڕ بەسە .
ئەوە بوو کاتێ چووە دەرەوە ، فەرمووی : ئەی مەحشەری قورەیش دونیای خۆتان بۆ خۆتان و قەپی پێدا بکەن ، واز لە ئێمە بێنن لەگەڵ خوای خۆماندا بین)

نووسەر دەڵێت : ئەم ڕیوایەتەش ئەو هەڵبەستراوانە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێن گوایە عوسمان فەرمانی بە نەفی کردنی ئەبی ذەر کردووە .

" ژیریی بانگخواز "

لە (عوام ی کوڕی حوشب)ەوە ، دەڵێت : پیاوێک لە هەردوو شێخی (بەنی ثعلب)ە وە بۆی گێڕامەوە کە وتبویان : چووین بۆ (ڕەبزە) شێخێك لەوێ بەلاماندا تێپەڕی قژێکی گژو سەر و ڕیشێکی سپی پێوە بوو . وتیان : ئەمە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ، چوون مۆڵەتی سەر شۆردنیان لێ وەرگرت ، ئەویش مۆڵەتی داین و لەگەڵمان بووە ئاشنا .. لە کاتێکدا لەگەڵ ئەودا بووین ، چەند کەسێك لە ئەهلی عێراق بەلاماندا تێپەڕین ، وا بزانم فەرمووی : لە ئەهلی کوفەن ، وتیان : ئەی ئەبا ذەر ئەو پیاوە ئەوەی کردی لەگەڵت ، کردی ، (مەبەستیان پێشەوا عوسمان بوو (ﷺ) ! بۆچی ئالایەك بۆ خۆت هەڵناکەیت ئێمەش بە پیاوەکانمان پشتت دەگرین ؟

فەرمووی : ئەی ئەهلی ئیسلام شتی وام نیشان مەدەن و (سوڵتان) سووك مەکەن ، چونکە هەر کەس سوڵتان سووك بکات ، ئەوە تەوبەی بۆ نیە ، سوێند بەخوا ئەگەر ئەو کەسەی ئێوە باسی دەکەن لەسەر درێژترین تەختە یاخود لەسەر کێوێك لە خاچم بدات، ئەوە هەر گوێڕایەڵی دەبم و ئارامیشی لەسەر دەگرم و هەر ئەو کارەش بە باش دەزانم .[1]

بەو جۆرە بانگخواز ئەبێ ژیر بێت لە ئاست ئەو پلانانەی کە لە دەوروبەریدا ئەنجام ئەدرێت و ئەبی لە ڕەفتاریدا دانابێت ...وە بزانێت کەسانێك هەن خۆیان مەڵاس

[1] - احمد دەرهێنانی بۆ کردووە .(٥ / ١٦٥) . تیایدا ئەو پیاوەی کە بۆ (عوام)ی گێڕاوەتەوە و لەگەڵ هەردوو شێخەکەی (بنی ثلعبة) نەناسراون و باقی پیاوانی جێ متمانەن ، بڕوانە پەراوێزی سیر اعلام النبلاء (٢/ ٧٢) .

داوە بۆ ئوممەتی ئیسلام و بەدوای پیلانێکەوەن بۆی ... ئەبو ذەر وەها ژیا ... کە هەمیشە پشتی لە نیا هەڵکرد بوو ، ڕووی لە ئاخیرەت بوو ... و رقی لە کۆ کردنەوەی ماڵی دنیا بوو ، لە (رەبزە) مایەوە تاوەفاتی کرد و بە قافڵەی پیاوچاکان گەیشت ...

" مردنی ئەبو ذەر (رضي الله عنه) "

لە ئوم ذەرەوە ، دەڵێت : " کاتێ ئەبو ذەر کەوتە سەرە مەرگ دەگریام .. پرسی ، بۆچی دەگرییەیت ؟ وتم چۆن نەگریەم لە کاتێکدا کە تۆ لە چۆڵەوانیەکدا وا دەمریت و هیچم پێ ناکرێ بۆت و پارچە جلێکیشمان پێ نیە بەشی کفنت بکات !!! ، فەرمووی : مەگری ، بەڵکو خۆشحاڵم ، چونکە گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) فەرمووی : (لایموت بین امرأین مسلمین ، ولدان أو ثلاثة فیصبران و یحتسبان فیریان النار أبداً)[1] . واتە : هەر دوو موسڵمان (یان هەر ژن و پیاوێك ی موسڵمان) ، دوو یان سێ منداڵیان لێ بمرێ و ئەمانیش ئارامی لەسەر بگرن و چاوەڕێی پاداشت بن ، ئەوە هەرگیز ئاگر نابینن .

وە من گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) بە چەند کەسێکی فەرموو : (کە من یەکێ بووم لە ناویاندا) : " لیموتن رجل منکم بفلاة من الأرض تشهد عصابة من المؤمنین "[2] .

فەرمووی : پیاوێك لە ئێوە لە چۆڵەوانیەکدا وەفات ئەکات کە کۆمەڵێ لە باوەڕداران شایەتی مردنی دەبن ... وە هیچ کەس نەبووە لەوانەی ئەو ڕۆژە لەگەڵمدا بوون ، لە گوندێك یان لە ناوخەڵکیدا وەفاتی نەکردبێ ، تەنها منم کەوا لە چۆڵەوانیەکدا خەریکە دەمرم ، سوێند بەخوا نەدرۆم کردووە و نە بە درۆش خراومەتەوە ، دەی لە ڕێگاکە بڕوانە. ئوم ذەر دەڵێت : وتم : چۆن ئەبێ ، لەکاتێکدا حاجیەکان ڕۆشتوون و ڕێگاش بەستراوە ؟فەرمووی : بڕوانە ، منیش بەردەوام ئەچوومە سەرەوە و پاشان ئەگەڕامەوە ، تا ئاگام لە ئەبا ذەر بێت ...

دەڵێت : کاتێ من لەم حاڵەتەدا بووم دەبینم پیاوانێك دەرکەوتن بەسەر وڵاخەکانیانەوە ، خێرا خۆم گەیاندە لایان ، ئەوانیش زۆر بەخێرایی هاتن بەدەممەوە ،

---

[1] - صحیح / بوخاری و مسلم گێراویانەتەوە .

[2] - احمد گێڕاویەتیەوە لە (مسند)دەکەیدا .

وتیان : ئەی بەندەی خوا ، چیتە ؟ وتم : پیاوێك لە موسڵمانان لێرەیە دەمەوێ كفنی بكەن ، وا دەمرێ ..

وتیان : كێ یە ؟ وتم : ئەبو ذەر . وتیان : هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ وتم : بەڵێ ، دەڵێت : " باوك و دایكیان كردە قوربانی و ، خێرا چوون بۆلای ئەبو ذەر و سڵاویان عەرز كردو ئەویش وەڵامی دانەوە .. " پاشان دوای وەفاتی ، شۆردیان و كفنیان كرد و نوێژیان لەسەر كرد ، وتراویشە ئیبنو مەسعود یەكێ بووە لەناویاندا .

ئیبنو كەسیر باسی وەفاتی ئەبی ذەر دەكات (ﷺ) ، دەڵێت : " پاشان لە (ربزە) دابەزی و لەوێ مایەوە تاوەكو لە مانگی (ذي الحجة)ی ساڵی ٣٢)ی كۆچی وەفاتی كرد ، هیچ كەسی لانە بوو ، جگە لە خێزان و منداڵەكانی... ئەوە بوو كاتێ لەوحاڵەدا بوون كەنەیان ئەتوانی سپاردەی بكەن ، عبداللە ی كوڕی مسعود لە عێراقەوە لەگەڵ كۆمەڵی لە هاوەڵانیدا هاتن و شایەتی مردنی بوون و ئەویش وەسیەتی ئەوەی ب وكردن كە چی لێ بكەن . وتراویشە كە پاش مردنی گەیشتوون و شۆردویانە و كفن و دفنیان كردووە . فەرمانی كرد بوو بە ئەهلەكەی كە سەرێ لە مالاتەكەی (مەڕو مالاتەكەی) بۆیان لێ بنێت ، تا بیخۆن پاش مردنی ، دواتر عوسمانی كوڕی عفان (ﷺ) ناردی بەدوای ئەهەلەكەیدا و هێنانی بۆلای ئەهلەكەی خۆی [1] ...

[1] - بڕوانە : البداية والنهاية (٥ / ٢٤٨) .

" ٢٥ - عومەیری کوڕی ئەبی وقاص (رضي الله عنه) "

" غوڵامی شەهید "

عومەیری کوڕی ئەبی و قاص ، برای (سەعدی کوڕی ئەبی وقاص)ە (رضي الله عنه) .

لە سەعدەوە ، دەڵێت : پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ جەنگی بەدر پیاوانمان هەڵبژێرێ ، چاوم بە عومەیری برام کەوت ، دەبینم خۆی دەشاردەوە ، پرسیم ، چیتە براکەم ؟

وتی : ئەترسم پێغەمبەری خوا (ﷺ) بمبینێت و بە بچوکم بزانێ و نەهێڵێ بێم بۆ جیهاد ، لە کاتێکدا حەز ئەکەم منیش بێم و جیهاد بکەم ، بەڵکو خوا شەهادەتم پێ ببەخشێ .

دەڵێت : ئینجا نیشانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) درا ، بە بچوکی زانی و فەرمووی : " بگەڕێرەوە " ،ئەویش دەستی کرد بە گریان، ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەتی پێدا.

سەعد دەڵێت / لەبەر بچوکی عومەیر من کۆڵ و شمشێرەکەیم بۆ دەبەست ، عومەبر لەبەدر شەهید بوو ، ئەو کاتە تەمەنی (١٦) ساڵان بوو . عەمری کوڕی بنو عەبدود کوشتی .[١]

ئا بەم جۆرە ئیسلام ئەهلی خۆی لە لاوو لە پیر پەروەردە کردووە .. ئاخۆ کەی ئەم شکۆیی و سەربەرزی یەمان دەگەڕێنینەوە ؟

" بەڕاستی نەوەیەکی سەرکەوتوو کە چاوی لە شکۆداری بێت ، پێویستی بە ئامادەیی بوونێکی هەنگاو بە هەنگاو و توندو تۆڵ هەیە ، تاوەکو بتوانێ ئەو کەلێن و بۆشایی یانە پڕ بکاتەوە کە هەیە و ئەو بارەگرانانە هەڵگرێ کە قەدەر خستویەتیە سەر شانی .. لەبەر ئەوە پێویستە لایەنی ئیمانی هۆشیار لە دەروونیدا ڕووناك بکەینەوە ، چونکە بەڕاستی بیروباوەڕ و عەقیدەی پتەو بەردی بناغەی هەموو کارێکی بەرهەمداری بیناکەرە .

---

١ - بڕوانە : (المنتظم)ی ابن الجوزی (٣ / ١٤١) ، صفة الصفوة (١ / ٢٠٧) .

وە ئەو بانگەوازانەی هەوڵی ئەوەدەدەن گومان لە دەرونی لاواندا دروست بکەن دەربارەی ئەو ئاینە هەق و راستە ، بانگەوازێکی داگیرکاری ژەهراویی ڕوخێنەرن کە بەنهێنی نەخشەی بۆ کێشراوە .

لە ڕاستیدا ئیسلام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ، لە ژیانی تاك و کۆمەڵگاکانماندا ستەملێکراوە و خەریکە لە دەست دەچێ لە نێوان ئەوانەی خۆیان وانیشان ئەدەن کە لە ئامێزیان گرتووە لە ڕاستیشدا لە هەقیقەی ئەم ئاینەوە زۆر دوورن ، وە لە نێوان ئەوانەی کە نکوڵی دەکەن بەهۆی بێ ئاگایی یان ، یاخود بەمەبەستێکەوە .[1]

[1] - (معركة الصحف في العالم الاسلامی)ی شێخ محمد الغزالی ، ص : (٥٠) .

" ٢٦ - ثابتی کوڕی دەحداح (رضي الله عنه) "

" خۆی و ماڵ و سامانی پێشکەشی خوا کرد "

گەر لە سیرەی ژیانی بە ئاگابین ، دەبینین کە : -لەو پشتیوانانەیە کە دڵدەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)یاندا و پشتگیریان لێ کرد و شوێن ئەو ڕووناکی یە کەوتن کە لەگەڵ خۆی بۆیانی هێنا بوو ، وە قوتابی یەکی بلیمەتە لە قوتابخانەی پێغەمبەرایەتیدا ... و ئەسپسوارێکی بەجەرگەو بەناو نارەحەتی یەکاندا هەنگاو دەنێت و ڕووبەڕووی مەترس یەکان دەبێتەوە و لەگەڵ نەهامەتی و درك و داڵەکانی ڕێدا لە زۆراندایە و بەناو ڕێگاکانی مەرگدا دەڕوات ..

لە تەنیشت ئەمانە هەموویدا ، پێشبڕکێ دەکات بۆ بەدەمەوە چوونی داماو و لێقەوماوان و فریاکەوتنی ستەملێکراوان و دڵدانەوەی خەمباران . لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە لە لوتکەدایە بۆ خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەکەی و بانگی جیهاد دەڵێتەوە و .. بەشەوقە بۆ جەنگ و بۆنی بەهەشت لە سێبەری شمشێرەکانەوە دەکات[1]...

لە نیشانەکانی خۆشەویستی (ثابت " رضي الله عنه ") بۆ پەروەردگاری : - ئیبنو مسعود (رضي الله عنه) دەگێڕێتەوەوە ، دەڵێت : کاتێ ئایەتی : ﴿ مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضاً حَسَناً ... ﴾ سورة البقرة ، آية (٢٤٥) . دابەزی ، ئەبو دەحداح پرسی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەڵێی خوای پەروەدگار داوای قەرزمان لێ دەکات ؟ فەرمووی : بەڵێ ئەی ئەبا دەحداح ، وتی : دەستم بەرێ ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی دایە ، وتی : ئەوا من باخێکم دابە قەرز بە خودای خۆم کە (٦٠٠) دارخورمای تیایە ، پاشان هات بۆ لای باخەکە لەوێ دایکی دەحداح و منالەکانی لێ بوو بانگی کرد : ئەی دایکی دەحداح ، وتی فەرموو .. وتی : وەرە دەرەوە لەم باخە ، لەبەر ئەوەی من بە قەرز داومەتە خوای پەروەردگار [2].

---

[1] - حياة الصالحين / ی ماموستا عبدالنعم قنديل (٣ / ٩٧) . بەدەستکاریەوە .

[2] - هیثمی دەڵێت لە (المجمع) (٩ / ٣٢٤) دا ، ابو علی کێڕاویەتیەوە هەروەها تەبەرانیش ، وە پیاوانی فەرموودەکە جێی متمانەن .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا (زەیدی کوڕی ئەسلەم) دەڵێت : کاتێ ئایەتی ﴿ مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضاً حَسَناً ... ﴾ سورة بقرة ، آیــة (٢٤٥) . دابەزی ، ئەبو دەحداح وتی : دایك و باوکم بە قوربانت بن ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەروەردگار داوای قەرزمان لێ ئەکات ، لە کاتێکدا ئەو بێ نیازە لە قەرز ؟ فەرمووی : " نعم يريد أن يدخلكم الجنة به " .

فەرمووی : " بەڵێ ، ئەیەوێ بەو قەرزە بتانخاتە بەهەشتەکەیەوە " وتی : دەی ئەگەر من قەرزێکم دایە پەروەردگارم ، زامنی چوونە بەهەشتی خۆم و منداڵەکانم ئەبێت ؟ فەرمووی : بەڵێ ، وتی : دەی دەستم بەرێ ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی دایە . وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، دوو باخچەم هەیە یەکێکیان لە باشوور و یەکێکیان لە باکوور ، هیچی ترم نیە ، ئەوا کردم بە قەرز بۆ خوای گەورە .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی : " أجعل احداهما لله و والأخرى دعها معيشة لك و لعيالك " .

فەرمووی : " یەکێکیان ببەخشە بە پەروەردگار و ئەوی تریان دانێ بۆ ژیانی خۆت و خێزانەکەت .. "

وتی : دەی تۆ شاهید بە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەوامن باشترینیان دائەنێم بۆ پەروەردگارم ، ئەویش ئەوەیانە کە (٦٠٠) دارخورمای تیایە ... پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، فەرموی : " اذاً يجزيك الله به الجنة " . خوداش لە پاداشتی دا بەهەشتت پێ ئەدات . ئەبو دەحداح ڕۆیشت ، تا گەیشتە لای ئوم دەحداح کە لەگەڵ منالەکانیدا بوو لە دەروبەری بنە دارخورمایەکی باخەکەدا .. ئەمەی وت :

هــداك ربي سبل الرشاد الى سبيل الخير و السداد
بينـى من الحائط بالــوداد فقد مضى قرضاً الى التناد
أقرضته الله على اعتمادي بالطوع لا من ولا ارتداد
إلارجــاء الضعف في المعاد فارتحلي بالنفس و الاولاد
والبـر لاشــك فخـير زاد قدّمه المرء الى المعاد [1]

[1] - واتە : خودا ڕێنمونیت بکات بۆ ڕێگای ڕاست ، بۆ ڕێگای چاکە و پایەداری ، لەو باخە بە دڵی ساخەوە وەرە دەرەوە ، چونکە ئەو ئیتر بەقەرز دراوە تا ڕۆژی خۆی (قیامەت و پاداشت) ن داومە بە قەرز بە پەروەردگارم بەویستی خۆم بە بێ منەت و دوو دڵی و تەنها لە ترسی لاوازی و بێ دەسەلاتیم لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا ، دەی

(ئوم دەحداح) یش پێی وت : بەڕاستی قازانجت لە فرۆشتنەکەت کرد ! خوا ئەوەت لێ موبارەك کات کە کڕیت ، و ئینجا وتی :

بشرك الله بخير و فرح　　مثلك ادى ماالديه و نصح

قد متع الله عيالي و منح　　بالعجوة السوداء و الزهر البلح

والعبد سعى و له ماكدح　　طول الليالى و عليه ما اجترح [1]

پاشان ئوم دەحداح هەڵسا ئەوەی بەدەم منداڵکانیەوە بوو دەری هێنایەوە و هەرچیش لە کۆشاندا بوو داینایەوە و تەکاندی ، تا چونە ناو باخەکەی تر ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (كم من عذق رداح و دار فياح لابي الدحداح) . [2]

فەرمووی : ئای لە ئەبی دەحداح ، چ بۆڵە دارخورمایەکی چڕو پڕ و ماڵێکی دڵفراوانی هەیە – مەبەستی لە خێزانەکەی بوو کەچەندە بەختەوەرن .

ثابتی کوڕی دحداح (﵁) ، هەروەك ماڵ و سامانی خستبووە خزمەتی پەروەدگاری ، ڕۆژێکیش هات کە گیانی خۆیشی پێشکەش پەروەردگاری کرد .

ڕۆژی ئوحود لێوان بوو لەوانەی ئیلاهی .. پێغەمبەری سەرکردە نەخشەی بەرگری کردن و هێرش بردنیشی کێشاو پەیمانی لە پیاوەکانی وەرگرت کە لە فەرمانی دەرنەچن ، بەڵام بەهۆی حیکموتێکی باڵاوە ، تیر هاوێژەکان کە ژمارەیان پەنجا کەس دەبوو ، و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پەنایەکی کێوەکەدا ڕیزی کرد بوون ، لە فەرمان دەرچوون .. و بەو جۆرە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تووشی شکستێکی کتوپڕی و چاوەڕوان نەکراو بوون و هەندێ لە بێباوەڕان هەوڵی کوشتنی پێغەمبەری خوایاندا

خۆت و منداڵەکانت ئەو باخە بە جێ بێڵن ، چونکە بەراستی چاکە باشترین توێشووە مرۆڤ بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە پێشکەشی بکات .

[1] - واتە : خودا مژدەی خۆشی و بەختەوەریت بداتێ .. بەڕاستی وێنەی کەسی وەك تۆ ئەوەی لەسەری بۆ ئەدای کرد و بووە ئامۆژگاری و نمونەی باش .. خودا منداڵەکانی بێ بەش نەکردووە لە خورمای (عجوة السوداء) و گوڵی (بلح) بەری خورمایە کە هێشتا پێنەکەیشتبێ – بەندەی خوایش هەوڵی خۆی دەدا و ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە کە هەوڵی بۆ دەدا بە درێژایی شەوان و هەر گوناهێکیش ئەنجام بدات هەر دیسان ئەنجامەکەی بەسەرخۆیدا ئەشکێتەوە .

[2] - بڕوانە ك تفسير القرتبى (٣ / ٢١٧) .

(ﷺ)، هەتا بێ باوەڕان وا گومانیان برد کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کوژراوە .. ئەمەیان لەناو موسوڵماناندا کردە پڕوپاگەندە تاوەکو لە هیمەتیان بدەن و وورەیان دابەزێنن و ئەگەریش توانی یان لە ئاینەکەیان هەڵیانگەڕێننەوە ، بەڵام موسڵمانان زۆر لەوە جێگیر تر و پێداگرتر بوون لەسەر ئاینەکەیان ، سەرەڕای تاڵی شکستهێنان وسەرەڕای زۆریی شەهیدەکان .

لەو نێوانەدا (ثابتی کوڕی دەحداح) هەڵسایەوە و بەهەموو دەنگی هاواری کرد بەڕادەیەك لە کێوەکە وە دەنگی دەدایەوە :

" ئەی هۆزی ئەنصار .. بەرەو لای من بێن .. بەرەو لای من بێن .. ئەگەر محمد کوژرا بێت .. خۆ خودا زیندووە و نامرێ ، دەی لە پێناوی ئاینەکەتاندا بجەنگن) ، وە هێشتا لەو بانگ و هاوارەی نەبوو بوویەوە ، ژمارەیەك لە پشتیوانان هەڵسان چوون بۆلای و دەستیان بە ڕووبەڕوو بوونەوەی بێباوەران کرد بە ئەوپەڕی بە جەرگی و ئازایەتیەوە ، بەڵام ئەمان ڕووبەڕووی سوپایەك بوو بوونەوە کەبە چەك و تفاقی تێرو تەسەل پرچەك بوون و (خالدی کوڕی وەلید و عەمری کوڕی عاص و عەکرەمەی کوڕی ئەبو جەهل و ضراری کوڕی خەتاب) لە پێشیانەوە بوون .. ئەوە بوو ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی توند لە نێوان ئەو چەند کەسە لە پشتیوانان و بێ باوەڕاندا ڕوویدا ، بەڵام بە لێدانێکی (خالد) لە (ثابت) بەڕمێك یەکسەر ثابت کەوت و دەستبەجێ شەهید بوو .. دواتریش هەموو ئەو پشتیوانانەی کە لەگەڵی بوون ئەوانیش کوژران .. و لەوێدا لە باوەشی کێوی ئوحوددا جەستەی پاکی شەهیدەکانی ئەم جەنگە نوستوون .[1]

قورئانی پیرۆزیش مژدەیان پێ دەدات : ﴿وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَنْ يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ (٤) سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ (٥) وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ (٦)﴾ سورة محمد ، آية ٤ ، ٦ .

واتە : ئەوانەش لە پێناوی خوادا شەهید بوون ، هەرگیز پاداشتی هەوڵ و کۆششیان بەزایەنادات ، ئەوانە ڕێنمونی دەکات بۆ جێگە و ڕێگەی خۆش و دڵ و دەروون و بیر و هۆشیان ئاسوودە ئەکات ، هەروەها دەیانخاتە ئەو بەهەشتەوە کە بە جۆرەها شێواز بۆی باس کردوون .

[1] - بڕوانە : حیاة الصالحین (٣ م ٩٨ ، ٩٩) بە دەستکاری یەوە .

" ٢٧ - ئەبو تەڵحەی ئەنصاری (رضي الله عنه) "

" دەنگی لەناو سوپادا باشترە لە هەزار پیاو !! "

ئەبو تەڵحە هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و یەکێکە لە خاڵۆزایانی و یەکێکە لە گەورە پیاوانی بەدر و و هەروەها لە دوانزە کەسە بەڕێزەکەی شەوی عەقەبەیە .

ناوی / زەیدی کوڕی سهلی کوڕی ئەسوەدی ... خەزرەجی بوخاری یە و کەسێکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی فەرمویەتی : " صوت أبي طلحة في جيش خير من مائة " .[1]
و في لفظ : " خير من ألف رجل "[2]

واتە : دەنگی ئەبی تەڵحە لە سوپادا باشترە لە سەد کەس . لە واژەیەکی تردا : " باشترە لە هەزار پیاو " .

لە ڕیوایەتێکی تردا : " لصوت ابي طلحة اشد على المشركين من مائة " .[3] واتە : دەنگی ئەبو تەڵحە لە سەد کەس توندترە لەسەر بێ باوەڕان .

ئیبنو اسحاق دەڵێت : ئەبو تەڵحە یەکێکە لەوانەی ئامادەی (عەقەبە و بەدر) بوون .

" هاوسەرگیی ئەبوتەڵحە لەگەڵ (ئوم سولەیم) (رضي الله عنهم) "

لە (انس)ەوە ، دەڵێت : " ئەبو تەڵحە داخوازی ئوم سولەیمی کرد ، ئوم سولەیم پێی وت : ئەوەی ڕاستی بێت من ڕەغبەتم لە تۆ هەیە و وێنەی کەسێکی وەك تۆ ڕەت ناکرێتەوە ، بەڵام تۆ پیاوێکی بێ باوەڕیت ، ئەگەر موسڵمان بیت ، ئەوا موسڵمان بونت دەکەمە مارەیم و هیچی ترم لێت ناوێ .. ئەویش موسڵمان بوو ..

ثابت ، دەڵێت : " هەرگیز گوێبیستی هیچ مارەیی یەك نەبووین ڕێزدار تر لە مارەیی ئوم سولەیم : کە (ئیسلام) بوو .[1]

---

[1] - دانەپاڵەکەی (صحيح)ە ، احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ٢٠٣) .

[2] - دانەپاڵەکەی لە شاهیدەکانیدا (حسن)ە، ابن سعد لە (الطبقات)(٣ / ٥٠٥)،پەراوێزی (سير،٢/٢٨) .

[3] - دانەپاڵەکەی (صحيح)ە،احمد لە (المسند) دا ، شێخی عەدەوی دەڵێت: (صحيح)ە ، فظائل الصحابة:٥٠ .

لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە : ئوم سولەیم پێی وتووە : " کەس وێنەی تۆ ڕەت ناکاتەوە ، بەڵام تۆ پیاوێکی بێ باوەڕیت ، منیش هیچ مارەیی یەکم ناوێت ، جگە لە ئیسلام بوونت ، ئەویش وتی : دەی بچمە لای کێ بۆ ئەو مەبەستە ؟ وتی : بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) . ئەویش بۆی دەرچوو و بەرەو لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشت . پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی :

" جاءكم أبو طلحة و غرة الإسلام بين عينيه " .[2]

فەرمووی : ئەوە ئەبو تەڵحە بەرەو لای ئێوە دێت و ڕوناکی ئیسلام لە نێو چاوانیدا دەدرەو شێتەوە .

" جیهادی ئەبو طلحە (ﷺ) ڕۆژی ئوحود "

ئەبو تەڵحە (ﷺ) ڕۆژی ئوحود لە نێو دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیری دەهاویشت .. ئەو پیاوێکی تیر هاوێژ بوو . ئەوەبوو کاتێ تیرەکەی دەهاویشت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیڕوانی تا بزانێ بە کوێ دەگات .

ئەبو تەڵحە بە دەستی ، سنگی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی دەپاراست و ئەیوت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەم جۆرە بەنەبا تیرێکت پێ بگات .[3]

وە لە (انس)ەوە ، دەڵێت / ڕۆژی ئوحود .. خەڵکانێك شکستیان خوارد .. لە کاتێکدا ئەبو تەڵحە لە نێو دەستیدا بەرگری دەکرد ئەو کەسێك بوو زۆر بەتوندی تیرەکەی لە کەوان هەڵدەکێشا ، ئەو ڕۆژە دوتا سێ کەوانی شکاند هەر پیاوێك بەلایدا تێپەر ئەبوو تیری پێ بوایە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : " أنثرها لأبي طلحة " دەیفەرموو داینێ بۆ ئەبی تەڵحە ... و پاشان خۆیشی چاودێری خەڵکەکەی دەکرد .

---

[1] - دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، عبدالرزاق دەرهێنانی بۆ کردووە (٧ / ١٠٤) و غەیری ئەویش .

[2] - طیالسي لە مەنسندەکەیدا دەرهێنانی بۆ کردووە (٢ / ١٥٩ ، ١٦٠) .

[3] - دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ٢٨٦ ، ٢٨٧) .

ئەبو تەڵحەش (ﷺ) پێی دەوت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دایک و باوکم بە فیدات بن ، تۆ چاودێری مەکە و خۆت بپارێزە ، نەبا تیرێک لێت بدات ، با بیدات لە سنگی من لە جیاتی سنگی تۆ ..

" ڕۆژی حنین "

لە (انس) ەوە ، دەفەرموێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژی حنین فەرمووی : من قتل قتيلا فله سلبُه . فەرمووی : هەرکەسێ کەسێ بکوژێت لەم ڕۆژەدا ئەوە غەنیمەکەی بۆ خۆی دەبێت .

ئەبو تەڵحە ئەو ڕۆژە بیست پیاوی کوشت و لەسەر قسەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) غەنیمەی هەربیستەکەی پێ درا• .

" پەرستشی "

لە (أنس)ەوە / ئەبا تەڵحە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) چل ساڵ بە ڕۆژ و بوو ، تەنها لە هەردوو جەژنی قوربان و ڕەمەزان دا نەبێت .

هەر لە خۆیەوە دەگێڕنەوە کە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەمیشە بە ڕۆژ و بوو مەگەر لەسەفەردا یان لەنەخۆشیدا نەبێت ..

" بەخشینی لە پێناوی خوا دا "

هەر لە (أنس) ەوە ، دەڵێت : کاتێ ئایەتی : ﴿ لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ ... ﴾ سورة آل عمران ، آية ٩٢ . هاتە خوارەوە ، ئەبو تەڵحە وتی : پەروەردگارمان داوای ماڵمان لێ دەکات ، دەی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوا من زەوی یەکەمم دا بە خودای پەروەدگار ..

• دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، ابوداود و حاکم دەرهێنانیان بۆ کردووە (٣ / ٣٥٣) ، دەڵێت اسنادەکەی (صحیح)ە ، و زەهەبیش لەسەری کۆکە ..

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : " اجعلها في قرابتك في حسان بن ثابت ، و ابي بن كعب " نسائی گێڕاویەتیەوە . واتە : بیدە بە کەسەکانت ، حەسانی کوڕی ثابت و ابی کوری کعب .

وە لە (المؤطا) دا هاتووە : " خۆشەویسترینماڵی ئەبو تەڵحە بەلایەوە (بەیروحاء) بوو ، چونکە ڕووی لە مزگەوت بوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەهاتە ناوی و ئاوی لێ دەخواردەوە [1]. لە ڕیوایەتێکی تردا لە (انس) ەوە ، ئەبو تەڵحە لە هەموو ئەنصاریەکانی مەدینە داراتر بوو لە بوونی دار خورما و خۆشەویستترین ماڵی لەلای (بەیروحاء) بوو کە ڕووی لە مزگەوت بوو ، پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو ، لەو ئاوە پاکەی کە تیایدا بوو ئاوی دەخواردەوە .

أنس ، دەڵێت : کاتێ ئایەتی : ﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ ... ﴾ دابەزی ، ئەبو تەڵحە هەڵساو بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی وت : (ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، خوای تەعالا دەفەرموێ : ﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ ... ﴾ . وە من خۆشەویسترین ماڵم لەلام " بیروحا) ە ، و ئەوا دەیکەم بە بەخشش (صدقە) و تکام وایە بێتە چاکە و توێشوو بۆم لەلای خوا ، لەبەر ئەوە ، ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیدەمە دەست تۆ تابەو جۆرەی پەروەردگار نیشانی داویت بەکاری بێنیت .. دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (بخ ، بخ ذلك مال رابح ، وقد سمعت ما قلت ، و اني ارى ان تجعلها في الاقربين) .

فەرمووی : بەهـ ، بەهـ ئەمە ماڵێکی قازانج لێ کراوە ، گوێم لە قسەکانت بوو ، وە من وای دەبینم کە بیدەیە کەسە نزیکەکانت ..

ئەبو تەڵحەش وتی : وا ئەکەم ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، و بەوجۆرە دابەشی کرد بەسەر کەسە نزیکەکانی و ئامۆزاکانیدا . [2]

---

[1] - صحیح: الموطأ (١٨٧٥).

[2] - صحیح / بخاری و مسلم ڕیوایەتیان کردووە .

" ئایەتێك پاش مردن "

ئەبو تەڵحە بە ساڵاچوو ، ... و هەرگیز لە هیچ جەنگێك دوانەكەوت !! ئەوە بوو لە پێش یەكێ لە غەزاكاندا .. كوڕەكانی پێیان وت :

" بابەگیان ، ئەوا تۆ لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەبی بەكر و عومەریشدا (﵄) جەنگاویت ، وازبێنە و ئێمە لە جیاتی تۆ دەجەنگین ، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو ، بۆیە چوو بۆ شەڕ و لە دەریایدا و لەوێ وەفاتی كرد .[1]

وە هەر لە (انس)ەوە ، ئەبا تەڵحە سورەتی (براءة)ی دەخوێندەوە .. تا گەیشتە ئایەتی : ﴿ انفِرُوا خِفَافاً وَثِقَالاً ... ﴾ سورة التوبة ، آية (٤١) .

فەرمووی : ئەوەتا خوای گەورە بەلاوی و بە پیری داوام لێ دەكات بڕۆم بۆ جەنگ، دەی تفاقم بۆ ئامادەكەن ، كوڕەكانیشی وتیان : (بابەگیان تۆ لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەنگایت هەتا وەفاتی كرد ، و لەگەڵ ئەبوبەكردا جەنگایت تا وەفاتی كرد و لەگەڵ عومەر جەنگایت تا ئەویش وەفاتی كرد (ڕەزای خوای لێ بێت) ، ئێستا ئێمە لە جیاتی تۆش دەجەنگین ، بەلام ئەو وتی : نەخێر تفاقی جەنگم دەبێ بۆ ڕێخەن .. تا بەدەریادا ڕۆشت و وەفاتی كرد ، تا (حەوت) ڕۆژ دوورگەیەكیان نەدیەوە تیایدا بینێژن .. لە دوای ئەو ماوەیە هەروەك خۆی مابوو بە بێ گۆڕان .[2]

---

[1] - پیاوانی جێ ی متمانەن : حاكم دەرهێنانی بۆ كردووە (٣ / ٣٥) لە (المستدرك) دا وە دەڵێت : (صحیح الاسناده) و زەهەبیش دانی پەوەداناوە .

[2] - هیثمی دەڵێت : ئەبو یعلی ڕیوایەتی كردووە و پیاوانی ، پیاوانی (صحیح)ن ، المجمع (١٥٧٣٠) .

" ٢٨ - معاذی کوڕی جبل (رضي الله عنه) "

" ئەی معاذ ! بەڕاستی خۆشم دەوێیت ، لەبەر خوا "

فەرموودەی پیرۆز

معاذ کێ یە ؟ سەرداری پێشەوا (ابو عبدالرحمن ی ئەنصاریی خەزرەجی مەدەنی بەدری)یە ، هێشتا لاوێك بوو دەم و چاوی موی لێ نەهاتبوو ، لە عەقەبەدا بەشدار بوو ، کەسێکی بالاّبەرزی پێکەوتوی جوان چاك بوو . ابو سلمەی خولانی ، دەڵێت : چوومە مزگەوتی " حمص " نزیکەی سی کەسی بە سالاّچوو لە هاوەلاّنی لێ بوو ، لە ناویاندا لاوێکی چاوڕەش ی دان درەوشاوە ، بە بێ دەنگی دانیشتوە ، و خەڵکی بەرەولای ئەچن و پرسیاری لێ ئەکەن ، پرسیم : ئەمە کێ یە ؟ وتیان معاذی کوڕی جبل ، هەر لەو کاتەوە خۆشەویستی چووە ناو دڵم [1] .

وە لە (ابی بحریە) وە ، دەڵێت : چوومە ناو مزگەوتی (حمص) ، ئەبینم لاوێکی لێ یە کە خەڵکی لە دەوری کۆبوونەتەوە . کەسێك بوو قژی زۆر لول بوو ، کەقسەی دەکرد [2] ، وەك ئەوەی لە دەم و ددانیەوە مرواری و ڕوناکی بێتە دەروا بوو ، پرسیم ئەمە کێ یە ؟ وتیان : معاذی کوڕی جبل (ڕەزای خوای لێ بێت) ، هەندێ جار لە دوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) سواری ولاّخ دەبوو .

لە معاذ خۆیەوە (رضي الله عنه) ، دەڵێت : هاوپشتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم لەسەر یەك گوێدرێژ کە پێی دەوترا (عُفیر) [3] .

" چاکەکانی "

١- لە (عبدالله ی کوڕی عەمر) ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (خذوا القرآن من أربعة ، من ابن مسعود ، وابي و معاذ بن جبل ، و سالم مولى أبي حذيفة) [4] .

---

[1] - حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ٢٦٩) ، وە ابن سعد (٣ / ٢ / ١٢٥) .

[2] - ابو نعیم لە (الحليه) دا دەرهێنانی بۆ کردووە (١ / ٢٣١) . (ایوب ی کوڕی سیار)یش ناکرێتە بەڵگە.

[3] - صحیح : بوخاری لە بابی (جهاد)دا (٦ / ٤٤) دەرهێنانی بۆ کردووە .

[4] - (صحیح)ە ، بوخاری و مسلم ڕیوایەتیان کردووە .

واتە : قورئان لە چوار كەس وەرگرن كە ئەمانەن : (ابن مسعود) و (ابی) و (معاذ)ی كوڕی (جبل) و (سالم) ی مەولای ئەبی (حذيفة) .

٢- لە (انس)ەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " أرحم امتي بـأمتي ابـوبكر ، و اشدها في دين عمر ، و اصدقها حياء عثمان ، و اعلمهم بالحلال و الحرام معاذ ، و افرضهم زيد ، و لكل امة امين و امين هذه الأمة ابو عبيدة " [1]

واتە : بە بەزەیی ترین كەسی ئوممەتە كەم بۆ ئوممە تەكەم ئەبوبەكرە ، و توندترین كەسیش لە پارێزگاری كردنی ئایندا (عمر)ە و بە شەرمترینیان عوسمان و زاناترینیان بە حەلال و حەرام معاذە و ئەوەشی لە هەمووان زیاتر لە خەمی فەرزەكاندایە زەیدە و هەموو ئومەتێك سەر ڕاست و ئەمینی خۆی هەیە . سەر ڕاستی ئەم ئوممەتەش ابو عبیدەیە .

٣- لە (ابی هریرە) وە (ﷺ) ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :(نعم الرجل ابوبكر ، نعم الرجل عمر ، نعم الرجل معاذ بن جبل) [2] . **واتە : باشترین پیاو ئەبوبەكرە ، باشترین پیاو عومەرە ، باشترین پیاو معاذی كوڕی جبلە .**

٤- وە لە (معاذ) ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوام (ﷺ) پێ گەیشت پێی فەرمووم : (يا معاذ ! اني لاحبك في الله ، قلت : و انا و الله يا رسول الله ! احبك في الله . قال : افلا اعلمك كلمات تقولهن دبر كل صلاة : رب اعني على ذكرك و شكرك و حسن عبادتك) [3].

دەفەرمویت : ئەی معاذ بەڕاستی لەبەر خوا ، خۆشم دەوێیت .. منیش پێم وت : سوێند بەخوا ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، منیش بە هەمان شێوە خۆشم دەوێیت : فەرمووی : ئەتەوێ چەند وشەیەكت فێركەم كە لە دوای هەر نوێژێكەوە بیانڵێیت : بڵێ : ئەی پەروەردگار دەستم بگرە تا هەمیشە یادی تۆ بكەم و شوكرانە بژێرت بم و بەباشی پەرستش بكەم ..

٥- لە (ابی الاحوص) ەوە ، دەڵێت : عبدالله ی كوڕی مسعود خەریك بوو قسەی بۆ ئەكردن ، فەرمووی :

---

[1] - دانەپاڵەكەی (صحیح)ە : احمد (٣ / ١٨٤) و ترمزی (٣٧٩٣) و غەیری ئەوانیش .

[2] - دانەپاڵەكەی (حسن)ە / ترمزی دەرهێنانی بۆ كردووە لە (المناقب) دا (٣٧٩٧) .

[3] - دانەپاڵەكەی (صحیح)ە ، ابی داود دەرهێنانی بۆكردووە (١٥٢٢) لە (الصلاة) دا بابی(الاسغفار) .

" معاذ ئومەتێك بوو ملكەچ و فەرمانبەرداری خوا بوو ، و لە هەموو بیروباوەڕێكی چەوت بەدوور بوو ، لە هاوەڵگەڕانیش نەبوو .[1]

وە (ابن مسعود) (رضي الله عنه) دەربارەی معاذ ، دەفەرموێ : ئێمە دەمانشوبهاند بە ئیبراهیم سەلامی خوای لەسەر بێت .[2]

" پێغەمبەر (ﷺ) پرۆگرامی بانگخوازیی بۆ بەیان دەكات "

لە (ابی موسای ئەشعەری)یەوە (رضي الله عنه) ، دەڵێت : كاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو و معاذی نارد بۆ یەمەن پێی وتن : " يسرا ولاتعسرا ، و تطاوعا و لاتنفرا " ، واتە : ئاسانكاری بكەن و شتەكان قورس و گران مەكەن و خەڵكی بەرەو گوێدێری بێنن نەوەك وایان لێ بكەن پشت هەڵكەن ..

ابو موسایش پێی وت : لە زەوی یەكانی ئێمەدا خوارنەوەیەك هەیە لە هەنگوین دروست ئەكرێ پێی ئەوترێت : " البتع " و جۆرێكیشمان هەیە لە جۆ دروست ئەكرێ پێ ی ئەوترێت : " المزر " ..

فەرمووی : " كل مسكر حرام " ، واتە : هەرشتێ سەرخۆشت بكات حەرامە .

معاذیش پێی وتم : چۆن قورئان دەخوێنیت ؟ وتم : لە نوێژدا و بەسەر ولاخەكەمەوە ، و لە هەڵسان و دانیشتنمدا و هەر چۆن بۆم بكرێت .. ، دەڵێت ، معاذ وتی : بەڵام من دەخەوم و پاشان هەڵدەسم ، و هەروەك چۆن چاوەڕێی پاداشتم لە هەڵسانمدا (لەشەو نوێژەكانمدا) وەهاش چاوەڕێ پاداشتم لە بۆ خەوتنم .[3]

" زانستی معاذ "

لە (عمری كوڕی خەتاب) ەوە (رضي الله عنه) فەرمووی : كێ ئەیەوێ تێ بگات و فێر بێت ، با بێت بۆلای معاذی كوڕی جبل .[4]

---

[1] - حاكم دەرهێنای بۆ كردووە (٣ / ٢٧١ ، ٢٧٢) و زەهەبیش بە صحیح دیاناوە و لەسەری هاوڕایە .

[2] - بڕوانە / سير اعلام النبلاء (١ / ٤٥١) .

[3] - صحیحی / بوخاری و مسلم و احمد و غەیری ئەوانیش .

[4] - حاكم دەرهێنانی بۆ كردووە (٣ / ٢٧١ ، ٢٧٢) دەڵێت : ئسنادەكەی (صحيح)ە ، زەهەبیش هەمان ڕای هەیە .

" لە ڕاسپاردە کۆکراوەکانی معاذ "

لە (ابی قلابە) و غەیری ئەویشەوە ، کەسێك چەند هاوەڵێکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ی بەلادا تێپەڕی . داوای لێ کردن کە وەسیەتی بۆ بکەن . ئەوانیش یەك لە دوای یەك ڕاسپاردەی خۆیان پێ دەوت .. معاذی کوڕی جبل لە دوای هەموویانەوە بوو . کەسەکە پێی وت : ڕامسپێرە ، بەر ڕەحمەتی خوا کەویت ، معاذ فەرمووی : ئەمانەی پێش من ڕایانسپاردین و ڕاسپاردەکانیشیان هیچ گومانێکی تیانیە ، وە منیش کارەکانت لە دوو شتدا بۆ کۆدەکەمەوە : بزانە کەتۆ :

لە چارەنووس و بەشی خۆت لە دنیادا ، هەرگیز بێ نیاز نیت بەلاَم تۆ زیاتر ئاتاج و هەژاری بەشی ئاخیرەتتی لەبەر ئەوە بە بەدەستهێنانی بەشی ئاخیرەتت دەست پێ بکە ، چونکە نەسیبی دنیاشت بۆ ڕێك دەخات کە بۆ هەرجێ یەك بڕۆیت لەگەڵ دێت [١] ..

" ترسی معاذ لە پەروەردگاری "

لە (شقیق)ەوە ، دەڵێت : معاذ لە یەمەن هاتەوە و چەند بەندەیەکی پێ بوو ، لە مەککە بە (عمری کوڕی خەتاب) گەیشت ، پێشەوا عمر (﵁) پرسی : ئەمانە چین ؟ فەرمووی :پێشکەشم کراوە ، فەرمووی : بیاندەرە دەست ابی بکر ، ئەویش ڕازی نەبووبەوە .

کە شەوداهات و نوست ، خەونێکی دی ، لە خەویدا وەك ئەوەی بەرەو ئاگر ڕاپێچ بکرێ ، بەلاَم عمر (﵁) ڕایدەکێشا تا نەبرێتە ناو ئاگرەوە ، کاتێ ڕۆژ بوویەوە ، وتی : ئەی کوڕی خەتاب ، دەبێ هەر گوێڕایەڵیت بکەم .

وتی : ئەوجا بەندەکانی دایە دەست ئەبوبەکر (﵁) ئەویش دایەوە بە خۆی .. بۆ سبەی ڕۆژ ، دەبینێ نوێژە ئەکەن ، پرسی بۆ کێ نوێژ ئەکەن . وتیان بۆ خوای پەروەردگار .. ئەویش فەرمووی : دەی ئێوەش لەبەر خوا ئەوا ئازادن [٢] .

---

[١] – احمد دەرهێنانی بۆ کردووە لە (الزهد) دا (١٨٢) .

[٢] – حاکم گێڕاویەتیەوە (٣ / ٢ / ٢٧٢) دەڵێت : (صحیح الاسناد) ە و زەهبیش هەمان ڕای هەیە .

" چەند لاپەڕەیەکی ڕوناك لە خەباتی معاذ (رضي الله عنه) "

لە جەنگی (اجنادين) دا معاذ ڕەزای خوای لیّ بێت ، پێشەوای دەستی ڕاستی سوپا کە بوو ، هەڵساو بەهاورێکانی وت : ئەی موسڵمانان ، ئەمڕۆ خۆتان بفرۆشن بە پەروەردگارتان ، چونکە ئەگەر ئێوە بیانبەزێنن و شکستیان پیّ بێنن ئەوا ئەم وڵاتانە هەتاهەتایە دەبێتە ماڵی ئیسلام ، سەرباری ڕەزامەندی خوا و ئەو پاداشتە گەورەیەی خودا ئامادەی کردووە . هەروەها لە (فحل بيسان)یشدا هەر سەرکردەی دەستە ڕاستی سوپای موسڵمانان بوو (رضي الله عنه) .

(ثابت ی کوڕی سهل ی کوڕی سعد) دەڵێت : معاذ کوڕی جبل ئەو ڕۆژە لە هەمووان زیاتر سەرگەرمەمان بوو ، وە لە هەموانیش زیاتر شمشێرەکەی لە کاردا بوو بۆ گەردنی ڕۆمەکان ، لە کاتێکدا ئەو لە لای ڕاستی موسڵمانانەوە خەریك بوو شەڕی دەکرد ، سەربازانی ڕۆم لە موسڵمانان هاتنە پێش و سەربازگەکەیانیان دەوردا ، لەوێدا معاذی کوڕی جبل بە خۆی و پیاوەکانیەوە پەیدا بوون ، معاذ بانگی کردوو فەرمووی : " ئەی خەڵکینە بزانن – ڕەحمەتی خواتان لیّ بێت – بزانن کە خودا پەیمانی سەرکەوتنی بە ئێوە دا وە و بە باوەڕەکەتان پشتگیری کردوون ، دە ئێوەش خودا سەرخەن تا سەرتانخات و پێیەکانتان جێگیر کات ، ئاگاداربن .. ئێوە خواتان لەگەڵە و بیّ گومان بەسەر بتپەرستاندا سەرتان دەخات "

وەکاتیّ خەریك بوو وتوێژی دەکرد لەگەڵ ماقوڵانی ڕۆم دا پێش جەنگی (محل) و ڕازی نەبوو لەگەڵیاندا لەسەر ڕاخەرەکانیان دانیشێت : فەرمووی : دانانیشم ، چونکە ئەم ڕاخەرانەی ئێوە و دانیشتن لەسەر ئەم (دۆشەکانەی) کە بۆ خۆتان هەڵتان بژاردووە و چەوساوە و بیّ دەسەڵاتەکانتان لیّ بیّ بەش کردووە لەگەڵ ئەهلی نەتەوەکەتان ، ئەمە جوانی و لە خۆبایی بوونی دنیا زیاتر هیچی تر نیە ، خوداش پشتی لە دنیایە و ڕقی لیّ یەتی و نەهی کردووە کەستەمی لەسەر بکرێت و زیادەڕەوی تێدا بکرێت ، من ئەوەتا لێرە ، لەسەر ئەم زەویە دائەنیشم ، ئێوەش چیتان هەیە بیڵێن ، ئەوانیش کاتیّ پێیان وت : " بڕۆ بۆلای هاوەڵانت ، سوێند بەخوا ئێمە بە ئومێدین کە سبەینیّ بەرەو شاخەکان و (کێوەکان) دەرتان پەڕێنین . معاذیش فەرمووی :

" سەبارەت بەوەی دەرمانپەڕێنیت بۆ کێوەکان ئەمەیان ڕوونادات ، بەڵام سوێند بەخوا یان ئەوەتا دواییمینیان دەکوژن یان لەسەر ئەم زەوی یە بە سەرشۆڕی و زەلیلی وە دەرتان دەنێین [1] .

" ڕۆژی یەرموك "

لەوێشدا (ﷺ) هەر سەرکردەی دەستەڕاستی سوپا بوو ، لەسەر لە بەیانی ڕۆژی جەنگەکەدا هەڵساو وتاری بۆ دان ، فەمووی : ئەی خوێنەران و لەبەر کارانی (حافظ) قورئان و پشتیوانانی ڕێگای ڕاست و دۆستانی هەق ، سوێند بێ بە پەروەردگار ، بەزەیی خودا و بەهەشتی خوا بە ئاوات خواستن بە دەست ناهێنرێت ، وە خودا لێخۆش بوون و بەزەیی فراوانی خۆی بە ڕاستگۆیان و ئەوانە نەبێت کە باوەڕایان بە پەیمانەکانی خوا هەیە ، بەکەسی تر نابەخشێ ، مەگەر گوێتان لە خوای تەعالا نەبووە کە دەفەرموێ :
﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ ... ﴾ سورة النور ، آية ٥٥ .

واتە : ((خوا بەڵێنی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوە لە ئێوە و کار و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە بەڕاستی لە ئایندەیەکی نزیکدا جێنشین و پایەداریان دەکات هەر وەك چۆن ئیماندارنی پێش ئەمانی جێنشین کردووە)) ، ئێوە بە ویستی خوا سەرکەوتوو دەبن دەی گوێدێریی خودا و پێغەمبەرەکەی بن ، و ناکۆك مەبن ئەگینا شکست دێنن و ناوتان نامێنێ ، وە ئارام بگرن ، چونکە خودا لەگەڵ ئارامگراندایە ، و شەرم لە پەروەردگارتان بکەن و نەکەن لە دوژمن هەڵبێن و ڕاکەن لە کاتێکدا ئێوە لە چنگی پەروەردگاردان و لە ژێر ڕەحمەتی ئەو دان ، وە هیچ کەس لە ئێوە پەناگەیەکی دیکەی نیە جگە لە پەروەردگاری وە هیچ کەس بە بێ ویستی خودا سەر بڵند و سەرکەوتوو نابێت [2] .

وە کاتێ ڕۆمەکان دایان بەسەر لای ڕاستی سوپادا ، معاذ هاواری کرد : (ئەی بەندە موسڵمانەکانی خودا ، ئەوانە وابەرە و لای چەپیی سوپاوە دەڕۆن تا بدەن

---

[1] – الطريق الى دمشق (٤٧٢) .

[2] – دیوانی (هاشم) الرفاعی) ، بڕوانە : صلاح الامة (٣ / ٤٩٧ ، ٤٩٨) .

بەسەرتاندا ، وە سوێند بەخوا هیچ شتێ ڕەتیان ناکاتەوە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەقینە و ئارامگرتن نەبێت لەسەر بەلاو سەختی یەکان) . ئەوجا لەسەر ولاخەکەی هاتە خوارەوە و فەرمووی : کێ ئەیەوێ ولاخەکەم بەرێت تا بەسەر یەوە شەڕ بکات ، با بیبات . وە خۆی لەسەر پێ و بە بێ ولاخ لەگەڵ پیادەکاندا شەڕی دەکرد ، تا (عبدالرحمن)ی کوڕی جبل ، کوڕی معاذ کە لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو ، هەڵسا و وتی : بابەگیان ، من تکام وایە بەسواری ولاخەوە باشتر بجەنگم لەوەی کە بە پیادە شەڕ بکەم و موسڵمانان لێم بێ نیاز بن ، وە تۆش بە پیادە باشتر دەجەنگێیت تا بەسەر ولاخەوە ، زۆربەی سەربازانی سوپاش پیادەن ، وە ئەگەر تۆ ببینن کە بە پیادە بە ئارامگری یەوە بجەنگیت - بە ویستی خوا - ئەوانیش ورەیان بەرز دەبێتەوە و ئارامگر و پشوو درێژ دەبن .. معاذیش پێ ی وت : خودا منیش و تۆش یارمەتی بدات ، کوڕم [1] .

" دادپەروەری لە ژیانیدا "

(یەزیدی کوڕی عومەیرە) کەیەکێ بوو لە هاوەڵانی معاذی کوڕی جبل وتی : هەر کاتێ معاذ لە جێیەك - دانیشتگایە - دانیشتایە ئەیفەرموو :

" الله ، دادوەری دادپەروەردە ، بەرز و پیرۆز بێت ناوی ، بەد گومانان لە ناوچن "

پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش وەفاتی خواحافیزی لێ دەکات ، لە عاصم ی کوڕی حومەیدی سەکوونی یەوە : -

کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) معاذی نارد بۆ یەمەن ، هەڵسا بە ڕاسپاردنی ، لە کاتێکدا معاذ بەسەر ئەسپەکەیەوەیەتی فەرمووی : " یا معاذ ! انك عسی ان لا تلقانی بعد عامی هذا ، و لعلك ان تمر بمسجدي و قبری .

---

[1] - الطریق الی دمشق (٤٧٦) .

واتە : ئەی معاذ ! لەوانەیە لەم ساڵ بەدواوە نەمبینیتەوە ، و لەوانەیە بەلای مزگەوت و گۆڕەکەمدا تێپەڕبیت .. (معاذ)یش دەستی بە گریان کرد ، فەرمووی : (لا تبك یا معاذ ، او ان البكاء من الشیطان)[1] .

واتە : مەگری معاذ ، (یاخو فەرمووی) بەڕاستی گریان لە شەیتانەوەیە .

" پشوو درێژی لەسەر بەلاو ناڕەحەتی "

کاتێ تەنگانە و نەهاتەکان مەحکەم دەبن و داوەکانی ئالۆز دەبن و سەخڵەتی یەکان یەکلەدوای یەك دێن و شەوگاری درێژ دەبێت ، ئەوە هەر ئارامگری یە ڕووناکی یەکی وادەداتە موسڵمان کە نەشلەژێ و هەر دان بە خۆداگرتنە ڕێنوێنێ دەکات نەبابێ هیوابێت ، ئارامیش لە ڕەگەزەکانی پیاوەتی یە ... چونکە لە ڕاستیدا کەسانی لاواز بەرگەی بارەقورسەکانی ژیان ناگرن .. بەڵکو یاوانی شان و بازووپتە و دەتوانن بچنەژێرباری !! ژیان بەو جۆرەیە ، تەنها گەورە پیاوان و کەسانی پاڵەوان و پشوو درێژ دەتوانن پەیامەکەی ڕاپەڕێنن ... وە بێگومان ، کە معاذ لەم کەڵە پیاوانەیە ، بەڵکو گەورەیان و لە پێشیانەوەیە لە خەباتدا و لەکاتی نەخۆشیشدا ..

لە ئوم سەلەمەوە ، (رضي الله عنه) کاتێ ئەبا عبیدە لە تاعونەکەی (عمواس) دا تووش بوو ، و کەوت و ئازار و ژان زۆری بۆ هێنا ، (معاذی کوڕی جبل) ی کردە جێنشینی ، خەڵکی هاواریان کرد لە معاز : داوا لە خوای پەروەردگار بکە ، بەڵکو ئەم دەردە پیسەمان لەسەر هەڵگرێت ، ئەویش فەرمووی :

" ئەمە پیسی نیە ، بەڵکو دوعای پێغەمبەرەکەتان (ﷺ) و ، مەرگی پیاوچاکانی پێش خۆتان و شەهید بوونی کەسانێکە کە خودا بەویستی خۆی تایبەتمەندی کردوون ، ئەی خەڵکینە ! چوار خەسڵەت هەیە ، کێ لە ئێو دەتوانێ بانەیگەرێتەوە ، وتیان : چی یە ؟ فەرمووی : — سەردەمێك دێت باتڵ و ناهەق دەردەکەوێت (دەسەلاتدار دەبێت) و

[1] — پیاوانی فەرمووودەگە جێ ی باوەڕەن : احمد گێڕاویەتیەوە (٥ / ٢٣٥) ، وە مۆڵەتی گریان لە چەند فەرمووده داهاتووە .

سەردەمێك دێت پیاو دەڵێت : سوێند بەخوا نازانم من چیم ، نەبە بەرچاو ڕوونی دەژی و نەبەبەرچاو ڕوونی دەمرێت[1] .

لە (عبدالرحمن ی کوڕی غەنم)ەوە ، دەڵێت :

تاعون لە شام بلاّو بوویەوە ، عمری کوڕی عاص هەڵساو وتارێکی بۆ خەڵکی دا ، فەرمووی : ئەم تاعونە دەردێکی پیسە ، لێی هەڵبێن و بەرەو دۆڵ و نێوان کێوەکان بڕۆن ، ئەمە بە (شرحبیل ی کوڕی حەسەنە) گەیشت ، تووڕە بوو ، و هات بە جۆرێك جلەکانی بەسەرزەویدا ڕائەکێشا و نەعلەکانی بە دەستی یەوە بوون ، فەرمووی : هاوەڵی پێغەمبەری خوام (ﷺ) کردووە ، بەلاّم ئەمە ڕەحمەتی پەروەردگارە و دوعای پێغەمبەرەکەتانە (ﷺ) و مەرگی پیاوچاکانە پێش مەرگی ئێوە ...

ئەوجا ئەم هەواڵە بە معاذ گەیشت ، فەرمووی : ئەی خوای پەروەردگار زۆرترین بەشی لێ بدە بە ئەهلی معاذ[2] .

ئەوەبوو بەو دەردەوە هەردوو کچەکەی مردن و لەیەك گۆڕدا سپاردنی . وە (عبدالحمن)ی کوڕیشی تووش بوو ، کاتێ لە کوڕەکەی پرسی حاڵت چۆنە ؟ فەرمووی : ﴿ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ فَلا تَكُنْ مِنْ الْمُمْتَرِينَ ﴾ سورة آل عمران (٦٠) . واتە : هەقیقەت و ڕاستی هەر ئەوەیە کە لەلایەن خواوەیە .

کەواتە : نەکەیت لەوانە بیت کە گومان کاری لەسەریان هەیە .

ئەویش فەرمووی : ﴿ سَتَجِدُنِي إِنْ شَاءَ اللَّهُ مِنْ الصَّابِرِينَ ﴾ سورة الصافات ، آية (١٠٢) .

واتە : دەمبینی ، بەویستی خوا ، لە ئارامگران دەبم .

دەڵێت : دەستی معاذیش تووشی نەخۆشی یەکە بوو ، بەردەوام ئەم دیو دیوی پێ دەکرد و ئەیفەرموو ئەم دەستەم لە ئەوە و ئەوە خوشتر دەوێت ، و دەیفەرموو : (ئەی پەروەردگار ! بمبەرەوە و بە لیقات شادم کە ، خۆت دەزانی کە خۆشم دەوێیت) وە پیاوێکی بینی دەگریا ، پرسی : بۆچی دەگریەیت ؟ وتی : لەبەر دنیایەك ناگریەم کە لە

[1] - بڕوانە : ابن سعد لە (التطبقات) دا (٣ / ٢ / ١٢٤)

[2] - پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەنای بە خودا دەگرت لەم دەردە بێ دەرمانانە ، بەلاّم دەبینین معاذی کوڕی جبل و دوعای تووشبوونی بەم دەردە دەکرد بە ئومێدی شەهید بوون .

تۆوە چنگم کەوتبێ و پاش تۆ لێم دابڕێ ، بەڵکو بۆ زانستێك دەگریم لە تۆم وەردەگرت دوای تۆ لەکێ وەرگرم ، فەرمووی : جا بۆچی دەگریەیت ، خۆ ئیبراهیم (علیهم السلام) کاتێ لەسەر زەوی بوو ، هیچ زانیاری یەکی تیانەبوو ، خوای گەورە خۆی زانستی پێ گەیاند ، ئەگەر من مردم ئەوا لە لای چوار کەس زانست بخوازە : عبدالله ی کوڕی مسعود ، سلمانی فارسی ، عبدالله ی کوڕی سلام و عومیر أبی الدرداء [1].

وە لە (حارثی کوڕی عمیرە) وە ، دەڵێت : کاتێ لە تەنیش (معاذ)ەوە بووم لە سەرەمەرگیدا ، لە هۆشی خۆی دەچوو ، دەهاتەوە سەر هۆش ، دەیفەرموو : (خەفەم کە – واتە – بمرێنە – ئەی پەروەردگار – چونکە سوێند بە گەورەیت ، خۆشم دەوێیت [2].

وە دوای گەشتێکی پیرۆز ... کە معاژ گرتیەبەر و پاش بەشداری یەکی بەرفراوانی لەگەیاندنی بانگی هەق و چەسپاندنی بنچینەکانیدا ... و پاش گەڕانێکی دوور درێژ بەدوای شەهادەتدا لە سەر مەیدانی جەنگ ، دواجار لەسەر جێگەی مەرگ ئەو ئاواتە ی بە دەست هێنا (وکان امر الله قدرا مقدورا) .

سا ڕەحمەتی خوات لێ بێت ، ئەی پێشەوای زانایان ... وە خوا بۆ خۆی پاداشت و بەخششی بەسەرتدا ببارێنێ ...

و آخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين

---

[1] – بوخاری دەرهێنانی بۆ کردووە لە (التاريخ الصغير) (١ / ٧٣ / ٧٤) .

[2] – ابن سعد دەری هێناوە (٣ / ٢ / ١٢٥) .

" ٢٩ - سەعدی کوڕی معاذ (رضي الله عنه) "

" ئەو پاڵەوانەی عەرشی پەروەردگار بۆ مەرگی کەوتە هەژان !! "

کێ یە ؟

شەهیدی پایەبەرز سەعدی کوڕی معاذی کوڕی نعمانی کوڕی عبد الاشهل ، ابو عمری ئەنصاری ئەوسی ئەشهەلی ، بەدری یە کە عەرشی پەروەردگا بە مەرگی هاتە هەژان !! سەعد (رضي الله عنه) پیاوێکی سپی پێستی بالاّ بەرزی جوانچاك و پێ کەوتوو بوو ...

لە سەر دەستی (مصعب ی کوڕی عمیر) (رضي الله عنه) موسڵمان بووە . ابن اسحاق ، دەڵێت : (کاتێ موسڵمان بوو ، چوو بۆلای هۆزەکەی و پێی وتن ، ئەی نەوەی (عبد الاشهل) چۆن لە من دەڕوانن ؟

وتیان : لە فەزڵ و چاکەدا ، گەورەمانی و لە هەموومان ڕاسترەوتری لە ڕابەری کردنتدا . فەرمووی : دەی قسەکردنم لەگەڵ پیاو و ئافرەتتان حەرام بێت ، ئەگەر باوەڕ نەهێنن بەخوا و پێغەمبەرەکەی .

دەڵێت : سوێند بەخوا کەس نەما لە ماڵی (بنی عبد الاشهل) لە پیاو و لە ئافرەت موسڵمان نەبێت و هەموویان باوەڕیان هێنا [1] .

ابن الشهاب ، دەڵێت : سەعدی کوڕی معاذ لە (بەدر) دا بەشدار بووە ، و لە ڕۆژی (خندق) دا برندار کراوە (تیرێکی لێ دراوە) و دوای ئەوە مانگێك ژیاوە و بەهۆی برینەکەیەوە کە داویەتیەبەر و وەفاتی کردووە .

نووسەر دەڵێت : لەگەڵ ئەوەشدا کە سعدی کوڕی معاذ (رضي الله عنه) چەند ساڵێکی کەم لەناو ئیسلامدا ژیا ، بەلاّم ئەو پێشبڕکێی لەگەڵ کاتدا دەکرد و توانی لەو ماوەکەمەدا سەروەری یەکی گەورە بۆ خۆی و بۆ ئایینەکەی بنیات بنێت .

---

[1] - بڕوانە : سیرە ابن هشام (١ / ٤٢٧) .

" چەند هەڵوێستێکی نەمر لە ژیانیدا "

لە ڕاستیدا هەڵوێستە زیندوو نەمرەکانی ئەم بەندە چاکە خوازە زۆرن ، کەسێك عەرشی پەروەدگار بە مەرگی بێتە لەرزین و فریشتەکان پێشبڕکێ بکەن بۆ بەڕێ کردنی جەنازەکەی و هەڵگرتنی تابوتەکەی .. بەڕاستی کەسێکە شایستەی بەرزڕاگرتن و ڕێز لێ گرتنە .. هەندێ لەو هەڵوێستانەش :

لە ڕۆژی (بنی قریظة)دا :

خاتوو (عائشە) ی دایکی ئیمانداران (رضي الله عنها) ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئوم سەعدا لە قەڵای (بنی حارثە) دا بوون ، سەعد بەلایاندا تێپەڕ بوو (درع) ێکی بەستبوو کە چوو بوویەوە یەك و کورت بوو بوویەوە کە باڵی هەمووی لێیەوە هاتبووە دەرەوە ، حەربەیەکی بە دەستەوە بوو .. عائشە (رضي الله عنها) بە ئوم سەعدی فەرموو : خۆزگە (درع)ەکەی کەمێك فراوانتر و باشتر بوایە ، ئەوە بوو تیرێك لەلایەن (ابن العرقە)وە لە (سەعد) درا و ڕەگی ناوەڕاستی باڵی بڕی . (ابن العرقە) کاتێ تیرەکەی لێ دا وتی : بیگرە ، منم (ابن العرقە) ئەوش فەرمووی :

(عــــرق الله و جهـــــك في النــــار) واتە : خــوا لــە ئـاگردا ئارەقــە بــە دەم و چاوتا بێنێت ..

دەیفەرموو : ئەی پەروەردگار .. ئەگەر هێشتا ڕووبەڕوو بوونەوە و شەڕێك لەگەڵ قورەیشدا ماوە ، ئەوا بمهێڵە بۆی ، چونکە هیچ لەوە خۆشتر نیە بەلامەوە کە دژی هۆزێك بجەنگم لە پێناوی تۆدا کە ئەو هۆزە ئازاری پێغەمبەرەکەی تۆیان دابێت و بەدرۆیان خستبێتەوە و وەدەریان نابێ . وە ئەگەر کۆتاییت بەشەڕ هێناوە لە نێوانماندا ، ئەمەم بۆ بکە بە هۆکاری شەهادەت و مەممرێنە تا بە چاوی خۆم شکست و تیاچوونی (بنی قریظة) دەبینم [1] .

ئەوەبوو بەنو قریظە پەیمانشکێنییان دەرهەق پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردبوو وە لەگەڵ (ئەحزابەکاندا) ڕێك کەوتبوون کەوا بنی قریظة ڕێگەی چوونە ناو مەدینەو دان بەسەر موسڵمانانیان بۆ خۆش کات .. ئەگەر بەزەیی خودا نەبوایە ..

[1] – پیاوانی جێ باوەڕن : ابن هشام (٢ / ٢٢٦) و احمد تۆزێ لەمە درێژتر باسی کردووە .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەعدی بۆ نادر بوون تاوەکو پەیمانەکەیان وەبیر بێنێتەوە کە دابوویان بە پێغەمبەری خوا ... ئەوە بوو دەستیان بە جنێو پێدان و ئازاردانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد ، لەبەر ئەوە بوو سەعد ئەم دوعایەی کرد ...

وە کاتێك خوای پەروەردگار بە دەسەڵاتی خۆی (احزاب)ی شکست پێ هێنا .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئابلۆقەی (بنی قریظة‌ی) دا تا کەوتنە ژێر فەرمانی سەعدی کوڕی معاذ ...

پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەیامنێرێکی نارد بۆ سەعد ، سەعد ، فەرمانی کرد پیاوانی بنی قریظة بکوژرێن و ئافرەتەکانیشان دیل بکرێن ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمەی پێ گەیشت ، فەرمووی : لقد حکم فیهم بحکم الله الذی حکم به من فوق سبع سموات)[1] .

واتە : بەڕاستی ئەو فەرمانەی سەعد بەسەریاندا جێبەجێ ی کرد ، خوای گەورە لەسەر و حەوت ئاسمانەوە هەمان ئەو فەرمانەی بڕیاردابوو ...

لە ریوایەتی پێشەوا (احمد) دا ، لە جابرەوە ، دەڵێت : پیاوانی بنی قریظة (٤٠٠) چوار سەد کەس بوون ، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کوشتنیان بوویەوە .. برینەکەی سەعد سەری هەڵدایەوە ...

" وەفاتی سەعد (رضي الله عنه) "

لە (محمودی کوڕی لبید)ەوە ، دەڵێت : کاتێ دەماری باڵی سەعد لێ درا و گرانایی بۆهات ، بردیان بۆ لای ئافرەتێك کە بریندارى تیمار ئەکرد بەناوی (رفیدة) وە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەردەوام هەواڵپرسی لێ دەکرد و دەیفەرموو : کیف امسیت ، و کیف اصبحت ؟)

واتە : ئەمشەو چۆن بوویت ؟ چۆن ڕۆژت کردەوە ؟ .. ئەویش هەواڵی پێ دەدا ، تا ئەو شەوەی کە هۆزەکەی گواستیانەوە پاش ئەوەی حاڵی خراپ بوو ، هەڵیان گرت و بردیان بۆلای ماڵی (بنی عبدالاشهل) . پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات و فەرمووی :

---

[1] - دانەپاڵەکەی (حسن)ە ، ابن سعد دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ٢ / ٦) و ارنؤوط بە (حسن) دایناوە ، هامش سیر اعلام النبلاء (١ / ٢٨٩) .

دەرچــن بــابڕۆین .. چــوە دەروە و ئێمــەش لەگــەڵی چــووینە دەرەوە ، ئەوەنــدە خێــرا دەڕۆشت قــەیتانی نەعلــەکانمان بچڕا ڕۆبــەکانمان بەســەرەوە کــەوت ، هــاوەڵان سکاڵای ئەمــەمان لای پێغەمبــەری خــوا کــرد (ﷺ) – کــە بــەڵکو کــەمێك لەســەر خۆتر ڕێ بکــەن – پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فــەرمووی : انــي اخــاف ان تــسبقنا اليــه الملائكــة فتغسله كما غسلت حنظلة) .

فەرمووی : ئەترسم فریشتەکان پێش ئێمە بگەنە سەری و بیشۆرن هــەروەك چۆن (حنظلــه) یــان شــۆرد .. ئــەوەبوو پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) و هــاوەڵان گەشــتنە ماڵەکــە ، دەبینن دەیشۆرن و دایکی خەریکە بۆی دەگری و دەڵێت :

ويل ام سعد سعدا   خرامة وجدا [1]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : كل باكية تكذب الا ام سعد

واتــە : هــەموو گریاوێك کــە بــۆ مردووەکــەی دەگــری درۆ دەکــات ، بێجگــە لــە ئــوم ســەعد . (مەبەستی ئەوانەیە کەبەسەر مردووەکانیاندا هەڵدەدەن) . پاشان چووە دەرەوە ..

محمودی کوڕی لبید دەڵێت : خەڵکەکە وتیــان : ئــەی پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) ، تــا ئێستا هیچ مردوویەکمان هەڵنەگرتووە لە سەعدکێشی سوکتر بوو بێت .

فەرمووی : (ما يمنعه ان يخف وقد هبط من الملائكة كذا وكذا لم يهبطوا قط قبل يومهم ، قد حملوه معكم) [2]

واتــە : چــۆن کێشی ســوك نابێــت ، لەکاتێکــدا ئەوەنــدە و ئەوەنــدە لە فریشتەکان دابەزیون کە تا ئێستا دانەبەزیون ، وە لەگەڵ ئێوەدا ئەویان هەڵگرتووە ..

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی سەعدی کردووە کاتێ کە برینەکەی گرانــایی بۆ هێناوە و پێش ئەوەی گیانی دەرچێت (ﷺ) .

لــە (عبــدالله ی کــوڕی شــداد) ەوە ، دەڵێــت : پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) هــات بــۆلای ســەعد (رضي الله عنه) لــە کاتێکــدا لەبــەر ئــازار پێــچی دەخــوارد ، پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) ، فــەرمووی : (جزاك الله خيرا من سيد قوم ، فقد انجزت ماوعدته و لينجذنك الله ماوعدك) [1]

---

[1] – واتە / واوەیلا بۆ دایکی سەعد ، بۆ دایکی کەسێکی سەر ڕاست و پاڵەوان .

[2] – دانەپاڵەکــەی (حــسن)ە ابــن ســعد دەرهێنانــەی بــۆ کــردووە (٣ / ٢ / ٧ ، ٨) (ارنــؤوط) یــش دانەپاڵەکەی بە (حسن) داناوە سير (١ / ٢٨٧) .

واتە : خوا پاداشتت بداتەوە ، کە چ سەرەك هۆزێکی باش بوویت .
بەڕاستی ئەوپەیمانەی بە خوای خۆتت دابوو بەجێت هێنا ، وە دڵنیا بە کە خودای پەروەردگاریش ئەوپەیمانانەی بە تۆی داوە بە جێی دەهێنێت ..

" جوڵانی عەرش بە مردنی "

چ بەهرەیەك و چ ڕێزێك لەمە گەورەترە ، وە چ نیشانێك لەمە بەرزترە ؟! بەندەیەك لە سەر زەوی وەفات دەکات ، تەختی پەروەردگار لە خۆشی هاتنیدا دێتە هەژین و جوڵان !!

" (إقرأ) بخوێنە "

لە جابرەوە ، دەڵێت : جبریل سەلامی خوای لەسەر بێت هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و فەرمووی : (ئەم بەندە چاکە کێ بوو وەفاتی کرد ؟ دەرگای ئاسمانەکانی بۆ کرایەوە و تەختی پەروەردگاری بۆ جوڵا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە دەرەوە دەبینێ (سەعد)ە وەفاتی کردووە . دەڵێت : بەسەر گۆڕەکەیەوە دانیشت [٢].
پێشەوا (ذهبي) دەڵێت : چەند جار فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتووە بە (تواتر) کە فەرموویەتی : (ان العرش اهتز لموت سعد فرحا به) .
واتە : عەرشی خودا لە خۆشی هاتنی سەعد ، بەوەفاتی هاتە جوڵان ...
و لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە چەسپاوە کە دەربارەی کراسێك (حلّة) کە هەمووان لە جوانی یەکەی سەریان سوڕماوە فەرموویەتی : (لمناديل سعد ابن معاذ في الجنة خير من هذا) [٣]
واتە : دەستە سڕەکانی سەعدی کوڕی معاذ لە بەهەشتدا لەمە جوانتر و باشترن ..

---

[١] – پیاوانی جێی باوەڕن : ابن سعد لە(الطبقات)(٣ / ٢ / ٩). پەڕاوێزی سير اعلام النبلاء (١ /٢٨٨).
[٢] – احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ٣٢٧) . الحاكم (١ / ٢٠٦) وە دەڵێت : (صحيح الاسناد)ە و زەهەبیش هەمان ڕای هەیە .
[٣] – صحيح / احمد دەرهێنانی بۆ کردووە ، وە حاکمیش (٣ / ٢٠٦) زەهەبیش بە (صحيح) دایناوە و لەسەری هاوڕایە .

ذهـبي " ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت " دەڵێـت : " (عـەرش) یەکێکـە لـە دروستکراوەکانی خودای پەروەردگار و ڕام کراوە کە بەویستی خودا هەرکاتێ بیەوێ دەهەژێ و دەجوڵێت و هەستی خۆشەویستی (سعد)ی تیابەدی کردووە ، هەروەك چۆن هەستی خۆشەویستی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی لە کێوی ئوحود دا بەدی کردووە . خوای گەورە دەفەرموێ : (یا جبال اوبي معه) سورة سبأ ، آیة(١٠) [١] ... ئەمەش هەق و ڕاستەقینەیە .

وە لە (صحیح)ی بخاری دا هاتووە کە ابن مسعود فەرموویەتی : " گوێمان لە تەسبیحاتی خواردن ئەکرد لە کاتێکدا دەخورا) [٢] ئەمەش بەڕاستی دەرگایەکی فراوانە و ڕێگاکەی ئیمان و باوەڕە [٣] .

" فریشتە لە جەنازەی (سعد ﷺ)دا "

پاك و بێگەردی بۆ خوا ، پایەی مرۆڤ چەند بەرزە کاتێ خودای خۆی دەناسێت و چەند جوان و چەند بەڕێزە ... وەفدەکانی ڕەحمان دەستە دەستە لەکاتی مردنیدا دادەبەزنە سەری : (الا تخافوا و لاتحزنوا و ابشروا بالجنة التي کنتم توعدون) **فصلت:**٣٠ .

واتە : هیچ ترس و بیمێکتان نەبێت لە داهاتوودا ، هیچ غەم و پەژارەیەکتان نەبێت بۆ ڕابردوو ، مژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کە کاتی خۆی بەڵێنتان پێ دەدرا .

ئەوەتا دەوری جەنازەی سەعدیان داوە و لە کەژاوەیەکی بەهەیبەتدا کە قەڵەم ناتوانێ وەسفی بکات لەگەڵیدا ڕێ ئەکەن ..

لەابن عمر ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (هذا العبد الصالح الذي تحرك له العرش ، و فتحت ابواب السماء ، و شهده سبعون الفامن الملائکة لم ینزلوا الی الارض قبل ذلك ، لقد ضم ضمة ثم افرج عنه یعنی سعدا [٤] .

---

[١] – ماناکەی : ئەی کێوەکان تەسبیحات و سرودی ستایشی لەگەڵدا بڵێنەوە .

[٢] – صحیح : بوخاری (٣٥٧٩) .احمد (١ / ٤٦٠) .

[٣] – بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (١ / ٢٩٥) .

[٤] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە / نسائی دەری هێناوە (٤ / ١٠٠) ابن سعد (٣ / ٢ / ٩) .

واتە : ئەم بەندە چاکەکارەی کە عەرشی پەروەردگاری بۆ جولاّ و دەرگاکانی ئاسمانی بەڕوودا کرایەو و حەفتا هەزار فریشتەکە تا ئێستا دانەبەزیبوونە سەر زەوی شاهیدی بەرێکردنی جەنازە کەیین ، ئەم بەندەیە هێندەی لە باوەش کردنێك (گوڕ وشار)دراو دواتر ئازاد کرا ..

" گوڕە وشار "

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " لونجا احد من ضمة القبر ، لنجا منها سعد" [1] واتە : ئەگەر کەسێك بوایە لە گوڕە وشار ڕزگاری بوایە ، ئەوە سەعد بوو ...

ڕای پێشەوا زەهەبی : پێشەوا زەهەبی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەڵێت : " دەڵێم : ئەم گوشینە هیچ پەیوەندیەکی بەسزای گوڕەوە نیە ، بەڵکو شتێکە باوەڕدار لە خۆیدا بەدی ئەکات وەك چۆن ئازاری لە دەست دانی منداڵ و دۆستانی لەدنیادا هەست پێ ئەکات ، هەروەك چۆن ئازاری نەخۆشی و ئازاری ڕۆح کێشان و ئازاری پرس و جۆی گوڕ و تاقیکردنەوە و ئازاری کاریگەر بوونی بەگریانی ئەهلەکەی بۆی و ئازاری هەڵسانەوەی لە گوڕەکەی و ئازار و تۆقینی ڕاوەستانی ڕۆژی مەحشەر و ئازاری ڕۆشتن بەسەر پردی (سراط)دا بەدی ئەکات ..

کەواتە هەموو ئەم ترس و ئازارانە هەیە و مرۆڤ تووشی دەبێت وە هیچیان نەسزای گوڕن و نەسزای دۆزەخن ، بەڵام بەندە لە خواترس و تەقوادارەکان لە هەندێ یان هەموویاندا سۆز و نەرمیی لەگەڵدا دەبێت و لەسەری سوك دەکرێت وە باوەڕدار بە بێ لیقای پەروەردگاری ڕاحەتی نابینێت . خوای پەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ ... ﴾ سورة مريم ، آية (٣٩)

واتە : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ستەمکاران ئاگادار بکە لە ڕۆژی ئاهو ناڵە .

وە دەفەرموێ : ﴿ وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الآزِفَةِ إِذْ الْقُلُوبُ لَدَى الْحَنَاجِرِ ... ﴾ سورة غافر ، آية (١٨) . واتە : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیانترسێنە و ئاگاداریان بکە لە ڕۆژەنزیکەکە ، ڕۆژی قیامەت ، کاتێ کە دڵەکان دەگەنە گەروو .

[1] – دانپاڵەکەی (صحیح) : احمد لە مەسنەدەکەیدا (٦ / ٥٥ / ٩٨) گێڕاویەتیەوە .

تکامان وایە خوای پەروەردگار لە سۆز و لێبوردەیی شاراوەی خۆی بێ بەشمان نەکات.

سەعد (رضي الله عنه) لەگەڵ بوونی ئەم هەژاندنانەشدا ، دەزانین کە لە ئەهلی بەهەشتە و یەکێکە لە شەهیدە پایە بەرزەکان (ڕەزای خوای لەسەر بێت) .

کەواتە وا نەزانیت سەرفرازان لەهەردوو دنیادا توشی ترس و تۆقین و ئازار نابن ... بەڵکو داوای سەلامەتی لە خوای پەروەردگار بکەن و داوا بکەن بمانکاتە هاوشێوەی سەعد و لەگەڵ ئەودا حەشرمان بکات[1] .

وە کاتێ سەعدی کوڕی معاذ وەفاتی کرد دایکی هاواری کرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : (الا یرقأدمعك و یذهب حزنك ؟ فإن ابنك ، اول من ضحك الله الیه ، و اهتز له العرش) . زەهەبی دەڵێت : فەرموودەیەکی (مرسل)ە .

واتە : لەبەرچی فرمێسك دەڕێژێت و خەفەت دەخۆیت ؟ کوڕەکەی تۆ یەکەم کەسە خوای پەروەردگار بەدەمیەوە پێکەنیبێت و عەرشی بۆ هەژیبێت .

" گریانی هاوەڵان بەسەریەوە "

کاتێ برینەکەی سەعد کولایەوە و سەری هەڵدایەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) خێرا چوو بۆلای و لە ئامێزی گرت ، خوێن لە برینەکەیەوە دەچۆڕا . پێشەوا ابوبکر (رضي الله عنه) هات و فەرمووی : (ئای چ پشت شکانێکە ڕوشتنی سەعد !) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (مهلا ابابکر) لەسەر خۆبە ، ئەبوبەکر ، ئەوجا پێشەوا (عمر) هات ، فەرمووی : ﴿ .. إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴾[2] .

وە لە عائشەوە (رضي الله عنها) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ابوبکر و عمر هاتن بۆلای سەعدی کوڕی معاذ لە کاتێکدا خەریك بوو وەفاتی دەکرد . دەڵێت : سوێند بەوکەسەی گیانی (محمد)ی بەدەستە گریانی (ئەبوبەکر و عمر)م لێك جیا دەکردەوە ، لە کاتێکدا لە ژوورەکەی خۆمدا بووم و ئەوان لە مزگەوت بوون ئەوان هەروەها بوون کە

---

[1] – بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (١ / ٢٩٠ / ٢٩١) .

[2] – پیاوانی جێ ی باوەڕن بەڵام (مرسل)ە بەڕای ارنؤوط . (سیر اعلام النبلاء) ١ / ٢٨٥ پەراوێز .

پەروەردگار دەربارەیان فەرموویەتی : ﴿ ... رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ... ﴾ سورة الفتح ، آيــة (٢٩)[١]
واتە لە نێوان یەکتریدا بەبەزەیین ..

سەعد ، وەفاتی کرد لە تەمەنی سی و حەوت ساڵیدا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی لەسەر کرد و لە (بقیع) سپاردە کرا .

لە ژێر خاکی (بقیع) دا گەورەمان (سەعد) نووستوە و سیرەی پاك و ڕوناکی بە بۆنخۆشی و بە درەوشاوەیی ماوەتەوە خوات لەگەڵ بێت سەروەرم ... وە لە هەردوو جیهان سەلامت لێ بێت ...

"والحمد لله رب العالمين"

[١] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە : احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٦ / ١٤١٢ / ١٤٢) .

" ٣٠ - عوسمانی کوڕی مظعون (رضي الله عنه) "

" یەکەم کەسە لە (بقیع) سپاردە کرا بێت "

پێناس :

عوسمانی کوڕی مظعونی کوڕی حبیب ی کوڕی وهب ی (جمحی)یەو بە (ابو السائب)یش بانگ کراوە . یەکێکە لە کۆچەرە بەڕێزەکان و لە ئەولیا لە خواترسەکانە / ئەوانەی سەرفراز بوون بە وەفات کردنیان لە ژیانی پێغەمبەری خوادا و نوێژی لەسەر کردن ، ابو السائب (رضي الله عنه) یەکەم کەس بوو لە (بقیع) نێژرا [1] .

چواردەهەمین پیاو بوو ئیمانی هێناو موسڵمان بوو ، هەردوو هیجرەتی کردووە و دوای جەنگی بەدر وەفاتی کردووە .

کەسێکی خواپەرست و بەکۆشش بوو . لەگەڵ (علی) و (ابوزەر)دا ویستیان واز لە ژن هێنان بێنن ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) نکۆڵی ئەمەی لێ کردن .

سعیدی کوڕی مسیب ، دەڵێت : گوێم لە سعد بوو ئەیوت : پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەوەی لە عوسمانی کوڕی مظعون ڕەت کردەوە کە ویستی واز لە ئافرەت بێنێ و هەرگیز ژن نەهێنێت ، خۆ ئەگەر وانەبوایە و مۆڵەتی ئەوی بدایە ئێمەش وامان دەکرد [2] .

هەروەها (رضي الله عنه) یەکێ بوو لەوانەی لە جاهیلەتیشدا مەی خواردنەوەی حەرام کردبوو . عوسمانی کوڕی مظعون دەڵێت : خواردنەوەیەك ناخۆمەوە کە هۆش و عەقڵم بەرێت و کەسانی خوار خۆیشم پێم پێکەنن و وام لێ بکات کچی خۆم مارەبکەم – واتە زینا لەگەڵ کچی خۆم بکەم – . زەهەبی دەڵێت : ئەمە هەواڵێکە بە بچڕبچڕی هاتووە و نەچەسپاوە .

" ئارامگری عوسمان لەسەر ئازاردانی لە پێناو خوادا "

کاتێ عوسمانی کوڕی مظعون هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی دەبینی کە چۆن وا لە مەککەدا ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن ، لە کاتێکدا ئەم بەهۆی (ولیدی کوڕی

---

[1] – بڕوانە : الاصابة (٦ / ٣٩٥) .

[2] – صحیح / بخاری و مسلم و ترمزی (١٠٨٣) و غەیری ئەوانی گێڕاویانەتەوە .

مغیرە) وە پارێزراوە ، فەرمووی : سوێند بەخوا ئەمەی کەمنی تیایە و لە پاڵ پیاوێك ی بێ باوەڕدا وا من خۆم پاراستووە و هاوەڵان و هاوئایینەکانم تووشی ئەشکەنجە و بەلا گەلێك دەبن کە من توشی نابم ، ئەمە کەموکورتیەکی گەورەیە لە دەروونمدا ، بۆیە چوو بۆ لای (وەلیدی کوڕی مغیرە) و پیّ ی وت : ئەی (ابا عبدشمس) ئەوە لە ئەستۆی تۆدا نەمام و پێویست ناکات پارێزگاریم لیّ بکەیت . ئەویش پرسی : بۆچی ، برازا ؟ کەسیّ لە قەومەکەم ئازاری داویت ؟ فەرمووی : نەخێر ، بەڵام من ئەمەوێت لەپەنای خوادابم و لە پەنای کەسی دیکەدا نەبم .

وتی : دەی کەواتە بچۆ بۆ مزگەوت (واتە مسجد الحرام) ، لەویّ بە ئاشکرا ڕەدی پەنای من بکەرەوە وەکو چۆن بە ئاشکرا پەنام دایت ..

ئەفەرموێت : چووین تاگەیشتینە مزگەوت ، وەلید پیّ ی وتن : ئەوە (عوسمان)ە ئەیەویّ مانەوەی لە پەنای مندا ڕەت کاتەوە . عوسمان فەرمووی ، ڕاست ئەڵێت : وە من هەتا لە پەنایدا بووم کەسێکی بەوەفابوو باش پارێزگاری لیّ دەکردم ، بەڵام من حەز ئەکەم تەنها لە پەنای خوادابم و کەسی تر ، بۆیە داڵدە و (جوار)یم بۆ گێڕایەوە .

پاشان عوسمان ڕۆیشت ، و لەیەکیّ لە دانیشگاکانی قورەیشدا (لبیدی کوڕی ربیعە) هۆراوەی بۆ دەوتن ، عوسمان لەناویاندا دانیشت ، (لبید) بەدەم هۆنراوە وە وتی :

" ألا كل شيء ما خلا الله باطل "

(واتە بیّ گومان هەموو شتیّ جگە لە (الله) پوچ و بیّ بایەخە)

عوسمانیش فەرمووی : ڕاستت وت .

ئەوجا (لبید) وتی :

" وكل نعيم لا محالة زائل "

(وە هەموو خۆشی و نیعمەتێك گومان لە نەمانیدا نیە و تەواو دەبێت)

عوسمان فەرمووی : درۆت کرد ، خۆشیەکانی بەهەشت نەبڕاوەیە .

لبید وتی : ئەی هۆزی قورەیش ، سوێند بەخوا تا ئێستا ئازاری کەسێك نەدراوە لەگەڵتان هاونشین بو بێت ، ئەمە لەکەیەوە ئەمەتان تیایە ئازاری یەکێك لە ناوخۆتاندا بدەن ؟ پیاوێك لەناویاندا هەڵسایەوە و وتی : گویّ مەدەریّ ئەمە نەزانێکە و لەگەڵ چەند نەزانێکی تردا ئاینی ئێمەیان واز لیّ هێناوە ، لەبەر ئەوە گویّ بەقسەکانی مەدە .

عوسمانیش ، وەڵامی دایەوە بووبە دەمەقرەیان تا پیاوەکە هەڵسایەوە بۆ عوسمان و زللیەکی لە چاوی دا شینی کردەوە ، وەلیدی کوڕی مغیرەش لەو نزیکانە یەو ئاگاداری عوسمانە ..

وتی : سوێند بەخوا ، برازا ، نەئەبوو چاوت وەهای لێ بەسەر بهاتایە و بێ نیاز بوو لەشتی وا ، تۆ خۆت بێ بەش کرد لە پەنایەکی بەهێز ..

عوسمان فەرموی : بەڵکو سوێند بەخوا چاوەکەی ترم پێویستی بەوەیە کە وەك ئەم چاوەی لێ بەسەر بێ لە پێناوی خوادا ، وە من ئێستا لەپەنای کەسێکدام لە تۆ بەدەسەلاتر و عەزیزترە .[1]

" خوا پەرستی عوسمان (رضي الله عنه) "

عوسمان ی کوڕی مظعون (رضي الله عنه) ئەوەندەزیادەڕەوی کردبوو لە خوا پەرستیدا ، خەریك بوو لە سنووری ناوەندێتی و میانەڕەوی دەردەچوو لە ترسی خوای پەروەردگار ، بەلام مامۆستای مرۆڤایەتی و پەروەر دیاری خۆشەویست (محمد) ، عوسمانی گێڕایەوە ناو بازنەی ناوەندێتی و (اعتدال) ..

لە عائشەوە (رضي الله عنها) ، دەفەرموێت :

خێزانی عوسمانی کوڕی مظعون کە ناوی (خولەی کچی حکیم) بوو هاتە لام سەرو شکڵی ناڕێك و پێك بوو (واتە دیار بوو گوێ بە خۆی نادات) پرسیم چیتە ؟ بۆچی بەم شێوەیەیت ؟ ئەویش وتی : هاوسەرەکەم شەو تابەیانی شەونوێژ ئەکات و ڕۆژیش بەڕۆژ و ئەبێت [2] ، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆلای عائشە ، خاتوو عائشە ئەمەی بۆ باس کرد ، پێغەمبەری خواش (ﷺ) بە عوسمان گەشت و پێ ی فەرموو : (یا عثمان ! إن الرهبانیة لم تکتب علینا ، أمالك في أسوة ؟ فوالله إني أخشاکم لله ، و احفظکم لحدوده)[3].

---

[1] – (صحیح الاسناد) ە ، لە ابن اسحاقەوەیە ، بەلام راوی یەکی تیایە کە ناوی نەبراوە .

[2] – واتە : کاتی نیە بۆ ئافرەتان (رضي الله عنه) .

[3] – پیاوانی جێ باوەڕن : ابن سعد (٣ / ١ / ٢٨٧) . عبدالرزاق (١٠٣٧٥) .

فەرمووی : ئەی عوسمان ! گۆشەنشینی بۆ ئوممەتی ئیسلام نەنووسراوە ، مەگەر تۆ ناتەویٚ شوێن من بکەوی و چاو لە من بکەیت ؟ دەی سوێند بە خوا من لە هەمووتان زیاتر لە خوا ئەترسم و لە هەمووتان زیاتر سنوورەکانی دەپارێزم .

" کۆچ بۆماڵی ئاخیرەت "

نەخۆشی زۆری بۆ عوسمان (ﷺ) هێنا و ئازاری زیادی کرد تا پێیەوە وەفاتی کرد و چووە پەنای خوای پەروەردگاری ، ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوچەوانی ماچ کردوو دەستی بەگریان کرد .

لە عائشەوە ، (ﷺ) : " پێغەمبەری خوا (ﷺ) عوسمانی کوڕی مظعون بە مردوویی ماچ کرد و فرمێسکەکانی بەسەر ڕوومەتی عوسمانەوە دەهاتە خوارەوە ، ترمزی دەڵێت : " فەرموودەی صحیح "ە ، لە عبدالمطلب ی کوڕی عبداللە وە ، دەڵێت : کاتیٚ پێغەمبەری خوا (ﷺ) عوسمانی کوڕی مظعون سپاردە کرد ، پیاوێك وتی : (با ئەو بەردەبێنم و بیخەمە تەنیشت گۆڕی براکەمەوە بیناسمەوە تا دواتر هەرکەس ویستم لە ئەهلەکەم لەم نزیکانەوە دەفنی کەم) . پیاوەکە هەڵسا ، بەڵام بەردەکەی بۆ هەڵنەگیرا ، دەڵێت : واتە ئەوەی قسەی بۆ دەکرد : (چاوم بە قۆڵە سپیەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوت بەردەکەی هەڵدەگرت و خستیە پاڵ گۆڕەکەی .[1]

وە لە (ابی النضر)ەوە ، دەڵێت : کاتیٚ جەنازەی عوسمانی کوڕی مظعون بەڕیٚ کرا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (ذهبت و لم تلبس منها بشيء)[2]

واتە : ڕۆیشتیت و تێکەڵی هیچ شتێکی دنیات نەکرد .

ئوم علاء کە یەکیٚ بوو لەوانەی بەیعەتیان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا ، لە خەویدا کانی یەکی بینی کە عوسمان خاوەنی بوو ، ئەم هەواڵەی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەیوش فەرمووی : (ذاك عمله)[3] ئەوە کارو کردەوەکانیەتی ..

---

[1] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە ، بەڵام (مرسل)ە ، ابوداوود ڕیوایەتی کردووە (٣٢٠٦) و بەیهەقیش (٣/٤١٢) .

[2] – مالك دەرهێنانی بۆ کردووە (ص ١٦٦) لە بابی (الجنائز) .

[3] – صحیح / بخاری دەرهێنانی بۆ کردووە (٣٩٢٩) لە (مناقب الانصار) دا .

ڕۆژان تێپەڕین .. عوسمان هەر لە بیر و زەینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دایە و لە یادی ناكات .. بەردەوام سۆزی بۆی هەیە و هەمیشە بە چاكە باسی دەكات .. وە كاتێ كچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی كرد ، پێی فەرموو : (الحق بسلفنا الخير عوسمان بن مظعون) واتە : بە كاروانی پێشینە چاكەكەمان بگە بە عوسمانی كوڕی مظعون .

وە لە ژێر خاكی (بقيع)دا جەستە پاكەكەی عوسمان نووستوە و پرشنگ و ڕووناكی كردەوە چاكەكانی پاش خۆی دنیایان پڕ كردوەتەوە هەروەك گۆڕەكەی ڕووناك كردووەتەوە ...

" ٣١ - حودەیر (رضي الله عنه) "

" گەشتیارێک (توکل) نوێشوویەتی !! "

توکل ، واتە : ڕاپەڕموونی دڵ بە خواوە پشت پێوە بەستنی و سکوونەتی لە تەنیشتی پەروەردگاریدا ، بە جۆرێك هیچ شڵەژان و دڵەڕاوکێی یەك لە شپرزبوون و نا ئارامی لە هۆکارەکاندا بەدی نەکات و هەموو بگەڕێنێتەوە بۆ خوای پەروەردگار .[1]

عبدالله ی قورەیشی دەربارەی (توکل) پرسیاری لێ کرا ؟ وتی : بریتیە لە پەیوەست بوون بە خواوە لە هەموو حاڵەتێکدا .[2] وە خوای پەروەردگار بە جوانترین شێوە بەیانی دەکات : ﴿ ... وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ ... ﴾ سورة الطلاق ، آية (٣).[3]

میوانی ئەم چەند لاپەڕەیەشمان ... نموونەی تەواو پشت بەستنە بە پەروەردگاری .. و ڕازی بوونە پێی .. وە نموونەی نیەت پاکی و ئامانجی ڕاستە .. وە چیرۆکی ئەم بەڕێزە ئامۆژگاری و پەندە بۆ ئەوانەی گومانی باش نابەن بە پەروەردگاریان (توکل) یان پێی کەم بووتەو و پەیوەستبوونیان بەڕێکخەری هۆکارەکان لاواز بووە ، چیرۆکی ژیانی (حودەیر) بانگیان دەکات پێیان دەڵێت کە خوای گەورە ئەو کەسانە لەیاد ناکات کە پشتیان پێی بەستووە ، مەگەر دەکرێ پەروەردگار کەسانێك لە بیرکات کاریان داوەتە دەستی و یەقینیان پێیەتی ؟! پاك و بێ گەردی بۆ خوای گەورە ...

ئەم چیرۆکە چۆنە ؟

لە (نافع)ەوە، لە (ابن عمر) ەوە : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) سوپایەکی بەڕێ کرد پیاوێکیان لەناودا بو بەناوی (حدیر) .

وە ئەو ساڵە ساڵی گرانی بوو زۆر خۆراك بەکەمی دەست دەکەوت وە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) خۆراکی بەشی هەموویان دا و (حدیر) ی لە یادچوو ، بەڵام (حدیر) بە ئارامی و ئومێدی پاداشتی خودا لەگەڵ سوپاکەدا بەڕێ کەوت ، و لە دوای هەموویانەوە بوو ، دەیفەرموو : (لااله الا الله ، و الله اکبر ، و الحمدلله ، و سبحان الله ، و لا حول ولا قوة الا

---

[1] – بڕوانە : تهذیب مدارج السالکین ی ابن القیم ، شێخ محمد بیومی ص ٢٧٠ .

[2] – بڕوانە : احیاء علوم الدین (٤ / ٢٦٤) .

[3] – واتە : جا ئەوەی پشت بە خوا ببەستێت ، ئەو خوایەی بەسە بۆ ئەوەی یاریدەدەری بێت .

باالله) ئەیفەرموو : (ئائەمانە باشترین توێشووە ، پەروەردگار) . و بەردەوام ئەو وشانەی دەوتەوە و هەر لە دوای کۆمەڵەکەوە بوو .

دەڵێت : جبریل هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێ ی فەرموو : (إن ربى أرسلنى اليك يخبرك انك زودت اصحابك و نسيت ان تزود حديراً ، وهو فى آخر الركب يقول : (لااله الا الله ، و الله اكبر ، و الحمدلله ، و سبحان الله ، و لا حول ولا قوة الا بالله) ويقول : (نعم الزاد هو يارب) .

دەفەرموێت : (پەروەردگارم ناردومی بۆ لات .. تا پێت بڵێم کە توێشووت بۆ هاوەڵانت ڕێکخستووە و (حدیر)ت بیرچووە .. کە ئەو لە دوای قافڵەکەیانەوەیە و بەردەوام دەڵێت : (هیچ خودایەك نیە جگە لە (الله) ، (الله) لە هەموو شت گەورەترە ، پاك و بێ گەردی بۆخوا ، سوپاس و ستایش بۆ خوا ، وە هیچ گۆڕان و هیچ هێز و توانایەك نیە مەگەر بە ویستی خوا ، دەڵێت : (ئائەمە باشترین توێشووە ، پەروەردگار .

جبریل (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەڵێت : ئەو وشانەی کە دەیڵێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا بۆی دەبێتە ڕوناکی یەك کە نێوان زەوی و ئاسمان داگیر دەکات . ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەشی خۆی توێشووی بۆ بنێرە .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوێکی بانگ کرد و بڕێك خۆراك و توێشووی دایە (کە بەشی حدیر بوو) و فەرمانی پێ کرد کە گەیشتە لای (حدیر) و کەل و پەلەکەی دایە گوێی بۆ ڕاگری بزانێ دەڵێت چی و لەبەری بکات و ئەوجا پێی بڵێت : ان رسول الله (ﷺ) يقرأ عليك السلام ورحمة الله ، و يخبرك انه كان نسي ان يزودك ، ان ربي تبارك و تعالى ارسل الى جبريل يذكرني بك ، فذكره جبريل و اعلمه مكانك .

فەرمووی بڵێ : پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلام و رحمەتی خوات بۆ دەنێرێت و هەواڵت پێ دەدات کە ئەو لە یادی چوو بوو توێشووت پێ بدات ، وە خوای پەروەردگار جبریل ی ناردە لام تا تۆم وەبیرخاتەوە ، (جبریل)یش (سەلامی خوای لەسەر بێ) تۆی خستەوە بیرم و جێگاکەتی نیشان دام .

پیاوەکە گەیشتە لای (حدیر) : دەبینێ هەر ئەمانە دەڵێتەوە : (لااله الا الله ، و الله اكبر ، و الحمدلله ، و سبحان الله ، و لا حول ولا قوة الا بالله) و دەڵێت : (ئائەمە باشترین توێشووە ، ئەی پەروەردگار) .

دەڵێت : ئەوجا پیاوەکە لێی نزیك بوویەوە و پێی وت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلام و ڕەحمەتی خوات بۆ دەنێرێت و منی لەگەڵ بڕێك توێشوودا ناردووە و پێت دەڵێت : لە ڕاستیدا تۆم لەبیر چوو ، بەڵام خودا جبریل ی لە ئاسمانەوە بۆ ناردم تا تۆم وە بیربخاتەوە) . پیاوەکە دەڵێت : (حدیر)یش سوپاس و ستایشی خوای کرد و درود و سەڵاواتی دا لەسەر دیاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پاشان وتی : (سوپاس بۆ خوای جیهانیان ، کە منی لەبیرە لە سەرو حەوت ئاسمانەوە لەسەر عەرشی موبارەکی و بەزەیی بەبرسێتی و لاوازیمدا هاتووەتەوە ، (ئەی خوای پەروەردگار هەروەك چۆن تۆ (حدیر)ت بیر نەچووە ، وا بکە لە (حدیر)یش تۆ لە بیرنەکات .

پیاوەکەش ، ئەمانەی لەبەر کرد و گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەموو شتەکانی بۆ گێڕایەوە لەو کاتەوەی کە بە حدیر گەیشت تا ئەوکاتەی خواحافیزی لێ کرد ، پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی : (اما انك لورفعت راسك الى السماء لرأيت لكلامة ذلك نوراً ساطعاً ما بين السماء و الأرض) .[1]

دەفەرموێت : ئەگەر سەرت بۆ ئاسمان بەرز کردبایەتەوە ، ڕووناکیەکی پرشنگدارت لە وتەکانیدا بەدی ئەکرد لە نێوان زەوی و ئاسماندا .

---

[1] – ابن الجوزی لە (صفه الصفوه) (١ / ٣٥٦ ، ٣٧٨) باسی کردووە بە بێ (سند) ، هەروەها (ابو نعیم)یش لە (الحلیه)دا .

" ٣٢ - أبوسەلەمە (رضي الله عنه) "

" اللهم أغفر لابی سلمه ، وارفع درجته فی المهدیین "

فەرموودەی پیرۆز

ئەو پیاوە بەڕێز و گەورەیە کەناوی (ابوسلمه)ی کوڕی عبدالاسدی مخزومی یەو بـرای شـیری پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) و کـوڕە پوریـەتی (لـە خـاتوو بـرەی کـچی عبـدالمطلب)ە و یەکێکـە لـە پێـشینە یەکەمینـەکان لـە ئیـسلامدا . کۆچـی کـردووە بـۆ حەبەشەو دواتریش بۆ مەدینـە ... لەبەدر دا ئامادە بووە و پاش بەدر بە چەند مانگێك وەفاتی کردووە .[1]

" ئارمگرتنی لەسەر ئەشکەنجەدانی لە کاتی کۆچکردنیدا "

ابـن اسـحاق ، لـە أم سـەلەمەوە (رضي الله عنها) دەرهێنـانی کـردووە ، دەفـەرموێت : کـاتێ ئەبوسەلەمە (رضي الله عنه) خۆی کۆ کردەوە بەرەو مەدینـە بڕوات و کـۆچ بکـات ، ولاخەکەی بۆ مـن ڕێکخـستن و خـستمیە لەسـەر پـشتی و کوڕەکەشـم (سـلمەی کـوڕی ابـی سـلمە)ی لەباوەشمدا دانا ، خۆیشی ولاخەکەی بۆ بەرێ دەکردین و لغاوەکەی بە دەستەوە گرتبـوو لە پێشمانەوە دەڕۆیشت ... کاتێ پیاوانی (بن المغیره) بینیـان ، هەڵسان بۆی و پێیان وت : سەبارەت نەفسی خۆت ئەوە چارت ناکەین ، بـەلام بۆچی بێڵین ئەم ئافرەتـە لەگـەڵ خۆتدا بەریت ؟

دەڵێت : ئەو جا لغاوی ولاخەکەیان لە دەستی سەند و منیان لـێ سـەند .. ئەمـەش (بنو عبدالاسد)ی کە خێڵی ابی سـەلەمە بوون تـوڕەکرد و وتیـان : سـوێند بـەخوا مـادەم ئافرەتەکەی خۆیان بردەوە و لە هاوسەرەکەیان سەندەوە ، ئێمەش نایـەڵین کوڕەکەمانیان لە لا بمێنێتـەوە .

[1] - بڕوانە : سر اعلام النبلاء (١ / ١٥١) .

دەڵێت : ئەوەبوو بە هەردوو لاوە (سلمە)ی کوڕمیان ڕائەکێشا هەتا دەستیان لە جێ چاند ، و ئەوجا (بنو عبدالاسد) کوڕەکەمیان بردو و (بنو المغیرة) ش منیان لەلای خۆیان بەند کرد ، ابو سەلەمەی هاوسەریشم بەرەو مەدینە بەڕێ کەوت ..

دەڵێت : بەو جۆرە من و کوڕەکەم و هاوسەرەکەمیان لەیەك جیاکردەوە .

دەڵێت : منیش هەموو نیوەڕیەك ئەچوومە دەرەوە و لە (ابطح) دائەنیشتم و دەستم بەگریان ئەکرد ، تا نزیکەی ساڵێك ئەمە حاڵم بوو ، تا ئەو کاتەی پیاوێك لە کوڕە مامانم کەیەکێ بوو لە کوڕانی (المغیرة) بەلامدا تێپەڕ بوو ، بەزەیی پێمدا هاتەوە . ڕۆشت بە (بنی المغیرة)ی وت : بۆ وائەکەن لەم ئافرەتە هەژارە ، لەبەرچی لە کوڕ و هاوسەرەکەیتان جیا کردوەتەوە ؟ ئەوانیش وتیان پێم : دەی باشە ، ئەگەر ئەتەوێ بڕۆ بۆلای هاوسەرەکەت .

دەڵێت : بەو جۆرە (بنو عبدالاسد)یش کوڕەکەمیان پێ دامەوە ، دەڵێت : منیش وڵاخەکەم ئامادەکرد و کوڕەکەمم هەڵگرت و لەباوەشم ناو بەرەو مەدینە بۆ لای هاوسەرەکەم بەڕێ کەوتم .

دەڵێت : هیچ کەسم لەگەڵ نەبوو تا گەیشتمە (تنعیم) [1] لەوێ (عوسمان کوڕی طە لحەی کوڕی ئەبی طە لحەی برای بنی عبدالدار) • پێ گەشت .

پرسی : بۆ کوێ دەڕۆیت ، کچی ئەبی ئومەیە ؟ وتم : ئەچم بۆ مەدینە بۆ لای هاوسەرەکەم . پرسی : ئەڵێی کەست لەگەڵدا نیە ؟ وتم : نەخێر تەنها خودام لەگەڵە و کوڕەکەم ..

ئەویش وتی : سوێند بەخوا ! وازت لێ ناهێنم بە تەنها ، ئەوجا لغاوی وڵاخەکەی گرت و پێشمکەوت بە خێرایی بەرەو مەدینە ، سوێند بە گەورەیی خوا ! هاوڕێ یەتی هیچ پیاوێکم لە عەرەب نەکرد وە لە ئەم بەڕێزتر . هەرکە ئەگەشتە جێیەك بۆ حەوانەوە ، و وڵاخەکەی بۆ ڕائەگرتم و پشتی هەڵ ئەکرد تا لەسەر پشتی وڵاخەکە (حوشترەکە)دا ئەبەزیم و ئینجا وڵاخەکەی بەدارێکەوە ئەبەستەوە و بۆخۆیشی لە تەنیشت دارێکەوە

---

[1] - بۆڵێکی نزیك مەککەیە .

• ئەوکاتە عوسمان هێشتا باوەڕی نەهێنابوو، لەکاتی هوونەکەی حدیبیەدا موسڵمان بوو لە (أجنادین) شەهیدکرا.

ڕائەکشا . ئەو جا کاتی ڕۆیشتن وڵاخەکەی بۆ ئامادە ئەکردمەوە پشتی هەڵئەکردەوە دەیوت : سەرکەوە پاش ئەوەی سەر ئەکەوتم و لەسەر پشتی وڵاخەکەم خۆم ئەگرت ، دووبارە (گوریسی) ڕەشوە وڵاخەکەی بەدەستەوە ئەگرت و پێشمدەکەوت و بەرێ ئەکەوت ، هەر بەم جۆرە بووین تا گەیشتینە مەدینە ، کاتێ بەدێی (بەنی عەمری کوڕی عەوف) گەیشتین لە (قباء) وتی :

مێردەکەت لەناو ئەم گوندەدایە – ئەوە بوو ئەبو سەلەمە لێرەدابەزیبوو پشت بەخوا بڕۆ ناو دێیەکەوە ، و خۆی گەڕایەوە بۆ مەککە .

ئوم سەلەمە هەمیشە دەیوت : هیچ ماڵێك لە ماڵەکانی موسڵمانان وەك ماڵی (خێزانی سلمە)یان بەسەر نەهات ، وە هەرگیز هیچ هاوەڵێکم نەدیوە هێندەی عوسمان ی کوڕی تەڵحە ڕێزدار تر و باشتر [1] .

" خەباتی ابوسەلەمە (رضي الله عنه) "

ابو سەلەمە (رضي الله عنه) لە جەنگی ئوحوددا بریندار کرا ، یەك مانگ تیماری برینەکەی دەکرد، وە پاش نەکسەکەی ئوحود هەندێ تیرە و هۆز ڕێگەیان بە خۆیان دا بچنە سەر موسڵمانان .

(یەکەمینی ئەوانەی دوای لێ قەومانەکەی ئوحود لە دژی موسڵمانەکان هەڵسان (بنو اسدی کوڕی خزیمە) بوون ، هەواڵدەرانی مەدینە هەواڵی ئەوەیان دا تەڵحە و سەلەمەی کوڕانی خوەلید [2] ، چوونەتە لای هۆزەکانیان و ئەوانەیان کە گوێڕایەڵی یان دەکردن ، وە داوایان لێ کردوون (واتە لە بنی اسدی کوڕی خزیمە) بجەنگن لە دژی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

---

[1] – بڕوانە : البدایە و النهایە (٣ / ١٦٩) . ابن هشام (٢ / ٧٥ / ٧٦) لەناوسندەکەیدا (سەلەمەی کوڕی عبدالله ی کوڕی عمری کوڕی ابی سلمەی تیا بوو کە غەیری (ابن حیان) کەس بە بەڵگەداینەناوە حافظ لە (التقریب) (١ / ٣١٠) دەڵێت : مەقبول و وەرگیراوە .

[2] – تەڵحەی کوڕی خوەلید لە ئیسلام پاشگەز بووبوویەوە ن بەڵام دواتر موسڵمانا بوویەوە و بووە ئیمانداڕێکی باش (رضي الله عنه) .

پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) خێــرا (ســریە) یــەکی پێــك هــاتوو لــە ســەدوپەنجا جەنگاوەری لە پشتیوانان و کۆچکردوان بەسەرکردایەتی (ابا سەلەمە) ناردبوویان و لیوایەکی بۆ پێکەوە نان ، ئەبوو سەلەمەش کتوپڕ و بەشەودا پێشدەستی کردو دای بەسەر (بنی اسد بن خزیمە) دا لە ماڵەکانیاندا پێش ئەوەی ئەمان هەڵسن بە هێرش کردن بۆ سەر موسڵمانان ، وایان لێ کردن سەریان لێ شێواو موسڵمانانیش چەندین سەر وشتر و ماڵاتیان غەنیمە کرد و بە سەلامەتی و بە دەستی پڕەوە بە بێ ئەوەی ، ڕوو بەروببنەوە لەگەڵ بێ باوەڕاندا و جەنگ ڕوو بدات ، گەڕانەوە بۆ مەدینە .[1]

" گەیشتن بە لیقای پەروەردگار "

دوای گەڕانەوەی لەم (سریە)ی باسمان کرد ، ئەبو سەلەمە (رضي الله عنه) برینەکەی کولایەوە و سەری هەڵدایەوە و زۆری نەبرد بە هۆیەوە وەفاتی کرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر کە زانی ، هات بۆلای .

ئوم سەلەمە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتەلای ابو سەلەمە چاوی کرابوە وە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی داخست و فەرمووی (ان الروح اذا قبض تبعه البصر) ... فەرمووی : کاتێ مرۆڤ گیانی دەردەچێت ، چاوەکانی شوێنی دەکەون ، ئینجا کەسانێك لە ئەهلەکەی هاوار و گریانیان دەستپێکرد ، پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی پێیان: (لاتدعوا علی انفسکم الابخیر ، فأن الملائکە یومنون علی ما تقولون) واتە : بە چاکە نەبێت ، دوعا لەسەر خۆتان مەکەن ، چونکە فریشتەکان ئەمینن بەسەر ئەوەوە کە دەیڵێن.

ئەوجا فەرمووی : (اللهم اغفر لأبي سلمة ، وإرفع درجته في المهديين واخلفه في عقبه في الغابرين ، واغفر لنا و له يارب العالمين ، و أفسح له في قبره و نور له فيه)[2] .

---

[1] – بڕوانە : زاد العاد (٢ / ١٠٨) .

[2] – صحیح / احمد و مسلم و بیهقی دەرهێنانیان بۆ کردووە ، احکام الجنائز / ئەلبانی (١٢) .

واتـە : پـەروەردگارا لـە ئـەبی سـەلەمە خـۆش بـەو ، پلـەو پایـەی لـەناو ڕێنمـونی کراواندا بەرزکەرەوە و نەوەیەك لە نەمران لە شوێنی دانێ و لـە ئێمە و لـە ئەویش خـۆش بەو گۆڕەکەی بۆ ڕوناك و فراوان کە .

" ڕێنوێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەکاتی دابەزینی کارەساتەکاندا "

لە ئوم سەلەمەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (اذا اصابت احدکم مصيبة ، فليقل ، انا لله و انا اليه راجعون ، اللهم عندك احتسب مصيبتي فأجرني فيها ، و ابـدلني خـيرا منها) . **واتە : ئەگەر کەسێکتان کارەساتێکی بۆ هاتە پێش : با بڵێت :** (اناالله و انـا اليـه راجعـون) ، **ئـەی پـەروەردگار ناڕەحـەتی ئـەم کارەساتەم حەواڵـەی تـۆ ئەکـەم ، تکاکارم پاداشتم بدەیتەوە و باشتر لە جیگەیدا دانێین .**

وە کاتێ ابو سەلەمە گیانی دەدا ، ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری کردین و تمـەوە ، ویستم بڵـێم : وەباشـتر لـە جێگـەیدا دانێیـت) ، بـە خـۆمم وت : جا کـێ لـە ئـەبو سەلەمە باشترە ؟ هەروا بیرم دەکردەوە تا لە کۆتایی دا وتم ، ئەوەبوو دوای تـەواو بوونی عیددەکەی پێشەوا ئـەبو بـەکر داخـوازی کـرد ، ڕەتـی کـردەوە ، پێشەوا عومـەر داخـوازی کـرد ، ئەویـشی ڕەت کـردەوە ، ئـەوجا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کەسـێکی نـارد بـۆ داخـوازی کردنی ، ئەویش فەرمووی : سلاو لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) و لە پەیامنێرەکەشی . [١]

---

[١] – صحيح / مسلم ڕیوایەتی کردووە (٩١٨) لە بابی (الجنائز) دا .

" ٣٣ - (سالم) مەولای (ابی حذیفە) (ﷺ) "

" سوپاس بۆ ئەو خوایەی شێوەی تۆی لەناو ئەتەوەکەمدا هێناوەتە دی "

فەرموودەی پیرۆز

لە پێشینە یەکەمینە بەدری یەکان و لە نزیکان و زانایانە ، ناو (سالم ی کوڕی مەعقل)ە ، و لە بنەچەدا لە هۆزی (اصطخر) ە . دۆست و هاودەمی (موطی) ئەبی حذیفة بوو [1] ، دواتر خاتوو (بثینە ی کچی یعاری ئەنصاری) خێزانی ئەبی حذیفة ی کوڕی عوتبە ئازادی کرد و دواتر ئەبو حذیفة کردیە ژێر سەرپەرشتی خۆی (تبنی کرد)[2] . ئبن عمر دەڵێت : سالم ئیمامەتی بۆ کۆچبەکەران لە مەککە دەکرد ، هەتا هاتە مەدینە ، چونکە لە هەمووان زیاتر قورئان خوێن بووە وە لە قورئان شارەزا بوو (لەناویشیاندا هەر دوو پێشەوا ابوبکر و عمر هەبوون) [3] .

" چاکەکانی "

١- دایکی ئیمانداران (عائشە) (رضي الله عنها) ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەوێکیان پێی فەرمووم : (ما حبسك ؟) بۆچی وا دواکەوتی و درەنگ گەشتی ؟ وتم / لە مزگەوت دەنگێك هات خۆشترین دەنگ بوو بیستبێتم لە قورئان خوێندندا – واتە : گوێم بۆی ڕاگرتبوو – پێغەمبەری خواش (ﷺ) ڕۆبەکەی هەڵگرت و چووە دەرەوە و گوێی بۆ ڕاگرت ، دەبینێ (سالم) ی مەولای ئەبی حذیفەیە ، فەرمووی: (الحمدلله الذي جعل في امتي مثلك)[4] واتە : سوپاس بۆ ئەو خوایەی وێنەی کەسێکی وەك تۆی لەناو ئومەتی ئیسلامدا بەدی هێناوە .

---

[1] – حزیفەی کوڕی عوتبەیە (ﷺ) و دواتر باسی ژیانی دێتە پێش .

[2] – بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (١ / ١٦٧) ئەمەش پێش دابەزینی ئایەتی (ادعوهم لابائهم) (الاحزاب:٥) بوو .

[3] – بڕوانە / صفة الصفوة (١ / ٢٠٢) .

[4] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە / احمد و حاکم (٣ / ٢٢٦) دەرهێنانی بۆ کردووە . زەهەبیش بە صحیح دایناوە .

٢- لە (عەمری کوڕی عاص)ەوە ، دەڵێت : هاوار و ترسێك لە مەدینە پەیدا بوو ، هاتم بۆلای (سالم)ی مەولای ئەبی حذیفة دەبینم خۆی بە شمشێر و بارەکەیەوە دەپێچێتەوە ، منیش شمشێرەکەمم هەڵگرت و بارم پێچایەوە (بەست) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی بەخەڵکە :

(یا ایها الناس ، الا کان مغزعکم الی الله و الی رسوله ؟) قال : (الا فعلتم کما فعل هذان الرجلان المؤمنان ؟) [1] .

فەرمووی : ئەی خەڵکینە ، با ئەو ترس و داچڵەکینەتان بەرەوخوا و پێغەمبەرەکەیتان بەرێت و ئەنجا فەرمووی : (بۆ ئێوەش وەك ئەو دوو پیاوە ئیماندارە ناکەن ؟) .

" شەهید بوونی "

سالم (رضي الله عنه) بە هەموو توانای خەباتی کرد لە پێناوی خوادا ... و بە ئەوپەڕی پێداگری یەوە ڕووبەڕووی دوژمنان دەبوویەوە و هیچ کۆششێکی نەخستە لاوە بۆ سەرخستنی ئیسلام و سەربڵند کردنی ئەهلەکەی ...

پەیوەندیەکی بەتین لە نێوان ئەم و ئەبی حذیفة دا هەبوو ، بە جۆرێك کەسیان نەیئەتوانی لەوی تر دابڕێت ... هەردووکیان تەمەننای ئەوە بوون لەیەك ڕۆژدا بمرن !!

وە لە ڕووداوی (یمامە) دا سالم نموونەی پاڵەوانێتی و جوامێری بوو .. کاتێ موسڵمانان لەو ڕۆژەدا ئاشکرابوون و کەوتنە بەرچاوی دوژمنان ، سالم (رضي الله عنه) فەرمووی : لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەی ئێمە ئاوامان دەکرد و بەم جۆرە شەڕمان دەکرد ، و ئینجا چاڵێکی بۆ خۆی هەڵکەند و چووە ناوی و ئاڵای کۆچبەرانی هەڵگرتبوو ، شەڕی دەکرد هەتا کوژرا .

احمدی کوڕی عبداللە ، دەڵێت : سالم (رضي الله عنه) ئاڵاکەی بە دەستی ڕاستی هەڵگرتبوو تا پەڕاندیان ئەو جا بە دەستی چەپی هەڵی گرت ئەویشیان پەڕاند .

[1] – هیثمی دەڵێت : احمد ڕیوایەتی کردووە و پیاوانی (الصحیح)ن المجمع بە ژمارە (٤٢ / ١٥٦) .

ئــــەوجا ئالآکـــەی لـــە ئـــامێز گـــرت و ئـــەم ئایەتـــەی دەخوێنـــد : ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِيْن مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ ... ﴾[1] سورة آل عمران ، آية (١٤٤) . هەتاوەکو کوژرا .

ابو حذيفه لە تەنیشت (سالم)ەوە لەو شەڕەدا دەجەنگا ، ئەویش شەهید کرا !! بە یەکەوە وەفاتیان کرد !! ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو : ئەو دوانە بە جۆرێک کەوتبوون ، کە سەری یەکێکیان لەلای لاقەکانی ئەوی تریان بوو(ڕەزای خوایان لێ بێت).[2] و بەو جۆرە ئاواتەکەیان هاتەدی .

---

[1] – واتە : (ﷺ) تاکە پێغەمبەرێك نەبووە وەفات بکات ، بێگومان پێغەمبەرانی پێش ئەمیش وەفاتیان کردووە ، ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژرا و شەهید بوو ، ئێوە پاشگەز دەبنەوە و هەڵدەگەڕێنەوە ؟!

[2] – حاکم لە (المستدرك) (٣ / ٢٢٥) دا دەرهێنانی بۆ کردووە .

" ٣٤ - ابو حذیفە ی کوڕی عوتبە (رضي الله عنه) "

" دڵ و دەروونی پیاوچاکان "

پایەبەرزی گەورە و شەهید (ابو حذیفە)ی کوڕی شێخی جاهلیەت (عتبەی کوڕی ربیعە)ی [1] کوڕی عبدشمس ی کوڕی عبدمنافە ، یەکێکە لە پێشینەکان لە ئیسلامدا و پێش چوونە مالی ئەرقەم موسلمان بووە ، و دوو جار کۆچی کردووە بۆ حەبەشە و ئامادەی بەدر و جەنگەکانی دوای ئەویش بووە . ئەبو حذیفە ، کەسێکی بالا بەرزی جوانچاك بوو ددانەکانی ڕێك و هاوتەریب بوون ، وە ددانێکی زیادەی هەبوو [2] .

" دڵ و دەروونی پیاوچاکان (ضمائر الأحرار) "

دابی هاوەڵان ڕەزای خوایان لەسەر بێ ڕێز و ئەدەبی پەتی و تەواو بوو لەگەڵ خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیدا ، و هیچ کەسێکیان هێندەی تۆزقاڵێك لە ڕاستەڕێ لایان نەئەدا .. وە مێژوو هەڵوێستێکی ئەبی حذیفە مان بۆ دەگێڕێتەوە کە تیایدا هەڵەیەکی بچوکی (هفوة) کردووە .. کە ساڵەها پێوەی دەتلایەوە لە پەشیمانیدا ، خەو لە چاوەکانی تۆرابوو ، هەرگیز دڵی قەراری نەگرت تا بە ئاواتەکەی گەیشت و لە پێناوی خوادا شەهید کرا ... داخۆ چی ڕووی دابێت ؟

لە ابن عەباسەوە (رضي الله عنه) : - پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژی بەدر بە هاوەڵانی فەرموو : (اني قد عرفت ان رجالا من بني هاشم و غيرهم ، قد اخرجوا كرها ، لاحاجة لهم بقتالنا ، فمن لقي منكم احداً من بني هاشم فلا يقتله ، و من لقي ابا البحتري بن هاشم بن الحارث بن اسد فلا يقتله ، و من لقي العباس بن عبدالمطلب ، عم رسول الله ﷺ فلا يقتله ، فإنه انما اخرج مستكرها) [3] .

فەرمووی : زانیومە کە پیاوانێك لە بەنی هاشم و غەیری ئەویش بە زۆر هێنراون بۆ جەنگ و خۆیان نایانەوێ لەگەڵمان بجەنگن ، لەبەر ئەوە هەر کەس لە ئێوە بەیەکێ لە بەنی هاشم گەیشت نەیکوژێت ، وە گەر بە (ابا البحتري)ی کوڕی هاشم ی کوڕی حارث

[1] - بەبێ باوەڕی لە جەنگی بەدردا و لە مەیدانکاری یەکەمدا کوژرا .

[2] - البدایە / ٥ / ٤٧ .

[3] - پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمەی پاش کوژرانی (عتبەی کوڕی ربیعە)ی باوکی ابي حذیفە ، فەرموو .

ی کوڕی اسد گەشت بانەیکوژێت ، وە گەر بە عباسی کوڕی عبدالمطلب ، مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت ، نەیکوژێ ، چونکە بە زۆر هێنراوە ..

دەڵێت : ابو حذیفەش وتی : لەبەرچی ئەبێ باوك و كوڕ و برا و هۆزەكانمان بكوژین ، بەڵام واز لە (عباس !) بێنین سوێند بەخوا ئەگەر بینیم ئەبێ بیكوژم .

ئەم هەواڵە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت ، ئەویش بە عمری كوڕی خەتابی فەرموو : (یا أبا حفص) عومەر فەرمووی : سوێند بە خوا یەكەم جار بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (أبی حفص) بانگم كات : فەرمووی (أیضرب وجه عم رسول الله بالسیف؟) ئایا ئەیانەوێ بەشمشێر لە ڕووی مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدەن ؟ عومەریش فەرمووی :ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، بێڵە با بە شمشێر لە ملی بدەم ، سوێند بەخوا بووە بە دووڕووەكان ..

ابو حذیفە هەمیشە ئەیوت : (من هەرگیز دڵنیا نابم و ئۆقرە ناگرم لەسەر ئەو قسەیەی ئەو ڕۆژە كردم ، و لێی دەترسم مەگەر شەهادەت بێتە كەفارەت و گوناهەكەیم بۆ بسرێتەوە ، ئەوە بوو ڕۆژی (یمامە) شەهید كرا .[1]

هەر چەندە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند جار دوعای خێری بۆ كردووە ، دوای ئەو بابەتە ، بەڵام ئەوە دڵ و دەرون و ویژدانی خواناسان و ئازادبوانە ، بەڕێزان كەچی ئێمەش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبینین و دەخوێنینەوە كە كەسانێك نكۆڵی لە فەرموودەكان پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەكەن و دەنگیان بەسەریدا بەرز دەكەنەوە ، بە بێ ترس و بەبێ شەرم ...

پاش تەواو بوونی جەنگی بەدر ، لاشەی (عتبەی كوڕی ڕەبیعە) كێش كرا تا بخرێتە بیرێكی وشكبووی ئەوكاتە و ئەبو حذیفە لە باوكی دەڕوانی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) سەیری ئەبوو حذیفەی كرد ، دەبینێ كزو پەرێشانە و ڕەنگی گۆڕاوە ! فەرمووی: (یا أبا حذیفه ... لعلك قد دخلك من شأن أبیك شيء ؟) فەرمووی : ئەی ئەبا حذیفەی دە لێی شتێك لە دڵتدا دروست بووە ، كەوا كوژراوە ؟

---

[1] – ابن هشام (٢ / ٢٣٢) لە ڕێگەی (عباس ی كوڕی عبدالله ی كوڕی معبر)ەوە لە كەسانێكەوە لە ئەهلەكەی لە (ابن عباس) ەوە ، توێژەری (سیره ابن هشام) دەڵێت : فەرموودەكە ئەگەرچی ناوی لێ نەنراوە لە دانوپاڵەكەیدا ، بەڵام عباسی كوڕی عبدالله ی كوڕی معبد جێگەی متمانەیە وەك چۆن لە (التقریب) (٢ / ٢٣٢) هاتووە . (دار الحدیپ) .

ئەویش فەرموی : نا بەخوا ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، گومانم لە باوکم و لە کوشتنیشی نەبووە ، بەڵام باوکم خاوەن دانایی و بۆچوون و چاکە بوو ، منیش بە هیوای ئەوە بووم کە ئەم خەسڵەتانەی وای لێ بکات ڕێنموونی وەرگرێت و ئیسلام بێت ، بەڵام کە بینیم چی بەسەر هات و بەبێ باوەڕی مرد ، پاش ئەوەی من تکام وابوو موسڵمان بێت، خەفەتم خوارد و پێم ناخۆش بوو ! پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای خێری بۆ ابی حذیفة کردو و چەند قسەی خێری بۆ کرد .[1]

پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد کە کوژراوانی بێ باوەڕان بخرێنە ناو (القلیب)[2] . وەکاتێ لێیانی دەڕوانی فڕێ دەدرانە ناو بیرەکەوە دەیفەرموو : (جزاكم الله شراً من قوم نبـي ، ماكان اسؤا الطرد ، وأشد التكذيب)[3] .

فەرمووی : خوا خۆی تۆڵەتان لێ بکاتەوە بۆ چ قەومێك بوون بۆ پێغەمبەرەکەتان ، بەخراپترین شێوە دەربەدەرتان کرد و بە خراپترین شێوە بە درۆتان دەخستەوە .

ئەبو حذیفە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە وەك سەربازێکی دڵسۆز بۆ ئاینەکەی و بەوەفاداری بۆ بیروباوەڕەکەی وە لەگەڵ ئەو هەموو قوربانیانەی پێشکەشی دەکرد ... بەڵام ئەو چەند وشەیەی لە زاری دەرچوو بوو بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ڕۆژی (بەدر)دا ... هێشتا لە گوێیدا دەزرنگایەوە و بەیەنی ئەهێنایە لەرزە و دڵی دادەخورپاند ... و لە ئاکامەکەی زۆر دەترسا .. و باوەڕی وابوو کە تەنها شەهادەت ڕێگای ڕزگاری یە بۆ سڕینەوەی ئەم پێ خلیسکانەی ... پاك و بێگەردی بۆ خوا !!

وە پەروەردگاری بەخشندە و خاوەن کەرەم ئەو ڕێزە گەورەیەی پێداو شەهادەتی بەنسیب کرد تا بە دڵی ڕاحەت لە دنیا خواحافیزی بکات . لە جەنگی (الیمامە) دا و لە کاتی گەرمەی شەڕکردندا .. ئەبو حذیفە وەك کێو ڕاوەستا و بە شمشێرە تیژەکەی

---

[1] – لاوازە : ابن هشام (٢ / ٧٥) گێڕاویەتیەوە وەك بەلاغ .

[2] – القلیب – بیرێکە دواتر پڕ دەکرێتەوە (الصحاح) – جوهری .

[3] – ئەحمەد گێڕاویەتیەوە (٦ / ١٧٠) لە ڕێگەی (ابراهیم النخعی) وە لە عائشەوە (﵂) بەرز کراوەتەوە ، ئەلبانی دەڵێت : پیاوانی جێ باوەڕن ، بەڵام لە نێوان ابراهیم و عائشە دا (قطع)ێك هەیە . لەسەردوانی (فقە السیرە) (٢٤٩) .

سەربازانی مسلیمەی لەت و پەت دەکرد .. و وەك مێروو ، لەژێر پێیدا دەرکەوتن و ئەویش بە دەنگێك کە چیاکانی دەهەژاند هاواری دەکرد :(ئەی ئەهلی قورئان ... بەکردەوەکانتان قورئان برازێننەوە) ... و نیشانەکانی سەرکەوتن لەسەر مەیدانی جەنگەکە دەرکەوتن و ئەم پاڵەوانەش بە شەهادەت گەیشت تا بیکاتە داوای لێبوردنێکی رەسمی و پێشکەشی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات .. و بە جێگای سەلامەتی و کەناری دڵنیایی بکات .. رەزا و رەحمەتی خوای لەسەر بێت .

﴿ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَنْ كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ ﴾ سورة ق ، آية (٣٧) . واتە : بەڕاستی ئالەو بەسەرهاتانە دا یادەوەری هەیە بۆ کەسێك دڵێکی زیندووی هەبێت یاخود گوێ بگرێ بۆ قورئان ، لە کاتێکدا ئامادەبێت بۆ فەرمانبەرداری کردنی هەموو کارێکی دروست .

" ٣٥ - ابو سفیبانی کوڕی حارث (رضي الله عنه) "

" گەورەی لاوانی ئەهلی بەهەشت "

فەرموودەی پیرۆز

پێناس :

ئەبو سوفیانی کوڕی حارثی کوڕی عبدالمطلب ی کوڕە مامی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و برای شیریەتی . خاتوو (حلیمە) چەند ڕۆژێك شیری پێ داوە .

هاوتەمەنی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) و زۆر ئالودەیشی بوو ، بەلام کاتێ پەروەردگار ئاینی ئیسلامی بە پێغەمبەری ئازیزدا نارد ابوسوفیان دژایەتی کرد و لە دژی خۆی و هاوەلانیش هۆنراوەی دەچڕی ، ئەو کەسێکی شاعیر بوو .

دوژمنایەتی ابوسوفیان مایەوە و لە غەزوەکاندا لە دژی دەجەنگا و بە زمانیش لە کۆڕەکاندا بەد وێژی دەکرد دەرهەقی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ... تا ئەوکاتەی ڕووناکی ئیسلام چووە ناو دڵیەوە و سنگی بۆ ئاینی خوا فراوان بوو ...

" چیرۆکی موسڵمانبوونی "

ڕووناکی باوەڕ لە دڵی ئەبو سوفیاندا درەوشایەوە ، ئەوکاتەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ئامادەکردنی موسڵماناندا بوو بۆ ڕزگار کردنی مەککە ... ئەبو سوفیان و جەعفەری کوڕی لە مەککە دەرچوون بۆ مەدینە تا تەسلیمی خوای پەروەردگار بن .

ئەوە بوو کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوی پێی کەوت ڕووی لێ وەرگێڕا ، لەبەر ئەوەی وەك وتمان پێشتر شتانێکی لێ وەشابووە لە ئازاردانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەر ئەوە ئەبو سوفیانیش لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لا لایەوە تالێی ڕازی بێت ئەگەرنا (دەستی کوڕەکەی ئەگرێت و سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوا تالە برسا و لە تینوا دەمرن) ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) سۆزی بۆی جولا ، پاشان بوو بە موسڵمانێکی باش ، و لە ڕۆژی (حنین) دا لەگەڵ عباس (رضي الله عنه) لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) مانەوە لە کاتێکدا خەڵکانێك هەڵدەهاتن .

" مانەوە بە جێگیری لە ڕۆژی (حنین) دا "

لە جابری کوڕی عبدالله وە ، دەڵێت : کاتێ بەرەو ڕووی دۆڵی (حنین) ڕۆشتین ، لە یەکێ لە دۆڵەکانی (تهامە) دا لێژبووینەوە ، چۆن لێژبوونەوە یەك دەڵێت :

سەرلە بەیانیدا ، قەوم [1] پێش ئێمەیان دابوویەوە بۆ ناو دۆڵەکەو لەوێ لەناو باریکەڕێ و کەژ و تەنگەبەرەکاندا کەمینیان بۆمان دانابوو ، لە ئەوپەڕی ئامادەیی دابوون تا بدەن بەسەرماندا ، سوێند بە خوا هێندەی نەبرد هەموو بەهێزی یەك پیاو بەجارێ دایان بەسەرماندا خەڵکەکە هەموو گەڕانەدواوە و کەس ئاوڕی لە کەس نەدایەوە.

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لای ڕاستی گرت و ، فەرمووی : (أين الناس ؟ هلموا اليَّ ، انا رسول الله ، أنا محمد بن عبدالله) دەیفەرموو : خەڵکەکە چیان لێ هات ؟ بەرەو لای من وەرن ، من پێغەمبەری خوام (ﷺ) من (محمدی کوڕی عبدالله)م . دەڵێت : هیچ وەڵام نەبوو ، حوشتر بەسەریەکدا کەوتبوون و خەڵکەکەش هەڵهاتبوون ، بەڵام لەوکاتەدا چەند کەسێك لە کۆچکەران و پشتیوانان و (ئەهل و بەیت) لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) مانەوە .

لە کۆچکەران ابوبەکر و عمر ، لە (أهل بيت) ی علی کوڕی ابی تالیب و عەباس و ابو سوفیانی حارث و کوڕەکەی و فضل ی کوڕی عەباس ، و ڕەبیعەی کوڕی حارث و اسامەی کوڕی زەید و ایمن ی کوڕی عبید کە ئەو ڕۆژە کوژرا . [2]

ئەوە بوو ئەبو سوفیان لە دەوروبەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) مابوویەوە و لغاوی و لاخەکەی بۆ گرتبوو .. شەڕیشی دەکرد و نەیئەهێلا کەس توخنی بکەوێت ..

کاتێ تەپ و تۆزی شەرەکە دامرکایەوە و موسڵمانان سەرکەوتن : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاوڕی دایەوە بۆلای ئەبی سوفیان کە لەو ڕۆژەدا زۆر ئارامگر بوو لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) و موسڵمانێکی زۆر باشی لێ پەیدا بوو بوو ، وە ئەو ڕۆژە

---

[1] – هۆزی (هوزان و ثقيف) .

[2] – احمد لە (المسند) (٣ / ٣٧٦) گێڕاویەتیەوە .

پاڵوی هێسترەکەی گرتبوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسی ؟ (ئەمە کێ یە ؟) وتی : من ، کوڕی دایکتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) [1] .

وە ئەبو سوفیان هەڵوێستی خۆیمان لەو ڕۆژەدا بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت :

(... کاتێ بە دوژمن گەیشتین ڕۆژی (حنین) خۆم هەڵدایە سەر ئەسپەکەم و شمشێرە کەشم بە دەستم گرت ، خوا خۆی دەزانێ کە ئامادە بووم و دەمویست لە پێناویدا بمرم واتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش لێمی دەڕوانی ، عباس فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەوە ئەبوسوفیانە ، هەم برات و هەم مامت ، دەلێی ڕازی بە .

پێغەمبەری ئازیزیش (ﷺ) فەرمووی : (قد فعلت ، فغفر الله له كل عداوة عاديتها) .

واتە : لێی ڕازی بووم ، وە خوای گەورەش لە هەموو ئەو دوژمنایەتی یەی کە بە منی کرد بوو ، خۆش بوو .. پاشان ئاوڕی لێ دامەوە و فەرمووی : (أخي لعمري) [2]

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر ئەبو سوفیانی خۆش دەویست و شاهیدی چوونە بەهەشتی بۆدا و فەرمووی : (أرجوان يكون خلفاً من حمزه) [3] تکام وایە شوێن حەمزە بگرێتەوە .

" کۆچ "

ساڵی (٢٠) ئەبو سوفیان گەڕایەوە پەنای پەروەردگاری ، لە هشامی کوڕی عوروەوە ، لە باوکیەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (ابوسوفيان بن الحارث سيد فتيان اهل الجنة) فەرمووی : ئەبو سوفیان گەورەی لاوانی ئەهلی بەهەشتە .

ئەوە بوو ئەبو سوفیان بۆ حەج ڕۆیشت و لەوێ سەرتاشەکە سەری بۆ تاشی لەسەریدا بالوکەیەك هەبوو بڕیی ، و وەفاتی کرد ، بۆیە بەشەهید دای ئەنێن . [4]

---

[1] – صحيح : ابن هشام (٢ / ٧٨) .

[2] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢٦٨) .

[3] – بڕوانە : ابن سعد (٤ / ١ / ٣٦) . ابن عبدالبر له (الاستجاب) ١١ / ٢٩١ .

[4] – پیاوانی جێ ی باوەڕن ، بەلأم (مرسل)ە هەروەك حافظ لە (الاصحابە) ١١ / ١٩٦ . دەڵێت : حاكم دەرهێنانی بۆ کردووە .

ابو اسحاقی سبیعی دەڵێت : کاتێ ئەبو سوفیانی کوڕی حارثي عبدالمطلب لەسەرەمەرگدا بوو ، فەرمووی : مەگرین بەسەرمەوە ، لە ڕاستیدا لەوەتەی موسڵمان بووم هیچ خەتاو هەڵەیەکم نەکردووە .[1] پاش وەفاتی (رضي الله عنه) پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب نوێژی لەسەر کرد .

[1] – ابن سەعد دەرهێنانی بۆ کردووە (٤ / ١ / ٣٧) .

" ٣٦ - عەممارى كورى ياسر (رضي الله عنه) "

" ئەوەی دژایەتی عەممار بکات ، خودا دژایەتی لەگەڵ دەکات "

فەرموودەی پیرۆز

عەممار کێ یە ؟

عەمماری کوڕی یاسری کوڕی عامرە .. پێشەوای گەورە (ابو الیقظان عنسی مەککی)یەو یەکێکە لە یەکەمینەکان و پێشینەکان لە ئیسلامدا و لەسەرانی (بەدری) یە (ئەوانەی لە جەنگی بەدر ئامادەبوون ڕێزێکی تایبەتمەندیان هەیە لەلای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) .

دایکیشی خاتوو سومەیەی کچی خوبباطە و یەکەمین شەهیدە لە ئیسلامدا ... لە (مجاهد)ەوە ، دەڵێت : (یەکەمین شەهید لەسەرەتا و بەرایی هاتنی ئیسلامدا بوو ئەویش سومەییەی دایکی عەممار بوو ، ئبو جەهل بە ڕمێك کە چەقاندی بەناو لێدا شەهیدی کرد) زەهەبی دەڵێت : ئەم فەرموودەیە (مرسل)ە (سیر اعلام النبلاء ١ /٤٠٩) وە عەممار (رضي الله عنه) لە مەککە وەها ئەشکەنجەیان دەدا کە نەیدەزانی چی دەڵێت ، هەروەها (صهیب)یش وە ئەم ئایەتە لەسەر ئەوان هاتە خوارەوە کە پەروەردگار دەفەرموێ : (و الذین هاجروا في الله من بعد ما ظلموا) سورة النحل ، آیة (٤١) . واتە : وە ئەوکەسانەی لەبەر خوا و بۆ خوا کۆچیان کرد دوای ئەوەی کەستەمیان لێ کرابوو .

" چاکەکانی "

١ - لە (أنس)ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (ثلاثة تشتاق الیهم الجنه : علی ، و سلمان و عممار) [١] .

- سێ کەس هەن بەهەشت تامەزرۆیان دەکات : " علی و سەلمان و عەمار " .

[١] - (حسن)ە / ترمزی گێڕاویەتیەوە ، دەڵێت فەرموودەی (حسن غریب)ە .

٢ – لە (علی)یەوە (ﷺ) ، دەڵێت : عەممار مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرگرت ، فەرمووی (ﷺ) : (من هذا ؟) کێیە ؟ وتی : عەممار ، فەرمووی : (مرحباً بالطیب المطیب) [١] سڵاو و بە خێرهاتن لە بۆ نخۆشی بۆنخۆشکراو..

٣ – لە (عەمری کوڕی شرجیل)ەو ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی (عمار ملئ ایمانا الی مشاشه) [٢] واتە : عەممار هەتا بنج و بنەچەی لێوانە لە باوەڕ .

٤ – لە خالدی کوڕی وەلیدەوە ، دەڵێت : چەند قسەیەك (سووکە ناخۆشی یەك) لە نێوان من و عەماردا دروست بوو ، بۆیە من کینەم بەرامبەری هەبوو ، ئەویش سکاڵای منی لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد . پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، فەرمووی : (من عادی عماراً عاداه الله ، و من أبغض عماراً ابغضة الله) [٣] . واتە : ئەوەی دوژمنایەتی عەممار بکات ، خوا دوژمنایەتی لەگەڵ دەکات ، ئەوەشی رقی لە عەممار بێت خوای پەروەردگار ڕقی لێی دەبێت .

٥ – لە (بلالی کوڕی یحیی)وە ، هاتن بۆلای حذیفە لەکاتێکدا لەسەرە مەرگدا بوو پێیان وت : ئەوە (عوسمان) کوژرا ، چ فەرمانێکمان پێ دەکەیت ؟ ئەویش فەرمووی : گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو :(أبو الیقظان علی الفطـرة) ثلاث مرات ...فەرمووی : ابو الیقظان لەسەر فیترەت و سروشتی پاکی ئایینە ... سێ جار دووبارەی کردەوە . (لن یدعها حتی یموت یلبسه الهـرم) وازی لێ ناهێنێت مەگەر بە مردن یان پیری سەری لێ تێك دات [٤] .

---

[١] – دانەپاڵەکەی بەهێزە ، ترمزی دەرهێنانی بۆ کردووە (٣٧٩٩) . هەروەها (حاکم)یش ، وە دەڵێت (صحیح)ە و زەهەبیش هەمان رای هەیە .

[٢] – پیاوانی جێی متمانەن / نسائی (٨ / ١١١) شێخی عەدوی (تصحیح)ی کردووە .

[٣] – هیثمی دەڵێت :احمد و تەبەرانی ڕیوایەتیان کردووە ، پیاوانی فەرموودەکە پیاوانی (الصحیح)ن : المجمع (٩ / ٢٩٣) .

[٤] – هیثمی لە (المجمع) (٩ / ٢٨٥) دەڵێت : تەبەرانی وبزار بە کورتی ڕیوایەتیان کردووە ، پیاوانی فەرموودەکەش جێ باوەڕن .

" ئارامگرتنی عەممار لەسەر ئەشکەنجەدانی لە پێناو خوادا "

لە عەمری کوڕی مەیمونەوە ، دەڵێت : بێ باوەڕان بە ئاگر ئەشکەنجەی عەممار یان دەدا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلایدا تێپەڕ بوو ، دەستی بەسەریدا هێنا و دەیفەرموو : ﴿يَا نَارُ كُونِي بَرْداً وَسَلَاماً﴾ سورة الانبياء ، آية (٦٩) ، على عمار كما كنت على ابراهيم ، تقتلك الفئة الباغية) [1]

فەرمووی : ئەی ئاگر سارد بەرەوە و سەلامەت بە لەسەر عەممار هەروەك چۆن بویت لەسەر ئیبراهیم ، و فەرمووی : کۆمەڵە تاوانبارەکە دەتکوژێت . وە لە ابن عبیدی کوڕی محمدی کوڕی عمماری کوڕی یاسرەوە ، دەڵێت : بێ باوەڕان عەممارییان برد و وازیان لێ نەهێنا .

هەتا بە زمانی قسەی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وت و خواکانی ئەوانی بە چاك ناوبرد ، ئەوە بوو کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات ، پرسی : (ماوراءك ؟) چ هەواڵێکت لەلایە ؟

وتی : هەواڵی خراپ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەخوا وازیان لێ نەهێنام تا بە خراپ ناوم بردیت و بە چاك ناوی خواکانی ئەوانم برد ، فەرمووی : (کیف تجد قلبك ؟) واتە : ئەی دڵت چۆنە ؟ واتە دڵت ڕووی لە کامیانە .

وتی : دڵم بە ئیمانەوە دڵنیایە ، ئەو جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (فإن عادوا فعد) [2] کەواتە ئەگەر گەڕانەوە تۆش بگەڕێرەوە (واتە چیت وتوە بەزار بیڵێرەوە گرنگ ناخ و دەروونتە)

وە لە قەتادەوە ، ئایەتی (الا من اکره) لەسەر عەممار دابەزیوە [3] . وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەلای خێزانی (ئەهلی) عەممار دا تێپەڕ بوو ، لە کاتێکدا لە ژێر ئەشکەنجەدا بوون ، پێیانی فەرموو : (أبشروا آل عمار فإن موعدكم الجنة) . ئەی ئەهلی عەممار مژدەتان لێ بێت ، بەهەشت چاوەڕێتانە .

---

[1] – ابن سعد دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ١ / ١٧٧) .

[2] – ابن سعد و حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە ، دەڵێت : (صحیح)ە زەهەبیش لەسەرهەمان ڕایە.

[3] حافظ لە (الاصابة)دا و لە باسی ژیانی (عەممار) وا دەڵێت : ڕای کۆمەڵی زانایان وایە کە ئەم ئایەتە لەسەر ئەو دابەزیوە .

" فیقهی عەممار (رضي الله عنه) "

لە طارقی کوڕی شەهابەوە ، دەڵێت : ئەهلی بەصرە غەزوی (نەهاوەند)یان کرد، و ئەهلی کوفەیش کە عەممار یان بەسەرەوە بوو – ئەمیریان بوو – هاوکاری یان کردن، و بەسەرکەوتن کۆتایی هات ، بەڵام ئەهلی بەصرە ویستیان هیچ شتێ لە غەنیمە نەدەن بە ئەهلی کوفە ، و پیاوێکی تەمیمی بە عەمماری وت : ئەی گوێ بڕاو ! ئەتەوێ ببیتە هاوبەش لە غەنیمەتەکانماندا ؟ عەممارش (رضي الله عنه) فەرمووی : بەڕاستی جنێوت بە گوێچەکە باشەکەم دا ، ئەو گوێچکەیەم کە هاوڕێ لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەجەنگام پێکرا . دەڵێت : ئەوجا سەبارەت بە بابەتەکە پەیامێکی نارد بۆ عمر (رضي الله عنه) عومەریش (رضي الله عنه) : نوسیی غەنیمە بۆ ئەوانەن کە بەشداری یان لە جەنگەکەدا کردووە.[1]

" جیهادی عەممار (رضي الله عنه) "

لە (ابن عمر)ەوە ، عەممارم ڕۆژی یەمامە لەسەر بەردێك بینی ، هاواری ئەکرد : ئەی میللەتی ئیسلام ، مەگەر لە بەهەشت هەڵدێن ؟ من عەمماری کوڕی یاسرم ، بەرەو لای من بێن ! ابن عمر ، دەڵێت : منیش سەیری گوێچکەیم دەکرد کە قرتابوو ، دەلەریەوە ،لە کاتێکدا خۆیشی بە ئەوپەڕی توانای شەڕی ئەکرد .

" عەممار (رضي الله عنه) لەگەڵ مرۆڤ و جنییشدا دەجەنگێت "

لە عەممارەوە ، دەڵێت : شانبەشانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ جنۆکە و مرۆڤیشدا شەڕم کردووە ، وتیان : چۆن ؟ فەرمووی : لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووین لە جێیەك دابەزین ، کوندە و سەتڵەکەمم هەڵگرت تا پڕیان بکەم لە ئاو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی وتم : (أما انه سيأتيك على الماء آت يمنعك منه) واتە : کەسێك دێتە سەر ئاوەکە و ڕێگریت دەکات لەوەی ئاوی لێ بەریت .

---

[1] – اسنادەکەی (صحيح)ە ، النبوی (رح السنه) بە لێکۆڵینەوەی ارنؤوط (١١ / ٩٧ / ١٠٠) .

دەڵێت : کە گەیشتمە سەر بیرەکە ، دەبینم پیاوێکی ڕەش وەك ئەوەی خراپەی کردبێتە پیشە لەوێیە ، وتی : سوێند بەخوا نابێ ئەمڕۆ ئاوی لێ بەریت ، و دەستی دا یە ئێخەم و منیش هەروەها و کەوتینە شەڕ کردن تا بەردێکم هەڵگرت و دام بە دەم و چاویدا و دەم و لوتیم شکاند و سەتڵەکەمم پڕ کرد لە ئاو و هاتمەوە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، فەرمووی : (هل أتاك على الماء أحد ؟) کەس لەسەر ئاوەکە هاتە لات ؟ وتم : بەڵێ ، و چیرۆکەم بۆ باس کرد ، ئەویش فەرمووی : (أتدري منه هو ؟) قلت : لا ، قال : (ذالك الشيطان) [1] فەرمووی : ئەزانی ئەوە کێ بوو ؟ وتم / نەخێر ، فەرمووی : ئەوە شەیتان بوو .

" شەهید بوونی (رضي الله عنه) "

عەممار (رضي الله عنه) لە (صفین) دا بەشداری کرد شانبەشانی پێشەوا (علی کوڕی ابی تالیب) (رضي الله عنه) و شەهید کرا .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی کوژرانی پێ دابوو .

لە عەممارەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی وت : (وتقتلك الفئة الباغية) [2] واتە : کۆمەلە و دەستە تاوانبارەکە دەتکوژن .

پێشەوا زەهەبی دەربارەی ئەوەی لە نێوان (علی) و (معاويه) دا لە حنین ڕووی دا ، دەڵێت : (... ئێمە ئەوەمان لەسەرە لێیان گەڕێین و داوای لێخۆشبوون بۆ هاوەڵان بکەین ، و حەزمان بەوە نەبێ کە لە نێوانیاندا ڕووی دا ، وە پەنابەخودا بگرین لێ ی ، و فەمانبەرداری ئەمیری ئیمارنداران (علی) بین .. [3] وە عەممار هەستی بە نزیك بوونەوەی ئەجەلی کرد بوو ڕەزای خوای لێ بێت .

لە (ابی البختری)یەوە ، دەڵێت : ڕۆژی حنین عەممار وتی : چۆڕێ شیرم بۆ بێنن ، دەڵێت : ئەوجا لێ خواردەوە و فەرموی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێ ی وتم : (إن آخر

---

[1] – ابن سعد دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ١ / ١٧٩) پیاوانی فەرموودەکە جێ متمانەن ، تەنها ڕاڤەیەکی (الحسن)ی تیایە بڕوانە (الفتح) (٧ / ٩٢) و پەڕاوێزی سیر أعلام النبلاء ١ / ٤١٢ .

[2] – ابو يعلى گێڕاویەتیەوە هیثمی دەڵێت : اسنادەکەی (حسن)ە المجمع (٩ / ٢٩٥) .

[3] – بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٢ / ٣٩) .

شر به تشربها من الدنيا شربة لبن)[1] ، دوایەمین خواردنەوەیەك لە دنیا بیخۆیت بڕێك شیرە ، ئەوجا چوو بۆ شەڕ و کوژرا ..

کێ کوشتی ؟ وتراوە پیاوێك بەناوی (ابو الغادیه) کوشتویەتی ، دانەیەکی لە ئەژنۆی داوە خستویەتی و ئەوجا کوشتویەتی ، وتراویشە غەیری ئەو کوشتویەتی ، خوایش باشتر دەزانێت . عەمری کوڕی عاص دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (ان قاتله و سالبه في النار)[2] ، واتە : بکوژ و ڕوتکەرەوەکەشی (ئەوەی کەل و پەلەکەی بردووە بە غەنیمە) لە ئاگردان .. دەسا ڕەزای خوا لەسەر عەممار بێت (رضي الله عنه) ..

---

[1] – احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٤ / ٣١٩) هەروەها حاکم (٣ / ٣٨٩) .

[2] – اسنادەکەی (حسن)ە ، احمد دەرهێنانی کردووە (٤ / ١٩٨) .

" ٣٧ - سەلمانی فارسی (رضي الله عنه) "

" ڕۆڵەی ئیسلام "

کێ یە ؟

الحافظ ابوالقاسم ابن عساکر ، دەڵێت : سەلمانی کوڕی ئیسلام ، ئەبو عبداللە ی فارسی یە ، پێشبڕکێی لەگەڵ سواردا دەکرد بۆ گەیشتن بە ئیسلام ، هاوەڵایەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کرد و خزمەتی کردوو فەرمایشتی لێ گێڕاوەتەوە . کەسێکی ژیر و هۆشیار بوو ، لە پیاوە خاوەن هۆش و خواپەرست و خانەدانەکان بووە .

" چاکەکانی "

١ - لە ابی هریرەوە (رضي الله عنه) ، دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتبووین سوورەتی (الجمعة) ی بۆ دابەزی : (و آخرين منهم لما يلحقوا بهم) [١] ، دەڵێت : پرسیم کێن ئەوانە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟

سەلمانی فارسی دانیشتبوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی خستەسەر سەلمان و فەرمووی : (لوكان الايمان عند الثريا لنا له رجال ، اورجل ، من هؤلاء) [٢] واتە : ئەگەر باوەڕهێنان لەلای ئەستێرەکانیشدا بوایە ، پیاوانێك ، یان پیاوێك لەمانە بە دەستی ئەهێناو خۆی پێ ئەگەیاند .

٢ - لە کثیری کوڕی عبداللە ی موزەننی یەوە ، لە باوکیەوە ئەمیش لە باپیریەوە دەگێڕێتەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێڵی کەندنی (خەندەق)ی کێشاو بۆ هەر دە پیاو چل باڵی دانا هەڵیبکەنن ، کۆچبەران و پشتیوانان بووە مشت و مڕیان لەسەر سەلمان کە پیاوێکی بەهێز بوو ، کۆچکەران ئەیان وت : سەلمان لە ئێمە یە ،

---

[١] - واتە:لە ئایندەدا خەڵکی تریش دێن و (موسڵمانان دەبن لەگەل و میللەتان) پەیوەست دەبن بەمانەوە .

[٢] - صحیح / بوخاری و مسلم ڕیوایەتیان کردووە .

پشتیوانانیش ئەیانوت : نەخێر ، سەلمان لە ئێمەیە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (سلمان منا اهل البیت) [1] ، بەڵکو سەلمان لە ئێمەیە – لە (اهل البیت)ە ..

" چیرۆکی موسڵمان بوونی "

لە ابن عباسەوە ، دەڵێت : سەلمانی فارسی قسەی بۆ کردم ، وتی : من کەسێکی فارسی بووم لە ئەهلی (اصفهان) ، خەڵکی گوندێك بووم بەناوی (جَيّ) [2] کە باوکم کوێخاکەی بوو ، وە من خۆشەویسترین کەسی باوکم بووم . ئەوەندە خۆشمی دەویست زۆرجار هەروەك کەنیزەك لەماڵەوە دەیبەستمەوە ، لە ئاینی ئاگر پەرەستیدا – مجوسیە – دا تەقەلام دا تا بوومە هاونشینی ئەو ئاگرەی (قاطن النار) کە باوکم هەڵیدەگیرساند و نەیدەهێشت بۆ کاتژمێرێك بکوژێتەوە .

وە باوکم زەوی و زارێکی گەورەی هەبوو .. ڕۆژێکیان بە هۆی دروست کردنی خانوویەکەوە سەرقاڵ بوو ، پێ ی وتم : کوڕم ! ئەوە من ئەمڕۆ بەهۆی سەرقاڵیەوە بەبیناکردنەوە لە زەوی یەکەم دابڕاوم تۆ بڕۆ چاوێکت لێی بێت و چەند فەرمانێکی تریشی دابەسەرمدا ...

منیش چوومە دەرەوە ، پاشان باوکم پێ وتم : خۆتم لێ ون نەکەی ، چونکە تۆ زۆر لە زەوی یەکە بۆ من گرنگ تریت ، ئەگەر خۆت ون کەیت ئەوا بەخۆتەوە سەرقاڵم ئەکەیت و هەموو شتێکم بیر دەچێت .

منیش چوومە دەرەوە بە نیازی ڕۆشتن بۆ سەر زەوی یەکەی لە ڕێگا بەلای یەکێ لە کەنیسە (کڵێسا) کانی گاورەکاندا تێپەڕ بووم گوێم لە دەنگی یان بوو ، دوعایان دەکرد ، منیش نەمدەزانی کاری ئەمانە چ پەیوەندیەکی بە بەند کردنی منەوە هەیە لەلایەن باوکمەوە لەماڵەوە .

ئەوە بوو کە تێپەڕیم بەلایاندا و گوێم لە دەنگیان بوو ، چوومە ژوورەوە بۆ لایان تا بزانم خەریکی چین ، کە بینیمن سەرم سوڕما لە نوێژەکەیان و موعجبی بووم و حەزم لە

[1] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢٧٥) .

[2] – شارۆچکەیە کە لە اسفهان ی کۆن ، معجم البلدان (٢ / ٢٠٢) .

کارەکەیان کرد ، وتم : سوێند بەخوا : ئەمە باشترە لەو ئایینەی وا ئێمە لەسەری دەڕۆین، سوێند بە خوا بە جێم نەهێشتن تا خۆرئاوا بوو ، وازم لە زەوی باوکم هێنا و نەچوومە سەری ، بەوانەی ناو کڵێسەکەم وت : بنچینەی ئەم ئاینە لە کوێ یە ؟

وتیان : لە شامە ..

دەڵێت : ئەو جا گەڕامەوە بۆ لای باوکم کە ناردبووی بەدوامدا و بە بۆنەی گەڕان بە دوای منا هەمو کارەکانی خۆی واز لێ هێنا بوو ،بەمنەوە سەرقاڵ بوو بوو .

کاتێ هاتم بۆ لای پێی وتم : دەی کوڕم ! لە کوێ بوویت ؟ باشە من پێم نەوتی واو وا بکە ؟

وتم / بابەگیان ! ڕاستی یەکەی ئەوە بوو بەلای خەڵکانێکدا ڕەت بووم لە کڵێسا نوێژ و دوعایان دەخوێند ، منیش موعجیبی کار و ئاینەکەیان بووم و سوێند بە خوا لەلایان مامەوە تا خۆر ئاوا بوون .

باوکم وتی : کوڕم ئەو ئاینەی ئەوان خێری تیانی یە ، بەڵکو ئاینی خۆت و باوباپیرانت باشترە لەوە . وتم : نا بە خوا ! بەڵکو ئەوە لە ئاینەکەی ئێمە باشترە .

دەڵێت : ئەو جا باوکم ترسا و بەقەیدێك قاچی بەستمەوە و لە ماڵەوە بەندی کردم ، دەڵێت : پەیامێکم نارد بۆ گاورەکان و وتم ئەگەر قافڵەیەکی بازرگانی لە شامەوە هات بۆ لاتان لە بازرگانانی گاور ، هەواڵم پێ بدەن . ئەوە بوو قافڵیەك لە شامەوە هاتە لایان ، و ئەوانیش هەواڵیان پێ دام ..

وتی : ئەگەر کاردکانیان تەواو بوو ، ویستیان بگەڕێنەوە پێم بڵێن ، دەڵێت : ئەواینش وایان کرد . منیش قەیدە ئاسنەکەم هەرچۆنێك بوو لە قاچم کردەوە و لەگەڵیان چووم تا گەیشتمە شام .

کە گەیشتمە شام ، وتم : کێ باشترین کەسە لەناو ئەم ئاینەدا ؟ وتیان : وا عیز و ئەسقەف ناو کڵێسا باشترین پیاوی ئەم ئاینەیە منیش هاتم بۆلای : پێم وت : من ڕەغبەت و ویستی ئەم ئاینەم کرد و حەزم کرد لەگەڵ تۆدام بم و لەناو کڵێسادا خزمەتت بکەم و شتیشت لێ فێربم ، و نوێژت لەگەڵ بکەم .

دەڵێت : هاتە ژوورەوە و منیش لەگەڵیدا هاتمە ژوورەوە و مامەوە ، بۆم دەرکەوت پیاو خراپێکە فەرمان بە خەڵکی ئەکات کە ماڵ و سامان ببەخشن و هانیان دەدات بە (صدقه) و هەرکە خەڵکەکە پارەیان کۆکردەوە بۆ بەخشینی ، ئەم لەلای خۆی گلی

دەدایەوە و هیچی لێ نەدەدا بە هەژاران تاوای لێ هات حەوت (قلال) [1] ، زێڕ و پارەیەکی زۆری کۆ کردەوە ، منیش لەبەر ئەوە زۆر زۆر ڕقم لێ هەڵسا . پاشان مرد ، گاورەکان کۆ بوونەوە کە بە خاکی بسپێرن ، پێم وتن : ئەم پیاوە کەسێکی خراپە ، فەرمانی بە ئێوە ئەکرد کە ببەخشن و هانی ئەدان ، کە بۆتان ئەهێنا ، هەڵی ئەگرت بۆ خۆی و هیچی لێ نەئەدا بە هەژاران و ئەوجا شوێنی گەنجینەکەیم نیشاندان کە حەوت گۆزەی پڕی تیا بوو ، ئەوانیش کە دیتیان ، وتیان : سوێند بە خوا نابێ هەرگیز بیسپێرین ، ئەوە بوو لە خاچیان دا و بەرد بارانیان کرد .

ئەوجا پیاوێکیان لە جێی دانا ، پیاوی وا باشم نەدیبوو کەسێکی زاهد بوو لە دنیا و ڕووی لە قیامەتی بوو ، هەر زۆر بەڕێز بوو ، شەو و ڕۆژ خەریکی خواپەرستی بوو، شتانێکی فێر کردم کە تا ئەو کاتە باشترین و خۆشەویسترین شت بوو لە دڵما لەلای مامەوە تا وەفاتی ، لەسەرەمەرگدا پێم وت : ئەی فلاّن کەس ! وا دەبینی کە خوا حافیزی ئەکەیت ، و دەزانی کە سوێند بە خوا کەسم هێندەی تۆ خۆشنەویستووە ، پێم بڵێ چی بکەم و بۆلای کێ بڕۆم دوای خۆت ؟

پێی وتم : کوڕم سوێند بەخوا ئەوەندە ئەزانم پیاوێك لە موصل هەیە ، برۆ بۆلای ، دەبینیت هەروەك من بێت .

دوای مردنی ، ڕۆشتم بۆ موصل ، و چوومە لای هاوەڵەکەی دەبینم هەروەك ئەوە لە کۆشش و زوهد دا . پێم وت : فلاّن کەس منی بە تۆ سپاردووە کە بێمە لات و لەگەڵت بم ، پێی وت : دەهەڵسە ، کوڕم و لەلام بمێنەرەوە ، منیش لەلای مامەوە تا ئەویش مەرگی هاتەپێشەوە . پێم وت : فلان منی بە تۆ سپارد ، تۆش وا خەریکی کۆچ دەکەیت، بەکێم دەسپێری ؟ و چی فەرمانێکم پێ دەکەیت ؟ وتی : سوێند بەخوا هەر ئەوەندە ئەزانم پیاوێك لفلاّن جێ هەیە بڕۆ بۆلای .

ئوە بوو دوای سپاردنی ، چووم بۆ لای ئەو پیاوە و لەلای مامەوە کە هەروەك ئەوان بوو ، تا ئەویش کەوتە سەرەمەرگی و وەسیەتی بۆ کردم بچم بۆ لای پیاوێك لە ئەهلی (عموریە) لە (ڕۆم) منیش هاتم بۆ لای ، ئەویش هەروەك ئەوان بوو ، لەو نێوانەدا من بووم بە خاوەنی چەند سەر مانگا و مالاّت بەکاسبی کردن .

[1] - قلال : جۆرە جامێکی عەرەبی بە (گۆزە) .

ئەویش کەوتە سەرەمەرگ ... و قسەم لەگەڵ کرد دەربارەی ئەوەی دوای ئەو بۆ کوێ بڕۆم و ڕوو لە کێ بکەم ؟

وتی : کوڕم ! سوێند بەخوا ئەوەندەی من دەزانم کەس نەماوەلەسەر ئەو ڕێ یە بڕوات کە ئێمەی لەسەر ڕۆیشتین تا فەرمانت پێ بکەم بچیتە لای ، بەڵام ڕۆژانێك نزیکن (اظلك زمان) کە پێغەمبەرێك دێت لە (حەرەم) ەوە و دەربەدەر دەکرێ بۆزەوی یەکی شۆرەکاتی پڕ لە دارخورما ، و چەند نیشانەیەکی پێوەیە کە ناشار درێتەوە ، لە نێوان هەردووشانیشیدا مۆری پێغەمبەرایەتی هەیە ، دیاری وەردەگرێت و بەخشش (صدقة) ڕەت دەکاتەوە و وەری ناگرێت ، ئەگەر توانیت خۆت بگەیەنیتە ئە و ولاتانە ئەوە ئەو کارە بکە ، چونکە زەمانی هاتنی واسێبەری بۆت کردووە ، واتە تۆ ئێستا لەو زەمانە دایت .

ئەوە بوو پاش ئەوەی ئەمیشیان سپاردە کرد ، مامەوە تا پیاوانێك لە بازرگانە عەرەبەکان لە (کلب) بەلامدا تێپەڕین ، پێم وت : لەگەڵ خۆتان هەڵمگرن بۆ ولاتی عەرەبی بەرامبەر ئەو موڵك و چەندسەر مانگایە کە هەمە .

وتیان باشە ..

ماڵ و مانگاکانم پێدان ، ئەوانیش لەگەڵ خۆیان هەڵیانگرتم ، هەتا گەیاندمیانە (وادی القرى) لەوێدا ستەمیان لێ کردم و وەك کۆیلەیەك فرۆشتمیان بە پیاوێکی جولەکە، کە لە (وادی القرى) بوو .

سوێند بەخوا ، چاوم بە دارخورما کەوت و تەماعم ئەوە بوو کە ئێرە ئەو جێگایە بێت کە هاوەڵەکەم بۆی وەسف کرد بووم . سوێند بەخوا بۆم یەکلا نەبوویەوە هەتا پیاوێك لە (بني قريظة) هات بۆ (وادی القرى) و کابرای جولەکە منی پێ فرۆشتەوە ، ئەویش منی لەگەڵ خۆی برد تا هاتینە (مەدینە) .

سوێند بە گەورەیی خوا هەرکە دیتم و چاوم بە مەدینە کەوت ، زانیم کە ئەو جێگایە من بۆی دەگەڕێم .

ئیتر بە کۆیلەیەتی مامەوە ، لەو نێوانەدا خوای گەورە پەیامی خۆی نارد بە پێغەمبەرەکەیدا ﷺ لە مەککە و بەهۆی ئەو حاڵ و کۆیلەیەتی یەی منی تیا بوو ، کەس هیچی پێ نەوتبووم لەوبارەیەوە ، هەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە (قُباء) ، کاتێ من خەریك بووم لە باخێکی دارخورما دا کارم دەکرد بۆ خاوەنەکەم . وەڵڵاهی من خەریکی

کاری خۆم بووم تا کوڕەمامێکی هات و وتی : ئەی فلان کەس ! خوا (بني قيلة) [1] بە کوشت دات ، سوێند بە خوا ئەوان ئێستا لە (قُباء) کۆ بوونەتەوە لەگەڵ پیاوێک لە مەککە ، کە ئەڵێن گوایە پێغەمبەرە .

سەلمان وتی : سوێند بەخوا هەر ئەوەندەی گوێم لەم قسانە بوو ، هەموو گیانم کەوتە لەرزین بە جۆرێك وتم ئێستا ئەکەوم بەسەر خاوەنەکەمدا .

خێرا دابەزیم و وتم ئەم هەواڵە چی بوو ؟

گەورەکەیشم دەستی بەرز کردەوە زللەیەکی توندی لێ دام و وتی : تۆ چیتە بەم قسانەوە ، بڕۆ خەریکی کاری خۆت بە .

منیش وتم : هیچ .. تەنها هەواڵێکم بیست و حەزم کرد بزانم چی یە . کاتێ شەو داهات ، بڕێك خۆراکم پێ بوو ، هەڵمگرت و ڕۆشتم بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ (قُباء) ، پێم وت / پێیان وتووم کە تۆ پیاوێکی چاکسازیت و چەند هاوەڵێکی غەریبت لەگەڵدایە ، وە منیش بڕێك (بەخشش – صدقە) م پێ بوو ، بە خۆمم وت کە ئێوە لە هەموو کەسێك ی ئەم وڵاتە زیاتر لەسەر هەقن ، وە شایستەن بەم (صدقە) یە ، فەرموو، لێ بخۆ . دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) پارێزی کرد و لێی نەخوارد و بەهاوەڵەکانی فەرموو : (کلوا) بیخۆن .

منیش بەخۆمم وت : ئەمە یەکێکە لەو سیفاتانەی کە هاوەڵەکەم پێی وتم .

پاشان گەڕامەوە ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) هاتبوو بۆ مەدینە ، بڕێك کەل و پەلم کۆ کردەوە لەلای خۆمەوە و هێنام بۆی و وتم : دەبینم لە (صدقە) ناخۆیت ، بەڵام ئەمە دیاری یە .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەری گرت و لێی خوارد و هاوەڵانیش لێیان خوارد ، وتم : ئەمەش سیفاتێکی ترە کە بۆم باسکرا ..

پاشان هاتمەوە بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە بە شوێن جەنازەیەکەوە بو لەناو هاوەڵانیدا ، گەڕامە دواوە و چوومە پشتەوە سەیری بکەم بزانم ئەو مۆرەی کە بۆم وەسف کرا بوو بە پشتیەوە هەیە یان نا .

---

[1] هەردوو هۆزی ئەوس و خەزرەج .

ئەوە بوو کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بینی واچوومەتە دوایەوە ،زانی کە ئەمەویٚ لە شتێك دڵنیابم کە پێشتر بۆم وەسف کراوە ، بۆیە عاباکەی لادا لەسەر پشتی ، کە مۆرەکەم بینی و ناسیمەوە خێرا باوەشم پیا کرد و بە دەم گریانەوە ماچم دەکرد .

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پێی وتم : (تحول) واتە : وەرە بەم لاوە منیش هاتمە ئەملاوە و چیرۆکەی خۆمم بۆ باس کرد هەروەك ئێستا بۆ تۆی باس ئەکەم ئەی (ابن عباس) پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەزی کرد هاوەڵانیشی گوێیان لە چیرۆکەکەم بێت.

پاشان سەلمان بە کۆیلەیەتی مایەوە تا بەو هۆیەوە نەیتوانی لە بە درو ئوحود ئامادە بێت ، لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) .

پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (کاتب یا سلمان) واتە : خۆت بکڕەوە ، ئەی سەلمان .. منیش لەگەڵ خاوەنەکەم ڕێك کەوتین کەسیٚ سەدبن دارخورمای بۆ بڕوێنم (بەنەمام) لەگەڵ (چل) ئۆقیەدا ئەویش من ئازاد بکات ..

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە هاوەڵاتی فەرموو : (هاوکاریی براکەتان بکەن) . ئەوانیش بەدارخورما هاوکاری یان کردم هەبوو بە سی نەمام و هەبووبە بیست ، هەبوو بە پازدە ، هەتا سیٚ سەد نەمامم کۆ کردەوە .

ئەو جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (اذهب یا سلمان ففقر لها ، فاذا فرغت فائتنی اکون انا أضعها بیدی) فەرمووی : بڕۆ زەویەکەیان بۆ هەڵکەنە و چاکی بکە ، کە لێی بویتەوە وە رەپێم بڵیٚ من بە دەستی خۆم نەمامەکانی تیٚ دەخەم . منیش جێگای نەمامەکانم هەڵکەند بەهاوکاری هاوەڵانم ، و کە لێبومەوە هاتم بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێم وت کە تەواو بووین ، ئەویش لەگەڵم هات ، ئێمەش شەتل و نەمامەکانمان بۆ نزیك دەکردەوە و ئەویش دەیخستە ناو چاڵەکەوە ، سوێند بەو زاتەی نەفسی سەلمانی بەدەستە یەك دانە لەو شەتلانە نەمرد و وشك نەبوو ، بەو جۆرە دارخورماکەم لە کۆڵ بوویەوە و ئەدام کردمایەوە پارەکە ئەدا بکەم .

ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە قەبارەی هێلکەی مریشکێك زێری هێنا کە لە چەند غەزایەکدا دەستی موسڵمانان کەوتبوو ، فەرمووی : (ما فعل لفارسي المکاتب ؟) برا فارسی یە (مکاتب)ەکەمان چی کرد ؟و منیان بانگردە لای ، فەرمووی : (خذها فأدبها ما علیك) .

ئەمە بەرەو بیدە بە گەورەکەت و ئەوەی لەسەر تەبیدە . وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە بەش دەکات ؟ فەرمووی : (خذها فإن الله سیؤدی بها عنك) بیبە ، بێ گومان خوای تەعالا بۆت ئەدا ئەکات .. منیش بردم و کێشی چل ئۆقیەم بۆ کێشانە کردن و هەقی خۆیانم داپێیان و ئازاد بووم ، ئەو جا بە ئازادی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا لە جەنگی (خندق) بەشداریم کرد و پاش ئەویش لە هیچ غەزایەکی تر دوانەکەوتم)[1] .

" زانستی سلمان (رضي الله عنه) "

لە چیرۆکی موسڵمان بونیەوە ، بە ئاشکرا زانستی بەرفراوانی سەلمانمان بۆ دەردەکەوێت .وە لە (ابی الختری)یەوە ، دەڵێت : بە (علی) یان وت (رضي الله عنه) باسی هاوەڵانی محمد مان بۆ بکە ، فەرمووی : پرسیار لە کامیان دەکەن ؟

وتیان : لە عبدالله کوڕی مسعود ، فەرموی : زانستی قورئان و سوننەی وەرگرت و ئیتر ئەو دوانەی بە کفایەت زانی وەك زانست وەری بگرێت .

وتیان : عمار ؟ فەرمووی : ئیمانداریکە شتی لە یاد دەچێت ، خۆ ئەگەر بیرت خستەوە ، ئەوە بیری دەکەوێتەوە ، وتیان : ابوذەر ؟ فەرمووی : زانستێکی وای پێ بوو ، دەرەقەتی نە ئەهات . وتیان : أبوموسی ؟ فەرمووی : جێ دەستێکی لەناو زانستدا داناو دواتر لێی هاتە دەرەوە .

وتیان : حذیفة ؟ فەرمووی : لە هەموو هاوەڵانی محمد زیاتر شارەزا و ئاگاداری دووڕوەکانە . وتیان : سەلمان ؟ فەرمووی : زانستی یەکەم و زانستی کۆتایشی بە دەست هێنا ، دەریایەکە بنی نیە و لە ئێمەیشە لە (ئەهل و بەیت)[2]

وە لە (عونی کوڕی ابی حجیفە) وە ، لە باوکیەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلمان و ابی الدرداءی کردە برا ، ئەوەبوو سەلمان سەردانی ئەبادەردئی کرد ، ئوم دەردائی بینی کە هیچ خۆی نەڕازاندبووە[1] . پێیان وت : چیتە ؟

[1] – پیاوانی جێی متمانەن:دانەپاڵەکەی بەهێزە:احمد و غەیری ئەویش گێراویانەتەوە ارئۆوط(سیر١/٥١١).

[2] – پیاوانی جێ باوەڕن : (النسوی) دەرهێنانی کردووە بۆی لە (المعرفە و التاریخ) (٢ / ٥٤٠) هەروەها تەبەرانی و غەیری ئەوانیش .

ئوم دەرداء ، وتی : ئەبو دەردائی برات پشتی لەدنیا کردووە ، ئەوە بوو ئەبو دەرداء هات و خۆراکێکی بۆ ئامادە کرد ، پێی وت : بخۆ ، من : بەڕۆژووم .

ئەویش وتی : منیش ناخۆم هەتا تۆ نەخۆیت ، دەڵێت : ئەوجا ئەبو دەرداء خواردی . پاشان کە شەوداهات ئەبو دەرداء هەر خەریکی خواپەرستی و (قیام الیل) بوو . سەلمان پێی وت : بنوو ، ئەوجا نوست ، پاشان هەڵسایەوە و دەستی کردەوە بە شەونوێژ پێی وتەوە بخەوە .

وە کاتێ کۆتایی شەوهات سەلمان فەرمووی : ئێستا هەڵسە ، و دەستیان کردبە نوێژ کردن ... سەلمان وتی : بەڕاستی خوای پەروەردگار مافێکی بەسەرتەوە هەیە ، هەروەك نەفسی خۆیشت مافی بەسەرتەوە هەیە و ئەهلەکەشت مافیان بەسەرتەوە هەیە ، لەبەر ئەوە هەرکەسەو مافی خۆی پێ بدە .

ئەو هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بۆی گێڕایەوە کە چی پێ وتووە ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : (صدق سلمان) [2] سەلمان ڕاست دەڵێت .

" پێشەوای لەخۆ بوردوو "

پیاوچاکان هەمیشە ئیمارەت و پێشەوایەتی یان بە ئەرکێکی گران داناوە نەوەك بە شەرەفمەندی و فەخر ، بۆیە جوانترین نموونەیان لە زوهدو لە خۆبوردەی و دادپەروەری و لە خواترسان نیشان دا .

لە (عبیدەی سەلمانی)یەوە ڕەحمەتی خوای لێ بێت : سەلمان بۆ غەزا وەك پێشەوای سوپا بەرەو (حجر المحدائن)چووە دەرەوە لە دوای پیاوێکەوە بوو لە هۆزی (کندة) بەسەر پشتی هێسترێکەوە . هاوڵاتیان پێیان وت : لیواکەمان پێ بدە ئەی ئەمیر با ئێمە هەڵیگرین ، ڕازی نەبوو هەتا لە غەزا کەبوونەوە و هەر لە دوای کابراوە بوو . [3]

---

[1] – واتە گوێی بە خۆی نەئەدا وەك ئافرەت .

[2] – صحیح : بخاری (١٩٦٨ ٩) ترمذی (٢٤١٥) .

[3] – پیاوانی جێ متمانەن : ارنؤط (سیر ١ / ٥٤٥ ، ٥٤٦) .

لە (الحسن)ەوە : – بەشی سەلمان تەنها پێنج هەزار بوو لە کاتێکدا ئەمیر و پێشەوای سی هەزار کەس بوو وە بە عەبایەکەوە وتاری بۆدەدان کە نیوەی لەبەردا بو ، لەسەر نیوەکەی تریشی دادەنیشت . و هەرکات بری موچەکەی (عطاء) وەردەگرت تەواوی ئەکرد و بە ئارەقەی ناوچەوانی خۆی پارەی پەیائەکرد .

" پەرستشی "

لە (طارق ی کوڕی شهاب) ەوە ، لە سەلمانەوە ، دەڵێت : کە شەو دادێت خەڵك لە سێ پلەو مەنزڵدان : هەیە شەو بۆ ئەوە ، هەیە شەو دژی ئەوە ، هەیشە نەبۆ ئەوە و نەدژی ئەویشە !!

وتم : جا ئەمە چۆنە ؟ فەرمووی : سەبارەت بەوەی کە شەوگار خێروماچەکەی بۆ ئەوە ، کەسێکەغەفڵەت و بێ ئاگایی خەڵك بەهەل دەزانێ لەگەڵ تاریکی شەودا و دەستنوێژ هەڵدەگرێ و نوێژدەکات ، ئەمە شەوگار لە بەرژەوەندی ئەودایە . ئەو پیاوەش کە غەفڵەت و بێ ئاگایی خەڵك وتاریکی شەو بەهەل دەزانێ و هەڵدەسێ سەرپێچی خوا دەکات ، ئەوە شەوگار لە دژی ئەو نەك لەبەرژەوەندی ئەو . ئەو کەسەیش کە شەوتابەیانی دەخەوێت ، شەوگار نەبۆ ئەوە و نەدژی ئەوە .

طارق وتی : شەرت بێ هاوەڵایەتی ئەم پیاوە بکەم ، ئەوە بوو شاندێك بەڕێ خرا بۆ کارێك ، سەلمانیشیان لەناودا بوو ، منیش لەگەڵی چووم ، بە هیچ شێوەیەك بارم لەو قورس تر نەبوو گەر من هەویرم بشێلایە ، ئەو نانەکەی دەکرد ، وە ئەگەر من نانم بکردایە ، ئەو چێشتی لێ دەنا ، لە جێیەك دابەزیین بۆ حەوانەوە ، ئەوە بوو طارق سەعاتێکی لەشەودا هەبوو کە تیایدا هەڵدەسا بۆ خواپەرستی ، دەڵێت: کەلەو سەعاتەدا هەڵدەسام دەبینم نوستووە، بەخۆمم وت:– هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە من باشترە و نووستووە ، دەنووستم ، پاشان هەڵدەسامەوە دەبینم نوستوە ، دەخەوتمەوە ، بەڵام کاتێ شەو خۆی بۆ حەوانەوە ئامادە دەکرد ، لەسەر جێگاکەی دەیفەرموو : ﴿ سبحان الله ، و الحمد لله ، و لااله الا الله ، و الله اکبر ، لااله الا الله و حده لا شريك له ، له الملك و له الحمـد ، و هو علی كل شيء قدير ﴾و لە نزیك نوێژی بەیانی یەوە هەڵدەساو دەستنوێژی دەشت و چوار رکعات نوێژی دەکرد . ئەوە بوو دوای ئەوەی نوێژی بەیانیمان کرد ، وتم : ئەی

(أبا عبدالله !) سەعاتێکم بەشەودا هەبوو کە زیندووم دەکردەوە ، تیایدا هەڵدەسام ، بەڵام تۆم بە خەوتوویی بەدی ئەکرد ؟ فەرمووی : برازا !گوێت لێم بوو چیم دەوت ؟ منیش هەواڵەکەم پێ دا ، فەرمووی : برازاکەم ئەوە نوێژە ، بەڕاستی پێنج فەرزەی نوێژەکان ئەبنە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانی نێوانیان ، گەر گوناهی گەورەی ئەنجام نەدا بێت . برازاکەم نیەتت حسابی بۆ دەکرێت نەك شتی تر [1] .

" وەفاتی "

پاش گەشتێکی سەخت و دژوار کە سەلمان (رضي الله عنه) بەسەری برد لە پێناو گەڕان بەدوای هەقدا تا پێی خستە سەر ڕێگای ڕاست و لە سەری جێگیر بوو .. مەرگی هاتە پێش .

((سەعدی کوڕی ئەبی وقاص و ابن مسعود لەسەرەمەرگدا چوونەلای سەلمان . دەستی بەگریان کرد . پرسیاری لێ کرا : چی دەتگریەنێت ؟ فەرمووی : بۆ پەیمانێك دەگریم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێمانی وەرگرتووە و نەمانپاراستبێ .
فەرمووی : با دەستکەوتتان لە دنیادا هێندەی توێشووی سوارێك بێت . (گەشتیارێك بێت) . وەتۆ ئەی سەعد لە حوکمداریتدا ئەگەر گرتە دەست ، لە خوابترسە وە لە سوێن خواردنتدا و لە خوستەکانتدا ئەگەر بووت ، بە خوابترسە) [2]

وە لە خێزانی سەلمانەوە ، وتویەتی : کاتێ سەلمان مەرگی نزیك بوویەوە ، بانگی کردم ، ئەو لە ژوورێك دابوو چواردەرگای لەسەر بوو ، فەرمووی : دەرگاکان بکەرەوە ، چونکە ئەمڕۆ چەند میوانێکم هەیە نازانم لەکام لەم دەرگایانەوە دێنە ژوورەوە [3] ئەو جا داوای (میسك)ی کرد ، فەرمووی : برێکی لێ بکەبە دەورو بەری جێگاکەمدا ، سەیرم کرد ، دەبینم گیانی دەرچووە، و وەك ئەوەی لەسەر جێگاکەی نووستبێ وەهادەر دەکەوت . [4]

---

[1] – عبدالرزاق (١٤٨) دەری هێناوە . وە گبرانی (٦٠٥١) هە یپە می دەڵێت : پیوانی جێ باوەڕن .

[2] – صحیح : ابن ماجه (٤١٠٤) پابت دەڵێت : پێم گەیشتووە کە کاتێ مردووە تەنها بیت و ئەوەندە دەرهەمی هەبووە .

[3] – مەبەستی فریشتەکانە .

[4] – ابو نعیم دەری هێناوە لە (الحلیه) دا (١ / ٢٠٨) .

" تەمەنی سەلمان ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد "

وتـراوە کـە : سـەلمان (٣٥٠) سـالْ ژیـاوە ، سـەبارەت بـە (٢٥٠) سـالّی ئـەو گومانیان لیّ نیە !! نووسەر دەلێت : بەڕاستی دلْ بەمە دلْنیا نابێ .. ڕاستیش ئەوەیە کە زەهەبی (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ) وتویەتی : (لەوانەیە حەفتاو ئەوەندە سالْ ژیا بێ .. وانازام گەشتبێتە سەد سالْ هەر کەسیش شتێك لەم بارەیوە دەزانی .. با بە ئێمەشی بگەیەنێت .. وە لە کتێبیّ ((تاریخ الکبیر))دا نوسیومە کە (٢٥٠) سالْ ژیاوە ، وە من ئەم سەعاتە لەسەر ئەو ڕایە نیم و بەڕاستی دانانێم) [١] . وە سەلمان (رضي الله عنه) لەسەردەمی جێنشینایەتی پێشەوا (عوسمان) دا وەفاتی کردووە .

[١] – بروانە : سیر اعلام النبلاء (١ / ٥٥٦) .

" ٣٨ - عبدالله ذوالجبادين (رضي الله عنه) " [1]

" كلا إنه أواب !! "

لەم چەند لاپەڕەیەدا بە یەکێك لەوانە دەگەین کە فەرموودەکەی (پێغەمبەری خوا ﷺ) گرتونیتیەوە ، کە دەفەرموێت :

﴿ ان الله يحب الابرار الاتقياء الاخفياء الذين ان غابوا لم يفتقدوا ، و ان حضروا لم يعرفوا ، قلوبهم مصابيح الهدى يخرجون من كل غبراء مظلمة ﴾ [2]

پێغەمبەری خوا خوا دەربارەی چەند هاوەڵێك کە (عبدالله) یەکێك بوو لەناویاندا فەرمووی : خوای پەروەردگار کەسی چاکەکاری لە خواترسی شاراوە و نادیاری خۆشدەوی ، ئەوانەی کە ئەگەر دیارنەمان وون بوون کەس بیریان ناکان ، و ئەگەر ئامادە بوون کەس نایانناسێت ، دڵەکانیان چرای ڕووناکی یەو لەسەر هەموو خاکێکی تار دەڕوێن و سەرهەڵدەدەن .

محمدی کوڕی سعد دەڵێت : ذوالجبادين ، هەتیوێکی نەدار بوو باوکی مرد و هیچی بۆبەجێ نەهێشت ، مامی بووە کەفیلی بەخێوکردنی تاوەکو بڕێك حاڵی باش بوو ، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە مەدینە ، ذوالجبادين دەروونی تامەزۆری ئیسلام بوو ، لەبەر مامیشی نەیدەوێرا باسی بکات هەتا ساڵان و چەند غەزایەك تێپەڕین .

ئەوجا بە مامی وت : مامەگیان ، من دەمێکە چاوەڕێم بەڵکو موسڵمان بیت ، بەڵام وادیارە تۆ (محمد)ت ناوێت ، دەی مۆڵەتی من بدە با موسڵمان بم ، مامی وتی : سوێند بەخوا ئەگەر شوێن (محمد) بکەویت هەرچییەك پێمداویت لێت ئەسەنمەوە ، هەتا جلەکانیشت . ئەویش وتی : دەی سوێند بە خوا من شوێنی (محمد) کەوتووم و بەردپەرستیم واز لێ هێناوە ، ئەمەش لە دەستمدایە هانێ بیبە ، ئەویش هەموو شتەکانی لێ سەندەوە و جلەکانیشی لەبەریدا داماڵی ..

---

[1] - (بجاد) جل و بەرگێکی ئەستوری زبرە .

[2] - ابن ماجه و حاكم ڕیوایەتیان کردووە و حاکم دەڵێ: (صحيح)ە و هیچ شتێکی تێدا نیە. (الترغيب بە ژمارە(٤٧).

ئەویش هات بۆلای دایکی ، (پارچە بجاد)ێکی بەدوو بەش بۆ بڕی یەکێکیانی کردە شەرواڵ (واتە نێوانی ناوك و ئەژنۆی پێ داپۆشی) و ئەوی تریشیانی دا بەسەرشان و ملیدا ، و پاشان هات بۆ مەدینە ، لە (بورقان) [1] دەمەوبەیان لە مزگەوت ڕاکشا ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بەیانیان لە خەڵکی ورد دەبوویەوە و تەماشای دەکرد (ئەمەش تا بزانی غەریب و کەسی نەناسراو دەرنەکەوتووە) ، دەبینیت (عبدالله) لەوێیە ، پرسی : من أنت ؟ تۆ کێیت ؟ ئەویش ناوی خۆی پێ وت و پێی وت : کە موسڵمانە ، وە ئەو ناوی (عبدالعزی) بوو [2] .

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) پێ فەرموو :

((تۆ عبدالله ی خاوەنی دوو بجاد)ی)) پاشان فەرمووی : ((انزل مني قريباً)) لە نزیك منەوە مەنزڵ بکە و بمێنەرەوە . ئەوە بوو زۆر لەگەڵیدا لە میوانیەکانیدا دەمایەوە ، هەتاوای لێ هات قورئانێکی زۆری دەخوێندو لەبەر کرد [3] .

" چاکەکانی "

١- لە عقبەی کوڕی عامرەوە (ﷺ) : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پیاوێك کە بە (ذوالجبادين) ناودەبرا ، فەرموو : (انه اواه) [4] لەبەر ئەوەی بەبەسەر کردنەوەی قورئان زۆریادی خوای دەکرد و لە دوعا کردندا دەنگی بەرزدەکردەوە [5] .

٢- لە (الادرع)ەوە ، دەڵێت : پاسەوانیم بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکرد ، شەوێك بۆ کارێکی خۆی چووە دەرەوە ، منی بینی و دەستی گرتم ، و ڕۆشتین لە ڕێگا بە پیاوێك گەیشتین نوێژی ئەکرد و بەدەنگی بەرز قورئانی ئەخوێند ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی وت : (عسى ان يكون مرائيا) ئەشێ ریاباز بێت .

[1] – کێوێکە لەلای ڕاستی ڕێگەی تێپەڕبووە لە مەدینەوە بۆ مەککە .

[2] – ابن الجوزی دەڵێت : ناوی عبدالله ی کوڕی عبدنهم ی کوڕی عفيفه . صفه الصفوه (١ / ٣٤٤) .

[3] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٣٤٤) .

[4] – کەسێك زۆر ئاە و هەناسە هەڵکێشێت و پەرێشان بێت .

[5] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە ، احمد و تەبەرانی المجمع بە ژمارە (١٥٩٨١) .

دەڵێت : منیش وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، نوێژ دەکات و دەنگی بۆ قورئانخوێندن بەرز دەکاتەوە ؟ دەڵێت : پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دەستی بەردام و پاشان فەرمووی : (انكم لن تنالو هذا الامر بالمغالبة) ئێوە ئەم ئاینە بە بەسەر یەکتر بوندا (زاڵ بوندا) بە دەست ناهێنن . پاشان شەوێکی تر چووە دەرەوە و منیش پاسەوانیم دەکرد ، دەستی گرتم و بەلای پیاوێکدا تێپەڕین نوێژی ئەکرد و دەنگی بۆ قورئانخوێندن بەرز کردبووە ، وتم : ئەشێ کەسێکی ڕیاباز بێت ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : (كلا انه اواب) . نەخێر بەڵکو ئەو کەسێکە زۆر دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری و داوای لێخۆش بونی لێ دەکات ز سەیرم کرد دەبینم (عبدالله ی ذوالبجادین) ە [1] .

" کۆتایی یەکی کامەران "

ذوالبجادین ، لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بەڕێ کەوت و بۆ غەزای (تبوك) و لەوێ وەفاتی کرد .. ابن مسعود چیرۆکی وەفاتیمان بۆ دەگێڕێتەوە بەم شێوەیە " (ناوەڕاستی شەو هەڵسام ، کاتێ لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (تەبوك) بووین ، لەلای سەربازگەکەوە مەشخەڵێکم چاو پێکەوت بەداگیرساوی، لە شوێنی چووم ، دەبینم پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ابوبکر و عمر(رضي الله عنهما) لەوێن و عبدالله ذوالبجادین وەفاتی کردووە ، و خەریکن گۆڕی بۆ هەڵدەکەنن و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناو گۆڕەکەیدا یە و ئەبوبەکر و عومەریش (رضي الله عنهما) دەیدەنە دەستی ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێت : (أدنيا اليَّ اخاكم) براکەتانم لێ نزیك کەنەوە ئەوانیش نزیکیان کردەوە بۆی ، کاتێ ئامادەی کرد لە جێی خۆی داینا فەرمووی : (اللهم اني قد امسيت راضيا عنه ، فارض عنه) ئەی پەروەردگار ، من لێی ڕازیم ، دەسا تۆش لێی ڕازی بە) . ابن مسعود ، دەڵێت : خۆزگە خاوەنی ئەو گۆڕە من بوومایە) [2] تاوەکو دوعاکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیگرتایەتەوە.

---

[1] – هیثمی دەڵێت : احمد گێڕوایەتیەوە .پیاوانی فەرموودەکە ئەوانەی الصحیح)ن المجمع بە ژمارە (١٥٩٨٢).

[2] – الحافظ ابن حجر لە (الاصابە) (٤ / ٩٩) باسی کردووە و دەڵێت (النبوی) بەدرێژی ریوایەتی کردووە ، پیاوانی فەرموودەکەش جێ متمانەن ، بەلاّم (لێکبڕان) لە نێوانیاندا هەیە .

" ٣٩ - زەیدی کوڕی حارثە (رضي الله عنه)

" پێشەوای شەهید "

کێیە ؟ زەیدی کوڕی حارثەی کوڕی شراجیل ... ئەمیری شەهیدی نەبەوی ناوهێنراو لە سوورەتی (الاحزاب)، ئەبو ئوسامەی محمدیی ، گەورەی خزمەتکاران (موالی) و یەکەمینیانە لە ئیسلامدا ، خۆشەویستی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و باوکی خۆشەویستە کە شیەتی ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە سێ چاك و باش نەبووبێ خۆشی نەویستووە ، وە خوای پەروەدگاریش لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هیچ کام لە هاوەڵانی نەهێناوە جگە لە زەیدی کوڕی حارثە .

ئەوەبوو حەکیمی کوڕی حزام لە شامەوە زەیدی کوڕی حارثە ی وەك خزمەتکار (کۆیلە) هێنا ، خاتوو خدیجەی پوری داوای لێ کرد پێشکەشی بکات . ئەویش پێشکەشی کرد ، ئەوکاتە خاتوو خدیجە خێزانی پێغەمبەری خوا بوو(ﷺ) ، زەیدی کوڕی حارثە ی پێشکەشی پێغەمبەری خوا کرد(ﷺ) ئەمیش ئازادی کرد و کردی بەکوڕی خۆی ، ئەمەش پێش ئەوەی سروشی بۆ دابەزێت (ﷺ) ...

ئەوجا باوکی زەید هات داوای زەیدی کرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەزەیدی فەرموو : (إن شئت فأقم معی ، و إن شئت فانطلق مع ابيك ؟) فەرموی : ئەگەر ئەتەوێ لەلام بمێنەرەوە ، ئەگەر ئەشتەوێ ، لەگەڵ باوکت برۆ ؟ زەید فەرمووی : نا ، نا ، بەڵکو لەلای تۆ ئەمێنمەوە ، ئەوە بو لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە تا یەپامی ئیسلامی بۆ هاتە خوارەوە پەروەردگار بە پەیامبەری خۆی هەڵیبژارد ، زەیدیش باوەڕی پێ هێنا و ئیسلامی کردە ئایین و لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی دەکرد ، کاتێکیش ئایەتی (ادعوهم لابائهم) [١] " الاحزاب : ٥ " . هاتە خوارەوە . زەید فەرمووی : من (زەیدی کوڕی حارثە) م . [٢]

---

[١] – واتە : ئەو کوڕانە بەناو باوکی خۆیانەوە ناوبەرن و بانگیان بکەن .

[٢] – اسنادەکەی (حسن)ە ، گبرانی گێڕاویەتیەوە . المجمع بە ژمارە (١٥٥٠٧) ئەوە بوو زەیدیان بە (زەیدی کوڕی محمد) بانگ دەکرد .

" چاکیەکانی "

١- لە (سالم)ەوە ، لە باوکیەوە ، دەڵێت : هەمیشە (زەید) مان بە (زەیدی کوڕی محمد) بانگ دەکرد ، تا ئایەتی (ادعوهم لابائهم هو اقسط عندالله) " الاحزاب : ٥ دابەزی[١] .
٢- لە (سلمەی کوڕی الاکوع)ەوە ، دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) و لەگەڵ زەیدی کوڕی حارپە دا چووم بۆ غەزا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیکردە ئەمیرمان[٢] .
٣- لە محمدی کوڕی اسامەوە ، لە باوکیەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە زەیدی کوڕی حارپە ی فەرموو (یا زید ! انت مولای ، ومنی و الی و احب القوم الی)[٣] . ئەی زەیدی ، تۆ دۆستی منی ، لە منیت و بۆ منیت وە خۆشەویسترین کەسی لەلام .

" سەرەتای ئیسلامەتی "

لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە ، لە باوکیەوە ، دەڵێت / لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژێکی گەرمی ڕۆژەکانی مەککەدا چوینە دەرەوە بۆ ناو کەعبەوە . مەڕێکمان بۆ سەربری و پێمان گەیاند ، لەوێ بە زەیدی عەمری کوڕی نفیل گەیشتین ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسی : (یا زید[٤] ! ما لی ارای قومك قد شنفوا لك ؟) ئەی زەید ! چیە وا هۆزەکەت ڕقیان لێت هەڵگرتووە ؟

وتی : سوێند بەخوا ئەی محمد ، لەبەر هیچ شتێك نی یە تەنها لەبەر ئەوەیە کە من هاتووم بەدوای ئەم ئاینەدا وێڵم (واتە : بەدوای ئاینی هەق دا) هەتا هاتمە لای پیاوە ئاینی یەکانی (فدك) ئەبینم خوا پەرستی ئەکەن و هاوەلیشی بۆ دا ئەنێن ، هاتم بۆ لای پیاوانی ئایینی (شام) دیسان هەروا بوون . وتم : ئەمە ئەو ئایینە نیە کەمن بەدوا یا ئەگەڕێم .

---

١ - صحیح / بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە .
٢ - صحیح / بوخاری مسلم گێڕاویانەتەوە .
٣ - فەرموودەی (حسن) ە / حاتم گێڕایەوە تیەوە (٣ / ٢١٧) و دەبێت : (صحیح) ، زەهەبیش هەمان ڕای هەیە ، وە (الحافظ) لە (الاصابە) دا بە (حسن) دایناوە .
٤ - زەیدی کوڕی عەمری کوڕی نفیل ی مەبەستە .

شێخێك لەناویاندا پێی وتم : تۆ هەواڵی ئاینێك ئەپرسیت كە كەس خواپەرستی لەسەر ناكات شێخێك نەبێ لە (الحیرە) . منیش هاتم بۆ لای ، كاتێ منی بینی ، وتی: لە كێیت ؟ وتم / لە ئەهلی ماڵی خوام (واتە مەككە) .

وتی : ئەوەی تۆ داوای ئەكەیت ، لەو ولاتەكەی خۆتدا دەركەوتووە ، لە ڕاستیدا پێغەمبەرێك نێرراوە كەوا ئەستێرەی دەركەوتنی دەدرەوشێتەوە ، جگە لەو ، هەموو ئەوانەی تۆ بینیتن لەناو گومڕایی دا بوون . دەڵێت / ئەو كاتە هەستم بە هیچ نەكرد . دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) خواردنەكەی لێ نزیك كردەوە ، وتی : ئەمە چی یە ئەی محمد ؟

فەرمووی : مەڕێكە و بۆ (قوربانی) سەرمان بڕیوە . وتی : من شتێك ناخۆم ناوی خوای لەسەر نەنرابێت . ئەو جا لە زەیدی كوڕی عەمری كوڕ نفیل جیابووینەوە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆ ماڵی خوا و بەدەوریدا تەوافی كرد ، منیشی لەگەڵ بووم، هەروەها بەلای (صەفا و مروە) دا سوراینەوە كە دووبتیان لە تەنیشتدا بوو لە مس دروست كرابوون ! ناویان (إساف و نائلە) بوو .

بێ باوەڕان كاتی تەواف (مەسح) یان لەسەر دەكردن . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : (لا تمسحهما فانهما رجس) مەسحیان نەكەیت (دەستیان پێدانەهێنیت) ، چونكە ئەوانە پیسن . بە خۆمم وت : دەستیان لێ دەدەم ، تا بزانم پێغەمبەری خوا (ﷺ) چیم پێ دەڵێت ، ئەوە بوو دەستم لێدان ، فەرمووی (یا زید ! الم تنە) ئەی زەید مەرگە ڕێگریت لێ نەكرا دەستیان لێ نەدەیت؟

دەڵێت ئەوجا زەیدی كوڕی عەمر وەفاتی كرد و دوای ئەوە پەیامی ئیسلام بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دابەزی .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (انە یبعث امة وحدە)[1] واتە : زەیدی كوڕێ عەمر بە تەنها خۆی وەك ئوممەتێك زیندوو دەكرێتەوە لە قیامەتدا.

---

[1] – حاكم دەرهێنانی بۆ كردووە (٣ / ١٦ ، ٢١٧) و دەڵێت : (صحیح) ە ، زەهەبیش هەمان ڕای هەیە و فەرموودەكە (صحیح)ە .

" خۆشەویستی زەید (رضي الله عنه) بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

لە (ابی عەمری شەیبانی) یەوە ، دەڵێت : جلەی کوڕی حارثە هەواڵی پێدام وتی: هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێم وت : ئەی پێغەمبەری خوا ! زەیدی برامم لەگەڵ بنێرە . فەرمووی (هوذا ، فإن انطلق ، لم امنعه) ئەوەتانێ ، ئەگەر لەگەڵت هات ، من رێگری لێ ناکەم . زەید فەرمووی : نابە خوا! کەسی کە بەسەر تۆدا هەڵنابژێرم . جبلە دەڵێت : بۆم دەرکەوت رای براکەم لە رای من باشترە [1] .

" هاوسەرێتی لەگەڵ خاتوو زەینەب "

پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەینبی کچی جحش (رضي الله عنها) ی هێنا بۆ زەید ، ئەوە بوو ناتەبایی یەکی زۆر لە نێوانیاندا رووی دا و ژیانیان سەقامگیر نەبوو ، .. وە زۆر جار زەید (رضي الله عنه) سکالای زەینەبی دەبر دەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ...ئەوە بوو کاتێ ئیسلام نەریتی (تبنی) پوچەڵ کردەوە .. خوای پەروەدگار فەرمانی دابە سەر پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) کە مۆڵەتی زەید بدات (زەینەب) تەلاق بدات ، بە پێچەوانەی خواستی پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) خۆیەوە . پاشان بە فەرمانی خوای گەورە پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەینەبی مارەکرد .. خێرا دورووەکان دەستیان بە ورتە ورت کرد کە وا پێغەمبەر (ﷺ) خێزانی کوڕەکەی خۆی مارە کردووە . تا پەروەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿ مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ ... ﴾ سورە الاحزاب (٤٠) . واتە : محمد هەرگیز باوکی هیچ پیاوێك نەبووە لە ئێوە . و فەرمووی : (ادعوهم لابائهم) الاحزاب : ٥) ئیتر دوای ئەوە بە (زەیدی کوڕی حارثە) بانگ دەکرا . [2]

---

[1] – حاکم دەری هێناوە (٣ / ٢١٤) و دەڵێت : ئسنادەکەی (صحیح) ە . زەهەبیش هەمان رای هەیە.

[2] – ابن الحجر لە (الاصابە) باسی کردووە . لە باسی ژیانی (زینب) دا باسی چیرۆکی کە بە درێژی دەکەین و رونی وتەی دوروان دەدەنیەوە .

" خەباتی (رضي الله عنه) "

ئەهلی سیرە دەڵێت : زەید لە بەدر و ئوحود و خەندەق و حدیبیە و خەیبەریشدا ئامادە بوو ، وە کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی چووە بۆ (مریسیع) زەیدی کردووە بە جێنشینی خۆی لە مەدینە هەوەها لە حەوت (سریەدا) وەك پێشەوا چووەتەوە دەرەوە ، هەروەها هیچ کام لە هاوەڵان لە قورئاندا ناوی نەهێنراوە جگە لە (زەید) . و لە جەنگی (مۆتە) دا شەهید بوو وەك لە سیرەی ژیانی (جعفری کوڕی اب تالیب)دا باسمان کرد . دوای ئەوەی هەواڵی شەهید بوونی زەید و هاوەڵەکانی گەیشت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو بۆ ماڵیان لەوێ کچەکەی زەید کە چاوی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوت ، دایە پرمەی گریان .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دیتنی کچەکەی زەید (رضي الله عنه) ئەوەندەگریا هەنسکی گریانی بەرزبووە وە ، پێیان وت : چیتە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بۆچی وادەگرییت فەرمووی : ((شوق الحبیب الی الحبیب)) [1] تاسەی خۆشەویستێکە بۆ خۆشەویستەکەی موشتاقە.

" دیدارێکی شایستە "

لە (ابن بریە)وە ، لە باوکیەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (دخلت الجنة ، فاستقبلتي جارية شابة ، فقلت : لمن أنت ؟ قالت : انا لزيد بن حارثة) [2] . دەفەرمویێ : چوومە بەهەشت ، لەوێ کەنیزەکێکی گەنج پێشوازی لێ کردم، پرسیم : تۆ هی کێیت . وتی : کەنیزەکی زەیدی کوڕی حارثەم . زەید (رضي الله عنه) لە ساڵی (٨) ی کۆچی / مانگی جمادی یەکەم لە تەمەنی (٥٥) ساڵیدا شەهید کرا . ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت ..

---

[1] – بروانە : ابن سعد (٣ / ١ / ٣٢) پیوانی جێ متمانەن ،بەلاّم بچڕ بچڕ هاتووە الارنوط (سیر١/٢٣٠).

[2] – دانە پاڵەکەی (حسن)ە : زەهەبی ، سیر اعلام النبلاء (١ / ٢٣٠) .

" ٤٠ - عبداللە ی کوڕی رواحە (رضي الله عنه) "

" بەختەوەری شەهید "

ناسنامەی :

عبداللە ی کوڕی ڕواحەی کوڕی ثعلبە ی کوڕی (امرئ القیس)ی کوڕی ثعلبە یە . پێشەوای شەهیدی بەختەوەر ، ابو عەمری ئەنصاری خەزرەجی بەدری و زانا و شاعیرە .. لەبەدر و عقبەدا بەشداری کردووە هەروەها خاڵی (نعمانی کوڕی بشیر)ە و یەکێکە لە نووسەرانی ئەنصار ...

" باش گوێڕایەڵی "

لە عبدالرحمن ی کوڕی ابی لیلی وە ، عبداللە ی کوڕی رواحە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەکاتێکدا وتاری دەدا ، گوێی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو فەرمووی : (دانیشن) عبداللە ڕاست لە جێ ی خۆی لە دەرەوەی مزگەوت دانیشت تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە وتارەکەی بووە وە ، ئەم هەواڵە گەیشت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش فەرمووی : (زادك الله حرصاً علی طواعیة الله و رسـوله) [١] . خوای پەروەردگار زیاتر پێدا گرت کات لەسەر گوێڕایە لیکردنی خوا و پێغەمبەرەکەی .

نووسەر دەڵێت : ئیتر سەرلێشێواوان دەیانەوێ چی بڵێن کەوا ئەیانەوێ سوننەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەراوێز بخەن و لە پلە و پایەی کەم بکەنەوە بەبیانووی پڕوپووچ؟.

"نموونەیە لە هۆنراوەکەی "

لە (انس)ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە مەککە بۆ عەمرە ، عبداللە لە نێو دەستیدا دەیفەرموو :

خلوا بني الكفار عن سبيله　　اليوم نضربكم على تنزيله
ضربا يزيل الهام عن مقيله　　ويذهل الخليل عن خليله

---

[١] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، بەلام (مرسل)ە وە الحافظ لە (الاصابە) (٦ / ٧٨) بە (صحیح) دایناوە و دەڵێت : بەیهەقی دەری هێناوە .

دەڵێت : ڕێی بۆ چۆڵ کەن ئەی بێ باوەڕان ، ئەمڕۆ بەسەرتاندا دەدەین لەسەر دەربەدەرکردنی (یان لەسەر هێنانە خوارەوەی) بەلێدانێك قسە لەبیر قسەکەر دەباتەوە و دۆست و برادەر لەیەك بێ ئاگا دەکات . عومەریش (﵁) فەرمووی : (ئەی کوڕی ڕواحە ! لەناو حەرەمی خوادا و لە نێو دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شیعر دەڵێیت ؟) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (خل یا عمر ، فهوا اسرع فیهم من نضع النبل) لێ گەڕێ ، عومەر ، بەڕاستی وتەکانی لەسەر بێ باوەڕان لە دەرچوونی تیر خێراترە .

وە لە بێژەیەکی دیکەدا هاتووە : (فوالذي نفسي بیده ، لکلامه علیهم اشد من وقع النبل)[1] واتە : سوێند بەوزاتەی گیانی منی بە دەستە ، قسەکانی لەسەر بێباوەڕان لە جێگای تیر (ئەو جێگایەی تیرەکەی پێ دەکات) توندتر و سەختترە .

" ترسی عبدالله (﵁) "

لە (قیس)ەوە ، دەڵێت : ابن رواحە گریا ، خێزانەکەشی گریا ، لە خێزانەکەی پرسی چیتە ؟ وتی : بۆ گریانی تۆ ، منیش گریام . فەرمووی : زانیومە کە بێ گومان بەسەر ئاگردا دەڕۆم ، بەڵام نازانم لێی ڕزگار ئەبم یان نا ، لەبەر ئەوە دەگریم [2] .

نووسەر دەڵێت : ئەمەی لەوەوە زانیوە کە پەروەردگار دەفەرموێت (و ان منکم الا واردها) (مریم : ٧١) . واتە : بێ گومان هەمووتان دەبێ بەسەریدا بڕۆن – لەسەر پردی سیراط .

" بەرتیل ڕەت دەکاتەوە "

لە (سلێمانی کوڕی یسار) ەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ابن ڕواحەی نارد بۆ خەیبەر ، لەوێ لەگەڵ جوولەکەکاندا مامەڵەیەکی بۆ دەخەملاندن ، هەڵسان بڕێك خشڵی ئافرەتەکانیان بۆ کۆکردەوە و وتیان : ئەمە بۆ تۆ و کارەکەمان لەسەر سوك کە .

---

[1] – دانەپاڵەکەی بەهێزە : ترمزی دەری هێناوە (١٥١ / ٢) هەروەها (ابویعلی) بەدانەپاڵێکی (حسن).

[2] – پیاوانی جێ متمانەن : بەڵام (مرسل)ە ، بڕوانە الدر المنثورد (٤ / ٢٨٢) .

فەرمووی : ئەی جوولەکەینە ! سوێند بەخوا لەناو دروستکراوانی خوادا ، کەس نیە هێندەی ئێوە رقم لێیان بێت ، بەلاّم ئەمەش وام لێ ناکات نادادی لەگەڵتاندا بکەم ، هەروەها بەرتیلیش حەرام و ناڕەوایە . وتیان : ئابەمە ئاسمان و زەوی ڕاگیراون .[1]

" شەهید بوونی "

کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەرسێ ئەمیرەکانی (مؤتة) ی ئامادە کرد فەرمووی : پێشەواتان زەیدە ، ئەگەر پێکرا ئەوە جەعفەر لە جێیەتی ، ئەگەر پێکرا ئەوا ابن ڕواحە . ئەوە بوو کە ئەو دووانە کوژران ، ابن ڕواحە تۆزێ لە دەروونیدا هەستی کرد کە واحەز ناکات بچێتە پێشەوە ، لەبەر ئەوە بەخۆی وت :

اقسمت يا نفس لتنزلنه طائعة اولا لتكرهنه

فطالما قد كنت مطمئنة مالي اراك تكرهين الجنة

واتە : سوێندم خواردووە ئەی نەفس دەبێ بچیتە مەیدان جا پێت خۆش بێ یان پێت ناخۆش بێ ، یان پێت ناخۆش بێ ، مادەم لە خۆت دڵنیایت ئەی نەفس ئیتر بۆچی ئەبینم ڕقت لە بەهەشتە ... ئەوە بوو شەڕی کرد هەتا کو کوژرا (ﷺ) .

" ئازایەتی عبدالله "

وەلیدی کوڕی مسلم دەڵێت : گوێم لێ بوو کە سوپای مؤنة بەلای ناوچەی (معان)دا تێپەڕ بوون ، و هەواڵیان پێ دراوە کە ڕۆمەکان خەڵکێکی زۆریان بۆ کرکردنەوەتەوە . بۆیە زەید ڕاوێژی لەگەڵ هاوەڵانیدا کرد . وتیان : تۆ پێت داناوە لە وڵاتەکەدا ئەهلەکەیت ترساندووە ، ئێستا ئیتر ئەوەندە بەسەو بگەڕێرەوە .

ابن ڕواحە بێ دەنگ بوو ، تا زەید پرسیاری لێ کرد . ئەویش فەرمووی : ئێمە بۆ کۆکردنەوەی غەنیمەت نەهاتووین ، بەڵکو بۆ گەیشتن بە دوژمنەکانمان هاتووین ، وە ئێمە بە ژمارە شەڕیان لەگەڵدا ناکەین یان بە تفاق ، لەبەر ئەوە ڕای من وایە بەرەو ڕوویان بڕۆین .

---

[1] — بڕوانە : سير اعلام النبلاء (١ / ٢٣٧) .

وە لە عورووەی کوڕی زوبێرەوە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (فإن اصيب ابن رواحة فليرتض المسلمون رجلا) ئەگەر ابن ڕواحەش کوژرا ئەوا با موسڵمانان پیاوێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن بێتە پێشەوا .

پاشان ڕۆشتین تا لە (معان) دا بەزین لەوێ پێیان گەشت کەوا (هرقل) بەخۆی و سەد هەزار سەربازی ڕۆمی یەوە لە (ماب) دابەزیوە لەگەڵ سەد هەزار (مستعربە) [1] دا ... لەوێدا ابن رواحە خەڵکەکەی هاندا و فەرمووی : (ئەی خەڵکینە ! ئەوەی ئێوە لێی ئەترسن ، هەر ئەوەیە کە بەنیەتی بەدەست هێنانی هاتونەتە ئێرە کە ئەویش شەهادەتە) [2] موسڵمانان تەنها سێ هەزار کەس بوون .

[1] – مستعربە : کەسێکە بەبنەچە عەرەب نیە و بەڵام بۆتە عەرەب (فەرهەنگی نۆبەرە) گیوموکریانی چاپی دووەم .

[2] – بڕوانە : سیرە ابن هشام (٢ / ٣٧٩) الحلیە (١ / ١٢٠)

" ٤١ - خالدی كوڕی سعید (رضي الله عنه) "

" یەكەم كەس كە (بسم الله الرحمن الرحیم)ی نووسی "

خالدی كوڕی سعیدی كوڕی عاص ی كوڕی ئومەییەی كوڕی عبدشمس ی كوڕی عبدمناف ی كوڕی قصی .. . پایە بەرز و گەورە ، ئەبو سەعیدی قورەیشی ئومەوەی یە ، یەكێكە لە پێشینەیەكەمینەكان .

لە (ئوم خالدی كچی خالد) ەوە دەگێڕنەوە ، دەڵێت : باوكم پێنجەم كەس بوو لە ئیسلامدا و هیجرەتی كرد بۆ حەبەشە و زیاد لە دەساڵ لەوێ مایەوە و لەوێ من لە دایك بووم . هەروەها وتویەتی : باوكم یەكەم كەس بووە (بسم الله الرحمن الرحیم) ی نووسیوە .

هەروەها دەگێڕنەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) كردوویەتیە سەرپەرشتیار لە (صنعاء) هەروەها ابوبەكر (رضي الله عنه) كردوویەتیە پێشەوا بەسەر سوپاكەیوە بۆ غەزای شام.

وە خالد (رضي الله عنه) كەسێكی جوانچاك و پێكەوتوو بوو .. ڕۆژی اجنادین كوژراوە .. دەگێڕنەوە كە خالد (رضي الله عنه) شەهید بووە و بكوژركەی دوای موسڵمان بوونی پرسیویەتی : ئەو پیاو كێ بوو ؟ بەڕاستی ڕوناكی یەكی درەوشاوەم لە ئاسمانەوە بۆی بەدی ئەكرد!! [1]

---

[1] – انظر : باسی ژیانی لە (سیر اعلام المبلاء دا) ١ / ٢٦٠ . اسن سعد (٤ / ١ / ٦٩ ، ٧٠ ، ٧١) .

" ٤٢ - عەلائی کوڕی حضرمی (رضي الله عنه) "

" ئەو سەرکردەیەی بەسەر ئاودا ڕۆیشت !! "

یەکێ بوو لە هاوپەیمانانی (بنی امیە) و لە گەوەر پیاوانی کۆچبەران ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویلایەتی بەحرەینی پێ سپارد ، کە یەکێ بوو لە (ولاتانی) شارەکانی (حضرموت) ، وە پاشان دایە دەست ئەبی بەکر و عومەر(رضي الله عنه) .

" خەباتی "

محمدی کوڕی سعد ، دەڵێت : پێشەوا ابوبکر عەلائی کوڕی حضرمی نارد بۆ غەزایەك ، ئەویش لەگەڵ شانزە ئەسپسوار بەڕێ کەوت ، وە ئەبوبەکر (رضي الله عنه) بۆی نووسی کە بەهەرکەسێ لە موسڵمانان گەیشت ، لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن ، ئەوەبوو عەلاء بەخۆی و ئەوانەی لەگەڵی بوون ڕۆیشت تا گەیشت بە قەلای (جواثی)[1] و لەگەڵیان هاتەشەڕو تاقی لێ بڕین .

پاشان هاتە (قطیف) کە لەوێش کۆمەڵێك دژی موسڵمانان کۆ بوبوونەوە و لەگەڵیان جەنگا ، ئەوە بوو شکستیان هێنا ، ئەوجا نا عەرەبەکان (عەجەمەکان) چوونە پاڵ گەڕیدەکانەوە (الزارە) و عەلاء هات بۆ لایان و لسەر کەناری ڕووبار بۆیان دابەزی و لەگەڵیاندا شەڕی کرد و ئابلوقەی دان تا ئەو کاتەی (صدیق) وەفاتی کرد ، ئەوجا ئەهلی (الزارە) داوایان کرد لەگەڵیان ڕێککەون ، ئەویش لەگەڵیان ڕێك کەوت و پاشان لەگەڵ ئەهلی (دارین) جەنگاو شەڕکەرەکانیانی کوشت و منداڵ و ڕشتەکانیانی گرتەخۆ .

ئەوجا (عرفجە) ی نارد بۆ کەناری فارس لەوێ ڕێگای کەشتی یەکانی دابڕی و دوورگەیەکی لە زەوی فارس فەتح کرد و مزگەوتێکی تیاکردەوە[2] .

---

[1] – جواثي : شارێك بوو لە بەحرەین هی(عبدالقیس) بوو .

[2] – بڕوانە : ابن سعد (٤ / ٢ / ٧٧ – ٧٨) .

" کەرامەتی دۆستانی خوا "

کەرامەت و ڕێزی دۆستانی خوا شتێکی جێگیر و چەسپاوە و کەس نکوڵی لێ نیە مەگەر ئەوانەی بێ ئاگان و لە زانست و لە دین پشکێکی باشیان نەبووە . شێخی ئیسلام (ابن تیمە) دەڵێت : کەراماتی دۆستانی خوا بە بەرەکەتی شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەدەست هاتووە ، و لە ڕاستیدا لەبازنەی پەرچو (معجزە) ەکانی پێغەمبەری خوادایە(ﷺ) [1] .

لە (سەهامی کوڕی منجاب)ەوە ، دەڵێت : (لەگەڵ عەلاء ی کوڕی حەچرمیدا چووین بۆ غەزای (دارین) [2] لەوێ سێ دوعای کرد ، پەروەردگار هەرسێکیانی جێبەجێ کردوو وەلامدایەوە : یەکەمیان ئەوە بوو لە جێیەك دابەزیین داوای ئاوی کرد بۆ دەستنوێژ گرتن ، دەستی نەکەوت ، هەڵساو دوڕکعات نوێژی کرد و فەرمووی : (ئەی خوای پەروەردگار ئێمەی بەندەی خۆت هاتوینەتە ئێرە تا لە پێناوی تۆدا دژی دوژمنەکەت بجەنگین ، پەروەردگارا بارانێکی ڕەحمەتمان بۆ ببارێنە تا دەستنوێژی لێ بگرین و لێی بخۆینەوە ، و دوای ئەوە غەیری ئێمەی تیا بەشدار مەکە .

ئەوە بوو تۆزێ ڕێمان کرد ، هێندەی نەبرد ئەبینین لە ئاسمانەوە بارانی ڕەحمەت دەبارێت و ئێمەش دەستنوێژمان لێ گرت و لێمان خواردەوە و مەتارەکەم لێ پڕ کرد و لە جێ خۆی دامانم تا بزانم دوعاکەی گیرا بوو یان نا ؟ شەو کەمێك ڕۆشتین پاشان بە هاوەڵانم وت : مەتارەکەمم بیر چووە ، چووم بۆ ئەو جێیەی لێی دامامنا بوو دەبینم وەك ئەوەی هەرگیز ئاوی تێ نەکرا بێت وا بوو .

پاشان ڕۆشتین تا گەشتینە (دارین) و لە نێوان ئێمە و دوژمناندا ڕووبارەکە هەبوو ، عەلاء فەرمووی : ئەی زانای میهرەبان ، ئەی بەرزی گەورە .. ئێمە بەندەی تۆین و لە پێناوی تۆدا دەجەنگین لەگەڵ دوژمنانتدا ، دەسا خوایە ڕێگەیکمان بۆ بکەرەوە بۆ گەیشتن پێیان ڕووبارەکە ببڕین . ئەوە بوو بەناو ڕووبارەکەدا ڕۆشتین و بەبێ ئەوەی زینی ولاخەکانمان تەربێت لێ هاتینە دەرەوە و بەرەوڕوویان بووینەوە کاتێ عەلاء (رضي الله عنه) گەڕایەوە تووشی ژانە سکێك هات و پێیەوە وەفاتی کرد .. بەدوای ئاودا گەڕاین تا پێی

---

[1] — بڕوانە : الفرقان بین اولیاء الرحمن و اولیاء الشیطان ص ١٥١ .

[2] — دارین : ئەکەوێتە ولاتی فارس .

بیشۆرین دەستمان نەکەوت لەبەر ئەوە بە جلەکانیەوە پێچامانەوە و سپاردەمان کرد . ئەوە بۆ توزێ ڕێمان کرد و زۆر دوور نەکەوتبووینەوە بە ئاو گەیشتین بە یەکتریمان وت : با بگەڕێینەوە دەریبێنیەوە و بیشۆین ، گەڕاینەوە دەری بهێنینەوە کەچی نەماندیەوە .یەکێ لەناویاندا وتی : گوێم لێ بوو دوعای دەکرد و فەرمووی :ئەی خوای بەرز و بڵند ، ئەی میهرەبان ، مردنی منیان لەسەر ئاسان کە (یان وشەیەك بەو مەبستە) و عەورەتم نیشانی کەس مەدە ، ئێمەش گەڕاینەوە و وازمان لێ هێنا [1] . پێشەوا زەهەبی لە (سیر اعلام النبلاء) دا لە ابی هریرەوە (ﷺ) بە کورتی باسی ئەم چیرۆکەی کردووە و تیایدا دەڵێت : کە شۆردوویانە ئەمەش نزیك ترە لە ڕاستی و مەنتیق . ئەوەتە لە ابیی هریرەوە (ﷺ) دەڵێت : سێ شتم لەعلاو بینیوە هێشتا خۆشم دەوێن و هەمیشەش خۆشم دەوێن : بەسەر سوارەکەیەوە ڕۆژی (دارین) ڕووبارەکەی بڕی ، و بەرەو بەحرەین بەرێ کەوت لەوێ لە (دهناء) لەخوا پاڕایەوە خوداش سەرچاوەیەکی ئاوی بۆ هێنانەبەر تا تێر ئاو بوون لێی . یەکێ لە پیاوانی شتێکی لەبیرچوو بوو ، گەڕایەوە بیهێنێتەوە ، کەچی سەرچاوە ئاوەکەی لێ نەمابوو .

وە علاء کاتێ وەفاتی کرد ئاومان لانەبوو ، خوای پەروەردگار هەور و بارانی ڕەحمەتی بۆ دەرخستین ، کە (علاء) مان پێ شۆرد و بە شمشێرەکانمان گۆڕمان بۆ هەڵکەند و سپاردمان و گڵکۆمان (حد)مان بۆ دانەنا [2]

---

[1] - بڕوانە / صفة الصفوة (١/ ٣٥٣) .

[2] - بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (١ / ٢٦٥ ، ٢٦٦) و الفرقان بین اولیاء الرحمن و اولیاء الشیطان لاپەڕە ١٥٨ ، ١٥٩ .

" ٤٣ - ابوهریره (رضي الله عنه) "

" لە هەموو هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیاتر لە فەرموودەکانی پێغەمبەری خوای لەبەر بوو "

پێشەوای زانا و (مجتهدی) لە یادگر و هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبو هریرەی دوسیی یەمانی یە ، گەورەی لەیادگرە جێگیر و چەسپاوەکانە درەنگ موسڵمان بووە ، لە جەنگی (خیبر) دابەشدار بووە . لە جاهلیەتدا ناوی (عبدشمس ، ابو الاسود) بووە ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی لێ ناوە (عبدالله) و نازناوی (اباهریره)ی لێ ناوە .. لە (عبدالله ی کوڕی رافع) ەوە ، دەڵێت : لە ئەبو هریرەم پرسی بۆ چی پێت دەڵێت : ابو هریره ؟ فەرمووی : شوانی مەڕان بووم بۆ ماڵەوە مان (مەڕم ئەلەوەڕاند و شوانیم بۆ خێزانەکەمان دەکرد) و پشیلەیەکم هەبوو یاریم لەگەڵ ئەکرد ، بۆیە ئەو نازناوەم لێ نرا[١] .

لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) زانستێکی زۆر و پاك و پیرۆزی وەرگرتووە – کەس پێی دا نەگەشتووەتەوە – و ژمارەیەکی وزۆر لە هاوەڵان و لە (تابیعین) فەرموودەیان لێ وەرگرتووە . چوارساڵ هاوەڵایەتی پێغەمبەری خوای کرد (ﷺ). زەهەبی دەڵێت : ئەم رایە ڕاسترین ڕایە ، چونکە ماوەی نێوان ڕزگار کردنی خەیبەر و وەفاتی چوار ساڵ و چەند شەوێك بوو[٢] .

" بیر (ذاكرة) ی سەردەمی دابەزینی سروش "

بەدخوازان هەڵمەتێکی ناپەسەندیان کرد بوە سەر ابی هریره بە هۆی زۆری ئەو فەرموودانەی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گێڕاویتیەوە و هەیانە تانەی لە ڕاوی یەکانی

---

[١] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە ، ترمزی دەری هێناوە (٣٨٤٠) و دەڵێت : فەرمووی (حسن)ە ((صحیح الترمزی)) ٣٠١٦ .

[٢] – بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٢ / ٥٩٠).

داوە .. بەڵام زانایانی ئوممەتی ئیسلام ئەو سا و ئێستاش بەرامبەریان وەستاون و بەباشترین بەیان و ڕوونکردنەوە ڕەتیان داونەتەوە خوا پاداشتیان بداتەوە [1] .

" بۆچی ابو هریرە ڕیوایەتی زۆر بووە ؟ "

ئەمە چەند هۆکارێکی هەبووە لەوانە :

١ – لە ابو هریرەوە ، دەڵێت : ئێوە ئەڵێن کە ئەبوهریرە فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گێڕاوەتەوە دەڵێن : ئەی بۆچی کۆچبەران و پشتیوانان وەك ئەم فەرموودەیان لێ نەگێڕاوەتەوە ! منیش دەڵێم : برا کۆچبەرەکانم و برا پشتیوانەکان خەریکی کاسبی و کڕین وفرۆشتن بوون ، بەلام من کەسێکی کەم دەست بووم و لە بازرگانی و کڕین و فرۆشتنەوە دوور بووم و زۆر جاران لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەمامەوە و کاتێ ئەوان دیارنەبوون من لەلای بووم وەکاتێ ئەوان فەرموودەیەکیان لە بیر دەچوو من وەبیرم دەهاتەوە ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا ، بە ابو هریرە دەڵێت : (إنه لن يبسط احد ثوبه حتى اقضى جميع مقالتي ثم يجمع اليه ثوبه ، الا و عى ما أقوله) .

واتە : هەر کەسێك کراسەکەی ڕاخست تا من لە هەموو قسەکانم دەبمەوە و ئەوجا کراسەکەی بەخۆیەوە کۆبکاتەوە (لە خۆی بگرێت) ئەوە بێدار وشیار دەبێ لەوەی کە دەیڵێم . منیش بووردە کەمم ڕاخست تا لە فەرمایشتەکانی بوویەوە ، و ئەوجا لە سینەم گرت ، بەو جۆرە لەو فەرمایشتانەی هیچم لەبیرچوو [2] .

لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە : دەڵێت : دەڵێن کە بۆچی ڕیوایەتی زۆرم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەیە – خوا شاهیدە – کە من کابرا یەکی نەدار بووم ، ئەوەندەی تێری سکی خۆم ڕۆژانە هەبوو نەزیاتر و زۆرجاران لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم وە ڕۆژێ پێمانی فەرموو : (من يبسط ثوبه حتى اقضى مقالتي ثم قبضه اليه ، لم ينس شيئا سمع مني ابداً) فەرمووی هەرکەس جلەکانی بلاْوکاتەوە و ڕاخات تا لە قسەکانم دەبمەوە و ئەوجا جلەکانی کۆکاتەوە و لە خۆی بگرێت هەرگیز ئەوەی لە منەوە دەیبیستێ لە بیری ناچێت

[1] بڕوانە کتێبی : (الاسرائيليات و الموضوعات في كتب التفسير)ی ابي شهيبة .

[2] – صحيح / بوخاری دەری هێناوە (٤ / ٢٤٧) ، مسلم (٢٤٩٢) .

. منیش وام کرد . دەی سوێند بەو کەسەی (محمد) (ﷺ) ی بەهەق ناردووە هەرگیز شتێکم لێیەوە گوێ لێ بو بێت لە بیرم نەچووە [1] .

٢ – ابو هریرە هات بۆ ماڵی عائشە (رضي الله عنه) ، خاتوو عائشە پێی وت : بەڕاستی زۆرت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرگرت ! وتی : ئەریٚ وەڵلاٚ دایە ، نە ئاوێنە و نەکلدان و نەخەزوبەز سەرقاڵی نەکردووم لێی . ئەویش فەرمووی : ئەڵبەت (یاخود دەشێ وابێ)[2].

" پێ لێنانی هاوەڵان بە زانستی ابوهریرە "

١ – لە (ابن عمر)ەوە ، بە ابو هریرە دەڵێت : بەڕاستی تۆ لە هەموومان زیاتر پەیوەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوویت و لە هەموویشمان زاناتریت بە فەرمایشتەکانی [3] .

٢ – ابو هریرە لە دیوەکەی عائیشەدا دا ئەنیشت ، و قسەی دەکرد ، ئەوجا ئەیووت : ئەی خاوەنی ئەم دیوە ، ئایا هیچ نکوڵیت لە قسەکانم هەیە ؟ ئەویش کە لە نوێژەکەی دەبوەوە ، هیچ نکوڵی یەکی لە قسەکانی نەبوو ، بەلاٚم دەیووت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەك ئێوە قسەکانی نەدەهۆنیەوە (سەرد نەئەکرد) [4] .

هەرچی ئەم فەرموودەیەشیەتی (رضي الله عنه) کە دەڵێت : لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو ئامان لە زانست و فەرمایشتەکانیم لەبەر کردووە یەکێکیانم بەناو خەڵکیدا بلاٚو کردووەتەوە ، بەلاٚم ئەوی دیکەیان ، ئەگەر بلاوم کردایەتەوە ئەم گەرووەم بەبڕین دەدا [5] ، زەهەبی دەڵێت : ئەمە بەڵگەیە لەسەر بە نهێنی هێشتنەوەی هەندێ لەو فەرموودانەی کە فیتنە ئەبزوێنێ لەناو بنچینە و لقەکاندا ، یان لە پیاهەڵدان و بەدوێژی یەکاندا ، بەلاٚم

---

[1] – صحیح / بخاری (١ / ١٩٠) و مسلم (٢٢٩٤) .

[2] – صحیح : حافظ لە ((الاصابە) دا باسی کردووە گەڕاندویەتیەوە بۆ ابن سعد و دانەپاڵەکەی بە (جید – باش) داناوە .

[3] – دانەپاڵەکەی (صحیح) ە : ترمزی لە (المناقب) دا دەرهێنانی کردووە و بڕوانە صحیح سنن الترمزی (٣٠١٣) .

[4] – صحیح : مسلم دەرهێنانی کردووە (٢٤٩٣) .

[5] – صحیح / بخاری دەرهێنانی ردووە (١ / ١٩٢ ، ١٩٣) لە بابی (زانست) دا .

ئەو فەرموودانەی پەیوەندی یان بەحەلاڵ و حەرامەوە هەیە ، بە هیچ شێوەیەك نابێ بشاردرێتەوە ، چونکە لە بازنەی بەڵگە و ڕوون کردنەوەی ڕێگەی ڕاستدایە .

لە صەحیحی بوخاریدا فەرمایشتی عەلی (رضي الله عنه) هاتووە دەفەرموێ : (لەگەڵ خەڵکیدا قسە لەسەر شتانێك بکەن کە ئاشنایەتیان پێی هەیە و ئەوەشی کە نکوڵی لێ دەکەن و بێ بڕوان پێی واز لێ بێنن ، مەگەر دەتانەوێ و حەز ئەکەن خودا و پێغەمبەرەکەی بە درۆ بخرێنەوە ؟!)

هەر بەو جۆرەش ئەگەر ئەبوهریرە ئەو بەشە زانستەی بلاوبکردایەتەوە ، ئازاردەدرا ، بەڵکو دەکوژرا [1] . وە مامۆستا (شعب الارنئوط) دەڵێت : زانایان ئەو ئامانەی کە ابوهریرە بلاوی نەکردەوە ئەخەنە بابی ئەو فەرموودانەی کە پێشەوایانی خراپە و خراپەکاری نیشان دەدات ، لەگەڵ حاڵ و سەردەمیاندا .

وە ئەبو هریرە بە ناراستەوخۆ هەندێکیانی ناودەبرد و بەڕاشکای نەیدەوت لە ترسی گیانی خۆی لێیان ، وەك ئەم فەرمایشتەی : (پەنا ئەگرم بە خوا لەسەری شەست و ئیمارەتی هەرزەکان ئاماژەیە بە جێنشینایەتی یزیدی کوڕی معاویە ، چونکە لە ساڵی شەستی کۆچیدا بوو ، وە خوا گەورە دوعاکەی گیرا کرد و پێش ئەو ساڵە کۆچی دوایی کرد .

وە ابن المنیر دەڵێت : هەندێ کەس ئەم فەرموودەیان کردووەتە بیانوو بۆ بەڕاست دانانی بیروڕا پوچەکانیان و بروایان وایە کە شەریعەت سەروژێری هەیە (شتی ئاشکرا و دیاری هەیە و شتی ناوەکی و نێهێنیش هەیە) ئەمەش بیروڕایەکی پوچەڵە ، و دەرئەنجامەکەی هەڵوەشانەوەیە لە ئایین . ئەبو هریرەش(رضي الله عنه) مەبەستی لە فەرمایشتی کە دەڵێت : (بڕینی لێ دەکەوتەوە) ئەوەیە : گەر ئەهلی خراپە گوێیان لێی بێ کار و کردەوەکانیان عەیبدار ئەکات و هەوڵەکانیان بە گومڕای و ڕێ هەڵەکردن دائەنێ ، دەدەن لەسەری و دەیکوژن .. وە ئەمە پشتگیریی ئەو ڕایە ئەکات کە دەڵێ ئەو فەرموودانەی پەیوەندی یان بە حوکمە شەرعی یەکانەوە هەیە نابێ لە بازنەی نهێنیدا بمێنێتەوە [2] .

---

[1] – بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٢ / ٥٩٧ ، ٥٩٨) .

[2] – بڕوانە : پەراوێزی (سیر اعلام النبلاء) (٢ / ٥٩٧) .

" بەرەکەتی دوعای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ دایکی ابو هریرە (رضي الله عنه) "

لە (ابي كثير السحمي)یەوە ، دەڵێت : ابو هریرە پێی وتم : سوێند بە پەروەردگاری هەق ، خوا کەسێکی ئیمانداری خەلق نەکردووە ناوی منی بیستبێ و خۆشی نەویستبم .

وتم : جا چۆن ئەزانیت ؟

فەرمووی : دایکم کەسێکی بێ باوەڕ بوو ، وە من بانگم ئەکرد بۆ ئیسلام ، بەلام وەلامی نەئەدامەوە و باوەڕی نەئەهێنا ، ڕۆژێکیان دووبارە بانگم کردەوە بۆ ئیسلام بەلام شتانێکی وت دەربارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێم ناخۆش بوو . بۆیە هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەدەم گریانەوە و هەواڵەکەم پێ دا و داوام لێ کرد دوعای بۆ بکات . ئەویش فەرمووی : (اللهم اهد ام ابی هریرە) فەرمووی : ئەی پەروەردگار هیدایەتی دایکی ئەبو هریرە بدە ...

منیش خێرا بەرەولای دایکم ڕۆشتم تا مژدەی پێ بدەم ، هاتم دەبینم دەرگا کە داخراوە دەنگی شڵپەی ئاودێت ، شتێکم کرد بۆ ئەوەی هەستك پێ بکات ئەوجا دەرگاکەی بۆم کردەوە دەبینم جل و بەرگەکەی لەبەر کردووە و سەری داپۆشیوە و دەڵێت : ((الشهد ان لااله الا الله ، و ان محمدا عبده و رسوله)) . دەڵێت : خێرا گەرامەوە بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لە خۆشیدا ئەگریام وەك چۆن پێشتر لە خەفەتدا گریام ، و هەواڵەکەم پێدا و وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، داوا لە پەروەردگار بکە با من و دایکم لە لای بەندە ئیماندارەکانی خۆشەویست بکات . ئەویش فەرمووی : (اللهم ، حبب عبيدك هذا و امه الى عبادك المؤمنين ، و حببهم اليهما) . [1] .

ئەی پەروەدگار ، ئەم بەندەیەی خۆت و دایکی خۆشەویست کە لای بەندە ئیماندارەکانت وە بەندە ئیماندارەکانیشت لە لای ئەوان خۆشەویست کە .

---

[1] – اسنادەکەی (حسن) ە : احمد (٢ / ٢١٩ ، ٢٢٠)زەهەبیی لە(السير) دەڵێت : اسنادەکەی (حسن)ە

" سوپاسگوزاری "

لە (مضاری کوڕی حزن) ەوە ، دەڵێت : شەوێك ڕێم دەکردە ، گوێم لە (الله اکبر)ی پیاوێك بوو ، خێرا بە خۆم و وڵاخەکەمەوە بەرە و لای ڕۆیشتین . پرسیم : کێیت ؟ وتی : ابو هریرە . وتم : ئەم تەکبیرە یە چی بوو ؟ وتی : سوپاس کردنی خوا بوو . پرسیم لەسەر چی ؟

وتی : بەکرێ گیراوی (سیرە ی کچی غزوان) بووم بە شوێن قاچەکانمدا و ئەوەندەی تێری سکی خۆم نانم هەبوو . کاتێ ئەوان بەسەر وڵاخەکانەوە بوون من بە پێی پێشڕەویم دەکردن وەکاتێ لە جێیەك دادەبەزین خزمەتم دەکردن ، دواتر خوای گەورە کردی بە خێزانم ! و ئێستا ژنی منە .[1]

وە جارێکیان (ﷺ) نوێژی دەکرد و کاتێ سەلامی دایەوە ، دەنگی بەرزکردەوە و فەرمووی : سوپاس بۆ ئەو خوایەی ئەم ئاینەی کردووەتە بناغەی شتەکان و ابو هریرەی کردووەتە ئیمام و پێشەوا ، دوای ئەوەی بەرکرێ گیراوی کچی غزوان بوو و هێندەی تێری سکی خۆی هەبوو ، لەسەر قورسایی و بارکێشی قاچەکانی)[2]

" دادگەری "

چەسپاوە کە عمری کوڕی خەتاب (ﷺ) ابا هریرەی کردووە بە سەرکار لەسەر (بحرين)ەوە ، ئەوە بوو بە بڕی دە هەزارەوە هاتەوە . عومەر (ﷺ) پێی وت: ئەم ماڵەت هەڵگرتووە بۆ خۆت ئەی دوژمنی خوا و دوژمنی قورئانەکەی ؟

ابوهریرەیش پێی وت : من دوژمنی خوا و قورئانەکەی نیم ، بەڵکو دوژمنی ئەوەم کە دژایەتی خوا قورئانەکەی دەکات . ئەویش فەرمووی : ئەی ئەم پارەیەت لە کوێ بوو ؟ ئەویش وتی : بەرو بووم و قازانجی ماڵی خۆمە و نرخی دەغڵ و دانی بەندەیەکی (کۆیلە) خۆمە و لەگەڵ موچەی خۆمدا کە کۆبوەتەوە ..

---

[1] - پیاوانی جی متمانەن : ابونعیم (١ / ٣٨٠) و غەیری ئەویش . الارنۆوط (سیر) ٦١٢ .

[2] - ابونعیم لە (الحلیه) (١ / ٣٧٩) دەرهێنانی بۆ کردووە .

بە دوای بابەتەکە دا چوون ، دەبینن هەروایە کە ئەبوهریرە وتی : دوای ئەوە پێشەوا عمر بانگی کردەوە کە ویلایەتێکی بداتە دەست ، ڕازی نەبوو .. عومەریش (رضي الله عنه) پێی وت : رقت لە گرتنە دەستی کارە ، لە کاتێکدا لە تۆباشتر داوای کاری کردووە : ئەویش (یوسف) بوو سەلامی خوای لێ بێت ! ابوهریرەش (رضي الله عنه) فەرمووی : یوسف پێغەمبەری کوڕی پێغەمبەری کوڕی پێغەمبەرە و من (ابو هریرەی کوڕی امیمە) م . و لە دوسیێ شت ئەترسم . فەرمووی بۆ نالێیت : لە پێنج شت ؟

ابو هریرە فەرمووی : ئەترسم بەبێ ئاگایی و بەبێ زانیاری شتێ بلێم ، وە ئەترسم بە پەلە و بێ پشوو درێژی داوەری بکەم و ئەترسم لە دواوە لێم بدرێت وە لە ماڵ و موڵکم دابماڵرێم و جنێو بەناموسم بدرێت [1]

بەم جۆرە دەبینن کە عمر (رضي الله عنه) لا گری و یارمەتی کەس ناکات هەروەك موجامەلەی هیچ دروستکراوێك ناکات باهەوەڵی پێغەمبەری خوایش بێت(ﷺ) ، وە عمر (رضي الله عنه) ئەگەر خۆی کەسێك بوایە دەستی بۆ (بیت المال)ی موسڵمانان ببردایە ، بۆی نەبوو ئەوە بە ابو هریرە بڵێ .

وە ئێمە لە ئێستاو لە سەردەمانی دیکەشمان بیستوە کە یەکلاکردنەوەی کێشە و لادانەکان لە رزۆکی پێوەدیار بووە و زۆر جاریش نیشانەکانی هەق و ڕاستی لە دەست داوە . لەبەر ئەوەی بەرپرسی یەکەم لە ئامرازی حوکم دا دەستی هەبووە لە لادانەکەدا و دواتریش هێزی ڕێگریکردنی لادانی نەبووە، چونکە خۆیشی تیاییدا بەشدار بووە [2] .

" وەفات "

ژیانی ابی هریرە درێژەی کێشاو .. لەوە دەترسا توشی فیتنە و ستەم بێت .. بۆیە دوعای ئەکردو ئەیفەرموو : ((ئەی پەروەردگار ، ئەمگەێنیتە ساڵی شەست)) [3] ئەوە بوو لەو ساڵەدا یاخود بە ساڵێك پێشتر وەفاتی کرد . ئەوە بوو کاتێ نەخۆش کەوت (رضي الله عنه) ، مروان هاتە لای و پێی وت : خوا شفات بدات ئەی ئەبا هریرە . ئەویش

---

[1] – پیاوانی جێ متمانەن : ابن کثیر لە (البدایە) باسی کردووە ، (٨ / ١١٣) لە عبدالرزاقە وە .

[2] – (من فقه عمر)ی د . محمود محمد عمارە (٥١) .

[3] – پیاوانی جێی متمانەن: الحافظ لە (الفتح) دا (١٣ / ٨) باسی مردووە الارنؤوط (سیر ٢ / ٦٢٦).

فەرموی: ئەی خوای پەروەردگار ، بەڕاستی حەزم بە لیقای تۆیە ، دە تۆش حەز بە لیقای من بکە . ئەوە بوو هێشتا مەروان نەگەشبتووە ناوەڕاستی بازار لە گەڕانەوەیدا ، ئەبو هریرە (ﷺ) وەفاتی کرد . وە لە (سلم ی کوڕی بشیر) ەوە ، ئەبو هریرە (ﷺ) لە کاتی نەخۆشی یەکەیدا گریا پرسی یان بۆچی دەگریت ؟ فەرمووی : بۆ ئەم دنیایەی ئێوە ناگریم ، بەڵکو بۆ دووری سەفەر و کەمی توێشوو دەگریم وە بۆ ئەوە دەگریم کە دڵنیام بەسەر (سراط)دا دەڕۆم کە یان ئەکەومە ئاگرەوە یان بەهەشت و نازانم بۆ کامیان دەبرێم [١] .

پاش وەفاتی ئەبو هریرە (ﷺ) پێشەوا وەلیدی کوڕی عتبە دوای نوێژی (عەسر) نوێژی لەسەر کردوو (ابن عمر) و (ابو سعید) جەنازەکەیان بەڕێ کردووە و لە (بقیع) سپاردەکراوە .

---

[١] - بڕوانە : الحلیە (١ / ٢٨٣)

" ٤٤ - خباب ی کوڕی الارت (رضي الله عنه) "

" کێوێ لە ئارامی "

خەبابی کوڕی ئەرت ی کوڕی خوەیلیدی کوڕی سعدی کوڕی خزیمە یەوە بە (ابا عبدالله) ناو دەهێنرێت . بە دیل گیرا و فرۆشرا بە (ام انمار) لە مەککە ، وە (خباب) پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچێتە ماڵی (ارقم) ، موسڵمان بووە ، وتراوە کە (شەشەم کەس بووە موسڵمان بێت ، واتە شەش یەکی ئیسلام بووە هەروەك (کردوس) دەڵێت : [1] لە خانەدان و ڕەسەنەیەکە مینەکانە ، ئامادەی بە دروئەوانی تریش بووە .

" ئارامگری لەسەر ئەشکەنجەدان "

(طارق ی کوڕی شهاب) دەڵێت : خباب لە کۆچبەرە یەکەمینەکان بوو وە یەکێ بوو لەوانەی لە پێناوی خوادا ئەشکەنجە دەدرا . وە (رضي الله عنه) مە ولای (ام انمار)ی کچی سباعی خزاعی بوو ، بێ باوەڕان بە جۆرەها شێوە ئازاریان دەدا .. بە قژڕایاندەکێشا و وە ملیان زۆر بە توندی بادەدا و چەندین جار لەسەر سکڵی داگرساو پاڵیان دەخست و بەردیان لەسەری دائەنا بۆ ئەوەی نەتوانێ هەڵسێتەوە [2] .

خباب دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر بوردەکەی لە ژێر سێبەری کەعبە دانیشتبوو ، سکاڵای حاڵی خۆمانمان بردەی و پێمان وت : ئایا یارمەتیمان بۆ ناخوازیت ، ئایا دوعامان بۆ ناکەیت ؟؟ ئەویش فەرمووی : ((قد كان من قبلكم يؤخذ الرجل فيحفر له في الارض فيجعل فيها ثم يؤتي بالمنشار فيوضع على راسه فيجعل نصفين ، و يمشط بأمشاط الحديد ما دون لحمه و عظمه ما يصده ذلك عن دينه ، والله ليتمن الله تعالى هذا الامر حتى يسير الراكب من صنعاء الى حضرموت فلا يخاف الا الله ، والذئب على غنمه و لكنكم تستعجلون)) [3]

---

[1] - هیثمی دەڵێت : ئەبەرانی بە (مرسل) ی گێڕاویەیتیەوە وە پیاوانی هەتا ئەگاتە کردوس پیاوانی (الصحيح)ن (کردوس) یش جێ متمانەیە . المجمع (١٥٦٢٩) .

[2] - ئەوانە : الرصى المختوم (٧٩) .

[3] - صحيح / بوخاری ڕیوایەتی کردووە .

فەرمووی : لە نەتەوەکانی پێش ئێوەدا پیاویان دەهێنا و چاڵیان بۆ هەڵدەکەند و دەخرایە ناوی ، ئەو جا مشاریان ئەهێنا و لەسەریەوە ئەیانکرد بە دووبەشەوە بەشانەی ئاسنین گۆشتی لەشیان لە ئێسکەکانی ڕادەماڵی ، کەچی ئەوە هەرگیز لە ئاینەکەی لاینەئەدا و پەشیمانی نەئەکردەوە ، سوێند بەخوای گەورە ، پەروەردگار ئەم ئاینەوە هاسەر دەخات کە گەشتیار لە (صنعاء) ەوە بچێت بۆ (حضرموت) و لە هیچ شتێکی نە ترسێ تەنها خوا نەبێ و لە کاتێکا گورگ بەسەر مەڕەکانیەوەیەتی، بەلاّم ئێوە پەلەتانە .

((ئەبێ پێغەمبەری خوا (ﷺ))) چی لە دەست بێ بیکات بۆ ئەو بێ چارانە ؟ لە ڕاستیدا ئەو ناتوانێ پارێزگاری لە هیچ کەسێکیان بکات ، چونکە ئەو توانای بەرگری کردنی نەفسی خۆیشی نی یە ، ئەو لە نوێژەکانیدا و لەکاتی کڕنوش بردندا ڕیخۆڵەو ناوسکی گیانەوەری سەربڕاویان فڕێ ئەدایە سەری و... پیسی لەبەردەم ماڵەکەیدا ڕۆئەکرا ، و جگە لە ئارامگرتن کارێکی تری لەدەست نەئەهات .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵانی کۆنە کردوەتەوە لەسەر سوود و قازانجێکی ئانی یان دواخراو ، بەڵکو ئەو بەرچاو ڕوونی کردوون و ئەو هەقەی خستە ڕوو کە سەردەمانێکە پەردەی بەسەردا دراوە ، و لێڵی و بارگرانی بەسەر دڵەکانەوە سڕیوەتەوە تا ئاشنا بێت بەو یەقینە سروشتی یەی کە لەسەری هاتۆتە بوون و بێ ئاگایی مەحروم و بێ بەشی کردووە لێی ، ئەو مرۆڤی گەیاند بە پەروەردگاری و بەوەش بەستیەوە بەڕیشە ڕەسنەکەیانەوە .. لە کاتێکدا کە ئەوان پێشتر پەرۆش و هەناسە سارد بوون ، ئەو نەمری و فەنابوونی بۆ خەڵکەی بەراورد کرد ، ئەوانیش ئاخیرەتی هەمیشەی یان هەڵبژارد بەسەر دنیای کۆتایی هاتوودا ، هەروەها مافی هەڵبژاردنی داپێیان لە نێوان چەند بتێکی بێ بایەخ و پەروەردگارێکی مەزندا ، ئەوانیش ڕقیان لەو بتە دروست کراوانە هەڵگرتو ڕویان کردە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی .

محمد (ﷺ) ئەوەندەی بەسە ئەم چاکە مەزنە پێشکەش کات ، هەروەها هاوەڵانیشی ئەوەیان بەسە لە ژێر چاودێری و خەمخۆری ئەودابن ، وە هەرکات ئازاردران با چاوەڕێی پاداشت بن ، و هەرکات دژایەتی کران لەلایەن بەندە و کۆیلەی بتە پیسەکانەوە با پەیوەست بن بەوە وە پێی ئاشنان ولێی ئاگادار کراون ، بێ گومان شەڕی نێوان کوفر و باوەڕ هەمیشە بەردەوامە ، و ڕۆژێك تەپ و تۆزی ئەو جەنگە دادەمرکێت و پەردە بەڕووی شەهیدان لەلایەك و تیاچوان لەلایەکی ترەوە هەڵدەدرێتەوە . هەروەك

پـەردە لەسـەر ڕوی باوەڕدارانێـك کـە لەسـەر فرمـانی خـوا هەڵساون و بـیٚ باوەڕانێـك کـە بەفرمانی ئەو زاتە سەر شۆڕ کراو هەڵدەدرێتەوە [1]

" مانەوەی لەسەر حەق "

لـە (خبـاب) ەوە ، دەڵێـت : مـن لـە مەککـە شمـشیرم دروسـت ئـەکرد ، ئـەوە بـوو شمشێرێکم بۆ (عـاس ی کوڕی وائل) دروست کرد و هـاتم داوای پارەکەی لیٚ بکەم ، پێی وتم: ناتـدەمیٚ هـەتا محمـد(ﷺ) بە درۆنە خەریتـەوە ، منـیش پێم وت : مـن محمـد (ﷺ) بە درۆناخەمەوە تاوەکو دەمریت و زیندوو ئەکرێیتەوە (واتە : مەحاڵە شتی وابکەم) .

وتی : دەی ئەگەر زینـدوش کرامـەوە ئـەوە من خـاوەنی ماڵ و سـامانم و داوەریت ئەکەم . منیش ئەمەم بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس کرد . ئـەوە بـوو ئایـەتی : ﴿ أَفَرَأَيْتَ الَّذِي كَفَرَ بِآيَاتِنَـا .. ﴾ سورە مریم (٧٧) . دابەزی [2] . واتـە : ئایا ئەو جۆرە کەسانەت بینیوە کە باوەڕی بە ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە نی یە ؟

" بەخشینی لە پێناوی خوادا "

لە (ابی وائل شـقیق ی کـوڕی سلمە) وە ، دەڵێـت : لـە کـاتی نەخۆشـی یەکەیـدا هاتین بۆلای خبـابی کـوڕی الارت ، فـەرمووی : ئـەم تابوتـە هەشتا هـەزار درهـەمی تیایـە ، سـوێند بـەخوا هـیچ قـەیتانێکم پـیٚ توونـد نەکردوەتـەوە (واتـە : مـاڵی دنیـام پـیٚ نەڕازاندوەتـەوە و سـەرقاڵم کـات) و هـیچ دەرۆزەکەرێکیـشم (سـائل) لـیٚ بـیٚ بـەش نەکردووە ئەوجا دەستی بە گریان کرد . پرسیان : بۆچی دەگریـت ؟ فـەرموی : بۆ ئـەوە ئەگریم کە کـاتیٚ هـاوەڵانم کۆچیان کردو ڕۆیشتن دینا هیچ شتێکی لیٚ کەم نەکردن وە ئێمەش دوای ئەوان ماینەوەو تاوامان لیٚ هاتووە هیچ جێیەك شك نابەین جگە لە خۆڵ و خاك [3] .

---

[1] – بروانە : (فقە السیرە)ی غەزالی (١١٢ ، ١١٣) .

[2] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە بخاری گێڕاویەتیەوە ، عاصی کوڕی وائل لە بیٚ باوەڕانی قورەیش و ئەوانـە بوو گاڵتەی بە زیندوو بوونەوە ئەهات .

[3] – بروانە : صفە الصفوە (١ / ٢٢٣) .

وە لە قیس ی کوڕی حازمەوە ، دەڵێت : سەردانی (خباب ی کوڕی ارت) مان کرد لە نەخۆشی یەکەیدا ، ئەو حەوت جار لەسەر سکی داخ کرابوو ، فەرمووی : لەبەر ئەوە نەبوایە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی لێ کردووین دوعای مردن بکەین ئەوە داوام دەکرد ، بەڕاستی نەخۆشی یەکەم درێژەی کێشا)[1] .

وە (رضي الله عنه) لە کوفە وەفاتی کرد و علی کوڕی ابی تالیب (رضي الله عنه) نوێژی لەسەر کرد. بەو جۆرە جەستەی ماندووی لە دنیا ڕزگاری بوو تا لە پاڵ ڕێز و کەرەمی خودای میهرەباندا بحەوێتەوە .

[1] – بڕوانە : صفوة الصفوة (١ / ٢٢٣) .

" ٤٥ - عبدالله ی كوڕی عمر (رضي الله عنه) "

" بەڕاستی عبدالله پیاوێكی باشە " فەرموودەی پیرۆز ..

كێ یە ؟

عبدالله ی كوڕی عمری كوڕی خەتاب (رضي الله عنه) و پێشەوای ڕابەر و شێخی ئیسلام (ابو عبدالرحمن)ە ، هەر بە منداڵی موسڵمان بوو ، پاشان هێشتا باڵغ نەبوو بوو لەگەڵ باوكیدا هیجرەتی كرد .. ڕۆژی ئوحود بە بچوك دانرا و بەشداری پێ نەكرا بۆیە یەكەمین غەزا ، كە بەشدار بوو تیایدا (خەندەق) بوو . هەروەها یەكێكە لەو بەرێزانەی لە ژێر دارەكەدا بەیعەتیان دایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

بخاری لە (ابن عمر)ەوە دەگێڕێتەوە ، وتویەتی : ڕۆژی ئوحود نیشانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) درام ئەو كاتە چوار دە ساڵ تەمەنم بوو ، لەبەر ئەوە مۆڵەتی نەدام ، بەشداربم . مجاهید دەڵێت : ابن عمر لە ڕۆژی فەتحی مەككەدا ئامادە بوو ، تەمەنیشی بیست ساڵ بوو ..

" چاكی یەكانی "

١ - لە دایكی ئیمانداران (عائشە) وە (رضي الله عنها) ، دەڵێت : كەسم نەدیوە هێندەی (ابن عمر) پەیوەست بێ بە قورئان و جێبەجێ كردنیەوە ...

٢ - وە لە جابری كوڕی عبدالله وە ، دەڵێت : (كەس نی یە لە ئێمە بە دنیا گەیشتبێ و ئامانجی تێدا دروست نەكردبێ ، تەنها (ابن عمر) نەبێت) .

٣ - وە ئەبو سەلەمەی كوڕی عبدالرحمن دەڵێت : (ابن عمر وەفاتی كرد ، ئەو لە پلەو پایە و چاكەكاریدا لە ئاستی باوكیدا بوو).

" خەونێكی ڕاست "

سالم لە باوكیەوە دەگێڕێتەوە ، دەڵێت : هەر پیاوێك لە ژیانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) خەونێكی بدیبایە بۆی دەگێڕایەوە ، وە من كوڕێكی سەڵت و لاو بووم ، وە لە

مزگەوت دەخەوتم ، جارێك لە خەونمدا دوو فریشتە هاتە لام و بردمیان بۆ لای جەهەننەم دەبینم ئاگری جەهەننەم هەروەك بیر لولخواردووە (پێچراوەیە) و (شاخی) * هەیە و خەڵكێكی تیا بوو ئەمناسینەوە ، و هەر لەبەر خۆمەوە دەمووت : (أعوذ بالله من النار) پەنا دەگرم بە خوا لە ئاگر ، ئەوجا فریشتەیەك هاتە لامان و فەرمووی ئەوە چارەنووسی تۆ نیە ، منیش خەونەكەم گێڕایەوە بۆ حەفصە [1] ، ئەویش گێڕایەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (نعم الرجل عبدالله لوكان يصلي من الليل) .

واتە : باشترین پیاو عبدالله یە ، ئەگەر شتێك لەشەودا بێدار كاتەوە و نوێژی تیا بكات .. ئەوە بوو عبدالله (ﷺ) دوای ئەوە زۆر بەكەمی شەو دەنووست و زۆربەی كاتەكانی شەوی زیندو دەكردەوە [2]. هەروەها (نافع) هاوشێوەی ئەمە گێڕاویەتیەوە و تیایدا هاتووە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (ان عبدالله رجل صالح) بەڕاستی عبدالله پیاوی باشە ..

" ڕێز لەگەڵ سوننەتی پاكی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) "

ابن عمر زۆر دەستگر و پێداگر بوو لەسەر سوننەت و هێندەی خەتی دەستی لێی لاینە دەدا . بەڵگەش لەسەر ئەوە زۆرە ، لەوانە :

١ – لە (نافع) ەوە ، ابن عمر شوێن پێی پێغەمبەری خوای (ﷺ) هەڵدەگرت لە هەرچیەكدا نوێژی تیابكردایە ، هەتا جارێكیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ژێر دارێكدا دابەزی دوای ئەوە ابن عمر زوو زوو دەچووە لای ئەو دارە و ئاوی دەدا تاوەكو وشك نەبێت [3].

* – (قرن یان شاخ) ی بیر / دوو منارەیە لەسەر بیردا دروست ئەكرێن و تەختەیەكی لەسەر دائەنرێت بۆ بەستنەوەی گوریسەكە پێیەوە .

[1] – حەفصەی كچی عمر (ﷺ) و خوشكی عبدالله و دایكی ئیماندارانە .

[2] – صحیح بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە .

[3] – بڕوانە : اسد الغابە (٣ / ٣٤١) .

٢ – هەر لە (نافع)ەوە ، لە ابن عمرەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (لو ترکنا هذا الباب للنساء) ئەگەر ئەم دەرگایەمان بەجێ هێشتایە بۆ ئافرەتان باش بوو ... نافع دەڵێ : دواى ئەوە ابن عمر لەو دەرگایەوە هات و چووی نەکرد هەتا وەفاتی کرد [1] .

٣ – هەر لە (نافع) ەوە ، لە ابن عمرەوە ، لە سەر ڕێگای مەککە سەری ولاخەکەی دەگرت (لغاوەکەی) و پێچی پێ ئەکردەو و ئەیووت : بەڵکو سمێك بکەوێتە سەر سم ، واتە بەڵکو ئەمە خوا یە پێی ولاخەکەی بکەوێتە سەر شوێن پێی ولاخەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) . وادیارە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ی بینیوە کە لەو شوێنەوە ولاخەکەی تێپەڕاندووە .

" ترسی ابن عمر (رضي الله عنه) "

جارێك پیاوێ بە (ابن عمر) ی وت : ئەی باشترین کەس ، یاخود ئەی کوڕی باشترین کەس . ئەویش فەرمووی : نە باشترین کەسم و نەکوڕی باشترین کەسیشم ، بەڵکو بەندەیەکم لە بەندەکانی خوا ، و تکاکارم لە زاتی (الله) و لێی دەترسێم ، سوێند بە خوا واز لە پیاو ناهێنن تا بەهەلاکەتیا ئەبەن [2] .

بڕوانە ، خوێنەری بەڕێز چۆن ئەم پێشەوا مەزنە نەخۆشی لە خۆ ڕازی بوون لە خۆی دوور ئەخاتەوە ... کەچی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کەسانێك ئەبینین خۆبەزلزانین و لە خۆبایی بوون خواردوویەتی و لە بنچینەشدا لە تەرازودا هیچ نرخێکی نیە ، بەڕاستی مرۆڤ زۆر سوك و بێ بایەخە کاتێ قەدری خۆی نازانێ . هەروەها کاتێ قورئانی دەخوێند دڵی خشوعی دەبرد و فرمێسك لەچاوەکانیەوە دادەباری – لە نافعەوە ، دەڵێ : کاتێ ابن عمر ئەم ئایەتەی دەخوێند : ﴿ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ ...﴾ سورة الحديد، آية (١٦) .

---

[1] – پیاوانی جێی متمانەن : ابن سعد (٤ / ١٦٢) مەبەستیش یەکێکە لە دەرگاکانی مزگەوت (مسجد الحرام) .

[2] – دانەپاڵەکەی (صحيح)ە : ابونعيم (١ / ٣٠٧) .

واتە : ئایا ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە ، دڵەکانیان بە نووری ئیمان ملکەچ و ڕوناك بێتەوە ، ترسی خوای تێدا بڕوێنن بە هۆی یادی بەردەوامی خواوە ... دەگریا هەتا گریان بەسەریدا زاڵ ئەبوو [1] .

پەرستشی

مێژوو چەند بەرهەمێکی جوانمان لە پەرستشی (عبدالله) (رضي الله عنه) بۆ دەگوازێتەوە ، لەوانە :

١ – بەردێکی گەورەی هەبوو کە بۆ ئاوتێکردن هەڵکۆڵرا بوو ، هەتا ئەیتوانی لە ناویدا نوێژی ئەکرد و ئەوجا ئەچووە سەر جێگاو سەرخەوێکی ئەشکاند و دووبارە هەڵدەسایەوە دەستنوێژی دەگرت و نوێژی ئەکرد ، لە شەوێکدا چوار تا پێنج جار ئەمەی دووپات ئەکردەوە [2]!!

٢ – بە نافع یان وت : ابن عمر لە ماڵەکەیدا چی ئەکرد و خەریکی چی بوو ؟ وتی : ئێوە هەرگیز بەرگەی ناگرن ، دەستنوێژی تازە بۆ هەموو نوێژێك و قورئان خوێندنیش لە نێوان نوێژێك و یەکێکی تردا [3] .

٣ – هەر لە (نافع) ەوە ، دەڵێت : ئەگەر ابن عمر نوێژێکی جەماعەتی لە کیس چووایە ئەو شەوە هەمووی زیندوو ئەکردەوە بە نوێژ کردن [4].

خۆشەویستی (ابن عمر) (رضي الله عنه) بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)

لە (عاصم ی کوڕی محمدی العمری) یەوە ، لە باوکیەوە ، دەڵێت : هەرجارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس کرا بێت ، (ابن عمر) دەستی بەگریان کردووە .

---

[1] – پیاوانی جێ متمانەن : او نعیم لە (الحلیە) دا دەری هێناوە ، الارنؤوط (سی ٣ / ٢١٤) .

[2] – پیاوانی جێ متمانەن : الارنؤوط (سیر ٣ / ٢١٥) .

[3] – پیاوانی جێ متمانەن : ابن سعد دەری هێناوە (٤ / ١٧٠) ، الارنؤوط (سیر ٣ / ٢١٥) .

[4] – پیاوانی جێ متمانەن : حلیە الاولیاء (١ / ٣٠٣) ، الارنؤوط (سیر ٣ / ٢١٥)

وە یوسف ی کوڕی ماهك ، دەڵێت : (ابن عمر)م لەلای (عبیدی کوڕی عمیر) بینی ، عەبید خەریك بوو باسی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەکرد و(ابن عمر) یش فرمێسك لە چاوەکانیەوە دەهاتە خوار .. وە عبیدی کوڕی عمر ئەم ئایەتەی خوێند : ﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ ... ﴾ سورة النساء ، آية ٤١ . واتە : دەبێت حاڵی ئەو خەڵکە چۆن بێت کاتێ لە هەر میللەتێك شایەتێکمان هێنا ...

ابن عمر دەستی بەگریان کرد ، ئەوەندە گریان ڕیش و کۆشی تەڕ بوو ، پیاوێك ئەوەندە بە حاڵی ابن عمر ناڕەحەت بوو ، وەخت بوو بە باوکم بڵێ قسەکانت کورت کەرەوە ، بەڕاستی مامۆستات ئازاردا (واتە ابن عمر) [1].

هەروەك (رضي الله عنه) کەسێکی زۆر دڵ ناسك و گریاو بووە لە کاتی بەسەر کردنەوەی قورئان و گوێ لێ بوونی دا . نافع دەڵێت : هەرگیز نەمدیوە ابن عمر ئەم دوو ئایەتەی کۆتایی سورەتی بەقەرەی خوێندبێ و نەگریا بێت : ﴿ ... وَإِنْ تُبْدُوا مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ ... ﴾ سورة البقرة ، آية (٢٨٤) .

واتە : ئەگەر ئەوەی لە دڵ و دەروونتانا جێگیر بووە ، دەری خەن یان بیشارنەوە خوا دەربارەی هەر لێتان دەپرسێتەوە ...

وە دەیفەرموو : بەڕاستی ئامارێکی سەخت و گرانە (احمد گێڕاویەیتیەوە)

هەروەها جارێك (رضي الله عنه) ئەم ئایەتەی خوێند : ﴿ وَيْلٌ لِلْمُطَفِّفِينَ ... ﴾[2] تا گەیشتە ﴿يَوْمَ يَقُومُ النَّاسُ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾ سورة المطففين ، آية (١ - ٦) . دەڵێت ئەوەندە گریا و هەنسکی دا بێ هێز و گیان بوو ، و نەیتوانی بەردەوام بێ لەسەر خوێندنەوە . (احمد گێڕاویەتیەوە)

---

[1] – ابن سعد دەری هێناوە (٤ / ٦٢) .

[2] – واتە : هاوار و ناڵە بۆ تەرازووبازەکان ، ئەوانەی کە لە کێشانە و پێوانەدا فێڵ دەکەن (یان لە هەڵسەنگاندنی خەڵکیدا ڕاست نالێن ، ئەوانەی کاتێك شت لە خەڵکی ئەکڕن بە زیادەوە یان بە تەواوی لێیان وەردەگرن ، کەچی کاتێ شتیان بۆ دەپێوەن یان دەکێشن لێی دەدزنەوە کەمیان دەدەنێ بە فێڵ ، ئایا ئەوانە گومان نابەن کە بە ڕاستی زیندوو ئەکرێنەوە ، بۆ ڕۆژێکی زۆر سامناك و ترسناك و گەورە ، ئەو ڕۆژەی کە هەموو خەڵکی بە پێ دەوەستن لەبەردەم دەسەڵاتی پەروەردگاری جیهانیان .

وە لە (سمیری ریاحي)یەوە ، لە باوکیەوە ، دەڵێت : عبداللە ی کوڕی عمر بڕێك ئاوی ساردی خواردەوە ، دەستی بەگریان کرد و زۆر گریا ، پرسیاری لیٚ کرا : لەبەر چی دەگریت ؟ فەرمووی : یادی ئایەتێکی پیرۆزم کەوتەوە : ﴿ وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ ... ﴾ سورة سبأ ، آية (٥٤) . واتە : ئەوسا ئیتر لە نێوان ئەمان و هەرشتێك کە ئارەزووی دەکەن بەربەست دانرا ..

وە زانیومە ئەهلی ئاگر ئەوەندەی ئارەزووی ئاو دەکەن ئارەزووی هیچ شتێکی دیکە ناکەن ، وە خوای گەورە ئەفەرموێت : ﴿ ... أَفِيضُوا عَلَيْنَا مِنَ الْمَاءِ أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللَّهُ ...﴾ سورة الأعراف ، آية (٥٠) [١] . واتە : (دۆزەخیەکان بەدەم هاوار و ناڵەوە) هاواریان لە بەهەشتیەکان دەکرد و لێیان دەپاڕانەوە : نەختێك ئاومان بەسەردا بڕێژن ، یان بە شمان بدەن لەو ڕۆزیەی خوا پیٚ ی بەخشیون .

چەند مرواری یەك لە ئامۆژگاری یەکانی (رضي الله عنه)

لە (عبداللە ی کوڕی سبرە) وە ، دەڵێت : کاتیٚ إبن عمر ڕۆژی لیٚ دەبوویەوە ، ئەیفەرموو : ئەی خوای پەروەردگار بمکە یەکیٚ لەو بەندانەت کە گەورەترین بەشیان هەیە لەو خێر و چاکەیەدا کە بەیانیان دابەشی دەکەیت و پەخشی ئەکەیت ، و لە و ڕووناکی یەی ڕێگای پیٚ ڕوناك دەکەیتەوە و ڕێنومایی پیٚ دەکەیت و لەو بەزەیەی بلاٌوی دەکەیتەوە و لە و ڕۆزی یەی دەیرێژیت بۆ بەندەکانت و لە هەڵگرتنی بەلاٌو لیٚ لادانی فیتنەدا [٢] ...

وە لە (مجاهد) ەوە ، لە ابن عمرەوە ، دەڵێت : (هەر بەندەیەك شتێك لە دونیا بێتە بەشی ، ئەوە ئیلا لە پلەی کەم دەکاتەوە لەلای خوای گەورە ، با بەخشندەیش بێت بەسەریەوە [٣] .

---

[١] – بروانە : صفة الصفوة (١ / ٢٩٥) .

[٢] – بڕوانە هەمان سەرچاوە .

[٣] – هەمان سەرچاوە .

وە پێی وترا : فلأن کەسی ئەنصاری وەفاتی کرد ، فەرمووی : ڕەحمەتی خوای لێ بێ ، ئەوجا پێی وترا ، سەد هەزاری بە جێ هێشتووە ، ئەویش فەرمووی : بەلأم پارەکە ئەوی بە جێ نەهێشتووە .

وەسیەتەکانی ابن عمر (رضي الله عنه)

لیث ی کوڕی سعد و غەیری ئەویش گێڕاویانەوە ، دەڵێن : پیاوێك نامەیەکی نووسی بۆ ابن عمر تێیدا وتبوی کە داوا ئەکەم هەموو زانستم بۆ بنووسی .

ابن عمریش (رضي الله عنه) بۆی نووسی : (لە ڕاستیدا زانست زۆر و هەمە چەشنەیە ، بەلأم ئەگەر توانیت بە جۆرێك بەلیقای پەروەردگار بگەیت کە باری سەرپشتت سوك بێ لە خوێنی خەڵك و ورگت خالّی لە مال و سامانیان و زمانت بەستراو بێ لە ناموسیان و پەیوەست و مولتەزیم بی بە کاروباری کۆمەڵی موسڵمانان ، ئەوە ئەو کارە بکە [1]...

هەروەها ابن عمر ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت زۆر موحاسەبەی دەرونی خۆی دەکرد و بەردەوام و بەشێوەیەکی دەوری هەڵدەسابە لە خۆپەرسینەوە و پاکژکردنەوە و خاوێن کردنەوەی دڵ و دەروونی ..

ابن شهاب دەڵێت : جارێك ابن عمر ویستی نەفرەت لە خزمەتکارێك بکات ، فەرمووی : (یاخوا نەفر ...) و تەواوی نەکرد و فەرمووی حەزناکەم ئەم وشەیە لە زارم بێتەدەر [2]. وە لە (میمونی کوڕی مهران) ەوە : پیاوێك لە کوڕانی (عبدالله ی کوڕی عمر) داوای پۆشاکی لێ کرد و وتی : جلەکانم دڕاون ، ئەویش فەرمووی : دەی پینەیکە و دواتر لەبەری کە ، کوڕەکەی ئەمەی پێ ناخۆش بوو ، (عبدالله) ش پێی فەرموو : چیتە ! لە خوا بترسە و لەو کەسانە مەبە ئەوەی خوا پێی بەخشیون لەناوسك و لەسەر پشتیان هەڵیدەگرن .

---

[1] – بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٣ / ٣٢٢) .

[2] – هەمان سەرچاوە (٣ / ٢١٨) .

بەخشینی لە پێناوی خوادا

ابن عمر (ﷺ) ئەگەر زۆر موعجبی شتێکی خۆی ببوایە دەیبەخشی ، نافع دەڵێت : بەندەکانی بەمەیان زانیبوو ، بۆیە یەکێکیان ئەم ئاکارەی ابن عمری قۆستەوە و بەردەوام لە مزگەوت دەمایەوە ، ابن عمریش (ﷺ) کە بەم حاڵەوە بینی خۆشیویست و ئازادی کرد !!هاوەڵانیشی پێیان وت : ئەی ئەبا عبدالرحمن سوێند بەخوا دەتخەڵەتێنن و ڕاست ناکەن . ئەویش فەرمووی : دەی هەرکەس بەخودا (واتە بە خوا پەرستی و ڕوو لە خوا کردن) بمانخەڵەتێنێ بۆی دەخەڵەتێین .. قەیدی نی یە .

هەڵوێستی لە ئاست میرنشینی و فیتنەکاندا

عبدالله ی کوڕی عمر بێزار و وەڕس بوو لە میرایەتی (ئیمارەت) و .. هەروەها کەنارگیری کرد لە فیتنەکە و تیایدا بەشدار نەبوو .

لە (عاصم) ەوە ، دەڵێت : مروان بە ابن عمری وت (دوای مردنی یزیدی کوڕی معاویە) وەرە دەستت بێنە بابەیعەتت بدەینێ ، چونکە تۆ گەورەی عەرەب و کوڕی گەورەکەیشیتی ..

ئەویش فەرمووی : ئەی چی بە ئەهلی ڕۆژهەڵات بکەم ؟

وتی : لێیان دەدەین تا بەیعەت دەدەن .

فەرمووی : دەی سوێند بەخوا حەزناکەم حەفتا ساڵ ملکەچم بن ، بەڵام بە شمشێری من تەنها پیاوێك بکوژرێت .

هەروەها (ﷺ) سەلامی دەکرد لە (الخشبە) و (خوارج)یش لە کاتێکدا ئەوان خەریك بوون لەگەڵ یەك شەڕیان ئەکرد ، و دەیفەرموو : ئەوەی بڵێ (حی علی الصلاه) واتە (هەڵسن وەرن بۆ نوێژ) لەگەڵی دێم و وەڵامی دەدەمەوە و هەرکەسیش بڵێ (حی علی قتل اخیك المسلم) هەڵسەوە بۆ کوشتنی برا موسڵمانەکەت و خواردنی ماڵ و سامانی ، ئەوە بەدەم داواکەیەوە نایەم [1].

---

[1] – ابن سعد دەری هێناوە (٤ / ١٦٩ ، ١٧٠) و الارنؤوط دەڵێت : دانەباڵەکەی (سند)ەکەی (حسن)ە سیر ٣ / ٢٢٨ .

" فەرمانکردنی بە چاکە و نەهی کردنی لە خراپە "

ئەگەر چی ابن عمر (رضي الله عنه) کەنارگیر بوو لە فیتنە و خۆیشی لە میرنشینی و جێنشینایەتی بە دوور ئەگرت ، بەڵام ئەو دوورەپەرێز لە سەردەم و چاخی خۆی نەئەژیا ... بەڵکو بەردەوام دەچووە ژێرباری وتنی قسەی هەق و لە پێناوی خوادا لە لۆمەی هیچ لۆمەکارێك نەترساوە .. ئەو دەیزانی کە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە تەوەری هەرە گەورەی ئەم ئاینەیە و ئەو دەستهارەیە کە ئیسلامی لەسەر دەسوڕێتەوە ، بەڵکو پێداگری و چوونە ژێر باری قسەی حەق هۆی وەفاتی (ابن عمر) بوو (رضي الله عنه) .

لە (اسحاقی کوڕی سعیدی کوڕی عەمری ئومەوی)یەوە ، لەباوکیەوە ، لە ابن عمرەوە ، دەڵێت : ابن عمر هەڵساوە لە کاتێکدا (حەجاج)[1] وتاری ئەدا ، پێی فەرموو : (ئەی دوژمنی خوا !! کە حەرەمی خوات شکاند و بێ شەرمیت تێدا کرد و ماڵی خوات ڕوخاند ..

(حجاج)یش وتی : ئەی ئەو شێخەی خەڵەفاوی ، ئەوجا کە خەڵکەکە بلاوەیان لێ کرد حەجاج یەکێ لە دەست و پێکانی نارد و حەربەیەکی ژەهراوی هەڵگرت و دای لە (ابن عمر) و نەخۆشی خست و پێیەوە وەفاتی کرد .

ئەوجا حجاج چوو بۆلای وەك بەسەر کردنەوەی ، سەلامی کرد ، وەڵامی سەلامەکەی نەدایەوە ، و قسەشی لەگەڵ کرد ، بەڵام وەڵامی نەدایەوە [2]. ئەوەبوو حجاج فەرمانی کرد بوو بە هەڵگرتنی چەك لە حەرەمدا !

وە بخاری دەرهێنانی کردووە ، دەڵێت : حجاج هات بۆ لای ابن عمر کاتێ لەسەر جێگەی کەوتبوو پرسی : ئێستا چۆنی ؟ ابن عمر (رضي الله عنه) فەرمووی : دەسازم ، وتی :

---

[1] – حجاج / حجاجی کوڕی یوسفی یە قەقی یە ، کەسێکی ستەمکاری فریودروای ناپاك بوو ساڵی (٩٥) مردووە ، زەهەبی دەڵێت : کەسێکی ستەمکار و زەبر بەدەست و پیس و خوێنڕێژ بووە .. ئێمەش لەبەر ئەوە قسەی پێ دەڵێین و خۆشمان ناوێت ، بەڵکو لەبەر خوا ڕقمان لێیەتی ، چونکە ئەم کارەمان باشترین و تووندترین بەندی باوەرە .. و لەناو ئەو دەریای تاوانەیدا چاکەیشی هەبووە دەیدەینە دەست خوا .. سیر اعلام النبلاء (٤ / ٣٤٣) .

[2] اوانی جێ متمانەن : سیر اعلام النبلاء (٣ / ٢٣٠) .

کێ لێی دایت ؟ فەرمووی : ئەوە لێیدام کە فەرمانی کرد بوو لە ڕۆژێکدا چەك هەڵبگیرێ کە حەرامە (واتە حجاج) .

بەوجۆرە موسڵمان دەبێ ئاوێتەی واقع بێت و جێ دەستی دیار بێ لە فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە .. و دوورەپەرێز نەبێ لە کۆمەڵگاکەی بۆ ئەوەی باتڵ و ناهەق پێ ڕانەکێشن و حەق و ڕاستەکان ون بن .

" وەفاتی ابن عمر (رضي الله عنه) "

لە (سعیدی کوڕی جبیر)ەوە ، دەڵێت : ابن عمر لە سەرەمەرگدا ، فەرمووی : خەفەت بۆ هیچ شتێکی دنیاناخۆم تەنها سێ شت نەبێ : تینوێتی گەرمای نیوەڕوان (کاتی بەڕۆژوو بوون) و هەڵسان و زیندو کردنەوەی شەو ، هەروەها ئەوەش کە دژی (کۆمەڵی تاونبارەکە – الفئة الباغية) شەرم نەکرد (واتە حجاج) [1].

دەسا ڕەزای خوات لێ بێت ، دەبێ وێنەی تۆ لە کوێ بێنین لە بۆ ئاینەکەی و لە خواترسان و ڕاست و ترسی و ئاهی لە پەروەردگاری ، کەسێك جێنشینایەتی پێ بسپێردرێت ڕەتی کاتەوە ، و لە لایەن کەسێکی وەك (عوسمان) دادوەری پێ بدرێت ، ڕەتی کاتەوە و لەلایەن (علی) ویلایەتی شامی پێ بدرێت ، ڕەتی کاتەوە و لێی هەڵبێت .. بەڕاستی خوای گەورە هەرکەس بیەوێ بۆ لای خۆی دەیبات و ڕێنمونی دەکات [2].

---

[1] – دانەپاڵەکەی (صحيح) : ابن سەعد دەری هێناوی (٤ / ١٨٥) .

[2] – بڕوانە : سير اعلام النبلاء (٣ / ٢٣٥) .

" ٤٦ - جُلیبیب (رضي الله عنه) "

" پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە بازووی خۆی هەڵیگرت !! "

هاوەڵێکی پایەبەرزە .. کەسێکە نەخاوەن دارایی و نەجوانی ، بەڵام خاوەنی باوەڕێکە جێگیرتر لە کێوەکان ..

بەڕاستی خودا سەیری وێنە و لاشەمان ناکات ، بەڵکو لە دڵکانمان و لە کردەوکانمان دەڕوانێ .. وە دڵەکان جێگای سەرنجی پەروەردگارن .

(حسن) بە پیاوێکی وت : (دڵت تیمارکە ، چونکە ئەوەی خودا لەبەندەکانی خۆی دەوێت سەلامەتی دڵیانە) .

وە خاوەنی ئەم چیرۆکە لە دنیادا جگە لە باوەڕەکەی هیچی شك نەئەبرد .. ابو برزەی ئەسلەمی چیرۆکی ژنهێنانی (جُلیبیب)مان بەم شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە ، دەڵێت : جلیبیب یەکێ بوو لە پشتیوانان ... وە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) عادەتیان کرد بوو ئەگەر کچیان هەبوایە نەیاندەدا بە شوو هەتا پێغەمبەری خوایان (ﷺ) لێ ئاگادار ئەکردەوە تا بزانن ئەو دەیەوێ یان نا ...

ئەوەبوو جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پیاوێکی لە پشتیوانان فەرموو : یا فلان زوجني ابنتك . ئەی فلان کچەکەتم بدەیە .. ئەویش وتی : بەڵێ ، جاکێ لە تۆ باشتر .. فەرمووی : (اني لست لنفسي اريدها) من بۆ خۆم داوای ناکەم .

وتی : ئەی بۆکێ ، فەرمووی : بۆ جولەیبیب)وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) با بزانم دایکی کچەکە دەڵێ چی ..

هات بۆ لای دایکی کچە وتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) داخوازی کچەکەتی کردووە ، وتی : بەسەر چاو .. جاچی لەوە باشترە ، کچەکەم ببێتە خێزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .. ئەویش وتی : نایەوێ بۆ خۆی ، بەڵکو بۆ جولەیبیب ، وتی : بەڕاستە ؟ سوێند بەخوا نایدەمە جلیبیب .

ئەوە بوو کاتێ باوکی کچەکە هەڵسا بگەڕێتەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وەڵامەکەی پێ بگەیەنێت .. کچەکەیان بەشەرمەوە وتی : کێ منی لە ئێوە خواستووە ؟ وتیان : پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

وتی : دەی ئەتانەوێ فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕەت کەنەوە ؟ بمدەرە دەستی بەڕاستی دڵنیام کە ئەو ویڵم ناکات .

ئەوەبوو باوکی کە چوو بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی وت : ئەوا دەیدەمە دەستی تۆ ، بفەرموو بیدەبە جلیبیب (اسحاق کوڕی عبداللە ی کوڕی ابی تەلحە) بە ثابت ی گوت: ئەزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چ دوعایەکی بۆ ئەو کچە کرد ؟

پرسی : چ دوعایەکی بۆ کرد ؟

وتی : (اللهم صب عليها الخير صبا ولا تجعل عيشها كدا كدا) واتە : ئەی پەروەردگار خێر و بێری بەسەردابڕێژە و مەهێڵە ژیانی مەینەتی و کوێرەوەری بێت .

ثابت دەڵێت : ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) کچەکەی لە جلیبیب مارە کرد ، وە لەیەکێ لە غەزاکانیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسی ؟ (هل تفقدون من احد ؟) کەس هەیە دیار نەبێ و بەدوایدا بگەڕێن ؟

وتیان : فلاَن و فلاَن دیارنین .

دیسان فەرمووی : (هل تفقدون من احد ؟)

وتیان : فلاَن و فلاَن .

ئەمجارەش فەرمووی : (هل تفقدون من احد ؟)

وتیان : نەخێر ... ئیتر هەر ئەوانەی کەوتمان .

فەرمووی : (ولكني افقد جليبيبا فاطلبوه في القتلى) بەلاَم من بەدوای جلیبیب دا دەگەڕێم لە ناو کوژاوەکاندا بۆی بگەڕێن .

گەڕان تا دۆزیانەوە لە نێوان حەوت کەسدا کەوتبوو کە کوشتبوونی و دواتر خۆیشی کوژرا بوو .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (هذا مني و انا منه ، اقتل سبعة ثم قتلوه ؟ هذا مني و انا منه ، اقتل سبعة ثم قتلوه ؟ هذا مني و انا منه) .

دەفەرموێ : جلیبیب لە منە و منیش لە ئەوم ، حەوت کەسی کوشتووە و ئەوجا کوشتویانە ؟ ئەو لە منە و منیش لە ئەوم حەوت کەسی کوشتووە و دواتر کوشتویانە ؟ ، ئەو لە منە و منیش لە ئەوم .

ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵیگرت و هاوەڵانیش گۆڕیان بۆ کەند .. ئەو جێیەکی نەبوو لەسەری داینێن بێجگە لە باڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەتا خستیانە ناو گۆڕەکەی .

ثابت دەڵێت : ئەوەبوو لەناو ئەنصاردا هیچ بێوەژنێك نەبوو لە بێوەژنەکەی جلیبیب بژیوتر [1] .

بەڕاستی ئەمە پیرۆزی و بەرەکەتی گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەبەرەکەتی دوعای سەروەرە . وە ئەم چیرۆکە چەندین ئامۆژگاری وپەندی لە خۆگرتووە کە ناشارڕێنەوە ، لەوانە : –

ئاینی ئیسلام (دین)ی پێش ماڵ و جوانی خستووە .. هەروەك لەم فەرموودەدا (لأمة سوداء ذات دين أفضل) واتە : کەنیزەکێکی ئەسمەری دیندار باشترە ، بەڵام ئەمە ، وەها ناگەینێت کە ئیسلام ماڵ و جوانی ڕەت دەکاتەوە ، نەخێر ، بەڵکو پێشوازی لە جوانی یەك دەکات پەیوەست بێ بەشەرعی پاکەوە و پێشوازی لە ماڵ و سامانێك دەکات کە لە خۆ بوردویی لەگەڵدا بێت .. وە ئیسلام هەرگیز دژی فیطرەتی مرۆڤایەتی نیە ، بەڵکو ئامانجی پەروەردە کردن و بژاردن و ڕاستکردنەوەی خواستەکانە ، و ستایش بۆ پەروەردگار ..

---

[1] – هیثمی دەڵێت : : لە (صحیح) دا هاتووە بە بێ باس کردنی داخوازی و زەواج : احمد گێڕاویەتیەوە و پیاوانیشی پیاوانی (صحیح)ن . المجمع بە ژمارە (١٥٩٧٧) .

" ٤٧ - طفیل ی کوڕی عەمری دوسی (رضي الله عنه) "

" خاوەنی ڕووناکی "

هاوەڵایەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ی کردووە . گەورە و فەرمانڕۆ شتوو بوو و لە ماقوڵانی عەرەب بووە لە هۆزی دوس (وە دوس نەوەیەکن لە (الازد) .

وە (طفیل) نازناوی (خاوەنی ڕوناکی)ی هەبوو ، لە مەککە پێش هیجرەت موسڵمان بووە .

هشامی کوڕی الکلبی ، دەڵێت :

بۆیە طفیل ی کوڕی عمروی کوڕی طریف بە (خاوەنی نور) ناونرا ، چونکە جارێك بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی وت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! دو سیەکان زینایان لەناو بلاو بۆتەوە ، لەبەر ئەوە دوعایان لێ بکە .

ئەویش فەرمووی : (اللهم اهد دوساً) ئەی پەروەردگار ڕیمنوی دوسەکان بکە . پاشان طفیل وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! بمنێرە بۆلایان و بەڵگەیەکیشم پێ بدە ، فەرمووی : (اللهم نور له) پەروەردگارا ڕوناکی پێ بدە . ئەوە بوو لە نێوان چاوەکانیدا ڕوناکی یەك دەدرەوشایەوە ، طفیل وتی : ئەی پەروەردگار ئەترسم پێم بڵێن کەسێکی نابوت و شێواوە ئەوەبوو ڕوناکی یەکە گوازرایەوە بۆ سەرێکی قامچی یەکەی و لە شەوی تاریکدا پرشنگی دەداو دەدرەوشایەوە ، لەبەر ئەوە ناونراوە (خاوەنی ڕوناکی)[1] .

بەو جۆرە ئەبێ بانگخواز .. دوعا لە هۆزەکەی نەکات ، بەڵکو دوعایان بۆ بکات ... وەك چاولێکردن و شوێن پێهەڵگرتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پەلەی هاتنی سزای نەبێت ، بەڵکو ئەمە خوایە ڕێنموی وەرگرن .

هەروەك وتراوە : (الابالصبر تبلغ ما ترید و بالتقوی یلین لك الحدید) واتە : ئاگاداربە کە بە ئارامگرتن دەگەیت بەهەر شتێ بتەوێ و بە لە خوا ترسان ئاسنت بۆ نەرم دەبێت .

---

[1] - ابن عبدالبر لە (الاستیعاب) دا گێڕاویەتیەوە (٥ / ٢٢٣) .

ئەوجا طفیل چوو بۆ بانگەواز کردن لەناو هۆزەکەیدا و لەسەر دەستی ئەو خوای پەروەردگار هدایەتی دان ، ئەوە بوو کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە طفیل بە خۆی و (٩٠) خێزان لە ماڵەکانی دوس کە موسڵمان بوو بوون هاتن بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

طفیل (رضي الله عنه) لە جەنگی (یەمامە) دا لەگەڵ موسڵماناندا ئامادە بوو لەگەڵ (عەمری) کوڕیدا لە خەونیدا وەك ئەوەی سەری تاشراو بێت و ژنێك دەیخاتە ناو دامێنیەوە [1] ، کوڕەکەشی هەوڵی دەدا پێیدا بگاتەوە ، بەلام نەگەیشت ..

یەکەمینی ئەوەی گەیاند کە ئەکوژرێت و سپاردە ئەکرێت و کوڕەکەشی سورە لەسەر شەهادەت ، بەلام لە جەنگی (یمامە) دا بە دەستی ناهێنێت . وە هەروایش بوو طفیل شەهید بوو ، کوڕەکەیشی مایەوە تا لە ڕۆژی (یەرموك) [2] دا شەهید بوو (رضي الله عنه).

[1] – ئەو ئافرەتەی لە خەوەکەیدا بینیبووی زەوی یە .. وەك لە فەرموودەیەکدا هاتووە ((تحفظوا من الارض فنها امکم)) گێرانی گرێویەیتەوە . واتە : پارێزگاری لە زەوی بکەن ، چونکە دایکتانە .

[2] – بڕوانە : البدایە والنهایە (٥ / ٤٥) .

٤٨" - خبیب ی کوڕی عدی (رضي الله عنه)

" ڕێز و شکۆمەندیی دۆستانی خودا "

ئەنصاریی شەهید ، داستانی قوربانیدان و خۆبەخت کردن و ئایەت و نیشانەی خەبات و فیداکاری .. خبیب ی کوڕی عدی .. ئای چەندە ئوممەتی ئیسلام ئاتاجی نمونەی وەك (خبیب)ە لە ڕۆژگارێکدا دڵسۆزی تیا وشك بووە و خەڵکی باوەشیان بە دنیادا کردووە ... و خەبات لە پێناوی ئەم ئاینە پایەبەرزەدا کەم بۆتەوە .

خبیب (رضي الله عنه) لە جەنگی بەدر و ئوحود وەك پاڵەوان بەشداری کردووە ، چیرۆکی ڕۆژی (الرجیع)یشی هەرگیز لەبیر ناکرێت .

ئەم چیرۆکە کامەیە ؟ سەرچاوەی چیرۆکی (رجیع)[١] لەوەوە بوو ، نوێنەرانێك لە هۆزەکانی (عضل و قارة) هاتن بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و باسی ئەوەیان کرد کە دەنگ و هەواڵی ئیسلامیان پێ گەیشتووە و ئێستا پێویستیان بە پیاوانێکە لەو ئاینە شارەزایان کات و قورئانیان بۆ بخوێنن ..

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژمارەیەك لە بانگخوازانی لەگەڵدا ناردن بەسەرکردایەتی (عاسم ی کوڕی ثابت) و هەمووان بەڕێ کەوتن تا گەیشتنە نێوان (عسفان) و (مەککە) و نزیك ئاوەکانی (هذیل) لەوێ هاوەڵان هەستیانکرد کە وەفدەکە ناپاکی یان لەگەڵ کردوون و درۆیان کردووە ... ئەوە بوو دەستەکە هاواریان کردە هۆزی (هذیل) بەسەر هاوەڵانەوە .

هاوەڵانیش پەنایان بردە چەکەکانیان تا بکەونە شەڕ لەگەڵ ئەو ناپاکانە و ئەوانەش کە هاوکاری یان کردن لە هۆزی (هذیل) ، بەڵام شەڕکردنی چەند کەسێك کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن لەگەڵ نزیکەی سەد تیرهاوێژدا کە هۆزەکەیانیان لە پشتەو توانایان دەدەنێ چی بە چی دەکات ؟

لەبەر ئەوە زۆری نەبرد عاصم و هاوەڵەکانی کوژران و سێ کەسیان ناچار بوون خۆیان بدەن بە دەستەوە ئەوانیش ، خبیب و زیدی کوڕی الدثنة و عبدالله ی کوڕی

---

[١] - ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە دوای غەزای (ئوحود) لە ساڵی (٣)ی کۆچیدا ڕوویدا .

طارق بوون . ئەوە بوو (هذلي)یەکان کردنیان بە کۆیلە و بردنیان بۆ مەککە تا لەوێ بیانفرۆشن .

ئەمەش مانای ئەوە بوو کە بیانخەنە ژێر دەستی ئەو پیاو کوژانەی لە مەلاسدا بوون بۆیان و چاوەڕێی دەرفەتێکی وابوون ، چونکە ئەو چەند کەسە لەو هاوەڵانە بوون کە لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) لە جەنگی بەدرو ئوحود جەنگا بوون ، بۆیە ئەهلی مەککە دەیانویست تۆڵەیان لێ بکەنەوە و شیفای دڵیان بێت .[1]

با باسەکە بۆ پێشەوا (بخاری) بە جێ بێڵین بزانین چۆن باسی چیرۆکەکەیان دەکات لە ئەبی هریرەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) دە کەس لە هاوەڵانی نارد بۆ هێنانی هەواڵ و عاصم ی کوڕی ثابت ی کردە فەرمانڕەوایان ئەوان بەڕێ کەوتن تا گەیشتنە (الهده) لە نێوان (عسفان) و (مەککە) کە جێگایەك بوو دەگەڕایەوە بۆ هۆزێ لە (هذیل) پێیان دەوترا (بنولحیان) ... لەوێ نزیکەی سەد کەس لە تیرهاوێژانی ئەو هۆزە شوێن پێی هاوەڵانیان گرت تا لە جێیەکدا کە لێی دابەزیبوون پاشماوەی ناوکە خورمایان دیتەوە کە خوارد بوویان وتیان : خورمای یەثربە و بەو جۆرەشوێنیان کەوتن.

کاتێ عاصم و هاوەڵەکانی هەستیان پێ کردن ، پەنایان بردە جێگایەك ، بەلام ئەوان دەورەیان لێ دان و پێیان وتن : دابەزن و هەرچی یەکتان پێیە تەسلیمان بکەن ، پەیمان و بەڵێنتان پێ ئەدەین کە هیچ کەسێکتان لێ نەکوژین .

عاصم ، فەرمووی : سەبارەت بە خۆم ، ناچمە ژێر باری (سایە) ی بێ باوەڕان ئەی پەروەردگارا هەواڵی ئێمە بگەیەنە بە پێغەمبەرەکەت ... ئەوانیش تیربارانیان کردن ، عاصم و شەش کەسی کەیان لێ کوشتن ، ژمارەیەکیان چوونە ژێر پەیمان و بەڵێنەکەیان ئەوانیش ، خبیب و زەیدی کوڕی الدثنة و پیاوێکی تربوون[2]... بەلام هەر ئەوەندەی ئەو سێ هاوەڵە چەکەکانیان دانا و دەسەلاتیان بەسەریاندا زاڵ بوو دەست و پێیان بەستنەوە.

ئەوە بوو پیاوی سێیەم وتی : ئەمە سەرەتای ناپاکی یە ، سوێند بەخوا شوێنیان ناکەوم و لەگەڵتان نایەم هەروەك هاوەلانم (مەبەستی کوژراوەکانە) .

---

[1] – بڕوانە : فقه السیرە / ی غەزالی (٢٩٤) .

[2] – عبدالله ی کوڕی تاریق بوو هەروەك لە ڕیوایەتەکەی پێشوودا هاتووە .

ئەوانیش ڕایانکێشا بەدوای خۆیاندا ، بەڵام کاتێ خۆگری کرد لەوەی لەگەیاندا بڕوات و ڕێگەی پێ نەدان ببەن ، کوشتیان ، (خبیب و زەید)یان برد و لە مەککە فرۆشتنیان ئەوەبوو کوڕانی (حارث ی کوڕی عامری کوڕی نوفل) (خبیب) یان کڕی ، خبیب ڕۆژی بەدر (حارث ی کوڕی عامر)ی کوشتبوو ، ئەوە بوو بە بەندکراوی لایان مایەوە تا بڕیاری کوشتنیان دا ، ئەویش پێش جێبەجێ کردنی بڕیارەکە داوای گوێزانێکی لە یەکێ لە کچانی (حارث) کردبوو بۆ مو تاشین ئەویش پێی دا بوو دواتر ئافرەتە دەبینێ کوڕێکی بچوکی بە بێ ئاگای ئەم چووەتە لای (خبیب) و ئەبینێ لەسەر ڕانی دانیشتووە و (خبیب)یش گوێزانەکەی بە دەستەوەیە ئافرەتەکە تۆقی و (خبیب) بەمەی زانی و فەرمووی : ئەترسی بیکوژم ؟ ئەوە من نیم شتی وا بکەم .

ئەو ئافرەتە دەڵێت : سوێند بەخوا هیچ بەند کراوێکم نەدیوە باشتر لە (خبیب) ، سوێند بەخوا ڕۆژێکیان بینیم بۆلە ترێیەکی بە دەستەوە بوو دەیخوارد ، لە کاتێکدا دەستیشی بە ئاسن بەسترا بوو ، لە مەککەش هیچ بەروبومێك نەبوو ، دەڵێت : ئەوە ڕۆزی یەك بوو لە لایەن خوای پەروەردگارەوە بە (خبیب) درابوو . ئەو جا کە لە حەرەم هێنایانە دەرەوە تابیکوژن لە دەرەوەی حەرەمدا ، خبیب وتی : بێڵن با دوورکات نوێژ بکەم ، ئەوانیش وازیان لێ هێنا تا دوو ڕکاتە نوێژەکەی کرد و فەرمووی : سوێند بە خوا لە بەر ئەوە نەبوایە کە پێم بڵێن لە مردن ئەترسێت بەردەوام دەبووم لە نوێژ کردندا ، ئەی پەروەردگار هەموویان بە ژمارە ئامارکە و وە یەکەیەکە بە پەرتەوازەیی بیانکوژە و هیچ کەسیان لێ مەهێڵە ، فەرمووی :

و لست أبا لي حين اقتل مسلماً   على أي جنب كان في الله مصرعى

و ذلك في ذات الاله و ان يشأ   يبارك على أوصال شلو ممزع [1]

ئەوجا (ابو سروعە عقبەی کوڕی حارث) هەڵسا کوشتی .

بەو جۆرە (خبیب) ئەو کەسە بوو سوننەتی ئەنجامدانی دوورکات نوێژی بۆ موسڵمانان دامەزراند لە کاتێکدا بە بەستراوەیی بکوژرێت .

[1] – ماناکەی / گرنگ نیە بەلامەوە کاتێ بە موسڵمانی دەکوژرێم بە هەر بارێك و لە هەر لایەکەوە بێت لە پێناو خوادایە ، ئەمەش ئەگەر خوای پەروەردگار ویستی لەسەر بێ ئەو پارچە پارچە کراوانە ی لەشم پیرۆز دەکات .

دواتر (أبو سروعه) موسڵمان بوو ، فەرمودەیشی لە پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) گێڕاوەتەوە . وە خودای پەروەردگار دوعاکەی (عاصم)ی گیرا کردوو هەواڵی ئەوانی گەیاندە پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

سعیدی کوڕی عامر دەڵێت : ئاگاداری کوشتنی (خبیب) بووم ، قورەیش گۆشتی لەشی پارچە پارچە بریبوو ، ئەوجا لەسەر تەختەیەك هەڵیان گرت و وتیان : ئایا حەز ئەکەیت (ﷺ) لە جێی تۆدا بوایە ؟فەرمووی : سوێند بەخوا حەزناکەم من لەناو ماڵ و ئەهلی خۆمدا بم و (ﷺ) یەك تاکە دڕکێکی پیابچێ .[1]

و لە ابراهیمی کوڕی اسماعیلەوە ، دەڵێت : جعفری کوڕی امیە لە باوکیەوە هەواڵی پێدام ، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ)بە تەنها ناردمی وەك هەواڵدەرێك بەسەر قریشەوە .

دەڵێت : منیش هاتم بۆلای ئەو تەختەیەی (خبیب) ی لەسەر دانرا بوو ، هەر ئەملاو لایشم دەکرد نەبا کەسێ بمبینێ ، ئەوجا هەلزنام پیایدا و (خبیب)م لە قەیدەکانی کردەوە ، دەبینم کەوتە سەر زەوی ، بۆ ساتێك روم لێ وەرگێڕاو چومە ئەو لاتر تابزانم کەس دیار نیە ، ئاوڕم دایەوە دەبینم (خبیب) نەماوە وەك ئەوەی زەوی قوتی دابێت .. هەتا ئەم سەعاتەش کە بۆتی دەگێڕمەوە (خبیب) (ڕەزای خوای لێ بێت) نەبینراوەتەوە و شوێنەواری نەبووە .[2]

---

[1] – بڕوانە / صفة الصفوة (١ / ٣١٥) .

[2] – هەمان سەرچاوە .

" ٤٩ - زیدی کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) "

" تۆ چۆن شەهادەتت ئەوێ منیش هەروا ئەمەوێ "

ئەزانن کێ یە ؟ ناوەکە لەبەرکەن ، چونکە مرۆۃ لەگەڵ ئەوکەسدا لێپرسینەوەی لێ ئەکرێ کە خۆشی ویستووە ..

" زیدی کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) "

سەروەری شەهید و خەباتکاری لە خواترس ، ابو عبدالرحمن ی قورەیشی عەدوی یە ، برای پێشەوای موسڵمانان عمری کوڕی خەتابە .

وە لە عمر گەورەترە و پێش ئەویش موسڵمان بووە . کەسێکی ئەسمەری بالابەرز بووە ، لەبەدر و غەزاکانی تریشدا ئامادە بووە .

پێشەوا (عمر) ڕۆژی بەدر پێی وت : تۆ (درع)[1] ەکەی من لەبەرکە . ئەویش وتی : منیش وەك تۆ شەهادەتم ئەوێ .

دەڵێت : ئەو جا کەسیان لەبەریان نەکرد و وازیان لێ هێنا .

زەیدی کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) ڕۆژی (یمامە) ئالای موسڵمانانی هەڵگرتبوو ئەوەبوو موسڵمانان بۆ دوژمنان بەدەرکەوتن (کەوتنە بەردەستیان) تا (بنو حنیفە) لە جەولەیەکی شەڕەکەدا دایان بەسەر چادرگەکە ...

زەیدیش بەو عەرەبە دەشتەکی یانەی ناو موسڵمانان کە هەلاتبوون دەوت : بۆ کوێ هەڵدێن و پاشان بە هەموو دەنگی هاواری کرد : چادرگە بە جێ مەهێڵن و فرارمەکەن . ئەی خوای پەروەردگار من داوای لێ بوردنت لێ ئەکەم لە هەڵاتنی هاوەڵەکانم وە بێ بەریم لەوەی (مسلیمە) کردوویەتی و هێناویەتی ، ئەوجا بە ئەوپەڕی توانای ڕوبەڕوی دوژمنانی خوا وەستا و شمشێرەکەی بۆ خستە کار هەتا کوژرا و ئالاکەی کەوت ، ئەوجا (سالم ی مەولای ابي حذیفة)[2] هەڵیگرت ئەوجا موسڵمانان

---

[1] - درع / کراسی ئاسنین (چنراو لە ئاسن ، بۆشەڕ بەکاریان دەهێنا) .

[2] - پێشتر باسی ژیانی کراوە (رضي الله عنه) .

وتیان : ئەی سالم ئەترسین لەولایەی تۆوە بێن بۆمان ئەویش فەرمووی : (ئەگەر وابێ و لەو لایەی من پارێزگاری لێ ئەکەم بێن بۆتان ، ئەوا خراپترین هەڵگری قورئان منم) .[1]

عمری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) زۆر خەفەتی بە شەهید بوونی براکەی دەخوارد و لە یادی دەرنە ئەچوو .. سۆز و عەتفی بۆی زۆر بوو ... هەمیشە ئەیفەرموو : پێش من موسڵمان بوو ، وە پێش منیش شەهید بوو . هەروەها ئەیفەرموو : هەرکە شنەی با هەڵدەکات بۆنی زەیدی لێ ئەکەم[2] ...

(ڕەزای خوایان لێ بێت)

[1] - بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٢٣٢) .

[2] - بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (١ / ٢٩٨) .

" ٥٠ - ثابتی کوڕی قیس (رضي الله عنه) "

" وتاربێژی پشتیوانان "

لەو پشتیوانانەیە کە داڵدە و پشتیوانی یان لە موسڵمانان کرد .. و شوێن ئەو ڕوناکی یە کەوتن کە بۆ پێغەمبەری خوا (محمد) دابەزی ..

وتاربێژی ئەنصارە ... و یەکێکە لە هاوەڵە نەجیبزادەکان ، لەبەدردا بەشدار نەبووە ، بەڵام لە ئوحود و بەیعەتی (رضوان) دا ئامادە بووە .

ثابت (رضي الله عنه) دەنگێکی بڵندی هەبوو ، وتاربێژێکی ڕەوانبێژ بوو ، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە مەدینە ثابت پێی وت : ئەگەر خۆمان و ماڵ و منداڵمان لە هەرچی بپارێزین ئێوەشی لێ بپارێزین ، لە بەرامبەردا پاداشتی ئێمە چی یە ؟ فەرمووی (الجنه) بەهەشتە ... ئەوانیش وتیان : ڕازی بووین .[1]

وە (ثابت) لەگەڵ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا کاریگەر دەبوو ... هەمیشە حاڵ و قسەکانی خۆی بە ترازوی پاکی شەرع دەپێوا .. حەزی دەکرد لە هەموو شتێکیدا ڕەببانی بێت . لە (انس ی کوڕی مالك) ەوە ، دەڵێت : کاتێ ئایەتی ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ ... ﴾ سورة الحجرات ، آية ٢[2] . دابەزی ، ثابت لە ماڵ دانیشت و دەیووت : من لە ئەهلی ئاگرم . وە خۆی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دوور ئەگرت تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەعدی کوڕی معاذ (رضي الله عنه) هەواڵی پرسی ، فەرمووی : ﴿ یا ابا عمرو ، ما شأن ثابت ؟ اشتکی ؟) .

فەرمووی : ئەی ئەبا عەمر ، ثابت چیەتی ؟ نەخۆشە ؟

سعد فەرمووی : لەڕاستیدا دراوسێمە و نەمبیستووە نەخۆش بێت .

دەڵێت : ئەوەبوو سعد چوو بۆلای ثابت و پێی وت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی پرسیوە (ثابت)یش (رضي الله عنه) فەرمووی : ئەو ئایەتە دابەزیوە ... منیش ئەمزانی

---

[1] – حاکم گێڕاویەتیەوە (٣ / ٢٣٤) و دەڵێت : اسنادەکەی (صحیح)ە و زەهەبیش هاوڕایە .

[2] – مانای ئایەتەکە : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ، دەنگتان بەسەر دەنگی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرزمەکەنەوە لە کاتی گفتوگۆدا ، قسە بێ پەردەمەکەن لە خزمەتیدا ، وەکو بۆ یەکتری دەکەن ، نەوەکو کردەوەکانتان پووچ بێتەوە هەستیی پێ نەکەن .

لە هەمووتان زیاتر دەنگم بەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڵندە ، بێ گومان من لە ئەهلی ئاگرم . (سعد)یش ئەمەی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) گێڕایەوە ، فەرمووی : (بل هو من اهل الجنە)[1] بەڵکو ئەو لە ئەهلی بەهەشتە ...

جارێکی تر و لە کاتی دابەزینی ئایەتی : ﴿لاَ تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَا أَتَوا وَيُحِبُّونَ أَنْ يُحْمَدُوا بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا فَلاَ تَحْسَبَنَّهُمْ بِمَفَازَةٍ مِنْ الْعَذَابِ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ سورة آل عمران ، آية (١٨٨) .

واتە : واگومان مەبە بەوانەی دڵخۆشن بەوەی کە هەیانە و حەزدەکەن باس بکرێن و خەڵکی سوپاسیان بکات لەسەر کاروچاکەیەك کە نەیانکردووە ، هەرگیز وامەزانە ئەوانە لە دەست سزا ڕزگاریان دەبێت ، بەڵکو سزایەکی بە ئێش چاوەڕێیانە ... ثابت کەوتە خەفەتخواردن و باری دەروونی گران بوو ، لە حاڵی خۆی دەترسا کەبەرەو هەلاکەتی بەرێت .. بۆیە بەپەلە خۆی گەیاندە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێی وت : زۆر ئەترسم لەوەی بەهەلاکەت بچم ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، پەروەردگار ڕێگریمان لێ دەکات لەوەی حەزبکەین سوپاس بکرێین لەسەر شتێك کە نەمانکردووە ، بەلاّم من حەزم لە سوپاسکردنە .

هەروەها پەروەردگار ڕقی لە خۆبادان و خۆبە گەورە زانینە و ڕێگریمان لێ دەکات وەهابین ، بەلاّم من کەسێکم حەزم لە جوانی یە ، هەروەك ڕێگریمان لێ ئەکات دەنگمان بەسەر دەنگتدا بەرز بکەینەوە ، بەلاّم من پیاوێکی دەنگ بەرزم ئەویش فەرمووی : (یا ثابت ! أما ترضی ان تعیش حمیداً ، و تقتل شهیدا ، و تدخل الجنة)[2]

فەرمووی : ئەی ثابت ! ئایا ڕازی نیت بەوەی بە سوپاسکراوی بژیت و بە شەهیدی بکوژرێیت و بچیتە بەهەشتەوە .

بەڵێ ، بەڕێزان ئەوان بەو جۆرە بوون لەگەڵ ئیسلامەکەیاندا ... هەر ئەو دڵسۆزی و خۆشەویستی یە یان بۆ ئاینەکەیان ئەو عیززەت و هێز و خێرەی پێدان کە بەهۆیانەوە بوونە گەورە و شکۆمەندی سەرزەوی و چەندین ئوممەتیان پێشڕەوی کرد .

---

[1] – صحیح / مسلم گێڕاویەتیەوە (١١٩) .

[2] – دانەپاڵەکەی بەهێزە ، بەلاّم (مرسل)ە هەروەك حافظ لە (الفتح) دا (٦ / ٦٢١) . باسی کردووە .

بەڵام کاتێ موسڵمانان لەم چاخانەی دواییدا لە ئاینەکەیان دواکەوتن .. ئەمە وای کرد تاوان و گوناه نەوەیەکی لاواز دەربدات کەلای ئاسایی یە رێز و کەرامەتی خۆی بەسەر سینی یەکی ئاڵونینەوە پێشکەشی دوژمنەکەی بکات .

" ثابت لەسەر مەیدانی جەنگ کفن دەپۆشێت !! "

کاتێ پێشەوا ابوبەکر (رضي الله عنه) بانگی موسڵمانانی کرد بۆ شەڕ کردن لەگەڵ هەڵگەڕاوەکان و ئەهلی یەمامە و موسەیلەمەدا ، (ثابت) یش لەگەڵیاندا دەرچوو ، ئەوە بوو کاتێ بە (مسیلمە و بنی حنیفە) گەیشتن ، سێ جار شکستیان بە موسڵمانان هێنا ، ئەوجا (ثابت) و (سالمی مەولای ابی حذیفة وتیان : ئەوسا ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووین ، کەی وا شەڕمان دەکرد ، هەڵسان چاڵێکیان بۆ خۆیان هەڵکەند و چوونە ناوی و شەڕیان کرد هەتا کوژران .

وە لە (انس) ەوە ، دەڵێت : ثابتی کوڕی قیس ی کوڕی شماس ڕۆژی یمامە هات کفنەکەی ڕاخست و خۆی بۆنخۆشی کردو و فەرمووی : ئەی خوای پەروەردگار بێ بەریم لەوەی ئەمانە هێناویانە (واتە موسەیلەمە و هاوەڵانی) و داوای لێبوردن و لێخۆش بوونیشت لێ ئەکەم لەوەی ئەمانە کردیان واتە هەڵاتن ، ئەوجا کوژرا .[1]

بەو جۆرە ئەو پاڵەوانە شەهادەتی بەدەست هێناو ڕۆحە پاکەکەی بەرەو جیهانی بەرزەخی باڵا کەوتەڕێ تا لەناو ڕووبارەکانی بەهەشتدا بحەوێتەوە و لە کەنار چرا هەڵواسراوەکانی عەرشی (رحمان) دا لانە دروست بکات .

هەروەها تاوەکو بگات بەو قافڵە موبارەکەی هەموو شتێکی خۆی پێشکەشی پەروەردگاری کرد و ئەو شەرەفمەندی یەی بەدەست هێناو ئەو نیشانەی لە ئێخەدا : ﴿إِنَّ هَٰذَا كَانَ لَكُمْ جَزَاءً وَكَانَ سَعْيُكُم مَّشْكُورًا﴾ سورة الانسان ، آية (٢٢) .

واتە : بەڕاستی ئەم پاداشتە شایستەی ئێوەیە ، هەوڵ و کۆشش و کارو کردەوەی ئێوە شایانی سوپاس و ڕێزە ...

[1] - هیثمی دەڵێت : طبرانی گێڕاویەیتەوە ، پیاونیشی پیاوانی (الصحیح) ن . المجمع (١٥٧٦٤) .

" ویژدانێکی زیندوو هەتا دوای مردنیش !! "

بەڕاستی سەر سوڕهێنەرە .. ئایا گوێتان لێ بووە کەسێك دوای مردنی وەسیەت بەدانەوەی قەرزەکەی بکات ؟!! و پاشتر وەسیەتەکەشی جێبەجێ بکرێت ؟! هەروەها ئاماژە بەجێگای (درع)ێکی دزراوی بکات ؟!!

بخوێنەرەوە : – دوای شەهید بوونی (ثابت) (رضي الله عنه) ، پیاوێك لە خەویدا ثابتی بینی پێی وت : (کاتێ کوژرام ، پیاوێ لە موسڵمانان (درع)ەکەی لێ کردمەوە و شاردیەوە و بڕێك بەردی لەسەر دانا و کۆپانێکیشی بەسەردا دا ، برۆ بۆلای پێشەوای ئیمانداران و ئەم هەواڵەی پێ بدە نەکەی بڵێی : ئەمە خەونە و گوێی پێ نەدەی ، وە ئەگەر هاتیتە مەدینە ، بە جێنشینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڵێ کەمن ئەوەندە و ئەوەندە قەرزم بەسەرەوەیە و فلاَن کەسی غولاَمیشم ئازادکە ، نەکەی بڵێی ئەمە خەونە و گوێ پێ نەدەی ، پیاوەکەش هات بۆلای خەلیفە و هەواڵەکەی پێدا ، ئەویش ڕاسپاردەکەی جێبەجێ کرد !!

عبدالرحمن ی کوڕی یەزیدی کوڕی جابر کە ڕاوی فەرمودەکەی پێشووە ، دەڵێت : (نەمانبینیوە و ئاگادار نین لەوەی کەسێك پاش مردنی وەسیەتی کردبێت و بۆیشی جێبەجێ کرابێت ، جگە لە (ثابتی کوڕی قیس) ڕەزای خوای لەسەر بێت .[1]

وە لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە : گەڕاون دەبینن (درع)ەکەی هەر لەو جێیە کەوتبووی و ئەوجا وەسیەتەکەیشی جێبەجێ کرا بوو .[2] ئەمەش بەڕاستی ڕێز و پلەیەکی گەورەیە بۆ ئەم هاوەڵە موبارەکە (ڕەزای خوای لێ بێت) .

---

[1] – هیثمی دەڵێت : گێرانی گێڕاویەتەوە ، لەناویاندا کچەکەی ثابت کوڕی قیس هەیە کە نەمناسیوە ، و باقی پیاوانی فەرموودەکە جێ متمانەن . المجمع (٩ / ٣٢٢) . بوصیری دەڵێت : سەرچاوەکەی لە (صحیح ی بخاری) دا هەیە .

[2] – حاکم گێڕاویەتیەوە و دەڵێت : صحیح و زەهەبیش هاوڕایە . (٣ / ٢٣٤ – ٢٣٥) .

" ٥١ - عباسی کوڕی عبدالمطلب (رضي الله عنه) "

" ئەوەی تەزیەتی عباس بکات ئەوە تەزیەتی منی کردووە "

فەرموودەی پیرۆز

مـامی پێغەمبـەری خوایـە (ﷺ) ، ... پـێش هیجـرەت موسـڵمان بـووە و ئیسلامبوونی خۆی شاردوەتەوە ، لە ڕۆژی بەدردا لەگەڵ هۆزەکەیدا چۆتە دەرەوە و لەلایەن موسڵمانانەوە دەستگیر کراوە (دیل کراوە) و وتویەتی کە موسڵمان بووە ، خوایش باشتر دەزانێ .

عباس (رضي الله عنه) یەکێ نەبووە لەوانەی کەپ یێان دەوتن (الطلقاء) واتە : ئازاد کراوان ، چونکە پێش ڕزگار کردنی مەککە هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی نابینی دالدەی (ئەبو سفیانی کوڕی حرب)یشی داوە ..

زەهەبی دەڵێت : بالای زۆر بەرزبووە ، جوانچاك و مەزن و دەنگ بڵند بووە لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هێمن و بەویقار بووە .. پاریزگاری لە دراوسێ کردووە و ماڵی بەخشیوە و لەکاتی سەخڵەتی و نەهاتەکاندا دەستی یارمەتی درێژ کردووە . پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر خۆشی ویستووە .

لە ابن عباسەوە : پیاوێك لە پشتیوانان کەوتە ناو لەوەڕگایەکی عباس لە جاهلیەتدا ، عباسیش زللەیەکی لێ دا ، هۆز و عەشیرەتی ئەو پیاوە هاتن وتیان سوێند بەخوا دەبێ زللەکەی لێ بدەینەوە ، چەکیان هەڵگرت ، ئەمەش بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت ، چوە سەر بڵندگۆ و فەرمووی : (أيها الناس ، أي اهلى الارض اكرم على الله ؟) (ئەی خەڵکینە ، کام کەسی سەر ئەم زەویە لەلای خوا لە هەمووان بەڕێزترە ؟ وتیان : تۆ ، فەرمووی : (فإن العباس مني و أنا منه ، ولا تسبوا أمواتنا فتؤذوا أحياءنا) واتە : دەی عباس لە منە و مینش لە ئەوم ، نەکەن جنێو بە مردوانمان بدەن ، چونکە ئەمە ئازاری زیندوەکانمان دەدات .

قەومەکە هاتن و وتیان : پەنا ئەگرین بەخودا لە توڕە بوونت ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .[1] وە ڕۆژێك عباس هات ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (هذا العباس عم نبيكم أجود قريش كفا و أوصلها) .[2] واتە : ئەمە (عباس) ە مامی پێغەمبەرەکەتانە ، لەناو قورەیشدا لە هەمووان بەخشندە ترە و یارمەتیدەر ترە ..

" هەڵوێستی لە ڕۆژی (بەیعەتی عەقەبەدا) "

لە (اشجعی)یەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) عباسی لەگەڵ خۆی برد ، عباس کەسێکی خاوەن بیر و بۆچونی باش بوو .. ئەوەبوو عباس بە حەفتا کەسەکەی بەیعەتی عەقەبەی فەرموو : بانوێنەرتان قسە بکات و درێژەی پێ نەدات ، چونکە چاو دێری نەکرێن (واتە : سیخوران چاودێریتان دەکەن) .

اسعدی کوڕی زرارە ش فەرموی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، هەرچیەکت لە ئێمە ئەوێ لەبۆ خوا ئەنجامی بدەین داوای کە ، هەروەها هەرچیەکیشت ئەوێ بۆ خۆت و هاوەڵانت لە ئێمە ، داوای کە ، پاشان لەبری ئەوە پێمان بڵێ کە چیمان بەسەر خوداو ئێوەوە هەیە .

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی : (أسألكم لربي ان تعبدوه ، و لا تشركوا به شيئاً ، و أسألكم لنفسي و أصحابي أن تؤوونا ، وتنصرونا ، و تمنعونا ماتمنعون منه انفسكم)

واتە : ئەوەی ئەمەوێ بۆ خوا ئەنجامی بدەن ئەوەیە کە بیپەرستن و هیچ هاوەڵێکی بۆ دانەنێن ، وە ئەوەشی بۆ خۆم و هاوەڵانم لە ئێوەم دەوێ ، ئەوەیە کە داڵدەمان بدەن و پشتگیریمان لێ بکەن و بمانپارێزن لە هەرشتێ خۆتانی لێ دەپارێزن .. وتیان : ئەی کەوامان کرد پاداشتمان چی یە ؟ فەرمووی : بەهەشتە . وتیان : ڕازین .[3]

---

[1] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە : حاکم ڕیوایەتی کردووە (٣ / ٣٢٩) دەڵێ : (صحيح الاسناد) و زەهەبیش هاوڕایە .

[2] – حاکم دەری هێناوە (٣ / ٣٢٨) . دەڵێت : (صحيح)ە و زەهەبیش هاوڕایە .

[3] – ابن سعد دەری هێناوە (٤ / ٩) پیاوانی جێ متمانەن ، بەڵام بە بچڕبچڕی هاتووە .

" بەدیل کرتنی لە ڕۆژی بەدردا "

عباس ڕۆژی بەدر هاوڕێ لەگەڵ بێ باوەڕاندا بەناچاری (واتە ئەو ڕۆژە شەڕی نەکرد) هاتەدەر ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوەڵانی ڕاسپارد بوو کە نەیکوژن (هەروەك لە باسی ژیانی ابی حذیفەی کوڕی عتبەدا باسمان کرد) .

ابو الیسر دەڵێت : ڕۆژی بەدر سەیری عباسم کرد ، ئەبینم وەك بت وەستاوە و فرمێسك لە چاوەکانی دێتە خوارێ .. پێم وت : خوا خۆی پاداشتت باتەوە بۆ چ خزمێکی خراپ بووی ! شەڕ لەدژی برازاکەت ئەکەیت لەگەڵ دوژمنەکەیدا ؟

وتی : چی ئەکات[1] ، کوژراوە ؟

وتم : خوا زۆر لەوە بالأدەست تر و پارێزەرترە بۆی .

وتی : چیت لێم ئەوێ ؟

وتم : بەدیل بتگرم ، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری لێ کردوین کە بتکوژین .

وتی : ئەمە یەکەمین چاکەی نەبووە . منیش : بە دیلم گرت و پاشان هێنام بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)[2] . پێغەمبەر (ﷺ) بە (أبی الیسر) ی فەرموو : (کیف أسرته؟) چۆن دیلت کرد ؟وتی : پیاوێك بۆ دیل کردنی هاوکاری کردم کە هەرگیز چاوم پێ نەکەوتبوو ، شێوەی وەهاو وەها بوو .

فەرمووی : (ئەوە فریشتەیەکی بەڕێز بووە هاوکاری کردوویت)[3] .

وە کاتێ عباس دیل کرا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەندە سۆز و عەتفی بۆی هەبوو ، خەوی لێ نەئەکەوت ؟

لە (ابن عباس)ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەوی بەسەردا هات و بەندکراوەکان بە بەستراوەیی مابوونەوە ، ئەوەبوو سەرەتای شەو هەربەخەبەر بوو .. وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، لەبەر چی ناخەویت ؟

---

[1] – واتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆنە ، ماوە ؟

[2] – ابن سعد دەری هێناوە (٤ / ١٢) .

[3] – فەرموودەکە : (لقد اعانك علیه ملك کریم) هەمان سەرچاوە .

فەرمووی : (سمعت انين عمي في وثاقه) گوێم لە ناڵەو نکەی مامم بوو بە بەستراوەیی .

هاوەڵان چوون دەست و پێی (عباس) یان کردەوە ، ئەویش بێ دەنگ بوو ، ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەوی لێ کەوت [1] .

هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرگەی نەئەگرت گوێی لە کەسێکەوە بێت ئازاری عباس بدات .

ئەوەتە لە (مطلب ی کوڕی ربیعه)وە ، دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (مابال رجال يؤذونني في العباس ، و إن عم الرجل صنو أبيه ، من أذى العباس فقد أذاني) [2]. واتە : پیاوانێك چیانە بە ئازاردانی عباس ئازارم ئەدەن ، ئەی نازانن مامی مرۆڤ ، برای باوکیەتی ، ئەوەی ئازاری عباس بدات ئەوە ئازاری منی داوە .

" ڕێز لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

لە (أبی رزین)ەوە ، دەڵێت : بە (عباس)یان وت : تۆ گەورەیت یان پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ فەرمووی : ئەو لە من گەورەترە و من پێش ئەو لە دایك بووم [3]. ئەمەش دابی (عباس) (رضي الله عنه) نەبوو بەتەنها ، بەڵکو هەموو هاوەڵان لەم ڕێزەدا بەشدارن ، بەڵکو پیاو چاکان بەگشتی ...

گوێ بگرە خوێنەری بەڕێز بۆ ئەم گفتوگۆیە : (هاتووە کە عمر (رضي الله عنه) هەڵساوە ئاوەڕۆیەکی عباسی هەڵکەندوە و لایبردووە کەلەسەر ڕێرەوی خەڵك بووە .

---

[1] – هەمان سەرچاوە .

[2] – ترمزی لە (المناقب) (٣٧٥٨) باسی کردووە ، دەڵێت : فەرموودەی (حسن صحيح)ە .

[3] – هیثمی لە (المجمع) (٩ / ٢٧٠) دا دەڵێت : گێرانی گێڕاویەتیەوە و پیاوانی فەرموودەکە ئەوانەی (الصحيح)ن .

عباسیش پێی وتووە : شایەتم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی لەوێدا ئەو ئاوەڕۆیەی دانا .. عمریش (رضي الله عنه) سوێندی عباسی دا و وتی : ئەبێ لە جێی خۆی داینێیتەوە [1] .

" جێگیریی لە ڕۆژی (حنین) دا "

کاتێ موسڵمانان هەڵهاتن و ڕایان کرد لە ڕۆژی (حنین) دا .. و پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە ، فەرمانی کرد بە عباس کە هاواریان لێ بکات بڵێ (یا أصحاب الشجره) واتە : ئەی ئەوانەی بەیعەتتان دا لە ژێردارەکەدا .. وە (رضي الله عنه)لەکاتی شکستدا بە خۆگری مایەوە و ڕەشوەی هێسترەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی گرت هەتا سەرکەوتنی خوایی هاتە پێش [2] .

" داوایەکی وەڵام پێ دراو "

لە (أنس)ەوە ، عمری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) کاتێ بێ بارانی و نەبوونی هاتە پێش داوای بارانی لە پەروەردگار ئەکرد لەڕێی (عباس)ی کوڕی عبدالطلب) ەوە (رضي الله عنه) و دەیفەرموو : ئەی پەروەردگار ئێمە ئەوسا بە هۆی پێغەمبەرەکەتەوە (ﷺ) لێت ئەپاڕاینەوە ، تۆش بارانت بۆ دائەبارانین وە ئێستاش بەهۆی مامی پێغەمبەرەکەمانەوە، لێت دەپاڕێینەوە دەسا بارانی ڕەحمەتمان بۆ دابارینە ، دەڵێت : خوای پەروەردگار داواکەی وەڵام دەدایەو و بارانی دەهێنا [3] .

خافظ لە (الفتح)دا دەڵێت : زبێری کوڕی بکار لە (الانساب) دا ئەو سیفەتەی بەیان کردووە کە لەم واقعەیە دا چۆن (عباس) داوای کردووە ، لەگەڵ ئەوکاتەشدا کە ڕووداوەکەی تیاڕووی داوە ، ئەوەتە بە ئیسنادێکی خۆی دەڵێت :

عباس (رضي الله عنه) کاتێ (عمر) (رضي الله عنه) داوای بارانی لە پەروەردگار کرد بە هۆیەوە ، عباس فەرموی : (ئەی پەروەردگار .. بێ گومان کە بەڵایەك دانەبەزیوە بەهۆی

---

[1] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە : احمد دەری هێناوە (١ / ٢١٠) .

[2] – صحیح : سەرچاوەکەی لە (صحیح)ی مسلم (١٧٧٥) وەرگێراوە لە (الجهاد) بای (غەزای حنین).

[3] – صحیح : بخاری دەریهێناوە (٢ / ٤١٣) لە (الاستشهاد)دا .

تاوانێکەوە نەبوو بێت ، وە هەڵیشنەگیراوە بە گەڕانەوە بۆلای تۆنەبێت ، وە ئەم خەڵکە ڕوویان لە من کردووە تا داوات لێ بکەم بە هۆی ئەو پلەو پایەی هەمبوو لەلای پێغەمبەرەکەت . وە ئەمە دەستەکانمانە لێوان لە تاوان بەرزی دەکەینەوە بۆت ، وە ئەمەش چارەنووس و نێو چەوانمانە کە لە دەستی زاتی تۆدایە و بە تەوبە و گەڕانەوە ڕوت تێ دەکەین ، دەسا بارانی ڕەحمەتمان بۆ ببارێنە) .

ئەو جا ئاسمان چڕ بوو لە هەور و بارانی ڕەحمەت داباری بۆ خەڵکەکە ... ئەمەش ساڵی بێ بارانیەکە بوو لە (١٨)ی کۆچیدا ..

" بۆ ماڵی ئاخیرەت "

کاتێ ئەجەلی (عباس) نزیك بوویەوە و پێش ئەوەی وەفات بکات (٧٠) بەندەی ئازاد کرد . وە کاتی وەفاتی کرد (رضي الله عنه) .. عائشەی کچی سعد دەڵێت : پەیامنێری پێشەوا (عوسمان) هات بۆلامان لە کاتێکدا ئێمە لەماڵەکەماندا بووین کە نزیکەی دەمیل لە مەدینە دوور بوو ، پێی ڕاگەیاندین کە (عباس) وەفاتی کردووە .

ئینجا باوکم و سعیدی کوڕی زەید و ابو هريرة شەو بەڕێکەوتن . و پاش ڕۆژێك باوکم هاتەوە و وتی : نەمانتوانی لە تەرمەکەی نزیك بینەوە بە هۆی زۆری خەڵکەکەوە ، حەزم ئەکرد خۆم هەڵیگرم [١] ... وە ابن سعد لە (الطبقات) دا (٤ / ٣٢) دەڵێت : کە عباس (رضي الله عنه) لە بقیع سپاردە کراوە .

١ - ابن سعد دەری هێناوە (٤ / ٣٢) .

" ٥٢ - حارثە ی کوڕی نعمان "

" لەبەهەشتدا قورئان دەور دەکانەوە !!

ئەم ناوە باش لەبەرکەن : (حارثە ی کوڕی نعمان) ، چونکە بەناوهێنانی بەزەیی خوایی دادەبەزێت .. ئەم بەڕێزە هاوەڵێکی ئەنصاری خەزرەجی یە ...

لەبەدر و ئەوانی تریشدا بەشدار بووە . دینداریکی باش و کەسێکی زۆر چاکەکار بووە بۆ دایکی . وە ئەم هاوەڵە (﵁) هەتا جێنشینایەتی معاویە ژیاوە . پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێی لێ بووە کە لە بەهەشتدا دەوری قورئانی کردوەتەوە !! و بە دەنگی زوڵاڵ خوێندوویەتی ..

لە عائشەوە (﵂) . دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (و دخلت الجنة فسمعت فيها قراءة ، قلت : من هذا ؟ قالوا : حارثة بن النعمان كذاكم البر ، كذاكم البر) .

دەفەرمووێ: چوومە بەهەشت ، لەوێ گوێم لە خوێندنی قورئان بوو ، پرسیم : ئەمە کێ یە ؟ وتیان : حارثە ی کوڕی نعمانە ، ئائەوە چاکەیە .. ئائەوە چاکەیە ..) وە ئەو لەگەڵ دایکی چاکەکار بوو[1] .

بەڕاستی ئەمە ڕێز و پلەیەکی زۆر گەورەیە .. وە خوای پەروەردگار بۆ هەر کەس ویستی لەسەر بێ منەت و چاکەی خۆی دادەبارێنێ ..

هەروەها ڕێز و پلەیەکی گەورەی دیکەش هەیە کە تەنها (المقربون) : ئەوانەی زۆر لە خودا نزیکن و خۆشی دەوێن بە دەستی دەهێنن .

حارثە (﵁) خۆی ئەم پلە و ڕێزە مان بۆ دەگێڕێتەوە ، دەفەرمووی : (جبریلم لە تەمەنمدا دووجار بینیوە : جاری یەکەم لە ڕۆژی (الصورین)[2] ، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوودەرەوە بۆ کوشتاری بنی قریظة ، جبریل (سەلامی خوای لەسەر بێ) لەسەر وێنەی (دحیە)[3] بەلاماندا ڕۆیشت و فەرمانی پێ کردین خۆمان ببەستینەوە و چەك

---

[1] - هیثمی دەڵێت : احمد و ابو یعلی گێڕاویانەتەوە ، پیاوانی فەرموودەکە ئەوانەی (الصحیح)ن . المجمع (١٥٧٣٦) .

[2] - الصورین : جێگایەکە دەکەوێتە (بقیع) لەشاری مەدینە.

[3] - دەحیەی کلبی / هاوەڵێکی بەڕێز و جوانچاکە . جبریل (علیه السلام) لە شێوەیدا خۆی دەرخست.

هەڵگرین . جاری دووەم ڕۆژی دانان و شوێنی جەنازەکان کە لە (حنین) گەڕاینەوە ، من تێپەڕیم دەبینم لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) قسە دەکات ، من سەلامم نەکرد . جبریل (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی : ئەمە کێ یە ئەی محمد ﷺ ؟

فەرمووی : حارثە ی کوڕی نعمانە .

فەرمووی : (أما انه من المائة الصابرة يوم حنين الذين تكفل الله بأرزاقهم في الجنة ، ولو سلم لرددنا عليه)[1].

واتە : بێ گومان ئەو یەکێکە لەو سەد کەسەی لە ڕۆژی (حنین) دا خۆگری یان کرد و لەگەڵتدا مانەوە ، ئەوانەی کە خوای پەروەردگار بووە کەفیلی ڕۆزی دانیان لە بەهەشتدا ... خۆ ئەگەر سەلامی بکردایە وەڵامان دەدایەوە .

هەروەها بە ئیسنادێکی بچڕ بچڕ گێڕاویەتیەوە کە : حارثە چاوی (بینایی) لە دەست داوە ، بۆیە گوریسێکی لە نێوان جێگا نوێژەکەی و ژوورەکەیدا داناوە بۆ ئەوەی دەستی پێوە بگرێت لەو نێوانەدا و هەروەها بڕێك خورما و شتی تری لە ژوورەکەی داناوە ، هەر کە هەژارێك سەلامی بکردایە بەشی دەدا ، و دەستی بە بەنەکەوە دەگرت هەتا دەگەیشتە لای دەرگای ژوورەکەی و دەیدایە دەستی هەژارەکە . ماڵ و خێزانەکەی پێیان دەوت : کە ئەو کارە بۆ ئەوان دانێت ، بەڵام ئەو ئەیفەرموو : گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (مناولة المسكين تقي ميتة السوء)[2] واتە : بەخشین بە نەداران بەدەستی خۆت ، دەتپارێزێ لە مردنی خراپ و عاقبەتی خراپ .

حارثە (﵁) لە سەردەمی جێنشینایەتی (معاویە) دا وەفاتی کردووە .

لە نەوەکانی (حارثە) : محمدی کوڕی عبدالرحمن ی کوڕی عبدالله کوڕی حارثە ی کوڕی نعمانی ئەنصاری یەکە یەکێکە لە (محدثون) ئەوانەی زانا و شارەزان لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) کوڕی خاتوو (عمرە) ی زاناو فەقیهی مەدەنی یە. کە شەش فەرموودەکەی لێ گێڕاوەتەوە .

---

[1] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە ابن سعد بە بێ بەڵگە دەری هێناوە . لەلای طبرانی بە ژمارە (٣٢٢٥) هاتووە . هیثمی دەڵێت : دانەپاڵەکەی (حسن)ە . المجمع (٩ / ٣٠١٤) .

[2] – طبرانی گێڕاویەتیەوە (٣ / ٢٥٨) .

" ٥٣ - ابو موسای ئەشعەری (رضي الله عنه) "

" ئیماندارێکی هەمیشە گەڕاوە و تەوبەکارە "

فەرموودەی پیرۆز

پێشەوای گەورە ، هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ابو موسای ئەشعەری تەمیمی و زانای قوران خوێن : (عبدالله ی کوڕی قیس)ی یەمەنی یە .. لە مەککە موسڵمان بووە ، پاشان لەگەڵ ئەهلی دووکەشتی یەکەدا پاش ڕزگار کردنی خەیبەر بەسێ ڕۆژ هاتنە خەیبەر و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەغەنیمەتەکان بەشی دان لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) غەزای کردووە و خەباتی کردووە و زانستێکی زۆری لێ هەڵگرتووە .. لەسەردەمی جێنشینایەتی هەردوو پێشەوا عمر و عوسماندا والی بەصرە بووە ، دواتریش بووەتە والی کوفە ، و لەوێ وەفاتی کردووە .. وە یەکێکە لەو بەڕێزانەی هیجرەتیان کرد بۆ حەبەشە .

پێشەوا (ذهبي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت ، دەڵێت : ابو موسا کەسێکی زۆر ڕۆژووگر و شەو نوێژکار بووە ، کەسێکی ڕەببانی و زاهید بووە . لەو کەسانە بووە زانست و کارو خەبات و دروستی دڵ و دەرونی پێکەوە گرێ داوە ، هەرگیز ئیمارەت فریوی نەداوە و دنیا و خۆشی یەکانی نەیانگۆڕیوە [1] .ابو موسا (رضي الله عنه) چیرۆکی کۆچکردنی خۆیمان بۆ باس دەکات و دەڵێت : (لە یەمەنەوە لەگەڵ پەنجاو شتێ لە قەومەکەمدا کەوتینە ڕێ ، ئێمە سێ برا بووین : من و ابو ڕەهەم و ابو عامر . و کەشتیەکەمان بەرەو لای نجاشی بردینی کە لەوێ جعفر و هاوەڵانی لێ بوون ، ئەوجا پاش ڕزگار کردنی خەیبەر هاتین بۆ خەیبەر ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموین : (لكم الهجرة مرتين : هاجرتم الى النجاشي ، وهـاجرتم الي) [2]. واتە : ئێوە دوو جار هیجرەتان کردووە ، جارێك بۆلای نجاشی و جارێك بۆلای من ... وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبو موسا و قەومەکەشی بێ سنور خۆشدەویست .

---

[1] – بڕوانە : سير اعلام النبلاء (٢ / ٣٩٦) .

[2] – صحيح : بخاری و مسلم و غەیری ئەوانیش گێڕاویانەتەوە .

لە (انس)ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (یقدم علیکم غداً قوم هم ارق قلوباً للاسلام منکم) واتە : سبەینێ خەڵکانێك دێن بۆ لاتان کە دڵیان لە بۆ ئیسلام لە دڵی ئێوە بە سۆزتر و پەرۆشترە .. ئەوە بوو ئەشعەری یەکان هاتن .. کە نزیك بوونەوە ئەمەیان دەوت :

غداً نلقي الاحبة   محمداً و حزبه

واتە : سبەینێ بەخۆشەویستان دەگەین ، بە محمد و کۆمەڵەکەی .

کاتێ گەیشتن تەوقەیان کرد ، ئەوان یەکەم کەس بوون تەوقەکردنیان داهێنا [1]. وە لە عیاض ی ئەشعەری یەوە ، دەڵێت : کاتێ ئایەتی : ﴿ ... فَسَوْفَ يَأْتِي اللَّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ ... ﴾ سورة المائدة ، آیة (٥٤) . دابەزی ، واتە : لە ئایندەدا خوا کەسانێك دەهێنێتەکایەوە ، پەروەردگاری مەزن خۆشی دەوێن ، ئەوانیش ئەویان خۆشدەوێ ... پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئەوکەسانە قەومەکەی تۆن ئەی ئەبو موسا و ئاماژەی بۆ کرد) [2]

" دەنگ خۆشی ئەبو موسا بۆ قورئان خوێندن "

لە هاوەڵاندا لە ئەبو موسا (ﷺ) دەنگخۆشتریان تیانەبووە . ئەوەتە لە (ابی موسا) وە (ﷺ) دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : یا ابا موسی لقد اعطیت مزماراً من مزامیر آل داود [3].

واتە : ئەی ابی موسا بەڕاستی لە ئاوازەکانی ئالی داود ئاوازێکت پێ دراوە .

وە لە (انس) ەوە ، دەڵێت : ئەبو موسی دەنگی خۆش بوو ، شەوێکیان هەڵساو نوێژی دەکرد ، خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێیان لێ بوو ، هەڵسان و گوێیان بۆ ڕاگرت . کاتێ ڕۆژبوویەوە ، پێی وترا کە خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێیان بۆ ڕاگرتویت .

[1] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، احمد دەری هێناوە (٣ / ١٥٥) غەیری ئەیوش .

[2] – حاکم دەری هێناوە (٢ / ٣١٣)و دەڵێت : (صحیح الانساد)ە زەهەبیش هاوڕایە (فەرموودەکە) (یا ابا موسی لقد اعطین مزار امن مزامیر آل داود)

[3] – صحیح : بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە ، بڕوانە / صحیح سنن الترمزی (٣٠٢٩) .

فەرموی : ئەگەر ئەمزانی گوێم بۆ ڕائەگرن ، وەها و وەها بۆم دەڕازاندنەوە و سەرنجیانم بۆ ڕادەکێشا [1] ! ..

وە ئەبو عوسمان ی نهدی دەڵێت : هیچ مۆسیقایەکم لە سەنتور و ساز (صنج) گوێ لێ نەبووە خۆشتر لە دەنگی ابی موسی ، کاتێ نوێژی بۆ دابەستیانە هاواری لێ ئەکرا کە سورەتی (بقرە) بخوێنێ ئەوەندە دەنگی خۆش بوو [2] .

وە لە (ابی سلمە)وە : کاتێ عمر (ﷺ) دادەنیشت ئەگەر (ابو موسی)ی لەگەڵدا بوایە ، زۆر جار دەیفەرموو : خوامان وەبیربێنەرەوە ئەی ئەبی موسی ، ئەویش قورئانی دەخوێند [3] .

وە لە ابی نضرەوە : بە ئەبی (موسی)ی فەرموو : تامەزرۆمان بکە بۆلای پەروەردگارمان ، ئەویش قورئانی دەخوێند ... خەڵکەکەش دەیانوت : وەختی نوێژە .. دەیفەرموو : ئەی ئەمە نوێژ نیە [4] !

" شەرم و عیففەتی "

ابو موسا دەڵێت : پێم خۆشە لوتم پڕ بێت لە بۆنی لاکی بۆنکردوو ، و بۆنی ئافرەتێك نەکەم [5] ...

وە لە (انس) ەوە ، ئەبو موسا شەڕوالی هەبوو هەمیشە لەبەری دەکرد لە ترسی ئەوەی نەبا دەرکەوێت [6] .

---

[1] - دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، ابن سعد لە (الطبقات) دا (٤ / ١٠٩) .

[2] - ابن عساکر (٥٢٧) لە ڕێی پێشەوا احمدەوە .

[3] - ابن سعد دەری هێناوە (٤ / ١٠٩) و ارنۆوط دەڵێت : پیاوانی جێی باوەڕن سیر (٢ / ٣٩١) .

[4] - دانە پاڵەکەی (صحیح)ە : ابن سعد (٤ / ١٠٩) .

[5] - پیاوانی جێی متمانەن : سیر اعلام النبلاء (٢ / ٣٩٩) .

[6] - ابن عساکر باسی کردووە (٥٣٥ ، ٥٣٦) .

" ئامۆژگاریکارێك له ئاسمانەوه "

له ابی موساوه ، دەڵێت : جارێك له دەریادا غەزامان کرد ، ڕۆشتین ، تا گەشتینه ناوەڕاستی دەریا ، گوێمان لە دەنگێك بوو بانگی دەکرد ، ئەی ئەهلی کەشتیەکه ، ڕاوەستن پێتان بڵێم ، منیش هەڵسام ، سەیری راست و چەپم کرد هیچم نەدی ، تا حەوت جار بانگی کردەوه ، وتم : ئەی نازانی ئێمه ئێستا له چ جێیەکداین ، ناتوانین بوەستین .

دەنگەکه وتی : ناتەویَ هەواڵێکت پێی بڵێم ، فەرمانێك که خودا بەسەر خۆیدا چەسپاندوویەتی ، ئەویش ئەوەیه : هەر کەس له پێناوی خوا له ڕۆژێکی گەرمدا خۆی تینوو کات ، ئەوه خودا له ڕۆژی قیامەتدا تێنوێتی دەشکێنێت . دەڵێت : لەوکاتەوه ئەبو موسا هەر ڕۆژێکی گەرم بتدیبایه ، ئەتبینی که بەڕۆژووه[1] .

وه بەهۆی زۆر دڵسۆزی یەوه (ﷺ) قسەکانی زۆرشیرین بوون وه کاریگەری یەکی سەر سوڕهێنەریان هەبوو . . له (ابی لبید) ەوه ، دەڵێت : قسەکانی ابی موسامان به قەصاب (دەشوبهاد) که هەرگیز له جومگه لاینەئەدا و ڕاست دەیپێکا[2] .

" چەند نموونەیەك له خەباتی ئەبی موسا (ﷺ) "

دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (حنین) بوویەوه ، ابا عامری بەسەر سوپای (اوطاس)ەوه نارد ، ئەوه بوو بە (دریدی کوڕی صمه) گەیشت کوشتی و خوای پەروەردگار شکستی بەهاوڕێکانی (درید) هێنا ، بەلاّم پیاوێك به تیرێك دای له ئەژنۆی ئەبا عامر و له جێی خۆی خستی .

وتم : مامەگیان ، کێ بوو تیرەکەی لێ دایت ؟ ئەویش ئاماژەی بۆ کرد . ڕۆشتم بەدوایدا و پیایدا گەشتمەوه ، که منی بینی ، پشتی هەڵکرد و ڕایکرد ، پێم وت : شەرم ناکەیت ؟ مەگەر عەرەب نیت ؟ بۆچی ناوەستی پیاوانه شەڕ بکەیت ؟

---

[1] – ابن عساكر دەری هێناوه (٥٣١ ، ٥٣٢) ارنۆوط دەڵێت : پیاوانی جێ متمانەن جگه له – ابو الغیره

– بەڕاوێژی سر اعلام النبلاء (٢ / ٣٩٣) .

[2] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ه / ابن سعد (٤ / ١١١) .

دەڵێت : ئەو جا وەستا و بەیەك گەیشتین ، یەك و دوولێدان لە نێوانماندا ڕووی دا و کوشتم ...

پاشان گەڕامەوە بۆلای ابی عامر ، پێم وت : خوای پەروەردگار ئەوەی دا بە کوشت کە تیرەکەی لیّ دابوویت .

وتی : ئەم تیرە لە ئەژنۆم دەربێنە ، مینش دەرم هێنا ، دەبینم ئاوی لیّ یەتەدەرەوە . وتی : برازاگیان ، بڕۆ بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سەلامی منی پیّ بگەینەو پێی بڵیّ : داوای لیّ خۆشبونم بۆ بکات . ئەوجا ابو عامر منی لە جێی خۆی دانا بەسەر خەڵکەکەوە و زۆری نەبرد خۆی وەفاتی کرد .

کە گەشتینەوە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، هەواڵەکەم پێدا ، ئەویش هەڵسا دەستنوێژی گرت و دەستەکانی بەرزکردەوە و فەرمووی : (اللهم اغفر لعبيد ابي عامر) ئەوەندە دەستی بەرزکردەوە سپیای ژێر باڵیم چاو پیّ کەوت . پاشان فەرمووی : (اللهم اجعله يوم القيامة فوق كثير من خلقك) ئەی پەروەردگار ، لە ڕۆژی قیامەتدا بیخەرە سەرووی زۆرێك لە دروستکراوانت . منیش وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بۆ منیش داوا بکە ؟ فەرمووی : (اللهم اغفر لعبد الله بن قيس [1] ذنبه ، و أدخله يوم القيامة مدخلا كريماً) [2]

واتە : پەروەردگارا لە تاوانی عبدالله ی کوڕی قیس خۆش بەوە لە ڕۆژی قیامەتدا جێگایەکی ڕێزداری بۆ ئامادە بکە ..

" خۆ ئامادەکردن بۆ مەرگ "

لە نیشانەکانی خەیر و چاکە لە موسڵماندا ئەوەیە کە هەتا تەمەنی درێژ بیّ و ئەجەلی نزیك بێتەوە زیاتر گوێدێری خوا دەکات و کاری چاکە دەکات . بۆ ئەوەی لە باشترین حاڵیدا وەفات بکات .

---

[1] – لە سەرەتادا وتبومان کە ناوی ابو موسی : (عبدالله ی کوڕی قیس)ە (رضي الله عنه) .

[2] – صحيح : بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە . هەروەها غەیری ئەوانیش . (اوطاس)یش / دۆڵێکە لای ماکەمانی (هوزان) دا .

وە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان پرسی : کێ ژیرترین کەسە ؟ فەرمووی : (أكثرهم للموت ذكرا و أحسنهم لما بعده استعدادا اولئك الاكياس)[1]

واتە : ژیر ئەو کەسانەن کە لە هەمووان زیاتر یادی مردن دەکەنەوە و لە هەمووان باشتر خۆیان بۆ دوای مردن ئامادە ئەکەن .

هەروەها (التیمی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت ، دەڵێت : (دوو شت خۆشی و چێژی دنیایان لێ سەندمەوە ، یادی مەرگ و یادی ڕاوەستان لە نێو دەستی پەروەردگار دا)...

جا کێ هەیە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زیاتر بۆ مەرگ ئامادە بێت . صالح ی کوڕی موسای طلحی لە باوکیەوە ، دەڵێت : (الاشعری) پێش مردنی لە ڕادەبەدەر تێدەکۆشا و جوهدی ئەکرد ، تا پێ ی وترا ، بۆ تۆ بەزەیت بە خۆتدا نایەتەوە و پشوویەک بەخۆت نادەی ؟

فەرمووی : لە ڕاستیدا سوار کاتێ نزیک دەبێتەوە لە جێگای مەبەستی زیاتر تیژڕەوی دەکات و هەموو توانای ئەخاتە کار ، وە ئەوەی لە ژیانی من ماوە زۆر لەوە کەمترە[2] .

ابو موسا (رضي الله عنه) لە مانگی (ذي الحجة) ی ساڵی (٤٤) دا وەفاتی کردووە ، هەروەک (ذهبي) دەڵێت .

---

[1] – فەرموودەی (حسن)ە : ابن ماجە گێڕاویەتیەوە (٤٢٥٩) هەروەها غەیری ئەویش .

[2] – ابن عساکر باسی کردووە (٥٢٤) .

" ٥٤ – ابو ئەیوبی ئەنصاری (رضي الله عنه) "

" خاوەنی ڕاسپارە سەر سوڕهێنەرەکە "

کێ یە ؟

پێشەوای مەزن ، ابو ئەیوبی ئەنصاری خەزرەجی بەدری یە ، ئەو کەسەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تایبەتمەندی کرد بەوەی لەناو مالانی (بنی النجار) دا لە مالی ئەو دابەزێت ، هەتا ژوری (سودە)ی دایکی ئیمانداران بنیاتنرا و دواتریش مزگەوتی پیرۆز دروست کرا ...

ابو ایوب لە جەنگی (بەدر) بەشدار بووە ، هەروەها لە هیچ غەزایەکی تردوا نەکەوتووە تەنها سالێك نەبێ کە لاوێك کرایە سەرکردەی سوپا ، (ابو ایوب) هەر ئاخ و داخی هەلدەکێشاو ئەیوت : قەیدی چی یە کەسێك کراوە بە فەرمانڕەوای من نەخۆش کەوت (یزیدی کوڕی معاویە)ش وبەسەر سوپاوە بوو ، ئەو جا هات بەسەری دەکردەوە ، پێی وت: ئەگەر مردم بمخە سەر وڵاخێك و بمگەیەنەسەر زەوی دوژمن ئەگەر توانیت ، ئەگەر نەیشت توانی ، بمسپێرە بە خاك وبگەڕێرەوە .

ئەوە بوو کە مرد ، بردی و دفنی کرد و ئەیفەرموو : پەروەردگار دەفەرموێت : گەر داواکران بۆ غەزا ، ئەوە بەچەکی سووك و سەنگین ، بە سوارە و پیادە تانەوە ڕاپەڕن وئامادەبن .

" ڕێز گرتن لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

لە (ابی رهم)ەوە ، ابا ایوب بۆی باسکردووە کەوا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مالی ئێمە دابەزی [1] ئەو لە قاتی خوارەوە مایەوە و خۆیشمان لە قاتی دووەمدا بووین ئەوە بوو لە سەرەوە بڕێك ئاو ڕژا خێرا من و ام ایوب هەرچی هاوبەدەستماندا لە قوماش و پەڕۆ هەلمان گرت تا نەیەلین ئاوەکە بڕژێتە خوارەوە و سڕیمان ، دواتر دابەزیم و

[1] – واتە لە مەککە کۆچی کردوو لە مەدینە دابەزی ، وەك میوانێکی بەڕێز لە مالی ابو ایوب مایەوە ، کە ئەمەش شانازی یەکی گەورەیە .

چووم بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێم وت : ناکرێ ئێمە لە سەری تۆوە بین ، بەڵکو بیگوازیتەوە قاتی سەرەوە .

ئەوجا فەرمانی کرد و کەل و پەلەکانی - کە زۆر کەم بوون - برایە سەرەوە ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە خواردنت بۆ دەناردین ، سەیرم دەکرد بزانم شوێن پەنجەی تۆ لە کوێدایە ، منیش لەوێوە لێم دەخوارد [1].

" خۆشەویستی بێ شوماری هاوەڵان (رضي الله عنهم) بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

هاوەڵان ئەو ڕێزەی ابو ایوبیان لە یاد نەچوو بوو کە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کربووی و ئەو ڕەفتارە جوانەی لە ئاستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا ئەنجامیدا بە میوانداریکردنی کاتێ چووەماڵیان .. ئەمەش وای کرد (ابن عباس) زیاد لە سنور ڕێزی ابو ایوب بگرێت .

لە (ابی حبیب ی کوڕی ابی ثابت) ەوە : ابو ایوب هات بۆ بەصرە بۆ لای ابن عباس ، ابن عباس هەڵسا ماڵەکەی بۆ چۆل کرد و پێی وت ئەبێ تۆ چیت لەگەڵ پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کرد منیش وەهات لەگەڵ بکەم .. ئینجا پرسی : چەند قەرزاریت ؟ فەرمووی : بیست هەزار ، ابن عباس چل هەزاری پێ دا لەگەڵ بیست بەندە و کەل و پەلی ماڵەکەیش [2].

" شوێن پێ هەڵگرتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

لە (محمدی کوڕی کعب) ەوە ، دەڵێت : ابو ایوب سەرپێچی (مروان)ی دەکرد ، وتی : بۆچی وادەکەی ؟ وتی : چاوم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو کە نوێژەکانی دەکرد، خۆ ئەگەر وەك ئەو ئەنجامت دا ، ئەوا ئێمەش دێینە سەر ڕای تۆ و سەرپێچیت ناکەین ئەگەر وەك ئەو نەبوو ، ئێمەش بەگوێت ناکەین [3].

---

[1] - دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، احمد لە (المسند) دا دەری هێناوە (٥ / ٤٢٠)

[2] - حاکم دەری هێناوە (٣ / ٤٦١ ، ٤٦٢) و جەڵێت : (صحیح الاسنادە) و زەهەبیش هاوڕایە .

[3] - طبرانی دەری هێناوە ، پیاوانی جێ متمانەن ، المجمع (٢ / ٦٨) .

" ڕاسپاردەیەکی سەیر لە کاتی مردندا "

لە (ابی ظبیان)ەوە ، دەڵێت : ابو ایوب چو بۆ غەزا و لەوێ نەخۆش کەوت و فەرمووی : ئەگەر مردم ، هەڵمگرن ، و کاتێ کە بەرامبەر بوونەوە لەگەڵ دوژمناندا لە ژێر پێتاندا فرێم دەن ، بەڵام ئەمەوێ فەرمایشتێکتان پێ بڵێم کە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) م بیستووە ، فەرموویەتی :

(من مات لایشرك بالله شیئاً دَخَلَ الجنة)

واتە : هەر کەس بمرێت و هاوەڵی بۆ خوا بڕیار نەدابێ ، دەچێتە بەهەشت .

نووسەر دەڵێت : لەوانەیە (ڕەزای خوای لێ بێت) ویستوویەتی لە سەرزەوی دوژمن سپاردە بکرێ بۆ ئەوەی هیمەتی موسڵمانان بەرز بێتەوە کە ئەو زەوی یە لە دەستی دوژمنانی خودا ڕزگاری بووە ... وەك ئەوەی بیسەلمێنن کە موسڵمانان خاوەنی ئەو زەوی یەن .. خوایش باشتر دەزانێ .

" ٥٥ - زەیدی کوڕی ثابت (رضي الله عنه) "

" شێخ و مامۆستای قورئان خوێنان "

پێشەوای مەزن و شێخی قورئان خوێنان و شارەزایانی زانیاری فەرز و ئەرکەکان، فەتوادەری مەدینە ابو سعید و ابو خارجە ی خەزرەجی ئەنصاریی ، نووسەری سروش (وحی) یە (رەزای خوای لێ بێت) ...

وە عمری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) کە ئەچوو بۆ حەجی ماڵی خوا (زەید)ی بەسەر مەدینەوە دادەنا لە جێی خۆی . وە ئەو بوو ڕۆژی (یەرموك) هەڵسا بە دابەشکردنی غەنیمەتەکان . باوکی ڕۆژی (بعاث) پێش هیجرەت وەفاتی کردووە ، بۆیە بە هەتیوی بەخێو کراوە .

زەید یەکێ بوە لە زیرەك و بلیمەتەکان ، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە ، موسڵمان بووە و تەمەنی ئەو کاتە تەنها (١١) ساڵ بوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کرد کە فێری زمانی (نووسینی) جولەکە بێت تا پەیام و نووسراوەکانیان بۆ بخوێنێتەوە و دەیفەرموو : (فإني لا أمنهم) ، چونکە من باوەڕیان پێ ناکەم – واتە : باوەڕ بە جولەکە ناکەم بۆم بخوێننەوە – .

لە (خارجە)وە لە باوکیەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێنامی بۆ (داخل) ی مەدینە ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە غولامێکە لە (بنی النجار) ، و لەو قورئانەی بۆتۆ دابەزیوە حەڤدە سورەتی خوێندەوەتەوە ، منیش بۆم خوێندەوە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی سەرسام بوو ، و فەرمووی : (ئەی زەید ! خۆت فێری نووسینی جولەکە بکە بۆم ، چونکە لە ڕاستیدا من لێیان بە گومانم پەیامەکانم بنووسن)[1] .

دەڵێت : منیش خۆم فێر کردوو ، پانزە ڕۆژی نەبرد تیایدا کارامە بووم ، ئەو جا دوای ئەوە ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەیامی بۆیان بناردا یە من بۆم دەنووسی[2] .

---

[1] – فەرموودەکە : ((یا زید تعلم لی کتاب یهود ، فإني ما امنهم علی کتابي) .

[2] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە / بخاری دەری هێناوە لە (التاریخ الکبیر) ٣ / ٣٨٠) و هەروەها ابو داوود (٣٦٤٥) و غەیری ئەوانیش .

زەید ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێمی فەرموو : (أتحسن السريانيه ؟) زمانی سریانی دەزانی ؟ وتم : نەخێر : فەرمووی : دەی فێری ببە ... ئەوە بوو بەماوەی حەڤدە ڕۆژ فێری بووم [1] .

وەلە ڕیوایەتێکی تردا ! فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردم نووسینی جولەکە فێربم و فەرمووی : (اني و الله ما آمن يهود على كتـــاب) واتە : سوێند بەخوا من لێیان دڵنیانیم شتم بۆ بنووسن . دەڵێت : ئەوە بوو نیو مانگم تێنەپەڕاند ، فێری بووم بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

دەڵێت : دوای ئەوەی فێری زمانی یەهود بووم ، ئەگەر پەیامێکیان بناردایە من بۆم دەخوێندەوە ، ئەگەریش پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەیامی بۆ بناردنایە من بۆم دەنووسی [2] .

نووسەر دەڵێت : بەم جۆرە پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) لە نەخشە و پلانی فەرمانڕەواکانی زایۆنی بە ئاگامان دێنێتەوە ، چونکە ئەوان هەر لە سەرەتای ئەم ئاینەوە لە نەخشە دانان و تەڵەکە بازیدان بۆ ئەم ئوممەتە .. بەڵام خوا خۆی دەورەی داون و لێیان ئاگادارە .

" نووسەری سروش "

ئەم هاوەڵە بەڕێزە شانازی نووسینی وەحی ئاسمانی پێ درا ، و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ ئەم کارە پایە بەرزە بانگی دەکرد .

زەید دەڵێت : کاتێ سروش بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دادەبەزی ، ئەینارد بە دواماو بۆم دەنووسی [3] .

وە بخاری لە (البراء) ەوە ، گێڕاویەتیەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی وتم : (ادع لي زيداً ، و قل له يجيئ بالكتف و الدواة) .

---

[1] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، احمد دەری هێناوی (٥ / ١٨٢) هەروەها غەیری ئەویش .

[2] – فەرموودەی (حسن لغيره) ترمزی گێڕاویەتیەوە ، بڕوانە : فضائل الصحابه (شيخ العدوى) (٦٢)

[3] – طبرانی گێڕاویەتیەوە هیثمی لە (المجمع) دا دەڵێت دانەپاڵەکەی (حسن)ە (٩ / ١٧) .

واتە : زەیدم بۆ بانگ کەو ، پێ بڵێ ئامرازی نووسینش لەگەڵ خۆیدا بێنێت .
دەڵێت : ئەوجا فەرمووی : (اکتب : ﴿ لاَ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ... ﴾ سورة النساء آية (٩٥) .

و (ابن ام مکتوم) لە دوای (پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتبوو – کە نابینا بوو – وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، من کەسێکم نابینا و کەم ئەندامم – واتە : بەدەستی خۆم نیە کە ناتوانم بێم بۆ جیهاد – ئەوجا لە جێی ئایەتەکەی پێشوو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە : ﴿ لاَ يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ... ﴾ سورة النساء آية (٩٥) .

واتە : ئەوانەی دانیشتوون لە ئیمانداران و ناجەنگن – مەگەر ئەوانەیان کە ناتەواون – (کوێر ، شەل ، نەخۆشی ، ... هتد) لەگەڵ ئەوانەدا کە جیهاد دەکەن لە پێناوی خوادا بەماڵ و سامان و گیانیان ، چوونیەك نین .
هەروەها پێشتریش لە باسی ژیانی پێشەوا ابوبەکری صدیق) دا باسی ئەوەمان کرد کە زەید چۆن قورئانی کۆکردەوە (رضي الله عنه) .

" هەڵوێستێکی زیندو دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتاربێژانی ئەنصار هەڵسان و قسەی خۆیان کرد وتیان : با پیاوێك لە ئێمە و پیاوێکیش لە ئێوە – واتە کۆچبەران – بێتە جێنشین . لەوێدا زەیدی کوڕی ثابت هەڵسا و فەرمووی :
لە ڕاستیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کۆچبەران بوو ، ئێمەش پشتیوانی ئەوین ، وە پێشەواش دەبێ لە کۆچبەران بێت و دیسان ئێمە پشتیوانی دەبین .
ابوبکریش (رضي الله عنه) فەرمووی : خوای گەورە پاداشتی چاکەتان بداتەوە ئەی هۆزی پشتیوانان و بێژمرە کەشتان دامەزاوتر بکات ، ئەگەر غەیری ئەمەتان بووتایە ، ڕێك

نەئەکەوتیت [1]. بەو جۆرە دڵسۆزی و خۆشەویستی تەواو بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی دەردەکەوێت ... ئیدی هیچ بوارێك بۆ ئارەزو دەسەڵاتی شەیتان نیە .

" زانستی زەید (رضي الله عنه) "

لە ابن عباسەوە ، دەڵێت : (المحفوظون) [2] لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زانیویانە کە زەیدی کوڕی ثابت یەکێکە لەوانەی لە زانستدا ڕۆچووە و [3] شوێن پێی جێگیر بووە .

وە ابن عباس لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لە زانستدا پێگەیەکی باشی هەبوو وە یەکێ بووە لە زانایان ، بەڵام ڕێزی زەیدی زۆر دەگرت وەك زانایەك .

ئەوەتە لە ئەبی سەلەمەوە ، ابن عباس هەڵسایەوە لەبەر زەیدی کوڕی ثابت و ئاوزەنگی وڵاخەکەی بۆ گرت ، فەرمووی : خۆت لادە ئەی کوڕە مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! ابن (عباس)یش فەرمووی : ئێمە وەها دەجوڵێینەوە لەگەڵ زانا و پیاوە گەورەکانماندا [4]!!

ابن عباس ڕەشوەی وڵاخەکەی زەید بگرێت !!

دەی ئیتر پەلکێشان چۆن ئەتوانن لە ڕەمزە ئیسلامی یەکانمان دەدەن ؟!!وە مەسروق دەڵێت : ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە فەتوایان دەدا ئەمانە بوون : عمر ، علی ، ابن مسعود ، زید ، ابی ، ابو موسا ، (ڕەزای خوایان لێ بێت) ...

---

[1] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، احمد (٥ / ١٢٢) زەهەبی دەڵێت : دانەپاڵەکەی (صحیح) ە . (سیر ٢ / ٤٢٣) .

[2] – المحفوظون : لە چەند (معجم) و فەرهەنگێکدا بۆمانای زاراوەی ئەم وشە گەرام نەمدیوە ، بەڵام پێم وابێ مەبەست ئەو هاوەڵانەیە کە بیرتیژن و شتیان لە بیر نەچووە (وەرگێڕ) .

[3] – حافظ لە (الاصابه) و داویانەتەپاڵ (البغوی) و ارنۆوط دەڵێت دامە پاڵەکەی (صحیح)ە .

[4] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە / حاکم دەری هێناوە (٣ / ٤٢٣) دەڵێت (صحیح)ە و زەهەبیشت هاوڕایە.

" بابەتێکی شەرعی (مەسەلەیەکی شەرعی) "

لە مەسروقەوە : لە عبداللە کوڕی مسعودە وە ئەڵێت : کە عبداللە (﵁) دەربارەی خوشك ی دایك و باوکی و خوشك و برای باوکی دەیفەرموو : خوشکانی دایك و باوکی دوو لەسەر سێ یان دەکەوێت ، و ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ کوڕەکانە و بەشی ئافرەتەکانی لێ نادرێ .

ئەوجا مەسروق هاتە مەدینە ، لەوێ دەربارەی ئەومەسەلەیە گوێی لە (زەید) بوو ، ئەوە بوو ڕای زەیدی بە دڵ بوو . بۆیە هەندێ لە هاوەڵانی پێیان وت : ئەڵێی واز لە ڕای عبداللە دەهێنیت ؟ ئەویش وتی : ئاخر زەید ئەوانەی کەمابوونەوەبە یەکسانی بەشداری دەکردن [1] .

خوێنەری بەڕێز وەبیر دێنینەوە کە (مسروق) قوتابی عبداللە کوڕی مسعود بو(﵁) ، لەگەڵ ئەوەشدا دەمارگیری بۆ مامۆستاکەی نەبوو ، بەڵکو لەگەڵ بەڵگەدا دەڕۆیشت لەلای هەر کەسێ بوایە ئەمەش دادپەروەردانە وبەویژدانی یە .. و وانەیەکی گەورەیە بۆ زانستخوازان .

" حاڵی زەید لەگەڵ خێزانەکەیدا "

خۆشحاڵترین و بەختەوەرترین کەسێك بە کەسی بانگخواز و موسڵمانی ڕاستەقینە خێزانەکەیەتی هەروەك لەم فەرمووده پیرۆزەدا هاتووە : (خَيرُكُم خَيرُكم لأهله وَ أنا خَيرُكُم لأِهلي) واتە : باشترینتان ئەوەیە کە باشترین کەس بێت بۆ خێزانەکەی ، وە من باشترینتانم بۆ خێزانەکەم .. زەیدیش هەر بەو جۆرە بوو .

لە (ثابت ی کوڕی عبید)ەوە ، دەڵێت : زەیدی کوڕی ثابت یەکێ بوو لە ڕوو خۆشترین و دەم بە پێکەنینترین کەسان بۆ ماڵ و منداڵەکەی .

---

[1] – دانەپاڵەکەی (صحيح)ە : تهذيب ابن عساكر (٥ / ٤٥١) .

" وەفاتی زەید (رضي الله عنه) "

پاش ژیانێکی لێوان لە بەخشش ... کە پێشەوا ذهبي لەمەدا کۆی کردوەتەوە . (لە گەورەیی و پایە بەرزی زەید ، پێشەوا (صدیق) پشتی پێ بەستووە لە نووسینی قورئانی پیرۆزدا لە پەڕاودا ، و لە پاش کۆکردنەوەی لە دەمی خەڵك و لەسەر پارچە تەختە و پێستەکانەوە ، وە ماوەیەك ئەو پەڕاوەیان هەڵگرت ، و یەکەمجار لەلای (صدیق) مایەوە ، پاشان عمری (الفاروق) دواتر لەلای (حفصة)ی دایکی ئیمانداران مایەوە ، تاوەکو پێشەوا عوسمان ، زەیدی کوڕی ثابت و ژمارەیەك لە قریشی یەکانی هەڵبژارد بۆ نوسینەوەی ئەم پەڕاوە عوسمانی یەی کە ئێستا زیاد لە هەزار وێنەی لە سەر زەویدا هەیە[1] و جگە لەو پەڕاوە سوپاس بۆ خودا هیچ جۆرە وێنەیەکی تر بەدەستی ئوممەتی ئیسلامەوە نیە .) [2] پاش ئەو تەمەنە پیرۆزە و ئەو خەباتە زیندووە ...زەیدگەڕایەوە لای پەروەردگاری بە دڵی ڕاحەت و ڕازی . و مەروان نوێژی لەسەر کرد .

کاتێ وەفاتی کرد ، ابو هریرە فەرمووی : باشترینی ئوممەت وەفاتی کرد ! بەڵکو خودا ابن عباس بکاتە جێنشینی و شوێنی بگرێتەوە . وە لە عەمماری کوڕی ابی عمارەوە ، دەڵێت : کاتێ زەید وەفاتی کرد ، لەگەڵ (ابن عباس) دا لە سێبەرێکدا دانیشتین ، وتی : ڕۆشتنی زانایان بەم جۆرەیە ، ئەمڕۆ زانستێکی زۆر لە گۆڕنرا ..

ڕەزای خوای پەروەردگار لەسەر زەید ... و خودا بمانکاتە شوێنکەوتەی ئەو و لەگەڵ زەید و هاوەڵانیدا حەشرمان بکات . " آمین "

---

[1] – ئەم ژمارەیە لەسەردەمی (زەهەبی) دا بووە ڕەحمەتی خوای لێ بێت ، بەڵام ئێستا لەبەر زۆری ، ژمارە ناکرێت ، بڕوانە : سير اعلام النبلاء (٢ / ٤٤١) .

[2] – ابن سعد و غەیری ئەوی دەریان هێناوە (٢ / ٣٦٢) وە ارنؤوط دەڵێت : پیاوانی جێ متمانەن . (سير / ٢ / ٤٣٩) .

" ٥٦ - ئەبو قەتادەی ئەنصاری (رضي الله عنه) "

" سوار چاکی پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

ناوی ابو قەتادەی ئەنصاری سەلەمی یە . و سوارچاکی پێغەمبەری خوا (ﷺ)ە و لە ئوحود و حودەیبیەدا بەشداری کردووە .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی:(خير فرسانا ابو قتادة ،و خير رجالتنا سلمة بن الاكوع)[1]

واتە : باشترین سوارمان ئەبو قەتادەیە ، و باشترین پیادەشمان سەلەمەی کوڕی (الاكوع)ە .

" بێ پەروای یەك ئاسن دەبڕێت !! "

لە ژیانی ئەم هاوەڵە بەڕێزە خەباتکارە ڕەببانی یە ، چەند وێنەیەك نیشان دەدەین کە بەڵگەن لەسەر ئازایەتی و چاکەکاری .

وێنەی یەکەم :

ابو قەتادە خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە ، دەڵێت : خەریك بووم سەرمم دەشۆرد ، نیوەی سەرم تەواو کردبوو ، کە گوێم لە حیلەی ئەسپەکەم بوو ، وە سمەکانیشی بەزەویدا دەهێنا .

وتم : بێ گومان شەڕە و هەڵساوە ، دەبێ هەڵسم ، بە بێ ئەوەی لایەکەی تری سەرم بشۆرم ، خێرا سواری ئەسپەکەم بووم و بوردەیەکم بەسەر شانەوە بوو ، دەبینم پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوار دەکات و دەفەرموێ : (الفزع ! الفزع !) واتە : خۆ ئامادەکەن بۆ هاوکاری ... دەڵێت ئەوجا بە (مقداد)[2] گەیشتم و ماوەی کاتژمێرێك لەگەڵی ڕێم کردو پاشان ئەسپەکەم پێشی کەوت ، ئەوە بوو ئەسپەکەی من لەوەی (مقداد) باشتر بوو .

---

[1] – دانەپاڵەکەی : طبراني و غەیری ئەیوش گێڕاویانەتەوە (٣٢٧٠) .

[2] – هاوەڵی بەڕێز (مقدادی کوڕی عەمر)ە (رضي الله عنه) .

مقداد پێ ی وتم کە (مسعده) ، (محرزی کوڕی نضله)ی کوشتووە ، منیش وتم، یان ئەبێ بمرم یان بکوژی (محرز) بکوژمەوە . ئەوە بوو (مسعده) دای لە ئەسپەکەی و ڕۆشت ، ابو قتادەش شوێنی کەوت ، تا (مسعده) بۆی وەستا و ئەبو قەتادە دابەزی و کوشتی ، و ئەسپەکەیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا .

دەڵێت : ئەوجا کە خەڵکی تێپەڕ دەبوون و بەدوای یەکدا دەڕۆیشتن ، سەیری بوردەکەی منیان دەکرد (دابوم بەسەر مەیتەکەی مەسعەدەوە) ، ناسیانەوە و وتیان : ابو قتادە کوژراوە ! پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (لا ، و لكنه قتيل ابي قتادة عليه برده، فخلوا بينه و بين سلبه و فرسه) .

واتە : نەخێر ، بەڵکو ئەوەی وا کوژراوە بە دەستی ابو قتادە کوژراوە و بوردەکەی ئەوی وابەسەرەوە .. دەی ڕێگەی بۆ چۆڵ کەن بۆ خۆی ئەسپەکەی و غەنیمەکەی .

دەڵێت : کەگەیشتم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (اللهم بارك له في شعره و بشره ، افلح و وجهك ! قتلت مسعدة ؟)

واتە : ئەی پەروەردگار مووی سەری و پێستی موبارەك كە ، خودا ڕووت سپی كات و سەر بەز بیت ، دەڵێی مەسعدەت کوشت ؟ وتم : بەڵێ . فەرمووی : (فما هذا الذي بوجهك ؟) **ئەی ئەوە چی یە بەدەم و چاوتەوە ؟ وتم : تیرێك بوو لێ دام و وەهای لێ کرد.**

فەرمووی : (فادن مني) **دەی لێم نزیك بەرەوە . لێ نزیك بوومەوە و تفی موبارەکی لێ دا ، لە دوای ئەوە نە هیچ زیپکەیەك نە هیچ خەوش و پەڵەیەك بەدەم و چاومەوە نەبینراوە . وە کاتێ ابوقتادە وەفاتی کرد تەمەنی حەفتاساڵ بوو ، وەك کوڕێکی پانزە ساڵ وابوو ... وتی : ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەك و ئەسپەکەی (مسعده)ی پێدام [1] .**

وێنەی دووەم :

ئەمەش وێنەیەکی زیندووی سەرمەیدانی جەنگی (ڕۆژی حنین) ە و هەر ابوقتادە (رضي الله عنه) خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە ، دەڵێت :

[1] – طبرانی گێڕاویەتیەوە لە (المعجم الصغیر) دا (٢ / ١٥٢) و (المستدرك) (٣ / ٤٨٠) .

(لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) سـاڵی (حـنین) چـووینە دەرەوە ، کـاتێ بـە دوژمنان گەیشتین ، پیاوێکم بینی چوو بووە سەروی موسڵمانان ، لە دواوە بۆی چووم و شمشێرێکم دا لەگەردنی و (درع)ە کەیم بڕی ، ڕوی تێ کردم و وەك ئەوەی خۆی فڕێ دایە باوەشم ، دەمزانی بۆنی مردنی لێ دێت ، ئەوجا بەری دام و کەوت و مرد ، وە دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو ڕۆژە فەرمووی : (من قتل قتيلاً له بينه ، فله سلبه) هەر کەس یەکێ بکوژێ و بەڵگەی هەبێت ، ئەوە غەنیمەکەی بۆ خۆی دەبێت ..

منیش هەڵسام وتم : کێ شایەتیم بۆ دەدات ؟ و چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە ، پیاوێك هەڵساو وتی : ڕاست ئەڵێت ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، وە غەنیمەی ئەو پیاوەش لەلای منە .

ابوبەکر ، فەرمووی : نابەخوا ، هەرگیز شێرێك لە شێرەکانی خوا ناجەنگێ لە پێناو خواو پێغەمبەرەکەیدا و غەنیمەکەی خۆی بەتۆ بدات ! پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (ابو قتادە ڕاست دەڵێت) و ئەوجا غەنیمەکەی پێدام ، (درع) ەکەم فرۆشت و دام بە باخێك لە (بنی سلمە) ، ئەمە یەکەمین شتێك بوو لە ئیسلامدا دەستم کەوت[1].

وێنەی سێیەم :

عبدالله ی کوڕی عبیدی کوڕی عومەیر دەڵێت : عمر (رضي الله عنه) ابو قەتادەی نارد بۆ جەنگێك ، بەدەستی خۆی پادشای فارسی کوشت کە کەمەربەندێکی پێوە بوو نرخەکەی پانزە هەزار بوو ، پێشەوا عومەر دای بە (ابو قتادە)[2] .

" پاسەوانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

لـە ابـی قتـادەوە ، دەڵێـت : لەیـەکێ لـە گەشـتەکانیدا لەگـەڵ پێغەمبـەری خوا(ﷺ)بووین ، لە حەوانەوە و سرەوتی دوا کەوتبوو ، بۆیە من جەستم کردە سەرینی

---

[1] – صحيح : الموطأ (٢ / ١٠ ، ١٢٠) بخاری و مسلم و غەیری ئەوانیش .

[2] – ارنۆوط دەڵێت : پیاوانی فەرموودەکە جێ متمانەن (سير ٢ / ٤٥٢) .

تا وەخەبەر هات و فەرمووی : (اللهم احفظ ابا قتادة كما حفظني منذ الليلة ، ما ارانا الاقد شـــقنا عليك) [1]

ئەی پەروەردگار هەر لەم شەوەوە ابا قتادە بپارێزە هەروەك چۆن پارێزگاری لە من کرد ، دەبینم حنستمیتە نارەحەتیەوە ؟..

" وەفاتی (رضي الله عنه) "

ابا قتادە (رضي الله عنه) لە سەردەمی جێنشینایەتی علی کوڕی ابی طالب (رضي الله عنه) وەفاتی کرد . (و علی نوێژی لەسەر کرد و حەوت جار (الله اکبر) ی بەسەردا کرد) ابن ابی شیبە لە (المصنف) دا گێڕایەویتەوە (٣ / ٣٠٤) پیاوانی فەرموودەکەش جێی متانەن .

[1] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە / طبرانی گێڕاویەتیەوە (٣٢٧١) و لەلای (مسلم)یش هەیە .

" ٥٧ - عمرانی کوڕی حصین (رضي الله عنه) "

" ئەو هاوەڵەی فریشتەکان سەردانیان دەکرد !! "

ئەم هاوەڵە کێیە کە ئەو شانازی یەی بە دەست هێناوە .. پیاوێك فریشتەکان بەسەری بکەنەوە .. و سەلامی لێ بکەن ؟!! بەڵێ ، ئەم هاوەڵە بەرێز و پێشەوا ڕابەرە ، عمرانی کوڕی حصین (ابو نوجەیدی خوزاعی یە) ، لەگەڵ باوکی و ابوهریرە دا لەیەك کاتدا ساڵی حەوتی کۆچی موسڵمان بوون .

وە بووەتە دادەوەری بەصرە ، و عومەر (رضي الله عنه) ناردبوونی بۆ بەصرە تا خەڵکەکە لە ئاین تێبگەیەنێت ، حەسەنی بەصری سوێندی دەخوارد و دەیوت : کەس نەهاتووەتە بەصرە بۆ تێگەیاندنی خەڵکەکەی باشتر لە عمرانی کوڕێ حصین. وە لە محمدی ابن سیرینەوە ، دەڵێت : لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوانەیان کە هاتوونەتە بەصرە کەسیان نەدراون بەسەر عمرانی کوڕی حصین دا لە چاکەدا ... لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە چەندین غەزادابەشداری کردووە ، و هەر لە مەنزڵ و ناوچەی قەومەکەی خۆیدا ماوەتەوە تاوەکو چووە بەصرە ، لەوێ مایەوە و نەخۆش کەوت .[١] ابن سیرین دەڵێت : عمران تووشی نەخۆشی یەك بوو کە ئەویش بریتی بوو لەوەی زەرداوێك لەناو سکیدا کۆ دەبوویەوە ، سی ساڵ پێوەی دەتلایەوە و پێیان دەوت کە داخی کات ، بەڵام ئەو ڕازی نە ئەبوو داخ بکرێت تا پێش دوو ساڵ بەر لە وەفاتی . ئەو جا ڕازی بوو داخ بکرێ .[٢]

" فریشتەکان بەسەری دەکەنەوە !! "

مطرف کوڕی عبدالله دەڵێت : عمرانی کوڕی حصین وتی : شتێکت بۆ باس دەکەم، بەڵکو خوا بیکاتە مایەی سوود و قازانج بۆت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەج و عمرەی پێکەوە گرێ دەدا ، و ڕێگریشی لێ نەکردووە هەتا وەفاتی کردووە ، وە قورئانیشی لەو بارەیەوە بۆ دانە بەزیوە کە حەرامی بکات ، هەروەها ئەمەوێ پێت بڵێم

---

[١] - بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٣٤٦) .

[٢] - ابن سەعدە هێناویەتی (٤ / ٢٨٨) وتراوە کۆتا دەرمان (داخ کردنە) ...(صحاح) ٩٢٦ (وەرگێڕ).

کە من هەتا داخ کرام فریشتەکان دەهاتن و سەلامیان لیٚ دەکرم ، بەلاٚم دوای ئەوەی داخ کرام نەهاتنەوە ، هەتا وازم لە داخ کردن هێنایەوە دووبارە گەڕانەوە و سەلامیان لیٚ دەکردم)[1] .

" ڕێز لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

لە (عمران ی کوڕی حصین)ەوە (رضي الله عنه) دەڵێت : (لەو کاتەوەی بەیعەتم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوە دەستی ڕاستم بەر عەورەتم نەکەوتووە)[2]

" کەنارگیری لە فیتنەکە "

(عمران (رضي الله عنه) یەکیٚ بوو لەوانەی خۆی بە دوور گرت لە فیتنە و ئاژاوەکە و لەگەڵ (علی) دا شەڕی نەکرد) . وە لە ابی قتادەوە : عمران ی کوڕی حصین پێی وتم : لە مزگەوت بمێنەرەوە و لیٚ مەیەرە دەرەوە . وتم : ئەی ئەگەر هاتن بۆم لە مزگەوت ؟ وتی : لە ماڵەگەت مەیەرە دەرەوە و بمێنەرەوە . وتم ئەی ئەگەر هاتنە ماڵەوەش بۆم ؟ فەرمووی: ئەگەر کەسێك هاتە سەرم بۆ کوشتنم یان بۆ بردنی ماڵم ، ئەوە ئیتر کاتی ئەوەیە کە بیکوژم[3] .

" دان بە خۆدا گرتن لە ئاست نەخۆشیدا "

عمران (رضي الله عنه) ماوەی سی ساڵ نەخۆش بوو . نەیدەهێشت چارەسەری بکریٚ (کە چارەسەرەکەی بە داخ کردن بوو) ، تا زۆری بۆ هات ، و لە بەر ئازار هاواری دەکرد ، وە لە (مطرف)ەوە ، دەڵێت : بە عمرانم وت : لەبەر ئەم حاڵە خراپەت حەزناکەم سەردانت بکەم .

---

[1] – صحیح / مسلم گێڕاویەتیەوە (٦٢٢٦) (١٦٧) لە بابی (الحج) دا .

[2] – پیاوانە جیٚ متمانەن حاکم گێڕاویەتیەوە (٣ / ٤٧٢) و دەڵێت : (صحیح)ە ، زەهەبی هاوڕایە .

[3] – پیاوانی جیٚ متمانەن : و لە (الطبقات) دا هاتووە (٤ / ٢٨٨) .

فەرمووی : ئەو کارە مەکە ، چونکە خۆشەویسترین شتی ئەم نەخۆشی یە لەلام ئەوەیە لە خودام نزیك دەکاتەوە و خۆشەویستم دەکات [1] .

وە دەیفەرموو : خۆمان داخ کرد ، بەلاّم نەسەرکەوتوو بوون و نەچاکیان کرد (واتە: ئەوانەی هەڵسان بە چارەسەرکردنی) [2] ، وە لە ساڵی (٥٢)ی کۆچی وەفاتی کرد ... (رەزای خوای لیّ بێت) .

---

[1] – پیاوانی جیّ متمانەن : ابن سعد (٤ / ٢٩٠).

[2] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە : ابوداود (٣٨٦٥) و غەیری ئەویش .

" ٥٨ - جریری كوڕی عبدالله (رضي الله عنه) "

" یوسف ی ئەم ئوممەتە !! "

پێناسی : جریری كوڕی عبدالله ی بجلی یە ، پێشەوای خانەدان و جوانچاك و لە (قحطان)ەكانە و لە هاوەڵە هەڵكەوتووەكانە . بەیعەتی دابە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە دڵسۆز و ئامۆژگاریكەر بێت بۆ هەموو موسڵمانێك .

حافظی ذهبي دەڵێت : لە ڕادەبەدەر جوان بووە ، لە جوانیدا كامڵ بووە . جریر ، دەڵێت : كاتێ لە مەدینە نزیك بوومەوە ، چۆكم بە وڵاخەكەم دا و تورەكەكەمم كردەوە و جل و بەرگی پاك و ڕێك و پێكم لێ دەرهێناو لەبەرم كرد ، پاشان چوومە مزگەوت ، دەبینم پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتاردەدات ، خەڵكەكە هەموو بەجارێ لە منیان ڕوانی . لەوەی لە تەنیشتمدا دانیشتبوو پرسیم : باشە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی من كردووە وا سەیرم ئەكەن ؟ وتی : بەڵێ ، بە باشترین شێوە باسی تۆی كرد لە كاتێكدا وتاری دەدا ، لە نیوەی وتارەكەیدا فەرمووی :(انه سيدخل عليكم من هذا الفج من خير ذى يمن ، الا و ان على وجه مسحة ملك)[1]

واتە : لەم ڕێوە كەسێك دێتە لاتان كە لە باشترینی خەڵكی یەمەنە و ، لەسەر دەم و چاوی (مسحه)[2] یەكی فریشتەیی هەیە . (واتە دەڵێ فریشتەیە)ئەوجا سوپاسی خوام كرد ...

" ئەدەب و ڕێزی پێغەمبەرایەتی "

كاتێ جریر هاتە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاخەرەكەی بۆ دانا ، تا لەسەری دابنیشێت ، بەڵام جریر لە سەر زەوی یەكە دانیشت . پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو :

(أشهدُ أنك لا تبغي علـــواً في الارض ولا فـــساداً) واتە : شایەتی دەدەم بۆت كە تۆ ناتەوێ لە سەر زەوی خراپەكاری بڵاو بكەیتەوە و لە خۆت بایی ببیت .

---

[1] - دانەپاڵەكەی بەهێزە : احمد لە ((المسند)) (٤ / ٣٦٤) ، ارنؤوط (سير ٢ / ٥٣١) .

[2] - مسحه : شوێنەوارێكی كەم ، بەڵام بەرچاو و دیار .

ئەویش موسڵمان بوو ...

پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەهاوەڵانی فەرموو : (اذا أتاكم كريم قوم ، فأكرموه)[1] ئەگەر پیاوێکی بەڕێز هاتە لاتان ، ڕێزی بگرن .

نووسەر دەڵێت : جریر (رضي الله عنه) ساڵی (١٠)ی کۆچی موسڵمان بووە ، کەسێك بووە خۆی بەسەر ئەسپەوە ڕانەگرتووە ، تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای بۆ کرد.

لە (جریر)ەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی وتم : (الا تريحني من ذي الخلصة ، بيت خثعم) ناتەوێ ڕاحەتمان کەیت لەو بتەکە ناوی (بیت خثعم)ە ؟ (بە کەعبەی یەمەنی ناسراو بوو) .

دەڵێت : ئێمەش ڕووخاندمان ، یان سوتاندمان و وەك حوشتری گەڕ وازمان لێ هێنا و هاتین تا مژدە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدەین ، پێنج جار بەسەر ئەسپەکەمەوە دابەزیم .

دەڵێت : ئەوجا وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ناتوانم بەسەر ئەسپەوە خۆم ڕاگرم . ئەویش دەستی موبارەکی لەسەر دەم و چاوم دانا ، لە ڕایوایەتێکی تردا (لەسەر سنگم داناو) و فەرمووی : (اللهم اجعله هادياً مهدياً)[2] ئەی پەروەردگار بیکەرە کەسێکی هیدایەتدار و ڕێنمو نیکار ..

هەروەها لە جریرەوە ، دەڵێت : لەو کاتەوە موسڵمان بووم هەرگیز پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی لێم لانەداوە وهەر کات منی بینیبێت لەڕومدا پێکەنیوە [3] .

---

[1] – فەرمووده‌کە بەڵگەی لاوازی هەیە و لەلای ابن ماجە و بزار و غیری ئەوانیش کە بەرزی دەکاتەوە بۆ (حسن) . الارنؤوط (سیر ٢ / ٥٣٢) .

[2] – صحیح : بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە ، هەروەها (احمد)یش .

[3] – وەرگێڕ : لە صحیحی بخاری فەرموودەی (٣٨٢٢) لاپەڕە (٩٦٢) وەرگێڕاوە .

" پیاهەڵدانی هاوەڵان بۆی "

لـە جریـرەوە ، دەڵێـت : عمـر (رضي الله عنه) منـی بـە نیـوەڕوتی بینـی ، بـانگی کـردم فەرمووی : جلەکانت لەبەرکە ، جلەکانت لەبەرکە . منیش جلەکانم لەبەر کرد ، پاشان هاتم بۆلای خەڵکەکە و پرسیم : چیەتی ؟

وتیـان : کـاتێ بـەو جـۆرە تـۆی بینـی ، فـەرمووی : (کەسـم نـەدیوە وەك ئـەم وێنەکرابێت ، مەگەر (یوسف) سەلامی خوای لەسەر بێت [1]. وەلە ڕیوایـەتێکی تردا هـەر لە جریرەوە (رضي الله عنه) ، عمر (رضي الله عنه) فەرموویەتی : جریر یوسفی ئومەتی ئیسلامە [2] . وە لە علی کوڕی ابی تالیبەوە(رضي الله عنه) سێ جار فەرموویەتی : (جریرلە ئێمەیە لە ئەهل و بەیت) [3] . وە لە (الشعبی) یەوە : عمری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) لـە ماڵێکدا بـوو ، (جریـری کـوڕی عبدالله) شی لەگەڵدا بـوو ، لـە ماڵـە کـە بـۆنێکی هەسـت پـێ کـرد ، فـەرمووی : باخـاوەنی ئـەو بـۆ نەهەڵسێت دەستنوێژ بگرێـت . جریـریش وتـی : ئـەی ئـەمیری ئیمانـداران ئایـا هـەمووی دەستنوێژ بگرێـت ؟ عومـەریش (رضي الله عنه) فەرمووی : ڕەحمـەتی خـوات لـێ بێـت ، جریـر ، بەڕاستی لـە جاهلیەتـدا باشترین پیـاو بوویـت ، ئێستاش کـە لـەناو ئیسلامدایت باشترین پیاویت [4].

" خەباتی جریر (رضي الله عنه) "

جریـر (رضي الله عنه) لـە زۆر جـەنگ و بۆنـەدا دژی دوژمنـانی ئیسلام شـەڕی کـردووە و تیایدا پاڵەوانێتی و دڵسۆزی خۆی نیشانداوە . الشعبی دەڵێت : ڕۆژی (قادسیە) جریری کوڕی عبدالله بەسەر دەستە ڕاستی سوپاکەی سعدی کوڕی ابیوقاص)ەوە بوو .

وە ابن سعد دەڵێت : یەزیدی کوڕی جریر لە باوکیـەوە ، دەڵێـت : پێشەوا (عمـر) لە کاتێکدا خەڵکی خۆیان بەدوور ئەگرت لـە عێراق و شـەڕکردن لەگـەڵ (عەجەمەکانـدا -

---

[1] - پیاوانی جێی متمانەن : حافظ لە (الاصابە) (٢ / ٧٧) باسی کردووە و گێڕاویەتیەوە بۆ (النجوی).

[2] - پیاوانی جێ متمانەن الارنؤوط (سیر اعلام النبلاء ٢ / ٥٣٥) .

[3] - بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (٢ / ٥٣٤) ، بەڵام ناگونجێ .

[4] - بڕوانە / صفة الصفوة (١ / ٣٧٦) .

تا عەرەبەکان) ، پێی وتم : خۆت و هۆزەکەت بگەیەنەرە ئەویّ و دەستت بەسەر هەر چییەکدا گرت چواریەکی بۆ خۆت . ئەوە بو دوای ئەوەی غەنیمەکانی (جلولا) کۆکرایەوە، جریر وتی کە چواریەکی هەموو غەنیمەکە هی ئەوە . (سعد)یش پەیامێکی نارد و بۆ عمری کوڕی خەتاب (ﷺ) بەو بۆنەیەوە ، لەوەلاّمدا (عمر) فەرمووی : جریر ڕاست دەڵێت ، ئەوەم پیی وتبوو .

وتی : ئەگەر لەسەر بەڵێنێك کە پێی دراوە ، ویستی با ئەو چواریەکە بەرێت بۆخۆی و هۆزەکەی ، و پێی بدەن ، وە ئەگەر لە پێناوی خواو ئاینەکەی و بەهەشتەکەیدا شەڕی کردووە ، ئەوا ئەویش پیاوێکە لە موسڵمانان و هەروەك ئەوان ماف و ئەرکی هەیە.

ئەوجا کە پەیامەکەی عمر (ﷺ) گەیشتە دەستی (سعد) ، هەواڵەکەی بە (حریر) دا ، جریریش فەرمووی : پێشەوای ئیمانداران ڕاست دەڵێت ، من پێویستم بەو غەنیمەیە نیە ، و یەکێکم لە موسڵمانان [1].

بەم جۆرە هاوەڵان خۆیان بۆ خوای خۆیان یەکلایی کردوەتەوە .. وەکاتێکیش فیتنە و ئاژاوە کە سەری کێشا ، (جریر) (ﷺ) خۆی کە نارگیر کرد و لە (علی و معاویە) خۆی دور گرت لە دەوروبەری دوورگەی عەرەب ، تاوەکو لەسەردەمی ویلایەتی (ضحاك ی کوڕی قیس) بەسەر کوفەوە لە (الشراة) وەفاتی کرد [2]. (ڕەزای خوای لیّ بێت) .

[1] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٣٧٦) .

[2] – ابن سعد (٢ / ٢٢) .

" ٥٩ - ابو ثەعلبەی خوشنی (رضي الله عنه) "

" لە کاتی سوجدە برندا وەفاتی کرد !! "

(ئەبو ثە علەبەی خشنی) ی هاوەڵی پێغەمبەری خوا یە (ﷺ) ..

دار قطنی و غەیری ئەویش ، دەڵێت : یەکێکە لەوانەی لە بەیعەتی (رضـــوان) دا بەشدار بوون ، و ڕۆژی خەیبەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە غەنیمە بەشی ئەویشی جیاکردەوە ، هەروەها ناردویەتی بۆلای هۆزەکەی وە عەمری کوڕی جرهم ی برای، هەر لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) موسڵمان بووە [1].

و کاتێ لە ڕاستی ئەم ئاینە گەیشتوو ، موسڵمان بوو ، دڵنیا بوو لەوەی ئەم ئاینە بۆ هەمیشەیی بەنەمری دەمێنێتەوە و خوای پەروەردگار ئەهلەکەی بالاْ دەست دەکات و منەت و چاکەی خۆی بەسەر چەوساوەکانی سەر زەویدا دەبارێنێ و دەیانکاتە پێشەوا و میراتگر لەسەر زەویدا .

ابو ثە علەبە دەڵێت :

هاتم بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێم وت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بمنێرە بۆ فلاْن و فلاْن جێگا لە شام (تا ئەم ئاینەیان پێ ڕاگەیەنین) ئەو کاتە هێشتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی نەگەیشتبووە ئەو جێگایانە - فەرمووی : (الا سمعون ما يقول هذا ؟) گوێتان لێ یە ئەم پیاوە چی دەڵێت ؟

ئەبو ثە علەبە وتی : سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ، دڵنیام کە دەگەینە ئەوێ و تیایدا بالاْ دەست دەبین . پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەیامی خۆی نووسی و پیایدا ناردی [2] !!

بەڕێزان ، سەیری دڵنیایی و باوەڕی بکەن بەو پەیمانەی خوا بە بەندە ئیماندارەکانی خۆی داوە ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خبابی نەوت - وەك پێشتر باسمان کرد ، و الله ليمكن الله هذا الامر حتى يسير الركب من صنعاء الى حضرموت ..) فەرمودەکە . سوێند بە خوا خوا فەرمانی خۆی جێ بەجێ دەکات بەو جۆرەی سوار لە (

---

[1] - الاصابه (٧ / ٢٧٦) ، ژیانی عەمری کوڕی ثعلبی خشنی .

[2] - دانەپاڵەکەی (صحیح)ە : احمد لە (المسند) دا گێڕاویەتیەوە (٤ / ١٩٣ ، ١٩٤) .

صنعاء)ەوە بەرەو (حـضرموت) بـەڕێ دەکـەوێت و لـە هیچ شتێ ناترسێ ... تا کۆتایی فەرموودەکە .

" لە وتەکانی "

لە اسماعیل ی کوڕی عبیدالله وە ، دەڵێت : ابو ثە علەبە و کعب دانیشتبوون ، ابو ثـە علەبـە وتـی : ئـەی ابـا اسماعیـل ، هـەر بەندەیـەکی خـوا خـۆی بـۆ خواپەرستی یەکلاکاتەوە ، ئەوا لـە پێویستی دنیا بێ نیازی ئەکات . کعب وتـی : لـە پەڕاوی خوای پەروەردگاریـشدا هـاتووە [1] : هەرکـەس خەمـەکانی لەیـەك خەمـدا کۆکاتـەوە ، ئـەویش گوێـدێریی خـوا بێـت ، ئـەوە خـوای گـەورە بـێ نیـازی ئـەکات لـە هـەموو خەمـەکانی و ئاسمانەکان و زەوی زامن دەکات بۆی و ڕۆزی دەکەوێتـە لای خـوا و کـارو کردەوەشـی بۆ خۆیەتی . هەر کەسیش خەمەکانی جیا بکاتەوە و بیانژمێرێت و لە هەر دۆڵێك خەمێك دا نێت لای خـوای گـەورە گـرنگ نیـە لەکامـە دۆڵیانـدا تیادەچێت . پێشەوا (زەهـەبی) ، دەربارەی ئەمـە دەڵێـت : (گـەڕان بەدوای هۆکارەکـانی ژیانیـشدا جۆرێکـە لـە خۆیـەکلا کردنـەوە بۆ خواپەرستی ، بەتایبـەتی ئـەوەی خـاوەنی مـاڵ و منـداڵ بێـت ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : (إن أفضل ماأكل الرجل من كسب يمينـه) [2] باشـترین شتێك پیاو بیخوات ، ئەوەیە لە کەسابەتی دەستی خۆی پەیای کردبێت .

هـەر کەسـیش بـەهۆی لاوازی یـەوەیان فەراهـەم نـەبوونی بـوارەوە نـەتوانێت هۆکارەکان بگرێتەبەر ، ئەوە خوای گەورە لە ڕێی (زەکاتەوە) بەشی دیاری کردووە [3] .

" مردنێکی بەڕێز "

تەمـەن درێـژەی کێـشا لەگـەڵ ابـی ثـە علەبـە دا (رضي الله عنه) و تامـەزۆری لیقـای پەروەردگاری دەکرد و لەژیانیدا ئاواتێکی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە بەکڕنوش بردنەوە

[1] – ئەمە لە فەرموودەیەکی پیرۆزدا هاتووە ، و بەماناکەی باسکراوە .

[2] – دانەپاڵەکەی لـەڕێی شـاهیدەکانەوە (حسن)ە طبرانـی لـە (الكبر) و (الاوسـط) دا گێڕاوایەتـەوە پیاوانیشی جێ متمانەن وەك هیپمی دەڵێت لە المجمع دا (٤ / ٦١) .

[3] – بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٢ / ٥٧٠) .

بە لیقای پەروەردگاری بگات . دەیفەرموو : (تکام وایە خودا خەفەم نەکات (نەمخنکێنێ) وەك خەڵکی دەخنکێنێت) – مرۆڤ لە کاتی گیانکێشاندا هەناسەی گیر دەبێ و دەخنکێت.

ئەوەبوو لە کاتێکدا خەریکی شەو نوێژ بوو لە نیوەشەودا ، و لە کاتی کڕنوشدا ، وەفاتی کرد . کچەکەی لە خەونیدا بینیبووی کە باوکی مردووە ، بەتۆقیوی خەبەری بوویەوە ، و دایکی بانگ کرد : پرسی : باوکم لە کوێیە ؟

وتی : لە جێگای نوێژەکەیەتی : بانگی کرد ، وەڵام نەبوو ، دەویست بە ئاگای بێنێت – ڕایوەشاند – دەبینێ وەفاتی کردووە[١] .

ابو حسانی زیادی و ابو عبید ، دەڵێن : ساڵی (٧٥)ی کۆچی وەفاتی کردووە (ڕەزای خوای لێ بێت) .

[١] – بڕوانە / الاصابە (١١ / ٥٦) .

٦٠ - " معاویەی کوڕی ابی سوفیان (رضي الله عنه) "

" خاڵی موسڵمانان و نوسەری سروشی پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

کێ یە ؟ معاویەی کوڕی ابوسفیانی کوڕی امیەی کوڕی عبدشمس ی عبدمنافە .. پێشەوای ئیمانداران ، میری ئیسلام ، ابو عبدالرحمن ی قورەیشی ئومەوی مەککی یە [١] ... خاڵی ئیمانداران و نووسەری سروشی پێغەمبەری خوای (ﷺ) جیهانیانە [٢].

هندی کچی عتبەی کوڕی ربیعە دایکیەتی ، وتراوە : لە کاتی (عمرە القضاء)دا و پێش باوکی موسڵمان بووە ، و لە ترسی باوکی نەیوێراوە شوێن پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەوێت ، و لە ڕۆژی فەتحی مەککە دا ئیسلامبوونی خۆی ئاشکرا کرد.

(ابن ابی الدنیا) و غەیری ئەویش دەڵێن کە : معاویە کەسێکی بالاّ بەرزی پێست سپیی جوانچاك بووە .

" چاکەکانی "

١ - لە عبدالرحمن ی کوڕی ابی عمیرە وە ، کەیەکێ بووە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە بە معاویەی فەرموو : (اللهم إجعلهُ هادياً مهدياً و أهدبه) [٣] ئەی پەروەردگار ڕێنمونی معاویە بکەو با ببێتە کەسێکی ڕێنمونیکراو و ، خەڵکیش لەسەر دەستی هیدایەت بدە .

٢ - وە لە ابی ادریسی خولانی یەوە ، دەڵێت : کاتێ عمری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) ، عمیری کوڕی سعدی لە (حمص) لەکار لابرد ، معاویەی کردە والی ئەوێ . خەڵکیش دەیانوت : عمیری لابرد و معاویەی لە جێی دانا !؟

---

[١] - بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٣ / ١٢٠) .

[٢] - بڕوانە : البدایە والنهایە ، ابن کثیر (٥ / ٦١٩) .

[٣] - صحیح / بڕوانە صحیح سنن الترمزی (٢٠١٨) ، فەرمودەی (١٩٦٩) .

عمیریش وتی : کەس باسی معاویە نەکات بە چاکە نەبێت ، چونکە گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە دوعای بۆ معاویە دەکرد و دەیفەرموو : (اللهم اهدبه)[1] ئەی خوای پەروەردگار لەسەر دەستی ئەو خەڵکی ڕێنمونی بکە ...

٣ – وە لە عبدالله ی کوڕی عەمرەوە ، دەڵێت : معاویە (سروش) ی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەنوسیەوە [2].

٤ – لە (عرباض ی کوڕی سارية) وە (رضي الله عنه) ، گوێی لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بووە فەرموویەتی : (اللهم علم معاوية الكتاب ، و الحساب ، و قه العذاب)[3] واتە : خوایەگیان معاویە فێری نووسین و ژماردن بکە و لە ئازار و دەردە سەری بیپارێزە.

وە عمری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) کردوویەتی بە والی بەسەر شامەوە و دواتریش (عوسمان) (رضي الله عنه) پێی لێ ناوە و هەر بە والی شام هێشتویەتیەوە .

پێشەوا (زەهەبی) دەڵێت : ئەوەندە بەسە بۆ کەسێك عومەر بیکاتە پێشەوای هەرێمێك و دواتریش (عوسمان) ، لە کاتێکدا ئەو هەرێمە پڕیەتی لە ناتەواوی و کەلێن ، و هەڵسێت بە ساز کردن و هەڵسانەوەی بە ئەوپەڕی ڕێك و پێکی و خەڵکی بە بەخشندەیی و لەسەر خۆیی خۆی ڕەزامەندکات ، ئەگەر چی هەندێکیان بۆ جارێك دڵیان ئێشا ، قەیدی نیە بامیر وەها بێت ...

– ئەگەر چی هاوەڵانی تری پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر لە ئەم باشتر و چاکساز تر بوون ، بەڵام بە ئەوپەڕی لەسەر خۆیی و سنگفراوانی و بەهێزی زیرەکی و بیروڕای خۆی سەرکردایەتی جیهانێکی کردووە . هەندێکیش هێن و مینی هەیە (واتە خەسڵەتی ناباشیشی کەمێك هەبووە) ، خوا خۆی حوکم دەکات لە قیامەتدا ..

بەگشتی کەسێکی خۆشەویست بووە لەلای ڕەعیەتەکەی ، بیست ساڵ نوێنەرایەتی (شام) و بیست ساڵیش جێنشینی کردووە ، و کەسیش لە بەڕێوەبردنی

---

[1] – (صحيح)ە بەوەی پێش خۆیەوە : (صحيح)ی سوننەتەکانی ترمزی (٣٠١٩) .

[2] – پیاوانی جێی متمانەن : الارنؤوط ((سير اعلام النبلاء ٣ / ١٢٣) .

[3] – احمد لە (المسند) (٤ / ١٢٧) دا گێڕاویەتیەوە . و لە اسنادەکەیدا (حارثی کوڕی زیادی شامی) هەیە ، حافظ لە (التقريب) دا دەڵێت : کەسێکی قسەتەرە (لين الحديث) و باقی پیاوانی فەرموودەکە جێ متمانەن . زەهەبی دەڵێت : فەرموودەکە شاهیدێکی بەهێزی هەیە .

قسەی نەبووە ، بەڵکو نەتەوەکان ملیان بۆ کەچ کردووە و فەرمانڕەوای عەرەب و عەجەمی کردووە ، سنوری فەرمانڕەوایی لە هەردوو حەرەم و مصر و شام و عێراق و خوراسان و فارس و جزیرە و یەمەن و مەغریب و غەیری ئەوانیشدا بووە[1] .

" ڕاسپاردەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی "

لە (المسند) ی پێشەوا (احمد) داهاتووە : (معاویە ، تویشووی سەفەری هەڵگرتووبە ڕێ کەوت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەری بۆی بەرزکردەوە و فەرمووی : (یا معاویة ، ان و لیت امراً ، فاتق الله و اعدل) . واتە : (ئەی معاویە ئەگەر کاروبارێکت گرتە دەست ، ئەوا لە خوا بترسە و دادپەروەربە .

معاویە ، دەڵێت : بەردەوام گومانم وابوو لەو قسەیەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) وە ، کە لە کارێکدا تووشی تاقیکرنەوە دەبم ، هەتاوەکو لە کۆتاییدا تووشی بووم)[2]

" پیاهەڵدانی هاوەڵان (رضي الله عنهم) بۆی "

لە (کورەیب مەولای ابن عباس) ەوە ، دەڵێت : معاویە ی بینی نوێژی شێوانی دەکرد ، پاشان تەنها یەك ڕکات نوێژی (وتر)ی کرد ئەویش بۆ (ابن عباس) ی گێڕایەوە ، ابن عباس فەرمووی : پێکاویەتی (واتە تەواوە) ، کوڕم ! کەسمان لە معاویە شارەزا ترنیین ، نوێژی (وتر)یش یان یەك ڕکاتە یان پێنج یان حەوت یان زیاتر [3].

وە (مجالد) لە (الشعبي) وە لە (الحارث) ەوە ، لە علی کوڕی ابی تالیبەوە (رضي الله عنه) دەگێڕێتەوە ، فەرمووی : ڕقتان لە پێشەوایەتی معاویە نەبێت ، چونکە ئەگەر لە دەستتان بچێ دەبینن کە چۆن سەرەکان لەلاشەدەبنەوە (ە اتە کوشتار دروست دەبێ)[4].

---

[1] – سیر اعلام النبلاء (٣ / ١٣٣) .

[2] – پیاوانی جێ متمانەن : احمد (المسند) (٤ / ١٠١) .

[3] – ارنۆوط دەڵێت: پیاوانی جێ متمانەن و لە (مسندی شافعی) داهاتووە (١ / ١٠٨) سیر (٣/١٥٢).

[4] – بڕوانە / تاریخ الاسلام (٢ / ٣٨٧) .

" هێرشێکی گوماناوی !! "

هەڵپەرستان ، ئەوانەی هەمیشە دەیانەوێ تانە لە ئاینی خوای پەروەردگار بدەن ، ئەو ناکۆکی یەی لە نێوان علی و معاویە دا (رەزای خوای لێ بێت) ڕووی دا کردوەتە پاڵپشتێك بۆ دان لە ئایین و گومان دروست کردن لە نیەتی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) و شتەکانیان سەرەوژوور کردەوە و بەو جۆرە واتاکان شێوان و گۆڕان و ... زۆرێك لە خەڵکی لەرێ لایاندا کە تێنەگەیشتوی یان لەم ئاینە هۆیەك بوو بۆ لادانیان ، پاشان ئەو ڕیوایەتە دروست کراو و پوچانەی کە لە مێژوودا بەمەبەستی دەستکاری کردن و گۆڕینی واتاکان هەڵبەسترا بوو هۆی سەرەکی ئەم لادانە بوو ، لەبەر ئەوە بۆ دەرخستنی هەق و ڕاستی رای زانایانی ئیسلام نیشان دەدەین . بابزانین زانایانی ئیسلام و فەقیه و شارەزایانی نەتەوەی ئیسلام دەربارەی ئەم ناکۆکی یە چی دەڵێن ؟

الحافظ ابن کثیر ، دەڵێت :

(... پاشان ئەوەی لە نێوان معاویە و علی دا هەبوو پاش کوژرانی عوسمان ، لە ڕێی کۆشش (اجتهاد) و بیروڕاوە بوو ، و کوشتارێکی گەورە لە نێوانیاندا ڕووی دا .... وە هەق و ڕاستی لەلای (علی) یەوە بوو ، بەلاَم (معاویە)ش لەلای کۆمەڵی زانایان لە کۆن و ئێستا دا عوزری هەیە (بەهانەی هەیە) ، وە زۆر فەرموودەی (صحیح) هەیە کە شایەتی ئیسلامیەتی هەردوو کۆمەڵەکەیە ، هەروەك لەم فەرموودە (صحیح)ەدا هاتووە :

(تمرق مارقة علی خير فرقة المسلمين ، فيقتلها ادنی الطائفتين الی الحق) .

واتە : کۆمەڵێك کە (خوارج)ن دزە دەکەنە ناو باشترین کۆمەڵ لە موسڵمانان ، و ئەوەیان کە لە هەقەوە نزیکترینیانە ، دەیانکوژێت .

وە (المارقة) مەبەست لە (خوارج)ەکانە و علی و هاوەڵانی دەیانکوژن ، پاشان (علی) دەکوژرێت و کار لە دەستی (معاویە) دا دەمێنێتەوە ئەمەش ساڵی (٤١) ، وە معاویە لە هەر ساڵێکدا دوو جار غەزای ڕۆمی دەکرد ، جارێك لە هاویندا و جارێك لە زستاندا و فەرمانی دەکرد بە پیاوێك لە هۆزەکەی تا (حەج) بەو خەڵکە بکات ، و خۆیشی ساڵی(٥٠) حەجی ئەنجامدا و (یزید) ی کوڕیشی ساڵی (٥١) ... وە لەو ساڵە یان ساڵی دواتر بوو غەزوی . ولاَتی ڕۆمیان کرد ... ئەوە بوو خەڵکێکی زۆر لە هاوەڵە

بەڕێزەکان لەگەڵی چوون هەتا گەمارۆی (قسطنطینة)ی دا ، و لە (صحیح) یشدا هاتووە : (اول جیش یغز و القسطنطینة مغفور لهم)[1] .

واتە : یەکەمین سوپا غەزوی قسطنطینة دەکات خودا لێیان خۆش بووە .

هەروەها (الحافظ الذهبي) ڕەحمەتی خوای لیّ بێت ، دەڵێت : (معاویە لە باشترین ئەو میرانەیە کە دادپەروەری یان بە سەر ستەمیاندا زاڵ بوو ، وە لە خراپەش (هنات) بەری نەبوو ، وە خودا لێی خۆش دەبێت)[2]. بڕوانە : خوێنەری بەڕێز .. لە ئەدەب و ویژدانی (زەهەبی) ڕەحمەتی خوای لیّ بێت .

وە پرسیار لە مامۆستای ئیسلام (ابن تیمیە) کرا ، دەربارەی ئەوکەسەی نەفرەت لە معاویە بکات ، سزای چی یە ؟

فەرمووی : (سوپاس وستایش بۆ خوا ، ئەوەی نەفرەت لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات وەك معاویەی کوڕی ابوسفیان و عەمری کوڕی عاص و وێنەی ئەوان .... ئەوە شایستەی سزایەکی گەورەیە . بە ڕای هەموو پێشەوایان و زانایانی ئەم دینە ، بەڵام لەسەر جۆری سزاکەی جیاوازی ڕا هەیە ، ئایا سزاکەی کوشتنە ؟ یان کەمتر و خوارترە لە کوشتن [3]؟

وە (المیمونی) دەڵێت : احمدی کوڕی حنبل پێی ، وتم : ئەی (ئەبا حەسەن) ئەگەر پیاوێکت بینی یەکیّ لە هاوەڵانی بەخراپە باس کرد ئەوا دەربارەی ئینتمای بۆ ئیسلام تۆمەتباری بکە[4] .

وە (الفضل بن زیاد) ، دەڵێت : گوێم لە ابا عبدالله بو ، واتە : احمدی کوڕی حنبل ، دەربارەی پیاوێك کە لە پلەو پایەی معاویە و عەمری کوڕی عاسی کەم کردبووە وە ، پرسیاری لیّ کرا ئایا پێی دەوترێت (رافضی) ؟

فەرمووی : ئەوەی کەوای لیّ کردووە بوێری یان لە ئاستدا بکات بوونی خراپە یە لە ناخیدا ، هەرکەسیّ یەکیّ لە هاوەڵان بەکەم سەیر بکات ئەوە خراپە لە ناخیدا هەیە[1].

---

[1] – بڕوانە / البدایە و النهایە (٥ / ٦٢٩ ، ٦٣٠) لە باسی ژیانی (معاویە) دا .

[2] – بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٣ / ١٥٩) .

[3] – بڕوانە / مجموع الفتاوی (١٨ / ٣٧ ، ٣٨) طبع (دار الوفاء)

[4] – بڕوانە : البدایە و النهایە (٥ / ٦٤٤) .

لە پاشان : ئەمە ڕای زانایانی ئوممەتە دەربارەی پێشینە پاك و چاكەكانمان .. ئیتر پەلكێشان لەم چاخەماندا چی دەڵێن ؟! وە لە قازانجی كێ ئەم هێرشە گوماناوی یە دەكەنە سەر هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و تۆمەتی دەبەنگی و ناپاكی لێ دەدەن ؟

بانگخوازی گەورە (مامۆستا محمد غزالی) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەڵێت : (لە واقیعدا زۆر خەفەتبار بووم بەوەی كە خەڵكانێكی هیچ و پوچ بەو شێوازە بەدكارانەیە دەبارەی هاوەڵانی پێشنەیە كەمینەكان دەدوێن ، جا ئەگەر ئەو سەركردانەی كە ڕزگاری یان هێناوەتە بوون بەم شێوازە خراپە هێرشیان بكرێتە سەر و سووك بكرێن ، چ لە مێژووی ئومەتمان دەمێنێتەوە ؟

لە ڕاستیدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوكەسەی كە بێ ئەدەبی دەكات لەگەڵ گەورە پیاوانی ئیسلامدا و هەوڵی ڕوشاندنی كەسایەتی یان دەدات لە بازنەی كۆمەڵی موسڵمانان دووری خستووەتەوە ، دەفەرموێت :

(لیس منا من لم یوقر كبیرنا ، ویرحم صغیرنا ، و یعرف لعالمنا حقه) . واتە : لە ئێمە نی یە هەر كەسێ ڕێز لە گەورەكانمان نەگرێ و بەزەیی بە بچوكەكانماندا نەیەتەوە و مافی زاناكانمان نەدات .

وە من بۆیە ئەمە دەڵێم ، چونكە تێبینیم كردووە لەناو پیاوانماندا جۆرە ژاوەژاوێكی ئیسلامی سەری هەڵداوە هەر لە چاخی یەكەمەوە تا ئەم چاخەی ئیستامان ، دەبینی تەنها هەڵەیەك بدۆزەنەوە هەزاران جار گەورەی دەكەن !

باشە لە بەرژەوەندی كێ ئەم جەور و ستەمە ؟ لە قازانجی كێ ئەم ئوممەتەمان لەڕوو لاواز دەركەوێت لە جیهانێكدا كە نەفت و كەساسەكان لە هەوڵی گۆشتگرتندان[2].

" وەفاتی معاویە (رضي الله عنه) "

كاتی سەرەمەرگ وەسیەتی كرد نیوەی دارایی یەكەی بخرێتە (بیت المال). پاشان حاڵی خراپ بوو ، فەرمووی : (نەفرەتت لێ بێت بۆ چ ماڵێك بوویت ، چل ساڵ

---

[1] – بروانە / البدایە و النهایە (٥ / ٦٤٤) .

[2] – الحق المر / محمد غزالی لاپەڕە (١١٦ ، ١١٧) بە دەستكاری یەوە .

خاوەنت بووم ، بیستی ئەمیری و بیستی جێنشینیایەتی ، ئێستاش ئەمە حاڵی منە و چارەنووسی منە لەگەڵتدا ، نەفرەت لە دنیا و ئەوەشی حەزی لە دنیایە.

محمدی ابن سیرین دەڵێت : کاتێ معاویە کەوتە سەرە مەرگ بەردەوام ڕوومەتی دەخستە سەر زەوی و ڕووی وەردەگێڕاو لایەکەی تری ڕومەتی لەسەر زەوی دادەناو دەگریا و دەیوت : ئەی خوای پەروەردگار خۆت فەرمووتە : ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَقَدِ افْتَرَىٰ إِثْمًا عَظِيمًا ﴾ سورة النساء ، آية (٤٨) .

واتە : بەڕاستی خوا خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت ، بێجگە لەوە لەهەر گوناهێکی تر بیەوێت خۆش دەبێت لەهەر کەسێك کە دەیەوێت .

دەسا پەروەردگار بەویستی خۆت بمکەیەکێ لە لێخۆشبوان [1]. وە لە کتێبی (الاحیاء) داهاتووە : (کاتێ معاویە کەوتە گیاندان فەرمووی : دامنیشێنن ، دایاننیشاند، بەردەوام تەسبیحاتی خوای دەکرد پاشان دەستی کرد بەگریان ، فەرمووی : ئەی معاویە دوای پیری و پەککەوتەی یادیی پەروردگارت ئەکەیت ! و ئەوەندە گریا دەنگی گریانی بەرز بووەوە و فەرمووی :

ئەی خوای پەروەردگار لەم شێخە سەر پێچیکارە دڵڕەقەی خۆت خۆش بەو ڕەحمی پێ بکە ، پەروەدگارا پەشێویم کەم کەرەوە و لە تاوانم خۆش بەو میهرەبانی خۆت بگێڕەوە بەسەر ئەم بەندەیەتدا کە لە غەیری تۆ تکاو ڕەجای نیە و جگە لەزاتی تۆ لە کەس دڵنیا نەبووە [2].

وە لە (عبدالأ علی کوڕی میمونی کوڕی مهران) ەوە ، لە باوکیەوە ، دەڵێت : معاویە وەسیەتی کرد ، فەرمووی : (کاتێ خەریك بووم ئاوم دەکرد بە دەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ دەستنوێژ ، کراسەکەی داکەند و منی پێ داپۆشی منیش دوایی لامبرد و هەڵمگرت و سەرە نینۆکەکانیم – ئەوەی کە فڕێ ئەدرێ پاش نینۆك کردن – کۆکردەوە و شاردمەوە ، ئەگەر مردم ، ئەو کراسە بکەنەبەرم و نینۆکەکانی وردکە نەناوچاوم ، بەڵکو بە بەرەکەتی ئەوانە خوا ڕەحمم پێ بکات) [3] ، (ڕەزا و ڕەحمەتی خوات لێ بێت) .

---

[1] – بڕوانە : البدایە و النهایە (٥ / ٦٤٦ ، ٦٤٧) .

[2] – بڕوانە : الاحیاء (غەزالی) (٤ / ٤٨) .

[3] – بڕوانە : تاریخ الاسلامی (٢ / ٣٢٣) ، تاریخ الطبری (٥ / ٣٢٦ ، ٣٢٧) .

" ٦١ - سەعدی کوڕی عبید (رضي الله عنه) "

" شەهیدێک سەرەخۆشی لە خۆی دەکات !! "

ناوی (سەعدی کوڕی عبید) باش لەبەرکەن ، چونکە هەواڵێکی سەیر و سەرسوڕهێنەری هەیە . هاوەڵان بە (سەعدی قورئانخوێن) ناویان دەبرد .

خاوەنی دەنگێکی خۆش و ئاوازێکی نەرم و ناسك بوو کە ئایەتەکانی خوای گەورەی دەخوێندەوە دەرونی پڕ دەکرد لە ترس و هەیبەت و گەورەیی . و دڵەکانی دەهەژاند و فرمێسکی لە چاوان دەباراند .. و قورئان تەواو کاریگەری لەسەر دڵی (سعدی کوڕی عبید) دانا بوو ، پڕی کرد بوو لە ترس و سام و سۆز و تامەزرۆیی بۆ لای پەروەردگار ..

بەوجۆرە کاتێ لەگەڵ دوژمنانی خوا دا ڕووبەڕوو دەبوویەوە ، دەروونی بە هیوا و ئامانجی بە دەست هێنانی شەهادەت بوو تاوەکو خۆی بخاتە ڕیزەکانی ئەو بەڕێزانەی خوای پەروەدگار دەربارەیان دەفەرموێ : ﴿ وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ مِنْ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ وَحَسُنَ أُوْلَئِكَ رَفِيقًا ﴾ سورة النساء ، آية (٦٩) .

- سەعد یەکێکە لەوانەی لەسەر دەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئانیان کۆکردەوە . وە لە هیچ غەزا و بۆنەیەکدا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامادەی بوبێت ، دوانە کەوتووە و بەشدار بووە .

(کاتێکیش پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد ، و دووڕوەکان رووی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا کردوو بە ڕاشکاوی لە ئاین هەڵگەڕانەوە ، سەعدی کوڕی عبید لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەتیبە ئیماندارەوە بوو کە هەڵگەڕاوانی لە (یەمامە) بەسزای خۆیان گەیاند .

سەعد لەسەر مەیدانی جەنگ هەمیشە خۆی دەهاویشتە ناو دەرگاکانی مەرگەوە بە ئومێدی ئەوەی ڕەزامەندی خوا بە دەست بێنێ و شەهید بێت ، بەڵام بەویستی خوای پەروەردگار لە هەموو جەنگەکاندا بە ساغ و سەلامەتی دەمایەوە ئەوجا هەڵمەتی ڕزگار کردنی عێراق هاتە پێش کە پێشەوای دادپەروەر (عمری کوڕی خەتاب) بەڕێی دەکرد ،

سەعد دیسان لە پێشەوەی خەباتکاراندا بوو ، بە ڕۆژ لەگەڵ بێ باوەڕان شەڕی ئەکرد و بە شەویش باوەشی بە قورئانخوێندندا دەکرد .

هەڵمەتەکەش لەسەر کەوتنێکەوە دەچوو بۆ سەرکەوتنێکی دیکە ، تا ڕۆژی (الجسر)[1] هاتە پێش ، ئەو کاتەی شمشێرەکانی (فرس) و فیلەکانیان لە دەوری موسڵمانان زیاد یان کرد و هەڵگری لیوا (ئالاّی) موسڵمانانیان کوشت کە ناوی (ابو عبیدی ثقفی) بوو فیلێك ی زۆر گەورە لەسەری چۆکی داواو پاشان براکەشیان کوشت و دواتر (جبر)ی کوریشی کوژرا ، و یەك لە دوای یەك ئالاکەیان دەدایە دەستی ئەوی تریان ، تالە کۆتایی دا (مثنی کوڕێ حارثە) ئالاّکەی وەرگرت و موسڵمانانی بەرەو جێگایەکی دڵنیا کێشایەوە کە لەوە پاراستنی بە تەواوی تیا بچن .

سەعدی کوڕی عبید یش ئەو کاتە یەکێ بوو لەوانەی خۆیان ڕزگار کرد لە دەستی فارسەکان ، ئەوە بوو کاتێ ئاشی جەنگەکە هێور بوویەوە ، و سەعد بەخۆیدا چوویەوە ، زۆر سەرزەنشتی خۆی کرد کە بۆچی هەوڵی خۆ ڕزگار کردنی داوە ، لە کاتێکدا کە ئەو لە هەموو جەنگێکدا خۆی فرێ داوەتە لێواری مەرگەوە بە ئومێدی شەهید بوون .

وە ئەم هەڵویستەی بەردەوام دەروونی ناڕەحەت دەکرد و خەونی لە چاوانی ئەتۆراند تا ئەوکاتەی بانگبێژی پێشەوا (عمر) بانگی لە موسڵمانان کرد خۆیان بگەیەننە قافڵەی (سەعدی کوڕی ابی وەقاص) کە بۆ کوشتاری فارسەکان بەرێ کەوتبوو ، سەعد ئەمەی بەهەل زانی بۆ قەرە بوو کردنەوەی ئەو هەڵەیەی لە ڕۆژی (الجسر) دا کردی ... سەعدی پاڵەوان شمشێرەکەی هەڵگرت و سواری و لاّخەکەی بوو بەرەو لای سەعدی کوڕی ابی وقاص کەوتەڕێ تا بچێتە پاڵ ڕیزی خەباتکارانەوە و ... لە ژێر ئالاّی یەکتاپەرستیدا خۆی بگەیەنێتە قافڵەکەی سەعدی کوڕی ابی وقاص .

ئەوجا سەعدی کوڕی ابی وقاص ، سەعدی کوڕی عبیدی ناردە لای نعمانی کوڕی منذر ی پادشای نەصرانی (حیرة) کە بەفەرمانی (کسری) دەیویست لەگەڵ موسڵماناندا وتوێژ بکات ... سەعد دێتە ناو کۆشکی بەرز و سەر بڵندی (نعمان) ، دەست و پێیەکەی (نعمان) هاواری لێ دەکەن کە کڕنووش بۆ نعمان بەرێت ، بەلاّم ئەو گاڵتەی لێ دێت و بەردەوام دەڕوات تا دەگاتە لای تەختی پاشایەتی یەکەی (نعمان ، و

---

[1] – ناو نراوە پردی ابی عبید .

بەعیززەتەوە پەیامی موسڵمانانی پێ دەگەیەنێت کە ئەویش ئەوەیە : یان دەبێ موسڵمان ببن یان سەرانە بدەن بە ملکەچی ، یان شەڕ بکەن .

پاشان سەعدی کوڕی عبید گەڕایەوە لای سەر کردەکەی و وەڵامی (نعمانی) لە خۆبایی پێ یەکە نەفسی خراپەکار و باڵا دەستی شەیتان بەسەریدا هیچ ڕێگەیەکی دیکەی پێ قبوڵ نەکرد ... کوشتار نەبێت .

وە لە ڕۆژی دواییدا سەعدی کوڕی ابی وقاس سوپاکەی ئامادە کرد و سەعدی کوڕی عبیدی بەسەر دەستە ڕاستی سوپاکەوە دانا شەڕ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو ، کوژراوان بەبێ ژماردن لەوناوەدا کەوتبوون ، پاشان شەڕەکە لە ئێوارەی ڕۆژی دووەمدا بڕێك هێور بوویەوە ، ئەوجا سەعدی کوڕی عبید هەستا و وتاری بۆ سەربازەکانی دەستە ڕاست داو فەرمووی :

(ئەی ئەوانەی خۆتان بە پەروەردگار فرۆشتووە ، سبەینێ بە دوژمنانمان دەگەین و شەهید دەبین و کەس نامانشوات و بەجلەکانمانە وەسپاردە ئەکرێین !!! و لە ناو سەربازاندا چپەیەکی نزم دەستی پێ کرد : وەك ئەوەی سەعد بۆ ئێمە خۆی دەلاوێنێتەوە و سەر خۆشی دەکات .

هەرواش بوو ، ئەوەبوو لە ڕۆژی سێیەمی شەڕەکەدا ڕۆژی (الهریر) سەعدی کوڕی عبید وەها بەرەو ڕووی شەر بووە وە وەك ئەوی لە دەرگاکانی بەهەشت بدات ، و ئەوەی ویستی بە دەستی هێنا و شەهید بوو ... موسڵمانانیش ئەو ڕۆژە سەرکەوتنێکی ناوازەیان بە دەست هێنا ... و مژدەی سەرکەوتن گەیشتە پێشەوا (عمری کوڕی خەتاب)، ئەویش دەستی بەستایش ی پەروەردگاری کرد ، بەڵام هەواڵی شەهید بوونی سەعدی کوڕی عبید وەك هەورە تریشقەدا دەبەزیە سەر دڵی عومەر (رضي الله عنه) و بۆ ئەو و بۆ هاوەڵانی تری شەهید بووی زۆر نارەحەت دەبێ ، دەفەرمووێ : سوێند بەخوا کوژرانی سەعد ئەم خۆشی یەی لێ زەوت کردم [1]. (ڕەزای خوا لەسەر سەعد و هاوەڵانی) .

[1] – بروانە : (مواقف بطولیة من صنع الاسلام . زیادة ابو غنیمة) (٧٧ – ٨٠) .

" ٦٢ - عەمری کوڕی عاص (رضي الله عنه) "

" خەڵکی موسڵمانان بوون و عەمری کوڕی عاص ئیمانی هێنا"

فەرمووده

کێ یە ؟ پێشەوای ئەمیر ، عەمری کوڕی عاصی کوڕی وائلە . بلیمەتی ناو قوڕەیش ، و پیاوی زانا و کەسێکە لە زیرەکی و قایمکاری و و هۆشیاریدا بە نموونە دەهێنرێتەوە.

لەسەرەتاکانی ساڵی هەشتدا بە هاوەڵی خالدی کوڕی وەلید و عوسمان کوڕی تەڵحە بە موسڵمانی کۆچیان کرد بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەویش بە هاتن و موسڵمان بوونیان خۆشحاڵ بوو ، عەمری کردە سەرکردەی بەشێك لە سوپا و بۆ غەزا ئامادەی کرد .. بخاری دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردیە سەرکردەی سوپای (ذات السلاسل) . لە مەدینە دابەزی و دواتر لە میصر و لەوێ وەفاتی کرد .

چاکەکانی

١ - لە ابی هریرەوە (رضي الله عنه) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (إبنا العاص مؤمنان ، عمر و هشام)[١] واتە : هەردوو کوڕی (عاص) ، کە (عەمر و هشام)ن ئیماندارن .

٢ - لە (عقبە) وە دەڵێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەیفەرموو : (اسلم الناس و آمن عمر و بن العاص)[٢] واتە : خەڵکی موسڵمان بوون ، بەڵام عەمری کوڕی عاص باوەڕی هێنا .

٣ - زەهەبی ، دەڵێت : لە (ابی عوسمان نهدی) یەوە بە (صحیح) ی هاتووە ، لە عەمری کوڕی عاصەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەمری کردوەتە سەرکردەی سوپای (ذات السلاسل) لە کاتێکدا کەسانی وەك ابوبەکر و عومەر لەناو سوپاکەدا بوون[٣] .

---

[١] - دانەپاڵەکەی (حسن)ە : احمد دەری هێناوە (٢ / ٣٠٤) غەیری ئەیوش .

[٢] - دانەپاڵەکەی (حسن)ە : احمد (٤ / ١٥٥) ، ترمزی (٣٨٤٤) .

[٣] - صحیح : بخاری دەریهێناوە (٧ / ١٨ ، ١٩) مسلم (٢٣٨٤) .

هەروەها زەهەبی ، دەڵێت :

(عەمر لە شەڕ و جەنگدا لە هەموو پیاوانی قورەیش زیاتر ڕای دروست و بەتەکبیر بووە و قایمکار تر و لێهاتوو تر بووە و بەرچاو ڕونتر بووە . هەروەها لە میرە خانەدانەکانی عەرەب و گەورە پیاوانی کۆچبەران بووە ، خوداش لێی خۆش دەبێت و دەبورێت .. خۆشەویستی بۆ دنیا و خۆگلاندنە چەند شتێك نەبوایە ، عەمر بۆ کاری جێنشینایەتی زۆر شیاو بوو ، لەڕاستیدا ئەو پێشینەیەکی هەبوو کە معاویە پێشینەی وای نەبوو ، ئەوە بوو بە هۆی بەرچاو ڕوونی و بلیمەتی یەوە کراوەتە ئەمیر بەسەر پیاوانی وەك ابوبەکر و عومەر (ڕەزای خوایان لێ بێت)[1] .

" موسڵمان بوونی "

لە (قەیسی کوڕی سمعی) یەوە ، عەمری کوڕی عاص وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! بەیعەتت دەدەمێ لەسەر ئەوەی کە خوا لە تاوانەکانی پێشوم خۆش بێت ؟ فەرمووی : (ان الاسلام و الهجرة يجبان ماكــان قبلــهما) واتە : ئیسلام و هیجرەت هەموو پێشینەکان دەسڕنەوە لە گوناه و تاوان .

دەڵێت : سوێند بە خوا لە هەمووان زیاتر لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەرمم دەکرد ، هەرگیز چاوم لە بینینی تێر نەبووە و نەمتوانیوە چاوم لە ئاستیدا هەڵبرم[2] .

– هەروەها لەگەڵ کۆچبەرانی (حبشە) دا چیرۆکێکی هەیە و پێشتر لە ژیانی (جعفری کوڕی ابی تالیب) دا باسمان کرد (رضي الله عنه) .

" دڵسۆزیی عەمر (رضي الله عنه) "

لە (موسای کوڕی علی) یەوە لە باوکیەوە ، گوێی لە عەمر بووە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردی بەدوامدا و فەرمووی :

---

[1] – بڕوانە : سير اعلام النبلاء (٣ / ٥٩) .

[2] – احمد لە (المسند) دەریهێناوە (٤ / ٢٠٤) .

(خذ عليك ثيابك و سلاحك ، ثم ائتني) واتە : جل و بەرگەکانت (جلی شەڕ) بپۆشە و چەکەکەت هەڵگر و وەرە بۆ لام . منیش چووم بۆ لای دەبینم دەستنوێژ دەگرێت ، چاوی لێم هەڵبڕی و لێمی ڕووانی و فەرمووی : (اني اريد ان ابعثك على جيش ، فيسلمك الله و يغنمك ، و أرغب لك رغبة صالحة من المال) . واتە : من ئەمەوێت بەسەر سوپایەکەوە ڕەوانەت کەم ، تکام وایە خودا سەلامەتت کاو غەنیمەتێکی باشیش بەنسیبت بکات ، وەمن ئارەزوویەکی باشت بۆ دەکەم ماڵ و دەستکەوتێکت چنگ بکەوێ منیش وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! من لەبەر ماڵ و سامان موسڵمان نەبووم ، بەڵکو ڕەغبەتم لە ئیسلام خۆی بوو بۆیە موسڵمان بووم ، هەروەها لەبەئەوەی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا بم . فەرمووی : (يا عمرو ، نعمّا بالمال الصالح للرجل الصالح)[1] واتە : ئەی عەمر ، باشترین شت ماڵی چاکە بۆ پیاوی چاك .

" فیقهی عەمر (رضي الله عنه) "

هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زانست و کاریان پێکەوە گرێ دەدا .. هەیانبوو لە نوێژدا ئیمام و پێشەوا بوو ... لە خەباتیشدا دیسان وا بوو ، سەرێکیش بوو لە زانست و کارکردن دا و بەو جۆرە بوونە پێشەنگی میللەتان ، و ولاتان ملیان بۆ کەچ کردن . لە ڕاستیدا هۆی دواکەوتنی میللەتان دەگەڕێتەوە بۆ تەممەڵی و کار دواخستن و نەبوونی بڕوا .. و بواریان بۆ دوژمنان کردەوە سەرکردایەتی یان بکەن ، بەڵام ئەوەی لە عەمری کوڕی عاص بڕوانیێ ، دەبینی لە جەنگەکاندا سەرکردایەتی دەکات و لە ئایینەکەشیدا شارەزا و فەقیهێکە . دەفەرموێ : لە شەوێکی ساردی شەوەکانی غەزای (ذات السلاسل) دا تووشی (احتلام) بورم ، لەبەرزۆری سەرما ترسام لەوەی ئەگەر خۆم بشۆرم تیابچم ، بۆیە (تەیەموم) م کرد و پاشان نوێژی بەیانیم بۆ هاوەڵەکانم دابەست ، ئەوانیش ئەمەیان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) گێڕایەوە ، فەرمووی : (يا عمرو و صليت باصحابك و انت جنب ؟) واتە : ئەی عەمر ئەلێی بەلەش پیسی یەوە نوێژت بۆ هاوەڵانت دابەستووە ؟ دەڵێت : منیش هۆی خۆ نەشۆردنەکەم بۆ باس کرد و وتم : گوێم لێ بووە

[1] – دانەپاڵەکەی (صحيح)ە ، احمد وە بخاری لە (الادب المفرد) دا (٢٩٩) .

لە ئایەتێکدا پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿ ... وَلاَ تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴾ سورة النساء ، آية (٢٩) . واتە : خۆتان مەکوژن ، بەڕاستی خوا میهرەبانە پێتان . پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی و هیچی نەوت [١] .

" خەباتی عەمر (رضي الله عنه) "

عمری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) سەیری عەمری کوڕی عاصی کرد و فەرمووی : ناکریٚ (ابی عبدالله) بەسەر زەویدا بڕوات ، ئیلا دەبیٚ پێشەوا بێت .وە ئەگەر بەدوای هەڵوێستە خەباتکارەکانیدا بگەڕێنین ... ئەوا بوار نابیٚ باسی بکەین و بیژمێرین ... تەنها ئەوەندە بەسە بزانین کە :

١ – لە یەرموك پاڵەوانێتی خۆی سەلماندووە .

٢ – ابو عبیدە ، ناردوویەتی بۆ حەلەب و انتاکیە و لەگەڵ ئەهلی ئەو دوو جێگایەدا ئاشتەوایی کردووە ، هەموو (قنسرین)ی بە زۆر ئازاد کردووە .

٣ – بەرەو میصر ڕۆشتووە و ئازادی کردووە .

٤ – ئەسکەندەری یەی ڕزگار کردووە .

٥ – ساڵی (٢٤) تەرابلوسی ڕۆژئاوای ڕزگار کردووە ، وتراویشە کە ساڵی (٢٣) بووە ، ئیدی دوژمنانی عەمر و ئەوانەی ڕقیان لێەتی ، خۆیان چی یان بۆ ئیسلام کردووە ؟ لە ڕاستیدا دوژمنانی ئیسلام چەند شتێکیان بە درۆ و بوختان بۆ هەڵبەستووە کە لێی بەری یە ، ئاگادار بن . ئەوەیشی لە ڕۆژی (حنین) دا ڕووی دا ... لە باسی ژیانی (معاویە)دا (رضي الله عنه) شتێکمان باس کرد . و لەو کاروبارانەدا بووەستین و لەسەری نەڕۆین باشترە .

[١] – (حسن) ، ابو داود و بیهقی گێڕاویانەتەوە ، بخاری لە صحیحەکەیدا بە هەڵپەسێردراوی هێشتویەتیەوە (١ / ٣٨٥) .

" كۆتایی ئەمیر و دواوتەكانی "

١ – لە (عوانەی كوڕی حكم)ەوە ، دەڵێت : عەمری كوڕی عاص فەرمووی : سەیرە ئەو كەسەی مردن بەرەو ڕووی دێت و هۆشی بە خۆیەوەیەتی (عەقڵی لەگەڵدایە)، چۆن وەصفی مردن ناكات ئەوە بوو كە مردن لە عەمر نزیك بوویەوە ، كوڕەكەی ئەم قسەی خۆی وەبیر هێنایەوە ، و پێی وت : وەصفی بكە ، فەرمووی : كوڕم ! مردن زۆر لەوە گەورەترە وەصف بكرێت ، بەڵام بۆت وەسف دەكەم ، ئەزانی هەست بە چی ئەكەم ؟ وەك ئەوەی كێوی (رضوی) بەسەر گەردنمەوە بێت و ناوسكم پڕبێت لە دڕك و گیانم لە كونە دەرزی یەكەوە وا دێتەدەر[1] .

٢ – لە عبدالله ی كوڕی عەمرەوە ، دەڵێت : باوكی لە كاتی سەرەمەرگدا فەرموویەتی : ئەی خوای پەروەردگار ، تۆ فەرمانت بە چەند كارێك كرد و ڕێگریت لە چەند كارێك كرد ، ئێمەش زۆرێك لە فەرمانەكانی تۆمان واز لێ هێنا و لەناو زۆرێكیش لە قەدەغە كراوەكانتدا ڕۆچووین . پەروەردگارا هیچ خودایە نیە جگە لە زاتی تۆ پاشان پەنجەی شایەتومانی بەرزكردەوە و بەردەوام (لااله الا الله)ی دەوت، هەتا گیانی دەرچوو (رضي الله عنه)[2] وە لە (ابی نوفل ی كوڕی ابی عقرب) ەوە ، دەڵێت: عەمر لە سەرەمەرگیدا زۆر بێ هیوا بوو لە خۆی . (عبدالله)ی كوڕی پێی وت : بۆ ئەوەندە بێ هیوایت ، لە كاتێكدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە تۆ نزیك بووەتەوە و بەكاری هێناویت بۆ زۆر كار ! فەرمووی : بەڵێ كوڕم ، وایە ، بەڵام با پێت بڵێم ، سوێند بەخوا ، نازانم لەبەر خۆشەویستی بوو بۆ من یان لەبەر دڵنەوایی كردنم بوو (تا زیاتر ئیسلامم خۆش بوێت – وەرگێڕ) ، بەڵام شایەتی دەدەم بۆ دوو كەس كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دنیای بە جێ هێشت خۆشی دەویستن ، ئەوانیش (عەمماری كوڕی یاسر و عبدالله ی كوڕی مەسعود)ن. ئەو جا كە مەرگ زۆری پێ هێنا ، دەستی خستە لای چەناگەی و فەرمووی : (ئەی پەروەدگار فەرمانت پێ كردین ، وازمان هێنا ، و ڕێگریت لێ كردین ، ئەنجاممان دا ، و هیچ

---

[1] – ابن سعد دەری هێناوە (٤ / ٢٦٠) .

[2] – ابن عساكر (١٣ / ٢٦٨) باسی كردووە .

ڕێگایەکمان نی یە جگە لە لیٚ خۆش بوونی تۆ نەبێت ... بەردەوام داوای لێخۆشبوونی دەکرد هەتا گیانی سپارد [1] .

وە لە عبدالله کوڕی عەمرەوە ، دەڵێت : باوکی وەسیەتی بۆ کردووە : – ئەگەر مردم ، جارێك بە ئاو بمشۆرە و لە جلێکدا وشکم بکەرەوە ، پاشان بۆ جاری دووەم بە ئاوی پاك بمشۆرە و وشکم کەرەوە و بۆ جاری سیٚ یەم بە ئاوێك بمشۆ کافوری تێدا بێت ، ئەوجا وشکم کەرەوە و پاشان جلەکانم لەبەر کەو پاشان ئەگەر لەسەر جێگاکەم هەڵتگرتم دوو هەنگاو بڕۆ کەمێك بوەستە ، و لە دوای جەنازەکەمەوە بە ، چونکە پێشەوە بۆ فریشتەکانە [2] و دواوە بۆ نەوەی ئادەمە ، وە ئەگەر بەگۆڕت سپاردم خۆڵم بەسەردا ڕۆبکە ، پاشان وتی : ئەی پەروەردگار فەرمانت پیٚ کردین ، بەڵام گوێمان پێنەداو ، ڕێگریت لیٚ کردین ، بەڵام ئەنجاممان دا ، وە ئێستا کەسێکی بیٚ تاوان نیم تا بەهانەت بۆ بێنمەوە ، و هەروەك دەسەڵاتم نیە خۆم ڕزگار کەم ، بەڵام هیچ خودایە نیە جگە لە زاتی ﴿ اللَّهُ ﴾ ، بەردەوام دەیوتەوە تاگیانی سپارد [3] . (یحی کوڕی بکیر) ، دەڵێت : عەمری کوڕی عاص شەوی جەژنی ڕەمەزان ساڵی (٤٣) لە میصر وەفاتی کرد ، و جەژن سپاردەکرا ، عبدالله ی کوڕی نوێژی لەسەر کرد ، تەمەنی عەمر ئەوکاتە نزیك دەبووە وە لە (سەد) ساڵ [4] وە ماڵ و سامان و موڵك و بەندەیەکی زۆری لە دوای خۆی بەجیٚ هێشت [5] .

---

[1] – دانەپاڵەکەی (صحیح) ە / احمد لە (المسند) ڕیوایەتی کردووە (٤ / ١٩٩ ، ٢٠٠) .

[2] – ئەلبانی دەڵێت : بە فیعلی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جێگیر بوو / احکام الجنائز (٧٣) .

[3] – دانەپاڵەکەی بەهێزە / طبقات ، ابن سعد (٤ / ٢٦٠) .

[4] – هیثمی دەڵێت : گیرانی گێڕاویەتیەوە ، پیاوانی جێی متمانەن تا بێژەرەکەی المجمع (١٥٩٠١) .

[5] – بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٣ / ٧٧) .

" ٦٣ - محمدی کوڕی مەسلەمە (رضي الله عنه) "

" ئاژاوەکە زیانی پێ ناگەیەنێت " فەرموودەی پیرۆز

محمدی کوڕی مەسلەمەی کوڕی سەلەمەی کوڕی حریش ی ئەنصار ی ئەوسی یە. لەبەدر و جەنگەکانی دوای بەدریش بەشدار بووە . ابن سعد ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ (ابی عبیدە) دا کردنی بەبرا ، و لە جەنگی (تبوك) دا بەسەر مەدینەوە داینا[1] .

زەهەبی ، دەڵێت :

" محمد (رضي الله عنه) لەوانە بوو خۆیان لە ئاژاوە کە کەنارگیری کرد . و نەلە (الجمل) و نەلە (صفین) بەشدار نەبوو ، بەڵکو لە تەختە شمشێرێکی بۆ خۆی دروست کرد و بەرەو (ڕەبزە) ڕۆشت و ماوەیەك لەوێ مایەوە[2] "

وە پێشەوا عمر (رضي الله عنه) بۆ کۆکردنەوەی زەکاتی (جهینە) بەکاری هێناوە ، وە ئەگەر یەکێ لە کرێکارەکانی سکاڵایەکی ببردایەتەلای (عمر) (رضي الله عنه) ئەو، محمدی بۆ دەناردن تا بزانێت کێشەکەیان چی یە .

وە ئەم بوو کە (کعب ی کوڕی ئەشرەف جولەکە)ی کوشت ، هەروەك لە هەردوو (صحیح) دا هاتووە .

کوشتنی (کعب ی کوڕێ ئەشرف) :

کەعبی کوڕی ئەشرەف تا غوتێکی زۆرداری جولەکە بوو کە پەیمانشکێنی لەگەڵ موسڵماناندا کردوو ، یارمەتی و هانی (قریش) ی دەدا بۆ سەر عەرەبەکان ، دەربارەی کوژراوانی بێ باوەڕانی ڕۆژی بەدر ئەیوت : ئەوانە پیاو ماقوڵانی عەرەب و پاشای خەڵکن ، سوێند بەخوا ئەگەر (محمد) دا بێتی لەوانە ، دەی ئەوە ناوجەرگەی زەوی باشترە لە سەرپشتی زەوی .

لە (جابری کوڕی عبدالله)وە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (من لكعب بن الاشرف ؟ فإنه قد آذى الله و رسوله) . واتە : کێ ئامادەیە بۆ کوشتنی کەعبی

---

[1] - بڕوانە / تاریخ الاسلام (٢ / ٣٠٥) ی پێشەوا زەهەبی ط . دارلعذ العربي .

[2] - بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (٢ / ٣٩٦) . الاصابە (٩ / ١٣٢) .

کوڕی ئەشرەف ، بەڕاستی ئەو ئازاری خودا و پێغەمبەرەی داوە (واتە بێ شەرمی کردوە لە ئاستیاندا) محمدی کوڕی مسلمە هەڵساو فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، حەز ئەکەی بیکوژم ؟ فەرمووی : بەڵێ ، وتی : دەی مۆڵەتم بدە باشتێ بڵێم . (واتە باپلانێکی بۆ دانێم)

فەرمووی : بیڵێ ..

ئەوجا محمدی کوڕی مسلمەمە هات بۆ لای (کعب) و پێی وت : ئەم پیاوە (واتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای (صدقه) مان لێ ئەکات ، بەڕاستی ماندوی کردوین ، ئێستا من هاتووم داوای قەرزت لێ بکەم) .

وتی : بەڕاستی تاکەی وازی لێ ناهێنن و بەگوێی ئەکەن ؟ وتی : بڵێین چی ، تازە شوێنی کەوتوین و نامانەوێ وازی لێ بێنین تا بزانین کۆتایی یەکەی بە چی ئەگات ، ئێستا هاتووین باری وشترێ یا دوو حوشترمان بەقەرز بدەیتێ . ئەویش وتی ، باشە ، بەڵام شتێکم بە بارمتە لەلا دانێن . وتیان ، چی دانێین ؟ وتی : ئافرەتەکانتان . وتیان : چۆن ئافرەتەکانمانت لەلاە دائەنێین لەکاتێکدا تۆ جوانترین کەسی عەرەبیت ؟!

وتی : دەی کوڕەکانتان ..

وتیان : چۆن کوڕەکانمانت بە بارمەتە پێ بدەین ، دوایی ئەگەر شەڕیان بوو ، بەیەکتر بڵێت ، تۆ لەبری یەك دووبارە حوشتر کراویت بەبارمەتە ؟ ئەوە دەبێتە نەنگی وعەیبە بۆمان ، بەڵکو چەکت بۆ دێنین بە بارمتە ، و وادەیەکیان دانا کە تیایدا چەکەکەی بۆ بێنێت ، ئەوە بوو شەو هاتەوە بۆ لای کەعب و (نائلە) شی لەگەڵدا بوو – نائلە برای شیریی کەعب بوو– وبانگیانی کردبۆ لای قەلاکەیەوە و خۆیشی چوو بۆ لایان ، ژنەکەی پێ وت : بەم سەعاتە بۆ کوێ ئەچیتە دەرەوە ؟

وتی : مەترسە ئەوە محمەدی کوڕی مسلمەی برامە (وەك برامە) و لەگەڵ ابو نائلەی برامدا . وتی : بەڕاستی بۆنی خوێن دەکەم .وتی : بۆچی وا ئەترسی ، وتی: خۆ محمەدی برام و برای شیریم أبو نائلە یە ، وکەسی بە خشندە وبەڕێز ئەگەریش بۆلێدانی بە خەنجەریك بە شەودا بانگ بکرێت هە ردە چێت بەدەم بانگگەرەکەیە وە[1] .

---

[1] – ئەبێ چ رێز و بەخشندەیی یەك لای ئەم نەفرەت لیَ کراوە هەبێ ؟!

ئەوەبومحمەدی کوری مەسلەمە خۆ ی و چەندپیاویك کە (أبو عبس ی کوری جبر و حارث ی کوری أ وس وعبادی کوری بشربوون) چونە ژورەوە ، محەمەد وتی :

ئەگەر هات بۆلام شتێك لە سەرسەروقژی ئە لیم وبۆنی ئەکەم ، وەئێوەش هەرکە زانیتان توانام بە سەریدا شکایەوە لێیدەن . ئەوە بوخۆی ڕێك وپێك کردبووبۆنیکی خۆشیشی لێ دەهات ، محمد وتی: بەراستی تائێستابۆنی واخۆشم نەکردبوو.

وتی : من لە بۆنخۆشترین ئافرەتانی عەرەب و کامڵترنیانم لەلایە .

وتی : مۆڵەتم ئەدەی بۆنی سەرت بکەم ؟

وتی : بۆنا ، ئەویش بۆنی کرد و پاشان ئاماژەی بۆ هاوەڵانی کردو وتی : مۆڵەتم ئەدەی ؟ وتی : بەڵێ : ئەوە بوو لەوکاتەدا وتی : وەرن بیکوژن ، کوشتیان و پاشان هەواڵەکەیان دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)[1] . فەرمانکردنی بە چاکەو ڕێگریکردنی لە خراپە:- لە موسای کوری ابی عیساوە ، دەڵێت :

عومەر (رضي الله عنه) هاتە لای شەربەی (بنی حارثة) وە ، محمدی کوری مەسلەمەی بینی ، فەرموی : ئەی محمد ، چۆن لە من دەروانی ؟ وتی : چۆن حەزئەکەم ، وەها دەتبینم ، یان ئەوەی خەیروچاکەی تۆی دەوێت ،چۆن حەز دەکاتوەهایت ، لەسەر کۆ کرنەوەمان بەهێزیت و لێی پاکیزەیت و لە دابەشکردنیدا دادپەروەریت ، وە ئەگەریش لاتدا ڕاستت دەکەینەوە هەروەك چۆن تیر لە ناو (ثقاف) • دا ، ڕاست دەکرێتەوە ، ئەویش فەرمووی : سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە منی خستووەتە ناو خەڵکانێك ئەگەر لامدا ، ڕاستم دەکەنەوە [2] .

" کەنارگیر کردنی لە فیتنەکە "

کاتێ ئاژاوەکەی (جمل و صفین) هەڵگیرسا .. محمدی کوری مەسلەمە خۆی لێ دورر خستەوە و نیشتەجێی (ڕەبزە) بوو .

---

[1] – بخاری و مسلم گێراویانەوە .

• ئامرازێکە بۆ تیژکردن .

[2] – پیاوانی جێی متمانەن / بەڵکو بە بچڕ بچڕی هاتووە . الارنؤوط پەڕاوی / (سیر ٢ / ٣٧٢) .

لە ابی (بوردە)وە ، دەڵێت :

لـەلای (رەبـزە)دا ڕەت بـوین ، چـاومانکەوت بـە خێوەتگاکـەی محمـدی کـوڕی مەسلەمە ، پێم وت : بۆ ناچیتە لای ئەو خەڵکە و قسەیەکی باشیان بۆ بکەیت ؟

وتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێـی فـەرمووم : (یا محمد ، ستکون فرقـة ، وفتنـة و اختلاف فاكسر سيفك ، واقطع و ترك ، و اجلس في بيتك)[1]

واتـە : ئـەی محمـد ڕۆژێ دێ پـەرت پـەرت بـوون و فیتنـە و دووبـەرەکی ڕوودەدات ئـەو ڕۆژە تـۆ شمـشێرەکەت بشکێنە و کەوانـە کەیـشت لـەت بکـە و لـە ماڵەکـەی خۆتـدا دانیشە .

منیش هەر ئەوکارە دەکەم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردووم.

لە حذیفەوە ، دەڵێت :

لـە هـەموو کەسـێك ترسـاوم تووشـی ئاژاوەکـە بێـت ، بێجگـە لـە محمـدی کـوڕی مەسلەمە ، چونکە بە ڕاستی گوێم لە پێغەمبـەری خوا وە بووە (ﷺ) فەرموویـەتی : (لاتضره الفتنة)[2]

واتـە : ئـاژاوە و فیتنـە کـە زیـانی پـێ ناگەیـەنێت . وە لـە (حـسن)ەوە ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) شمـشێرێکی دا بـە محمـدی کـوڕی مـسلمە و پێـی فـەرموو : (قاتل المشركين ، فإذا رايت المسلمين قد اقبل بعضهم على بعض ، فاضرب به احدا حتى تقطعه ، ثم اجلس في بيتك حتى تأتيك يد خاطئة ، او منية قاضية)[3] واتە : لەگەڵ هاوەڵگەراندا بجەنگە ، و هەرکـە بینیـت موسـڵمان ڕووبـەڕووی یـەکتر وەسـتان ، شمـشێرەکەت بـدە بـە کێـوی ئوحوددا تا لەتی ئەکات ، و پاشان لە ماڵەکەتدا دابنیشە تا دەستێکی تاوانکار یان مردنێکی نەگەڕاوە بە سەرتدا دێت .

---

[1] – احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ٤٩٣) تیایدا (علی کوڕی زەید) لاوازە ، و باقی پیاوانی جێ متمانەن .

[2] – پیاوانی جێ ی متمانەن : بغوی ، دەرهێنانی بۆ کردووە الاصابە (٩ / ١٣٢) .

[3] – پیاوانی جێ متمانەن ، بەڵام بچڕ بچڕە ، (حسن) لە محمدی کوڕی مسلمەوە گوێی لێ نەبووە ، احمد گێڕاویەتیەوە (٤ / ٢٢٥) .

وەلە ڕیوایەتێکی تردا لە (زەیدی کوڕی اسلم)ەوە ، (کاتێ پێشەوا عوسمان (رضي الله عنه) کوژرا ، محمدی کوڕی مەسلەمە چووە لای بەردێك و بە شمشێرەکە لەبەردەکەیدا تا شمشێرەکەی لەت بوو [1] . وە اسحاقی کوڕی ابی فروة ، دەڵێت : بە (محمد) یان دەوت پاسەوانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە کاتێ شمشێرەکەی لەت کرد ، لە تەختە شمشێرێکی بۆ خۆی دروست کرد و لە پەنایەکی ماڵەکەیدا دایدەنا ، وە دەڵێت : بە دیوارەکەوە هەڵمدەواسی تا پیاو خراپی پێ بترسێنم .

" چۆنیەتی وەفاتی (رضي الله عنه) "

لە جابری کوڕی عبدالله وە ، دەڵێت :

معاویە لەگەڵ ئەهلی شام دا هاتنە مەدینە ، ئەوە بوو بەیەکێ لە ئاژاوە گێڕانی خەڵکی ئوردون گەیشت کەوا محمدی کوڕی مسلەمە بە بێ لایەنی دانیشتووە و نەلە پاڵ (علی) دا بووە و نە (معاویە) ، ئەوە بوو هێرشی بردەسەر ماڵەکەی و کوشتی [2] . ئەمەش لە ساڵی (٤٣)ی مانگی (صفر) دا بوو ، هەروەك (ذهبي) لە (تاريخ الاسلام) دا دایدەنێ .

---

[1] – بڕوانە : تاريخ الاسلام (٢ / ٣٠٦) .

[2] – بڕوانە : تاريخ الاسلام (٢ / ٣٠٦) .

" ٦٤ - خالدی کوڕی وەلید (رضي الله عنه) "

" شمشێری خودا "

پێناسی :

خالدی کوڕی وەلیدی کوڕی مغیرة ... شمشێری خودا و سوار چاکی ئیسلام و شێری جەنگـەکان ، پێشەوای مـەزن و ئـەمیری پایەبـەرز و سـەرکردەی کۆچبـەران ، ابـو سلیمانی قورەیشی مەخزومیی مەککی و خوشکەزای دایکی ئیماندارانی ، میمونـەی کـچی حارثە .

لە مانگی (صفر)ی ساڵی هەشتی کۆچیدا بە موسڵمانی هیجرەتی کرد ، پاشان بـۆ غـەزا کەوتـەڕێ و لـە جـەنگی (مؤتـە) دا بەشـداریی کـرد کـە هەرسـێ پێشەواکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) داینا بوون زەید و جعفری ئامۆزای و ابن رواحە ، شەهید بوون و سوپاکە بە بێ پێشەوا مایەوە ، تا خالد بە پەلە پێشەوایەتی کردن و ئاڵاکـەی هـەڵگرت و دای بەسەر دوژمندا و بووەمایەی سەرکەوتنی موسڵمانان و پێغەمبـەری خـوایش (ﷺ) ناوی لێ نا (شمشێری خودا) . هەروەها ئامادەی (فەتح) و (حنین) بووە ، و لە ژیانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشەوایەتی کردووە ... دژی هەڵگەڕاوان و موسـەیلەمە شـەڕی کـردووە و غـەزوی عیراقـی کـردووە و خـۆی و چـەند سـەربازێك بە مـاوەی (٥) شـەو لـە سنووری عێراقەوە تا سەرەتای (شام) یان بڕیـوە ، و لـە جەنگـەکانی شـام دا بەشـداری کردووە ، و هـیچ بستێك لـە جەستـەیدا نـەماوە برینـدار نـەکرا بێـت . چاکەکانی زۆرن ، (صـدیق) کردوویەتیـە ئـەمیری هـەموو ئـەمیرەکانی (الاجنـاد) و دیمەشـق ی گـەمارۆ دا و لەگەڵ (ابی غبیدە)دا ڕزگاریان کرد . شەست ساڵ ژیاوە ، کۆمەڵێ پاڵەوانی کوشتووە و دواتر لە سەر جێ وەفاتی کـردووە[١] ، لـە (حمـص) ، ئەمـەش بە ڕای کۆمـەڵی زانایـان لـە ساڵی (٢١) دا بووە .

---

[١] - بروانە: سیر اعلام النبلاء (١ / ٣٦٦ ، ٣٦٧) .

" چەند هەڵوێستێکی مێژوویی لە ژیانیدا "

یەکەم : دوای فەتحی مەککە :

کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ساڵی (الفتح) دا مەککەی ڕزگار کرد ، خالدی نارد بۆ (لات و عوززا) ، ئەویش گەیشتە سەریان و وتی :

یا عز کفرانك لاسبحانك   انی رایت الله قدأ هانك

" واتە : ئەی بتی عوززا بێ باوەڕم بێت نەك ئەوەی پاك و بێگەردیت پێ بڵێم بە ڕاستی ئەبینم کە خودا سەر شۆڕی کردیت "

وە لە (قەتادە) وە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) خالدی نارد بۆ (عوززا) کە لە (هوازن) دا بوو ، فەرمووی : بڕۆ ، لەوێ ئافرەتێك بۆت دێتە دەرەوە ، زۆر ڕەش پێستە و قژی درێژە سنگی گەورە و بالای کورتە ، ئەوە بوو خالد لێیداو کوشتی و فەرمووی : ئیدی عوززا ڕۆیشت و لە ئێستا بە دواوە (عوززا) یەك نی یە بپەرستریٚ [1].

دووەم : گەیشتنی بە (هرمز) : – حمیدی کوڕی منیب دەڵێت : (اوس) ی باپیرم دەیوت ، کەس هێندەی (هرمز) دوژمنی عەرەب نەبوو ، لەبەر ئەوە کە لە کوشتنی (مسیلمە) بوینەوە هاتینە ناوچەی بەصرە و لە (کاظمة) بە (هرمز) گەیشتین ، خالد مەیدانکاری لەگەڵدا کرد (مبارزە) و کوشتی ، (صدیق)یش غەنیمەکەی (هرمز) ی پێ دا کە تەنها کڵاوەکەی بایی سەد هەزار درهەم بوو !!

سێیەم : ڕۆژی مؤتە : وتمان کە پاش شەهید بوونی سێ ئەمیرەکەی سوپای (مؤتە) خالد خۆی کردە پێشەوایان ، دەڵێت : ڕۆژی مؤتە نۆ دانە شمشێر بەدەستمەوە لەت بوو (یان کول بوو) تا لە کۆتاییدا شمشێرێکی یەمانیم بەدەستەوە ما [2].

وە ئەو ڕۆژە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی خالد فەرمووی :

(... ثم اخذ الرایة سیف من سیوف الله حتی فتح الله علیکم) [3] وە پاشان شمشێرێك لە شمشێرەکانی خوا ئالاکەی هەڵگرت و خوا سەری خستن و سوپاکەی هێنایەوە بۆ مەدینە و لە شکستێکی دڵنیا پاراستنی (رضي الله عنه) .

---

[1] – بڕوانە / ابن هشام (٢ / ٤٣٦ – ٤٣٧) .. ئەو ئافرەتانە وەك پاسەوان .

[2] – صحیح بخاری دەریهێناوە (٤٢٦٥) .

[3] – صحیح / بخاری دەری هێناوی (٧ / ٤١٣) هەروەها غەیری ئەویش .

چوارەم : کاتیٚ ئەبوبەکری صدیق (رضي الله عنه) بەڕیٚ کەوت بۆ سەر هەڵگەڕاوەکان ، خالدی کوڕی وەلید ئالاکەی هەڵگرتبوو ، ئەو جا کە خەڵکەکە بەدوای یەکدا هاتن خالدی کردە سەرکردە و خۆی گەڕایەوە مەدینە ، خالد ئەو ڕۆژە دەیوت : نازانم لە کام ڕۆژم هەڵبێم ؟ لەو ڕۆژەی کە پەروەردگارم شەهادەتم پێشکەش بکات یان لەو ڕۆژەی کە خوای گەورە تیایدا ڕێز و کەرامەتم پیٚ ببەخشیٚ [1]؟

پێنجەم : ڕۆژی (یەمامە) : -

دوای ئەوەی عکرمەی کوڕی ابو جەهل و (شرحبیل)ی کوڕی حسنە (رضي الله عنه) سەرنەکەوتن لە لە ناو بردنی هەڵگەڕانەکان لە (یەمامە) ، خالد بەڕیٚ کەوت بۆ ئەویٚ (رضي الله عنه) و لە دووری شەوێك ڕیٚ لە سەربازگەی مسیلمەوە ، هێرشی بردەسەر مەفرەزەیەك لە (بەنی حەنیفە) کە (مجاعەی کوڕی مرارەی حنفی) پێشڕەویان بوو نزیکەی سی تا چل سوارچاکی لەگەڵدا بوو بە دیل گرتنی و هاوەڵانی (مجاعە)ی کوشت و ئەوی هێشتەوە وەك بارمتە بەهۆی ئەوە وە مجاعە لای بنی حنیفە ڕێزێکی هەبوو ، ئەوجا هەردوو سوپا لە (عقرباء) بەیەك گەیشت و شەڕ و کوشتارێکی بیٚ وێنە لە نێوانیاندا ڕووی دا و موسڵمانان شکان تا ئەو کاتەی بنو حنیفە هاتنە خێوەتگاکەی خالد ، بەڵام موسڵمانان دووبارە گەڕانەوە و شەڕ دەستی پیٚ کردەوە ، خالدیش فەرمووی :

(ئەی خەڵکینە ، جیا ببنەوە تا بزانین لە کوێوە بۆمان دێن) و ئەوجا دوای کۆششێکی زۆری پشتیوانانی ئاینی خودا سەرکەوتن بەدەست هات ، سیانزە هەزار موسڵمان سەرکەوتن بەسەر سوپاکەی مسیلمەدا کە نزیکەی " چل هەزار شەرکەر زیاتر دەبوون " .

ئەو ڕۆژە لە پیاوانی (بنی حنیفە) چواردە هەزار کەس کوژران و هەروەها دوژمنی خوا (مسیلمە) و حەوت هەزاری تریش لە گەڵیدا کوژران هەرچی موسڵمانانە لە ناو کۆچبەران و پشتیوانان‌دا (٣٦٠) کەس کوژران و لە کۆچبەرانی غەیری ئەهلی مەدینە (٣٠٠) کەس و لە شوێنکەوتوان (تابعین) سیٚ سەد کەس و لەناو قورئانخوێنان‌دا پێنج سەد کەسیان کوژران ، بە گشتی تێکڕای کوژراوانی موسڵمانان (هەزار و دوو سەد) شەهید بوون . واتە : بەڕێژەی سەدا شەشی کوژراوانی بیٚ باوەڕان ، ئەمەش لە هەرە باشترین سەرکەوتنەکان ئەژمار دەکرێت .

---

[1] - بڕوانە / صفة الصفوة (١ / ٣٣٢) .

" جەنگەکانی خالد (رضي الله عنه) لەگەڵ فارسەکاندا "

خالد (رضي الله عنه) شەڕ گەلێکی لەگەڵ فارسەکاندا ئەنجامداوە ، لەناویاندا هەندێکیان باس دەکەین :

شەڕی (کاظمة) : -

تیایدا هاتووە کە (خالد) بە پیاوێکدا کە ناوی (ازاذبة) بووە پەیامێکی ناردووە بۆ (هرمز)ی سەرکردەی فارسەکان . تیایدا نووسیبووی : (لە پاشان ، موسڵمان بە سەلامەت دەبیت ، یان بۆ خۆت و قەومەکەت بڕیاری دانی (سەرانە – جزیە) هەڵبژێرە ، ئەگەر نا ئەوە تەنها لۆمەی خۆت بکە ، چونکە خەڵکێکم لە گەڵ خۆم بۆت هێناوە ، تۆ چەندە حەزت لە ژیانە ، ئەوان ئەوەندە حەزیان لە مردنە) . هرمز ، موسڵمان بوونی ڕەت کردەوەو خۆی بۆ شەڕ ئامادە کرد .

خالد لە سیاسەتی شەڕدا لە لوتکەدا بوو ، هەروەها توانایەکی نموونەیی هەبوو لە خەلەتاندن و سەر لێ شێواندنی دوژمندا ، بۆ ئەوەی کەمترین زیان لە سوپای موسڵمانان بکەوێت ... هرمز وای بۆ چوو کە (خالد) سەرەتا سوپاکەی بەرەو (کاظمة) بەڕێ دەکات ، بۆیە سەرجەم هێزەکانی خۆی بە ئاراستەی (کاظمة) بەڕێ کرد و لەوێ خۆیان ئامادەباشی شەڕ کرد و چاڵ و خەندەقیان لێدا ، بەڵام خالد کە سوپاکەی کرد بوو بە سێ بەشەوە و ، هەروەها بە هیچ ڕێەکدا نەیبردن تاوەکو لە چاوی دوژمنەکەیدا دیار نەبن و هەتا دواسات لە گومان و سەرگەردانیدا بێت ، ئەوە بوو (خالد) سەرکردەی سوپای فارسی وێڵ کرد و سەری لێ شێواند و بە تێپەڕ بوونی بە (کاظمة) دا و ڕۆیشتن بەرەو (الحفیر) کە لە سەرووی (کاظمة)وە بوو دەکەوتە ڕۆژئاوی (الابلە) ...

ئەوجا (هرمز) هیچ شوێنەوارێکی (خالد)ی لە (کاظمة) بە دی نەکردوو زانی کە ئەوێی تێپەڕاندووە بەرەو (الحفیر) ، تورە بوو ، فەرمانی دەکرد بۆ کەتیبەکانی سوپاکەی کە هەموویان بەرەو (الحفیر) بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی سوپای (خالد) بکەونەڕێ ، و فەرمانی دەرکرد کە زۆر خۆیان ماندوو بکەن و پەلە بکەن تاوەکو پێش خالد بگەنە (الحفیر) ... ئەمەیش هەر ئەوە بوو (خالد) دەیویست ئەویش ماندوو شەکەت کردنی جەستەیی و دەروونی دوژمنەکەی بو پێش دەستپێکردنی شەڕ ، وە هەر بە قەستی (خالد) خاوە خاوی بە سوپاکەی دەکرد بۆ گەیشتن بەرەو (الحفیر) تاوەکو (

هرمز) پێش ئەوان بگات ، وە هەروا بوو (هرمز) پێش خالد کەوت و گەیشتە (الحفیر) و فەرمانی دەرکرد بەسەر سەربازانیدا کە لە (الحفیر) خەندەق لێ بدەن بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ ڕووبەڕو بوونەوەی سوپاکەی خالد ، ئەوجا کە هەواڵدەران هەواڵی ئەوەیان گەیاندە (خالد) کەوا هرمز سەربازەکانی خۆی شەکەت کردووە بە خەندەق لێدان و خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ ، پێچی کردەوە و سوپاکەی بەرەو (کاظمة) گەڕانەوە ..

ئەوە بوو پاڵەوانانی فارس دوای چاڵ و کەندڕەکان ، خۆیان بە زنجیر بەستەوە بە یەکەوە ، تاوەکو ڕووبەڕووی مردن ببنەوە و لێی ڕانەکەن یان سەرکەوتن بە دەست بێنن..

ئەوجا کە هەواڵدەرانی هرمز ئەوەیان پێ گەیاند کە (خالد) و سوپاکەی گەڕاونەتەوە بۆ (کاظمة) ، هەڵچوو ، تووشی شڵژانێکی دەرونی هات ، و فەرمانی بەسەر سوپاکەیدا دەرکرد کە بگەڕێنەوە بۆ (کاظمة) و لەوێ دەبینێ خالد سوپاکەی ئامادە کردووە و چاوەڕێیەتی ، هێزەکانی فارس چەندان ئەوەندەی موسڵمانان دەبوون و (هرمز) ڕێگەی نێوان موسڵمانان و ڕووباری (فرات) ی گرت تا لە ئاو دا ببڕین ، (خالد)یش (رضي الله عنه) وتە هەمیشە زیندووەکەی ئاراستەی موسڵمانان کرد و فەرمووی : (وەرنە مەیدان و بارخانەتان دانێن ، سوێند بەخوا ئاوەکە بۆ پشوو درێژترین و ڕێزدارترین سوپا دەبێت) [1].

ئەوجا (هرمز) خالدی بانگ کرد بۆ مەیدانکاری (مبارزە) ئەویش بێ سێ و دوو وەڵامی دایەوە ، بەڵام (هرمز)ی پیس کە بە نموونەی پیسی دەهێنرێتەوە و زۆرجار دەوترێت (فلان لە هرمز پیسترە) بە هەندێ لە سوارچاکەکانی خۆی وتبوو کە ناپاکی لەگەڵ (خالد) بکەن واتە : بێ ئاگا لێی بدەن ئەوەبوو کە خالد دابەزی هرمزیش دابەزی ، و خالد بەرەوڕووی ڕۆیشت و بەیەک گەیشتن و چەند لێدانێك لە نێوانیاندا ڕووی داو خالد باوەشی پیاکرد (کەبیکوژێ) لەوێدا پاسەوانانی هرمز هاتنە پێش بۆ خالد بە ناپاکی و غەدر و شوێن خالد کەوتن ، بەڵام ئەوە سەر قاڵی نەکرد واز لە (هرمز) بێنێت ، هەروەها (قعقاعی کوڕی عەمر) ی پاڵەوان هاتە پێش لە پاسەوانانی (هرمز) و تەفروتونای کردن ، هەرچی (خالد)یشە هەرزوو لە (هرمز) ی دا و وەك مەڕ سەری بڕی

---

[1] - تاريخ الطبري (٣ / ٣٤٩) .

، و بەمەش فارسەکان بە کوژرانی سەرکردەکەیان کشانەوە و هەڵاتن ، موسڵمانانیش بە دوایاندا خۆیان توند کردەوە و لێیان دەکوشتن و لێیان بەدیل دەکردن و لە فارسەکان کەس نەیتوانی خۆی ڕزگارکات ئەوانە نەبێت کە توانی یان خۆیان بگەیننە کەشتیەکان ، ئەوجا (خالد)یش غەنیمە و کەل و پەلەکانیانی کۆ کردەوە لە ناویشیاندا (زنجیرەکان) و قورسایی هەر زنجیرێکیان هەزار ئۆقیە دەبوو بۆیە ئەو جەنگە ناونرا (ذات السلاسل) ئەبوبەکری صدیق (رضي الله عنه) کلاوەکەی (هرمز)ی دا بە (خالد) کە نرخەکەی سەد هەزار بوو [1] .

شەشەم : جەنگی (الابلّة) : -

خالد سوپاکەی بەرە و (الابلة) بەرێ کرد کە لەوێ ژمارەیەکی زۆری سەربازانی فارسی لێ بوو ، (سویدی کوڕی قطبە ی ذهلي) کە لە سوپاکەی خالد دا بوو ، پێش (خالد) کەوت بەرەو (الابلّة) و لەوێ بازگەی لەو دەوروبەرە دانا ، ئەوجا کە خالد هێزەکەی خۆی گەیاندە بەصرەی ئێستا ، دەبینێ (سوید) چاوەڕێی ئەهلی (الابلّة)یە کە هێرشیی بۆ بێنن و لە دەرەوەی شارەکەیان لە گەڵیاندا بەشەڕ بێت ، بەڵام (سوید) بە (خالد) ی ڕاگەیاند کەوا ئەهلی (الابلّة) لە (خالد) دەترسن و ناوێرن لە قەڵاکانیاندا بێنە دەرەوە مادەم (خالد) لەناو سەربازگەکەدا بێت ، بۆیە (سوید) بە (خالد) ی وت : ئەهلی (الابلّة) بۆ من کۆ بوونەتەوە و وایش گومان ئەبەم کە تەنها تۆ بویتەتە ڕێگر لەوەی هێرشم بۆ بێنن و لە تۆ ئەترسن .

لەوێدا خالد لەگەڵ (سوید) پلانێکیان دانا کە فارسەکانی پێ بخەڵەتێنن و ترسیان نەمێنێ لە هێرش هێنان بۆ (سوید) ئەویش بەوەی کەوا بزانن ئەو (خالد)ەی ئەوان لێی تۆقیون (لە پاش کوشتنی هرمز) سەربازگەی (سوێد)ی بەجێ هێشتووە و جگە لە (سوێد) خۆی هیچ سەرکردەیەکی دیکەی موسڵمانانی لەگەڵدانی یە ، (خالد) بە (سوێد)ی وت : ڕام وایە بەڕۆژ لە سەربازگەکە بچمە دەرەوە و شەو بگەڕێمەوە ناوی، خۆم و هاوەڵانم ، ئەوجا کە ڕۆژ بوویەوە لەگەڵیان بەشەڕ بێ ، ئەوجا خالد پلانەکەی جێ بەجێ کرد بۆ وێڵ کردن وسەرلێشێواندنی چاودێران و پاسەوانانی (الابلّة) ی فارسی و ڕایانکێشێ بۆ شەڕ کردن لەگەڵ (سوێد) ، ئەوە بوو زۆرینەی

[1] - صلاح الامه (٣ / ٥٥٣ - ٥٥٣) .

سوپاکەی بەرۆژی ڕووناك بەرەو (حیرە) بەڕێ کرد ، فارسەکانی دڵنیا کرد کە (خالد) ئەو جێگایەی بە جێ هێشتووە ، کە شەو داهات خالد (ﷺ) هێزەکەی گەڕاندەوە بۆ سەربازگەکە ، ئەوە بوو کە سوپای فارسەکان لە (الابلّة) هاتنە دەرەوە بە ئاراستەی (سوێد) بۆ هێرش کردنە سەری ، هێشتا نەگەشتبوونە سەربازگەکەی (سوێد) دەبینن سەربازانێکی زۆر خۆیان ئامادە کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و هەر کە زانی یان (خالد) لە ناویاندایە و ئەوێی بە جێ نەهێشتووە ، دەستیان وشك بوو نەیانتوانی شمشێرێك بوەشێنن بەرووی (خالد) دا و هەموو ئامانجێکیان ڕاکردن و هەڵاتن بوو بۆ ناو قەلاّکانی (الابلّة) و خێرا ڕایانکرد بەرەو دەرگاکانی شار ، بەلاّم خالد ڕێگەی لێ گرتن و بەو جۆرە سوپای فارس لێك ترازا و پەرتەوازە بوو ، کوژراوێکی زۆریان لێ کەوتەوە و هەندێکیان لەتاوا خۆیان فڕێ دایە ناو ڕووباری دیجلە و فوراتەوە و خنکان ، پاشان (خالد) " معقل ی کوڕی مقرن ی موزنی " نارد بۆ (الابلّة) کە هیچ شەڕکەرێکی تیانەمابوو ، بەبێ شەڕ دەستی بەسەردا گرت و هەرچی تیا بوو لە چەك و تفاق کردیانە غەنیمە [1] .

حەوتەم : جەنگی (المذار) :

(شیرەوەی) پادشای فارس سوپایەکی مەزنی ئامادەکرد و گەورەترین سەرکردەی لەناو سەرکردەکانیدا کە (قارن ی کوڕی قرباس) بوو کردە پێشەوای سوپاکە و بەهاوکاری و پاڵپشتی دوو سەرکردەی بەهێزی تر ئەوانیش : (الانو شجان) و (قباذ) بوون ، هەروەها ئەم سوپایە پاشماوەکانی (المذار) و (کاظمة) و ئەهلی ئەهواز و فارس و سواد و الجبل یشی لە خۆ گرتبوو ، پەیمانیان دابوو کە هەڵنەیەن . ژمارەی هێزەکەی فارس نزیکەی (٨٠) هەشتا هەزار دەبوو ، بەلاّم سوپاکەی خالد لە هەژدە هەزار سەباز تێنەپەڕی ، جەنگەکە بە بانگی قارن بۆ مەیدانکاری (مبارزە) دەستی پێ کرد ، خێرا دوان لە موسڵمانان بەرەوڕووی چوون ئەوانیش (خالدی کوڕی وەلید و معقل ی کوڕی الاعیش النباشی) پاڵەوان بوون . (معقل) بەسەر ئەسپەکەیەوە پێش (خالد) کەوت و لەگەڵ (قارن) دا کەوتە مەیدان و خێرا کوشتی .

---

[1] – صلاح الامه (٣ / ٥٥٤ ، ٥٥٥) .

لەولاشەوە (عاصم ی کوڕی عەمر) هێرشی هێنایە سەر (الانو شجان) و خێرا کوشتی ، پاڵەوانی بە فەڕیش (عدی کوڕی حاتم) خۆی گەیاندە (قباذ) ی سەرکردە و کوشتی ، بۆیە فارسەکان پەرتەوازە بوون بە کوژرانی (قارن) و سەریان لێ شێوا و هەر لەمەیداندا سی هەزار یان لێ کوژرا جگە لەوانەی لە دیجلە دا نقوم بوون [1].

" دڵسۆزی خالد (رضي الله عنه) "

دوای ئەوەی (عمری کوڕی خەتاب) (رضي الله عنه) بەسەر سەرکردایەتی سوپاوە لایبرد ... (خالد) هەروەك جەنگاوەرێك لە (حمص) مایەوە تا نەخۆش کەوت و (ابو الدرداء) هاتە سەردانی ، خالد پێی وت : ئەسپەکەم و چەکەکەم لە پێناوی خوادا بێت و ماڵەکەشم لە مەدینە (صدقە و بەخشش) بێت ، وە من داومەتە دەست (عمر) بەڕاستی ئەو باشترین پشتگیری یە بۆ ئیسلام وە ڕاسپاردەکەو جێبەجێ کردنی پەیمانەکەمم داوەتە دەست (عمر) ، ئەوە بوو کە وەسیەتەکەی بە دەست عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) گەیشت ، قبوڵی کرد و داوای ڕەحمەتی بۆ کرد ... بڕوانە خوێنەری بەڕێز ئەو دڵسۆزی یە و ئەو خۆیەکلایی کردنەوە تەواوە بۆ پەروەردگار و بۆ ئاینەکەی .. عومەری کوڕی خەتاب لەسەر کار لایبردووە ، کەچی هیچ نەگۆڕاوە لە ئاستیدا ، چونکە ئەو بە دوای پێشەوایەتیدا ناگەڕێ ، بەڵکو تەنها بەدوای ڕەزامەندی خوای گەورەدا دەگەڕێ .

" باشتر لە شەوی بووك گواستنەوە "

خۆشەویستی جیهاد دڵی (خالد)ی داگیر کرد بوو ... وە ئەو تەنها لەسەر پشتی ئەسپەکەی دەحەوایەوە .. هەموو ڕۆژێك پارچە زەویەکی تری بۆ ئیسلام زیاد ئەکرد !! جا چ خۆشی یەك لەمە خۆشتر هەیە ؟!گوێ ڕاگرە بزانە (خالد) چی دەڵێت : شەوێکی

---

[1] – تاريخ الطبري (٣ / ٣٥٢) صلاح الامه (٣ / ٥٥٥ ، ٥٥٦) .

زۆر سارد و بەستوو کە بە (سریە یەك) ڕۆژ بەسەر دوژمنەکەمدا بکەمەوە)[1] خۆشەویستره لەلام لەشەوێ تیایدا بووکەکەمم پێشکەش بکرێ .

" وەفاتی (خالد) (رضي الله عنه) "

پاش ژیانێکی لێوان لە بەخشندەیی .. کە لە میانەیدا چەندین وانەی پێشکەش کرد لەسەر عیززەت و سەربڵندی و باوەڕ و متمانە بوون بە خودای پەروەردگار و هەروەها و وانەیەکی وای نیشانی دوژمنانی خوادا کە هەرگیز لە یادی نەکەن ...خالد ، ئاواتی ئەوە بوو کە شانازی شەهادەت لە پێناوی خوادا بە دەست بێنێت لە سەر مەیدانی جەنگ ، بەلاّم ویستی پەروەردگار وابوو کەلەسەر جێ وەفات بکات . ﴿ ... كَانَ ذَلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا ﴾ سورة الاحزاب ، آية (٦) . واتە: ئەوەتان لە نامەی کردەوەکانتاندا بۆ تۆمار کراوە . ئەوە بوو لە سەرەمەرگدا فەرمووی : (هەمیشە دەمویست لە مەیدانی جەنگدا بکوژرێم ، بەلاّم چارەنووسم وابوو لەسەر جێ بمرم .. وە پاش باوەڕ و ئیمانم بە یەکتایی خوای پەروەردگار هیچ کارێکم لەلام خۆشەویستر نەبووە لە بەرێ کردنی شەوێکدا بە خۆ بەستوونی و ئامادەباشی بە چەك و تفاق لە ژێر چەتری ئاسماندا و لە چاوەڕێی هاتنی بەیانی دا تاوەکو بدەین بەسەر بێ باوەڕاندا ، پاشان فەرمووی : ئەگەر مردم ، چەك و ئەسپەکەم بکەنە بەخشش لە پێناوی خوادا) . ئەوجا گریا و وتی : ئەوەندە و ئەوەندە جەنگ و بۆ نەم بینیوە و بستێك لە جەستەمدا نەماوە شمشێرێك یان لێدانێك بە ڕم یان تیر لێ ی نەدرا بێت ، کەچی ئێستا وەك چۆن حوشتر بەسەر لوتیدا دەکەوێت وە منیش لەسەر جێگا دەمرم[2] .

" ڕەحمەتی خوات لێبێت ئەی پاڵەوان ... "

---

[1] – هیثمی لە (المجمع) دا (٩ / ٣٥٠) دەڵێت: ابویعلی گێڕاویەتیەوە ، پیاوانیش پیاوانی (الصحیح)ن.

[2] – بڕوانە / صفة الصفوة (١ / ٣٣٢) .

" ٦٥ - طلیحە ی کوڕی خویلید (رضي الله عنه) "

" هەڵگەڕاوەی تەوبەکار ، و پاڵەوانی شەهید !! "

ئێمە ئێستا لە بەردەم پرسێکی گرنگداین لە پرسەکانی مرۆڤایەتی ، ئەویش زیادەڕۆیی کردنی مرۆڤە بەسەر خۆیدا و بەستەم لە خۆ کردن و بوختان و بێ باوەڕ بوون ، کە هەر کاتێ هەڵسایەوە و بە ئاگاهاتەوە دەچێتە لوتکەی ئازایەتی و باوەڕ...

وە ئێمەش مادەم نە لە (صدیقیین) ین و نە لە پێغەمبەرانین ، هەڵە دەکەین و دەکەوینە گوناهەوە .. لە (طلیحە ی کوڕی خویلید (رضي الله عنه)) دا نموونەیەك بەدی ئەکەین بۆ ئەوەی پەندی لێ وەربگرین و بیکەینە پێشرەومان لە هیدایەتوەر گرتندا...

طلیحە (رضي الله عنه) کێ یە ؟

ناوی طلیحە ی کوڕی خویلیدی کوڕی نوفل ی ئەسەدی یە ...

پاڵەوانی بە هەڵمەت و هاوەڵی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) و کەسێکە لە ئازایەتیدا بە نموونە دەهێنرێتەوە ، لە (بنی اسد) ە کە یەکێکە لەو تیرانەی لە نێوان (نجد) و (فرات) دا نیشتەجێن .

ساڵی (٩)ی کۆچی شاندی بەنی ئەسەد کە (طلیحە) شیان لە ناودا بوو هاتنە مەدینە تا لە سەردەستی پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) ئیسلام بوونی خۆیان ڕابگەیەنن ، طلیحە موسڵمان بوو ، بەڵام دواتر لە ئایین هەڵگەڕایەوە و بەمەش ستەمی لە خۆی کرد ، و لە (نجد) ئیدیعا و بانگەوازی پێغەمبەرایەتی کرد ، چەند ڕووبەڕ و بوونەویەکی لەگەڵ موسڵماناندا هەبوو ، کەتیایدا ، شکستی هێناو سەر شۆڕ بوو . ئەوە بوو پێش وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاژاوە سەری کێشا بوو کە (طلیحە) یەکێ بوو لەوانەی دەستیان تیایدا بوو .. ئەوە بوو (خیال) ی برای ناردە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) تا هەواڵی ئەوەی پێ بدات ئەمیش وەك ئەوبووەتە پێغەمبەر ، و بانگی بکات بۆ وازهێنانی لە دوژمنایەتی کردنی و ئاشت ببنەوە و ئەم جۆرە پەخشانانەی ئەو تەوە : (و الحمام و اليمام ، و الصرد و الصرام ، قد صمن قبلكم بأعوام ، ليبلغن ملكنا العراق و الشام !!!) .

واتە : باڵندە و کۆتر .. بازو ڕی (جۆرە باڵدارێکە) ئازا و پاڵەوان ، چەندین ساڵ پێش ئێوە بە ڕۆژوو بوون ، تابگەنە عێراق و شام ی مولکمان !!!

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ضراری کوڕی الازوری ئەسەدی ، نارد تاڕوبەڕووی (طلیحە) بێتەوە ، ئەوە بوو (ضرار) ، طلیمەی تووشی ترس کرد ، موسڵمانان لە زیاد بووندا بوون ، و هەرچی کۆمەڵەکەی (طلیحە)ش بوو کەمیان دەکرد تاوەکو ضرار شمشێرەکەی بۆ هێنایەوە بەرودا بەلام (طلیحە) خۆی لێ لادا ، ئەوەبوو (طلیحە) شەڕ کەرێکی ناوازە بوو لە هێز و لیاقەت و بزاوتنیدا ، ئەمەی قۆستەوە و وتی کە چەك کاری تێ ناکات !! .. و لەو ماوەیەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد و خەڵکی لای (ضرار) یان چۆڵ کرد و لە دەوری (طلیحە) کۆبوونەوە .

هەرچی (ضرار) و ئەوانەی لەگەڵیدا مابوونەوە لە دەستی (طلیحە) خۆیان دەرباز کرد ... ئەوجا مەترسی (طلیحە) بۆسەر موسڵمانان زیادی کرد ، لەبەر ئەوە پێشەوا (ابوبکر) چەند لیوایەکی ئامادە کرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ هەڵگەڕاوەکاندا و خالدی کوڕی وەلیدی لەگەڵ پێنج هەزار جەنگاوەردا نارد بۆ (طلیحە) و لەگەڵ (طلیحە) بەیەك گەیشتن کە سوپاکەی زیاتر بوو لەوەی (خالد)...

(طلیحە) لەماڵ دانیشتبوو شەڕیش لە حەوشەی ماڵەکەیدا هەڵگیرسا بوو ، ئەوەبوو (عیینە کوڕی حصن) زوو زوو لە نێوان (طلیحە) و سوپاکەیدا دەهات و دەچوو ، لێی دەپرسی : جبریل نەهاتە لات ؟ ئەویش ئەیوت : نەخێر .. شەریش بەردەوام بوو خەریك بوو شکستیان دەهێنا .. و لە کۆتاییدا ئیدیعای کرد کەوا سروشی بۆ دابەزیوە و پێی ئەڵێ : (ان لـك رحـا كرحـاة ، و حـديثاً لاتنسـاه !) واتە : تۆیش دەستهارێکت هەیە هاوشێوەی ئەو ، وە فەرمایشتێکت هەیە کە لە بیری ناکەیت ! .. (عیینە)ش خێرا هاواری کرد لە خەڵکەکە وتی : ئەمە سوێند بە خوا درۆزنە لەبەر ئەوە بڕۆن و هەڵبێن ، (طلیحە) ش پاش شکستهێنانی دانی نابە درۆکەیدا و خێزانەکەی هەڵگرت و بەسواری ئەسپەکەی ڕایان کرد و وتی : هەرکامتان توانی وەك من با ماڵ و خێزانەکەی ڕزگار بکات و ڕابکات ، شەڕ لەسەر ڕەچەڵەکتان بکەن ، هەرچی ئایینیشە ئەوە شەڕی لەسەر نەکەن – واتە : ئەو ئاینەی من پێم ڕاگەیاند بوون – چونکە وجودی نیە ! بەو جۆرە ڕایکرد بۆ (شام) و جەنگەکە کۆتایی هات .

" لە ئاین دەرچووی تەوبەکار "

(طلیحـە) لـە شـام خـۆی گەیانـدە (آل جفنـە) ی غەسـانی [1] ، لـەوێ بـە خۆیـدا چووەوە ، هاتەوە باوەشی ئیسلام ... و چووە دەرەوە بۆ (عەمرە) ، ئەوە بوو کە بەلای مەدینەدا تێپەڕ بوو لەڕێی (مەککە) دا .. بە ئەبی بەکری (صدیق) (رضي الله عنه) یان وت : ئەوە (طلیحـە) یـە !! فـەرمووی : چـی لـێ بکـەم ، وازی لـێ بێـنن ، ئـەو خـوا ڕێنمـونی کردووە بۆ ئیسلام) . (طلیحە) لە (شام) مایەوە تا ابوبەکر (رضي الله عنه) وەفاتی کرد ، ئەوە بوو ابوبەکر (رضي الله عنه) ڕێگری کرد بوو لەوانەی پێشتر لە ئیسلام هەڵگەڕابوونەوە ، لەناو سوپادا بن و بەشداری (فتوحات) بکەن ، بۆیە (طلیحە) لە ماڵی خۆیدا مایەوە پاشان پێشەوا (عمر رضي الله عنه) ڕێگەی پێ دان بە مەرجێ سەرکردایەتی یان پێ نەسپێردرێت . (طلیحە) هات بەیعەت بە (عمر رضي الله عنه) بدات ، ئەم وتوێژە لە نێوانیاندا ڕووی دا : –

عمر فەرمووی : تۆ بکوژی (عکاشـەی کوڕی محصن)ی پیاو چاکیت [2] لەگـەڵ (ثابت ی أقرم)دا ، سوێند بەخوا هەرگیز خۆشم ناوێیت .

ئەوە بوو (طلیحـە) کەسێکی قسە ئامادە بوو ، وتی : ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەوان دوو پیاون ، خـوا لەسەر دەستی من ڕێـزی لـێ نان و منـی سەر شۆڕ نەکرد بە دەستی ئەوان . وە خەڵکیش لەگەڵ بوونی پێشینەی خراپیش ئەکرێ ڕێك بکەون .

– واتە دەکرێ لەگەڵ کەسێکی وەك منیشدا ڕێك بکەویت – پێشەوا (عمر)یش قسەکانی بە دڵ بوو ، و لێی ڕازی بوو [3] .

---

[1] – بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (١ / ٣١٧) البدایە والنهایە (٥ / ١٩٦) .

[2] – باسـی ژیـانی ئـەمیش دێتـەپێش (رضي الله عنه) ، لەگـەڵ پـابتی کـوڕی اقـرم دا (خـاد) ڕۆژی (بزاخـە) ناردبوونی ، طلیحە و براکەی کوشتیانن .

[3] – تکامان وایە عکاشە و طلیحە لەوان بن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فـەرمووی دەربارەیـان : (یـضحك الله الی رجلین قتل احدهما الاخر ، یدخلان الجنة ، یقاتل هذا في سبیل الله فیقتـل ، ثم یتـوب الله علـی القاتـل فیـسلم، فیقاتـل في سـبیل الله فیستـشهد) بخـاری و مـسلم ڕیوایـەتیان کـردووە . مانـای فەرموودەکـەی : (خـوای پـەروەردگار بـەدەم دوو پـاوە وە پـێ دەکـەنی کـە یـەکێکیان ئـەوی دیکـەی کوشـتووە ، دەچـنە بەهەشتەوە ، یەکەمیان کە لە پێناوی خوادا جەنگاوە و کوژراوە ن پاشـان لـە بکوژەکـەی خـۆش دەبـێ و موسڵمان دەبێ و ئەویش لە پێناوی خوادا دەجەنگێت و شەهید دەبێ .

ئەوە بوو (طلیحە) چووە ژێر ئاڵای ئیسلام وەك خەباتكارێك لە پێناوی خوادا ... ساڵی (١٤ كۆچی) لەگەڵ سوپای (سعدی كوڕی ابی وقاص) دا بۆ ڕزگار كردنی عێراق كەوتە ڕێ ... سوپای موسڵمانان زیاد لە (٣٠) سی هەزار جەنگاوەر بوون ، كە سێ هەزاریان لە (بنی اسد) بوون و طلیحە یەكێكیان بوو – سەركردایەتی نەدە كردن – هەرچی سوپای فارسەكانە خۆی دەدا لە سەد و بیست هەزار ، سەعد حەزی كرد سەرەتا قەرەوڵێكی پشكنین بنێرێت و یەكێ لە سوپاكەی فارس دیل بكات تاوەكو هەواڵی لێ وەرگرێت ئەوە بوو بۆ ئەم جۆرەكارانەش كە سانی شیاو و زۆر بە جەرگ و لێهاتوو بوایە هەڵیان دەبژارد ئەوە بوو (عمری كوڕی معد)ی لەگەڵ چوار كەسدا بە جیا نارد (طلیحە)شی بە تەنها نارد ... هەرچی (عەمر) و هاوەڵەكانیەتی هەر كە بینی یان سوپای فارسەكان لە قادسیە نزیك دەبنەوە ، گەڕانەوە ، بەلام (طلیحە) بە تەنها ڕۆیشت تا بە شەودا بە دزیەوە چووە ناو سەربازگەكەی (روستم) و مایەوە و چاودێری سوپاكەی ئەكرد !! لە كۆتایی شەودا ئەسپێكی بە دڵ بوو بە شمشێرەكەی كەمەندەكەی بڕی و بۆی دەرچوو ، ئەوە بو ئاگر پرستان هەستیان پێ كرد و بە دوایدا ڕۆشتن ، بەلام پیایدا نەگەیشتن ، پیاوێكیان نەبێت كە لە (طلیحە) نزیك بووەیەوە و ڕمەكەی بۆ هەڵدا لەدواوە ، بەلام (طلیحە) خۆی لێ لادا و نەیپێكا ، هەرچی سوارەكەیە بەردەم (طلیحە)ی گرت ، بەلام طلیحە دەستپێشخەری كرد و ڕمەكەی زووتر بۆ هاویشت و كوشتی ئەمجارە یەكێكی تر شوێنی كەوت ئەویش هەروەك یەكەم بە دەستی (طلیحە) كوژرا و سێیەم كەس كە شوێنی كەوت (طلیحە) دیلی كرد و لەگەڵ خۆی ڕاپێچی كرد و دایە دەست (سەعدی كوڕی ابی وقاص) (ﷺ) !!

" پاڵەوانی شەهید "

(ڕۆستەم) بە خۆی و فیلەكانیەوە هات و ... شەڕ هەڵگیرسا ... (طلیحە) یەكێ بوو لە وانەی وتاری بۆ سوپای موسڵمانان دەوت و ئەو پەڕی هیمەت و كۆششی دەكرد بە گرنگترین كار هەڵدەسا ئەویش هێرش كردنە سەر فیلەكان بوو ... و جێ دەستی خۆی وەك پاڵەوان دیاری كرد ... ئەوە بوو پێشەوا عمر كوڕی خەتاب (ﷺ) چوار

شمشێر و چوار ئەسپی نارد بۆ سعدی کوڕی ئەبی وەقاص وەك خەڵات بۆ پاڵەوانانی سوپا ، (طلیحە) ش شمشێرێکی لەوانە بەرکەوت .

وە لە جەنگێکی تردا کە لە (جلەولا) ڕووی دا ، دیسان (طلیحە) پاڵەوانی جەنگە کە بوو . لە جەنگی (نهاوەند)یشدا فارسەکان نزیکەی سەد و پەنجا سەربازیان کۆ کردبووە وە بۆ ڕەت دانەوەی موسڵمانەکان ، ئەوە بوو پێشەوا عمری کوڕی خەتاب (نعمانی کوڕی مقرن)ی بەسەر (سی) هەزار جەنگاوەرەوە بۆ ناردن و فەرمانی پێکرد کە لەگەڵ هەریەکە (طلیحە) و (عمری کوڕی معدی) یکرب و عەمری کوڕی سەلەمی) دا ڕاوێژ بکات ئەوەبوو (نعمان)یش وەك پێش قەرەوڵێکی پشکنین ناردنی ... و هەریەکەیان لە ڕێگەیەکەوە ڕۆیشتن ، ئەو دوانە (عەمری کوڕی معد و عەمری کوڕی ابی سلمی) هەروا گەڕانەوە هیچیان پێ نەکرا ، (طلیحە) ش بە تەنها (١٣٠) کم ڕێی کرد تا گەیشتە (نهاوەند) و لەوێ ئەوەی ویستی بۆی دەرکەوت و پاشان گەڕایەوە !!

ئەوە بوو کە ماوەیەکی زۆر دیارنەما موسڵمانان وایان گومان برد کە دیسان هەڵگەڕاوەتەوە لە ئایین .. بەڵام هەر کە بینییان وا گەڕایەوە دەستیان بە (الله اکبر) وتن کرد ... ئەویش هەرچی بینیبوو گێڕایەوە بۆ (نعمان) .

هەردوو کۆمەڵ بەیەك گەیشتن ... ئەو ڕۆژە (طلیحە) گەورەترین شەڕی کرد و بە هەزار سوار چاك ئەژمار دەکرا .. هەروەك خاوەنی (الطبقات)[1] باسی دەکات ... ئەو ڕۆژە (نعمان) (رضي الله عنه) شەهید کرا و هەروەك (طلیحە) ش (رضي الله عنه) پاش ئەوەی کارگەلێکی بە سوپای فارس کرد ، شەهید کرا . پێشەوا زەهەبی دەڵێت : (طلیحە) (رضي الله عنه) ڕۆژی (نهاوەند) ئەرکی خۆی جێبەجێ کرد بە زیادەوە و پاشان شەهید بوو ، خوالێخۆش بێت ، وە بەم ئایەتەی پەروەردگار کۆتایی بە باسی ژیانی دێنین کە دەفەرموێ : ﴿قُلْ يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لاَ تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ سورة الزمر ، آیــة (٥٣) . واتە : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێیان بڵێ ، خوا دەفەرموێت : (ئەی بەندەکانم .. ئەوانەی کە خۆتان گوناهبار کردووە و

[1] - محمدی کوڕی سعد لە (طبقات)دا و لە (الطبقة الرابعە من الصحابە) دا باسی طلیحەی کوڕی خویلدی کردووە ، دەڵێن : لە ئازایەتی و بەرچاوڕونیدا، ڕوویدا لە جێی هەزار پیاو بوو لە جەنگدا (البدایە / ٥ / ١٩٦) .

هەڵەتان زۆرە ، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خوا ، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێوە تەوبەی ڕاست و دروست بکەن ، خوا لە هەموو گوناهەکانتان خۆش دەبێ ، چونکە ئەو خوایە زۆر لێخۆشبوو ، بە سۆز و میهرەبانیشە . هەروەها دەفەرموێ : ﴿ ... كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ أَنَّهُ مَنْ عَمِلَ مِنْكُمْ سُوءًا بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنْ بَعْدِهِ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ سورة الأنعام ، آية (٥٤) .

واتە : پەروەردگارتان فەرزی کردووە لەسەر خۆی کە لەگەڵتاندا بەرەحم و میهرەبان و دلۆڤان بێت ، ئەگەر کەسێکتان بەنەفامی ، بە نەزانی گوناهێکی کرد و لەوەدوا تەوبەی کردو پەشیمان بووە وە پاش ئەنجامدانی خراپە کە چاکسازی کرد ، ئەوە بادڵنیا بێت کە پەروەرگار زۆر لێخۆش بوو ، و میهرەبانە ...

" ٦٦ - عکاشەی کوڕی محصن (رضي الله عنه) "

" بە بێ لێپرسینەوە دەچێتە بەهەشت !! "

شەهیدی بەختەوەر ، عکاشەی کوڕی محصن ی کوڕی حرثان ی کوڕی قیس کوڕی مرەی ئەسەدی هاوپەیمانی قورەیشە .. لە پێشینە یەکەمینەکان و (بەدری)یەکانە لە ئەهلی بەهەشت .. نازناوی (ابا محصن) بوو ، لە گەورە پیاوان بوو لە ناو هاوەڵاندا و یەکێ بوو لە خاوەن فەزڵەکان و هەروەها جوانچاکترینیشیان بوو . کۆچی کردووە و لەبەدردا وەك پاڵەوانێك ئامادەیی خۆی نیشانداوە و هەروەها لە ئوحود و خەندەق و جەنگەکانی دوای ئەوانیشدا بەشدار بووە (رضي الله عنه) [1].

" پەرجوویەك (معجزەیەك) "

ابن اسحاق ، دەڵێت : عکاشەی کوڕی محصن .. ی هاوپەیمانی ابن عبد شمس بن عبدمناف ڕۆژی بەدر شەڕی کرد تا شمشێرەکەی لە دەستیدا لەت بوو ، هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە پارچە تەختەیەکی پێدا - لە ڕیوایەتێکی دیکەدا لاسکی دارخورمایەکی پێدا - و فەرمووی : (قاتل بهذا یا عکاشە) !! ئەی (عکاشە) بە مە شەڕ بکە ، ئەوە بوو کە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی وەرگرت و ڕایوەشاند ، بووە شمشێرێکی درێژ بە دەستیەوە ، تۆکمە و نوك سپی ، شەڕی پێ کرد تا سەرکەوتن بۆ موسڵمانان هاتە دی [2] ، وە ئەو شمشێرەیان بە (العون) ناو دەبرد بەردەوام لە هەموو جەنگەکاندا شەڕی پێ دەکرد هاوڕێ لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، تا لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا کوژرا و شمشێرەکەی بە دەستەوە بوو .

---

[1] - بڕوانە / البدایە و النهایە (٥ / ٤٦) و سیر اعلام النبلاء (١ / ٣٠٧) .

[2] - بیهقی لە (دلائل النبوة) دا باسی کردووە (٣ / ٩٨ ، ٩٩) لە ڕێ ابن اسحاقەوە بەبێ ئیسناد ، هەروەها ابن حجر لە (الفتح) (٧ / ٤١٩) بە بێ ئیسناد باسی کردووە و لێ بێ دەنگ بووە ، هەروەها (ابن کثیر لە البدایە و النهایە) (٥ / ٤٦) باسی کردووە و لێ بێ دەنگ بووە و سیر اعلام النبلاء (١ / ٣٠٨) و زەهەبیش لێی بێ دەنگ بووە . دانەپاڵەکەی لاوازە .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەر سریەی (الغمر)[1] ەوە ناردوویەتی بەبێ شەڕ بەدەستی پڕ گەڕاوەتەوە .

" سەرکەوتنی گەورە "

ئەم پیاوە مەزن و بەختەوەرە ، شکۆمەندی دنیا و قیامەتیشی بە دەست هێنا ... ئەوەتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) مژدەی پێ داوە کە یەکێکە لەو حەفتا هەزار کەسەی بە بێ لێپرسینەوە دەچنە بە هەشت !!! مژدەت لێ بێت ئەی بەختەوەر .

لە (ابن عباس)ەوە (رضي الله عنه) ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: (عرضت علي الامم ، فجعل النبي و النبيات عرون معهم الرهط ، والنبي ليس معه احد ، حتى رفع لي سواد عظيم ، قلت : ما هذا ؟ امتي هذه ؟ قيل : بل موسى و قومه . قيل:- انظر الى الافق ، فإذا سواد يملأ الافق ثم قيل لي : انظرها هناو ها هنا — في آفاق السماء — فإذا سواد قد ملأ الافق ، قيل : هذه أمتك ، و يدخل الجنة من هؤلاء سبعون الفاً بغير حساب).

واتە : نەتەوەکانم پیشاندرا تێپەڕ دەبوون ، دەمبینی پێغەمبەری وا هەبوو چەند کەسێکی لەگەڵ بوو ، هەبوو هیچ کەسی لەگەڵدا نەبوو ، تاوەکو ڕەشایی یەکی گەورەم بەسەردا هەڵدرایەوە ، واتە : کەسانێکی زۆرم بەر چاوکەوت (بەهۆی زۆری یانەوە وەك پارچەیەك ڕەشی دەردەکەوتن) وتم : ئەمانە کێن ؟ ئوممەتەکەی منن ؟ پێم وترا نەخێر ، بەڵکو ئەوانە(موسى) و ئوممەتەکەی ئەون .

پێم وترا سەیری ئەو لایە بکە دیم ڕەشایی یەك هەموو ئاسۆی داگیر کردووە ، پێم وترا سەیری ئەملا و ئەولا بکە لە پانتایی ئاسماندا دەمبینی لە بەر زۆری خەڵکەکە

---

[1] – لە سیر اعلام النبلاء (١ / ٣٠٧) داهاتووە لە (معجم البلدان) ٤ / ٢١٢ : بە (الغمرە) هاتووە ، هەروەها لە (السیر) (٢ / ٦١٢) دا .. یاقوت دەڵێت : کانی یەکە لە سەر ڕێگەی مەککە ، و نیشتەنگایەکە و ئەکەوێتە نێوان (تهامە) و (نجد) .

ابن القیم دەڵێت : (غمرە) ئەکەوێتە سەر ڕێگای (نجد) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) (عکاشەی کوڕی محصن) ی نارد بۆ غەزای لەگەڵ (٤٠) پیاودا ، کە چوونە لای (الغمر) خەڵك لە هاتنیان ئاگادار بوون و ڕایان کرد ، لەسەر ئاوەکانیان مایەوە (مەنزڵی کرد) و چەند هەواڵدەرێکی نارد تا جێگای ولاخ و مەرو ماڵاتەکانیان بدۆزنەوە ، ئەوە بوو دوو سەد حوشتریان بینیەوە دوای ئەوەی غەزویان کرد ، حوشترەکانیان بردەوە بۆ مەدینە .

ئاسمان ڕەش بوو ، پێم وترا ئەمە ئوممەتی تۆیە و لەوانە حەفتا هەزاریان بە بێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت .

پاشان چووە ژوورەوە هیچی بۆ بەیان نەکردین ، خەڵکەکەش دوای ئەوەی بڵاوەیان لێ کرد وتیان : ئێمە لەوانەین ، چونکە باوەڕمان بە خوا هێناوە و شوێن پێغەمبەرەکەی کەوتوین ، یان منداڵەکانمان لەوانەن کە لە ناو ئیسلامدا هاتوونەتە دنیاوە ، ئێمە لە جاهیلەتدا هاتووینەتە دنیا ، ئەمە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت ، چووە دەرەوە و فەرمووی :

(هم الذين لايسترقون ، و لايتطيرون ، و لا يكتوون ، و على ربهم يتوكلون) ، بەڵکو ئەوانەن کە دزی ناکەن و ڕەشبین نابن و هەڵناسن بە (داخ کردن) – بۆ چارەسەر و پشت بە خوای خۆیان دەبەستن . (عکاشەی کوڕی نعمان)یش فەرمووی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لە ناو ئەوانەدا هەم ؟

فەرمووی : بەڵێ .. ئەوجا یەکێکی تر لە ناویاندا هەڵسایەوە ئەویش پرسی : ئەی من چی ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ فەرمووی : (سبقك بها عكاشه) [1]

واتە : عکاشە پێش تۆی دایەوە لەگەیشتن بە وەدا ... ڕوونکردنەوەیەك : – خۆ تیمار کردن لە چەندین فەرموودەی (صحيح) دا هاتووە بۆ نموونە :

١ – لە ئەبی هریرەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (ما أنـزل الله من داء الا انزل له شفاء) [2]

واتە : خوای گەورە هەر نەخۆشی و دەردێکی دابەزاندبێت ، چارەسەرێکیشی بۆ دابەزاندووە.

٢ – لە (اسامەی کوڕی شريك)ەوە ، (ﷺ) دەڵێت : لەلای پێغەمبەری خوا دا بووم (ﷺ) کە دەشتەکیی یەك هات بۆ لای وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیماری خۆمان بکەین ؟ فەرمووی : (نعم يا عباد الله تدا و وا ، فإن الله عزوجل لم يصنع داءاً الا و ضع لـه شفاء غيرداء واحـد) واتە : بەڵێ ، ئەی بەندەکانی خوا ، تیماری خۆتان بکەن ، چونکە

[1] – صحيح / بخاری لە کتابی (الطب) (٥٧٠٥) دەری هێناوە ، وە مسلم و ترمزی و غەیری ئەوانیش.

[2] – صحيح / زانایان کۆ دەنگن .

خودای پەروەردگار هەر دەردێکی قەرار دابێت ، دەرمانێکیشی بۆ بڕیارداوە جگە لە یەك دەرد . وتیان : کامەیە ؟ فەرمووی : (الهرم)[1] واتە : پیری .

٣ – وە لە ئەبی خزامەوە ، دەڵێت : وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، چی دەڵێیت دەربارەی (رقية)[2] و دەرمان بۆ خۆتیمار کردن و (تقاه) ، ئایا ئەمانە هیچ لە قەدەر و بڕیاری خوای گەورە دەگێڕنەوە ؟فەرمووی : (هي من قدر الله) ئەوانە لە بڕیار و فەرمانی خودان [3] ...

٤ – هەروەها لە (صحيح) دا لە پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) جێگیر بووە کە مۆڵەتی (داغ کردنی داوە) !! ئەوەتە لە (جابری کوڕی عبدالله)وە (رضي الله عنه) پێغەمبەری خوا (ﷺ) پزیشکێکی ناردە لای (ابی کوڕی کعب) هەڵسا بە بڕینی دەمارێکی و دوایش داغ کردنی شوێنەکەی [4] .

ئێستا چۆن ئەو فەرموودانەی ڕێگری دەکەن بسازێنین لەگەڵ ئەو فەرموودانەدا کە ڕێگە دەدەن بەو جۆرە چارەسەر کردنانە ؟

ابن القيم – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەڵێت : (لە فەرموودەی صحيح دا هاتووە کە فەمان بە تیمار کردن دەکات ، ئەمەش وەلانانی پشت بەخوا بەستن ناگەیەنێت هەروەك چۆن نەهێشتنی برسێتی و تینوێتی و گەرما و سەرما بە دژەکانیان ئەوە ناگەیەنێت تۆ ئیتر پشت بەستنت .بەخوا نەماوە ، یان کەم بۆتەوە ، بەڵکو هەقیقەتی یەکتا پەرستی تەواو نابێت مەگەر بە گرتنەبەری ئەو هۆکارانەی خوای گەورە دایناون بۆ گەشتن بە داواکراوە شەرعی و بڕیار لەسەر دراوەکان ...

هەروەها دەڵێت : (ئەو فەرموودانەی باسی (داغ کردن – ألكي) دەکەن چوار جۆرن ، یەکێکیان / بەکردار ئەنجامی داوە ، دوومیان / حەزلێ نەبوونی ، سێیەم / ستایش کردنی واز لێ هێنانی ، چوارەم / ڕێگری لێ کردنی ، و سوپاس بۆ خوا هیچیان

---

[1] – صحيح / احمد (٤ / ٢٧٨) دەری هێناوە، ترمزی (٢٠٣٩) و دەڵێت: فەرمووی (حسن صحيح)ە.

[2] – جۆرە چارەسترەێکی دەرونی یە .

[3] – احمد دەری هێناوە ، (٣ / ٤٢١) غەیری ئەویش وە لە لای (حاكم)یش هەیە دەڵێت : (صحيح) ە و پێشەوا (زەهبی)ش هاوڕایە .

[4] – صحيح / مسلم (٢٢٠٧) لە (السلام) بابی / لكل داء دواء .

پێچەوانەی یەکتر نین ، چونکە ئەنجامدانی بەکردار مانای ڕێ پێدانیەتی و حەز لێ نەبوونیشی بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی قەدەغەی کردبێت . هەروەها ستایش نەکردنیشی ، مانای ئەوەیەکە نەکردنی باشتر و چاکترە . هەرچی ڕێگری کردنیشە لێی ، لەڕێی هەڵبژاردن و (کەراهەت)ەوەیە یان بۆیە کەسێکە کە پێویستی پێ نیە و لە ترسی دەردێك ئەنجامی ئەدا کە هێشتا تووشی نەبووە ، خوداش باشتر دەزانێت)[1] نووسەر ، دەڵێت : لەوەی ڕابورد دەردەکەوێت کە ئەوەی وازی لێ دێنێت و ئەنجامی نادات لە قایمکاری یەوە یەو ئەوەشی ئەنجامی دەدات و وەك دەرمانێك ئەوە کاری بە مۆڵەت (رخصة) کردووە ، بەگشتی شتەکە لەسەر توانا و وزەی کەسەکە وەستاوە . (وە بەرژەوەندی لە کوێ بێت شەرعی خوای پەروەردگاریش لەوێدایە) .

" شەهید بوونی (رضي الله عنه) "

پێشەوا (ابن کثیر) دەڵێت : (احمد لە ڕێی (وحشی کوڕی حرب)ەوە گێراوەیەتیەوە ، کە ابوبەکری صدیق (رضي الله عنه) کاتێ لیوای پێکەوە نا بۆ (خالدی کوڕی وەلید) بۆ کوشتاری هەڵگەڕاوەکان ، وتی : گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ەوە بوو فەرمووی : (نعم عبدالله و اخو العشيرة ، خالد بن الوليد ، سيف من سيوف الله سله الله على الكفار و المنافقين) .

واتە : باشترین بەندەی خوا و برای عەشرەت (خالدی کوڕی وەلیدە) شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوا ، و پەروەردگار بۆ سەر بێ باوەڕان و دووڕووان لە کێلان دەریهێنا و فەرمانی پێ کرد یەکەمجار بچێتە لای (طلحة الاسدی) و پاشان بۆلای (بنی تمیم) ، ئەوە بوو (طلیحە) لەناو (بنی اسد) و (غطفان) دا بوو ... وە (بنو عبس و ذبیان)یش هاتنە پاڵیان .. ئەوجا خالد بە خۆی و سەربازەکانیەوە و (ثابتی کوڕی قیس)[2] لە پێشەوەی پشتیواناندا بوو ئەوجا (ثابت ی کوڕی ارقم و عکاشەی کوڕی

[1] – زاد المعاد (٤ / ١٥) ، (٤ / ٦٥ ، ٦٦) .

[2] – هاوەڵی پایە بەرز پابت لەبەدر و دوای ئەویشدا ئامادە بوو هەروەها یەکێك بووە لە وانەی لە مۆتەدا بەشداری کرد و کاتێك عبدالله ی کوڕی رواحە کوژرا ئالای موسڵمانانای پێدرا ، بەلام ئەوەدایە دەسڵ

محصن)ی نارد بۆ پشکنین لەوێ طلحة و سلیمەی برای و ئەوانەی لەگەڵیاندا بوون بەیەك گەیشتن و لەگەڵ ثابت و عکاشەدا کەوتنە مەیدان کاری ئەوە بوو عکاشە جوبالی کوڕی طلیحهی کوشت (طلیحە) ش هەڵمەتێکی بۆ هێناو عکاشەی کوشت هەروەها لەگەڵ سەلەمەی برایدا ثابت ی کوڕی ارقم یان کوشت ئینجا کە خالید و هاوەڵەکانی گەیشتن و بە کوژراوی هەردوو هاوەڵەکەیان بینی [1] . ئەمە زۆر بۆ موسڵمانان نا ڕەحەت بوو پاشان خالید فەرمانی کرد بە جلەکانی بەری خۆیانەوە وە بە خوێنەکە یانە وە بسپێردرێن (رضي الله عنه) [2] .

خالیدی کوڕی وەلید و پێ ی وت تۆباشتری لە من و شارەزایی لەشەڕدا ، وە هەروەك باسمان – کرد لەگەڵ عکاشەدا شەهید بوون : البدایە (٥ / ٤١) .

[1] – ئەم بەیەکگەیشتنە لەلای سەرچاوە ئاوێکی بنی اسد دا بوو کە بە (بزاخە) ناو دەبرا .

[2] – بڕوانە : البدایە و النهایە (٥ / ٢١) بە دەستکاری یەوە .

" ٦٧ - ئەبو لبابەی کوڕی عبدالمنذر (رضي الله عنه) "
" خاوەنی دەرونێکی سەرزەنشتکار "

کێ یە ؟

وەلی لە خواترس ، (ئەو لبابەی کوڕی عبدالمنذر) ە ... کەسێکی داناو بەرێزە و لە (عەقەبە) دا بەشدار بووە . لەگەڵ پێغەمبەری خوا دا (ﷺ) بۆ (بەدر) بەڕێ کەوتووە ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕاندیەوە بۆ مەدینە تاچاودێری ئەوێ بکات و لە غەنیمەکانیش بەشێکی بۆ خستە لاوە [١] .

وە ئەم میوانەمان ، چیرۆکێکی لەگەڵ (بنی قریظة) دا هەیە تووشی هەڵەیەك بووە .. پاشان گەڕاوەتەوە بۆلای پەروەردگاری و تەوبەی کردووە و ڕێی ڕاستی گرتووەتەبەر..

چیرۆکەکەشی ئەمەیە : -

لە غەزای (احزاب) دا ... پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێکەوتنێکی لەگەڵ (بنی قریظة) دا گرێ دابوو ... یەکێ لە بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنامەیە ئەوەبوو کە هەردوو لابە هاوبەشی پارێزگاری لە مەدینە بکەن ئەگەر تووشی دوژمنکاری یەکی دەرەکی هات .. و کاتێ (احزاب) کۆبوونەوە بە مەبەستی ڕیشەکێش کردنی ڕەچەڵەکی موسڵمانان ، و لە دەوروبەری مەدینە قەرەولیان دانا ، هەواڵی پەیمانشکێنی جولەکەکانی (بنی قریظة) گەیشت و وتیان : کە هیچ گرێبەست [٢] و پەیمانێك لە نێوان ئێمە و (محمد) دا نیە [٣] !! و خەریك بوو ئەم پلانە ستەمکارانە یە هەموو موسڵمانان لەناوبەرێت ئەگەر بەزەیی و لوتفی خودای باڵا دەست نەبوایە .. لە (ابی سعیدی خدری) یەوە ، (رضي الله عنه) دەڵێت : ڕۆژی (خندق) پرسیمان : ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە ڕاستیدا دڵەکان گەیشتوونەتە

---

[١] - بڕوانە : اسد الغابە (٦ / ٢٦٥) .

[٢] - سەیری ژیانی (سعدی کوڕی معاذ) بکە (رضي الله عنه) .

[٣] - شێخ محمدی غەزالی دەڵێت : ڕەفتار و ڕەوشتی (بنی اسرائیل) لە ئاستی پەیمانەکانیاندا لە کۆن و نوێدا وامان لێ دەکات دڵنیابین لەوەی کە ئەمانە واز لە سوکێتی و نزمی ناهێنن ، هەرکاتێ گوێدرێژ وازی لە سەڕین هێنا و ماروازی لە گەستن هێنا .. ئەوا جولەکەش واز لە پەیمانشکاندن دێنن) فقه السیرە .

گەروو لە تۆقێندا چیمان پێ دەڵێیت کە ئەنجامی بدەین یان بیڵێین ؟ ئەویش فەرمووی : (اللهم استر عورتنا و آمن روعاتنا) .

واتە فەرمووی ، بڵێن : ئەی پەروەردگار عەورەت و دامێنمان بپۆشە و لە ترس و تۆقین دڵنیا و ئەمینمان کە ...

دەڵێت : ئەوە بوو ، پەروەردگار بەرەشەبا دای لە دەم و چاوی دوژمنان و بەرەشەبا شکستی پێ هێنان [1]. خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَاءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَمْ تَرَوْهَا وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ﴾ سورة ألأحزاب ، آية (٩) [2].

ئەوجا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە جەنگی (ئەحزاب)ەکان بوویەوە .. بەرەو (بنی قریظة) موسڵمانەکانی برد تا ئابلۆقەیان بدەن پاش ئەوەی لە کاتی نەهات و نارەحەتیدا ئەو پەیمانەی دابوویان شکاندیان و نەیانبردەسەر ..

ابن اسحاق دەڵێت :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، (علی کوری ابی تالیب) ی بە خۆی و ئاڵاکەیەوەپێشخست بۆلای (بنی قریظة) ، و هەر کە نزیك قەڵاکانیان بوویەوە ، گوێی لە قسەیەکی ناشیرین و نەشیا و بوو کە بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان دەوت ، ئەوە بوو گەرایەوە تا لە رێگا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت ، پێی فەرموو : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەگەر نزیك نەبیتەوە لەو پیس و دەغەڵانە باشترە .

فەرمووی: (لِمَ ؟ اظنك سمعت منهم لي اذى ؟)

واتە : لەبەر چی ؟ وادیارە شتێکی ئازار دەرت لێیان بیستووە دەربارەی من ؟

فەرمووی : بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ... ئەویش (ﷺ) فەرمووی : (لو رأوني لم يقولوا من ذلك شيئاً) ئەگەر منیان بدیایە شتی وا لە زاریان دەرنەدەچوو .

---

[1] – احمد گێراویەتیەوە لە (المسند) دا (٣ / ٣) .

[2] – واتە : ئەی ئیمانداران یادی نیعمەتی خوابکەنەوە لە سەرتان (لە جەنگی خەندەقدا) کاتێ سەربازانی کوفر هاتنە سەرتان ، ئێمەش رەشەبایەکی بەهێز و سەربازێکمان ناردە سەریان کە نەتاندەبینین ، خوای گەورە بینا بوو بە هەوڵ و کۆششتان ...

ئەوجا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە قەڵاکانیان نزیك بوویەوە ، فەرمووی : (یـا إخوان القردة ، هل اخزاکم الله و انزل بکم نقمته ؟) واتـە : ئـەی براو خوشـکی مەیموونـەکان ، دەڵێی خوا ڕیسوای کردوون و ڕقی خۆی بەسەرتاندا دابەزاندووە ؟

وتیان : (ئەی ئەبا قاسم ، هەرگیز نەزان نەبوویت)[1] .

ئـەوجا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) گـەمارۆی دان بۆ مـاوەی (٢٥) شـەو ، هـەتا ئـەو گەمارۆدانـە جولەکـەکانی شـەکەت کـرد ، و تـرس و تـۆقینی هاویـشتە دڵـەکانیان ! و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی کردن کە بێن بەدەم فەرمان و بڕیاری یەوە و ملکەچی بن . ئەوجا (بني قريظة) کەسێکیان ناردەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە (ابا لبابـەی کوڕی منذر) ی برای (عەمری کوڕی عەوف) یان بۆ بنێرێت (ئەوان هاوپەیمانی ئەوس بوون) ، تاوەکو ڕاوێژی پێ بکەین دەربارەی حاڵی خۆمان ، پێغەمبەری خـوایش (ﷺ) نـاردی بۆیان هەرکەبینیان ، پیاو و ئافرەتیان دەستە و دامێنی بوون و دەستیان بە گریان کرد ، ئەویش بەزەیی پیایاندا هاتەوە[2] ، پێیان وت : ئەی ئەبی لبابە ! بەڕای تۆ بەدەم فەرمانی (محمد)ەوە بچین ؟

فەرمووی : بەڵێ ، بەدەستی ئاماژەی بۆ گەروی کرد ، کـە مەبەسـتی کوشتن بوو ، ابولبابە دەڵێت : سوێند بەخوا هێشتا لە جێی خۆم نەجولا بووم زانیم کە نا پاکیم لەگەڵ خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووە ، پاشان (ابو لبابـە) بۆی دەرچوو ، نەهاتـە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، و لـە مزگـەوت خـۆی بەسـتەوە بە یـەکێ لـە پایەکانەوە و وتـی : لەم جێیەی خۆم ناجوڵێم تا خوا لێم خـۆش دەبـێ لەسـەر ئەمـەی کە کردم ، و پـەیمان بە پەروەردگار دەدەم کە هەرگیز پێ نەخەمە لای (بنی قريظة) وە و ئەو جێگایە نـەبینم کە تیایدا ناپاکیم لە خوا و پێغەمبەر کرد و نهێنی یەکەم درکاند .

---

[1] – حاکم لـە (المستدرك) (٣ / ٣٤ ، ٣٥) لـە عائیـشەوە (رضي الله عنها) دەرهێنـانی کـردووە . بـە لـەفزێکی هاوشـێوە دەڵێـت : لەسـەر مـەرجی هـەردوو شـەیخ (صـحیح) ە و ئـەوان دەرهێنانیـان بـۆ نـەکردووە ، زەهەبیش هاوڕایە .. و ابن كثير دەڵێت : لە التاريخ) (٤ ، ١١٨) : ئەم فەرموودە چەند ڕێگەیـەکی باشـی هەیە لە (عائیشە) و غەیری ئەویشەوە .

[2] – ابو لبابە ئەیزانی بڕیاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی یە بۆیان . وە مۆڵەتی ئەوەشـی نـەبوو کـە ئـەو نهێنیە بدرکێنێ .

ابن هشام دەڵێت : سفیانی کوڕی عیینه له اسماعیل ی کوڕی ابی خالدەوه له عبدالله ی کوڕی ابی قتادەوه دەڵێت ، خوای گەورە دەربارەی (ابی لبابه) ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ تَخُونُوا اللَّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُوا أَمَانَاتِكُمْ وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ سورة ألأنفال ، آية (٢٧) . واته : ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوه : خیانەت مەکەن له خوا و له پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، هەروەها خیانەتیش مەکەن له ئەمانەت و سپاردەکانتان که پێتان دەسپێردرێت ، له کاتێکدا ئێوه دەزانن (که ئەوە خیانەته) . ابن اسحاق دەڵێت : کاتێ هەواڵی (ابو لبابه) به پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت ئەوه بوو هەر دیار نەمابوو که بێتەوه لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، فەرمووی : (اما انه لو كان جاءني لأستغفرت له ، فأما اذ قد فعل ما فعل فما انا بالذي اطلقة من مكانه حتى يتوب الله عليه)[1] . واته : ئەگەر بهاتایه بۆ لای من ئەوا داوای لێ خۆشبوونم بۆ دەکرد ، بەڵام مادەم ئەوەی کردووه که کردویەتی – له مزگەوت ماوەتەوه – ئەوە منیش له جێی خۆی بەڕەڵای ناکەم تا خوا لێی خۆش دەبێ.

ابن اسحاق دەڵێت : یزیدی کوڕی عبدالله کوڕی قسیط بۆی باس کردم که قبوڵ کردنی تەوبەکەی (ابالبابه) له کاتی سەر لەبەیانیدا (سحر) دابەزیوه بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) که له ماڵی (ام سلمه) دا بوو (رضي الله عنها) ... ام سلمه ، فەرموویەتی گوێم له پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو بەیانی زوو پێکەنی ، پرسیم بەچی پێ دەکەنی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ یاخوا هەمیشه خۆشحاڵیت ؟ فەرمووی : (خودا له ابی لبابه خۆش بووه و تەوبەکەی وەرگرتووه) ، وتم : نەچم مژدەی پێ بدەم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ فەرمووی : (بلى ، ان شئت) بڕۆ ، ئەگەر دەتەوێ .. دەڵێت : ام سلمه (رضي الله عنها) له دەرگای ژورەکەیەوه – لەوکاتەدا هێشتا ئایەتەکانی بالأپۆشی نەهاتبووه خوارەوه – فەرمووی : ئەی ابالبابه مژده بێ .. خوا گەڕانەوەکەی قبوڵ کردویت . ام سلمه ، دەڵێت : خەڵك هەموو بەرەو ڕووی ڕۆشتن تا بیکەنەوه (وتمان خۆی به پایەکەوه بەستبووه وه)، فەرمووی : نا بەخوا ، هەروا دەمێنم تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی دەست و بەندەکانم بکاتەوه به دەستی موبارەکی ئەوجا که پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ نوێژی بەیانی چوو بۆ مزگەوت دەست و بەندەکەی کردەوه[2] . ابن هشام ، دەڵێت : ابو لبابه به بەستراوەیی

[1] – ابن جریری طبری له (تفسیر)ەکەیدا (٢١ / ٩٧) و الواحدی له (اسباب النزول) (١٩٣) .

[2] – دانەپاڵەکەی (مرسل)ە : بیهقی له (الدلائل) (٤ / ١٧) دا دەری هێناوه .

بۆماوەی شەش ڕۆژ خۆی هێشتەوە و لەکاتی نوێژەکاندا خێزانەکەی دەهات دەستی دەکردەوە تا نوێژەکەی بکات ، و پاشان خۆی دەبەستەوە بە پایەکەوە ، هەروەك هەندێ لە زانستخوازان بۆیان باس کردووم . ئەو ئایەتەش کە لە تەوبەکەیدا [1] دابەزی ئەمە بوو کە پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ وَآخَرُونَ اعْتَرَفُوا بِذُنُوبِهِمْ خَلَطُوا عَمَلاً صَالِحًا وَآخَرَ سَيِّئًا عَسَى اللَّهُ أَنْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ سورة التوبة ، آية (١٠٢) . واتە : (بێجگە لەوانە) کەسانێکی تریش هەن کە دان بە گوناه و هەڵەکانیاندا دەنێنن و کرداری چاك و کرداری خراپیشیان تێکەڵ کردووە ، ئەمانە نزیکە خوا تەوبەیان لێ وەربگرێت ، چونکە بەڕاستی خوا لێخۆشبوو ، و میهرەبانە.. ابولبابە پاش دابەزینی ئەم ئایەتە بە وەرگرتنی تەوبەکەی ، بەوە فاداری بۆ ئاینەکەی مایەوە و بەخوا پەرستی یەوە خەریك بوو ، تا ئەو کاتەی وەفاتی بۆ هاتە پێش و .. گەیشت بە قافڵەی سەرفرازان . (ڕەزای خوای لێ بێت).

[1] – الواحدی النیشابوری لە (اسباب النزل) (٢١٤) و گێڕاویەتیەوە بۆ (ابن جریر (١ / ١٠) لە ڕێ (الوالی)یەوە بە بچڕبچڕی .

" ٦٨ - كعب ی كوڕی مالك (رضي الله عنه) "

" ابشر بخير يوم مر عليك منذ ولدتك امك " فەرموودەی پیرۆز

کێ یە ؟

كعب ی كوڕی مالك ی كوڕی ابی كعب ی ئەنصاری خەزرەجی عەقەبی ئوحودی و هاوەڵ و هۆنەری پێغەمبەری خوا یە (ﷺ) و یەكێكە لەو سێ كەسەی كە لە جەنگی (تبوك) دواكەتن و خودا لێیان خۆش بوو.

وە لەو حەفتا كەسەیە كە ئامادەی (عقبە) بوون . ابن سيرين ، دەڵێت : شاعیرانی هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمانە بوون ، حسان ی كوڕی ثابت و عبدالله ی كوڕی رواحە و كعب كوڕی مالك .

عبدالرحمن ی كوڕی كعب ، لە باوكیەوە دەڵێت : لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی پرسیوە : ئەی پێغەمبەری خوا ، خودا دەربارەی شاعیران فەرمایشتێكی دابەزاندووە[1] .

ئەویش فەرمووی : (ان المجاهد ، مجاهد بسيفه و لسانه ، والذي نفسي بيده لكأنما ترموهم به نضح النبل)[2] .

واتە : تێكۆشەر ئەوەیە بە شمشێرەكەشی و بەزمانیشی تێكۆشێت ، سوێند بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە وتەكانتان وەك تیر دەیانپێكێ ... وە ابن ابی حاتم ، دەڵێت: لەسەردەمی جێنشینایەتی (معاویە)دا (رضي الله عنه) بینایی لە دەست داوە .

---

[1] – مەبەستی ئەم ئایەتەیە : ﴿ وَالشُّعَرَاءُ يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ(٢٢٤)أَلَمْ تَرَى أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ(٢٢٥)وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لاَ يَفْعَلُونَ(٢٢٦) ﴾ الشعراء (٢٢٤ – ٢٢٦) .

لەسەر مانای ؟(يَتَّبِعُهُمْ) ابن عباس دەڵێت : گومڕای جنۆكە و مرۆڤ – وتراویشە (الغوون) ئەوانەن لە هەق لائەدەن ، (شعر)یش : باشەكەی باشە و خراپەكەشی خراپە ، بڕوانە تفسیری (القرطبي) بۆ ئەم چەند ئایەتە .

[2] – دانەپاڵەكەی (صحیح) ە / عبدالرزاق لە (المصنف) (٢٠٥٠٠) دەریهێناوەی . ارنؤوط ئەمە دەڵێت لە (سير ٢ / ٥٢٥) .

" خەباتی (کعب رضي الله عنه) لە پێناوی خوادا (جل جلاله) "

کعب ، باشترین خەباتی کرد لە پێناوی خوادا و لە (ئوحود) دا پاڵەوانێتی خۆی نیشاندا .

هشامی کوردی عروە ، لەباوکیەوە ، دەڵێك :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) زبێری کوڕی عوام و (کعب ی کوڕی مالك)ی کردەبرا . ئەوەبوو کعب ڕۆژی ئوحود پەڕپوت بوو بوو ئەوەندە پێکرا بوو ، و زبێر هێنای بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، پەروەردگاریش ئەم ئایەتی دابەزاند : ﴿ ...وَأُوْلُوا الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ فِي كِتَابِ اللَّهِ ... ﴾[1] سورة ألأنفال ، آية (٧٥) .

واتە : ئەوانەش کە پەیوەندی خزمایەتیشتان هەیە ، هەندێکیان شایستە ترن بە هەندێکی تریان لە بەرنامەی خوادا ، بەڕاستی خوا بەهەموو شتێك زانا و بەئاگایە .. وە لە (کعب) ەوە ، کاتێ ڕۆژی ئوحود کەوتینە بەردەست بێ باوەڕان ، من یەکەم کەس بووم پێغەمبەری خوام (ﷺ) ناسیەوە مژدەی زیندوویەتیم بە موسڵمانان گەیاند ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) کعب ی بانگ کردوو ، درعەکە ی خۆی پێدا کە زەردێك بوو ،ئەویش لەبەری کردوو ، ئەو ڕۆژە شەڕێکی زۆری کرد ، هەتا لە حەڤدە لاوە برینداربوو.

" دواکەوتنی لە جەنگی تبوك "

ساڵی (٩) ی کۆچی ڕۆمیەکان بیریان لەوە کردەوە کە دەبێ دووبارە بدەنەوە بەسەر ئیسلامدا هەواڵی ئەم خۆ ئامادەکردنەی ڕۆم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەشت ، ... بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگەیەکی کەی نەدیەوە باشتر لەوەی موسڵمانان ئامادەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوژمن کاریە ... ئەو کاتانەش ڕۆژگاری نەبوونی و کەم بارانی بوو .

وە گەیشتن بە ڕۆمەکان پێویستی بە کۆشش و بژێویەکی گەورە هەبوو . وە کوشتاری ڕۆم بیریتی نەبوو لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ تیرەیەکی ژمارە دیاری کراو و چەك و تفاق سنوردار کراو ، بەڵکو کۆششێکی تاڵ بوو لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە

---

[1] – پیاوانی جێ متمانەن : لای ابن الکثیریش هاتووە (٣ / ٤٦٨) ... هەروەها (السیوطی) لە (الدر المنشور) (٣ / ٢٠٧) باسی کردووە .. الارنؤوط (سیر : ٢ / ٥٢٤) .

دەسەلاتێکی بەسەر دەستەیەك قارەدا دەڕوات .. بەلام کەسانی خاوەن بیر و باوەڕ لەبەردەم نەهامەتەکاندا چۆك دادەنێن و پشت هەڵناکەن ... وە بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختەوە کە تیایدا ئامادەکاری بۆ سوپای موسڵمانان کرا سوپاکە ناوی لێ نرا (جیش العسره – سوپای نەبوونی و سەختی) .

موسڵمانان بەتفاقێکەوە بەڕێ کەوتن کە هەرگیز پێشتر بە وێنەی ئەوەوە بەڕێ نەکەوتبون ، بەرەو باکوور بۆ ئەو جێگایە بەڕێکەوتن کە سوپای ڕۆم قەرەوڵیان دانابوو .

ئامادەکاری سوپاکە ناوکرۆکی دەروونی موسڵمانانی ئاشکرا کرد دەوڵەمەندەکانیان هەموو سامانیان خستەکار بۆ ساز کردن و کۆمەکی کردنی سوپا ... هەژارەکانیشیان کە ئامادەبوون بکەونە ڕێ لەگەڵ سوپادا .. لە پێناوی خوادا گیانیان ببەخشن ، بەلام بەهۆی نەبوونی تفاق و چەك و هۆکاری شەڕ کردنەوە ، نەیانتوانی بگەنە مەیدانی جەنگ و ئەوەش فرمێسکی بێ دەسەلاتی لە چاوانیاندا وەك باران دائەباراندا کە چۆن بێ بەش بوون لەو شانازیە گەورەیە ...

هەروەها دڵ لەرزۆکەکانیش ئاشکرا بوون ئەوانەی بە ڕووکەش لە ئیسلامدا بوون و دڵیان پڕی بوو لە ڕق و قینە بۆ ئیسلام و ئەهلەکەی و بەدوای بچوکترین بیانوو دادەگەڕان کەلە شەڕ هەڵ بێن و بە هیچ شێوازێك یارمەتی پێشکەش نەکەن ، لە هیچ و پوچترین ئەو بیانوانەی کە ئەو دووڕوانە بۆ پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەخستە ڕوو بەمەبەستی ئەوەی نەیان باتە بەرەی شەڕ ئەوە بوو (الجدی کوڕی قیس) بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی وت : مۆڵەتم بدە با نەیەم و تووشی فیتنە و گوناه نەبم سوێند بەخوا هۆزەکەم لێم ئاگادارن کە من چەند موعجیبی ئافرەتانم و ئەترسم ئەگەر ئافرەتانی (بنی الاصفر) – واتە ڕۆم – ببینم خۆمم پێ ڕاناگیرێ لە ئاستیاندا ! پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕووی لێ وەرگێڕا و .. دەربارەی ئەم دوو ڕووە ، ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی : ﴿ وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ ائْذَنْ لِي وَلاَ تَفْتِنِّي أَلاَ فِي الْفِتْنَةِ سَقَطُوا وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمُحِيطَةٌ بِالْكَافِرِينَ ﴾ آية (٤٩) سورة التوبة.

واتە : (لەو دووڕووە بێ چاوو ڕوانە) کەسانێکن کە دەڵێن : مۆڵەتم بدە و توشی گوناه و سەرپێچیم مەکە !! لە حاڵێکدا ئەو جۆرە کەسانە باچاك بزانن کە لە گوناه و تاواندا ڕۆچوون ، بێگومان دۆزەخیش گەمارۆی بێباوەڕانی داوە (ڕزگار بوونیان ئەستەمە) .

هەروەها لەناو ئەهلی حەق و ڕاستیشدا کەسانێك بە بێ بەهانە لەم جەنگە دواکەوتن کە ئەوانیش سێ کەس بوون " کعبی کوڕی مالك و هیلالی کوڕی ئومەیە و مەرارەی کوڕی بیع) .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوپاکەی پێشڕەوی کرد تا گەیشتە (تبوك) لەوێدا زیاد لە دە ڕۆژ مانەوە چاودێری بیابانەکانی کرد ، کە بینی (ڕۆمان) دیار نەماون ، بۆیە بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ مەدینە ... لە گەڕانەوەیدا سوپای (العسرة) زۆر بەڕێزەوە پێشوازی لێکرا ، لە ڕاسیشدا گەورەترین سوپابوو ، بەڕێ بخرێن ، ژمارەیان نزیکەی ۳۰,۰۰۰ سی هەزار کەس دەبوو .

ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە هاتە مەدینە ، چووە مزگەوت و دوو ڕکات نوێژی ئەنجامدا و دانیشت بۆ ئەوەی وتار بۆ خەڵکەکە بدات ، لەوێدا دواکەوتوان (المخلفون) هاتن بۆلای دەستیان بە بیانوو هێنانەوە و سوێند خواردن کرد ، ژمارەیان هەشتا کەس دەبوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕوکاری دەرەوەی لێ قبوڵ کردن واتە بە ڕووکەش موسڵمان بوون – بەیعەیتی لێوەرگرتن و داوای لێخۆشبوونی بۆ کردن و دڵ و دەروونی دانە دەست خوا کە ئەو پێ ی زانایە .

" لیقای کعب لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

ئەوجا (کعب کوڕی مالك) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامی کرد... پێغەمبەری خوا (ﷺ) بزە گرتی ، بزەی کەسێکی تورە بوو ، پاشان فەرمووی : (تعال) وەرە ، کعب دەڵێت : هاتم تا لە نێو دەستی دا دانیشتم .. فەرمووی : (ما خلفك ؟ الم تكون قد ابتعت ظهرك ؟)

واتە : بۆچی لە سوپاکە دواکەوتی مەگەر وڵاخت نەکڕی بوو بۆ شەڕ ؟ وتم : بەڵێ وایە ، بەخودا ئەگەر لەگەڵ یەکێکی دونیا ویستدا دانیشتمایە هەوڵم دەدا یانوویەك بۆ خۆم دروست بکەم تاڕازیی بکەم ، وە من توانای ئەوەشم هەیە – واتە لە قسە کردندا پەکم ناکەوێت – بەڵام دەزانم کە ئەگەر ئەمڕۆ درۆت لەگەڵدا بکەم تۆی پێ ی ڕازیکەم ، ئەوا دوور نیە خودا ڕقی من لە دڵی تۆدا جێگیر بکات ... لەبەر ئەوە ڕاستیەکەی من هیچ بیانویەکم بۆ دواکەوتنم لەشەڕ نەبوو ، وە سوێند بەخوا هەرگیز وەك ئێستا دارا و

بەتوانا نەبووم و بۆ شەڕ شیاو بم ، بەڵام لەگەڵ لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵتدا دەرنەچووم بۆ جەنگ !پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (أما هذا فقد صدق ، فقم حتى يقضي الله فيك) .

واتە : ئەمەیان ڕاستی وت ، هەڵسە تابزانین خوای گەورە چی بڕیارێکت لەسەر دەدات ..

ئەوجا پیاوانێك لە (بەنی سەلەمە) دوام کەوتن و سەرزەنیشیان دەکردم ، دەیانوت : سوێند بەخوا پێشتر نەماندیبوو تۆ گوناه ئەنجام بدەیت ... ئەی بۆچی هەر نەیشتتوانی وەك ئەوانی تر بیانو یەك بهێنیتەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بەڕاستی داوای لێخۆش بوونی ئەو بۆت بەس بوو ...

فەرمووی : سوێند بەخوا بەردەوام سەرزەنشتیان دەکردم ، تاوام لێهات خەریك بوو بگەڕێمە و خۆم بەدرۆ بخەمەوە – پاشان وتم : ئایا کەسی تریش هەیە وەك منی بەسەر هاتبێ ؟ وتیان : بەڵێ دوو پیاوی کەش هەن ، وەك ئەوەی تۆیان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەرز کرد ، ئەویش چی بە تۆ فەرموو بە ئەوانیش هەروای فەرموو ، پرسیم : کێن ؟

وتیان : (مرارەی کوڕی ربیع ی عامری) و (هلالی کوڕی امیەی واقفی) و وتیان کە ئەمانە بەڕاستی دوو پیاو چاکن و لە (بەدر)یشدا بەشدار بوون ، و نموونەیین . منیش دوای ئەوەی باسی ئەو دوانەیان بۆ کردم بەڕێی خۆمدا چووم...

ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی لە موسڵمانان کردبوو کە قسەمان لەگەڵدا بکەن – هەرسێکمان – و لەناو هەموو دواکەوتوانی (تبوك) دا تەنها ئەم سیانەمان ئەو بڕیارەمان لەسەر درابوو ... ئیتر خەڵکی خۆیان لێ دوور ئەخستینەوە و لە ئاستماندا گۆڕابوون ، هەتا سەرزەویش لەلامان گۆڕا بوو ، ئەو زەوی یەی ئەوسا نەبوو کە بەسەریدا ڕێم ئەکرد بەو شێوەیە پەنجا شەومامەوە ، بەڵام دوو هاوڕێکەی ترم لەماڵەکانیاندا مانەوە و دەگریان ، بەڵام من لەوان لاوتر و بەتواناتر بووم ، دەچووم لەگەڵ موسڵماناندا نوێژم دەکرد و لەبازاڕەکاندا هات و چۆم دەکرد ، لە کاتێکدا یەك کەس لەگەڵم نەدەدوا و وە دەهاتم بۆ مزگەوت و دوای نوێژ دەچووم بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سەلامم لێ دەکرد ، و بەخۆمم دەوت : ئاخۆ لێوی جوڵاند بۆ وەڵام دانەوەی سەلامەکەم یان نا ؟ ئەوجا لە نزیکیەوە نوێژم ئەکرد و زوو زوو چاوم تێ ئەبڕی ، کاتێ نوێژەکەم دائەبەست لێمی دەڕوانی و کاتێ ڕووم تێ ئەکرد ڕووی لێم وەردەگێڕا .

سارد و سڕی موسڵمانان لەگەڵما درێژەی کێشا و چووم تا بەسەر دیوارێکی – دیواری باخی ئەبی قەتادەدا سەرکەوتم – کە کوڕە مامم بوو ، خۆشەوسترینی قەومەکەم بوو لەلام ، سەلامم لێ کرد ، سوێند بەخوا وەڵامی سەلامەکەی نەدایەوە !

وتم : ئەی ابی قتادە ... سوێندت ئەدەم بەخوا ، نازانی من چەندە خوا و پێغەمبەرەکەیم خۆشدەوێ ؟ بێ دەنگ بوو ، هیچی نەوت ، دووبارە پێم وتەوە ، هەر بێ دەنگ بوو ، بۆ سێ هەم جار وتم سوێندت ئەدەم بە خودا وەڵامم بدەرەوە وتی : خوا و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن !

منیش فرمێسک لە چاوەکانم هاتە خوار بەناڕەحەت توانیم بچمە سەر دیوارەکەوە، جارێکیان لە بازاڕادا دەسوڕامەوە لە (مەدینە) کابرایەکی (نبطی) لە (نبطی) یەکانی شام ، ئەوانەی خواردنیان ئەهێنا و لە مەدینە ئەیانفرۆشت ، گوێم لێ بوو ، هەواڵی منی ئەپرسی و ئەیوت : (کێ کعب ی کوڕێ مالك م نیشان ئەدات ؟ ئەوانیش ئاماژەیان بۆ من دەکرد ، کابرا هاتە لام و نووسراوێکی لەلایەن پادشای غسان ەوە پێدام، تیایدا هاتبوو :

(لە پاشان ... پێم ڕاگەیەنرا وەکە هاوەڵەکەت پشتی لێ کردویت و ساردی بەرامبەرت ئەنوێنێ ، وە تۆیش خوادانە ناوی تا لەم وڵاتە دا بەسوك سەیرت کەن و تیاچیت ، ئێمەش ماق ئەوەت بەسەرمانەوەیە کە دڵنەوایت بکەین ..) منیش دوای ئەوەی لە خوێندنەوە بوومەوە وتم : ئەمەیش بەڵایەکی ترە ، فڕێم دایە ناو تەنوور و سوتاندم .

ئەو جا کە چل ڕۆژ لە (٥٠) ڕۆژەکە تێپەڕی ، پەیامنێری پێغەمبەری خوا(ﷺ) هات بۆلام وتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردوویت لە خێزانەکەت جیابیتەوە ، پرسیم : تەڵاقی بدەم یان چی ؟

وتی : نەخێر ، بەڵام خۆتی لێ بە دووربگرە و لێی نزیك مەبەوە ، و هەمان شتیشی بە دوو هاوەڵەکەم گەیاند بوو کە پێ ی هەڵسن .

منیش بە خێزانەکەمم وت : بچۆرەوە ماڵی باوانت و لەوێ بمێنەرەوە تا خوا فەرمانی خۆی لەم بارەیەوە نیشاندەدات .

ئەوجا خێزانەکەی هلالی کوڕی امیە هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێی وت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .. هلال پیاوێکی بە ساڵاچووە و خزمەتکاریشی نیە ، ئایا رقت لێ نابێتەوە ئەگەر خزمەتی بکەم ؟

فەرمووی : (لا ، ولكن لايقربك) نەخێر ، بەڵام لێت نزیك نەبێتەوە . وتی : سوێند بەخوا هلال هیچ شتێکی بەلاوە بە گرنگ نەماوە و لەو کاتەوە بەردەوام دەگری تا ئەمڕۆ .

کعب ، دەڵێت : هەندێ لە خزمەکانم پێیان وتم بۆچی تۆش ناچیت مۆڵەتی ئەوە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرگریت کە خێزانەکەت لەلات بمێنێتەوە وەك چۆن مۆڵەتی خێزانەکەی (هلال)ی دا خزمەتی بکات ؟ وتم : سوێند بەخوا داوای شتی وا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناکەم ، من چوزانم ئەگەر داوای لێ بکەم چیم وەلام ئەداتەوە ؟ لە کاتێکدا من پیاوێکی گەنجم ؟

ئەوجا دوای ئەوە دەشەوی ترم بەڕێ کرد ، هەتا پەنجا شەوی تەواومان تێپەڕاند لەوکاتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کرد بوو لە دوواندنمان .

ئەوە بوو لە بەیانی شەوی پەنجا هەمین دا نوێژی بەیانیم لەسەر سەکۆی ماڵێك لە ماڵەکانمان ئەنجام دا ، و بەو حاڵەی خۆم کە خوای پەروەردگار باسی کرد لە قورئانەکەیدا دانیشتبووم ، خۆم لە خۆم بێزار بووم . زەوی بەو فراوانی یە لەلام کەسك بوو بوویەوە ، گوێم لە دەنگێکی بەرز بوو هاواری کرد (یان بەسەر کێوێکەوە هاواری کرد) وتی : ئەی کعبی کوڕی مالك ، مژدەت لێ بێت !

منیش لە جێی خۆم کڕنوشی سوپاسم بۆ پەروەردگارم برد و زانیم کە ڕزگاریم لەلایەن خوداوە هاتووە .

ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ نوێژی بەیانی بۆ موسڵمانان کرد ، ڕایگەیاند بەخەڵکەکە ، کەوا پەروەردگار تەوبەکەی لێ قبوڵ کردوین و لێمان خۆش بووە، خەڵکیش دەستیان کرد بە مژدە پێدانی من و دوو هاوەڵەکەم .. ئەوجا پیاوێك بەسەر ئەسپەکەیەوە وەك تیر بۆی دەرچوو خۆی گەیاندە سەر کێوەکە و بە هەموو دەنگی هاواری کرد و مژدەی پێ دەداین ..

ئەوجا کە ئەو پیاوەی گوێم لە دەنگی بوو مژدەی پێ دەدام ، هاتەلام ، جلەکانی بەری خۆم بە دیاری پێ دا ، وە سوێند بەخوا بێجگە لەو جلانەشم نەبوو ، بۆیە

پۆشاکێکم بە (استعارە) وەرگرت و لەبەرم کرد و بۆی دەرچووم بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) !

خەڵکی دەستە دەستە دەهاتە لام و پیرۆز باییان لیٚ ئەکردم ، ئەیانوت : پیرۆز بێت لێخۆش بوونی خودا ..

کعب دەڵێت : ئەوجا گەیشتمە مزگەت ، دەبینم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشتووە و خەڵکیش لە دەوروبەریدا ، لەناویاندا (طلحةی کوڕی عبدالله) هەڵسایەوە و باوەشی بۆ کردمەوە و پیرۆزبایی لیٚ کردم ، سوێند بەخوا هیچ کام لە کۆچبەران بێجگە لە (طلحة) هەڵنەسایەوە بۆلام ، وە من هەرگیز ئەوەی لەبیرناکەم ، ئەوجا کە سەلامم کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: – ڕووی لە خۆشیدا دەدرەوشایەوە– (أبشر بخير يوم مر عليك منذ ولدتك امك) .

واتە : مژدەی باشترین ڕۆژت لیٚ بێت (کە ئەمڕۆیە) و بەسەرتا تێپەڕ دەبیٚ لەوکاتەوەی لە دایك بووی ...

وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم لێخۆش بوونە لەلایەن تۆوەیە یاخود لەلایەن پەروەردگارەوە ؟

فەرمووی : (لا .. بل من عندالله) نەخێر ، بەڵکو لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە . وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر دڵخۆش بوایە دەم و چاوی دەگەشایەوە وەك پارچەیەك مانگ ڕووناك دەبوو ، ئێمەش دەمانزانی کە خۆشحاڵە.

ئەوجا کە لە پاڵیدا دانیشتم وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمەویٚ ئەوەش بخەمە پاڵ تەوبەکەم کە ماڵ و سامانم هەمووی بکەمە بەخشش لە پێناوی خوا و پێغەمبەرەکەیدا ، فەرمووی :

(أمسك عليك بعض مالك ، فهو خير لك) واتە : بەڵکو هەندیٚ لە ماڵەکەت بهێڵەرەوە بۆ خۆیشت خێرە . وتم : دەی ئەوا من ئەو بەشەم کەلە (خەیبەر) وەرم گرت دەهێڵمەوە ، پاشان وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، خوای گەورە بە هۆی ڕاستبێژیمەوە ڕزگاری کردم .

لەبەر ئەوە ئەوەش دەخەمە پاڵ تەوبەکەم کە هەتا بمێنم ڕاست بڵێم ، سوێند بەخوا لە کاتەوە ئەوەم بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس کردو ە ، نەمبیستووە هیچ کام لە موسڵمانان بەڕاستبێژی تاقی کرابێتەوە – هەتا ئەمڕۆ وێنەی من ، و سوێند بەخوا

هەتا ئەمڕۆ درۆم لە زارنەهاتۆتە دەرەوە ، و تکاشم وایە کە پەروەردگار تا کۆتایی تەمەنم بمپارێزێت لە درۆ ، پاشان خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاند بۆ پێغەمبەرەکەی : ﴿لَقَدْ تَابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِنْ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُ بِهِمْ رَءُوفٌ رَحِيمٌ(١١٧) وَعَلَى الثَّلاثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَنْ لاَ مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلاَّ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ(١١٨)يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ(١١٩) ﴾ سورة التوبة .

واتە : سوێند بەخوا بەڕاستی خوا تەوبەی قبوڵ کرد لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) و کۆچبەران و پشتیوانان ، ئەوانەی کە شوێنی پێغەمبەر کەوتن لەکاتی سەغڵەتی و تەنگانەدا ، دوای ئەوەی کە خەریك بوو دڵی دەستەیەکیان لە خشتە بچێت ، لەوەو دوا تەوبە و پەشیمانی ئەوانیشی قبوڵ کرد ، چونکە بەڕاستی ئەو پەروەردگارە بە سۆز و میهرەبانە لەگەڵیاندا ، هەروەها تەوبەی ئەو سێ کەسەشی وەرگرت کە لە (غەزای تبوك دا) دواخران دوای ئەوەی کە زەوی چەندە فراوانە لێیان تەنگ بووەوە ، خۆیشیان لە خۆیان بێزار بوون دڵنیاش بوون کە هیچ پەنایەك نیە ، جگە لەوەی خۆیان بدەنە پەنای ئەو زاتە ، پاشان تەوبەی لێ وەرگرتن ، تا تەوبەبکەن ، بەڕاستی هەر خوا تەوبە وەرگر و میهرەبانە ، ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزگاربن ، هەوڵ بدەن هەمیشە لەگەڵ ڕاستگۆیان و ڕاستاندا بن .

وە سوێند بەخوا لە دوای ئەوەی خوا ڕێنمایی کردووم بۆ ئیسلام هیچ بەخششێکی بەسەردا نەداوم گەورەتر بێ لەلام لەوەی کە ئەو ڕۆژە ڕاستم لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وت و درۆم نەکرد تا دواتر منیش تیابچم وەك چۆن ئەوانەی درۆیان کرد تیاچوون ، ئەوەتا خوای گەورە بە خراپترین شێوە باسیان دەکات و دەفەرموێ : ﴿ سَيَحْلِفُونَ بِاللَّهِ لَكُمْ إِذَا انقَلَبْتُمْ إِلَيْهِمْ لِتُعْرِضُوا عَنْهُمْ فَأَعْرِضُوا عَنْهُمْ إِنَّهُمْ رِجْسٌ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ(٩٥)يَحْلِفُونَ لَكُمْ لِتَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنْ تَرْضَوْا عَنْهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ لاَ يَرْضَى عَنِ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ (٩٦) ﴾ سورة التوبة .

واتە : کە ئێوە گەڕانەوە (لە غەزا) بۆ لایان سوێندتان بۆ دەخۆن بە خوا بۆ ئەوەی وازیان لێ بهێنن و سەرزەنشتیان نەکەن ، جا ئێوەش وازیان لێ بێنن و پشتیان تێ بکەن ، چونکە بەڕاستی ئەوانە (دڵ و دەروون) پیسن و جێگەیان دۆزەخە لە پاداشتی ئەو کارە و کردەوانەی دەیانکرد ، هەر سوێندتان بۆ دەخۆن تا لێیان ڕازی بن و

چاوپۆشیان لێ بکەن ، خۆ ئەگەر ئێوە ڕازی بن لێیان ، ئەوە خوا لە کەسانی لە دین دەرچوو خۆش نابێت ..

کعب دەڵێت :

کاری ئێمە دواخرا – ئەو سیانەمان – لەوانەی کە دوای ئەوەی سوێندیان خواردو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێی وەرگرتن و بەیعەتی دانێ و داوای لێخۆش بوونی بۆ کردن و، پرسی ئێمەی دواخست تا ئەوکاتەی خوای گەورە خۆی دەربارەمان پرسەکەی یەکلا کردەوە و فەرمووی :

﴿ وَعَلَى الثَّلاَثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا .... ﴾ سورة التوبة ، آية (١١٨) .

واتە: هەروەها تەوبەی ئەو سێ کەسەشی وەرگرت کە دواخران ...

ئەوەی خوای پەروەردگار باسی دەکات کە دەفەرموێ : (خلفوا) واتە : دواخران، باسی ئەوە نیە کە ئێمە لە غەزا دوا کەوتین ، بەڵکو باسی ئەوەیە کە پرسەکەی ئێمەی دواخست و لەوانە جیای کردینەوە کە سوێندیان خوارد و لێیان وەرگیرا [١]. (لە دنیادا لێیان وەرگیرا – وەرگێڕ)

کعب (﵁) ساڵی (٤٠) وەفاتی کرد ، وتراویشە ساڵی (٥١) وەفاتی کردووە ڕەزای خوای لەسەر بێت .

[١] – فەرموودەی صحیح : بخاری (٨ / ٩٢ – ١٠٠) و مسلم (٨ / ١٠٦ – ١١٢) ..

" ٦٩ - نعمانی کوڕی مُقرن (رضي الله عنه) "

" بەڕاستی ماڵەکەی بنی مقرن لە ماڵەکانی تیمانە "

کێ یە ؟ ناوی نعمانی کوڕی عەمری کوڕی مقرن ی کوڕی عائذ .. ئەبو عەمری (المزني) پێشەوا ، یەکەمین جەنگەکانی (احزاب) بوو ، هەروەها لە بەیعەتی (الرضوان) دا ئامادە بووە ، لە (کوفە) نیشتەجێ بوو و پێشەوا عمر(رضي الله عنه) کردویەتی بەو الی (کسکر) پاشان لایبردووە و بەسەر سوپای موسڵمانانەوە ناردوویەتی بۆ جەنگی (نەهاوەند) و لەوێ بووەتە یەکەمین شەهیدی جەنگەکە ..ئەمە و (نعمان) خۆی و براکانی و هۆزەکەشی[1] ڕاستگۆی و دڵسۆزی خۆیان نیشانداوە لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) لە چەند هەڵوێستێکیدا کە جێگای سەرنجن و ئەو هەڵوێستانە وای لێ کرد لەناو هاوەڵاندا پێگەیەکی بەرز و پلەوپایەیەکی مەزن و بەرێزی هەبێت .

(نعمان) و براکانی و هۆزەکەیشی لە (مەدینە) مانەوە و ئەوەیان بە باشتر زانی کە لە تەنشی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بمێننەوە ، هەروەها نەبووبوونە باربەسەر کەسەوە ، بەڵکو دیدەوانێك بوون لە دیدەوانەکانی سوپای ئیسلام لە تەنیشت کۆچبەران و پشتیواناندا و چەند کەسێك بوون هەزار حسابیان بۆ دەکرا ، خۆ ئەگەر بانگبێژ بانگی جەنگی بکردایە ئەوان لە ڕیزی پێشەوەدا بوون.

" چەند لاپەڕەیەکی ڕووناك لە خەباتی (رضي الله عنه) "

نعمان و ڕۆژی (ذي القصة) : - (ذي القصة) جێگایە کە لە دووری (٢٤) میل لە مەدینەوە ، و لەسەر ڕێگای (نجد)ە ، لەوێدا هۆزەکانی (اسد) و (غطفان) و غەیری ئەوانیش - وەك باسمان کرد - و بەسەرکردایەتی (جبال[2] بن سلمە بن خویلد) ی برازای (طلحة) کۆبوونەوە بە مەبەستی دان بەسەر مەدینەدا ...

---

[1] - هۆزی (مزنیە) ، هۆزدکەی نعمان بەخۆشییەوە لەسەرەتاکانیساڵی حەوتی کۆچیدا هاتن بۆ مەدینە وە ئیسلام بوونی خۆیان ئاشکرا کرد . ئەوکاتەی موسڵمانان سەرقاڵی ئابلۆقەی (خیبر) بوون .

[2] - هەروەها بە (حبال)یش هاتووە .

وە پێش ئەوەی بەوکارە هەڵسن ، شاندێکیان ناردە مەدینە و چوونە لای گەورە پیاوانی مەدینە بۆ ئەوەی داوایان لێبکەن بچنە لای پێشەوا (ابی بکری صدیق) (رضي الله عنه) و داوای ئەوەی لێ بکەن کە ڕازی بێت لەسەر ئەوەی ئەمان نوێژەکانیان ئەنجام بدەن ، بەلاّم زەکات نەدەن . وەلاّمی (ابی بکر)یش (رضي الله عنه) ئەمە بوو : (سوێند بەخوا ئەگەر ڕشوەی ولاّخێکیان دابێتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئێستا بەمنی نەدەن – کۆی کەمەوە وەك زەکات – ئەوا لەسەری خەباتیان لە دژ ئەنجام ئەدەم و ئەگەر تەنها خۆیشم بم) .

ئەو جا شاندەکە گەڕانەوە لای هۆزەکانیان کە لە (ذي القصة) گیرسا بوونەوە و وەلاّمەکەیان پێ ڕاگەیاندن ، هەروەها ئەوەشیان پێ وت کە موسڵمانان ژمارەیان کەمە لە مەدینە وتەماعیان خستە بەردەسیان .

پێشەوا ابوبەکر (رضي الله عنه) شەڕ و خراپەی لە ناوچاوی شاندەکەدا بەدی کرد بۆیە خۆی بۆ ناپاکی یان ئامادەکرد ... و خەڵکی لە مزگەوت کۆکردەوە و پاش ستایشی پەروەردگار وتارێکی بۆدان تیایدا فەرمووی : (لە ڕاستیدا ئەوانە ئێوەیان بەکەم بینیوە ، و ئێوەش نازان بەشەودا دەدەن بەسەرتاندا یان بە ڕۆژدا .. وە ئەوان ئامانجی ئەوەیان هەبوو کە ئەوەی ئەوان داوای ئەکەن قبوڵی بکەین و لەگەڵیان پێك بێین ، ئێمەش بەوەڕازی نەبووین و ئەو پەیمانەمان لەگەڵیاندا نەویست لەبەر ئەوە خۆتانیان بۆ ئامادە بکەن) .هەروەهایش بوو ، تەنها سێ شەو تێپەڕی بوو هەڵگەڕاوان هێرشیان هێنا و ... چاودێران خێرا خۆیان گەیاندە (ابی بەکر) و ئاگاداریان کردەوە ، ئەویش فەرمووی کە لە جێگای خۆیاندا بمێنن ، خۆیشی لەگەڵ چەند کەسێکدا بەسەر چەند حوشترێکی بەساڵاچووە وە بەرەو ڕووی دوژمن ڕۆیشتن تا ڕوبەرویان بوونەوە ئەوجا بەرەو (ذی حسا) پاشەو پاش گەڕانەوە بۆلای سەربازگەی سوپاکە.

هەڵگەڕاوەکان فێڵێکیان بەکار هێنا ، ئەوە بوو چەند پارچە پێستەیەکیان بەستەوە بە چەند پەتێکەوە و فرێیان دا بەسەر دەم و چاوی حوشترەکاندا ، ئەوانیش لێی هەڵهاتن و بەخۆیان و هەرکەس بەسەرپشتیانەوە بو پێچیان کردەوە و هەرچی موسڵمانانیشە نەیانتوانی بیانهێننەوە سەرخۆ و هێوریان کەنەوە تا گەیشتنەوە مەدینە، بەلاّم توشی هیچ زیانێك نەهاتن .. هەرچی هەڵگەڕاوەکانیشە وایانزانی موسڵمانان لاوازی ڕووی تێ کردون ... بۆیە خۆیان ئامادە کردەوە بۆ هێرشێکی گشتی ، بەلاّم (ابوبەکر) (رضي الله عنه) ئەوشەوە لە خۆئامادە کردندا بوو ، بەخەریك بوون بە خۆچەك کردن و

ئامادەباشی مایەوە .. پاشان بەڕێ کەوت و (نعمان ی کوڕی مقرن) ی بەسەر دەستە ڕاستی سوپا و (عبدالله ی کوڕی مقرن) یش بەسەر دەستە چەپی سوپاوە داناو هەرچی پاشینەی سوپایشە (مؤخرة) ئەوە (سویدی کوڕی مقرن) ی بەسەرەوە دانا .. !

لەگەڵ هەڵاتنی ڕۆژدا موسڵمانان و دوژمنان لەمەیدانێکدا بوون ، ئەوە بوو شەڕێکی گەرم ڕوویدا لە نێوانیاندا و تیایدا کوڕانی ماڵی (مقرن) وێنەی کێو بە جێگیری مانەوە ... و چەندین هونەریان بەکار هێنا لە ئازایەتی و شەڕ کردندا و لە پێشەنگدا بون .. هێشتا خۆر گەرم نەبوو بوو دوژمنان کشانەوە و رایان کرد و (جبال ی کوڕێ سلمه)ی سەر کردەیان کوژرا و ئەبو بەکر (ﷺ) و موسڵمانان شوێنیان کەوتن تا (ذي القصة) ... پاشان ئەبوبەکر (ﷺ) گەڕایەوە بۆ مەدینە [1] ، ئەمەش یەکەمین جەنگی ڕزگاری بوو لە دژی هەڵگەڕاوەکان بەگشتی لە هەرجێیەك بوون [2] .

" نعمان لە ڕۆژی (تستر) دا "

(یەزدەجرد) [3] بەردەوام ئەهلی فارسی هان دەدا ... تا پارێزەران و پاڵەوانانی ئەهلی فارس و ئەهلی ئەهوازی خستە بزوتن و پەیمانیان بەیەکتر دا و ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی پشتی یەکتر بەر نەدەن ، و بڕیاریاندا کە بەردەوام بن لەبەدوادا چوونی شەڕ – پاش ئەوەی لە چەند جەنگێکدا لەسەر دەستی موسڵمانان شکستیان هێنا – و بۆ ئەمە هەموو چوونە ژێریەك ئالا ..

ئەوە بوو کە پێشەوا (عمری کوڕی خەتاب) (ﷺ) بەوەی زانی ، پەیامێکی نارد بۆ (سعدی کوڕی ابی وەقاص)ی ئەمیری کوفە کە سوپایەکی چڕوپڕ بە سەرکردایەتی (نعمانی کوڕی مقرن) بەرەو ئەهواز بنێرێت ..

---

[1] – دوای ئەوە (ابوبکر) (ﷺ) خالدی کوڕی وەلیدی نارد تا لەگەڵ موسڵماناندا بەردەوام بن لەسەر ڕێ .

[2] – النعمان بن مقرن . مامۆستا / محمد علی قطب (٩ – ١٣) بە دەستاکارییەوە .

[3] – پادشای فارس .

ئەوجا (نعمان) لەگەڵ ئەهلی کوفەدا بەناو گوندەکاندا ڕێگەی کرد تا (دجلە)ی بڕی و بەو وشکانیدا ڕۆیشت بەرەو (ئەهواز) ... و پاشان بەرەو (هرمزان) ڕۆیشت کە لە (رامهرمز) نیشتەجێ بوو بوو .

هرمزان بەوە ئاگادار کراوە کە (نعمان) بەرەوە ڕووی دێت و ویستی دەستپێشخەری بکات بە ئومێدی ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێ بەتەمای سەرکەوتن بۆ ئەهلی فارس کە لە هەموو جێیەکەوە هاتوون و کۆبوونەتەوە لە (تستر) .

ئەوجا لە (ئەربك) کە شارێکە لە ئەهواز بە یەك گەیشتن و شەڕێکی توند لە نێوانیاندا ڕووی داو پاشان خوای گەورە (هرمزان)ی سەر شۆڕ کرد و خۆی و سەربازانی پاشەکشە پێ کردو بەرەو (تستر) هەڵهاتن . (نعمان)یش دەستی بەسەر (رامهرمز) داگرت و لەوێ مایەوە و خەریکی ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی سوپا بوو ، چاوەڕێی فەرمانی دەکرد .

ئەوجا ئەهلی بەصرە بەسەرکردایەتی (ابی رهم ی کوڕێ سبرە) هەواڵی سەرکەوتنەکانی (نعمان) یان پێ گەیشت لەگەڵ هەڵاتنی (هرمزان) بۆ (تستر) ، بۆیە بەرەو (تستر) کەوتنەڕێ و بۆ ئەوەش پەیامێکیان نارد بۆ پێشەوا (عمر) ی ئەمیری موسڵمان ، ئەویش بەسەر چەند هێزێکی تازەوە (ابی موسای ئەشعەری) بۆ ناردن بۆ هاوکاری کردنیان .

لەوێ لە (تستر) سوپاکانی موسڵمانان بەیەك گەیشتن و گەمارۆی (تستر) یان دا کە (هرمزان)ی لێ بوو ، و گەمارۆ کە چەند مانگێك درێژەی کێشا و هەردوو لە کۆتاییدا هێرشیان بۆ یەکتر هێنا و دوای شەڕێکی توند[١] ... سەرکەوتن بۆ موسڵمانان بوو ، (هرمزان)یشیان دیل کرد .. سوپاس بۆ خودا[٢] ..

١ – نعمان ابن مقرن : مامۆستا / محمد علی قطب (٢٦ – ٢٩) بە دەستکاری یەوە .

٢ – پاشان هێنایانەوە بۆ مەدینە و موسڵمان بوو .

" نعمان ، ڕۆژی نهاوەند "

عومەری کوڕی خەتاب (ﷺ) پەیامێکی بۆ (نعمانی کوڕی مقرن) نارد : –

" بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان ، لەبەندەی خودا (عمر) ی ئەمیری ئیمانداران‌ەوە بۆ ، (نعمان)ی کوڕی مقرن ، سەلامی خوات لێ بێت ، سوپاسی خودای پەروەردگارت لەسەر دەکەم کە هیچ خودایەك نیە جگە لە زاتی ئەو ، لە پاشان : –

پێم گەیشتووە کە خەڵکێکی زۆر لە ناعەرەبەکان (عەجەم) لە شاری (نهاوند) بۆتان کۆبوونەتەوە ، لەبەر ئەوە هەر کە ئەم پەیامەی منت بە دەست گەیشت ، بە فەرمانی خودا و بەپشت بەستن بە هاوکاری و سەرکەوتنی خودا ، لەگەڵ موسڵماناندا بەرێ کەوە ، بەڵام لە جێگای بەردەڵان و سەختدا مەیانبەنە با ئازاریان بدەی و هەروەها مافی خۆیان لێ زەوت مەکە نەبا کافرو بێ باوەڕ یان بکەیت و مەیانبەرە ناو نسارەوە ، چونکە بەڕاستی پیاوێك لە موسڵمانان لەلام خۆشەویستترە لە سەد هەزار دینار ، والسلام) .

پاشان پەیامێکی نارد بۆ خەڵکی کوفە کە خۆیان بگەیەننە (نعمان) بە سەرکردایەتی (حزەیفەی کوڕی یمان) و هەروەها بۆ (ابی موسای ئەشعەری)یش پەیامی نارد کە ئەهلی بەصرە لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆلای نعمان ، وە خۆشی خەڵکانێکی لە ئەهلی مەدینەوە نارد لەناویاندا (عبدالله ی کوڕی عمر) بوو ؟

پاشان نووسی بۆ (نعمان) : – ئەگەر شتێکیشت بەسەر هات ئەوا (حذیفة ی کوڕی یمان) دەبێتە سەرکردەی سوپا و ئەگەر ئەویش شتێکی بەسەر هات ئەوە (نعیم ی کوڕی مقرن) جێگەی دەگرێتەوە .

" شەهادەت لە پێناوی خودا "

سوپای موسڵمانان بەرەو (نهاوند) کەوتەرێ ... فارسەکان لە چەندین قەڵای سەخت و قایم دا خۆیان هێشتەوە .. بۆیە لە دوورەوە چەند پێکدادانێك لە نێوانیاندا ڕووی دا ... و موسڵمانان وای بۆ چوون کە درێژە کێشانی ماوەی گەمارۆدان زەرەو زیانی خۆی هەیە ، بۆیە لە خێوەتەکەی (نعمان) دا کۆبوونەوە ، طلیحە کوڕی خویلید فەرمووی : من وای بۆ دەچم چەند ئەسپسوارێك بنێرێت بۆ شەڕ و دواتر بکێشنەوە و لە

دوژمن هەڵبێن بۆ لە خشتە بردنیان[1] . بە درێژایی شەڕکردنمان لە گەڵیاندا ئەو نەخشەیەمان بە کار نەهێناوە ، لەبەر ئەوە ئەگەر شتێکی وامان لێ ببینن تەماع ئەیانگرێت و دێنەدەرەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵماندا و ئێمەش بە ویستی خوا سەرکەوتن بە دەست دێنین . ئەوەبوو (نعمان) و باقی سەرکردەکانی تری سوپاڕای (طلیحە) یان بە باش زانی و لەسەر وردەکاریەکانی نەخشەکە ڕێك کەوتن ، و کات لە بەرەبەیان نزیك بوو بوویەوە . (نعمان) یەکێ لەسەرکردە سوار چاکەکانی بەناوی (قعقاع ی کوڕی عمری تمیمی)[2] بەسەر دەستە سوارەکانەوە نارد تاوەکو لە دەرگاکانی قەڵاکانیان دا ، و سوارچاکەکانیان بۆیان هاتنە دەرەوە و شەڕ لە نێوانیاندا ڕووی دا . پاشان (قعقاع) لە پێش چاویاندا بە خۆی و ئەوانەش کە لە گەڵیدا بوون پاشەکشەی کرد ، بۆیە (عەجەمەکان) گومانی ئەوەیان برد کە عەرەبەکان بە هۆی لاوازی یانەوە پاشەکشە یان کردووە . لەبەر ئەوە شوێنیان کەوتن و بەدوایاندا ڕۆیشتن ئەمەش باقی ئەو شەڕ کەر و سوارچاکانەی هاندا کە هێشتا لەناو چاڵ و قەڵاکانیاندا مابوونەوە و هاتنە دەرەوە و شوێن (قعقاع) و هاوڕێکانی کەوتن هەرچی موسڵمانانیشە لە ئامادە باشی تەواوەتیدا بوون و نعمان فەرمانی پێ کرد بوون کە لە جێگای خۆیاندا بمێننەوە و خۆیان نەگلێنە شەڕەوە تا مۆڵەتیان دەدات . ئەوە بوو سوارچاکەکان بەرەو ڕوویان هاتن و تیربارانیان دەکردن .. نعمانیش چاوەڕێ بوو تا هەموو سوارچاکەکانیان لەناو قەڵاکاندا هاتنە دەرەوە .. پاشان سواری ئەسپەکەی بوو ، بە نێوان ڕیزەکانی سوپادا ڕۆیشت و ڕێ و شوێنی بۆ دا ئەنان و هانی دەدان لەسەر ئارامگرتن و خەبات کردن ، پاشان فەرمووی : " سێ جار تەکبیر دەکەم (الله اکبر) ، لە تەکبیری یەکەمدا ئەوەی خۆی ئامادە نەکردووە با خۆی ئامادەکات ، لە تەکبیری دووەمدا با چەکەکەی توندکات و ئامادە بێت بۆ هەڵسان ، و لەتەکبیری سێهەمدا من دەبم (بە ویستی خوا) و ئێوەش بە دوامدا هێرش بەرن ... " پاشان (نعمان) دەستی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و پاڕایەوە و فەرمووی : " ئەی پەروەردگار شەهات بکە بەبەشی (نعمان) و ڕزگاری بەڕووی موسڵماناندا بکەرەوە "

[1] – ئەم نەخشەی شەرکردن بوو لەلای عەرەبان .

[2] – پێشەوا عمری کوڕی خطاب (رضي الله عنه) دەربارەی فەرموویەتی : هەر سوپایەك (قعقاع)ی تێ بێت شکست ناهێنێ .

ئەوانیش)(آمین) یان وتو سێ جار ئالاکەی ڕاوەشاند و پاشان بەسوپاکەیەوە هێرشی بۆ هێنان ...

بەو جۆرە (نعمان) دوژمنیانی ڕاپێچ ی دەرەوەی قەلاکانیان کرد و شەڕێکی توند لە نێوانیاندا ڕووی دا و خودای پەروەردگار دوعاکەی نعمانی قبولْ کرد و بووە یەکەمین شەهیدی جەنگەکە .. ئەوە بوو ئەسپەکەی (نعمان) لەناو خوێندا هەلْخلیسکا و نعمانیش لەسەری کەوت بە مردوویی .

خێرا (نعیم)ی برای بەجلەکانی داپۆشی و ئالاکەی هەلْگرت و دایە دەست (حذیفة ی کوڕی یمان) . (نعیم) هەوالْی شەهید بوونی براکەی لەسەر بازەکان شاردەوە لەبەر ئەوەی کار لە مەعنەویاتیان نەکات ، و پاشان موسلْمانانان بەردەوام بوون لەسەر شەڕ کردن بە پێی پلانەکە . کە شەو داهات هێزەکانی فارس تووشی شکست هاتبوون ، و موسلْمانان لە هەموو لایەکەوە دەریان پەڕاندن[1] .

معقل ی کوڕی یسار دەلْێت : (هاتم بۆلای (نعمان) هێشتا گیانی تیامابوو ، بڕێك ئاوم هێنا و دەم و چاویم پێ شۆرد لە تەپ و تۆز .. پرسی : کێیت ؟ وتم : معقل . پرسی : چی ڕووی دا (خەلْکەکە بە چی گەیشتن ؟) وتم : سەرکەوتنی خوایی . ئەویش فەرمووی : سوپاس بۆ خوا . ئەو مژدەیە بنووسن و بینێرن بۆ پێشەوا (عمر ﷺ) و پاشان گیانی سپارد (ﷺ)[2] .

" عمری کوڕی خطابیش بۆی دەگری "

لە (ابی عوسمان)ەوە ، دەلْێت : هاتم بۆلای عمر و هەوالْی شەهادەتی (نعمانی کوڕی مقرن)م پێ گەیاند ، دەستی خستە سەردەم و چاوی و دەستی بەگریان کرد[3] . حافظ ابن کثیر ، دەلْێت : نعمان (ﷺ) یەکێکە لەوانەی خوای گەورە لە هەقیاندا دەفەرمووێت : ﴿ إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ ...﴾ سورة التوبة ، آیـة (١١١)[4] . واتە : بەڕاستی خواگیان و مالْی لە ئیمانداران کڕیوە کە بەهەشت بۆ ئەوانە و بەشیانە ...

---

[1] – زۆربەی بابەتی ئەم باسە لە کتێبی (نعمانی کوڕ مقرن) ی مامۆستا محمد علی قطب وەرگرتووە .

[2] – دانەپالْەکەی (صحیح)ە / حاکم گێڕاویەتیەوە (٣ / ٢٩٣) .

[3] – بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (١ / ٤٠٤) .

[4] – البدایە (٥ / ١٩٨) .

" ٧٠ - سەعدی کوڕی ربیع (رضي الله عنه) "

" سەرکردەی شەهید "

" النقیب الشهید "

پێناسی :

سەعدی کوڕی ربیع ی کوڕی عەمری کوڕی أبی زهیر .. ی ئەنصاری خەزرەجی بەدری ... (نقیب)ی شەهیدە .. یەکێکە لە بەڕێزانی شەوی (عەقەبە) و ڕۆژی ئوحود شەهید بووە .

" چاکەکانی "

لە (ئوم سەعدی کچی سەعدی کوڕی ربیع) ەوە ، هات بۆلای ابی بکری صدیق (رضي الله عنه) ئەویش پارچە قوماشێکی بۆ داخست تا لەسەری دانیشێت ، ئەوجا عمری کوڕی خەتابیش (رضي الله عنه) هات و پرسی : ئەم ئافرەتە کێ یە ئەی خەلیفەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟

فەرمووی : ئەمە کچی ئەوکەسەیە کە لە من و تۆیش باشترە و تەنها لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باشتر نیە ، پیاوێك کە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەهید بووە و پێگەی لەبەهەشت بۆ ئامادە کراوە و من و تۆ ماوینەتەوە [1].

" هەڵوێستێکی (بەرێز) "

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالإِيمَانَ مِنْ قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلاَ يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴾ سورة الحشر ، آية (٩) .

[1] - طبرانی گێڕاویەتیەوە ، و لەناویدا : اسماعیلی کوڕی قیس ی کوڕی سەعدی زەید ، هەیە کە هیثمی دەڵێت / لاوازە المجمع بە ژمارە (١٥٧٠٤) .

واتە : ئەوانەی کە پێشتر ماڵ و شوێنی خۆیان ئامادەکرد بۆ پێشوازی لە کۆچبەران و دڵ و دەرونی خۆیان ڕازاندەوە بە ئیمان ، ئەوانەشیان خۆشدەویٚ کە کۆچیان کردووە بۆ لایان و لە دڵ و دەرونیاندا جێی هیچ جۆرە حەسودی و بەخیلیەك نابێتەوە و حەز بەبەخشینی دەستکەوتەکان دەکەن بۆ کۆچبەران ، فەزڵی ئەوانە دەدەن بەسەر خۆیاندا هەرچەندە هەژار و نەداریشن ، جا ئەوەی خۆی لە نەفسی ڕەزیلی بپارێزێت و زاڵ بێت بەسەریدا ، ئا ئەوانە هەر سەرفرازن ...

(وە جیاوازی ڕالەوە دا نیە کە ئەوانەی (تبۆوالدار) وەك لە ئایەتەکەدا هاتووە ، ئەو پشتیوانانەن کە لە مەدینە نیشتەجیٚ بوون پێش ئەوەی کۆچبەران هیجرەت بکەن بۆلایان)[1] .

لە (انس ی کوڕی مالك)ەوە (ﷺ) ، دەڵێت :

عبدالرحمن کوڕی عوف – لە زەمانی هیجرەتدا – هات بۆ مەدینە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ سەعدی کوڕی ربیع ی ئەنصاریدا کردنی بەبرا ، سعد مال و ئەهلەکەی خستە بەردەم (عبدالرحمن) تا نیوەی بۆ خۆی بەرێت ، (عبدالرحمن)یش (ﷺ) وتی : خوا ماڵ و خێزانت لە خۆت پیرۆز کات ، بەڵام بازارم نیشاندە ، ئەوە بوو لە فرۆشتنی پەنیر و چەوری بڕێك قازانجی کرد[2] .

لە ڕیوایەتێکی تردا ، عبدالرحمن کوڕی عوف هاتە مەدینە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ سەعدی کوڕی ربیع ی ئەنصاریدا کردی بەبرا ، سەعد پێی وت : براکەم من لە ناو خەڵکی مەدینە دا لە هەموان دارا ترم ، جابڕوانە سامانە کەم کە کردوومە بەدو بەشەوە کام بەشەیانت ویست هەڵیگرە بۆ خۆت !! وە من دوو خێزانم هەیە ، لێیان بڕوانە، کامیانت بە دڵ بوو با بۆتی تەڵاق بدەم !! (عبدالرحمن)یش فەرمووی :

خواماڵ و خێزانەکەت لە خۆت پیرۆزکات ، تۆ بازارم نیشاندە تاکۆتایی فەرموودەکە[3]... بڕوانە خوێنەری بەڕێز ، چۆن خۆشەویستی خوای پەروەردگار لە

---

[1] – بڕوانە / الجامع الاحكام القران (١٨ / ٢١) .

[2] – تەواوی فەرموودەکەی لەلای بخاری هەیە لە (٦٣) کتێبی : مناقب الانصار (٥٠) بابی کیف اخى النبي بين اصحابه (٣٩٣٧) .

[3] – پێشەوا احمد دەری هێناوە لە (المسند) دا بە ژمارە (١٣٨٦٤) .

دڵیاندا جێگیر بووە وەهای لێ کردوون ژیانی هەمیشەیی هەڵبژێرن بەسەر ژیانی لەناوچوودا ... ئەمەش تەنها لە سەعددا نەبوو ، بەڵکو هەموو هاوەڵان ئەوە هەڵوێستیان بوو ... چەندین نمونەیان لە ڕوناکی باوەڕ و شیرینی ئیخلاص (دڵسۆزی) نیشانداوە کە لاپەڕەکانی مێژوی پێ بۆنخۆش کردووە ... تا خەڵکی بزانن کە ئەوە پەروەردەیەکی ڕەببانی یە نەك مرۆیی ، هەروەك خوای پەروەردگار بە (موسا) (علیهم السلام) دەفەرموێ : (ولتصنع علی عینی) .

١ – لە ابی هریرەوە (رضي الله عنه) دەڵێت : –

پیاوێك لە پشتیوانان شەو میوانێکی هات ، ئەویش جگە لە خۆراکی بەشی خۆی و منداڵەکانی ئەو ئێوارەی هیچی کەی لانەبوو ، بۆیە بە خێزانەکەی وت : منداڵەکان هەرچۆن بووە بخەوێنە و چراکە بکوژێنەوە و هەرچی هەیە لە میوانەکەمان نزیکی کەرەوە ، خوای پەروەردگاریش ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿ ... وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ... ﴾[1] سورة الحشر آية (٩) .

لە ڕیوایەتێکی دیکەدا ، لە ابی هریرەوە (رضي الله عنه) دەڵێت : پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی : کەماندوو برسی یە ، ئەویش (ﷺ) وەڵامی نارد بۆ یەکێ لە خێزانەکانی ، ئەویش لە وەڵامدا وتی : سوێند بەو کەسەی تۆی بە هەق ناردووە تەنها ئاوم لەلایە .

پاشان وەڵامی بۆ یەکێکی دیکەیان نارد ، هەمان شتی وت ، هەتا هەموویان هەمان شتیان وت کە تەنها ئاویان لەلایە ، ئەویش (ﷺ) فەرمووی : (کێ ئەم پیاوە ئەمشەو دەکاتە میوانی خۆی ، ڕەحمەتی خوای لێ بێت ؟) پیاوێك لە پشتیوانان هەڵساو وتی : من ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو جا لەگەڵ خۆی بردی و بەخێزانەکەی وت :

هیچمان هەیە ؟

وتی : هیچمان نیە جگە لە خۆراکی بەشی منداڵەکان . ئەویش وتی : دەی بەشتێ سەرقاڵیان کە و هەرکە میوانەکەمان هات چراکە بکوژێنەرەوە و وای نیشاندە کە ئێمەش

[1] – صحیح : صحیحی سونەتەکانی ترمزی (٢٦٣٢) مانای ئایەکە :

نان دەخۆین ، و هەرکە دەستی برد بۆ خواردنەکە چراکە بکوژێنەرەوە (تانە مانبینیّ کەنان ناخۆین و با ئەو نانی خۆی بخوات) .

دەڵێت : دانیشتن و میوانەکەنانی خۆی خوارد کە رۆژ بوویەوە چووەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، پێی فەرموو : (قد عجب الله – عزوجل – من صنيعكما الليله)[1].

واتە : خوای پەروەردگار زۆر معجبی ئەم کارەی ئەمشەوتان بوو .

٢ – ابن عمر ، دەڵێت :

سەری مەرێك پێشکەشی پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا ، وتی : فلاّن کەسی برام و منالّەکانی زیاتر لە من پێویستیان بەم سەری مەڕە هەیە و ناردی بۆیان ئەویش هەروانادری بۆ یەکێکی تر هەتا حەوت مالّی بەڕیّ کرد و هاتەوە مالّی یەکەمجار !!

وەلە ڕیوایەتێکدا کە (الثعلبي) لە (انس)ەوە باسی کردووە ، دەڵێت :

سەری مەڕێك درابەیەکیّ لە هاوەڵان کە زۆر برسی بوو ، بەلاّم ئەو ناردی بۆ دراوسێکە و دوای ئەویش حەوت دەستی کرد و گەڕایەوە مالّی خۆی ئەوجا خوای پەروەردگار ئەم ئایەتەی دابەزاند : ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ ﴾[2] .

٣ – حذيفةی عدوی ، دەڵێت :

ڕۆژی (يرموك) لەناو کوژراوەکاندا دەگەڕام بۆ کوڕە مامێکم و بڕێك ئاوم پیّ بوو، بەخۆمم دەوت : ئەگەر هێشتا گیانی تیابێت با تۆزیّ ئاوی بدەمیّ ، ئەوە بوو بینیمەوە و پێم وت : با تۆزیّ ئاوت پیّ بدەم بەسەری ئاماژەی کرد : (بەلّیّ) لەو کاتەدا گوێمان بە دەنگی پیاوێك بوو دەیوت : ئاه ، ئاه و کوڕەمامەکەم ئاماژەی بۆ کردم کە ئاوەکە بدەم بە ئەو ، کە گەیشتمە سەری ، دەبینم (هشامی کوڕی عاص) ە وتم : ئاوت پیّ بدەم ؟ ئاماژەی کرد کە بەلّیّ ، لەو کاتەدا گوێی لە یەکیّ تر بوو ، دەینالاّند ! هشام ئاماژەی کرد کە بچم بۆلای ئەوکەسە ، کە گەیشتمە سەری دەبینم گیانی دەرچووە ، گەڕامەوە لای

[1] – صحيح / زانایان هاودەنگن لەسەری خەتابی دەڵێت : (عجب الله) لە فەرموودەکە واتە : زۆر لێی ڕازی بوو . فتح (٨ / ٦٣٢) .

[2] – بڕوانە : تفسير قرطبی (١٨ / ٢٤ ، ٢٥) .

(هشام) بینیم ئەویش گیانی سپاردووە ، پاشان گەڕامەوە لای کوڕەمامەکەم سەیر ئەکەم ئەویش وەفاتی کردووە [1].

" بۆنی بەهەشت ... و شەهادەت لە پێناوی خوادا "

ابن اسحاق ، دەڵێت :

لە (محمدی کوڕی عبدالرحمن ی کوڕی صعصعه)وە ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوای تەواو بوونی جەنگی ئوحود فەرمووی : (من رجل ینظرلی ما فعل سعد بن الربیع ؟)

واتە : کێ هەڵئەسێ بزانێ سعدی کوڕی ربیع چی لێ بەسەر هاتووە ؟

پیاوێك لە پشتیوانان وتی : من ، چووەدەر و بەناو کوژراوەکانا گەڕا ، تا (سعد)ی بە برینداری بینیەوە و ئاخرین هەناسەکانی ژیانی دەدا ، وتی : ئەی سەعد ! پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردم بزانم تۆ لە ناو زیندواندا ماویت یان لە ڕیزی مردواندایت ؟

وتی : لە ڕیزی مردواندام ، لەبەر ئەوە سەلامم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بگەیەنە و پێی بڵێ ، سەعد وتی : خوای گەورە پاداشتی بداتەوە بە باشترین شێوە کە پێغەمبەرانی خۆی پێ پاداشت دەداتەوە ، و هەروەها سەلامی من بگەیەنە بە قەومەکەت و پێیان بڵێ : سەعد دەڵێت : بەڕاستی هیچ بیانوو بە هانەیەکتان لەلای خوا نابێ ئەگەر بێت و دەستی دوژمنان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بگات ، هەتا چاوێکتان مابێت بۆ تروکان (واتە : هەتا کەسێکیان بە زیندوویی مابێت) [2] .

وە لە (خارجەی کوڕی زەیدی کوڕی ثابت) ەوە ، لە باوکیەوە دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژی ئوحود ناردمی هەواڵی سەعدی کوڕی ربیع بزانم و پێی فەرمووم : ان رایته ، فأقراه منی السلام ، وقل له : (یقول لك رسول الله کیف تجدك ؟) ... ئەگەر بینیت ، سەلامی منی پێ بگەیەنە و پێی بڵێ ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵت دەپرسێت ؟ ..

---

[1] – بڕوانە : تفسیر قرطبی (١٨ / ٢٧) .

[2] – بڕوانە : ابن هشام (٢ / ٩٤ ، ٩٥) .

منیش بەناو کوژراوەکاندا گەڕام ، تا دۆزیمەوە هێشتا گیانی تیامابوو ، نزیکەی حەفتا لێدانی پێوە بوو ، پەیامەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) م پێ گەیاند ئەویش فەرمووی : سەلامی خوا لەسەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لەسەر تۆش ، پێی بڵێ : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من بۆنی بەهەشت دەکەم ، و بە هۆزەکەم (انصار) بڵێ : لەلای خوا هیچ عوزر و بەهانە یەکیان نامێنێ ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەوێتە دەست بێ باوەڕان مادەم کەسێکی زیندووتان تیامابێت ، دەڵێت : پاشان گیانی پاکی سپارد(رضي الله عنه) [1] .

" ئایەتەکانی میراتگری "

لە (جابری کوڕێ عبدالله) وە ، دەڵێت : خێزانەکەی سعدی کوڕی ربیع هەردوو کچەکەی هێنا و هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی :

ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! ئەمانە کچی سەعدن و باوکیان لەگەڵ تۆدا بوو لە ئوحود شەهید کرا ، و ئێستا مامەیان هەموو ماڵەکەیانی بردووە و هیچی بۆ دوو کچەکەم نەهێشتوەتەوە و بە بێ پارەش نادرێن بە شوو ، ئەویش فەرموی : (يقضي الله في ذلك) خوای پەروەدگار ئەوە یەکلایی دەکاتەوە .

ئەوە بوو ئایەتی میراتگری هاتە خوارەوە ، و ئەویش ناردی بەدوای مامی مناڵەکاندا و پێی فەرموو : (إعط بنتي سعد الثلثين ، و اعط امهما الثمن ، و ما بقي فهو لــك) [2] .
دوو لە سەر سێی ماڵەکە بدە بە کچەکانی سەعد و هەشت یەکی لێ بدە بە دایکیان و هەرچی مایەوە هەڵیگرە بۆ خۆت .

ڕەزای خوای گەورە لەسەر سەعدی کوڕی ربیع (رضي الله عنه) و هەموو هاوەڵان و شوێنەکەوتوانیان تا ڕۆژی قیامەت .

---

[1] – بیهقی لە دلائل النبوه دا گێڕاویەتیەوە .

[2] – فەرموودەی (حسن) : ابن ماجه گێڕاویەتیەوە (٢٧٢٠) و بڕوانە / صحيح سنن الترمزی (١٧٠١).

" ٧١ - عبداللە ی كوڕی حزافە (رضي الله عنه) "

" خۆ بەرز ڕاگرتنی بە باوەڕ "

ناوی (عبداللە ی كوڕی حزافە ی كوڕی قیس ی كوڕی عدی) یە و یەكێكە لە پێشینە بەڕێزەكان .

كۆچی كردووە بۆ حەبەشە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەك پەیامنێرێك ناردوویەتی بۆلای (كسری) . ابن مندە ، دەڵێت (لە بەدر دابەشدار بوو ، وە (ابن شهاب) دەڵێت : عبیداللە ی كوڕی عبداللە ی كوڕی عتبە هەواڵی پێ دام ، ابن عباس هەواڵی پێداوە كە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پەیامێكی نارد بۆ (كسری) لەگەڵ (عبداللە ی كوڕی حزافە ی سهمی) دا و فەرمانی پێ كرد بیداتە دەست گەورەی بەحرەین ، ئەویش (واتە گەورەی بحرین) دایە دەست كسری ، هەركە خوێندیەوە پارچە پارچەی كرد ، زهری دەڵێت : لەبەر ئە وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعای لێ كردن كە خودا پارچە پارچەیان بكات)[١] و خوای گەورەیش دوعاكەی گیرا كرد و موڵكی (كیسری) ی تێك و پێك داو پارچە پارچە كرد .

" ئادابی قورئان خوێندن "

لە ئەبی سەلەمەوە (رضي الله عنه) ، عبداللە ی كوڕی حزافە هەڵسا و نوێژی دابەست ، لە نوێژەكەیدا دەنگی بەرزكردەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو : یا ابــن حذیفــة ، لاتسمعني و سمع الله [٢] .

واتە : ئەی حذیفة .. مەیدە بە گوێی مندا ، بەڵكو با خوا گوێی لێت بێت .

نووسەر دەڵێت : فەرموودەی زۆریش لە (صحیح) و غەیری ئەویش هاتوون كە بەڵگەن لەسەر خۆشویستنی دەنگ هەڵبڕین بۆ قورئان خوێندن ، وەك ئەم فەرموودەیە : (ما أذن الله لشيء ما اذن لنبـــي حسن الصوت يتغنى بالقران يجهر به)[١]

---

[١] – صحیح بخاری گێڕاویەتیەوە (٨ / ٩٦) لە (المغازی) دا .

[٢] – پیاوانی جێ متمانەن : ابن سعد دەرەیهێناوە لە (الطبقات) دا (٤ / ١٩٠)

واتە : خوای پەروەردگار بۆ هیچ شتێك گوێی ڕانەگرتووە ، زیاتر لە گوێڕاگرتنی بۆ دەنگی پێغەمبەرێکی دەنگ خۆش کە بە ئاوازەوە قورئان بخوێنێ و دەنگی بەرزکاتەوە ... ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ قبوڵ کردن و ڕازی بوون لەسەری[2] .

پێشەوا ابو حامدی غەزالی (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ) ، دەڵێت :

(بۆ ئەوەی فەرموودە جیاوازەکان کە لەمبارەوە هاتون پێکەوە گرێ بدەین ، دەڵێین : نزم کردنەوەی دەنگ لە (ڕیاو ڕوپامایی دورترە وەك لەبەرز کردنەوەی دەنگ لەبەر ئەوە هەر کەس لە (ریاو) پێش چاوی دەترسێت وا باشترە دەنگی نزم کاتەوە ، و بۆ کەسێکیش لە خۆی نەترسێت پێش چاوی بکات بە دەنگ بەرزکردنەوەی ئەوا باشتروایە دەنگ هەڵبڕێ ، چونکە زیاتر کار بەمە کراوە وسودەکەشی بۆ کەسانی دیکەش دەگەڕێتەوە .. و دڵی خوێنەر خۆیشی زیندوو ڕادەگرێ و بیری لەلای قورئانەکە کۆ دەکاتەوە و گوێی لێ دەبێت و خەون لە چاوی لائەدا و چالاکی دەکات ، هەروەها خەوتوو و بێ ئاگایانی دەوربەریشی بە ئاگا دێنێتەوە و چالاکیان دەکات ، وتویانە : ئەگەر ئەم نیەتانەی هەبوو یان یەکێ لەم نیەتانەی هەبوو ، ئەوە دەنگهەڵبڕین بۆی باشترە)[3]

– لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق : –(بۆ هەرشتێ سەرپێچی خوای بەدیهێنەری تیا بوو گوێدێری هیچ دروستکراوێك مەکەن)

لە (أبی سعيد) ەوە ، دەڵێت :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) سریەیەکی نارد بە پێشڕەوی (علقە کوڕی مجزز) و منیش یەکێك بووم لەناویاندا ، و لە نیوەی ڕێدا هەندێکیان مۆڵەتیان لێ وەرگرت ، ئەویش مۆڵەتی دان و (عبداللە ی کوڕی حزافە)ی کردە سەرکردەیان ، عبداللە لە ئەهلی (بەدر) بوو ، هەروەها گیانی سوعبەتیشی تێدا بوو .

---

[1] – صحیح : زانایان لەسەری هاودەنگن .

[2] – البیان في آداب القرآن ی نووی (١٠٤) .

[3] – احیاء علوم الدين غزالی (١ / ٢٧٨ ، ٢٧٩) .

لە کاتێکدا کە بەڕێوە بووین و لە جێیەك ئاگرێکمان کردەوە تا لەبەری بڕێك خۆمان گەرم کەینەوە عبدالله هەڵساو وتی : باشە من مافی ئەوەم لەسەرتان نیە گوێڕایە ڵیم بکەن؟

وتیان : بەڵێ :

وتی : دەی بەومافەی من هەمە بەسەرتانەوە فەرمانتان پێ ئەکەم خۆتان بخەنە ناو ئەو ئاگرەوە ، ئەوانیش هەڵسان و خۆیان توند کردەوە بۆ خۆ فڕێ دانە ناو ئاگرەکەوە ، تا ئەوکاتەی (عبدالله) زانی کە ئەوان ئەو کارە ئەکەن و وا خەریکە خۆیان فڕێ دەنە ناوی پێی وتن : وازبێنن وشتی وا مەکەن ، تەنها ویستم سوعەبەتتان لەگەڵدا بکەم .

ئەوجا کە هاتنەوە بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بۆیان باس کرد ، فەرمووی : (من امركم بمعصية فلا تطيعوه)[1] هەرکەس فەرمانی پێ کردن بە سەرپێچی یەك ، بە گوێی مەکەن .

جێگیر بوونی لە سەرهەق : عبدالله ی کوڕی حزافە ، نموونەیەکی پێشکەش کردووە لەسەر ئارامی و مانەوە لەسەر هەق ... و وانەیەکی نیشانداوین لەسەر سەر بڵندی و مل نەدان و بەرز ڕاگرتنی ئیمان و باوەڕ کە هەرگیز لەبیری نەکەین .

لە (ابی رافع) ەوە دەڵێت :

عمری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) سوپایەکی نارد بۆ ڕۆمەکان ، لەوێ (عبدالله ی کوڕی حزافە) یان دیل کرد و لەگەڵ خۆیان بردیان .

وتیان : ئەمە لە هاوەڵانی (محمد)ە . پادشا وتی : وەرە ببە نەصرانی ، نیوەی موڵکەکە مت پێ ئەدەم ؟ وتی : ئەگەر هەرچیت هەیە پێم بدەی لەگەڵ هەموو موڵکی عەرەبیشدا ، ئەوا بۆ چاوتروکانێك لە ئایینی (محمد) پاشگەزنابمەوە .

ئەویش وتی : دەی ئەتکوژین ، وتی : دەی کەیفی خۆتە ... پاشان بەستیانەوە و فەرمانکرا تیر بارانی دەورو بەری بکەن بە بێ ئەوەی بەر ئەو بکەوێ و بەردەوام داوای لێ ئەکرا بێتە نەصرانی ، بەڵام ئەو لەسەر باوەڕی خۆی مایەوە تا وازیان هێنا ئەوجا ئاوی کوڵاوی هێنا و دوو کەس لە دیلەکانی موسڵمانانی هێنا ، و فەرمانی کردو یەکێکیان تێ

[1] - دانەپاڵەکەی (صحيح)ە ، احمد و ابن ماجه گێڕاویانەتەوە ، و زانایانی هاودەنگن لەسەری .

فرێدا ، و بەردەوام پێیان دەوت کە ببێتە نەصرانی ، بەڵام ئەو ڕازی نەدەبوو ، پاشان عبداللە دەستی بەگریان کرد .

وتیان بە پاشا : دەگری ئەویش وای زانی ئیتر لاواز بووە و چارەی نەماوە ، وتی : بەرەڵای کەن و بۆم بێنن .. پێی وت : بۆچی گریایت ؟

وتی : بە خۆمم وت : گیانێکم هەیە .. بیبەخشم ، حەزم ئەکرد هێندەی تا لە مووەکانی سەرم گیان و ڕۆحم تیابوایە و بخرایەتە ناو ئاگر لە پێناوی خوادا ، ئەو تاغووتەش پێ وت : دەی وەرە سەرم ماچ کە ، بەرەڵات دەکەم .

وتی : دیلەکانی دیکەش بەر دەدەیت ؟

وتی : بەڵێ . ئەویش سەری ماچ کرد . و پاشان لەگەڵ دیلەکاندا گەڕایەوە بۆ لای عمر (رضي الله عنه) و هەواڵەکەی پێدا ؟ عمریش (رضي الله عنه) ، فەرمووی : هەر موسڵمانێك مافی ئەوەی بەسەرەوەیە سەری کوڕی حذافة (رضي الله عنه) ماچ بکات ، وە بەخۆیشم دەست پێدەکەم و سەری ماچ کرد[1] .

وە لە (مالك ی کوڕی انس)ەوە :

ئەهلی (قیساریە) کوڕی حذافة (رضي الله عنه) یان بە دیل گرت ، پادشا کەیان فەرمانی پێ کردن و بە چەندەها ڕێگە تاقی یان کردەوە ، بەڵام ئەو ئارامی لەسەر هەموویان گرت. پاشان هێنایانە ژورێك و شەراب و گۆشتی بەرازیان سێ ڕۆژ لەسەر یەك بۆ دەبرد لە جیاتی خۆراکدا ،ب ەڵام ئەو نەیدەخوارد ، ئەو جا بە پاشایان وت بەڕاستی هێزی لەبەر بڕاوە ، ئەگەر دەری نەکەیت لەو ژوورەدا ، دەمرێت ، ئەویش هێنایە دەرەوە و لێی پرسی : بۆچی هیچ ناخۆیت ؟

وتی : ئەگەر چی لە ناچاریدا بۆمان حەڵاڵ کراوە ، بەڵام حەزم نەکرد وات لێ بکەم کەیفت خۆش بێت لە ئیسلام (واتە هەست بە جۆرە سەرکەوتنێك بکەیت بەسەر ئیسلامەوە) . ئەوجا وتی : دەی سەرم ماچ کە ، سەد دیلت لەگەڵدا ئازاد دەکەم . وتی ئەمەیانم قبوڵە ، و سەری ماچ کرد و لەگەڵ سەد کەس لە دیلەکاندا ئازادی کردن .

---

[1] – ارنؤوط دەڵێت : ابن عساکر لە تاریخ دا لەڕێی بەیهەقی یەوە دەرهێنانی بۆ کردووە و هەروەها (حافظ)یش لە (الاصابە) دا و لە فەرموودەی ابن عباسەوە ، لەلای ابن عساکر .

هەورەها ابن عائز چیرۆکی ابن حذافەی گێڕاوەتەوە ، دەڵێت : – وەلیدی کوڕی محمد بۆی باس کردین وتی : ابن حذافة (رضي الله عنه) بە دیل گیراو ... پاشان بەدرێژی باسی چیرۆکەکەی کرد کەتیایدا هاتووە ، لەگەڵ عبدالله ی ابن حزافەدا سێ سەد بەندکراوی دیکەشی ئازاد کردووە و سی هەزار دینار وسی خزمەتکاری ئافرەت و سی خزمەتکاری پیاویشی پێ بەخشیوە .

پێشەوا (ذهبي) دەڵێت : (لەوانەیە ئەم پادشایە بە نهێنی موسڵمان بووبێت ، و بەڵگەش بۆ ئەوە زیادەڕەوی کردنیەتی لە ڕێزلێنانی عبدالله ی کوڕ حذافة(رضي الله عنه)... و ئەوانەی لەناخی خۆیاندا موسڵمان بوون بەو جۆرە هەڵس و کەوتیان کردووە ، و تکای ئەوەی بۆ دەکرێ کە بۆ هەمیشەیی لە ئاگردا نەمێنێتەوە ، چونکە جۆرێك باوەڕ لە دڵیدا گیرساوەتەوە و بۆ ئەوە شاردویەتیەوە نەکا ملکەچی ئیسلام و پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێت و باوەڕی بە هەقێتی ئیسلام هەبووە لەگەڵ باوەڕی بەوەی کە ئەو لەسەر ئاینی ڕاستە ، دەبینین کە ئاینی یەکانی لەلاگەورە بووە ، هەروەك زۆرێکی تر لە (المسلمانية الدواوين)ەکان ئەیانکرد ، بەڵام ئەمە لە ئیسلامدا سوودی بۆ ی نیە تا لە هاوەڵدانان بۆ خودا خۆی ڕزگار نەکات)[1] .

" وەفاتی "

عبدالله ی کوڕ حذافة (رضي الله عنه) لەسەردەمی جێنشینایەتی پێشەوا عوسماندا (رضي الله عنه) وەفاتی کردووە .

[1] – بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (٢ / ١٥ ، ١٦)

" ٧٢ - خزیمەی کوڕی ثابت (رضي الله عنه) "

" ذوالشهادتین "

" شایەتی دانی بە شایەتی دوو پیاوە "

ناوی : -

خزیمەی کوڕی ثابتي کوڕی فاکهیی کوڕی ثعلبة ی کوڕی ساعدەیە ، زانا و فەقیه ئەبو عمارەی ئەنصاری خەطمی مەدەنی یە و بە " ذوالشهادتین " ناسراوە .

وتراوە : یەکێکە لە ئەهلی (بەدر) بەڵام ڕای ڕاست ئەوەیە کە لە ئوحود و دوای ئوحوددا بەشدار بووە . و یەکێ بووە لە مەزنانی سوپای (علی کوڕی ابی تالیب) (رضي الله عنه) و لە ڕۆژی (صفین) دا لەگەڵ علی (رضي الله عنه) دا شەهید بووە . لە جەنگی (مؤتە) شدا بەشداری کردووە و ساڵی (٣٧)ی کۆچی شەهید بووە (رضي الله عنه) و هەڵگری ئاڵای (بني خطمە) بووە .

" ذوالشهادتین (خاوەنی دوو شەهادەت) "

لە عەماری کوڕی خزیمەوە ، دەڵێت : مامی کە یەکێ بوو لە هاوەڵان بۆی باس کرد وتی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەسپێکی لە کابرایەکی دەشتەکی کڕی و فەرمووی کە لە دوای بێت تا پارەی ئەسپەکەی پێ بدات ، ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خێرایی دەڕۆشت ، بەڵام دەشتەکی یەکە خاوەخاوی دەکرد و لە ڕێدا چەند کەسێك داوایان لە دەشتەکی یەکە کرد کە ئەسپەکەیان پێ بفرۆشێت بەبێ ئەوەی بزانن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێی کڕیوە ، کابرای دەشتەکی بانگی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد وتی : ئەم ئەسپەم هێشتا نەفرۆشتووە ئێستا دەیفرۆشم بەمانە ، پێغەمبەری خوا ش (ﷺ) کە گوێی لە دەشتەکی یەکە بوو ، فەرمووی : (أوليس قد ابتعته منك ؟) ئەی من لێم نەکڕیت ؟

دەشتەکی یەکە وتی : نا بەخوا پێم نەفرۆشتووی . پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (بلى قد ابتعته منك) ، بەڵکو من لێم کڕیویت ..

دەشتەکیەکە وتی : دەی شاهیدت هەیە ؟

خزیمەی کوڕی ثابت وتی : من شایەتی ئەوەم کە پێت فرۆشتووە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خزیمەی فەرمووی : (بم تشهد) شایەتی بە چی دەدەیت . وتی : بە چەسپاندنی ڕاستی قسەکانت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، پێغەمبەری خواش (ﷺ) شایەتی خزیمەی لە جێی شایەتی دوو پیاو دانا لەوە بە دواوە[1] .

خارجەی کوڕی زەید ، لە باوکیەوە ، دەڵێت : کاتێ کە خەریك بووین قورئانمان لە دوو توێی پەڕاودا دەنووسیەوە ئایەتێکم لە بیر چوو بوو کە لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) م بیستووە ، لەلای خزیمەی کوڕی ثابت بینیمەوە ئەویش ئەمە بوو :﴿ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ رِجَـالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ ... ﴾ سورة ألأحزاب ، آية (٢٣) .

دەڵێت : خزیمە بە (ذوالشهادتین) بانگ دەکرا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی ئەوی بە شایەتی دوو پیاو ڕێ پێ دەدا[2] ..

زەیدی کوڕی ثابت (رضي الله عنه) هیچ ئایەتێکی جێگیر نە ئەکرد و نەئەنووسیەوە بە بوونی دوو شایەتی دادپەروەر نەبێت ، کەچی ئەم ئایەتەی تەنها لەلای (خزیمەی کوڕی ثابت (رضي الله عنه)) بینیەوە و جێگیریشی کرد لەبەر ئەوەی شایەتی ئەو بەشایەتی دوو پیاو بوو . وە خزیمە لە تیرەی (ئەوس) بوو .. ئەو سی یەکان شانازی یان پێوە دەکرد. هەردوو تیرەکەی ئەنصاری شانازی یان بە خۆیانەوە دەکرد ، ئەو سی یەکان ئەیانوت ئێمە کەسانێکمان هەیە فریشتەکان شۆردویانە ئەویش (حنظلە ی کوڕی راهب)ە و کەسانێکی وەك (سعد) مان هەیە کە عەرشی خودا بۆی جولاوە و کەسانێکمان هەیە کە شایەتی بەشایەتی دوو پیاو دەخوات ئەویش (خزیمەی کوڕی ثابت (رضي الله عنه))ە . (ڕەزای خوا لەسەر هەموویان) .

---

[1] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە : ابوداوود لە (الاقضیە) دا گێڕاویەتیەوە .

[2] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە : عبدالرزاق لە (المنصف) (٢٠٤١٦) دا دەری هێناوە ، هەروەها بخاری (٨ / ٣٩٨) .

" ٧٣ - عبدالله ی کوڕی سلام (رضي الله عنه) "

" ئەو زانایەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شایەتی بە بەهەشتی بۆدا !! "

کێ یە ؟ عبدالله ی کوڕی سەلامی کوڕی حارثە ... پێشەوای زانا و شایەتی بۆدراو بۆ چوونە بەهەشت ، ئەبو حارثي ئیسرائیلی هاوپەیمانی پشتیوانانە و لە هاوەڵە هەڵبژاردەکانی (تایبەتەکانی) پێغەمبەری خوایە (ﷺ) .

کاتی کۆچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هاتنی بۆ مەدینە ، عبدالله موسڵمان بووە.

ابن سعد ، ئەڵێت : لەنەوەی یوسفی کوڕی یعقوبە (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ... و یەکێك بوو لە زانا ئاینی یەکانی جوولەکە .

لە عبدالله ی کوڕی سەلامەوە (رضي الله عنه) ، دەڵێت : کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتە مەدینە ، خەڵکی بە خێرایی بەرەو ڕووی دەهاتن منیش یەکێك بووم لەو خەڵکە و بەرەو ڕووی چووم ، و هەرکە بینیم زانیم کە دەم و چاوی هی کەسێکی درۆزن نیە و یەکەم شتێك لێیەوە بیستم ئەمە بوو کە فەرمووی :

" یاایها الناس ، أفشوا السلام ، و اطعموا الطعام ، و صلوا الارحام ، و صلو بالليل و الناس نيام ، تدخلوا الجنة بسلام "[1].واتە : ئەی خەڵکینە ، ئاشتەوایی و سەلام لە نێوانتاندا بڵاو بکەنەوە و خواردن بە یەکتری بدەن و صیلەی ڕەحم بگەیەنن و کاتێ خەڵکی نووستون بەشەودا نوێژ بکەن ، دەچنە بەهەشتەوە بە سەلامەتی ...

ئەو ئاخاوتنەی لە نێوان عبدالله و پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا : - لە (انس ی کوڕی مالك)ەوە (رضي الله عنه) دەڵێت : عبدالله ی کوڕی سلام ، ئەو کاتەی تازە پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتبووە مەدینە هات بۆلای و وتی : سێ پرسیارت لێ ئەکەم کە تەنها پێغەمبەران وەڵامەکەی ئەزانن :

یەکەمین نیشانەی قیامەت چی یە ؟

یەکەمین شت کە ئەهلی بەهەشت دەیخۆن چی یە ؟

لە کوێوە کۆرپە لە شێوەیدا دەچێتە سەر باوکی یان دایکی ؟

---

[1] - فەرموودەی صحیح / ئەحمەد و ترمزی و حاکم (٣ / ١٣) دەریان هێناوە دەڵێت (صحيح الاسناد)ە و زەهەبیش هاوڕایە (سیر ٢ / ٤١٤) پەراوێز .

فەرمووی : (اخبرني بهن جبريل آنفا)
جبریل کەمێك لەمەوبەر هەواڵی ئەوانەی پێدام ....
وتی : لەناو فریشتەکاندا ئەو دوژمنی جوولەکەیە [1].
پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :
" یەکەمین نیشانەی هەڵسانی قیامەت ئاگرێکە ، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەچێت و خەڵکی بەرەو ڕۆژئاوا ڕاپێچ دەکات و کۆ دەکاتەوە "

" یەکەمین شتێکیش ئەهلی بەهەشت دەیخۆن زیادەی جگەری نەهەنگە "

سەبارەت بەلێك چوونیش ئەوە ئەگەر ئاوی پیاو پێشکەوت ؟ منداڵەکە لە ئەو دەچێت و ئەگەر هی ژنەکە پێشکەوت ئەوا منداڵەکە لە دایکی دەچێت . وتی : شایەتی دەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوا یت (ﷺ) .

پاشان وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جولەکە قەومێکی بوختانچین[2] و ئەگەر بزانن کە ئیسلامم کردوەتە بەرنامەم دەست ئەکەن بە بوختان بۆ کردنم ، لەبەر ئەوە کەسێك بنێرە لایان و هەواڵی منیان لێ بپرسە . ئەویش کەسێکی نارد بۆ لایان ، فەرمووی : وتیان : زانای کوڕی زانا و پیاوی ئاینی و کوڕی پیاوی ئاینی و تێگەیشتومانە ، وتی : ئەگەر بزانن ئیسلام بووە ، ئێوەش موسڵمان دەبن ؟ وتیان خوا پەنای بدات لە شتی وا . وتی : ئەوجا عبدالله چووە دەرەوە و وتی : (شایەتی ئەدەم کە هیچ خودایەك نیە جگە لە (الله) و (محمد)یش پێغەمبەری خوایە(ﷺ).

---

[1] – خوای گەورە بەم ئایەتە پیرۆزە ڕەدی داونەتەوە :﴿ قُلْ مَنْ كَانَ عَدُوًّا لِجِبْرِيلَ فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَى قَلْبِكَ بِإِذْنِ اللَّهِ مُصَدِّقًا لِمَا بَيْنَ يَدَيْهِ وَهُدًى وَبُشْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ(٩٧)مَنْ كَانَ عَدُوًّا لِلَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَرُسُلِهِ وَجِبْرِيلَ وَمِيكَالَ فَإِنَّ اللَّهَ عَدُوٌّ لِلْكَافِرِينَ(٩٨) ﴾ سورة البقرة .

[2] – واتە بەو درۆ و دەلەسانەی کە هەڵیدەبەستن گوێگر سەرسام ئەکەن .

ئەوانیش وتیان : بەڵکو ابن سلام خراپترینمانە و کوڕی خراپترینمانە و بێ ئاگاترین و کوڕی بێ ئاگاترینمانە . وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، نەموت ئەوانە قەومێکی بوختانچین[1] ؟

" چاکەکانی "

١ – پێشەوا احمد لە (المسند) دا ڕیوایەتی کردووە ، ئەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) قاپێ (تریت) ی هێنا و بڕێکی لێ خوارد و هەندێکی لێ هێشتەوە و فەرمووی : (يدخل من هذا الفج رجل من اهل الجنة ، يأكل هذه النـضلة) واتە : لەم دەرگایەوە پیاوێك لە ئەهلی بەهەشت دێتە ژوورەوە ئەم پاشماوەی تریتە ئەخوات .

سەعد دەڵێت : کاتێ من هاتم (عمیری کوڕی ابی وقاص)ی برام خۆی ئامادە ئەکرد بێتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتم بە شکوم ئەوەی کە دێتە ژوورەوە (عمیر) بێت ، بەڵام دەبینم (عبداللە ی کوڕی سەلام) هاتە ژوورەوە و تریتەکەی خوارد [2].

٢ – لە قیس ی کوڕی عبادەوە ، دەڵێت : لە مزگەوتی مەدینە بووم پیاوێك هات کە شوێنەواری کڕنوش لەسەر ڕووی دیار بوو ، خەڵکەکە وتیان : ئەم پیاوە لە ئەهلی بەهەشتە ، ئەوجا دووڕکات نوێژی کرد کە ، درێژی نەکردەوە و بە کورتی ئەنجامی دا و کاتێ چووە دەرەوە شوێنی کەوتم تاماڵەکەیان و لەگەڵیا چوومە ژوورەوە و دەستم بە گفتوگۆ کردن کرد لە گەڵیدا و ئەوە بوو کە پێم ئاشنا بوو ، وتم : خەڵکەکە لە مزگەوت ئەیانوت کە تۆ وەها و وەهایت (واتە ئەوەی لە خەڵکی بەهەشتی) . وتی : سبحان اللە ! (پاك و بێ گەردی بۆ خوا) بۆ کەس نیە هەر لە خۆیەوە شتێ بڵێ بە بێ ئەوەی بیزانێ ، من بۆت باس ئەکەم : خەوێکم بینی و بۆ پێغەمبەری خوام (ﷺ) گێڕایەوە :

لە خەومدا وەك ئەوەی لەناو گوڵستانێکی سەوزدابم و لەناوەڕاستیدا پایەیەکی ئاسنین هەبوو ، بنەکەی لە زەویدا و سەرەکەی لە ئاسماندا بوو ، وە لە سەرووییەوە

---

[1] – فەرموودەی (صحيح)ە بخاری دەری هێناوە (٦ / ٢٦١) .

[2] – دانەپاڵەکەی (حسن)ە / احمد گێڕاویەتیەوە (١ / ١٩٦) ، هەروەها حكم (٣ / ٤١٦) و دەڵێت : صحيح الاسنادە و زەهبیش هاوڕایە .

دەستە بەندێك (عروەیەك) هەبوو ، پێم وترا ، سەركەوە بەسەریدا منیش سەركەوتم تا گەیشتمە دەستەبەندە كە (قولفەكە) .

پێم وترا : دەستی پێوە بگرە ...

خەبەرم بوویەوە و ئەبینم لەناو دەستم دایە و كە ڕۆژ بوویەوە ، هاتم بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بۆم باس كرد ، ئەویش فەرمووی :

(اما الروضة فروضة الاسلام ، و اما العمود ، فعمود الاسلام ، و اما العروة فهى العروة الوثقى ، انت على الاسلام حتى تموت) .

فەرمووی : گوڵستانەكە ، گوڵستانی ئیسلام و پایەكەش پایەی ئیسلام بووە ، وە دەستەبەندەكەش (عروه الوثقى) یە واتە : بە هێزترین هۆكار بووە وە تۆ لە ناو ئیسلامدایت هەتا ئەمریت . قیس دەڵێت : پیاوەكە عبدالله ی كوڕی سلام بوو[1] .

" خۆ بەكەم زانینی "

لە عبدالله ی كوڕی حنظله وە ، دەڵێت :

عبدالله ی كوڕی سەلام بە ناو بازاڕدا ڕۆیشت و كوڵی تەختە و دار بەسەر پشتیەوە بوو ، پێی وترا ئەمە چی یە ئەی تۆ خوا دەوڵەمەندی نەكردویت ؟

وتی : بۆنا ، بەڵام ویستم خۆبەزلزانین و لە خۆبایی بوون لە خۆمدا سەركوت كەم، چونكە گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو ، فەرمویەتی : (لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال حبة خردل من كبر)[2] .

واتە : ئەوەی هێندەی مسقالە تۆوێك لە خۆبەزلزانین لە ناو دڵیدا هەبێ ناچێتە بەهەشتەوە .

[1] – فەرموودەی صحيح : بخاری دەریهێناوە (٧ / ٩٨) ، و (مسلم) (٢٤٨٤) .

[2] – حاكم لە (المستدرك) (٣ / ٤١٦) دەری هێناوە و دەڵێت : (صحيح) د .

" پێغەمبەری خوا (ﷺ) منداڵەکانی خۆشدەوێ "

لە (یوسفی کوڕی عبدالله ی کوڕی سلام)ەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە کۆشیدا داینیشاندم و دەستی بەسەرمدا هێناو ناوی لێ نام (یوسف)[1].

" خەباتی لە پێناوی خوادا "

بشری کوڕی شغاف ، لە (عبدالله ی کوڕی سلام) ەوە دەگێڕێتەوە : کە ئامادەی ڕزگار کردنی (نهاوەند) بووە . وە لە (ابن سیرین) ەوە ، دەڵێت : هەواڵم پێ درا کە عبدالله ی کوڕی سلام فەرموویەتی : ئەگەر پێیدا گەشتم (واتە مام تا کاتی جەنگەکە) و ولاخم نەبوو ، هەڵمگرن هەتا لە نێوان هەردوو ڕیزەکەدا دامئەنێن (واتە لەناو جەرگەی شەڕەکەدا)[2]

" خۆپارێزی (رضي الله عنه) "

لە ابی بردەی کوڕی ابی موسای ئەشعەری یەوە ، دەڵێت : هاتم بۆ مەدینە ، دەبینم عبدالله ی کوڕی سلام لە (حەلقەیەکی یاد) دا دانیشتووە بە ملکەچی یەوە بۆ خوا و سیمای چاکەی لێ دەبارێ ... وتی : براکەم تۆ ئێستا دێیت کە ئێمە وا هەڵئەسین . منیش وتم : قەیناکا هەڵسن .. ئەویش هەڵسا و شوێنی کەوتم ، وتی : تۆ کێیت ؟ وتم : کوڕی براکەتم ، من ابو بوردەی کوڕی ابی موسام .

ئەویش سلاوی لێ کردم و هەواڵپرسی لێ کردم و بڕێك گەنمە خوساوی دەرخوارد دام (پێیدام) و پاشان وتی : ئێوە گوندنشینن و قەرز دەدەنە بازرگانەکان ئەوانیش ، بارە ولاخ لە زەمبیلەی پڕ لە خورما و ئالفتان پێ ئەدەن ، نەکەن لێی نزیك ببنەوە و وەری گرن ، چونکە ئەوە ئاگرە[3] . لە ڕیوایەتێکی تردا ئەوە سووە .

---

[1] – هیثمی دەڵێت : احمد بە چەند ئیسنادێك گێڕاویەتیەوە و هەروەها لە پیاوانێکەوە و ئیسنادیان بێ باوەڕن . المجمع بە ژمارە (١٥٨٠٧) .

[2] – بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٢ / ٤٢٢ ، ٤٢٣) .

[3] – پیاوانی جێێ متمانەن ، الاصابە (٦ / ١١٠) پەڕأویز (سیر ٢ ، ٤٢٤) .

حافظ ابن حجر ، دەڵێت : بۆی هەیە ئەمە ڕای عبدالله ی کوڕی سلام بێت ، ئەگینا زانایان لەسەر ئەوە هاودەنگن کە لە کاتێکدا ئەوە ئەبێتە سوو گەر بە مەرج دابنرێت ، بەڵام باشترین خۆپارێزیش ئەوەیە کە وازی لێ بهێنرێت [1].

وەفاتی :- ذهبي ، ڕەحمەتی خوای لێ بێت ، دەڵێت : زانایان هاو دەنگن لەسەر ئەوەی کە عبدالله ی کوڕی سلام ڕەزای خوای لەسەر بێت لە ساڵی (٤٣) دا وەفاتی کردووە .

[1] – پەڕاوێزی سیر اعلام النبلاء (٢ / ٤٢٤) .

" ٧٤ - حەکیم ی کوڕ حزام (رضي الله عنه) "

" شاهیدبن کەوا من بەخشیم بەخودا "

ناوی : حکیم ی کوڕی حزام ی کوڕی خویلیدی کوڕی اسد ... ئەبو خالدی قورەیشی ئەسەدی یە .

ابن منده ، دەڵێت :

" حکیم لە ناو جەرگەی کەعبە لە دایك بووە و سەد و بیست ساڵ ژیاوە " ڕۆژی ئازاد کردنی مەککە موسڵمان بووە و موسڵمانێکی باش وە لە هەر دووغەزای (حنین و طائف) بەشدار بووە . لە ماقوڵانی قورەیش و هۆشمەندان و خانەدانەکانیان بووە خاتوو خەدیجەی کچی خویلید (رضي الله عنها) پوری بووە ، هەروەها زبیری کوڕی عوام کوڕە مامی بووە .

ذهبي دەڵێت :

" حەکیم لە گەورە پیاوانی قریش بووە ... نیشانەیەك بووە بۆ پشت و نەسەب ، وە خۆپارێز و پایەبەرز بووە " وە ئەگەر زۆر پێدا گری لە سوێند خواردندا بکردایە ، ئەیفەرموو : " نا بەو کەسەی کە ڕۆژی بەدر منی لە کوژران پاراست " ئەو ڕۆژە هێشتا باوەڕی نەهێنا بوو ، وە ئەگەر بکوژرایە بە کافری ئەمرد ، بەلاّم ڕەحمەت و بەزەیی گەورەی خودا پێی گەیشت .

" خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە پێش ئیسلامدا "

لە (عراك ی کوڕی مالك)ەوە ، حکیم کوڕی حزام وتی :

محمد (ﷺ) لە جاهیلیدا خۆشەویسترین کەسم بوو ، بەلاّم لە پاش ئەوەی پەیامی ئیسلامی بۆ هات و کۆچی کرد بۆ مەدینە ، حکیم ئەو وەرزە بە بێ باوەڕی مایەوە ، پاشان دەبینێ (جل و بەرگێکی) " ذی یەزن[1] " دەفرۆشن ، چوو کڕی بە (٥٠)

[1] - یەکێکە لە پاشاکانی یەمەن .

دینار تا بە دیاری بیداتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەوە بوو هێنای بۆ مەدینە و دای بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دیاری ، بەڵام وەری نەگرت .

عبدالله دەڵێت : وەك ئەوەی گوێم لێ بوو فەرمووی : (انا لانقبل من المشركين شيئا ، ولكن ان شئت بالثمن) واتە : ئێمە هیچ شتێ لە هاوەڵگەڕان قبوڵ ناکەین ، بەڵام ئەگەر ڕازیت ئەوە بە نرخەکەی لێت وەرئەگرم . دەڵێت : منیش کە زانیم بە دیاری وەری ناگرێ بە نرخەکەی پێم دا [1].

هەروەها (طبرانی) لە ڕیوایەتێکدا ئەمەی زیاد کردووە : -

ئەوجا لە بەری کردوو لەسەر بڵنگۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) م بینی پێوەی بوو ، هیچ شتێکی لەو جوانتر نەبوو ئەو ڕۆژە ، پاشان دای بە (اسامە) و حکیم بە (اسامە) وە بینی وتی : ئەی ئوسامە ! ئەڵێی کراسەکەی (زی یەزن) ت لەبەرکردووە ؟

وتی : بەڵێ ، سوێند بەخوا من لە ئەو باشترم و باوکیشم لە باوکی ئەو باشترە منیش چووم بۆ مەککە و بەقسەکانی ئوسامە سەرسامم کردن .

" چاو تێری (قناعە) هۆکاری دەوڵەمەندبوونە "

حکیم ی کوڕی حزام نموونەی عیففەت و قەناعەت و ڕەزامەند بوون بووە بە بەشی خودا . ئەمەش ئاکامەکەی بووە هۆی کرانەوەی دەرگای ڕۆزی و ماڵ و سامان بەڕوویدا .

لە زەهری یەوە ، لە سعید و عروە وە :

" پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژی حنین بەشێکی لە غەنیمەدا بە حکیم ، ئەوە بووبە کەمی زانی بۆیە بۆی زیاد کرد ، وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ! کام بەشیان کە پێت دام چاکتر بوو ؟

فەرمووی : " الاولی " ئەوەی یەکەمجار و پاشان فەرمووی :

(يا حكيم ان هذا المال خضرة حلوة ، فمن اخذه بسخاوة نفس و حسن أُكله بورك له فيه ، و من اخذ باستشراف نفس و سوء اكلة ، لم يبارك له فيه و كان كالذي يأكل و لا يشبع)

---

[1] – پیاوانی جێ متمانەن : احمد (٣ / ٤٠٢ ، ٤٠٣) ، حاکم (٣ / ٤٨٣ ، ٤٨٥) و دەڵێت صحيح الاسناد و زەهەبیش هاوڕایە پەڕاوێز (سیر ٣ / ٤٦) .

واتە : ئەی حکیم ، ئەم ماڵە جوان و شیرینە ، و هەرکەس بە دەرونێکی گوشادە وە وەریگرێت و بەباشی و لە شتی چاکدا بەکاری بێنێ ئەوە لێی پیرۆز دەبێت ، وە هەرکەس بە دەرونێکی تەنگ (بە چاو لێ تێر نەبوون و بەرچاو تەنگی) وەری بگرێت و بەخراپی بە کاری بێنێت ، ئەوە لێی موبارەك نابێ ، وە وەك ئەو کەسە وایە کە هەر دەخوات و تێر نابێت .

حکیم وتی : ئەگەر لە تۆیش وەری گرێت ؟

فەرمووی : (و مني) ئەگەر لە منیش وەری گرن .

وتی : دەی بەوکەسەی تۆی بە هەق ناردووە شەرت بێ لە دوای تۆ خێر لەکەس وەر نەگرم .

دەڵێت : لە دوای ئەوە هیچ بە خشش (عطاء) و دەعوەتێکی نان خواردنی وەرنەگرت هەتا مرد . وە عمر (ﷺ) ئەیفەرموو : ئەی خوای گەورە شایەد بە بەسەر (حکیم) ەوە کە من بانگی ئەکەم هەقی خۆی پێ بدەم کەچی نایەوێ . وە (حکیم) کە وەفاتی کرد یەکێ بوو لە زۆر دەوڵەمەندەکانی قوریش[1] .

"بەرچاوتێری و سەخاوەتی "

لە هشامی کوڕی عروەوە لە باوکیەوە :

حکیم ی کوڕ حزام لە جاهیلیدا سەد بەندەی ئازاد کردووە و باری سەد حوشتری بەخشیوە ، کاتێکیش موسڵمان بووە ، ئەوەندەی تری بەخشیوە و سەدبەندەی تریشی ئازاد کردووە ، دەڵێت : پرسیارم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئایا ئەو کارە باشانەی لە جاهلیەتمدا ئەنجامم داون ئەبن بە چی ؟ (یان هیچ سودێکیان لە قیامەتدا بۆم هەیە ؟) ئەویش فەرمووی :

(اسلمت علی ماسلف لك من خیر)[2] واتە : تۆ بە هەموو چاکەکانی پێشووتەوە موسڵمان بوویت – واتە بۆت حساب ئەکرێ ..

[1] – عبدالرزاق دەرهێناوە ، هەروەها طبرانی (٣٠٧٨) .
[2] – صحیح / زانایان هاودەنگن لەسەری .

وە لە (مصعب ی کوڕی ثابت) ەوە ، دەڵێت : سوێند بەخوا پێم گەیشت کە حکیم ی کوڕی حزام ڕۆژی عەرەفە هاتووە و سەد بەندە و سەد سەر حوشتر و سەد مانگا و سەد سەر مەڕیشی لەگەڵدا بوو فەرمووی : هەموویان لە پێناوی خوا دەبەخشم[1] ... هەروەها هاتووە کە (دارالندوە)ی بە سەد هەزار فرۆشتووە . (ابن الزبیر) یش پێی وتووە : گەورەی قورەیش جێگای پایەدار و بەنرخی قورەیش دەفرۆشیّ ؟
وتی : مەزنانەیەتی و گەورەیی هەمووی ڕۆیی برازا و تەنها لە خواترسان گەورەیی یە وە من داومە بە خانوویەك لە بەهەشت ، ئێوە شاهیدبن کەوا نرخەکەیم بەخشیوە لە پێناوی خوادا [2] ..

" کۆتایی یەکی کامەران "

حکیم (رضي الله عنه) ساڵی (٥٤) وەفاتی کرد . لەسەرە مەرگدا هاتنە سەری دەیفەرموو : (لااله الا الله قد کنت اخشاك ، و انا الیوم ارجوك) واتە هیچ خودایەك نیە جگە لە (زاتی الله) ئەی پەروەردگار من ئەوسا لێت دەترسام ، بەڵام ئێستا تکاکارتم ، پاشان گیانی سپارد ... ڕەزای خوای لەسەر بیّ .

---

[1] – طبرانی دەریهێناوە (٣٠٧٥) و فەرموودەی (مرسل)ە .

[2] –(حسن)، طبرانی بە دوو ئیسناد دەری هێناوی یەکێکیان (حسن)ە المجمع بە ژمارە (٩ / ٣٨٤).

" ٧٥ - عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص (رضي الله عنه) "

" پێشەوای عابید "

کێیە ؟

پێشەوای زانای خواپەرست ، عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص ... هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و کوڕی هاوەڵی .. پێش باوکی موسڵمان بووە و چەندین کردەوەی چاکە و باش و پێگەی پایەداری لە زانست و ڕەفتار دا هەیە ، زانستێکی زۆری لە پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) کۆ کردوەتەوە ، پاش ساڵی حەوتی کۆچی هیجرەتی کردووە و لە هەندێ لە غەزاکاندا بەشداری کردووە .

وە بە مۆڵەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر فەرموودەی نووسیوە ، وە ئەم ڕێپێدانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە عبدالله کە فەرموودەکان بنووسێتەوە پاش ئەوە دێت کە پێشتر ئەوەی بۆ هاوەڵان پەسەند نە ئەکرد کە غەیری قورئانی لێ وەرگرن و بنووسنەوە . پاشان دوای جیاوازی هاوەڵان (رضي الله عنه) هەموو هاودەنگ بوون لەسەر ڕەوا بوون و خۆشویستنی نووسینەوە ، لەبەر ئەوەی نووسینەوە هۆکارێکی گرنگی مانەوەی زانستە . پێشەوا (ذهبي) ڕەحمەتی خوای لێ بێت ، دەڵێت : (دیارە ڕێگری کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە نووسینی غەیری قورئان لەسەرەتادا ، بۆ ئەوە بوو هەموو کۆششێك لەسەر قورئان کۆ بکرێتەوە و بە تەنها قورئان لە باقی سووننەتە پێغەمبەرایەتیەکان جیا بکرێتەوە و تێکەڵ بوون ڕوونەدات ، ئەوە بوو پاش نەمانی ئەوەی خۆپارێزی یان لێ دەکرد لە ناڕونی و تێکەڵ بوون ڕوون بوویەوە کە قورئان جیاوازە لە قسەی مرۆڤ و لێك ناچن ، مۆڵەتی ئەوەدرا کە ئەو زانستە بنوسرێتەوە ، خوایش باشتر دەزانێن)[١] پێشەوا (ابن القیم) ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت ، دەڵێت :

(بە صحیحی هاتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) کە نەهی لە نووسین کردووە و لە دواییدا ڕێگەی پێدراوە و (نسخ)ی فەرموودەی نەهیکردنەکەی کردووەتەوە ، ئەوەتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە غەزای (فەتح) دا فەرموویەتی : (اکتبو لابی شاه) ... وە پاشان مۆڵەتی عبدالله ی کوڕی عەمری داوە فەرموودەکانی بنووسێتەوە ، و کاتێ

[١] - بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (٣ / ٨١) .

وەفاتی کردووە نوسراوەکانی لەلا بووە ، و ناوی لێنابوو (الصادقە) و ئەگەر نەهی کردنەکە لە دواتر بوایە ، نووسراوەکانی دەفەوتاند و پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمانی بە فەوتاندنی هەموو ئەو نووسراوانە ئەکرد کە لە غەیری قورئان لێیەوە وەرگیراون ، کەواتە جێگیر کردن و نەفەوتاندنیان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیجازەی نووسینی لە دوای ڕێگری لێ کردنیەوە بووە)[1]

" چاکەکانی "

١ – لە عقبەی کوڕی عامرەوە (﵁) : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " نعم أهل البيت ابو عبدالله و ام عبدالله و عبدالله " [2]

واتە : باشترین (اهل بیت) یان خانەوادە – باوکی عبدالله و دایکی عبدالله و عبدالله یە .

٢ – و لە (عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاص)ەوە ، دەڵێت : ڕۆژێکیان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵیان بووم فەرمووی : " هلی تدری من معنا في البيت ؟ " واتە : ئەزانی ئێستا کێمان لەم جێیەدا لەگەڵدایە ؟

پرسیم : کێ ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟

فەرمووی : جبریل ، سەلامی خوای لەسەر بێت .

وتم : سەلام و ڕەحمەتی خوات لەسەر بێ ئەی جبریل .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : " انه قدرد عليك السلام "[3] جبریل ، وەڵامی سەلامەکەتی دایەوە ...

---

[1] – تهذيب السنن (٥ / ٢٤٥)ی ابن القيم .

[2] – پیاوانی جێ متمانەن / احمد گێڕاویەتیەوە ، بڕوانە / المجمع بە ژمارە (١٥٩٠٢ ، ١٥٩٠٣)

[3] – دانەپاڵەکەی (حسن) ە / طبرانی گێڕاویەتیەوە ، بڕوانە المجمع (١٥٩٠٤) .

" پەرستشی "

لە عبدالله ی کوڕی عەمرەوە ، دەڵێت :

باوکم ئافرەتێکی قورەیشی بۆ مارە کردم ، ئەوە بوو کاتێ هاتە ژوورەوە بۆلام ، دەبینم تاقەتیم نیە بچم بەدەوریدا ، بەهۆی ئەو کۆشش و وزە زۆرەی کە لە پەرستشی وەك نوێژ و ڕۆژوو بە کاری دێنم .

پاشان عەمری کوڕی عاص ی باوکی هات بۆلای بووکەکەی و پرسی : هاوسەرەکەت چۆن دەبینی ؟

وتی : باشترین پیاوە ، یان باشترین هاوسەرە ، لەناو ئەو پیاوانەدا کە بە هیچ جۆری نەهاتوون بە دەوری ئافرەتانیاندا و لێیان نزیك نەبوونەتەوە .

دەڵێت : باوکیشم هات بۆم و لێم تووڕە بوو وتی : ئافرەتێکی خاوەن پلەو پایەی قورەیشم بۆ مارە کردووی تا پشتی لێ بکەیت و سارد و سڕبی لەگەڵیدا ؟

دەڵێت : پاشان بەرەو لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچوو بۆ سکاڵا کردن لێم . پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردی بەدوامدا و فەرمووی :

" اتصوم النهار ؟ " بەڕۆژوو دەبیت ؟

وتم : بەڵێ ...

فەرمووی : شەونوێژ ئەکەیت ؟ " وتقوم الليل ؟ "

وتم : بەڵێ ..

فەرمووی : " و لكني اصوم و افطر ، و أُصلي و انام ، و امس النساء فمن رغب عن سنتي فليس مني "

واتە : بەڵام من هەندێ جار بە ڕۆژو دەبم و هەندێ جاریش بە ڕۆژو نابم ، وە شەونوێژیش دەکەم و دەشخەوم ، وە مافی خێزانەکانیشم دەدەم بەوەی خۆمیان لێ دوورنەخەمەوە ، هەر کەسیش لە سوننەتی من لابدات ئەوە لە من نیە .

فەرمووی : " أقرأ القرآن في كل شهر " واتە : قورئان لە هەموو مانگێکدا خەتم بکە...

وتم : توانای لە وەزیاترم هەیە .

فەرمووی : " فاقرأ في كل عشرة ايام " دەی لە دە ڕۆژ جارێکدا خەتمی کە .

وتم : توانای زیاتر لەوەشم هەیە . فەرمووی : " فاقرأه في كل ثلاث " دەی لەماوەی سێ ڕۆژدا خەتمی کە . و پاشان فەرمووی : " صم في كل شهر ثلاثه ايام " لە هەر مانگێکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە .

وتم : لەوە زیاتریش ئەتوانم .

دەڵێت : بەردەوام پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵمدا هات ، تا فەرمووی : " صم يوماً و افطر يوماً افضل الصيام ، و هو صيام اخي داوود " [1]

ڕۆژی نا ڕۆژێ بەڕۆژوو بە ، و ئەوە باشترین بەڕۆژوو بوونە و (داود)ی برایشم هەربەو جۆرە بەڕۆژوو دەبوو .

پاشان فەرمووی :

" فإن لكل عابد شرة ، و لكل شرة فترة ، فأما الى سنة و اما الى بدعة فمن كانت فترته الى سنة فقد اهتدى ، و من كانت فترته الى غير ذلك فقد هلك " [2]

هەر عابیدێك گورجوگۆڵی و سەرگەرمی یەکی تیایە ، و هەر سەرگەرمیەکیش یان خواستێك کاتێکی تیایە مرۆڤ لەشی خاوە ، جا ئەو ماوەیە یان بەرەو سوننەتی دەبات یان بەرەو بیدعە ، لەبەر ئەوە هەر کەسێ ماوەی وچان و سستی یەکەی بەرەو سوننەتی بەرێت ئەوە ڕێنمونی کراوە ، و ئەوەشی بەرەو بیدعەی بەرێت ئەوە تیاچووە .

پێشەوا زەهەبی ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت ، دەڵێت :

... کەمترین پلەکانی ڕێگری کردن ئەوەیەکە قورئان لە کەمتر لە سێ ڕۆژدا خەتم بکرێت ، هەرکەس ئەوە بکات نەتێگەیشتووە و نە کاری پێ کردووە .

خۆ ئەگەر لە ماوەی حەفتەیکدا دەوری قورئان بکاتەوە و بەسەری بکاتەوە و لەسەری بەردەوام بێت ئەوە کارێکی باشە ، چونکە لە ڕاستیدا ئاین ئاسانە و گران نیە .

سوێند بەخوا حەوت یەکی قورئان بەسەر بکرێتەوە لە کۆششی (قیام اللیل)ێکدا لەگەڵ پارێزگاری کردن لە سوننەتەکانی ڕۆژانە و نوێژی چێشتنگا و (تحیه المسجد) لەکاتی چوون بۆ مزگەوتدا سەرباری زیکرەکانی (مأثورات) و زیکرەکانی ڕۆژانە و شەوانە و لەگەڵ بەدوادا چوونی زانستێکی بە سوود و خۆسەرگەرمکردن پێیەوە بە

---

[1] – پیاوانی جێ متمانەن : احمد (المسند) دا (٢ / ١٥٨) .

[2] – صحیح / ابی عاصم گێڕاویەتیەوە ، وە ابن جبان صحیح کەیدا بڕانە : ظلال الجنه .

دڵسۆزی لەبەر خوا ، هەروەها فەرمان کردن بە چاکە و ڕێنمونی کردنی نە شارەزا و بێ ئاگایان و تێگەیاندنیان و ڕق لێ بوونەوە و سەرزەنشت کردنی (فاسق)ان و ئەو جۆرەشتانە ، لەگەڵ بە جێ هێنانی فەرزەکاندا (ئەرکەکاندا) بە ملکەچی و دڵنیایی و بڕوای پتەوەوە و خۆپاراستن لەگوناهە گەورەکان و زۆر دوعا کردن و داوای لێخۆشبوون لەخوا و ڕاست بێژی و گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و خۆ بەکەم زانین و دڵسۆزی لە هەموو کارەکاندا ، ئەمانە کارگەلێکی هەرە گەورە و مەزنن و لە پلەی ڕاستڕەوان و ئەولیاکانی خوایە و هەموو ئەمانەش داوا کراون .

و هەر بەندەیەکی خوا هەموو ڕۆژێکی بە خەتمی قورئان تەواو کات ئەوە لە ئاینی ڕاست و (حەنیف) لایداوە ، و لەو قورئانە نەگەیشتووە و کاری پێ نەکردووە کە دەیخوێنێتەوە ، وە ئەم پیاوە مەزن و عابیدە بەڕێزە – عبداللە کوڕی عەمر (رضي الله عنه) کاتێ چوو بە ساڵدا دەیفەرموو : – خۆزگە ئەو دەرفەت و مۆڵەتانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی دابووم و بۆی خستمە ڕوو قبوڵم بکردایە[1] .

" زانستی (رضي الله عنه) "

لە ابی هریرەوە (رضي الله عنه) دەڵێت : " هیچ کام لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە من شارەزاتر نەبوون لە فەرمودەدا و هێندەی منیان لەلابێت بێجگە لە (عبداللە ی کوڕی عەمر) ، چونکە ئەو دەینووسیەوە و من نەمدەنووسیەوە[2] " وە لە (عەمری کوڕی شیبە)وە ، لە باوکیەوە ، لە باپیریەوە – عبداللە ی کوڕی عمر – (رضي الله عنه) ، دەڵێت : " پرسیم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ! هەر شتێکم لە تۆوە بیست و گوێم لێت بوو بینووسم ؟

فەرمووی : (نعم) بەڵێ ..

وتم : لەکاتی ڕەزامەندی و تووڕەییشدا ؟

---

[1] – صحیح : بخاری (٤ / ١٨٩ ، ١٩١) ، وە بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٣ / ٨٤) .

[2] – صحیح : بخاری (١ / ١٨٤) ، لە (العلم دا بابی (کتابە العلم) .

فەرمووی : " نعم ، فإني لا اقول الا حقاً "[1]
واتە :بەڵێ ، چونکە هیچ کات لەهەق زیاتر ناڵێم – لە هەق لانادەم – .

" گریانی عبداللە و شتێك لە ئامۆژگاری "

لە عبداللە ی کوڕی عەمری عاصەوە ، دەڵێت : یەك دلۆپ فرمێسك بڕێژم لە ترسی خوا ، لەلام خۆشەویستە لەوەی هەزار دینار ببەخشم[2] .
لە عبداللە ی کوڕی ابی مولیکەوە لە عبداللە کوڕی عەمرەوە ، دەڵێت : " ئەگەر تەواو شارەزا بوونایە ئەوا ئەوەندە کڕنووشتان ئەبرد تا پشتتان دەشکا ، ئەوەندە هاوارتان ئەکرد تا دەنگتان دەبچڕا ، کەواتە بگرین ، ئەگەریش گریانتان نەهات هەوڵ بدەن خۆتان بگریەنن[3] .

" عبداللە (رضي الله عنه) پەشیمانە "

لە یەکێ لە بۆنەکاندا ... عەمری کوڕی عاص سکاڵای عبداللە ی کوڕی لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد .. ئەویش بە عبداللە ی فەرموو : " أطع اباك مادام حياً " گوێڕایەڵی باوکت بە هەتا بەزیندویی بمێنێت .
پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کردوو ... ڕەوڕەوەی ژیان تێپەڕی و لەکاتی شەڕی (صفین) دا عبداللە ی کوڕی عەمر لەگەڵ باوکیدا بوو لە سوپای (معاویە دا (رضي الله عنه) .. و ئامادەی شەڕ بوو بە بێ ئەوەی شمشێرێ بوەشێنێ یان تیرێ بهاوێژێت ... معاویەش پێی وت : جا بۆ چی هاتووری لەگەڵماندا ؟

---

[1] – صحيح : احمد (٢ / ٢٠٧) و ابن عبدالبر له (جامع بيان العلم) (٨٩) .
[2] – بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٣٣٤) .
[3] – بڕوانە صفة الصفوة (١ / ٣٣٤) .

وتی : " لەبەر ئەوەی باوکم جارێك سكالآی منی كرد لە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەویش فەرمووی : گوێڕایەڵی باوكت بە هەتا ماوە " ئێستاش من لەگەڵتاندام ، بەلاّم شەڕ ناكەم [1] .

لەگەڵ ئەوەشدا .. ئەیفەرموو " ئاخر من چیمە بە (صفین)ەوە ، چیمە بە كوشتاری كوسڵمانان ، خۆزگا پێش بیست ساڵ - یان دەساڵ - بەر لە ئەم شەڕە من بمردمایە ، بەلاّم سوێند بەخوا نەشمشێرم وەشاندووە و نەتیرم هاویشتووە [2] .

" عبدالله (رضي الله عنه) دەگری ! "

لە عبیدی كوڕی سعیدەوە ، لەگەڵ عبدالله كوڕی عەمر دا هاتە مزگەوت ی (مسجد الحرام) و كەعبەش سوتا بوو پاش كشانەوەی سوپای (حصینی كوڕی نمیر) و بەردەكانی كەعبە هەڵوەریبوون . ئەوە بوو عبدالله هەستا و دەستی بەگریان كرد و فرمێسك بەڕوومەتیدا ئەباری و پاشان وتی :

" ئەی خەڵكینە ! سوێند بە خوا ئەگەر ئەبی هریرە هەواڵی ئەوەی پێ بدانایە كە ئێوە دەبنە بكوژی پێغەمبەرەكەتان و سوتێنەری ماڵی خوا، ئەتانوت : كەس لە ئەبی هریرە درۆزنتر نیە ! ئەوا ئەو كارەتان كرد ، دە پۆل پۆل چاوەڕێی تورەیی خوا بن بەسەرتاندا و دەبینن چۆن بە یەكتاندا دەدات "

" دەوڵەمەندی (رضي الله عنه) "

قەیدی نیە بۆ كەسی لە خوا ترس ئەگەر دەوڵەمەندیش بێت ... وە هەندێ لە پێشینانمان دەیانفەرموو : (ئەگەر هەژاران نەبوونایە بازرگانیمان نە ئەكرد یان - كاسبیم نەئەكرد -- " پێشەوا (ذهبي) ڕەحمەتی خوای لەسەر بێ ، دەڵێت : " " عبدالله كێشێكی زۆر لە زێری میصری لە باوكیەوە بە میرات بۆ مایەوە . و لە هاوەڵە زۆر

[1] - دانەپاڵەكەی(صحیح)ە/ احمد لە (المسند) ٢ / ١٦٤،و ارنؤوط بە(صحیح) داینا‌وە سیر(٣/٩٢).
[2] - بڕوانە : سیر اعلام النبلاء (٣ / ٩٢) .

دەوڵەمەندەکان بوو[1] . نووسەر دەڵێت : وە ئەم دەوڵەمەندی یە بەرهەمی خەباتە لە پێناوی خوادا و بەرهەمی ئەو زەوی یە ئازاد کراوانەیە کە ئیسلام پێ ی هەڵدەسا .

" ئەمەکداری بۆ پەیمانەکانی لە کاتی وەفاتیدا "

لە (هارونی کوڕی رئاب) ەوە ، دەڵێت : " کاتێ عبداللە ی کوڕی عمر کەوتە سەرە مەرگ ، فەرمووی : لە ڕاستیدا پیاوێك هاتبووە خوازبێنی کچەکەم و منیش شێوە پەیمانێکم پێ دابوو کە پێی بدەم ، سوێند بەخوا نامەوێ بە سێ یەکی دووڕوویی یەوە بە خوای خۆم بگەم ، شایەت بن کە من کچەکەمم پێ دا "[2]

" وەفاتی "

یحیی کوڕی بکیر ، دەڵێت : عبداللە (ﷺ) لە میصر وەفاتی کردووە و لە ماڵە بچوکەکەیدا سپاردە کراوە ساڵی (٦٥)ی کۆچی .

مامۆستا شعیب ی ئەرنەئووط دەڵێت : " ئەمە ڕاستە ، چونکە کندی لە کتێبی (الولاة) (٦٤٥) چیرۆکی کوشتنی (الاکدر بن حمام)ی گێڕاوەتەوە کە مروانی کوڕی حەکەم کوشتی، کاتێ هاتە میصر ساڵی (٦٥) ... ئەوەتە لە (موسای کوڕی علی کوڕی رباح)ەوە لە باوکیەوە ، دەڵێت :

لەبەردەم دەرگای (مرواندا) وەستا بووم کاتێ (ئەکدەر) یان هێنا .. و کوشتنی (ئەکدەر) لە نیوەی دووەمی (جمادی دووەمی) ساڵی ٦٥ دا بوو ، هەر ئەو ڕۆژەش بوو عبداللە ی کوڕی عەمری کوڕی عاص وەفاتی کرد ، و بە هۆی هەڵگیرسانی ئاژاوەوە لەلایەن سەربازەکانەوە دژی مەروان نەتوانرا جەنازەکەی ببرێتە دەرەوە بۆ گۆڕستان ، لەبەر ئەوە لە ماڵەکەیدا سپێردرا "[3] ڕەزای خوای لەسەر بێت ...

بە ژیانی ئەم هاوەڵە بەرێزە بەشی یەکەمی کتێبەکەمان تەواو دەبێ کە تایبەت بوو بە " کەڵە پیاوانێك لە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

---

[1] - بڕوانە / سیر اعلام النبلاء (٣ / ٩٠) .

[2] - بڕوانە : صفة الصفوة (١ / ٣٣٥) .

[3] - پەراوێزی (سیر اعلام النبلاء) (٣ / ٩٤) .

بەشی دووەم

" ژیانی ئافرەتانی دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

پێشەکی :

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان (ﷲ) و درووود و سەلام لەسەر ئەو کەسەی وەك ڕەحمەت نێرراوە بۆ هەموو جیهان ، سەروەرمان (محمد ﷺ) و بنەماڵە و یارە پاك و چاکەکانی و لەسەر دیاری شوێنکەوتوانی بە چاکە هەتا ڕۆژی قیامەت ...

لە پاشان.. ڕاست نیە کە دەوترێت ئافرەت لەسەرەتای ئیسلامدا لە سێ جار زیاتر نەچووەتە دەرەوە ، لە ناوسکی دایکیەوە بۆ دنیا و ، لە ماڵی باوکیەوە بۆ ماڵی هاوسەرەکەی و لە ماڵی هاوسەرەکەیەوە بۆ ناو گۆڕەکەی !!! بەراستی ئەمە وتەیەکی هەڵبەستراوە .

هەروەها ئەمەش راست نیە کەلەسەر زاری خاتوو عائیشە (رضي الله عنها) گوایە دەربارەی ئافرەتان فەرموویەتی : " مەهێڵن لە ژوورە بەرزەکاندا نیشتەجێ ببن ، و فێری نووسیان مەکەن !!!! " بەڵکو ڕاستی ئەوەیە کە ئافرەت لە ژێر سێبەری ئەم ئایینە نەمرەدا هەموو مافەکانی خۆی وەرگرتووە و هاوبەشی ئەم نەتەوەی کردووە لە هیواو خەمەکانیشیدا ...

هەر لە ژێر سێبەری ئەم ئاینە مەزنەدا ئافرەتانی تێکۆشەر و خواپەرست و زانامان بینیوە .. ئیسلام مافەکانی پاراستووە و ناموسی پاراستووە ، ئەوانەش بابە کوشت چن کە ئیدیعای ئەوە ئەکەن بە درۆ کە ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا باڵی بڕاوە و مافی خوراوە !!! لە ڕووپەڕی ئەم لاپەڕانەی داهاتوودا لەگەڵ ئافرەتانێکی نەمر و باوەڕدار و چاکە خواز و زانا و خەباتکار دا دەژیین ..هەر ئەمانەش خۆیان ڕاستترین بەڵگە و ڕوونترین بورهانن لەسەر گەورەیی ئەم ئایینە و نەمری بنەماکانی.. بەڕاستی خودا هەمیشە فەرمانی خۆی سەر دەخات ..

سعد یوسف ابو عزیز

دانەر

" ١ - خدیجەی کچی خوەیلید (رضي الله عنه) "

" باشترین ئافرەتی جیهان "

دایکی ئیمانداران و خانمی خانمانی هەموو جیهان لەسەردەمی خۆیدا ، دایکی قاسم ، کچی خوەیلیدی کوڕە ئەسەدە ، خانمی قورەیشی ئەسەدی و دایکی منداڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و یەکەمین کەسە کە باوەڕی پێی هێناو بەڕاستی زانی .

پێشەوا ذهبي دەڵێت :

چاکەکانی زۆرن ، یەکێکە لە ئافرەتە کامڵەکان .. ئافرەتێکی ژیر و پایەبەرز و پارێزگاری ڕێزدارە .. و لە ئەهلی بەهەشتە .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەمیشە باسی چاکەی خدیجەی دەکرد و چاکەی ئەمی دەدابەسەر هەموو خێزانەکانی دیکەیدا ... هەر لەو ڕێزداری یەی کە هەیبوو لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە بوو کە پێش ئەو هیچ ئافرەتێکی نەخواستبوو ، و چەند منداڵێکی لێی بوو ، هەرگیزیش ژنی بەسەردا نەهێنا ... بەڕاستی خاتوو خدیجە باشترین هاوڕێ و هاودەم بوو بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) .. و لە ماڵی خۆی پێ دەبەخشی و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) بازرگانی بۆ دەکرد .

" چاکەکانی "

١ - لە علی کوڕی ابی تالیبەوە (رضي الله عنه) دەفەرموێت : گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەیفەرموو : " خير نسائها خديجة بنت خويلد ، و خير نسائها مريم بنت عمران[1] " واتە : باشترین ئافرەتانی دنیا خدیجەی کچی خوەیلیدە و باشترین ئافرەتانی دنیا مریەمی کچی عمرانە .

٢ - وە لە ئەنەسەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، دەفەرموێ : " حسبك من نساء العالمين مريم بنت عمران ، و خديجة بت خويلد ، و فاطمة بنت محمد و آسية امرأة فرعون[2] " واتە :

---

[1] - صحیح : بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە .

[2] - صحیح : صحیحی سوننەتەکانی ترمزی (٣٠٥٣) .

لە ئافرەتانی جیهان ، مریەمی کچی عمران و خدیجەی کچی خویلید و فاتیمەی کچی محمد و اسیای خێزانی فیرعەونت بەسە .

٣ - لە ئەبو هریرەوە (رضي الله عنه) فەرموویەتی :

حەزرەتی جبریل (سەلامی خوای لەسەر بێ) هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و فەرمووی : ئەوە خدیجەیە وادێت بۆلات و جامێکی بەدەستەوەیە کە بڕێك پێخۆر و یان خواردنەوەی پێیە ، ئەگەر هاتە لات سەلامی پەروەرگار و سەلامی منی پێ بگەیەنە و مژدەی ماڵێکی لە بەهەشت پێ بدە کە بە قامیش دروست کراوە و نە ئازاری تێدا دەبینێ و نەماندویی[١] .

" هاوسەرگیری پیرۆز "

گەورە پیاوان و سەرۆکەکانی مەککە هەمیشە لە هەوڵدا بوون خاتوو خەدیجە بخوازن ، بەلأم ئەو ڕەتی دەکردنەوە و بە هیچ کامیان ڕازی نەبوو ، بەلأم ئەوەی ئەو دەیویست و دەیخواست لە گەورەماندا پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیبینێتەوە ، لێرەدا ئەوەی لە ناخ و دەروونیدا هەبوو دەربارەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاشکرای کرد بۆ هاوڕێکەی (نفیسەی کچی منیە) . (نفیسە)ش چوو بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە ئەو ئافرەتە پاکە بخوازێت (واتە خاتوو خدیجە)[٢] و پێی وت : ئەی (محمد) ٧ڕێگری یەکت هەیە بۆ هاوسەرگیری ؟ فەرمووی : " مابیدی ما أتزوج به " واتە : هیچ لە دەستمدا نیە ژنی پێ بێنم : (واتە ماڵ و دارایم نیە مافی ژنەکەی پێ بدەم). وتی : ئەی ئەگەر داوای ئەوەت لێ نەکرێ و بانگیش بکرێیت بۆلای جوانی و ماڵ و شەرەف و هاوشانی (کفاءة) ، ئایا وەلأم نادەیتەوە ؟

فەرمووی : " فمن هي ؟ " دەی ئەوە کێ یە ؟

وتی : خدیجە .

---

١ - صحیح / بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە .

٢ - خاتوو خدیجە نازناوی (الطاهرە)ی لەناو ئافرەتەکانی مەککەدا بێ بەخشراوە (سیر اعلام النبلاء) (٢ / ١١١) ئەوە بوو خاتوود خەدیجە (رضي الله عنها) پانزە ساڵ لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەورەتر بوو ئەو کاتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بوو .

فەرمووی : " وكيف لي بذلك ؟ " دەی چۆن ئەم کارە بکەم .

وتی : ئەمەیان دانیٚ بۆ خۆم .

ئەویش فەرمووی : " فأنا أفعل " دەی باشە ئامادەم . نەفیسە گەڕایەوە بۆ لای خدیجەی پاك و هەواڵی سەرکەوتنی لە کارەکەیدا پێداو خێرا هەواڵی ڕازی بوونی (ﷺ)ی پیٚ گەیاند سەبارەت بە هاوسەرگیری یەکە . خاتوو خەدیجەش ناردی بە دوای (عەمری کوڕی ئەسەد) ی مامیدا تاوەکو لە (ﷺ) مارەی کات .. ئەوە بوو هات و پێغەمبەری خواش (ﷺ) لەگەڵ ماڵی عبدالمطلب هاتن بۆ داخوازی خاتوو خدیجە ، ئەبو طالب وتارێکی لە (مجلس)ەکەدا دا ئەم چەند برگەیەی لیٚ وەردەگرین : -

... دواتر ، ئەم برازایەم (محمدی کوڕی عبدالله) لە شەرەف و چاکی و ڕێزداریدا هیچ پیاوێکی قورەیشی ناگاتیٚ .. (ﷺ) کەسێکە پێی ئاشنان و کەسەکانی دەناسن .. لە ڕاستیدا ئەو ڕەغبەتی لە خەدیجەی کچی خوەیلید هەیە و ئەویش بە هەمان شێوە ، وە هەرچەندە مارەیی پێتان خۆشە ئەوە لەسەر من . پاشان مامی خدیجە (عمری کوڕی ئەسەد) کە شێخێکی بەتەمەن بوو ، بە خۆشحاڵی یەوە ڕازی بوو ، وتی : " لە ڕاستیدا (ﷺ) کەسێکی ئەوەندە ڕێزدارە ڕەت ناکرێتەوە و هەمووان بە ئاواتیەوەن[1] .

" هەڵوێستێك جێی ڕێزە"

لە عائیشەوە (﵂) دەفەرموێت :

یەکەمجار سروش (وحی) لە ڕێی خەونی ڕاستەقینەوە دابەزی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، هەر خەونێکی بدیایە هەروەك ڕۆژی ڕوناك دەهاتەدی پاشان چۆڵەوانیی لە لاخۆشەویست کرا و ئەوە بوو بە تەنها لە ئەشکەوتی (حەرا) دەمایەوە و پەرستشی تیادا دەکرد و چەندین شەو یەك لە دوای یەك توێشووی بۆ ئامادە دەکرا و لەویٚ دەمایەوە بۆ پەرستش ، تا لە پڕ هەقی بۆ هاتە خوارەوە لە کاتێکدا لە ئەشکەوتی (حەڕا) دا بوو ، فریشتەی بەڕێز (جبریل) هاتە لای و پێی فەرموو: " بخوێنەوە " فەرمووی :" خوێندەوار نیم " ، فەرمووی : " فأخذني فغطني حتى بلغ مني الجهـــر ثم ارســـلني ،

---

[1] - نساء مبشرات بالجنه (١ / ٢١ ، ٢٢) مامۆستا / احمد خلیل جمعه .

فقال: اقرأ ، قلت : ما أنا بقاريء فأخذني فغطني الثانية حتى بلغ مني الجهد ثم ارسلني فقال : اقرأ ، قلت : ما انا بقاريء ، فاخذني فغطني الثالثة حتى بلغ مني الجهد ثم ارسلني فقال : ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ(١)خَلَقَ الإنسَانَ مِنْ عَلَقٍ(٢) ﴾ سورة العلق .

واتە : دەفەرموێ : گرتمی و گوشیمی تا ماندووی کردم و دوایی بەری دام و فەرمووی : بخوێنە ، گوتم : من خوێندەوارنیم : دیسان گوشیمیەوە تا ماندووی کردم و بەری دامەوە و فەرمووی : بخوێنە ، وتم : خوێندەواریم نیە ، بۆ سێیەم جاریش گوشیمیەوە تاوەکو ماندووی کردم و بەری دام و فەرمووی : ﴿ اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ(١)خَلَقَ الإنسَانَ مِنْ عَلَقٍ(٢) ﴾[1] سورة العلق .

ئەوەبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕایەوە و هەمووگیانی هەڵدەلەرزی ، تاگەیشتە لای خدیجە ی کچی خوەیلید و فەرمووی : " زملونی ، زملونی " دامپۆشن ئەوانیش دایان پۆشی تا ترسەکەی نەما پاشان بە خاتوو خدیجەی فەرموو : ای خدیجە مالی ؟ " چیمە ، خدیجە ؟ " و هەواڵەکەی بۆ گێڕایەوە پاشان فەرمووی : " لقد خشيت على نفسي **" (بەراستی ترسام شتێکم بەسەر بێت) .**

خاتوو خدیجە فەرمووی : نەخێر ، مژدەت لێ بێت ، سوێند بەخوا هەرگیز خوا تووشی بەڵاو نا ئومێدیت ناکات ، چونکە تۆ کەسێکیت پەیوەندیی خزمایەتی بە جێ دەهێنیت و سەر راست و ڕاستگۆیت و تەحەمولی هەمووان دەکەیت و هاوکاری نەبووان ئەکەیت و ڕێزی میوان ئەگریت هەمیشە لایەنگری هەق دەکەیت (واتە ئەو کارەی چاك و باش نەبوبێت ئەنجامت نەداوە) .

ئینجا خاتوو خدیجە دەست بەجێ بردی بۆ لای (وەرەقەی کوڕی نەوفەل) ی کوڕە مامی خدیجە) (ﷺ) کە پیاوێك بوو لەسەردەمی جاهلیدا بوو بووە مەسیحی (گاور) و پەڕاوی عیبرانی دەنووسیەوە ؟ و لە ئینجیل شتگەلێکی نووسیبوەوە و شێخێکی بە تەمەن و نا بینا بوو .

خاتوو خەدیجە وتی : دەی کوڕە مام ، گوێ لە برازاکەت بگرە ! مەبەستی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) وتی : دەی برازا چیت بینیووە ؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ)

[1] – مانای ئایەتەکە / ئەی محمد (ﷺ) : بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارتەوە کە هەموو شتێکی دروست کردووە ، ئادەمیزانی لە چەند خانەیەکی هەڵواسراو دروست کردووە .

ئەوەی بینیبوی بۆی باس کرد ، (وەرەقە)ش پێی وت : بەڕاستی ئەمە هەر ئەو خاوەنی ڕاز و نێهێنیە یە کە خودا بۆ سەر موسا ناردیە خوارەوە ...

خۆزگە منیش پشکێکم لەو ئاینە بەردەکەوت (ئەمام تا ئەوکاتەی ئەو ئاینە دادەبەزێت) خۆزگە کائەوکاتە نە ئەمردم کە هۆزەکەت دەربەدەرت دەکەن ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسی : "اومخرجي هم ؟ " مەگەر هۆزەکەم کاری وائەکەن؟

وتی : بەڵێ ! هەر پیاوێك ئەم پەیامەی تۆی هێنابێ دوژمنایەتی کراوە ... ئەگەر تا ئەوکاتە بە زیندووی بمێنم هەتا بتوانم سەرت دەخەم پاشان زۆری نەخایاند (وەرەقە) وەفاتی کرد و (سروش)یش بۆ ماوەیەك نەهاتە خوارەوە[١] .

ئای چەند گەورەیە ئەم بەخششە چاوەڕوانکراوە و چەند مەزنە ئەو نارەحەتی و خەمانەی لە پێناویدا تووشی پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) دەبێت !

هەڵوێستی خاتوو خەدیجەی خێزانی (ﷺ) جوانترین هەڵوێستە لە ئافرەتێك چاوەڕوان بکرێت هەتا هەتایە . بەڕاستی کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) تووشی دڵە ڕاوکێ بوو ئەم ئارامی دەکردەوە و کاتێ ماندوو دەبوو ، دەیحەواندەوە و چاکەکانی وەبیر دەهێنایەوە و دڵنیایی دەکردەوە کە کەسانی چاکەکاری وەك ئەو هەرگیز نائومێد ناکرێن و کاتێ خوای پەروەردگار ئاکار گەلێکی باش و خوازراوی لە کەسێکدا بەدی هێنا دیارە کە دەیەوێت شایستەی ڕێزدار کردن و چاکە کردن بێت لەگەڵیدا . بەم (بۆچونە) دروستە و بەم دڵە پاکەیەوە خاتوو خەدیجە بووە شایستەی ئەوەی پەروەردگاری جیهان بە ڕۆحی ئەمین (جبریل)دا سەلامی بۆ بنێرێت[٢] .

" ئارامگریی خدیجە "

بەڕاستی خاتو خەدیجە نموونەیەکی جوانی ئارامگریی نیشانداوە و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە ئەنجامی ئەو ئارامگری یەی کە هەیبوو لە یەکەمین هەنگاوەکانی گەیاندنی پەیامی پێغەمبەرایەتیدا (ﷺ) .

---

١ – صحیح : بخاری و مسلم .

٢ – السیره / الغزالی (٩٣ – ٩٤) .

ئەوەبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەر دڵگرانی و خەفەتێکی ببوایە لە ئەنجامی بیستنی وشەی ناشیرین و بەدرۆ زانینی و ڕەت کردنەوەی لەلایەن بێ باوەڕانەوە ، ئەوا بوونی خاتوو خەدیجە ئەو خەمەی لادەبرد . حاڵی خاتوو خەدیجە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەم شێوەیە بوو کە شاعیر دەڵێ :

و هي لاتنثني عن الحق صبراً ودفاعاً عن خاتم الانبياء

کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی ئیسلامی ئاشکرا کرد ، قورەیش پەیوەندی لەگەڵ بەنی هاشم دابڕی و بەو جۆرە قەیرانەکان سەریان کێشا وگەورە بوون لە نێوان پەیامەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سەرکێشی بت پەرەستیدا کە لە سەرکردەکانی قورەیشدا خۆی دەبینیەوە عەقڵ لەو کەللە خاڵی و پوچەیاندا تێك چوو ، و شلەژا و هۆشیان نەما و تەنها لەبیری دەستدرێژی و ستەم و چەوساندنەوەی بێ دەسەلاتاندا بوون و دڵە بەتاڵەکانیان لە هەموو شتێك لەرزۆك بو بوو ، تەنها لە خراپەکاری و بت پەرەستیدا نەبێت ، بەلام موسڵمانان لە ئاست ئەمانەدا وێنەی چیا خۆڕاگری یان کرد .

دایکمان خەدیجە بەردەوام بەدوای پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بوو ، ورەی پێ دەدا و هاوبەشی هەڵگرتنی ئەو ئازار و ئەشکەنجانەی بوو کە لە هۆزەکەیەوە تووشی دەبوو ، بە دەرونێکی ئارام و خۆگرەوە ، بە چاوەڕێی پاداشتی خوداوە .

تا خوای گەورە بڕیاری لەسەر لابردنی ئەم دابڕانە تاڵ و ستەمکارانەیەی داو کۆتایی پێهێنا ، کە بووە شمشێرێك لە گەردنی موسڵمانە گەمارۆدراوەکاندا .

بەڵێ ئابلوقە کۆتایی هات ، ئەم ئافرەتە پاکەش بە ئەو پەڕی سەرکەوتوویی بەرهەمی ئارامی چنیەوە تا لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەك خێزانێکی ئەمین و بەوەفا ژیانی خۆی بەسەر بەرێت[1] .

" چاکخوازی ڕەسەن "

خاتوو خەدیجە نزیکەی چارەکە سەدەیەك لە پەنای پێغەمبەری خوا (ﷺ) دا مایەوە ، و لەو ماوەیە دا بەوەفاترین و چاکترین خێزان بوو بۆ هاوسەرەکەی وەك وتمان

[1] - نساء مبشرات بالجنه (١ / ٣٥ ، ٣٦) بەدەستکاری یەوە .

هاوبەشی خۆشی و ناخۆشی بوو ، هەمیشە هەوڵی ڕەزامەندی و خۆشگوزەرانی ئەوی دەدا ، ڕێزی لە هەموو ئەوانە ئەگرت کە هاوسەرەکەی خۆشی دەویستن . هەر لەو بەخشندەی یانەی لێی دەگێڕنەوە ئەمە بوو .

کاتێ خەڵکی تووشی وشکە ساڵی یەکە هاتن و دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد ... خاتوو (حەلیمە توسەعدیە)ی بەخێوکەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) و شیردەری ، بەسەردان هات بۆ ماڵیان ، کاتێ گەڕایەوە بەخۆی و حوشترێك بۆ ئاو بارکردن لەگەڵ چل سەرماڵاتدا لە ماڵی خدیجە (﵂) خواحافیزی لێ کرا کە لە ماڵ و سامانەکەی خاتوو خەدیجە پێی بەخشرا بوو [1] .

" خواحافیزی "

دوای تەواو بوون و لابردنی گەمارۆ ستەمکارانە کە خاتوو خەدیجە (﵂) زۆری نەخایاند فەرمانی بە جێهێنا و ڕۆحە پاکەکەی بۆ ئاسمان بەرز بوویەوە بۆلای پەروەردگاری ... عروە دەڵێت : خاتوو خەدیجە (﵂) سێ ساڵی پێش هیجرەت وەفاتی کرد و لە (حەجون) بە خاك سپێردرا .

" ئەمەك و پیاهەڵدان "

وەفاتی خاتوو خەدیجە ، شوێنەواری لەسەر دەرونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانا ... و هەمیشە لە بیریدا بوو ، وە ناوی لەسەر زاری بوو ، و هەموو ئەوانەی خۆشدەویست کە خەدیجەیان خۆشدەویست وەڕێزی لەوانە ئەگرت کە ڕێزیان لە خەدیجە دەگرت .

خاتوو عائیشەی دایکی ئیمانداران (﵂) دەڵێت : جارێك پێغەمبەری خوا(ﷺ) باسی خەدیجەی کرد ، منیش تێم خوڕی (واتە خاتوو خەدیجە) وتم : پیرە ! و ئەوە و ئەوە ... هەرباسی ئەکەیت ، ئەوا خوا لەو باشتری پێ داویت ...

---

[1] – هەمان سەرچاوە (١ / ٣٢) بە دەستکاری یەوە .

ئەویش فەرمووی : " ما ابدلني الله خيرا منها ، لقد امنت بي حين كفر الناس ، و أشركتني في مالها حين حرمني الناس ، و رزقني الله و لدها ، و حرمني و لدغيرها "

فەرمووی : نەخێر ، خودا لە خەدیجە باشتری پێ نەبەخشیوم ، ئەو کاتێ باوەڕی بە من هێنا ، خەڵکی بێ باوەڕ بوون و بەدرۆیان ئەخستمەوە ، وە ئەو لە کاتێکدا بەشداری پێ کردم لەماڵ و سامانیدا کە خەڵکی بێ بەشیان کرد بووم ، وە خودا لە ئەو منداڵی پێ بەخشیم و لە غەیری ئەو منداڵی پێ نەدام " عائیشە دەڵێت : منیش وتم سوێند بەخوا لەمەودوا هیچ گلەییت لێ ناکەم هەرچەندە باسی بکەیت [1] .

وە جارێك پاش وەفاتی خەدیجە ، ئافرەتێکی بەساڵا چوو کەیەکێ بوو لە هاوڕێکانی خەدیجە هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر بەباشی پێشوازی لێ کرد و ڕێزی لێ ناو عاباکەی بۆ ڕاخست تا لەسەری دانیشێت و بەردەوام هەواڵ پرسی لێ دەکرد ، خەبەری چی یە و چی دەکات و ... بەم جۆرە .. دوایی پاش ئەوەی ئافرەتەکە چووە دەرەوە عائیشە وتی : ئەم هەموو پێشوازی یە لەم پیرەژنە دەکەیت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (انها كانت تأتينا أيام زمان خديجة ، و ان حسن العهد من الايمان) [2] .

واتە : ئەمە کەسێکە لە کاتێکدا خەدیجە لە ژیاندا بوو ، سەردانی ئەکردین ، بەڕاستی پارێزگاری کردن لە پەیمان و هێشتنەوەی پەیوەندی باش ، لە باوەڕەوەیە. وە لە صحیحی موسلیم دا هاتووە ، لە عائیشەوە (رضي الله عنها) ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر مەڕێکی سەر ببڕیایە دەیفەرموو : (أرسلوها الى اصدقاء خديجة) **بینێرن بۆ هاوڕێکانی خەدیجە .**

منیش جارێك ئەوەم لێ پرسی فەرمووی : (اني لأحب حبيبها) **بەڕاستی خۆشەویستانی خەدیجەم خۆشدەوێ . ئایا چ وەفایەك هەیە بگاتە ئەم وەفایە ... ژیان چەند جوانە لە سایەی ئیسلامدا ، بەڵام زۆر کەس ئەمە نازانن .**

---

[1] – احمد دەرهێنانی بۆ کردووە (٦ / ١١٧ ، ١١٨) (مجالد)ی تیایە کە لاواز و باقی پیاوانی فەرمودەکە پیاوانی جێ متمانەن .

[2] – حاکم ڕیوایەتی کردووە ، بەیهەقیش (الشعب) دا .

" ٢ - فاتیمەی کچی اسد (رضي الله عنها) "

" پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گۆڕەکەیدا ڕاکشاوە ، و بەچاکە باسی کردووە !! "

هاوەڵی بەڕێز فاتیمەی کچی ئەسەدی کوڕی هشام ی کوڕی عبدمناف ی هاشمی دایکی علی کوڕی ابی تالب (رضي الله عنه) و خەسووی خاتوو (فاتیمە)ی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) . موسڵمان بووە و یەکێ بووە لە کۆچبەرە پێشینەکان و یەکەمین هاشمیە کە هاشمی یەکی بوو بێت .

" پارێزگاری کردنی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

کاتێ عبدالمطلبی باپیری پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستی بەوە کرد کە ئەجەلی نزیك بووەتەوە ، ئەبوتالیبی کوڕی ڕاسپارد کە (محمدی کوڕی عبدالله)ی برازای بگرێتە خۆی ، لەوانەیە عبدالمطلب مەبەستی لەوە بووبێت کە دەستی سۆز و ئەمین لە ماڵی ئەبوتالیب دایە و بەتایبەت لەلای (فاتیمەی) خێزانی ، بۆ باش سەرپەرشتی کردنی (محمد ﷺ) . ئەوە بوو فاتیمە (رضي الله عنها) ئەوپەڕی پارێزگاری لێ کرد و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا (ابو تالیب) چاودێری یان لێ کرد و هەمیشە دەیبینی کە ئەو خواردنەی (محمد ﷺ) لەگەڵ منداڵەکانیدا بەشداری لە خواردنیدا دەکرد بەبەرەکەت بوو[١] .

لە ڕاستیدا ئەم خاتوونە چاودێری یەکی تایبەتی (محمد ﷺ) ی دەکرد و جیاواز لە هەموو منداڵەکانی !! ئەوەتا لە سیرەی (الحلبیە ١ / ١٨٩) دا نووسەرەکەی باسی حاڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکات لە ماڵی مامیدا و دەڵێت : (منداڵەکانی مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەلە خەو هەڵدەسان ڕوهەڵبزرکاو و سەر و پرچ هەڵپرسکاو و چاویان ڕیپوقاوی بوو ، بەلاّم پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ لە خەو هەڵدەسا دەم و چاوی ڕەونەقی دەدا و چاوی پڕ لە کل بوو .

---

[١] – نساء مبشرات بالجنة (١ / ٥٩) .

" وەفای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەکاتی مردنی (فاتیمە) دا (رضي الله عنها) "

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە ، دەڵێت : کاتێ فاتیمەی کچی ئەسەدی دایکی عەلی (رضي الله عنه) وەفاتی کرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە ژوورەوە بۆلای و لەلای سەریەوە دانیشت و فەرمووی :

" رحمك الله يا امي ، كنت بعد امي تجوعين و تشبعيني ، و تعرين و تكسيني و تمنعين نفسك طيبا و تطعميني ، تريدين بذلك و جه الله و الدار الاخرة "

واتە : ڕەحمەتی خوات لێ بێت دایە ، لە پاش دایکم تۆ خۆت برسی دەکردو منت تێر دەکرد ، تۆ خۆت بێ بەرگ بووی ، بەڵام هەمیشە من پۆشراو بووم ، هەموو خواردنێکی باشت لە خۆت حەرام دەکرد و دەرخواردی منت دەدا ، هەموو ئەمانەش لەبەر خاتر خوا و ڕۆژی دوایی .

پاشان فەرمانی کرد کەسێ جار بشۆردرێت ، ئەوجا کە ئەو ئاوەی کافوری تیابوو گەیشت ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستی خۆی کردی بەسەریدا و کراسەکەی خۆی داکەند وکردەیەبەری فاتیمە (رضي الله عنها) و بەو (بوردە)[1] ش بەسەر شانیەوە بوو کفنی کرد ، پاشان ئوسامەی کوڕی زەید و ئەبی ئەیوبی ئەنصاری و عومەری کوڕی خەتاب و غولامێکی بانگ کرد بۆ گۆڕ هەڵکەندن ، ئەوانیش گۆڕەکەیان هەڵکەند ، تا گەیشتە گۆڕیچەکە (اللحد) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی هەڵیکەندو بە دەستی خۆی خۆڵەکەی لابرد و کاتێ لێبووەوە لەناویدا ڕاکشاو فەرمووی : " الله الذي يحي و يميت ، وهو حي لايموت ، اغفر لامي فاطمة بنت اسد ، ولقنها بحتها ، و وسع عليها مدخلها ، بحق نبيك و الانبيـــاء الذين قبلي فإنك ارحم الراحمين " .

واتە : " ئەی ئەو خودایەی کە دروستکراوەکان دەژێنێت و دەیانمرێنیت وە خۆی هەرگیز نامرێت ، لە دایکم فاتیمەی کچی اسد خۆشبەو زمانی پاراو کە بۆ پرسیارەکانی گۆڕ ، و گۆڕەکەی بۆ فراوانکە بە هەقی پێغەمبەرەکەت و ئەو پێغەمبەرانەی پێش من هاتوون ، چونکە بەڕاستی تۆ بەبەزەییترین کەسی " .

---

[1] – بوردە : جلوبەرگێکی خەتدارە – یان پۆشاکێکی خوری یە دەپێچرێت لە خۆوە بۆ سەرما .

پاشان چوار جار تکبیری لەسەر کرد و دواتر لەگەڵ عەباس و ئەبوبەکری صدیق دا (رضي الله عنه) خستیانە ناو گۆڕەکەوە[1] .

وە لە ئیبنو عەباسەوە ، دەڵێت :

کاتێ فاتیمەی دایکی علی (رضي الله عنه) وەفاتی کرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) کراسەکەی خۆی لەبەرکرد و لەگەڵیدا لەناو گۆڕەکەیدا ڕاکشا ، وتیان : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشتر ئەمەمان لە تۆ نەدیوە ! فەرمووی : " انه لم یکن احد بعد ابي طالب أبـــربي منها ، انما البستها قمیصي لتکسی من حلل الجنة و اضطجعت معها لیهوّن علیها[2] " .

واتە : لە ڕاستیدا لە پاش ئەبی تالب هیچ کەس هێندەی ئەم چاکەی بۆم نەبووە وە بۆیە کراسەکەی خۆمم لەبەر کرد تاوەکو لە جل و بەرگی بەهەشت بپۆشێ و بۆیە لەگەڵیدا لە گۆڕەکەیدا ڕاکشام تاوەکو ناڕەحەتی گۆڕ لەسەری سووك بێ . ڕەزای خوا لەسەر فاتیمەی کچی ئەسەد بێت ..

---

[1] – هیثمی دەڵێت : طبرانی لە (الکبیردو الاوسط) گێڕاویەتیەوە و لەناو یاندا ڕوحی و کوڕی صلاح و ثقەی کوڕی حبان و حاکم هەیە ، لاوازی یەکی تیایە باقیەکەیان جێ متمانەن و پیاوانی (الصحیح)ن المجمع بە ژمارە (١٥٣٩٩) .

[2] – هیثمی دەڵێت : لە (المجمع) (٩ / ٢٥٧) دا طبرانی لە (الاوسط) دا گێڕاویەتیەوە و تیایدا سەعدانی کوڕی وەلیدی السابری هەیە کە نماسیوە ، جگە لەو هەموو پیاوانی تری فەرموودە کە جێ متمانەن .

" ٣ - (فاطمە)ى كچى پێغەمبەرى خوا (ﷺ) "
" ئەوەى ئازارى بدات ، ئازارى من دەدات "

فەرموودەى پیرۆز

خانمی ئافرەتانی جیهان لەسەردەمی خۆیدا و خانمێکی ناوخێزانی پێغەمبەرایەتی و لایەنی هەڵبژێرراو و لەلایەن خوداوە ، (دایکی باوکی)[1] و کچی گەورەی دراوستکراوان ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) و دایکی هەردوو (حسنین) . ماوەیەکی کەم پێش دابەزینی سروش (وحی) و پێغەمبەرایەتی لە دایك بووە .

علی کوڕی ابی تالیب (ﷺ) لە مانگی (ذي الحجة) یان پێش ئەو مانگە و لە ساڵی (٢) ی کۆچیدا و دوای جەنگی بەدر مارەی کردووە .

ئیبن عبدالبر ، دەڵێت :

پاش جەنگی ئوحود گواستیەوە ، نووسەر دەڵێت : بەڵام ئەمە ناگونجێ ، چونکە علی هەروەك لە (صحیحین) دا هاتووە ، پێش جەنگی بەدر و ویستویەتی فاتیمە بگوازێتەوە .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆشی دەویست و رێزی دەگرت و بەبینینی دڵخۆش دەبوو . چاکەکانی خاتوو فاتیمە زۆر زۆرن ، ئەو خانمێکی بە ئارام و دیندار و چاکە خواز و پارێزکار و کەسێکی پەسەند کار (قانع) بووە ، و سوپاسگوزاری پەروەردگاری بوو .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ بیستی کە ئەبالحەسەن دەیەوێ کچی ئەبی جەهلی بەسەردا بێنێت ، تورە بوو . فەرمووی : " و الله لاتجتمع بنت نبي الله و بنت عدو الله ، و انما فاطمة بضعة مني ، يريبني ماراها ، و يؤذيني ما اذاها "[2]

واتە : سوێند بەخوا نابێ کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و کچی دوژمنی خوا پێکەوە کۆ بکرێنەوە ، فاتیمە پارچەیەکە لە من و هەرشتێ نیگەرانی بکات منیش نیگەران دەکات ، وە هەرشتێ ئازاری بدات ، منیش ئازار دەدات .

---

[1] - لە (اصابە) لاپەرە (١٣ ، ٧١) هاتووە خاتو فاتیمە نازناوی (ام ابيها)ی لێ نرا بوو .

[2] - صحيح : بخاری دەرهێنانی بۆ کردووە (٧ / ٦٧ ، ٦٨) و مسلم (٢٤٤٩) .

(علی)ش (رضي الله عنه) وازی لە داخوازی یەکە هێنا لەبەر دڵی (فاتیمە) و هەرگیز ژنی بەسەردا نەهێنا و هەروەها لەو ئافرەتانەش لە غەزاکاندا بە دیل گیران و دابەش دەکران بەسەر جەنگاوەراندا ، لەوانەشی نەهێنایە لای خۆی ، بەلاَم پاش وەفاتی (فاتیمە) ژنیشی هێنا و کەنیزەکیشی هەبوو (رضي الله عنه) .

" چاکەکانی "

١ – عائیشە (رضي الله عنها) دەفەرموێت : –

جارێك فاتیمە هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەواو هاوشێوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێی دەکرد ، ئەویش هەڵسایەوە و فەرمووی : " مرحبا بإبنتي [1] " واتە : سلاَو لە کچەکەم ...

٢ – لە ئوم سەلەمەوە (رضي الله عنها) پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرگێکی دابەسەر هەریەکە لە حەسەن و حسین و علی و فاتیمەدا و فەرموی : " اللهم هؤلاء ، أهل بيتي و خاصتي ، اذهب عنهم الرجس و طهرهم تطهيرا [2] "

واتە : ئەی خوای پەروەردگار ... ئەمانە خانەوادەی منن و خۆشەویستانی منن دەسا بە پاکی بیانهێڵەرەوە و ڕێگە مەدە پیسی توخنیان بکەوێت .

ئوم سەلەمەش فەرمووی : منیشیان لەگەڵە ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ فەرمووی " إنك على خير [3] " تۆیش لەسەر ڕێی چاکەیت . .

٣ - لە ئەبی سەعیدەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی : " لايبغضنا اهل البيت احد ، الا ادخله الله النار [4] " واتە : هەرکەس ئێمە (واتە : خانەوادەی پێغەمبەرایەتی) تورە بکات و ڕقابەرییان لە گەڵدا بکات ، ئەوە بێ گومان خوا دەیخاتە ئاگرەوە .

---

[1] – صحیح : ابوداود لە (٥٢١٧) ترمزی (٥٢١٧) گێڕاویانەتەوە بنچینەکەشی لە (صحیحن) دا هەیە .

[2] – صحیح بە شاهدەکانیەوە : صحیحەکانی ترمزی (٣٠٣٨) .

[3] – صحیح بە شاهیدەکانیەوە ، صحیحی سوننەتەکانی ترمزی (٣٠٣٨) .

[4] – حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە (٣ / ١٥٠) دەڵێت ئیسنادەکەی صحیح زەهەبیش چەسپاندوویەتی .

٤ - لە عائیشەوە (رضي الله عنها) دەفەرموێ : هیچ کەسێکم نەدیوە هێندەی فاتیمە شێوەی قسەکردن و ئاخاوتنی لە قسە کردن و ئاخاوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات . وە هەر کاتێ فاتیمە بهاتایە بەژووردا ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەری هەڵدەسایەوە و ماچی دەکرد و بەخێر هاتنی لێ دەکرد فاتیمەش بەهەمان شێوەی دەکرد بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)[1] .

" پێشرەوی ئافرەتانی خەباتکار "

خەباتی فاتیمە (رضي الله عنها) هەر لەگەڵ سەرەتای بانگی خوادا دەستی پێ کرد ، لەوکاتەوە کە باوکی بەڕێزی (ﷺ) ئازار و ئەشکەنجەیەکی وەهای دەچەشت کە شاخەکان توانای هەڵگرتنی وەها ئازارێکیان نەبوو .

" لە یەکێ لە دانیشتنە بتپەرستی یە بەدڕەوشتی یەکانی بێ باوەڕاندا (عەقبەی کوڕی معیط) گوێی لە چەند کەسێ لە گەوج و بێ مێشکەکانی قورەیش بوو ، وتیان ، کێ ئەم (سلا)[2] یە دەبات و دەیخاتە سەر پشتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە کاتی کڕنووش بردنیدا .. ؟!

ئەوەبوو عەقبە ، خوا سەر شۆڕی کات خۆی بەخشی (تبرع) کرد بۆ ئەو کارە نزم و ئەو ئارەزووە سووکەیان ، وتی : من ئەوە ئەکەم ، خێرا چوو هەڵیگرت و خستیە سەر پشتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی سوجدەدا ... سەروەرمان لە کڕنوشدا مایەوە تا هەواڵەکە گەیشتە (فاتیمە) و خێرا هات پیسیەکانی لەسەر پشتی پیرۆزی لابرد و جێگاکەی شۆرد .

هەروەها لە غەزای ئوحودا کاتێ بینی وا دەم و چاوی پێغەمبەری خوا(ﷺ) خوێنی لێ دەتکی .. خێرا چوو بۆلای و باوەشی پیاکرد و دەستی کرد بە سڕینی

---

[1] – ئیسنادەکەی (حسن)ە / ابو داوود و حاکم دەرهێنانیان بۆ کردووە (٣ / ١٥٤) زەهەبیش ڕای لەسەریەتی و دەڵێت صحیحه .

[2] – سلا / ئەو پیسی یە یە کە لەگەڵ بچێووی حوشتردا دێتە دەرەوە وەك ئەوەڵ منداڵی ئافرەت ، و پیسی و خوێنێکی زۆری پێوەیە .

خوێنەکە بەدەم و چاوی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، ئەویش (ﷺ) دەیفەرموو : " أشتد غضب الله على قوم دموا وجه رسول الله [١] "

واتە : تووڕەی و خەشمی خودا توندە لەسەر کەسانێك دەم و چاوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوێناوی بکەن .. هەروەها (فاتیمە) (رضي الله عنها) لە جەنگەکانی خەندەق و خەیبەر و ئازاد کردنی مەککەدا بەشداری کردووە .

" کاتێ باوکی بەڕێزی وەفات دەکات "

لە عائیشەوە (رضي الله عنها) دەفەرموێ : -

ئێمە وەك خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەلای مابوینەوە و هیچ کاممان بە جێمان نەدەهێشت ، فاتیمە هات و بەجۆرێك ڕێی دەکرد دەقا و دەق وەك ڕێکردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەوەبوو کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینیی ... سڵاوی لێ کرد و فەرمووی : " سڵاو لە کچەکەم "

پاشان لە لای ڕاستی خۆی یان لای چەپی خۆی داینیشاند ، پاشان بەنهێنی شتێکی دا بە گوێی (فاتیمە) دا ، ئەویش دەستی بە گریان کرد ، پاشتر شتێکی دیکەی دا بە گوێیدا ئەمجارە پێکەنی . ئەوە بوو کاتێ فاتیمە (رضي الله عنها) هەڵسا ، پرسیم : پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆی جیاکردەوە و نهێنی خۆی لا درکاندی ، لە کاتێکدا دەگریایت ، سوێندت دەدەم پێم بڵێ بۆچی پێکەنیت و بۆچی گریایت ؟ فاتیمە وتی : ئەوە من نیم نهێنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بدرکێنم پاش ئەوەی وەفاتی کرد ، دووبارە لێم پرسی وتم : سوێندت دەدەم ئەگەر پێم نەڵێیت ئەو ڕۆژە بۆچی گریایت و بۆچی پێکەنیت ؟

ئەوجا وتی : بەڵام ئێستا باشە پێت دەڵێم ، لە جاری یەکەمدا پێمی فەرموو : " ان جبريل كان يعارضه بالقرآن كل سنة مرة ، و انه عارضني العام في هذه السنة مرتين ، و اني لا أحسب ذلك الاعند اقتراب أجلي فاتقى الله و اصبرى ، فنعم السلف لك انا "

[١] - بیهقی گێڕاویەوە لە (دلائل النبوه) دا (٣ / ٢٨٣) .

واتـە : جـاران جوبریـل سـاڵی جارێـك دەوری قورئـانی پـێ دەكردمـەوە ، بـەلاَم ئەمسالْ دووجـار ئـەوكارەی كـرد ، ئەمـە بـەوە تێدەگـەم كـەوا ئەجـەلم نزیـك بووەتـەوە .. تۆیش لە خوا ترس بەو ئارامگربە ، چونكە من باشترین پێشینەم (سلف) بۆ تۆ ..

دەڵێ : منیش گریام ، ئەویش كاتێ منی بینـی نارەحـەت بووم فەرمووی : " أمـا ترضين ان تكوني سيدة نساء العالمين ، او سيدة نساء هذه الامة ؟ "

واتە : ئایا ڕازی دەبی كە ببیت بە خـانمی هـەموو ئافرەتـانی جیهان یـان ببیت بە گەورەی هەموو ئافرەتانی ئەم ئوممەتە ؟

دەڵێت : منیش پێكەنیم [1] .

كاتێ پێغەمبەری خـوا (ﷺ) وەفـاتی كـرد ، فاتیمـە (رضي الله عنها) زۆر نارەحـەت بـوو .. دەگریـا و ئەیفـەرمو : ئـای بابـەگیان ! بەسـەر جبریـل دا بۆ وەفاتـت دەگـرین (یـان سـەرە خۆشـی لـە جبریـل دەكـەین) (الى جبريـل ننعـاه) .. ئـای بابـەگیان ! وەلاَمـی بـانگی پەروەردگارت دایەوە ! ئای بابەگیان ! بەهەشتی فیردەوس جێگاتە .

وە پاش بە خاك سپاردنی پێغەمبـەری ئـازیز (ﷺ) ، فاتیمـە (رضي الله عنها) فـەرمووی : ئـەی ئەوانـەی هـاودەمی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بوون چۆن دڵتـان دێ خـۆڵی بەسـەردا بكەن [2] .

فاتیمە (رضي الله عنها) پاش پێنج مانگ یان نزیك پێنج مانگ لە دوای وەفاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی كرد لە تەمەنی (٢٥) ساڵیدا و زۆر كەسیش دەڵێن كە (٢٩) ساڵ زیادە ، بەلاَم یەكەمیان ڕاستترە [3] .

ئەدەبی فاتیمە لەگەڵ هاوسەرەكەیدا :

لە (الشعبی)یەوە ، دەڵێت : كاتێ (فاطمة) نەخۆش كەوت ، ئەبوبەكر(رضي الله عنه) هات و مۆڵـەتی هاتنـە ژوورەوەی وەرگـرت ، علـی فـەرمووی : ئـەی فاتیمـە ئەمـە (ئەبوبـەكرە) دەیەوێ بتبینێت ، فاتیمەش (رضي الله عنها) فەرمووی : پێت خۆشە بێتە ژوورەوە ؟

(علی) ش فەرمووی : بەڵێ ..

---

[1] – صحیح / بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە .

[2] – صحیح / بخاری لە صحیحەكەیدا دەرهێنانی بۆ كردووە (٨ / ١١٣)

[3] – سير اعلام النبلاء (٢ / ١٢٢) .

ذهبي ، دەڵێت :

فاتیمە (رضي الله عنها) بە پێی سوننەت هەڵس و کەوتی دەکرد و بەرزامەندی هاوسەرەکەی نەبوایە مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی کەسی نەدەدا بۆ ماڵی مێردەکەی . با خەلیفەی پێغەمبەری خوایش بێت (ﷺ) .

نووسەر دەڵێت : داخۆ ئەم ئەدەب و ڕەوشتە ئیسلامی یە بەرزە لەم سەردەمەماندا لە کوێ یە .. کە ماڵی زۆرێك لە موسڵمانان بووەتە پشێوی ئەخلاقی و ڕێز و کەرامەتی تیادا نەماوە و ناموس پێشێل کراوە . " ڕەزای خوا لەسەر فاتیمە "

" ٤ - ئوم عمارە (رضي الله عنها) "

" لە خەباتدا دەستی پەڕی !!! "

ئوم عەمارە کێ یە ؟

ئەم خاتوونە بەڕێز و تێکۆشەرە (نسیبەی کچی کعب)ی ئەنصاریی خەزرەجی یە (رضي الله عنها) براکەی (عبدالله ی کوڕی کەعب مازنی یە) کە یەکێکە لەوانەی بەشداری جەنگی بەدریان کردووە . هەروەها (عبدالرحمن)ی برای لەوانە بوو کە هەمیشە چاو بە فرمێسک بوو لە ترسی پەروەردگاری . ئوم عەمارە لە شەوی عەقەبەدا بەشدار بووە ، هەروەها لە ئوحود و حودەیبیە و (حنین) و (یمامە) دا بەشدار بووە ، ئافرەتێکی تێکۆشە بووە و لەشەڕدا کار گەلێکی ئەنجامداوە و هەروەك لە جیهاددا دەستی بڕاوە[1] .

دکتۆر محمود عمارە ، دەڵێت :

" ئەوسا ئافرەتانی موسڵمان بەو شێوەیە بوون .. ئەو کاتەی دنیای موسڵمانان بەرەو پێش دەچوو .. ئافرەت ژیری دروست و جەستەی سەلامەت و ڕای پەسەندی هەبوو ، بەڵام پاش ئەوانە ، نەوەیەك شوێنی گرتوونەتەوە لە ئافرەتان کە جوانکاری یەکان دەم و چاویانی تێك داوە و ناو سك و گەدەی پڕ کردوون لە کپسول و حەبی هاوردەکرا و جەستە ومێشکی خۆی بەشتی بێ بایەخ لاواز کردوە دەرئەنجامەکەشی .

جەستەیەکی بێ هێز ... و ژیری یەکی نەماو کە جگە لە پاشماوەی دەمارگەلێکی شڵەژاو نەبێ کە هەرگیز بەرگەی دڵەڕاوکێ ناگرێ هیچی بۆنەماوە ... دواتریش نە ئەتوانێ هەڵسێ بە پەروەردە کردنێکی دروست بۆ نەوەکانی ، نە ئەتوانێ هاوسەرێکی باش بێت[2] .

ئەفسانەی خەبات : خاتوو نسیبە لەگەڵ هاوسەرەکەی (غەزییەی کوڕی عەمر) و هەردوو کوڕەکەیدا بەشداری ئوحود یان کردووە ، لەو شەڕە دا بۆ ئاودان بە جەنگاوەرەکان چوو بوو ، کوندەیەکی پێ بوو دەیگێڕا و لەگەڵ ئەوەشدا شەڕیشی دەکرد و لە دوانزە لاوە بریندار کرا .

---

[1] - سیر اعلام النبلاء (٢ / ٢٧٨) .

[2] - تاملات فی السیرە النبویە (١٨٠) .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو : (لَمقام نسيبة بنت كعب اليوم ، أي يوم أحد ، خير من مقام فلان و فلان) .

واتە : جێگای نووسەیبەی کچی کعب لەم ڕۆژەدا ، واتە لە ڕۆژی ئوحودا ، لە جێگای فلاّن و فلاّن باشترە . .

لەو ڕۆژەدا نوسیبە (رضي الله عنه) بە توند ترین شێوە دەجەنگاو ، جلەکانی بەکەمەریەوە توند کردبوو تا سیازدە جار بریندار کرا .

خەمرەی کوڕی سەعیدی مازنی ، باسی نەنکی دەکرد کە لە ئوحوددا بەشداری کرد بوو ، بۆی گێڕابووە وە کە (چاوی بە ئبنو قومیئە کەوت کە بەشمشێر دەیدا لە دەماری ملی نووسیبە (رضي الله عنه) کە ئەمە گەورەترین برینی بوو ، یەك ساڵی تەواو تیماری دەکرد ، پاشان بانگەوازی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاواری کرد بچن بۆ لای (حمراء الاسد) ەوە .

نوسەیبەش جلەکانی توند کردەوە و هەرچەندی دەکرد خوێنی برینەکەی نەدەگیرسایەوە ، ڕەزای خوای لێ بێت [1] .

ئوم عمارە دەڵێت :

ڕۆژی ئوحود بینیم پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە تەنها ماوە و چەند کەسێکی کەم نەبێ لە دەوری بوون کە ژمارەیان لە دەکەس تێپەڕی نەئەکرد . من و کوڕەکانم و هاوسەرەکەم لە دەروبەری ماینەوە و پارێزگاریمان لێ دەکرد لە کاتێکدا خەڵکی بە شکاوی تێدەپەڕین ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی بینی کە قەڵغانم پێ نەبوو ، کابرایەکیش لەولاوە خەریك بوو هەڵدەهات و قەڵغانێکی بەدەستەوە بوو پێی فەرموو : (ألق ترسك الى من يقاتل) .

قەڵغانەکەت بدە بە کەسێك شەڕ بکات . ئەویش قەڵغانەکەی دانا و منیش هەڵمگرت و بەردەوام پێغەمبەری خوا (ﷺ) م پێ دەپاراست .

ئای لەو ڕۆژە (اصحاب الخيل) [2] چیان پێ کردین ، خۆ ئەگەر وەك ئێمە بە پیادەشەڕیان بکردایە ئەوا بەیارمەتی خوا تێکمان دەشکاندن ... ئەوە بو کابرایەك بەسەر

---

[1] – ابن سعد (٨ / ٤١٣) .

[2] – ئەسپسوارەکان ، کە خالدی کوڕی وەلید پێش موسڵمان بوونی سەرکردەیان بوو .

ئەسپەکەیەوە بەرەو ڕووم هات و ویستی لێم دا منیش بە قڵغانەکەم ڕێگریم کرد و نەیتوانی هیچ بکات و پشتی هەڵکرد ، عورقوب دای لە ئەسپەکەی ... ئەویش لەسەری کەوتە خوارەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوای کرد : (يا ابن ام عمارة ، امك ، امــك !) ئەی کوڕی ئوم عمارە ، دایکت ! دایکت)

دەڵێت : کوڕەکەم یارمەتی دام تا کابرام کوشت .

عبدالله ی کوڕی زەیدی کوڕی ئوم عمارە ، دەڵێت : -

ئەو ڕۆژە بریندار کرام و خوێنی برینەکەم نە ئەوەستایەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی برینەکەت ببەستە .

دایکم هات بۆ لام و برینەکەی بۆ بەستم و پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاوەستا بوو فەرمووی : (انهض بني ، فضارب القوم) هەڵسە کوڕم ، لێیان دە و بەردەوام دەیفەرموو ئەوەی تۆ بەرگەی دەگریت کێ هەیە بەرگەی بگرێت ، ئەی ئوم عەممارە!!

ئوم عمارە ، دەڵێت :

ئەوە بوو ئەو کابرایەی کە لە کوڕەکەمی دا بوو هات بەرەو ڕوومان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (هذا ضارب ابنك) ئەمە بوو لە کوڕەکەتی دا ..

دەڵێت : منیش ڕێم پێ گرت و لە لاقیم دا و بەسەر ولأخەکەیەوە کەوتە خوارەوە . پێغەمبەری خوایش (ﷺ) زەردەخەنەیەکی کرد ، تا کاکیلەیم بینی و فەرمووی : (أستقدت يا ام عمارة) ! واتە : (بەڕاستی تۆڵەت کردەوە ئێمەش دەستمان بە لێدانی کرد هەتا گیانمان لێ بڕی و پێغەمبەر خوایش (ﷺ) فەرمووی : (الحمدلله الــذي ظفــرك)[1] . واتە : (سوپاس بۆ ئەو خوایەی سەری خستیت)وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەیری برینەکەی ئوم عمارەی دەکرد و بە کوڕەکەی دەفەرموو : (امك امك ! أعصب جرحها ! اللهم اجعلهم رفقائي في الجنة) .

واتە : دایکت ... دایکت ! برینەکەی بۆ ببەستە ! ئەی پەروەردگار بیانکە بە هاوەڵم لە بەهەشتدا .

---

[1] - ابن سعد (٨ / ٤١٤) .

ئوم عمارە دەڵێت : وتم ئیتر هیچ باکم نیە لە دنیا هەرچیم بەسەربێ [1] . پاش ئەوەیش کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد و بەرەو ڕەحمەتی پەروەردگاری ڕۆیشت ، ئوم عمارە بەردەوام بوو لە تێکۆشان لە پێناوی ئاینەکەیدا و بەوەفا بوو بۆی تا دوایەمین هەناسەی .

لە (محمد ی کوڕی یەحیای کوڕی حەببان)ەوە ، دەڵێت :

ئوم عمارە لە ئوحوددا لە دوانزە لاوە بریندار کراو لە ڕۆژی (یەمامە) دا دەستی پەری وهەر لەو ڕۆژەدا جگە لە دەستی ، لە پانزە لاوە بریندار کرا ، ئەوە بوو بەبرینداری هاتە مەدینە ، بینرا کە ئەبوبەکر (رضي الله عنه) لەوکاتەدا کە پێشەوای موسڵمانان بوو ، سەردانی دەکرد و هەواڵپرسی لێ دەکرد [2] .

حبیبی کوڕی زەید ، کە موسەیلەمەی درۆزن لەت و پەتی کرد ، کوڕی ئوم عمارە بوو . پاش گەشتێکی موبارەکی پڕ لە بەرەکەت کاتی ئەوە هاتبوو ئەم جەستە ماندووە خەباتکارە بگاتەوە ئەو مەنزڵەی کە پەروەردگار پەیمانی پێدا بوون .

ئەوە بوو فەرمانی خوای پەروەردگاری بە جێ هێناو ڕۆحی پاکی بۆ ئەو جێیە فڕی کە پەروەردگار دەفەرموێ : ﴿ فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَلِيكٍ مُقْتَدِرٍ ﴾ سورة القمر ، آية (٥٥).

دەسا خۆشی لە خۆت ئەی ئوم عمارە .. خوداش لە لاوازی و کەم و کورتی ئێمە خۆش بێت ..

---

[1] – ابن سعد (٨ / ٤١٤) .

[2] – ابن سعد (٨ / ٤١٦) .

" ٥ - ئەسمائی کچی یەزید (رضي الله عنه) "

" رۆژی یەرموک نۆ دانە رۆمی کوشت !! "

کێ یە ؟

ئەسمائی کچی یەزیدی کوڕی سەکەنە ، دایکی عامر و دایکی سەلەمەی ئەنصاری ئەشهەلی یە . پورزای مەعازی کوڕی جەبەلە و یەکێکە لەوانەی بە یعەتیان داو یەکێکە لە تێکۆشەرەکان [1] .

خاتوو ئەسماء بەڵگەنامەی رەوانبێژی لەلایەن هاوەڵە بەڕێزەکانەوە بەدەست هێناوە ئەوە بوو ئەم خاتوونە بەرەوانبێژی و بە هێزیی دەربڕین و جوانیی ووشە ناسرا بوو هەروەها ئەوەش وای لێکرد بوو ئەم ئاکارانەی تێدا بەدی بێت و پێ ی بناسرێت ئەوە بوو کە ئەم بەڕێزە تێر ئاو بوو لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەتا ئەو پەڕی توانای لەگەڵ قورئان و فەرموودەدا ژیاوە تاوای لێهات بە (خطيبة النساء) ناو دەبرا ئەمەش جێگاو پلەوپایەیەکی تایبەتی لەلایەن ئافرەتانی ئەنصارەوە پێ بەخشی بوو [2] .

" شاندی ئافرەتان "

ئەسماء (رضي الله عنه) هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە لەگەڵ هاوەڵانیدا بوو پێ ی وت : دایك و باوکم بە قوربانت بن ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من نێردراوی کۆمەڵێك لە موسڵمانانم کە هەموویان هەمان قسەی من دەکەن و لەسەر رای منن بێگومانین کە خودا بۆ پیاوان و ئافرەتانی ناردوویت و ئێمەش باوەڕمان پێهێنایت و شوێنت کەوتین ، ئێمەی ئافرەتانیش کە پەیوەست و پەردەنشینین و لە ماڵە کانماندا ماوینەتەوە و جێگای ئارەزووی پیاوانین و منداڵەکانیان بۆ هەڵدەگرین .

---

[1] - سير اعلام النبلاء (٢ / ٢٩٦) .

[2] - نساء مبشرات فى الجنه (٢ / ٢١٠ ، ٢١١) .

وە پیاوان بە جومعە و نوێژە جەماعەتەکان و ئامادە بوون لە کۆڕی جەنازە و خەباتی ڕێ خوادا چاکەیان بەسەرماندا دراوە ، وە کاتێ ئەوان بۆ جیهاد ئەڕۆن ، ئێمەی ئافرەتان ماڵ و ناموسیانمان پاراستووە و منداڵەکانیانمان بۆ پەروەردە کردوون ... داخۆ ئێمەش بەشداری پاداشتی ئەوانین ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕووی کردە هاوەڵانی و فەرمووی : (هل سمعتم مقالة امراة أحسن سؤالاً عن دينها من هذه ؟)

واتە : تا ئێستا وتەی هیچ ئافرەتێکتان گوێ لێ بووە کە بەم باشی یە پرسیار لەسەر دینەکەی بکات ؟

وتیان : بەڕاستی وایە ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، گومانمان نەدەبرد کە ئافرەتێك بەم شێوە دەربڕینە داوای مافی خۆی بکات .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕووی کردە ئەسماء و فەرمووی : –

" انصر في يا اسماء و اعلمي من وارءك من النساء ان حسن تبعل احدا كن لزوجها و طلبها لمرضاته و اتبا عها لموافقته ، يعدل كل ما ذكرت للرجال "

واتە : بڕۆ ئەی ئەسماء و بەوانەش ڕابگەیەنە کە تۆیان ناردووە ، پێیان بڵێ کە باشی یان بۆ هاوسەرەکەیان و هەوڵدانیان بۆ ڕازی کردنی و شوێن کەوتنی ویست و فەرمانەکانی هاوسەرەکەی ، هاوتای هەموو ئەوانەیە کە بۆ پیاوان باست کرد . ئەسمائیش بەدەم وتنی : (لا الـه الا الله) و (الله اكـبر) ەوە بە خۆشی ئەو موژدەیەی ئەمبەری خوا (ﷺ) پێی دان ، ڕۆیشت [1] .

وانەیەك لە گوێڕایەڵی هاوسەردا :

لە ئەسمائی کچی یەزیدەوە ، دەڵێت :

لەگەڵ چەند کەنیزەکێکی هاوتەمەنمدا بووم ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دای بەلاماندا و فەرمووی : (اياكن و كفر المتعمين) .

واتە : نەکەن لە بەخششەکان و نیعمەتەکان ناسوپاس گوزار بن و بەکەم سەیری کەن .

---

[1] – نساء مبشرات بالجنه (٢ / ٢١١ ، ٢١٢) فەرموودەکە شاهیدی زۆرە و هەیە لەلای گبرانی بزار ، و بڕوانە الترغیب ژمارە (٢٩١٠) .

من لە هەموویان ئازاتر بووم بۆ پرسیار کردن لێی ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستت نارازی بوون و ناشوکری لە بەخششەکان چی یە ؟

فەرمووی : لعل احداكن تطول ايمتها بين ابويها ، ثم يرزقها الله زوجاً ، و يرزقها منه و لـداً ، فتغضب فتكفر فتقول : ما رأيت منك خيراً قط [1].

واتە : لەوانەیە یەکێکتان ماوەیەکی زۆر بە زگوردی (رەبەن) لە ماڵی باوکیدا بمێنێتەوە ، پاشتر خوا هاوسەرێکی پێ ببەخشێ و لەو هاوسەرە منداڵی پێ ببەخشێ ، کەچی تووڕە بێت و کوفر بکات و بڵێ : هەرگیز خێر و چاکەم لێ نەدیویت .

" ئەسماء و خەبات لە پێناوی خوادا "

ئەسماء (رەحمەتی خوای لەسەر بێت) لە جەنگی (یرموك) دا بەشداری کردووە و دەوری باڵای هەبووە .

ئیبنو کثیر ، دەڵێت : –

" ئەوە بوو لەم ڕۆژەدا ئافرەتانی موسڵمان هەڵسان بەشەڕکردن و ژمارەیەکی زۆریان لە ڕۆمی یەکان کوشت و لەو موسڵمانانەیان دەدا کەتێك شکا بوون و ورەیان ڕوخابوو ، پێیان دەوتن : بۆ کوێ ئەڕۆن و ئێمە بۆ ئەو بێ باوەڕانە بەجێ دێڵن ... خۆ ئەوانیش هەر ئەوەندەیان بەس بوو کە ئەو ئافرەتانە سەرکۆنەیان ئەکردن ، خێرا دەگەڕانەوە بۆ ناو شەڕەکە [2] "سەبارەت بە ڕۆڵی ئەسماء وپشکی لەو شەڕەدا ، ئەوا ئیبنو حەجەر لە (الاصابە (٤ / ٢٢٩) دا دەڵێت :

" ئەسماء ی کچی یەزیدی کوڕی سەکەن ، ئامادەی یەرموك بوو ، نۆ کەسی لە ڕۆمەکان بە دەسکی چەترەکەی کوشت .

هەروەها ئیمامی زەهەبی ، دەڵێت : بە پایە (ستون)ی خێوەتەکەی نۆدانە لە ڕۆمەکانی کوشت [3] .

---

[1] – صحیح: بخاری لە الادب المفرد (١٠٤٧) دەرهێنانی بۆ کردووە و احمد لە (المسند) (٤ / ٣٥٧).

[2] – البدایە و النهایە (٧ / ١٣) .

[3] – سیر اعلام النبلاء (٢ / ٢٩٧)

خاتوو ئەسماء تا سەردەمی دەوڵەتی یەزیدی کوڕی موعاویە ژیاو دواتر گەڕایەوە بۆلای پەروەردگاری و وەفاتی کرد .

بەمەش لاپەڕەیەکی سپی لە مێژووی سەر بڵندی ئەم خانمە پێچرایەوە ، بەڵام کارەکانی بۆ هەمیشە وەك چرا و ڕ,ناکی دەردرەوشێتەوە بۆ هەر کەسێ ڕێنوونی وەرگرێت .

" ٦ - ئوم سولەیم (رضي الله عنه) "

" مارەی یەکەی (ئیسلام) بوو !! "

ناوی : الرميصاء یان (غمیصاء ی کچی ملحان ... ی ئەنصاری خەزرەجی یە .
دایکی ئەنەسی کوڕی مالکە (رضي الله عنه) .
مالك ی کوڕی نضری مێردی مرد ، پاشان (ابوطلحة زەیدی کوڕی سەهلی ئەنصاری بوو بە هاوسەری و هەریەکە لە : ابا عمير و عبدالله ی لێ بوو .. ئوم سولەیم لە جەنگەکانی (حنین و ئوحود) بەشدار بووە و یەکێکە لە باشترینی ئافرەتان .

" مارەیی یەکەی ئیسلامە !! "

لە ئەنەسەوە ، دەڵێت : ئەبو تەڵحە داخوازی ئوم سولەیم ی کرد ، ئەویش وتی : نابێ و ناکرێ شوو بە کەسێکی بێ باوەڕ (مشرك) بکەم ! مەگەر نازانی ئەی ئەبا تەڵحە کە خواکەتان کۆیلەکەی فلاّن کەس دروستی ئەکات ؟ و ئەگەر ئاگری تێ بەردەن ئەسووتێ ؟ ئەنەس دەڵێت : ئەبو تەڵحە ڕۆیشت و ئەو قسانە لە دڵیدا مایەوە ، پاشتر هاتەوە بۆلای ئوم سولەیم و پێی وت : ئەوەی دوێنێ خستە بەردەستم قبوڵم کرد (واتە : ئامادەم موسڵمان بم) . ئەنەس دەڵێت : جگە لە موسڵمانبوونی ئەبا تەڵحە ئوم سولەیم هیچ مارەییەکی تری نەبوو [1] .

وە لە ڕیوایەتێکی نەسائی دا ، لە ئەنەسەوە ، دەڵێت :
ئەبو تەڵحە داوای ئوم سولەیمی کرد ، ئەویش پێی وت : بەخوا کەسی وەك تۆ ڕەت ناکرێتەوە ، بەلاّم ئەوەندە هەیە تۆ پیاوێکی بێ باوەڕیت ، منیش ئافرەتێکی موسڵمانم و بۆم حەلاڵ نیە شووت پێ بکەم ، مەگەر موسڵمان بیت ، خۆ ئەگەر موسڵمان بوویت ، ئەوە مارەیی من بێت و هیچی ترم لێت ناوێت ، ئەویش موسڵمان بوو ، موسڵمان بوونەکەشی بووە مارەیی ئوم سولەیم .

---

[1] - بە ئیسنادێکی (صحیح) ئەویش لە (طبقات) دا بە ژمارە (٨ / ٤٢٦) سوچێکیشی لەلای احمد و نەسائی هەیە .

ثابت ، دەڵێت : هەرگیز گوێم لیّ نەبووە ئافرەتێك مارەیی یەكەی وەك مارەیی ئوم سولەیم ڕێزدار بێت كە ئەویش (ئیسلام)ە ئەوە بوو شووی پیّ كرد و منداڵیشی لیّ بوو.

" پێغەمبەری خوا (ﷺ) یاری لەگەڵ منداڵەكەیدا دەكات !! "

لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە : –

پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی ئوم سولەیمی دەكرد ئەویش بڕێك خواردنی پێشكەش كرد كە بە دەستی خۆی دروستی دەكرد بۆی ...

برایەكی لە خۆم منداڵترم هەبوو كە نازناوی (ابا عمیر) ی لیّ نرابوو ، ئەوە بوو ڕۆژێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی كرد ین ، فەرمووی : (مالي ارى ابا عمير خائر النفس ؟) چیە وا ئەبا عمیر بیّ تاقەت ئەبینم ...

ئوم سولەیم وتی : لە ڕاستیدا ئەبا عمیر (چۆلەكەیەكی بچووكی) هەبوو كە یاری لە گەڵدا ئەكرد ئێستا مردووە ، لەبەر ئەوەیە بیّ تاقەتە ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دەستی هێنا بەسەریدا و فەرمووی : (يا ابا عمير ما فعل النغير)[1] واتە : ئەی ئەبا عومەیر ، نوغەیر[2] چی لیّ بەسەر هاتووە ؟

وە هەر لە ئەنەسەوە ، دەڵێت :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەئەچووە هیچ ماڵێك جگە لە ماڵی ئوم سولەیم تا هۆی ئەمە یان لیّ پرسی ، فەرمووی : (إني أرحمها ، قتل أخوها معي)[3] واتە : ڕەحمم بۆی هەیە ، براكەی لەگەڵ مندا بوو كوژرا ..

براكەشی (حەرامی كوڕی میلحانە) ، ئەو شەهیدەی كە ڕۆژی (بئر معونە) وتی : (سوێند بە خوای كەعبە بردمەوە) ، كاتیّ لە دواوە لێی دراو حەربەكە لە سنگیەوە هاتە دەرەوە (رضي الله عنه) .

---

[1] – نغیر : بولبول .

[2] – ئیسنادەكەی (صحیح)ە / ئیبنو سەعد دەرهێنانی بۆ كردووە ، هەروەها لای بخاریش بە كورتی هاتووە .

[3] – ئیسنادەكەی (صحیح) ە / بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە .

" چاکەکانی ئوم سولەیم "

لە جابری کوڕی عبدالله وە (رضي الله عنه) ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :

(رأيتني دخلت الجنة ، فإذا أنا بالرميصاء امرأة ابي طلحه ، وسمعت خشفة ، فقلت : من هذا ؟ فقال : هذا بلال)[1].

واتە : برامە ناو بەهەشت لەوێ (رومیصا) خێزانەکەی ئەبی تەلحەم بینی ، ، وە گوێم لە خشپە و جوڵەیەك بوو ، وتم : ئەوە کێ یە ؟ وتی : بیلال .

" خەباتی ئوم سولەیم "

لە ئەنەسەوە ، دەڵێت :

ڕۆژی (حنین) ئوم سولەیم خەنجەرێکی هەڵگرت ، ئەبو تەڵحەش وتی : بڕوانە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئوم سولەیم بەو خەنجەرەوە ، (ئوم سولەیم)یش وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەگەر بێ باوەڕێك لێم نزیك بێتەوە ورگی پێ هەڵئەدڕم[2] .

" ئارامگری یەکی جوان "

ئارامگرتن چە ؟

ئیبنولقەیم دەڵێت : ڕەوشتێکی باشە لە ڕەوشتەکانی دەروون و ڕێگری ئەکات بە هەڵسان بەکار گەلێکی نەخوازراو نەشیاو ، هەروەك هێزێکە لە دەروندا کە بە هۆیەوە یاخود بەبوونی کاروبارەکانی دەروون چاك و دروست دەبن .

هەروەها (ذوالنون) دەڵێت : بریتیە لە دورکەوتنەوە لە سەرپێچی یەکان و سرەوتن و هێمنی لە کاتێکدا کە بەلاو ناڕەحەتی یەکان دەگەنە لوتکە و خۆپیشاندان بە

[1] – ئیسنادەکەی (صحیح) ە / بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە .

[2] – ئیسنادەکەی (صحیح) ە / الطبقات (٨ / ٤٢٥) .

دەوڵەمەندی و بێ نیازی ، لە کاتێکدا هەژاری باڵی بەسەر ژیانتا کێشاوە[1] . ئوم سولەیم لە باش پێشوازیکردنی بەلاو فەرمانی خوادا نموونەیەکی زۆر جوانی نیشانداوین .

ئەنەس دەڵێت :

کوڕێکی ئوم سولەیم کەوتبوو سەرە مەرگ ، و ئەبو تەڵحەش چوو بوو بۆ مزگەوت و هەتا هاتەوە کوڕەکەی وەفاتی کرد بوو ، بەڵام ئوم سولەیم وەك ئافرەتێکی باش وتی : هەواڵی پێ نەدەن کە کوڕەکەی وەفاتی کردووە .

پاشان ئەبو تەڵحە گەڕایەوە و ئوم سولەیم نانی ئێوارەی بۆ ئامادەکرد و دەرخواردی دا وپاشان چووە لای خێزانەکەی . دواتر لە کۆتایی شەودا خێزانەکەی پێی وت : ئەی ئەبا تەڵحە لە بیرتە ماڵی فلان کەس فلانە شتیان بە خواستن (استعارە) وەرگرت و لای خۆیان هێشتیانەوە ، کاتێکیش خاوەنەکەی داوای شتەکەی لێ کردنەوە پێیان ناخۆش بوو ؟ ئەبو تەڵحەش وتی : بەڕاستی ئەوە بێ ویژدانی یە . ئەویش وتی : دەی کوڕەکەت سپاردەیەك بوو (عاریە) لەلایەن خواوە ، ئێستا بردویەتیەوە ، ئەبو تەڵحەش بەبیستنی هەواڵی مەرگی کوڕەکەی گەڕایەوە ، وتی : ﴿ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴾ و ستایشی خوای کرد . کە ڕۆژ بوویەوە و چوو بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : بارك الله لکما فی لیلتکما .

" خوا شەوەکەتان لێ پیرۆزکات "

ئەوە بوو ئوم سولەیم سکی بوو بە (عبدالله ی کوڕی ئەبی تەڵحە)وە ، بەشەودا منداڵەکەی بوو ، بە مندا ناردی بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ جامێ خورمای (عجوەدا) کە باشترین جۆری خورمایە ، کە گەیشتم خەریك بوو پیرۆزبایی لە (ابا عرلە) ئەکرد و ناوی لێ ئەنا ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، ئوم سولەیم ئەمشە و منداڵی بوو .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە تەڕایی دەمی خۆی خورمایەکی جوی و خستیە ناو دەمی منداڵەکەوە و ئەویش نۆشی کرد و خواردی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی :

---

[1] – عدة الصابرین و ذخیرة الشاکرین ، ابن القیم (١٤) .

(حب الانصار التمر) واتە : بەڕاستی ئەم ئەنصاریانە زۆریان حەز لە خورمایە .. وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی لێ بنێ ، فەرمووی : (ناوی عبدالله) یە [1] .

" باشیی ئارامگرتن "

عبایە ، دەڵێت : هەر لەو منداڵە واتە (عبدالله) حەوت دانە کوڕم بینی هەر هەموویان قورئانیان خەتم کرد بوو (لەبەر بوو) [2] .

خوا لە ئوم سولەیم ڕازی بێت و پاداشتی ئارامگرتنی بە بەهەشت و ناز و نعمەتەکانی بەهەشت بداتەوە .

[1] – ئیسنادەکەی (صحیح)ە / الطبقات (٨ / ٤٣١) و بخاری (٩ / ٥٠٩) و مسلم (٢١٤٤) .

[2] – ئیبنو سەعد دەرهێنانی بۆ کردووە(٨ / ٤١٤) ارنؤوط دەڵێت :پیاوانی جێ متمانەن (سیر ٢ /٣١١).

" ٧ - ئوم حەرامی کچی ملحان(رضي الله عنه) "

" ئەنصاریی شەهید "

خوشکی ئوم سولەیم و پوری ئەنەسی کوڕی مالیك و خێزانی (عەبادەی کوڕی صامت)ە . لە ئەنەسەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆلامان ، من و دایکم و ئوم حەڕامی پورم لە ماڵ بووین ، فەرمووی : (قوموا فلأصل بكم) هەڵسن با نوێژتان بۆ دابەستم . ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی بۆ دابەستین لە غەیری کاتەکانی نوێژدا [1] .

" شەهیدی بەڕێز "

ئوم حەرام (رضي الله عنه) لە سەردەمی خەلافەتی پێشەوا عوسماندا (رضي الله عنه) لە جەنگی (قبرص) دا شەهید بووە ، موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان سەرکردەی سوپاکە بووە ، ئەو ساڵەش ڕێکەوتی (٢٧) ی کۆچی بوو . لە (ئەنەسی کوڕی مالیك) ەوە ، دەڵێت : ئوم حەڕامی کچی میلحان بۆی باسکردم کە : ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش نیوەڕۆیەك لە ماڵیان سەرخەوێکی شکاند و کە لە خەوهەڵسا ، پێدەکەنی ، وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبینم پێ دەکەنیت .. ؟ فەرمووی : عرض علي ناس من امتي يركبون ظهر هذا البحر ، كالملوك على الاسرة . واتە : خەڵکانێکم لە ئوممەتەکەم نیشاندرا ، بەسەر دەریاوە دەڕۆیشتن (یان بەسەریشتی دەریاوە بوون) هەروەك چۆن پادشایان لەسەر تەخت و عەرشن . واتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، داوا لە پەروەردگار بکە منیش بکاتە یەکێ لەوانە . فەرمووی : أنت من الاولين) تۆ لە پێشینەکانیت .

ئەوە بوو عەبادەی کوڕی صامت ئوم حەرامی هێنا ، و لەگەڵ خۆی دا بەدەریا بردی بۆ غەزا و لە گەڕانەوەیاندا هێسترێکیان لێ نزیك کردەوە تا سەرکەوێتەسەر پشتی ، هێسترەکە خستی بەزەویدا و ملی شکاند (پێی بەگەردنیدانا) و کوشتی . ڕەزای خوای لێ بێت [2] .

---

[1] – صحیح / مسلم لە صحیحەکەیدا (٦٦٠) دەرهێنانی بۆ کردووە .

[2] – صحیح / بوخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە .

" ٨ - (زەینەب)"رضي الله عنها" ... دایکی ئیمانداران "

"خوای پەروەردگار لەسەر و عەرشی خۆیەوە مارەی کردووە لە پێغەمبەری خوا(ﷺ)"

ئەم خانمە ، دایکی ئیمانداران ، زەینەبی کچی جەحشی کوڕی ڕیابە و کچە پوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) و یەکێکە لە کۆچبەرانی پێشینە . ئومەیەی کچی عبدالمطلب ی کوڕی هاشم ، دایکیەتی ، یەکێکە لە ئافرەتە سەلارەکان لە ڕووی ئایین و لە خواترسی و بەخشندەیی و چاکە کردنەوە (رضي الله عنها) .

" هاوسەرگیری زەینەب لەگەڵ زەیدی کوڕی حارثە دا "

کاتێ ئایینی ئیسلام هات ، یەکێ لە ئامانجەکانی نەهێشتنی جیاوازی بوو لە نێوان خەڵکیدا چونکە کەس چاکتر نیە لەکەس مەگەر بە لە خواترسان (تقوی) ..

ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی بە کردەوە ئەمە بە جێ بێنێت ئەویش بە دانی زەینەبی کچی جەحش کە کەسی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو بە خزمەتکارەکەی خۆی زەیدی کوڕی حارثە ، تاوەکو ئەو جیاوازی بە چینایەتی یە بێ بنەمایانەی کە هەبوون داڕمێنێت و نەیهێڵێت ، ئەوە بوو ئەوە هات بە زەینیدا (بیریدا) کە زەینەب لە زەیدمارە بکات . پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای زەینەبی کرد بۆ زەید ، بەڵام زەینەب چەند خەتەرە و پرسیارێکی پێکدراو جیاوازی لەلا دروست بوو ، چۆن بتوانێ پێشوازی لەم هاوسەر گیری یە بکات لەگەڵ خزمەتکارێکدا ، لە کاتێکدا ئەم ئافرەتێکی خانەدانە ؟! بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی وت : ناتوانم پێی ڕازی بم ببێتە هاوسەرم ، لە کاتێکدا من کیژێکی خانم و خاتوونی قورەیشم [1] .

پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرموی : (فإني قد رضيته لـك) لە ڕاستیدا من پێی ڕازیم بۆ تۆ ... ئەوە بوو هاوکات ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە :﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا

---

[1] – بڕوانە / نساء مبشرات بالجنە / بەشی یەکەم .

مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا(٣٦) ﴾ سورة الاحزاب .

واتە : بۆ هیچ پیاو و ئافرەتێکی ئیماندار دروست نیە ، کاتێ خوا و پێغەمبەرەکەی بڕیاری شتێك بدەن ، ئەوان سەرپشك بن لە ئەنجامدانی ئەو کارەدا ، چونکە ئەوەی سەرپێچی بکات لە فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی ئەوە بەڕاستی بە ئاشکرا گومڕا و سەرلێشێواوە .

– ئیتر زەینەب لێرەدا نەیتوانی سەرپێچی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات . ئەوە بوو ڕازی بوو ، زەیدی کوڕی حارثە زەواجی لەگەڵدا کرد [1] .

پاشان جیاوازی و ناکۆکی دەستی پێ کرد لە نێوان ئەم دوو هاوسەرەدا .. و ژیان لە نێوانیاندا سەخت و گران بوو ... زەید دەهاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و سکاڵای لەسەر زەینەب دەکرد ، ئەویش (ﷺ) فەرمووی : (إمسك عليك زوجك و اتق الله) واتە : دەست بە خێزانەکەتەوە بگرە و لە خوا بترسە ، بەڵام ژیان لە نێوان ئەم دوانەدا بووە ئەستەم . دواتر ئەو ئایەتە دابەزی کە نەریتی (تبني) [2] یان پوچەڵ ئەکردەوە . ئەوە بوو (جبريل) سەلامی خوای لەسەر بێت ، هەواڵی دابووە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە زەینەب ئەبێتە خێزانی ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی خۆش نەبوو فەرمان بە زەید بکات ، زەینەب تەلاق بدات ، تا ئەم دواتر بیخوازێت ، و بەمەش لەناو خەڵکیدا وتی وتی ئەوە بڵا دەبێتەوە کە (محمد) ژنی کوڕەکەی خۆی هێناوەتەوە [3] ..... ئەو ڕادەی لە قسەی خەڵك ترسانە وای کرد ئەوەی خوای پەروەردگار هەواڵی پێ دابوو بیشارێتەوە – کە ئەویش مارەکردنی زەینەبە لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) [4] ئەمە بووە هۆی ئەوەی

[1] – پێشەوای شەهید (زەیدی کوڕ حارپە) کە پێشتر باسی ژیانیمان کردوو لە مۆتە . شەهید کرا .

[2] – تبنی / واتە کردنی کەسێك بە کوڕی خۆی .. بەو پێیەش هەرشتێکی لە نێوان باوك و کوڕدا هەیە بەسەر ئەم دوانەشدا جێ بەجێ بکرێت وەك ئەوەی کە باوك بۆی نی یە ژنی کوڕەکەی خۆی مارەکاتەوە پاش تەلاقدانی . (وەرگێڕ) .

[3] – ئەوەبوو خێزانی تبنی کرا و حەلال نەبوو لەلایان .

[4] – بەڵام ئەوەی کە باس ئەکرێ ، گوایە زەید لەماڵ نەبووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ چووە بۆ ماڵیان و لەوێ زەینەبی بە جوانی بینیوە و خۆشەویستی چووەتە دڵیەوە و لەکاتی گەڕانەوەدا ئەمەی فەرمووە (

پەروەردگار موعاتەبە (گلەیی و سەرزەنشت)ی لێ بکات بەم ئایەتە پیرۆزە : ﴿ ...وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ ... ﴾ سورة الاحزاب ، آية (٣٧).

واتە : ئەی (ﷺ) شتێك لە دڵ و دەروونی خۆتدا دەشاریتەوە ، کە خوا دەیەوێ ئاشکرای بکات ، لە خەڵکی دەترسیت ، بەڵام خوا پێشترە حسابی بۆ بکەیت و لێی بترسیت . وە خوای گەورە بە فەرموودەکانی ، هۆی ئەوەی ئاشکرا کرد کە زەینەب لە (ﷺ) مارە بکات ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ ... لِكَيْ لاَ يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا وَكَانَ أَمْرُ اللَّهِ مَفْعُولاً ﴾ سورة الاحزاب ، آية (٣٧) .

واتە : بۆ ئەوەی هیچ شەرمەزاری و دڵتەنگی یەك بۆ ئیمانداران دروست نەبێت بە هێنانی هاوسەرانی بەناو کوڕیان ، کاتێ بێزار دەبن و پێویستیان بە یەکتر نامێنێ ، هەمیشە فەرمانی خوا جێبەجێ کراوە .. دوای ئەم ئایەتە ، کە زەید دووبارە هاتەوە بۆ ئەوەی سکاڵای زەینەب لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات .. مۆڵەتی دابە جیابوونەوە لێی و تەلاق دانی .

" زەواجی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ زەینەب دا (رضي الله عنها) "

پاش ئەوەی زەید ، زەینەبی تەڵاقدا (رضي الله عنها) .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە فەرمانی پەروەردگاری زەینەبی هێنا ...

خوای پەروەردگار ، دەرمووێ : ﴿ ... فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا ... ﴾ سورة الاحزاب ، آية (٣٧) واتە : جا کاتێك زەید ، بێزار بوو لە زەینەب و پێویستی پێ نەماو جیا بوونەوە ، ئێمە زەینەبمان لە تۆ مارە کرد ...

ئەوە بوو بە دەقی قورئانی پیرۆز ، خوای پەروەدگار زەینەبی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) مارە کرد ، بەبێ سەرپەرشتیار (ولی) و بەبێ شایەت .. زەینەبیش هەمیشە

سبحان الله العظیم ، سبحان مقلب القلوب) هتد . ئەوە لە ڕستیدا پوچەڵ و هەڵبستراوەیکی پیلانێگرانەیە کە دوژمنانی دین پێی هەڵساون .. هەر دوژمنانی دین لەم جۆرە ڕیوایەتە جۆراوجۆرانەیان داڕشتوە و بەرگی خەیاڵ و درۆیان بەبەردا کردووە ، خۆ ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشتر بیویستایە بیخوازێت هیچ شتێك ڕێگری نەبوو ، چونکە کچە مامی بوو ، دەربارەی زەینەب هیچ شتێك لەلای شاراوە نەبووە .. بگەڕێرەوە سەر ئەم بابەتانە لە پەراوەکانی تەفسیر ی (امام محمد ابو شهبه) (٢٢٣ / ٨ ، ٣).

شانازی بەمەوە دەکرد ، بەسەر دایکایەنی ئیماندارانەوە و دەیفەرموو : ئێوە ئەهل و بنەماڵەکەتان مارەیان بریون ، بەلاّم من خوای پەروەردگار لەسەر و عەرشی خۆیەوە مارەی بریم .

لە ئەنەسەوە ، دەڵێت : زەید هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ سکالاّ ، ئەویش هەر دەیفەرموو : (اتق الله و امسك عليك زوجك)[1] ئەنەس ، دەڵێت : ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) شتێکی شاردبایەتەوە ، ئەوە ئەمەی ئەشاردەوە ، دەڵێت : زەینەب هەمیشە شانازی بە سەر خێزانەکانی تری پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە دەکرد ، ئەیوت : ئێوە ماڵە باوانتان مارەی کردوون ، من خوای پەروەردگار لەسەر و حەوت ئاسمانەوە مارەی کردووم[2] .

بەو هاوسەرگیری یە پیرۆزە ، خاتوو زەینەبیش چووە لیستی دایکانی ئیمانداران ، لەوانەیشە ئەمە بەرەکاتی خوای گەورە بێت بۆ زەینەب بە هۆی فەرمانبەرداری کردنی خوا و پێغەمبەرەکەی لە شوو کردنی بە زەید .

" حیجاب (بالاّپۆشی) "

یەکێ لەبەرەکاتی زەینەب ئەوە بوو بە هۆی ئەمەوە ئایەتی حیجاب دابەزی !!
لە ئەنەسەوە ، دەڵێت :

پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) زەینەبیی گواستەوە و نان و گۆشت حازر کرا و منیش نێرام بۆ داوەت کردنی خەڵك بۆ نانخواردن ، ئەوە بوو کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵك ئەهاتن نانیان ئەخوارد و ئەڕۆشتن و پاشان کۆمەڵێکی تر ئەهاتن نانیان ئەخوارد و ئەڕۆشتن ، بەردەوام خەڵکم داوەت دەکرد تاوای لێ هات کەس نەما بانگی بکەم .

وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، کەسێ نابینمەوە بانگی کەم ، فەرمووی : (فأرفعوا طعامكم) واتە : کەواتە نانەکەتان هەڵگرن و کۆی کەنەوە . سێ کۆمەڵ لە

---

[1] – لە خوابترسە و دەست بە خێزانەکەتەوە بگرە .

[2] – صحيح / بخاری دەرهێنانی بۆ کردووە (١٣ / ٣٤٧ ، ٣٤٨) لە (التوحيد) دا .

خەڵکەکە لەماڵەوە مانەوە و گفتوگۆیان ئەکرد ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو بۆ لای خاتوو عائشە سەلامی کرد و فەرمووی : (السلام علیكم أهل البیت و رحمة الله) .

عائشە (رضی الله عنها) فەرمووی : سەلام و رەحمەتی خوا لە تۆش بێت ، خێزانەکەت چۆن هەڵدەسنگێنیت (یان چۆنە) خوا لێتی موبارەك كات ؟

بەوجۆرە و بەرێزەوە سەری لە هەریەکە لە خێزانەکانی دەدا و سڵاوی لێ دەکردن و ئەوانیش هەروەك عائیشە (رضی الله عنها) هەواڵپرسی یان دەکرد .. پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕایەوە ، بینی سێ کۆمەڵەکە هەر لە ماڵەکەیدان و خەریکی قسە کردنن ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ش زۆر بە شەرم بوو ، هیچی نەوت و چووە دەرەوە و ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی عائیشە ،ئیتر نازانم عائیشە بوو هەواڵی پێ دا یان کێ کە خەڵکەکە چوونەتە دەرەوە ئیتر گەڕایەوە و قاچێکی خستە ئەو دیو دەرگا کە و قاچەکەی تری لە دەرەوە بوو هەر پەردەکەی هەڵدایەوە ، ئایەتی (باڵاپۆش)ی بۆ هاتە خوارەوە [1] .

خوای گەورە دەفەرمویت : ﴿ یَاأَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا لاَ تَدْخُلُوا بُیُوتَ النَّبِيِّ إِلاَّ أَنْ یُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَیْرَ نَاظِرِینَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِیتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلاَ مُسْتَأْنِسِینَ لِحَدِیثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ یُؤْذِي النَّبِيَّ فَیَسْتَحْیِي مِنْكُمْ وَاللَّهُ لاَ یَسْتَحْیِي مِنْ الْحَقِّ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ وَمَا كَانَ لَكُمْ أَنْ تُؤْذُوا رَسُولَ اللَّهِ وَلاَ أَنْ تَنْكِحُوا أَزْوَاجَهُ مِنْ بَعْدِهِ أَبَدًا إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِیمًا ﴾ سورة الاحزاب ، آیة (٥٣) .

واتە : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ، مەچن بۆ سەردانی ماڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ) مەگەر مۆڵەتتان بدرێت و مۆڵەت بخوازن ، ئەگەر مۆڵەت دران بۆ نانخواردنێك چاوەڕێی پێگەیشتنی مەکەن ئەگەر پێنەگەیشتبوو ، بەڵام کاتێ بانگکران ئەوە بچنە چوورەوە ، جا کاتێ نانتان خوارد بڵاوەی لێ بکەن و خۆتان بە گفتوگۆوە سەرگەرم مەکەن ، چونکە بەڕاستی ئەو کارەتان پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئازار دەدات ئەویش شەرمتان لێ دەکات (داوای چوونە دەرەوەتان لێ ناکات) ، خوایش شەرم لە ڕاگەیاندنی هەق و ڕەوا ناکات ، کاتێکیش داوای کەل و پەلێکتان لە خێزانەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کرد ، لە پشتی پەردەوە داوایان لێ بکەن ، ئاوا چاکتر و پاکترە بۆ دڵی ئێوە و ئەوانیش بێگومان هیچکات بۆتان نیە ئازار و دڵتەنگی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) پێش

---

[1] – صحیح / بخاری تەفسیری سوورەتی (الاحزاب) دا گێراویەتیەوە (٦ / ١٤٩) .

بێنن ، هەرگیز بۆتان نیە هاوسەرانی دوای خۆی بە هیچ جۆرێ مارە بکەن ، چونکە بێ گومان ئەو کارەتان لای خوا زۆر گەورەیە (زۆر نابەجێیە) ...

ئایەتەکە چەند ئادابێك سەبارەت بە چوونە ناو ماڵی خەڵك لە خۆ دەگرێت ، کە پێشتر جاهیلیەت ئەمەی نەدەزانی ، خەڵکی بە بێ مۆڵەت ئەچونە ماڵی خەڵکی ، هەندێکیان کاتێ خاوەنماڵ خواردنی بەسەر ئاگرەوە بوو ، دائەنیشتن تا ئەو خوانەی پێ ئەگەیشت و دواتر بە بێ خوڵك دائەنیشتن بۆ نانخواردن ، هەندێکیشیان دوای نان خواردنیش ئەمانەوە ، جا بانگ کرا بان یان بە زۆر خۆیان سەپاند بێ و دەستیان ئەکرد بە قسە کردن و شەو کەیفی بە بێ ئەوەی هەست بەوە بکات بووەتە هۆی هەراسان کردنی بەرامبەرەکەی .

ئەوە بوو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە تا خەڵکی فێری ئەوە بکات بە بێ مۆڵەت نەچنە ماڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وە . ئەگەر بانگهێشت کران بۆ خواردن با بچنە چوورەوە ، خۆ ئەگەر بانگنەکران ، نەچنە ژوورەوە بۆ چاوەڕێ کردنی پێگەیشتنی خواردنەکە ، دواتریش دوای نان خواردن خواحافیزی بکەن و نەمێننەوە بۆ ڕۆچوون لە قسەکردن و شەو کەیفیدا .

لە ڕاستیدا موسڵمانان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا زۆر پێویستمان بەم ئادابە هەیە کە زۆربەی خەڵکی پشتگوێیان خستووە ، زۆر لەوانەی بانگهێشت ئەکرێن (داوەت ئەکرێن) دوای نانخواردن ئەمێننەوە ، بەڵکو لەسەر نانخواردنەکە دەست ئەکەن بە قسەکردن و درێژەی پێ ئەدەن ، خاوەنماڵیش کە شتێکی لە ئادابی ئیسلامی تێدایە و پارێزگاری لێ ئەکات ، شەرم دەکات ، و لەڕاستیشدا نارەحەت دەبن و کات دەژمێرن ، میوانەکانیش بەبێ هەست و شعور لە ناو قسەکردنی خۆیاندا ڕۆچوون .. لە ئادابی ئیسلامیدا هەمیشە بۆ هەموو حاڵەتێك ڕێگاو چارەسەرێك هەیە ، گەر دەستبگرین بەو پەروەردە ئیلاهی یە ڕاستەوە .پاشان ئایەتی بالاپۆشی لە نێوان خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پیاواندا بڕیاردرا : ﴿ ... وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ... ﴾ سورة الأحزاب ، آية (٥٣).

وە پەروەردگار دەریخست کە ئەم بالاپۆشی یە خاوێنترە بۆ دڵی هەمووان ﴿ ... ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ ... ﴾ سورة الأحزاب ، آية (٥٣) .

ئیدی کەس غەیری ئەمە نەڵێت کەس نەڵێت تێکەڵاوی و لابردنی بەربەستەکان و ڕێگەدان و ئاسانکاری لە قسەکردن و یەکبینین و دانیشتن و بەشداری کردنی هەردوو ڕەگەز پێکەوە پاکترە بۆ دڵەکان و پاکیزەترە بۆ ویژدان و یارمەتیدەرترە بۆ نەهێشتنی ئارەزووە شاراوەکانیان ، لەوەی کە هەردوو ڕەگەز پەروەردە بکرێت و هەست و ڕەفتاریان ناسك بكرێتەوە ... تاکۆتایی هەموو ئەو قسە و قسەڵۆکانەی تر کە مرۆڤە لاواز و نەفامەکان دەیکەن .

ئیتر کەس لەم جۆرە قسانە نەکات ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ... وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ ... ﴾ سورة الأحزاب ، آية(٥٣) .

وە ئەم واقیعە بینراوەی کە هەیە ، ڕاستی فەرموودەی خوا و درۆی ئەوانە نیشان ئەدات کە بانگەشەی غەیری ئەوە دەکەن کە خوا فەرمانی پێ کردووە ، هەروەك ئەزموونە نیشاندراوەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لەسەرانسەری جیهاندا ڕاستی ئەمە دەسلمێنن کە دەیڵێین ، بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کە ڕادەی تێکەڵاوی ئازاد لەناویاندا گەیشتووەتە ئەوپەڕی ، دیارترین بەڵگەیە کە ئیتر قسەی تیاناکرێ (وە ئەمریکا یە کەمینی ئەو وڵاتانەیە کە تێکەڵاوی تیایدا ناشیرنترین دەرئەنجامی لێ کەوتوەتەوە)[1] .

" لێبوردەیی و بەخشندەیی خاتوو زەینەب (رضي الله عنها) "

لە عائیشەوە ، دەفەرموێ:

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە ئێمەی (خێزانەکانی) فەرموو : يتبعني اطو لكن يداً)
واتە : ئەوەتان کە درێژترین دەستی هەیە ، شوێن من دەکەوێت ..

ئێمەش کاتێ کۆ ئەبووینەوە دەستمان درێژ ئەکرد لە پاڵ دیوارەکەوە تا بزانین کاممان دەستی لە ئەوی تر درێژترە !! هەموو جارێ ئەمەمان دووبارە ئەکردەوە ، تاوەکو زەینەب (رضي الله عنها) وەفاتی کرد ، ئەو ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئافرەتێکی کورت بوو ، و لە ئێمە بەرزتر نەبوو ، ئەوسا زانیمان پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستی بەخشین و

[1] – في ظلال القرآن (٥ – ٣٨٧٧ ، ٢٨٧٨) بەدەستکاریەوە .

درێژکردنی دەستی یارمەتی یە زەینەب دەستڕەنگین بوو ، پێشەی خۆشە ئەکرد و مورووچنی ئەکرد و خێری ئەکرد [1] .

زەینەب (رضي الله عنها) لە مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێگەیشت کە چاکە کردن و بەخشینە نەك درێژی و کورتی دەست .. ئەوە بوو هەمیشە کاری ئەکرد و ئەیبەخشی .. ئەوە بوو لە هەموو خێزانەکانی تر زوتر گەیشت بە لیقای پێغەمبەری خوا (ﷺ) . پێی ئەوترا (ام المساكين) [2] .

" بۆ لای پەروەردگاری بەرز و بڵند "

لە (بورزەی کچی رافع) ەوە ، دەڵێت : (عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه) ماف و موچەکەی زینەبی ئامادەکردوو بۆی نارد ، ئەویش فەرمووی : خوا لە (عمر) خۆش بێت .. غەیری من بە تواناتر بو بۆ دابەشکردنی ئەمە ، وتیان : هەمووی بۆ تۆیە . فەرمووی : پاك و بێ گەردی بۆ خوا ! بەبەرگێك خۆی داپۆشی و فەرموی : داینێن و ـتێکی بەن بەسەردا ، و دەستی کرد بە جیا کردنەوەی و دابەشی کرد بەسەر خزم و کەس و هەتیواندا و ئەوەشی مایەوە دای بە من .

سەیرمان کرد (٨٥) درهەمە ، پاشان دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و فەرمووی : خوایە ، دوای ئەم ساڵە ئیتر بەخششی عومەرم پێ نەگات [3] .

هەروەها لە قاسمەوە ، دەڵێت : زینەب ، کاتی سەرەمەرگ فەرمووی : من کفنم بۆ خۆم ئامادە کردووە ، ئەگەر عومەر کفنی بۆ ناردم بیکەن بەخێر بۆ یەکێکی تر ، وە ئەگەر توانیتان ، کاتێ شۆڕتانکردمەوە بۆ ناوگۆڕ ، پشتوێنەکەم ببەخشن ، ئەوا ئەو کارە بکەن [4] .

---

١ – حاکم ریوایەتی کردووە و دەڵێت : صحیحە (٤ / ٢٥) زەهەبیش هاوڕایە .

٢ – دایکی نەداران

٣ – (طبقات)ی ابن سعد (٨ / ١٠٩) .

٤ – سیر اعلام النبلاء (٢ / ٢١٧) .

لە ساڵی (٢٠) دا گەڕایەوە بۆلای پەنای پەروەردگاری .. و عومەر (رضي الله عنه) نوێژ ی لەسەر کرد .

پێش ئەوەی کۆتایی بە نووسین بێنین لەسەر ژیانی ئەم خانمە بەڕێزە ، ئەو وتەیەی خاتوو عائیشە دەنووسین کە فەرموویەتی هیچ ئافرەتێکم نەدیبوو هێندەی زەینەب بە دین بێت ، لە هەموان زیاتر تەقوای خوای ئەکرد و لە هەمووان ڕاستگۆتر و زیاتر مصلەی خزمایەتی بە جێ ئەهێنا و لە هەمووان بەخشندە تر و خێر و مەندتر بوو . ڕەزای خوای لەسەر بێت .[1]

[1] – صحیح مسلم دەرهێنانی بۆ کردووە (٢٤٢٢) .

" ٩ - ئوم حەبیبە ... دایكی ئیمانداران (رضي الله عنها) "

" كۆچبەری خۆڕاگر "

كێ یە ؟

ڕەملەی كچی ئەبو سوفیانی كوڕی حەربە ... وە یەكێكە لە كچە مامەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، هیچ كام لە خێزانەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خزمایەتیدا لە ئەم نزیكتر نەبوو بۆی و لە هەموویشیان مارەیی زیاتر بوو ...

لە حەبەشە مارەكرا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لە جیاتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەجاشی (٤٠٠) دیناری بە مارەیی پێدا و چەند شتێكی دیكەشی وەك (جیهازی) پێدا. هەروەك ئیبنو عەباس (رضي الله عنه) دەڵێت [١] : لەسەر ئوم حەبیبە و خێزانەكانی تری پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم ئایەتە بە تایبەتی هاتە خوارەوە : ﴿ ... إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنْكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ ... ﴾ سورة الحزاب ، آية (٣٣) .

واتە : چونكە بەڕاستی خوا تەنها دەیەوێ هەموو ناپاكی و ناسازی و نادروستی یەك لە ئێوە دوور بخاتەوە ئەی خاو خێزانی ماڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بە تەواوی پاكتان بكاتەوە ... هەروەها پێشەوا زەهەبی ، دەڵێت : (ئوم حەبیبە ڕێز و پلەوپایەیەكی مەزنی هەبوو ، بەتایبەت لەلای (معاویە)ی برای و هەر بە هۆی ئەو جێگا و پێگەیەی لە ئوم حەبیبەوە بە معاویەیان دەوت (خالی ئیمانداران) [٢] .

" زەواجی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵ ئوم حەبیبە (رضي الله عنها) "

كاتێ ئوم حبیبە موسڵمان بوو (رضي الله عنها) لەگەڵ مێردەكەی كە (عبدالله ی كوڕی جەحش) بوو كۆچیان كرد بۆ حەبەشە ، لەوێ مێردەكەی لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە و بوو بە گاور ، ئیتر لەوێوە دەردەداریی ئوم حەبیبە گەورەتر بوو ، لەیەك كاتدا بەڵای ئاوارەیی لەلایەك و هەڵگەڕانەوەی مێردەكەی و جێ هێشتنی شار و نیشتمانەكەی لەلایەكی ترەوە بەسەردا

[١] - دانەپاڵەكەی (حسن)ە / زەهەبی دەڵێت : دانەپاڵەكەی (صالح)ە ، سیر (٢ / ٢٢١) .

[٢] - سیر اعلام النبلاء (٢ / ٢٢٢) .

کۆبووەوە ، ئەوە بوو کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە حاڵی ئاگادار بوو ، کەسێکی ناردەلای نەجاشی تا بۆی مارەکات و هەر لەوێ مارەیی پێ دراوەك دڵنەوایی یەك بۆی و وەك وەفایەك بۆی بە هۆی ئەوەی لەو هەموو نارەحەتی یەدا خۆگربووە و کۆششی کردووە ... با ئەو درۆزنانەش بە کوشت چن کە ئەڵێن (محمد) هەر کەسێکی بویستایە لە ئافرەتان دەیهێنا ، بەهۆی پاڵنەری هەوا و تێرکردنی ئارەزوو !! مەگەر ئەوە لەبەر ئارەزوو بووە ، بەرێزان ؟! نەخێر ، بەڵکو بەڕاستی ئەمە هەڵوێستی پێغمبەرانەکەوا دەکات لە خاوەن ویژدانەکان سەری کڕنووش لەبەردەم گەورەیی ئەم ئایینەدا نەوی کەن .. ئەوەشی کە سەیر و چاوەڕوان نەکراو بوو لێرەدا ئەوەیە ، کاتێ ئەبوسوفیان[1] هەواڵی ئەم هاوسەرگیری یەی بیست ، سەرەڕای ئەودژایەتی کردنەی کە هەیبوو بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمانان ، بە شانازی یەوە وتی : (بەڕاستی (محمد) کەسێکی ئەوەندە شیاوە ، هەرگیز (نا)ی پێ ناوترێت) [2] . هەروەها لە عومەرەوە ، لە ئوم حەبیبەوە دەگێڕێتەوە ، دەڵێت : ئوم حەبیبە پێشتر خێزانی عبدالله بوو ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە حەبەشە مارەی کرد و نەجاشی چوار هەزار دەرهەمی وەك مارەیی پێ دا و لەگەڵ (شرحبیل) ی کوڕی حسن دا ناردی ، وە هەموو جیهازی یەکەشی لەلایەن نەجاشی یەوە بوو[3] .

" هەڵوێستی زیندوو "

لە (الزهری)یەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی فەتحی مەککە بکات، ئەوە بوو کاتێ ئەبوسوفیان هات بۆ مەدینە بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) تاوەکو ئاگر بەستەکەیان درێژ بکاتەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) قبوڵی نەکرد ، ئەویش هەڵسا چوو بۆلای ئوم حبیبەی کچی ، کاتێ ویستی لەسەر جێگاکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشێت ، ئوم حەبیبە پێچایەوە و هەڵیگرت ، ئەویش پێی وت : کچم ، ئایا ئەو جێگایە شیاوی من نیە یان من شیاوی ئەو جێگایە نیم ، وا هەڵی ئەگریت ؟

[1] – لەو کاتەدا هێشتا موسڵمان نەبوو بوو .

[2] – الحاکم (٤ / ٢٢) .

[3] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، ابوداوود لە (النکاح) دا دەرهێنانی بۆ کردووە (٢٠٠٧) .

فەرمووی : بەڵکو ئەمە جێگای پێغەمبـەری خـوا یـە (ﷺ) و تـۆش کەسێکی پیسی بێ باوەڕیـت و شیاوی ئـەو جێگایـە نیـت ، ئەبوسـوفیانیش وتـی : بەڕاستی کـچم دوای مـن تووشی شەڕ بوویت [1] .

" پێش ئەوەی بە لیقای خوا بگات "

لـە (عـەوفی کـوڕی حـارث)ەوە ، دەڵێت : گـوێم لـە عائیـشە بـوو (ﷵ) دەیـوت : لەسەرەمەرگدا ئوم حەبیبە بانگی کردم و پێی وتم : بێ گومان شتێك لەوەی لە نێوان دوو هەوێدا هەیە لە نێوان من و تۆشدا هـەبووە (واتـە : ئەوبەرابـەرکێ و هەسـتیاری یـەی لـە نێوان دوو هەوێدا هەیە) خوا لە هەردووکمان خۆش بێت .

منیش وتم : خوا لە سەر هەمووی لێت خۆش بێت و گەردنت ئازاد بێت . ئەویش فەرمووی : دڵت خۆشکردم ، خوا دڵت خۆش کات ، ئینجا ناردی بەدوای ئوم سەلەمە دا و هەمان شتی بە ئەویش وت .

نووسەر دەڵێت :

بەڕاستی ئەمە سونەتێکی پێغەمبەرایەتی زیندووە . ئەوەتا بەیهەقی ئەگێڕێتـەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتی نەخۆشی وەفاتیدا وتاری دا بۆ خەڵك و فەرمووی :

" أما بعد أيها الناس .. فإني أحمد إليكم الله الذي لا اله الا هو ، فمن كنت جلدت له ظهـراً ، فهـذا ظهـري فليستقد منه ! و من كنت شتمت له عرضاً ، فهذا عرضي فليستقد منه ! و إن الشحناء ليست من طبعي و لا من شأني ، ألا و إن أحبكن الي من أخذ مني حقاً ! إن كان له ، أو أحلني منه فلقيت الله و أنا طيب النفس ... "

واتـە : " لـە پاشـان .. ئـەی خەڵکینـە .. مـن سوپاسـی پـەروەردگاری تـاك و تـەنها ئەکـەم ، ئێستا ئەگـەر یـەکێك هەیـە لـێم دابێ ئـەوە پشتم با لـێم بداتـەوە ! وە هـەر کـەس ڕۆژێ لە ڕۆژان قسەم بەناموسی وتووە ، بامافی خۆیم لێ وەرگرێتەوە ! ئاگـاداربن کینـە و دوژمنایەتی لە سروشتی من نیە و کاری من نیـە ، بـێ گومـان خۆشەویسترینتان لـەلام ئەو کەسەیە کە مافی خۆیم لێ وەرئەگرێتەوە ئەگەر مـافی لـەلام هەیـە ، یـان گـەردنم ئـازاد ئەکات تاوەکو بە دەروونێکی پاکەوە بـەلیقای خـوای گـەورە بگـەم ... " خـاتوو ئوم حەبیبـە ساڵی (٤٤) لە سەردەمی جێنشینایەتی موعاویەدا (﵁) وەفاتی کردووە .

[1] – طبقات / ابن سعد (٨ : ٩٩ ، ١٠٠) صفة الصفوة (٢ / ٢٣) .

" ١٠ - ئوم ئەیمەن (رضي الله عنها) "

" بەدابڕانی سرووش دەگری "

حەبەشی یەو خزمەتکار (مولاە)ی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و دایەنی بوو .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە باوکیەوە بۆی بەجێماوە و پاشان دوای ئەوەی خاتوو خەدیجەی هێنا ، ئازادی کرد .

یەکێ بووە لەوانەی لەسەرەتاوە هیجرەتیان کرد .. ناوی (بەرەکە)یە .. عوبەیدی کوڕی حارثي خەزرەجي هاوسەری بووە و (ئەیمەن)ی لێ بووە .. ئەیمەنیش باس و خواستی خۆی هەیە لە کۆچ و خەباتکردندا ... ڕۆژی (حنین) شەهید دەکرێ و دواتر (زەیدی کوڕی حارثە) لە شەوانی دابەزینی پەیامی پێغەمبەرایەتیدا هێناویەتی و ئوسامەی کوڕی زەیدی ، خۆشەویستی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لێ بووە .

" پلەوپایەی لەلای خوای پەروەردگار "

کاتێ ئوم ئەیمەن هیجرەتی کردو ، لە (منصرف) و پێش ئەوەی بگاتە (روحاء) شەومایەوە ، لەوێ زۆر تینووی بوو بە ڕۆژوویش بوو ، ئاویشی پێ نەبوو ، ئەوە بوو زۆر شەکەت بوو ، خوای پەروەردگار لە ئاسمانەوە سەتڵێك ئاوی بە گوریسێکی سپیدا دابەزاندە خوارەوە بۆی ، ئەویش لێی خواردەوە ، ئوم ئەیمەن دەڵێت : " دوای ئەوە هەرگیز تینووم نەبووە ، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاوارەیی دا بە هۆی بەڕۆژوو بوونمەوە ئەبوایە تووشی تینوێتی بهاتمایە ، کەچی تینووم نەئەبوو [1] !!

بەهۆی دابڕانی وەحی ئوم ئەیمەن دەگری :

لەئەنەسەوە ، دەڵێت :

کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد ، ئوم ئەیمەن گریا ، وتیان .. ئەوە دەگرییت ؟ وتی : سوێند بەخوا ، دەمزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەردەبێ وەفات

---

[1] – ئیبنو سەعد دەرهێنانی بۆ کردووە (٨ / ٢٢٤) و لەویشەوە حافظ لە (الصابە) (١٣ / ١٧٨) دا، پیاوانی فەرموودەکە بێ متمانەن ، بەلام بچڕانی تێ ئەکەوێت .

بکات ، بەلاّم لەبەرئەوە دەگریم کە ئیتر سروش لە ئاسمانەوە دانابەزێت بۆمان و لێمان دائەبڕێت [1].

– ئەو ڕۆژەش عومەری کوڕی خەتاب (ﷺ) شەهید کرا ئوم ئەیمەن زۆر گریا . لە تاریقەوە ، دەڵێت : کاتێ عمر (ﷺ) کوژرا ، ئوم ئەیمەن دەستی بەگریان کرد و وتی : ئەمڕۆ ئیتر ئیسلام کز و لاواز بوو [2] .

ئوم ئەیمەن (ﷺ) لەسەردەمی جێنشینایەتی عوسماندا (ﷺ) وەفاتی کرد . (حرملە)ی (مەولا)ی ئوسامەی کوڕی زەید دەگێڕێتەوە .. لەگەڵ ئیبنو عومەردا دانیشتبوو ، حەجاجی کوڕی ئەیمەن هاتە ژوورەوە و نوێژی کرد نە ڕکوع بردنی و نە کڕنووشبردنی هیچیان تەواو نەبوون ، ئیبنو عومەریش (ﷺ) بانگی کرد و پێی وت : (وائەزانی نوێژت کردووە ؟ نەخێر ، بەڵکو ئەبێ دووبارەی کەیتەوە ، ئەوە بوو کاتێ ڕۆیشت ! ئیبنو عومەر پرسی : ئەمە کێ بوو ؟ وتم : حەجاجی کوڕی ئەیمەنی کوڕی ئوم ئەیمەن ..

فەرمووی : ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بیبینیایە ، خۆشی ئەویست [3]. سەلام و ڕەحمەت و بەرەکاتی خواتان لێ بێت ..

[1] – بە ئیسنادێکی صحیح / ابن سەعد (٢٢٧٨) موسلیم و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە .

[2] – ئیسنادەکەی ڕاستە / ابن سعد (٨ / ٢٢٦) .

[3] – پیاوانی جێی متمانەن / ابن سعد (٨ / ٢٢٥) .

" ١١ - حەفصەی دایکی ئیمانداران (رضي الله عنها) "

" خێزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەهەشتدا "

داخۆ ئەم خانمە کێ یە کە ئەم چەند لاپەڕە بە یادکردنی پڕگوڵاو ئەکەین ؟ بەڕێزان ، کچی پێشەوای موسڵمانان عومەری کوڕی خەتابە ڕەزای خوایان لەسەر بێت .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) ساڵی سێی کۆچی (هاوسەرگیری لەگەڵ کرد) پاش تەواو بوونی (عیدە)کەی لە خونەیسی کوڕی حزافەی سهمی [1] ، کە یەکێ بوو لە کۆچبەران .

" عائیشە (رضي الله عنها) دەفەرموێ : -

لەناو خێزانەکانی پێغەمبەری خوادا لەگەڵ حەفصەی (ﷺ) زۆر کۆك بووین ، وە ڕیوایەتکراوە کە بە پێنج ساڵ پێش هاتنە خوارەوە سروش (پەیامی ئیسلام) لە دایك بووە .. بەو پێیە ، کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) گواستویەتیەوە تەمەنی (٢٠) ساڵ بووە [2] .

کاتێ هاوسەرەکەی وەفاتی کرد ، باوکی پێشنیاری کرد بۆ ئەبوبەکر ، وەڵامی نەدایەوە ، وە پێشنیاری کرد بۆ (عوسمان) یش ، ئەویش فەرمووی : بەنیازنیم ئێستا ژن بێنم ، ئەمیش دڵی لێیان ئێشا ، و سکاڵای خۆی بردە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش فەرمووی : (تتزوج حفصة من هو خير من عثمان ، و يتزوج عثمان من هي خير حفـــصة) واتە : حەفصە شوو بەکەسێکی باشتر لە عوسمان ئەکات و عوسمانیش کەسێك دێنێت باشتر لە حەفصە .. پاشان داخوازی حەفصەی لە (عمر) کرد (رضي الله عنه) ئەویش پێیدا [3] .

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) خاتوو (رقیە)ی کچی خۆی دابە (عوسمان) پاش وەفاتی خۆشکەکەی .

---

[1] - یەکێکە لەوانەی زوو ئیسلام بوون ، و کۆچی کرد بۆ حەبەشە و گەڕایەوە مەدینە و ئامادەی بەدر و ئوحود بوو ، لە جەنگی ئوحود دا بریندار کرا و بەو برینەی وەفاتی کرد (رضي الله عنه) .

[2] - سير اعلام النبلاء (٢ / ٢٢٧) .

[3] - صحيح / بخاری گێڕاویەتیەوە (٩ / ١٥٢ ، ١٥٣) .

پاش ئەوەی (عمر) حەفصەی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبوبەکر (رضي الله عنه)ی پێگەیشت ، داوای لێ بووردنی لێ کرد و فەرمووی : دڵگران نەبی لێم کە وەڵامم نەدایتەوە، ئەویش لەبەر ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشتر باسی حفصەی کردبوو (نیازی بوو بیخوازێت) ، منیش خۆنهێنی ئەو نادرکێنم ، خۆ ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) وازی لێ بهێنایە ئەوا من ئەمهێنا [1] .

چەسپاوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جارێك تەڵاقی داوە و دواتر بەفەرمانی (جبریل) سەلامی خوای لێ بێت هێناویەتیەوە .. وە جبریل (علیه السلام) پێی فەرموو: ئەو ئافرەتێکە زۆر بە ڕۆژوو دەبێت و شەو بێدارە (قوام)ە و ئەو لە بەهەشتدا خێزانتە[2].

" ئادابی بەرزی ئیسلام "

پەروەردەی ئیسلامی گرنگی خۆی هەیە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی باش و خانەوادەی خواناسدا ، کە جەخت لەسەر هاوڕێزی لە نێوان هەردوو هاوسەردا دەکاتەوە ، و لەگەڵ فێرکردنی کچان هەر لەماڵی باوکیاندا کە چۆن ڕێز لە مێردەکانیان بگرن ، لە گرنگترین هۆکارەکانی ئاوەدانکردنەوەی ماڵی ئیسلامی یە ، تا بەسەر بڵندی بمێننەوە لە بەرامبەر ناڕەحەتی و بەربەستەکانی زەمانەدا .

هەروەها ڕۆشنبیر کردنی لاوان بەگرنگیی پاراستنی مافەکانی خێزان ، لە گرنگترین بنچینەکانی بنیادنانی ماڵی موسڵمانە ، وە ڕۆڵی دایك و باوك بە زەواجی کچەکەیان تەواو نابێ ، بەڵکو دەبێ بەینا و بەین مافی هاوسەرەکەی وەبیر بێنێتەوە ، لەگەڵ ئارامگرتن لەگەڵیدا لە خۆشی و ناخۆشیدا ... وە هەر ماڵێك لەسەر غەیری ئەم بنچینانە بنیاتنرابێ ئاکامەکەی خەسارە و مەندی و پەشیمانی یە .

---

[1] – صحیح / بخاری گێڕاویەتیەوە (٩ / ١٥٢ ، ١٥٣) .

[2] – فەرموودەی (صحیح) ە / ئەبو داوود (٢٢٨٣) و ابن ماجه (٢٠١٦) .

" فەرمووون ئەم ڕیوایەتە "

لە (عمری کوڕی خەتاب) ەوە (رضي الله عنه) دەفەرموێت :

ئێمە هۆزی قورەیش کەسانێکی زاڵ بووین بەسەر ئافرەتاندا ، کاتێ هاتینە مەدینە بینیمان لەوێ ئافرەتان بەسەر پیاواندا زاڵن ، وای لێ هات ئافرەتانمان چاویان لەوان دەکرد .. ئەوەبوو جارێ لە خێزانەکەم توڕە بووم .. دوایی هات لۆمەی ئەکردم و ئەیوتەوە ، منیش ئەوەم پێ ناخۆش بوو ، نکوڵیم لێ دەکرد .

ئەویش وتی : بۆچی نکولی دەکەیت ؟ سوێند بەخوا خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆن ئەکەن و هەیانە ڕۆژێ تا ئێوارە دەستی لێ هەڵدەگرێت و بە جێی دیلێت ... دەفەرموێت : منیش ڕۆیشتم بۆلای حەفصە و پێم وت : لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) قین ئەکەیت ؟ فەرمووی : بەڵێ ... منیش وتم : ئەو ڕۆژە تا ئێوارە دەستی لێ هەڵگری ؟ فەرمووی : بەڵێ ...

وتم : هەر کەس لە ئێوە ئەمەی کرد بێت بە خەسارەوەمەندی ئەچێت و کارێکی خراپی کردووە ، مەگەر زامنی ئەوە ئەکەن کە بە تووڕە کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، خوای خۆتان تووڕە نەکەن و بە هەلاکەتاندا نەبات ؟

هەرگیز نەکەی کاری وابکەی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) یان داوای شتێکی لێ بکەیت ، بەلام هەرچیەکت ویست لە من داوا بکە ، ئەوە فریوت نەدات کە دراوسێکەت جوانتر و خۆشەویستتر بێت لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە تۆ (مەبەستی عائیشەیە (رضي الله عنها)) .بەم جۆرە پێشەوا (عمر) (رضي الله عنه) وەك باشترین باوك ئامۆژگاری کچەکەی دەکرد[1] . ئەمە لە کوێ و پەروەردەی ئەم سەردەم و زەمانە لە کوێ ؟!!

" سەربڵندی لە کاتی نەهامەتیدا "

کاتێ کە لە (عمری کوڕی خەتاب) (رضي الله عنه) درا بەو خەنەجەرەی کە پێیەوە وەفاتی کرد ، خاتوو حەفصە (رضي الله عنها) لە باوکی نزیك بوویەوە و بە زمانێکی پڕ لە یەقینەوە فەرمووی : بابەگیان .. ڕۆیشتن بۆ بەردەم پەروەدگار خەمی ناوێت ، لە کاتێکدا

[1] – نساء مبشرات بالجنه (٢ / ٢٢٦) و دواتریش .

مافی هیچ کەسێك بەلاتەوە نیە ، مژدەیەکیشم بۆت پێیە و دووجار نهێنی نادرکێنم ، باشترین شەفاعەتکاری بۆت دادپەروەری یە .. سەختی یەکانی ژیانت و داوێن پاکیت لە حەزەکاندا و هەڵسان بە بێدەنگ کردن و نەفەسبڕینی بێ باوەڕان و خراپەکاران ئەمانە هیچ کامیان لای خوای پەروەردگار ون نابن [1] .

خاتوو حەفصە (رضي الله عنها) لە ساڵی (٤١) دا کە بە (عام الجماعە) ناسراوە لە سەردەمی جێنشینایەتی (معاویە) دا بە دەم بانگی پەروەردگاریەوە چوو ، و وەفاتی کرد . وە (مروان)ی والیی (مەدینە) نوێژی لەسەر کرد و لە (بقیع) سپاردە کرا و جەستە پاکەکەی بە هێمنی خەوی لێ کەوت لەو جێگا پیرۆزەدا .. دەی مژدەت لێ بێت ، ئەی دایکی ئیمانداران لەو ڕۆژەدا کە موسڵمان بویت و لە ڕۆژەدا کە هیجرەتت کرد و لەو ڕۆژەشدا وەفاتت کرد ، لە ڕۆژێکیشیدا کە خەڵکی لە بەردەم خوای جیهانیاندا بە پێوە ڕائەوەستن ..

---

[1] – نساء مبشرات بالجنە (٢ / ٢٢٦) و دواتریش .

" ١٢ - خانوو صەفیەی پوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

" بکوژی جوولەکەکە"

ئەم خاتوونە : (صەفیەی کچی عبدالمطلب) ی ، هاشمی یەو خوشکی حەمزە و دایکی هاوەدەم (حواری)ی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، (زوبێری کوڕی عوام)ە . حارثی برای ابوسوفیانی کوڕی حەرب هێناویەتی و دواتر وەفاتی کردووە .

پاشان (عوام)ی برای خانمی خانمان (خەدیجەی کچی خویلید) هێناویەتی و (زوبێر و سائب و عبدالکعبة)ی لیّ بوو .. زەهەبی دەڵێت : ڕاست ئەوەیە کە لە پورەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جگە لە (صەفیە) هیچ کامیان موسڵمان نەبوون .بەسەر لاشەی براکەیەوە (حەمزە) بینراوە بە ئارامگری و ڕازی بوون بە قەدەری خوا .. وە یەکێکە لە کۆچبەرە پێشینیەکان [1] .

لە عائیشەوە (رضي الله عنها) ، دەفەرموێت : کاتیّ ئایەتی : ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الأَقْرَبِينَ ﴾ سورة الشعراء ، آية (٢١٤) ، هاتە خوارەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵسایەوە و فەرمووی : (يا فاطمة بنت محمد ﷺ يا صفية بنت عبدالمطلب ، يا بني عبدالمطلب ، لا املك لكم من الله شيئاً ، سلوني من مالي ما شئتم) [2]

واتە : ئەی فاتیمە کچی محمد ﷺ ، ئەی صەفیەی کچی عبدالمطلب ، ئەی کوڕانی عبدالمطلب ، من هیچ شتێکم لەلای پەروەردگارەوە پیّ نیە بۆتان (یان من لەلای خوا هیچم پیّ ناکریّ بۆتان) هەرچیەکتان لە ماڵی من دەوێت لێم داواکەن .

" ئازایەتی صفیە (رضي الله عنها) "

" ڕۆژی خەندەق لە قەڵاکەی حسانی کوڕی ثابتدا بوو ، دەڵێت : وە حسانیش لەگەڵماندا بوو لە لوتکەکەیدا ، جولەکەیەك لە دەوری قەڵاکە دادەهات و دەچوو ،

---

[1] - سير اعلام النبلاء (٢ / ٢٧٠)

[2] - صحيح / مسلم دەرهێنانی بۆ کردووە (٢٠٥) وە غەیری ئەویش .

موسڵمانانیش لە بەرامبەر دوژمنانیاندا بوون ، پاشان لە پەراوێزی فەرموودەکە دا هاتووە کە صەفیە دابەزیوە و بە پایەیەك جوولەکەکەی کوشتووە [1] .

موسڵمانانیش لە بەرامبەر دوژمنانیاندا بوون ، پاشان لە پەراوێزی فەرموودەکە دا هاتووە کە صەفیە دابەزیوە و بە پایەیەك جوولەکەکەی کوشتووە [2] .

ابن عساکر دەڵێت : ئەوەی لە نێوان صەفیە و حسان و جولەکەکەدا ڕوویدا ، بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت و بۆیان باسکرد ، صفیە (رضي الله عنها) دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەها پێکەنی کە ددانەکانی ئەو سەریمان بینی ، لە ڕاستیدا نەمدیبوو بە هیچ شتێك وەها پێ بکەنێت) [3]

بڕوانە ، خوێنەری ئازیز ، بڕوانە ئەم عەزیمەتە گەورانە کە تەنها ئەم ئیسلامە دروستی یان دەکات و تەنها لە باوەڕێکی قوڵ و پەیوەندی یەکی بەتین دروست ئەبێ و هێزەکانی کوفر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەخاتە ژێر پێی سەربازەکانی خودا...

مامۆستا (غەزالی) ، ڕەحمەتی خوای لێ بێت ، دەڵێت : (پەلامارەکانی خاچپەرستان و دروشمەکانیان تەنها بەم پێکهاتە پتە وانە لە باوەڕی بە ئاگای ناو دڵەکانی پیاوان و ئافرەتان تێك شکان ، بەلام ئافرەتانی بێ ئاگا ئەوانەن کە بە بەدینە هاتنی حەزێکیان هاوار دەکەن و بە لەدەستدانی شتێك پرمەی گریان لێ دەدەن و نەلە کاروباری دین وە نە لە کاروباری دنیا هیچ نازانن [4] .

" وەفاتی "

خاتوو صفیە (رضي الله عنها) ساڵی (٢٠) لە تەمەنی سەرو حەفتا ساڵیدا وەفاتی کردووە لە (بقیع) سپاردەکرا ..

---

[1] – سیره ابن هشام (٢ / ٢٢٨) .

[2] – سیره ابن هشام (٢ / ٢٢٨) .

[3] – در السحابه / شوکانی (٥٣٨) .

[4] – الدعوة الاسلامیه تسقبل قربها الخامس عشر / مامۆستا غەزالی / لاپەڕە ٧٥ .

" ١٣ - ئەسمائی کچی عمیس (رضي الله عنها) "

" خەڵکی یەک هیجرەتیان کردووە ، تێوە دوان "

یەکێکە لە کۆچبەرە پێشینەکان ...

وتراوە / کە پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بێتە ماڵی (ئەرقەم) موسڵمان بووە [1] . پاشان لەگەڵ (جعفر الطیار)ی هاوسەریدا کۆچیان کردووە بۆ حەبەشەو لەوێ عبدالله و محمد و عون ی لێ بووە ..

پاشان دوای ئەوەی لەگەڵیدا کۆچیان کرد بۆ مەدینە لە ساڵی (٧) دا ، و لەشەڕی (مؤتة)دا هاوسەرەکەی شەهید بوو ، ئەبوبەکری صدیق (رضي الله عنه) هێنای و (محمد) ی لێ بوو ، پاشان (صدیق) وەفاتی کردوو و ئەسماء بە دەستی خۆی شۆردی [2] .

دواتر (علی کوڕی ابو تالیب) (رضي الله عنه) هێناویەتی ..

لە (الشعبی)یەوە ، دەڵێت :

کە (اسماء) لە حەبەشەوە هات بۆ مەدینە ، عمر (رضي الله عنه) پێی وت : ئەی حەبەشی پێشماندانەوە لە هیجرەتدا ... ئەویش وتی : بەڵێ ڕاست ئەڵێیت ... ئێوە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوون ... برسیەکانتانی تێر ئەکرد ، و نەشارەزاو نەزانەکانتانی تێئەگەیاند ، بەڵام ئێمە چی ؟ کۆمەڵێکی دەرکرا و دووخراوە بووین ، سوێند بە خوا ئەبێ ئەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) باس کەم .. ئەوە بوو هاتە لای

---

[1] - ناوی ئەرقەمی کوڕی ئەبی ئەرقەمە و ماڵەکەی بەسەر (صفا) وە بووە و ئەو ماڵە بوو کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیادا ئیسلامی دەسازاند تیایدا خەڵکی بانگ ئەکرد بۆ ناو ئیسلام و کەسانێکی زۆر تیایدا موسڵمان بوون . ئەمەش لەسەرەتای بانگی ئیسلامیدا بو لە مەککە .

[2] - شێخی ئەلبانی دەڵێت : - هەردوو هاوسەر بۆیان هەیە یەکتری بشۆن (ئەگەر یەکێکیان مرد) و هیچ بەڵگەیەک نی یە ڕێگری لەمە بکات و بنچینە ئەوەیە کە ڕێگەی پێ درابێ بەتایبەت کە بە دوو فەرموودە پشتگیری لێ کراوە : ١) لە عائشەوە (رضي الله عنها) دەفرەموێ : (لوکنت استقلبت من امری ما استدبرت ماغسل النبی (ﷺ) غیر نساء) ابن ماجە دەری هێناوە و فەرموودەی دووەمیش لە (احکام الجنائز) یدا لە لاپەڕە (٥٠٠) دا هەیە .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بۆی گێڕایەوە .. ئەویش فەرمووی : (للناس هجرة واحدة ، و لكم هجرتان)[1]

واتە : خەڵكی یەك جار كۆچیان كرد .. ئێوە دووجار .. (جارێ بۆ حەبەشە و جارێكیش بۆ مەدینە) ..

گوێڕایەڵی بۆ هاوسەرەكەی پاش مردنیشی :-

سەعدی كوڕی ئیبراهیم ، دادوەری مەدینە ، دەڵێت : ئەبوبەكر ڕایسپارد بوو كە ئەسماء بیشۆرێت . قتادە ، دەڵێت : خێزانەكەی كە (كچی عمیس) بوو ، شۆردی[2] .

وە وتراوە : كە سوێندی لێ خواردوو ڕۆژووەكەی بشكێنێت (ئەڵبەتە ڕۆژووی سوننەت نەك فەرز) ، فەرموویەتی : ئەمە باشترە بۆت و بەهێزترە بۆت .

ئەویش لە كۆتایی ڕۆژدا سوێندەكەی وە بیركەوتەوە ، داوای چۆڕێ ئاوی كرد وە خواردیەتیەوە و ڕۆژووەكەی شكاندووە ، وتی : سوێند بەخوا ئیتر سوێندی ناشكێنم[3] ..

زەهەبی دەڵێت : ئەسماء (ﷺ) پاش (علی) (ﷺ) ژیاوە و .. باسكراوە كە ساڵی (٦٠)ی كۆچی كۆچی دوایی كردووە[4] .

---

[1] – ابن سعد (٨ / ٢٨١) هەروەها بخاریش بە درێژتر لە هێناویەتی (٧ / ٣٧١) (مسلم) یش .

[2] – مالك لە (الموطأ) دا (١ / ٢٢٣) دەریهێنانی بۆ كردووە .

[3] – ابن سعد (٨ / ٢٨٤) .

[4] – تاريخ الاسلام (٤ / ١٧٨) .

" ١٤ - ئەسمائی کچی ئەبی بەکر (رضي الله عنه) "

" خاوەنی دوو پشتوێن "

ئـەسمائی کـچی ئـەبی بـەکری صـدیقە .. و دایکـی عبـدالله ی کـوڕی زوبێـری قورەیشی یە و مەککی و هەم مەدینەیی یە .. دایکی پێشەوا (عبدالله ی کوڕی زبێر) و خوشکی عائیشەی دایکی ئیماندارانە و لە دوای هەموو ئافرەتانی کۆچبەرەوە وەفاتی کردووە . زیاد لە دە ساڵ لە عائیشە گەورەتر بووە لەتەمەندا ... کاتێ هیجرەتی کرد ، عبدالله ی لـە سـکدا بـوو ... وتـراوە هـیچ ددانێکـی نەکـەوتووە هـەتا مـردووە ... وە لـە جەنگی (یەرموك) دا لەگەڵ زوبێری هاوسەریدا بەشدار بووە خۆی و باوکی و باپیری و کوڕەکەیشی کە (ابن زبێر)ە هەرچواریان لە هاوەڵانن ..

" ڕۆژی کۆچ "

یـەکێ لـەو ڕۆژە لـەبیر نەکراوانـەی ئـەسماء (رضي الله عنه) ڕۆژی هیجرەتـە کـە بـەم جـۆرە بۆمـان بـاس دەکـات . . (کـاتێ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ویـستی کـۆچ بکـات خـواردنم لـە مـاڵی بـاوکم بـۆ دروسـت کرد،بـەڵام نـەبۆ خواردنەکـەی و نـەبۆ ئاوەکـە شـتێکم نەدیـەوە بیانپێـچمەوە پێـی ، وتم بـە بـاوکم هیـچم دەستناکەوێ پشتوێنەکەم نـەبێ ... فـەرمووی بیکە بە دوو بەشەوە و نان و ئاوەکەی پێ ببەسـتەوە و بیپێـچەوە ، لەبـەر ئـەوە نـاو نـراوە (ذات الناطقین) واتە: خاوەنی دوو پشتوێن[1] .

هـەروەها ئـەسماء (رضي الله عنه) دەڵێـت : کـاتێ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـەرەو مەدینـە لـە مەککـەوە بـەڕێ کـەوت ، ئەبوبـەکر (رضي الله عنه) لەگـەڵ خۆیـدا هەمووماڵەکـەی کـە (٥ - ٦) هەزار بوو هەڵگیرت و بردی ، باپیرم (ئەبو قوحافە) کە پیاوێکی نابینا بوو هات بۆلام و وتی : بەڕاستی ئەم کوڕەم ڕۆشتوو ئێوەی بە برسێتی بـەجێ هێشت ... وتم : نـەخێر .. خێـر و بێرێکـی زۆری بۆمـان بـە جـێ هێـشتووە ئـەوە بـوو بڕێـك بـەردم کـۆکردەوە و لـە سوچێکی ماڵەکەدا دامناو پارچە قوماشێکم دا بەسەریدا ، پاشان دەستی باپیرم گرت و

[1] - دانەپاڵەکەی (صحیح) ە / بخاری گێڕاویەتیەوە (٧ / ١٩٣ ، ١٩٤) . وە غەیری ئەویش .

خستمە سەر قوماشەکە و وتم : ئا ئەمەی بۆ بەجێ هێشتووین وتی : دەی مادەم ئەمەی بۆ بەجێ هێشتون ، شتێکی باشە [1] .

" هەڵسان بە ئەرك و قورسایی یەکانی ژیانی هاوسەری "

خاتوو ئەسماء وانەیەکی باشمان پێشکەش ئەکات لە باشیی مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەردا و هەڵسان بەکاروبارەکانی : دەڵێت : کاتێ (زوبێر) منی هێنا تەنها ئەسپەکەی هەبوو ، هەڵئەسام بە پاك کردنەوەی لە ئەسپێ و گەنە و ئالفپێدانی .. هەروەها ئاوم دەهێناو هەویرم دەشێلا و تۆو و دانەوێڵەم لەو زەویەی زوبێردا دەگواستەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی جیاکردبووینەوە و نزیکەی (٣) فەرسەخ [2] بوو . ڕۆژێك هاتمە سەر زەوی یەکە و دانەوێڵەکان بەسەر سەرمەوە بوون .. بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشتم کە چەند کەسێکی لەگەڵدا بوو .. بانگی کردم تا لە دوایەوە سەرکەوم ، منیش شەرمم کرد و زوبێر و غیرەتی زوبێرم یاد کەوتەوە ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆیشت ، کاتێ گەیشتمە جێ هەواڵەکەم دابە (زوبێر) وتی : سوێند بەخوا ، ئەوەم پێناخۆشتر بوو کە دانەوێڵەکەت بەسەر سەرتەوە هەڵگرتبوو ، تا ئەوەی لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرکەوتیتایە .

ئەسماء دەڵێت : دوای ئەوە باوکم ابوبکر (ﷺ) خزمەتکارێکی بۆ ناردم و لە بەڕێوەبردنی ئەسپ و خزمەتکردنی ڕزگارم بو ، وەك ئەوەی لە کۆیلەیەتی ڕزگارم بووبێ وابوو [3] .

خوێنەری بەڕێز لەم دەقە ورد بەرەوە و سەرنج بدە ، ئەسپ لەگەنە و ئەسپێ پاك دەکاتەوە و دانەوێڵە بەسەر سەریەوە دەگوازێتەوە و کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیبینێ، سۆزی بۆی دەجولێت : (بەزەیی پێدادێتەوە) ، بەڵام نکوڵی لەکارەکانی ناکات ... سەرەڕای ئەم هەمووماندوو بوونەش ، ئەسماء کاری ماڵەوەشی لەبیر ناکات و

---

[1] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ابن هشام لە (السیره) (١ / ٤٨٨) باسی کردووە .

[2] – هەر (فەرسەخ)ێك نزیکەی (٥ – ٦) کیلۆمەتر (دۆنم) (فەرهەنگی دەریا) ڕزگار کردیم .

[3] – صحیح / بخارە و مسلم گێڕاویانەتەوە وە احمد دەرهێنانی بۆ کردووە . (٦ / ٣٤٧) .

دەڵێت : ئاو دێنم و هەویر دەشێلم !! ، بەڵام لەو چاخەماندا چیان لە ئافرەتانمان دەوێت ؟ ... دەیانەوێ چی بێ وچۆن بێت ؟

مامۆستا غەزالی (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) دەڵێت : (... لە بیرمەکە چەند کەسێ لەوانەی پارێزگاری لە نەریتەکانی نەفامی و بێ ئاگایی دەکەن ، چەن و چوونیان لەگەڵ ئەکردم و دەیانوت : مێردیان باوك لەماڵەوە ئافرەتان فێردەکەن و لەسەر ئەوەش ڕایاندەهێنن کە لە ماڵەوە نوێژ بکەن، ئیتر چوونە دەرەوەیان و خۆ خستنە بەردەم فیتنە هیچ مانایەکی نیە!

وتم : خاوەنی پەیامەکە (ﷺ) ئەم نەخشەیەی نەکێشاوە کە تۆ پێشنیاری ئەکەیت .. لەبەر ئەوە جارێ لەم ڕووەوە ڕایەکەت ڕەت کرایەوە . لە ڕوویەکی ترەوە ، ئەمەی کە تۆ تکات وا یە لێ ی وا نەزانی ئەبێتە مامۆستا بۆ خێزانەکەی ، جارێ خۆی پێویستی بە کەسێکی وەك ئەوانە فێری بکەن و دەرسیان لێ وەرگرێت ..

ئافرەتی ڕووسی وا غەزووی بۆشایی ئاسمانی کرد ، کەچی ئەیانەوێ ئافرەتی موسڵمان ڕێگای مزگەوت نەزانێت ، هەر ئاینێك ئەبینی لەم چاخەماندا هەر چەندە پوچەڵ و بێ ماناش بێت ، ئافرەت ئەبەستێتەوە بەپەرستگاکانیانەوە ، بەڵام تەنها ئەیانەوێ ئیسلام ئافرەتان نەفی بکات لە ماڵە کانی خوا !

وە ئەو دروشم و مەشخەڵانەی کە ئیسلام لە ڕێیەوە ناموورسی خەڵکی پێ دەپارێزێت ، ئەوە بێگومان دەبێ نیشان بدرێن ، بە دڵنیاییەوە نابێ ڕووتی و خۆڕازاندنەوە هەبێ و نابێ خەڵوەت دروست بێ لەگەڵ پیاوی بێگانەدا و هەروەك نابێ هیچ کارێ بکرێ کە بەرەو ئەوانە سەر دەکێشێ .

وە ئەو کارە هونەری و ئیداری یانەی کە ئافرەتان پێی هەڵدەستن وە سەرجەم ئەو چالاکی یە ڕۆشنبیری یانەی کە پێویستی یان پێی هەیە یاخود ئارەزوویان لێیەتی ، دەکرێ ئەو ڕێکخەر و (ضوابط)ە ئیسلامی یانەیان بۆ دابنرێ کە سنوورەکانی خوا دەپارێزن [1] ...

---

[1] – الدعوة الاسلامیه : غەزالی (لاپەڕە ٧٦) .

" گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی "

لە ئیبنو زبێرەوە ، دەڵێت : ئەم ئایەتە لەسەر ئەسماء هاتە خوارەوە ، کاتێ دایکی ئەسماء کە بە (قوتەیلە) ناو ئەبرا ، چەند دیاری یەکی بۆ ئەسماء هێنا ، وەری نەگرت هەتا پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد ... ئەوە بوو ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە : ﴿ لاَ يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنْ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ ... ﴾ سورة الممتحنة ، آية (٨) .

واتە : دڵنیا بن کە خوا ئەوەتان لێ قەدەغە ناکات کە چاك ڕەفتاری و دادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا جەنگیان دژ نەکردوون و ... (تا کۆتایی ئایەتەکە) . وە لە (صحيح) دا هاتووە ، ئەسماء بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)ی فەرمووی : دایکم هاتووە بۆلام .. خۆیشت دەزانی کە دایکم کەسێکی هاوەڵگەرە ئایا هات و چۆی بکەم . فەرمووی: (نعم ، صلی أمك)[1] بەڵێ : هات و چۆی دایکت بکە ...

" هیمەتێکی نەڕووخاو "

کاتێ شەڕ لە نێوان سەربازەکانی (عبدالله ی کوڕی زبیر) و سەربازەکانی (حجاجی ثە قەفی دا) ڕووی دا[2] ... و بووە هۆی کوژرانی عبدالله ی کوڕی زوبێر .. حەجاج لاشەی ابن زوبێری هەڵگرت و لە (مسجد الحرام) لە خاچی دا و شەرمیشی نەکرد لەو کارەی و ، هەڵسا چوو بۆلای خاتوو ئەسماء و پێی وت : (دایە ... ئەوە ئەمیری موسڵمانان ڕایسپاردووم لێت ... هیچ پێویستی یەکت نیە بۆت جێبەجێی کەم ؟ ئەویش فەرمووی : (من دایکی تۆ نیم ، بەڵکو دایکی ئەو کوڕەم وا بەسەر (رأس الثنية)وە لە خاچتان داوە ، هیچ پێویستیەکم لێتان ناوێ ، بەلأم گوێ بگرە . گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو فەرمووی : (یخرج من ثقیف کذاب ، و مبیر) واتە : لە (ثقيف)ەوە درۆزنێك و (فەوتاوێك (تیاچوویەك) سەر هەڵئەدەن ..

---

[1] – صحيح / بخاری و مسلم گێراویانەتەوە .

[2] – ئەم ڕوداوە لە سەردەمی جێنیشینایەتی عبدالملك ی کوڕی مرواندا بوو .

جا هەرچی درۆزنەکەیە ئەوە بینیمان ، (مەبەستی المختار)ە[1] ، و تیاچووەکەش ئەوە تۆیت ، حجاجیش وتی : بەڵکو فەوتێنەری دووڕووەکانم[2] .

وەلە (منصوری کوڕی صفیە) وە ، لە دایکیەوە ، وتویەتی : وتیان بە ئیبنو عومەر کەوا ئەسماء لە سوچێکی مزگەوتدا دانیشتووە ، لەو جێگایەی کە ئیبنو زبێریان لە خاچدا ، ئەویش چوو بەرەو لای ئەسماء و فەرمووی : ئەم لاشانە هیچ نین ، بەڵکو ڕۆحەکان گرنگن کە لە لای پەروەردگارن .. لەبەر ئەوە لە خوابترسە و ئارامگربە ، ئەسمائیش (﵁) فەرمووی :

جا بۆچی ئارام ناگرم ، ڕێگریم چیە ، لە کاتێکدا کارەساتی من لە چاو ئەوەی زەکەریا (سەلامی خوای لەسەر بێت) کەمترە ، کاتێ سەری (یحیی)ی کوڕی پێشکەش بە یەکێ لە زۆردار و خراپەکارانی بەنی ئیسرائیل کرا[3] .

وە لە (ئیبنو ئەبی ملیکە)وە ، دەڵێت :

دوای ئەوەی کە بەسەر ئیبنو زوبێردا هات ، چووم بۆلای ئەسماء فەرمووی : پێیان ڕاگەیاندووم کە ئەمە (عبدالله)ی لە خاچ داوە ، ئەی خوای پەروەردگار نەممرێنی هەتا بەدەستی خۆم بۆنخۆشی کەم و کفنی بکەم ... ئەوە بوو دوای ماوەیەك بۆیان هێنا و ئەویش بە دەستی خۆی کافور و بۆنی خۆشی لێداو کفنی کرد ، دوای ئەوەی چاوەکانی کوێر بوو بوون ..

وە لەلایەکی ترەوە ، لە ئیبنو ئەبی مەلیکەوە ، دەڵێت : ئینجا نوێژی لەسەر کرد .. وە یەك هەینی بەسەردا نەڕۆشت دوای ئەوە ، وەفاتی کرد ..

---

[1] – مختاری کوڕی عبیدی ثەقەفی یە ، یەکێ بوو لە زمانی پاراو و بوێر و بێ دینەکان (یاخود لاواز دینەکان) سیر اعلام النبلاء (٣ / ٥٣٨) و دوای ئەویش .

[2] – ترمزی و نسائی گێڕاویانەتەوە .

[3] – پیاوانی جێی متمانەن : ارنؤوط (سیر ٢ / ٢٩٥) فەرموودەی ئەسماش کە دەڵێت : ((وقد اهدی رأس یحی) ئاماژە بە (هیر و دیان)ی برازای (حیر دوسی) ی فەرمانڕەوای فەلەستینەکان کاتێ مامی دەیویست برازاکەی خۆی بێنێن ، ئەمەش حەرام بوو ، یەحیا پێی ڕازی نەبوو (ﷺ) . بەڵام کچەکە و دایکیشی ڕازی بوون و داوایان کرد سەری (یحی) یان بەسەر سینی یەکەوە بۆ بێنینت مامەکەش ئەوکارەی کردبوو .

ئیبنو سەعد ، دەڵێت : ئەسماء چەند شەوێك پاش كوڕەكەی وەفاتی كرد ، كوشتنی (عبدالله)ش لە (١٧) ی جەمادی یەكەمی ساڵی (٧٣) ی كۆچیدا بوو.

زەهەبی دەڵێت : ئەسماء كۆتایی (سەرمۆری) هەموو كۆچبەرەان بوو بە پیاو و ئافرەتەوە ... ڕەزای خوای لەسەر بێت .

" ١٥ - عائیشەی دایکی ئیمانداران (رضي الله عنها) "

" ئەو کەسەی لەسەرووی حەوت ئاسمانەوە پاکانە کرا "

کچی پێشەوای مەزن (صدیق)ی جێنشینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبو بەکر ، عبدالله ی کوڕی ئەبی قوحافەی قوڕەیشی .. و دایکی ئیمانداران و خێزانی سەروەری مرۆڤایەتی (ﷺ) و زاناترینی ئافرەتانی ئوممەتی ئیسلامە سەرتاسەر..

ئوم ڕۆمانی کچی عامری کوڕی عومەیر ، دایکیەتی .. لەگەڵ دایك و باوکیدا ئەویش هیجرەتی کرد و پێغەمبەری خوا (ﷺ) پاش وەفاتی خاتوو خەدیجەی (الصدیقه) بە چەند مانگێك هێناویەتی وە وتراویشە پاش دوو ساڵ .. ئەمەش پێش ئەوەی هیجرەت بکات .. و لە مانگی (شەوال) ی ساڵی (٢) ی کۆچیدا و پاش کۆتایی هاتنی جەنگی بەدری گەورە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا گواستویەتیەوە .

خاتوو عائیشە زانستێکی زۆر و پاك و پیرۆزی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ەوە ڕیوایەت کردووە .

" وێنەی لە ئاسمانەوە دادەبەزێت "

لە عائیشە وە (رضي الله عنها) ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (أريتك في المنام ثلاث ليال ، جاء بك الملك في سرقة من حرير ، فيقول : هذه امرأتك ، فأكشف عن وجهك فإذا أنت فيه ، فأقول : إن يك هذا من عندالله يمضه)[1] .

واتە : لە خەونمدا سێ شەو تۆم نیشاندراوە ، (جبریل) بەسەر قوماشێك لە باشترین جۆری ئاوریشم دروست کرا بوو تۆی هێناو ، فەرمووی : ئەمە خێزانتە ، و دەم و چاوی نیشاندام دەبینم تۆیت ، و منیش ئەموت : ئەگەر ئەمە لەلایەن خواوە بێت ئەوا فەرمانی خۆی جێبەجێ دەکات ..

---

[1] - صحیح / احمد دەرهێنانی بۆ کردووە هەروەها بخاری (٧ / ١٧٥) و مسلم (٢٤٣٨) .

لە ڕیوایەتێکی تردا ، لە عائیشەوە (ﷺ) جبریل (سەلامی خوای لەسەر بێت ، وێنەی عائیشەی لەناو قوماشێکی ئاوریشمی سەوزدا هێنا و نیشانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ی داوە و فەرموویەتی : (هذه زوجتك في الدنيا و الاخرة) [1] . واتە : ئەمە هاوسەرت دەبێت لە دونیا و ئاخیرەتدا ..

" چاکەکانی "

١ – لە ئەبی موسای ئەشعەری یەوە (ﷺ) ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (كمل من الرجال كثير و لم يكمل من النساء الامريم بنت عمران ، و آسية امراة فرعون ، و فضل عائشة على النساء كفضل الثريد على سائر الطعام) [2] .

واتە : لەناو پیاواندا کەسانێکی زۆر کامڵ بوون ، بەڵام لەناو ئافرەتاندا تەنها مریەمی کچی عمران و ئاسیای ژنی فیرعەون کامڵ بوون (بێ کەم و کورتی بوون) هەروەها چاکیی عائیشە بەسەر ئافرەتاندا بە گشتی وەك چاکیی(تێگوشیو – تریت) وایە بەسەر هەموو خواردنەکانی تردا ..

٢ – لە عبدالله ی کوڕی زیادی ئەسەدی یەوە ، دەڵێت : کاتێ تەڵحە و زوبێر و عائیشە بەرەو بەصرە کەوتنەڕێ ، علی (ﷺ) عماری کوڕی یاسر و حسن ی کوڕی علی نارد کاتێ گەیشتنە لامان لە (کوفە) چوونە سەر بڵندگۆ و (حسن) لەسەرووی بڵند گۆکەوە بوو ، عەممariش لە خوار تری ئەو دابوو ئێمەش لێیان کۆبووینەوە ، گوێم لە عەممار بوو فەرمووی : سوێند بەخوا عائیشە هاوسەری دنیا و قیامەتی پێغەمبەرەکەتانە ، بەڵام خوای پەروەردگار تاقیتان دەکاتەوە تا بزانێ گوێڕایەڵی ئەو دەبن یان عائشە ؟ [3]

٣ – لە عمری کوڕی عاصەوە ، (ﷺ) دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەر سوپای (ذات السلاسل)ەوە ناردمی ، دەڵێت : چووم بۆلای و پرسیم : کێ لە هەموو

---

[1] – ترمزی دەرهێنانی بۆ کردووە (٣٨٨٠) فەرموودەکەش (صحیح)ە : لە صحیح ی سوننەتەکانی ترمزیدا هاتووە (٣٠٤١) .

[2] – بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە

[3] – صحیح : بخاری ڕیوایەتی کردووە، مامۆستا(عەدوی) دەڵێت:(صحیح)ە فضائل صحابه النبی ل٧.

کەس لەلات خۆشەویسترە ؟ فەرمووی : (عائیشە) وتم ئەی لە پیاواندا ؟ فەرمووی : ابوها) باوکی عائیشە ، وتم : ئەی دوای ئەو ؟ ئەویش (ﷺ) چەند پیاوێکی ناوبرد و پاشان من بێدەنگ بووم لە ترسی ئەوەی نەوەکو لە کۆتایی هەموویاندا بم [1] ..

٤ – وە لە عائیشەوە ، (رضي الله عنه) ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەخۆش کەوت (لە نەخۆشی وەفاتیدا بوو) پرسی : (أين أنا غدا اين أنا غدا ؟) سبەی دەبێ لە ماڵی کێ بم ؟ مەبەستی سەرەی عائیشە بوو ... خێزانەکانیش پێیان وت ئارەزووی خۆتە کوێت پێ خۆشە لەوێ بمێنەرەوە ، ئەوە بوو لە ماڵی عائیشە مایەوە هەتا وەفاتی کرد .

(عائیشە)ش (رضي الله عنه) فەرمووی : هەر لەو ڕۆژەدا وەفاتی کرد کە سەرە ڕۆژی من بوو لەلام بمێنێتەوە و سەری بەسەر سنگمەوە بوو لیکی تێکەڵی لیکم بوو کاتێ بەدەمی خۆی سیواکەکەی بۆتەڕ کرد خستیە دەمی پێغەمبەری خوا وە(ﷺ) [2] .

وە ئەگەر بەدوای چاکەکانی (عائیشە) دا (رضي الله عنه) بگەڕێین .. بوارنا بێ هەمووی بنووسین .. بۆیە ئەوەندەی کە نووسیمان بەسە ...

وە ئەو کۆمەڵێ تایبەتمەدی تیا کۆ بوو بووەیەوە کە لە ئافرەتان جیا دەکرایەوە دەڵێت : من نۆ خەسڵەتم پێ دراوە کە لە دوای مریەمی کچی عمران بە هیچ ئافرەتێك نەدراوە : جبریل وێنەی منی بەسەر دەستی یەوە دابەزاندوە فەرمانی بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوە مارەم بکات . وە منی بە کچێتی هێنا و غەیری من هەموو خێزانەکانی بێوەژن بوون ، وە کاتێ وەفاتی کرد سەری لە کۆشمدا بوو ، وە لە ماڵەکەی مندا سپاردەکرا ، و فریشتە دەوری ماڵەکەیان دام ، وە من کچی جێنشین و هاودەم و (صدیق)ی ئەو بووم ، وە پەروەردگار بێ تاوانی منی لە ئاسمانەوە دەرخستن ، وە من بە پاکی (طیبة) و لە لای کەسێکی (پاك) خەڵق کراوم ، وە پەیمانی لێخۆش بوون و ڕۆزی یەکی پڕ لە ڕێزم پێ دراوە [3] .

---

[1] – صحیح : بخاری و مسلم گێڕاوایانەتەوە .

[2] – صحیح : بخاری و مسلم گێڕاوایانەتەوە .

[3] – ئەبوبەکری ئاجری گێڕاویەتیەوە ، زەهەبی دەڵێت: دانەپاڵەکەی باشە سیر اعلام النبلاء (٢٤١/٢).

" هاوسەرگیری لەگەڵ سەروەردا (رضي الله عنه) "

لە عائیشەوە ، (رضي الله عنها) دەڵێت : پاش وەفاتی خەدیجە ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) منی مارەکرد کە تەمەنم (شەش) ساڵ بوو ، وە کاتێ گواستمیەوە تەمەنم (٩) ساڵ بوو ، ژنان هاتن بۆلام خەریکی یاری کردن بووم هاتن ئامادەیان کردم و بەرێیان خستم و منیان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیاند [١] . عروە ، دەڵێت : عائیشە (رضي الله عنها) نۆ ساڵ لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە .

" هاوسەری میهرەبان "

ئەوەی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڕوانێ لە ماڵەکەیدا و لەگەڵ خێزانەکانیدا .. لە ڕەحمەت وبەزەیی ئیسلام و ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام تێدەگات ..

بخوێنە : لە ئەبی (سەلەمەی کوڕی عبدالرحمن)ەوە ، لە عائیشەوە (رضي الله عنها) دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە غەزوەی تەبووك بویان خەیبەر بوو گەڕایەوە ، بایەك هەڵیکرد و پەردەی لادا لە سوچێکی چەند بوو کەلەیەکەوە کە هی یاری کردنی عائیشە بوون .. پرسی : (ماهذا یا عائشه ؟) ئەمانە چین .. عائیشە ؟ وتی : کچەکانمن .. پاشان لە نێوانیاندا ئەسپێکی بینی بە کاغەز (پێستە) دوو باڵی بۆ کرابوو فەرمووی : (ماهذا الذي أری و سطهن ؟) ئەی ئەمە چی یە لە ناویاندا ؟ وتی : ئەسپە .. فەرمووی : (و ماهذا الذي علیه ؟) ئەی ئەمە چیە پێیەوە ؟

وتی : دوو باڵە ...

فەرمووی : فرس لە جناحان ؟ ئەسپ و باڵی هەبێت ؟! وتی : ئەی گوێت لێ نەبووە کە سلیمان ئەسپێکی باڵداری هەبووە ؟ دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی هەتا ددانە پیرۆزەکانی دەرکەوتن [٢] .

---

[١] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە / ئەبو داود دەری هێناوە (٩٤٣٥) لە (الادب) دا .

[٢] – صحیح / ئەبو داود (٤٩٣٢) دەرهێنانی بۆ کردووە لە (الادب) دا

وە لە عائیشەوە (﵂) ، دەڵێت : پێغەمبەری خوام (ﷺ) چاوپێکەوت لەبەردەم دەرگای ژوورەکەما وەستا بوو ، حەبەشی یەکانیش لە مزگەوت خەریك بوون بە ڕم یاری یان دەکرد ، پێغەمبەری خوا بە عاباکەی دایدەپۆشیم تا لەوان بڕوانم ، و بەدیارمەوە ئەوەستا هەتا من بێتاقەت ئەبووم و ئەڕۆشتم ، لەبەر ئەوە ڕێز لە حاڵی ئەو کیژە کەم تەمەنانە بگرن کە حەزیان لەیاری کردنە[1] . ڕەوشتی پێغەمبەرایەتی ئابەم جۆرە هەلس و کەوتی لەگەڵ هاوسەردا دەکرد . (ان في ذلك لعبرة لمن يخشى) .

ئەم سۆز و خۆشەویستیەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها خاتوو عائیشەی نەگرتبووە وە ، بەڵکو هەموو خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوبەشی بوون .. خۆ ئەگەر لە شتێکیشدا تاك بوو بێتەوە ، ئەوە لەبەر تەمەنەکەی بوە ، وەك خۆی (﵂) ڕوونی کردەوە .

" بوختانەکە "

(لە جەنگە (فاجر) و ناپاکەکاندا هەرچی هۆکارێك هەیە بەکار دەهێنرێت بۆدان لە دوژمن ، ئەگەرچی هەندێك لەو هۆکارانە پیاوی شەرەفمەند شەرم دەکات بەکاری بێنێت . دووڕوەکانیش لە شاری مەدینە پەنایان بردووەتە بەر دوژمنایەتی کردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و بانگ کردنی بە ئوسلوبێك کە سووکی دەرونیان نیشان ئەدات لە کاتێکدا ڕق و قینە دڵ و دەرونیان داگیر ئەکات ، ئەویش جارێك بە بەکارهێنانی ڕێگای تانەوتەشەر و جارێك بە درۆ هەڵبەستن و بوختان .

وە هەرچی دەسەلاتی موسڵمانان زیاتر بێت و پێگەیان چەسپاوتربێت ئەوان زیاتر رق و قینی خۆیان ئاشکرائەکەن و زیاتر لە بۆسەدان بۆیان . ئەمەش بەڕوونی لە غەزوەی (بني المصطلق) دا دەرکەوت ، هەواڵ گەیشتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەوا ئەم هۆزە خۆیان کۆکردوەتەوە و ئامادە کردووە بۆ بەگژا چوونی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و حارث ی کوڕی ئەبی ضرار)ی سەرکردەیان لە ئەو پەڕی ئامادەباشیدایە بۆ ئەوکارە ،

[1] - صحيح / لە هەردوو صەحیحەکەدا هاتووە .

بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە خێرایی موسڵمانانی بەڕێ خست بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ئاژاوە یە پێش ئەوەی هەڵایسێ .

ئەم جارە کۆمەڵێك لە دووڕووەکان لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڕێ کەوتن کە پێشتر لەگەڵی بەڕێ نەکەوتبوون . لەوانەیە متمانە بوونیان بە سەرکەوتنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هانی دابن کە لەگەڵیدا بکەونەڕێ لە پێناوی بەدەست هێنانی شتێکی دنیاییدا نەك بۆسەر خستنی ئاین . ئەوە بوو موسڵمانان گەیشتنەلای سەرچاوە ئاوێك بەناوی (المریسع) کەلەوێدا (بني المصطلق) کۆ بووبونەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بەسەر پێشەوا (عمر) دا کە پێشنیاری ئیسلام بوون بخاتەبەردەمیان.

(عمر)یش (رضي الله عنه) بانکی کرد ، بڵێن (لا الــه الا الله) سەرو ماڵتان پارێزار و ئەبێ ! ئەوە بوو ڕازی نەبوون و هەردوولا بەتیر بەربوونە یەکتری ، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کرد بە یەکجار بدەن بەسەریاندا و ئەوەبوو کەسیان دەرنەچوون و پاش کوژرانی دە کەسیان هەموویان بە دیل گیران و لە موسڵمانانیش تەنها یەکێکیان بە هەڵە شەهید کرا ... بەو جۆرە ئەو هۆزە بە هەموو شتێك کە خاوەنی بوون ، کەوتنە دەست موسڵمانان[1] ، بەلاّم هەندێ کار و کردەوەی نەشیاو کە دووڕووەکان پێی هەڵسان پاکی و بێ گەردی ئەم سەرکەوتنەی تێکدا و خۆشیی سەرکەوتنی لەبیر موسڵمانان بردەوە[2] .

لەو کردەوە ناشیرینانە یان ، ئەو قسەلۆکانە بوو کە دەربارەی خاتوو (عائیشە) (رضي الله عنها) و هاوەڵی بەڕێز (صفوانی کوڕی معطل) بلاّویان کردەوە ، ئەوە بوو لەکاتی گەڕانەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە غەزوەی (بني المصطلق) بۆ مەدینە بوختانەکە بلاّو بوویەوە و نەیاران ئەوپەڕی کۆششیان کرد بۆ گواستنەوەی پریشکی ئەم بوختانەیە لە هەموو جێگایەکدا بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ماڵەکەیدا بڕوخێنن (شکست پێ بێنن) و پلەوپایەی نزیکترین پیاو لەلای نەهێڵن .

---

[1] – ابن جیری لە (تاریخ) دا گێڕاویەتیەوە (٢ / ٢٦٠ – ٢٦٢) لە ڕێی ابن اسحاقەوە بە (مرسل)ی ئەلبانی دەڵێت / ئەم ئیسنادە لەگەڵ لاوازی دا فەرمانی (عمر)ی تێدا نیە بۆ پێشنیار کردنی ئیسلام ((تعلیت فضیلتە علی فقە السیرة) غزالی ٣٠٥ .

[2] – فقە السیرة / غزالی بە دەستکارییەوە (٣٠٤ – ٣٠٨) .

وە بۆ گەیشتن بەم ئامانجەیان ، (ابن ابی) ڕێگەی بەخۆیدا تاوانی خراپەکاری بداتە پاڵ خانمێك کە هێشتا قۆناغی پاکی منداڵی تێنەپەڕاند بوو ، و هیچی لە خراپە نە ئەزانی و ئەوەی بە بیریدا نەهاتبێ خراپە بووە ، و لە ماڵی پاك و بەرزی پێغەمبەرایەتیدا نەبێت ناتوانێ بژی ..

(ابن ابی) وەك دووپشکی نگریس وون بوو ، پاشان دەستی بە گەستنی بێ ئاگایان کرد .. ئەم دوو ڕووە لە ژێر باڵی تاریکیدا مایەوە و دەستی بە بلاوکردنەوەی ئەم هەڵبەستراوە ترسناکە [1] کرد . فەرموون بە درێژی ، لەسەرزاری خاتوو عائیشە چیرۆکەکە ببیست : –

" گێژەڵووکەی دووڕووان "

خاتوو عائیشە ، دەڵێت : کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەفەرێکی بکردایە تیروپشکی لە نێوان خێزانەکانیدا ئەکرد و هەرکەس ناوی دەرچوایە لەگەڵ خۆیدا ئەیبرد ، ئەوە بوو لە غەزوەی (بني المصطلق) دا بۆ من دەرچوو ، و لەگەڵ خۆیدا بردمی .

دەڵێت : ئەوسا ئافرەت ئەوەندەیان ئەخوارد بەری دڵیان بگرێت لەبەر ئەوە گۆشتن نەبوون و کێشیان سووك بوو ، وە منیش کاتێ ولاخەکەم ئامادە کرد دەچوومە ناو کەژاوەکەمەوە دەهاتن بەشی خوارەوەی کەژاوە کە یان هەڵئەگرت و ئەیانخستە سەرپشتی وشترەکە و بە گوریس توند دەیانبەستەوە و پاشان بەڕێ ئەکەوتن .

دەڵێت : دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەفەرەکەی بوویەوە و قافڵەی بەڕێ خست بۆ گەڕانەوە بۆ مەدینە و لەڕێدا لە جێیەك دابەزین و بەشێك لە شەو تیایدا مانەوە و ئینجا بانگیان کرد ، کە ڕێکەون با بڕۆین ئەوە بوو خەڵك خۆیان ئامادە کرد بۆ ڕۆشتن و منیش کەمێك دوورکەوتبوومەوە بۆ هەندێ کاری تایبەتی خۆم .. ملوانکەیەکم لەملدا بوو ، کە لە ئیشەکەم بوومەوە ئەبینم لە ملمدانەماوە ، خێرا گەڕامەوە لای قافڵەکە گەڕام نەمدیەوە ، بۆیە چوومەوە بۆ ئەو جێگایەی بۆی ڕۆشتبووم لەوێ دۆزیمەوە ، کاتێ ئەو کەسانەی کە کەژاوەکەیان بۆ من بەڕێ ئەخست ، هەڵیانگرتبوو لەسەر حوشترەکە

---

[1] – فقه السيرة / غزالی بە دەستکارییەوە (٢٠٦ – ٢٠٨) .

بەستبوویانەوە و وایان زانیبوو من لە ناویدام بۆیە حوشترەکەیان گرت و بەڕێ کەوتن ! ... منیش کە گەڕامەوە لای سەربازگەکە هیچ کەسی لێ نەمابوو هەموو ڕۆشتبوون ! ..

دەڵێت : عاباکەم لە خۆم پێچاو لە جێی خۆم مامەوە و بە خۆمم وت ، کاتێ ئەزانن منیان لەگەڵدا نەماوە ئەگەڕێنەوە بۆلام و دەمبەن ... سوێند بە خوا لە جێی خۆم پاڵم دابووە کە (صفوان ی کوڕی معطل ی سلمی) کە ئەویش بۆ کارێکی خۆی مابووە و دواکەوتبوو ، بەلامدا تێپەڕی و سێبەرەکەی منی بینی و وەستا ، ئەوە بوو ئەوسا پێش ئەوەی ئایەتەکانی بالاپۆشی بەسەرماندا فەرز بکرێت منی بینیبوو ، لەبەر ئەوە کە بینیمی وتی : ﴿ إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ ﴾ کۆچباری (خێزانی) پێغەمبەری خوا (ﷺ) منیش بە جلەکانم خۆم پێچابوویەوە وتی : بۆچی جێماوی " ڕەحمەتی خوات لێ بێت " ، دەڵێت : منیش هیچ قسەم لەگەڵ نەکرد ، پاشان وشترەکەی لێم نزیک کردەوە، وتی سەرکەوە ، و پشتی تێ کردم .

دەڵێت : کە سەرکەوتم ڕەشوەی حوشترەکەی گرت و بەرەولای خەڵکەکە بەڕێ کەوتین ، سوێند بەخوا خەڵکەکە نەیانزانی ئێمە جێماوین هەتا ڕۆژ بوویەوە و دابەزین ... ئەوەبوو کە دڵنیابوون لەون بوونم ، (صفوان) بە خۆی و حوشترەکەیەوە کەمنی لەسەر بوو دەرکەوت ، و ئەهلی درۆیش (افك) ئەوەی وتیان ، وتیان : سەربازەکانیش بەڕێکەوتنەوە ، سوێند بەخوا هیچم لەباسەکە نەئەزانی ، پاشان گەیشتنە مەدینە ، و زۆری نەخایاند نەخۆش کەوتم ، کەسێك ئەو هەواڵەی بە من نەدابوو ، بوختانەکە گەیشتبووە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و باوك و دایکم ، بەڵام ئەوان هیچیان بە من نە ئەوت .. بەڵام هەستم کرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو سۆزەی ئەوسای کەم بوو بووە وەکە لە کاتی نەخۆشیمدا هەیبوو بۆم ، بۆیە ئەمە لە دڵمدامایەوە ، و هەرکاتێ ئەهاتە ماڵەوە و دایکم لە دەوربەرمدا چاودێری ئەکردم ئەیپرسی : (کیف تیکم ؟) کچەکەتان چۆنە .. و هیچی تری نە ئەوت . دەڵێت : منیش ئارامم نەماو توورە بووم کاتێ ئەو ساردی یەی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بەدی کرد وتم : مۆڵەتم بدە ئەچمەوە لای دایکم ؟ فەرمووی : (لا علیك) کەیفی خۆتە . دەڵێت : لە ماڵی دایکم مامەوە ، بەبێ ئەوەی هێشتا هەواڵ و خەبەرم لەمەسەلەکە بێت ، تاوەکو پاش بیست و ئەوەندە شەو نەخۆشی یەکە لەسەرم سووك بوو ، ئەوە بوو ئێمەی عەرەب لە ماڵەکانماندا (ئاودەست)مان نەبوو وەك نا عەرەبەکان و ڕقمان لێ بوو ، لەبەر ئەوە ئەچووینە ئەو دەشتە بۆ دەست بە

ئاوگەیاندن و ئافرەتانمان هەموو شەوێك ئەچوونە دەرەوە بۆ دەست بە ئاو گەیاندن . منیش جارێك چوومە دەرەوە لە گەڵ (ام مسطح) دا ، دەڵێت : سوێند بەخوا لەگەڵمدا ڕێی ئەکرد قاچی لەبەرەکەیان هەڵکەوت ، وتی : مسطح چارەڕەش بێ ؟

وتم : سوێند بەخوا شتێکی خراپت وت بە پیاوێك کە ئامادەی بەدر بووە و لە کۆچبەرانیشە !! وتی : بۆچی ، هەواڵت نیە ئەی کچی ئەبوبەکر ؟ وتم : هەواڵی چی ؟ ئەوجا بابەتەکەی بۆ گێڕامەوە کە بوختانچیان بلاویان کردبوویەوە ، وتم : بەڕاستی شتی وا بلاو بووەتەوە ؟ وتی : بەڵێ .. سوێند بەخوا ئەوەیە کە پێت دەڵێم ..

عائیشە دەڵێت : سوێند بێ نەمتوانی دەست بە ئاو بگەیەنم لە خەفەتدا و گەڕامەوە ، سوێند بە خوا هەر دەگریام ، ئەوەندە گریام وامزانی جەرگ و دڵم لە گریانا لەت و پەت بوون و بەدایکم وت : خوا لێت خۆش بێت ، خەڵك هەرچی پێیان خۆشە ئەیڵێن دەربارەی من و تۆیش لێم دەشاریتەوە ؟ وتی : کچم ، ناڕەحەت مەبە ، هەر ئافرەتێکی جوان هەبوبێت و لە پەنای پیاوێکدا بوبێت کە خۆشیویستبێ و کەم و کورتی نەبووبێت ، ئەوە گومانی تیانیە کە خەڵکی لە ئیرەییدا قسە لۆکی بە دوادا ئەڵێن و شتی بۆ هەڵئەبەستن .

دەڵێت : ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەڵسابوو وتاری بۆ خەڵکەکەدا بوو لەسەر ئەو بابەتە بە بێ ئەوەی ئاگاو خەبەر م هەبێت ، ئەوە بوو پاش ستایشی پەروەردگار فەرمووی : (أيها الناس ، مابال رجال يؤذونني في أهلي و يقولون عليهم غير الحق ؟ والله ما علمت عليهم الاخيرا ، و يقولون ذلك لرجل [1] والله ما علمت منه الاخيرا ولا يدخل بيتا من بيوتى الا وهو معي !)

واتە : ئەی خەڵکینە ، لەبەر چی پیاوانێك هەن ئازارم ئەدەن بە تانەدان لە ئەهلەکەم و شتی ناهەقیان لەسەر دەڵێن ؟ سوێند بەخوا لە چاکە زیاتر هیچم لێ نەدیون، وە بۆچی دەربارەی پیاوێك قسە گەلێك ئەکەن کە سوێند بەخوا لە چاکە زیاتر هیچم لێ نەدیوە و لەگەڵ خۆمدا نەبووبێت نەهاتۆتە هیچ ماڵێك لە ماڵەکانم !

---

[1] – مەبەستی (صفوانی کوڕی معطل)ە (ﷺ)

عائیشە (رضي الله عنها) ، دەڵێت :

ئەوانەی هەڵسان بە بڵاو کردنەوەی بوختانەکە عبدالله ی کوڕی ئوبەی و چەند پیاوێك لە خەزرەج و (مسطح) و (حمنەی کچی جحش) بوون ئەمیش لەبەر ئەوە بوو کە تەنها (زەینەبی کچی جحش) ی خۆشکی لە پلەو پایەدا لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوتای من بوو لە ناو خێزانەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، بەڵام زەینەب خوا پاراستی و لە چاکە زیاتر هیچی دەربارەم نەوتبوو ، کەچی (حمنە) کە خوشکی بوو ئەو هەڵسا بوو بە بڵاو کردنەوەی ئەو بوختانە . . ئەو جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو وتارەی دا ، أسیدی کوڕی حضیر وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، ئەگەر ئەو کەسانەی ئاماژەیان بۆ دەکەیت لە (ئەوس)ن ئەوا ئێمە بۆت چارەیان دەکەین و ئەگەریش لە برایانمان (خەزرەج)ن فەرمانی خۆت بڵێ با جێبەجێی کەین ، چونکە سوێند بە خوا ئەوانەی شتی وایان وتووە شایستە ی ئەوەن لە ملیان بدرێت ، ئەوجا (سعدی کوڕی عبادە) کە ئەو سا وەك پیاو چاکێ دەبینرا ، هەڵسا و وتی : سوێند بێ درۆت کرد .. لە ملیان نادرێ وە تۆ بۆیە ئەم قسەت کرد ، چونکە ئەتزانی ئەو کەسانە (لە خەزرەج) ن خۆ ئەگەر لە تیرەکەی خۆت بوونایە شتی وات نەئەوت .

(اسید)یش وتی : سوێند بێ تۆ درۆئەکەیت .. بەڵکو تۆ دووڕوویت و داکۆکی لە دووڕوان ئەکەیت ... ئەوجا وای لێ هات خەریك بوو شەڕ لە نێوان هەردوو تیرەدا بەرپا بێت ، ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆلام و بانگی لە (علی کوڕی ابی تالیب) و (اسامەی کوڕی زید) کرد و ڕاوێژی پێ کردن .. هەرچی ئوسامە یە ئەوە قسەی چاکی کرد و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو خێزانتە ، خێزانەکانی تۆیش لە چاکە زیاترمان لێ نەدیون ، ئەمەش کە ئەیڵێن درۆ و هەڵبەستراوە !

بەڵام (علی) وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئافرەت زۆرن ، تۆش لە دوای ئەو ئەتوانی جێگەی پرکەیتەوە ، لە کەنیزەکەشی بپرسە . (پێشەوا عەلی بۆیە ئەم ڕایەی وت تا لە ئازاری پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەم بکاتەوە نەك ئەوەی شتێکی لە گومان لە دڵدا بو بێ بۆ عائیشە (رضي الله عنها) و یاخود مەبەستی ناشیرین کردنی خاتوو (عائیشە) بو بێت لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و حاشا کە هاوەڵان لە (اهل بیت) کاری وایان لێ وەشا بێتەوە) " وەرگێڕ "

ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) بانگی لە (بریرە) کرد و پرسیاری لێ کرد ، علی (رضي الله عنه) هەڵسایەوە بۆی و وتی : ڕاست بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڵێ ... ئەویش دەیوت : سوێند بەخوا خراپەم لێ نەدیوە و (عائیشە) هیچ عەیبێکی تیا نەبووە هەرگیز ، بەلاّم تەنها یەك شتم لەسەری هەیە ئەویش کاتێ هەویرم دەشێلا ، پێم ئەوت کە هەڵیگرێت و بیپارێزێت ، کەچی ئەو دەخەوت و مەروماڵات ئەهاتن ئەیانخوارد ! دەڵێت : پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە ژوورەوە بۆ لام و دایك و باوکیشم لەلام بوون ، هەروەها ئافرەتێکی ئەنصاریشم لەلا بوو هەردووکمان دەگریاین ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانیشت و ستایشی پەروەردگاری کردو پاشان فەرمووی : (يا عائشة ، انه قدكان ما بلغك من قول الناس ، فاتقي الله ، و ان كنت قد قارفت سوءا مما يقول الناس ، فتوبي الى الله فإن الله يقبل التوبة عن عبادة) .

فەرمووی : ئەی عائشە ، بێ گومان ئەوەی خەڵکی لەسەری ئەدوێن پێت گەیشتووە ، لەبەر ئەوە لە خواترس بەو ئەگەر خراپەیەك لەوەی ئەو خەڵکە باسی ئەکەن ئەنجامت داوە ، بگەڕێرەوە بۆلای خوا و تەوبەی لەسەر بکە ، چونکە خودا تەوبە و پەشیمانی لە بەندەکانی خۆی قبوڵ ئەکات . دەڵێت : سوێند بەخوا ، هەر ئەو قسانەم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیست ئیتر فرمێسکەکانیشم وشك بوون و توانای گریانم نەما و چاوەڕێی دایك و باوکم بووم لە جیاتی من قسە بکەم و وەلاّم بدەنەوە کەچی هیچیان نەوت !

عائشە ، دەڵێت : بە گەورەیی خوا ، من چاوەڕێ نەبووم قورئان بێتە خوارەوە و داکۆکی لە من بکات و خۆم زۆر بەکەمتر دەزانی ، بەلاّم تکام وابوو کە خودا بیخاتە خەوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە من بێتاوانم و ئەوەش کەوتراوە درۆیە ، بەلاّم ئەوەی کە قورئان دابەزێت لەسەر من سوێند بەخوا ئەمەیان بەبیرمدا نە ئەهات و خۆم بە بچوکتر لەوە ئەزانی . دەڵێت : ئەوجا کە بینیم باوکم و دایکم هیچ ناڵێن !! پێم وتن : بۆچی وەلاّمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نایەنەوە ، وتیان : بەخودا نازانین چی پێ بڵێین ، وتی : سوێند بەخوا ئەوەی بەسەر خانەوادەی (ابی بەکر)دا هات نەمدیوە بەسەر هیچ خانەوادەیەکی تردا هاتبێ لەوکاتەدا ..

پاشان وتی : کە ئەوان خۆیان لێم تێ نەگەیاند منیش لەسەری ڕۆشتم و دەستم بەگریان کرد و پێم وت : سوێند بەخوا هەرگیز تەوبە لەسەر ئەوەناکەم کە باست کرد ،

سوێند بەخوا ئەگەر نکوڵیش بکەم هەر بڕوام پێ ناکەن . پاشان فەرمایشتی (یعقوب علیه السلام)م وەبیر کەوتەوە و وتم منیش هەر ئەوە ئەڵێم کە باوکی یوسف فەرمووی و خوای گەورە لە قورئاندا تۆماری کردووە : ﴿ ... فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ﴾ سورة يوسف ، آية (١٨) .

واتە : جا چارم تەنها خۆگری و ئارامگرتنە بە جوانترین شێوە ، هەر خواش داوای کۆمەکی لێ دەکرێت لەسەر ئەو باسەی ئێوە دەیکەن .

سوێند بەخوا هێشتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە جێی خۆی هەڵنەسا بوو ، ئەوەی بەسەردا هات کەلە کاتی دابەزینی سروشدا بەسەریدا دەهات ، و بە جلەکانی دایانپۆشی و سەرینێکیان لە ژێر سەریدا دانا ، وە منیش سوێند بەخوا کە ئەوەم بینی نەترسام و نەگوێم لێ بوو ، چونکە ئەمزانی من بێ تاوانم و خوای پەروەردگار ستەمم لێ ناکات ، کەچی دایك و باوکم ، سوێند بەو کەسەی گیانی عائیشەی بەدەستە هەرکە زانیان وا سروش بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دادەبەزێ وەخت بوو گیانیان دەرچێ لە ترسی ئەوەی نەبا خودا قسەی خەڵکی بسەلمێنێت ، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتەوە سەر خۆ و دانیشت دەبینم ڕووی وەك گەوهەر دەدرەوشێتەوە و عارەق بە دەم و چاویەوە دەسڕێ و دەفەرموێ : (أبشری يا عائشة ، قد انزل الله عزوجل براءتـــك) . مژدەت لێ بێت ، عائشە .. پەروەردگار بێ تاوانیی تۆی دەرخست .

دەڵێت : منیش ستایشی پەروەردگارم کرد ، و پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە دەرەوە وتاری بۆ خەڵکەکە دا و ئەم ئایەتانەی کە بۆی هاتبووە خوارەوە و خوێندیەوە بۆیان : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ لاَ تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ مَا اكْتَسَبَ مِنَ الإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ(١١) ﴾ سورة النور . واتە : بێگومان ئەوانەی بوختانەکەیان هەڵبەست دەستەیەك بوون لە خۆتان (واتە واخۆیان نیشان دەدا لە خۆتانن) وامەزانن کە ئەو بوختانە شەڕ و خراپ بوو بۆتان ، بەڵکو خێر بوو بۆتان (بۆجیا کردنەوەی دووڕووەکان لە ئیمانداارانی دڵپاك و ڕاستەقینە) بێگومان تاوانی هەرکەس لەو بوختانچیانە لەگەردنی خۆیدایەتی ، ئەو کەسەش سەرۆك و گەورە و هەڵبەستی بوختانە کەیە سزایەکی سەخت و گەورە بۆی ئامادەیە . سەیر ئەوە بوو کە حەد و سزای تۆمەتی (بوختان – قذف) جێبەجێ کرا بەسەر هەرکەسێکدا کە تۆمەتەکەی بەسەر چەسپا بوو .. کەچی عبداللە ی کوڕی ابی کە سەری مارەکە بوو ،

هەڵگیرسێنەری ئاگری فیتنەو بوختانە کە بوو ، زۆر لەوە بە ئاگاتر بوو خۆی بخاتە ژێر سزاوە و خەڵکی تووش کردوو خۆی بۆی دەرچوو ..

" زانستی عائشە (رضي الله عنها) "

لە عروەی کوڕی زوبێرەوە (رضي الله عنه) ، دەڵێت : هاوەڵی عائشەم کردووە (عائشە پوری بوو) نەمدیوە کەس زانا تر بێت لە ئەو سەبارەت بە هەر ئایەتێك دابەزیبێت یان ئەرکێك یان سوننەتێك یان هۆنراوەیەك یان لە گێڕانەوەی فەرموودەدا ، یان لە مێژووی عەرەبدا ، یان لە دادگەری یان پزیشکیدا یان لەوەو لەوەدا ... پێم وت : پوریێ .. ئەی زانستی پزیشکی لە کوێوە فێر بوویت ؟ فەرمووی : کاتیێ نەخۆش ئەکەوتم و دەرمانێکم بۆ بەکاردەهێنرا ، یان کەسێك نەخۆش ئەکەوت و دەرمانێکی بۆ وەسف ئەکرا ، منیش ناوی ئەو دەرمانەم لەبەر ئەکرد [1] .

" بەخشندەیی عائشە (رضي الله عنها) "

لە (ئوم زەرەوە)وە ، دەڵێت : ابن زبێر بڕی سەد هەزاری نارد بۆ عائیشە ، ئەویش داوای سینی یەکی کرد ، هەڵیرشتە سەر سینی یەکە و بەردەوام دابەشی ئەکرد بەسەر خەڵکیدا ، و کە ئێوارە هات ، داوای نانی ئێوارەی لە کەنیزەکەکەی کرد ، ئەویش وتی : ئەی دایکی ئیمانداران ، بە تاکە دەرهەمێك نەتتوانی تۆزیێ گۆشت بکڕی ؟ فەرمووی : خۆت مۆن مەکە ... ئەگەر بیرت بخستمایەتەوە ئەو کارەم ئەکرد [2] . لە عروەوە ، لە عائشەوە (رضي الله عنها) دەگێڕێتەوە : حەفتا هەزاری بەخشیوە بە نەدار و هەژاران لە کاتێکدا خۆی جلەکانی پینە ئەکرد (رضي الله عنها) .

---

[1] – پیاوانی جێی متمانەن : ابو نەعیم لە (الحلیە) دەرهێنانی بۆ کردووە (٢ / ٤٩) .

[2] – پیاوانی جێی متمانەن : ابن سعد (٨ / ٦٧) الارنؤوط (سیر ٢ / ١٨٧) .

" وەفاتی (رضي الله عنها) "

کاتێ دایکی ئیمانداران عائشە (رضي الله عنها) کەوتە سەرەمەرگ فەرمووی : (ئەو پێشتر وتبووی کە لە ماڵەکەیدا بنێژرێت) لە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) من کارێکم کردووە [1] (شایستەی ئەوە نیم لە تەنشتی ئەودا بنێژرێم) لەبەر ئەوە لە تەنیشت خێزانەکانی دیکەیدا سپاردەم بکەن ئەوە بوو لە (بقیع) سپاردەیان کرد (رضي الله عنها) . پێشەوا زەهەبی دەڵێت : مەبەستی لەو کارەی کە کردوویەتی : ڕۆژی (جمل)ە ئەوە بوو تەواو پەشیمان بوو لە و کارەی وە تەوبەی لەسەر کرد ، ئەگەر چی بەنیەتی خەیر و چاکە ئەوەی کرد بوو وە بەڕای خۆی بە باشی زانیبوو بۆ موسڵمانان هەروەك چۆن طلحە ی کوڕی عبیداللە و زبێری کوڕی عوام و کۆمەڵێکی تر لە گەورەها وەڵان ڕەزای خوایان لەسەر بێت (اجتهاد) ی خۆیان کرد بوو [2] .. ئەبوهریرە (رضي الله عنه) نوێژی لەسەر کرد .

---

[1] – حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە (٤ / ٦) دەڵێت : (صحیح الاسناد) ، و زەهەبش هاوڕایە .

[2] – سیر اعلام النبلاء (٢ / ١٩٣) .

" ١٦ - ئوم شریك (رضي الله عنه) "

" لە ئاسمانەوە ئاو دەدرێت "

ئوم شریك ، خاتوو (غوزەییەی کچی جابری کوڕی حکیمی دۆسی)یە . زۆربەی زانایان دەڵێن : ئەو ئافرەتە بوو کە خۆی پێشکەشی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد ، بەڵام ئەو قبوڵی نەکرد .. و ئوم شریك شوی نەکرد هەتا وەفاتی کرد ..

ابن عباس ، دەڵێت : (ئیسلام کەوتە دڵی ئوم شریك و هەر لە مەککە موسڵمان بوو لەو کاتەدا هاوسەری (ابی العسکری دوسی) بوو .

پاشان بە نهێنی دەچووە لای ئافرەتانی قورەیش و هانی ئەدان بۆ لای ئیسلام ، تاوەکو لای ئەهلی مەککە ئاشکرا بوو برديان و پێیان وت : ئەگەر لە بەرخاتری هۆزەکەت نە بووایە وەها و وەهامان لێ ئەکردی ، بەڵام ئەتگێڕینەوە بۆلای هۆزەکەت . دەڵێت : پاشان خستمیانە سەر پشتی وشترێك بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لەسەر پشتی حوشترەکەوە هەبێت پاشان سێ ڕۆژ بەو جۆرە بەجێیان هێشتم بەبێ ئەوەی نەنان و نە ئاوم پێ بدەن ، وە کاتێ لە جێیەك دائەبەزین منیان لەبەر خۆر دائەبەستەوە و خۆیشیان ئەچوونە سێبەرێك و نان و ئاویان لێ بڕیبووم. ئەوە بوو لە کاتێکدا کە لە جێیەك دابەزیبوون و منیان لەبەر خۆرەکەدا بەستبووەوە ، هەستم بە ساردی یەك کرد کەوتە سەر سنگم ، دەبینم سەتڵێك ئاوە گرتم و بڕێکم لێ خواردەوە پاشان لە دەستم وەرگیرایەوە و بەرزکرایەوە ..

پاشان گەڕایەوە و گرتم و دیسان لێم خواردەوە و بەرزکرایەوە .. چەند جارێك ئەمە دووپات بوویەوە ، تا تێر ئاوم بووم و ئەوەی تیایدا مایەوە کردم بەسەر لەش و جلەکانمدا . ئەوە بوو کە بەخەبەر هاتن و شوێنەواری ئاویان پێوەم بینی و حاڵم باش بوو ، پێیان وتم : خۆت بەرداوە و لە ئاوەکەی ئێمەت خواردۆتەوە ؟ وتم : نابەخوا .. شتەکە بەو جۆرە بوو کە بۆتان باس ئەکەم ..

وتیان : ئەگەر ڕاست بڵێیت ئەوا ئایینەکەی تۆ باشترە لە ئاینەکەی ئێمە ، ئەوە بوو کە سەیری ئاوەکەی خۆیانیان کرد هیچی لێ کەم نەبوو بوو ، هەر لە وێدا موسڵمان بون[1].

---

[1] - صفة الصفوة (٢ / ٣٧ ، ٣٨) .

" ١٧ - صفیەی دایکی ئیمانداران (رضي الله عنه) "

" سوێند بەخوا ئەو ڕاستبێژە " فەرموودەی پیرۆز

کچی (حیبی کوڕی ئەخطب)ە .. لەنەوەی پێغەمبەری خوا (هارون)ە سەلامی خوای لەسەر بێت . پێش موسڵمان بوونی ، سلامی کوڕی ئەبی حەقیق هێنای ، و پاش ئەویش کنانەی کوڕی ئەبی لحەقیق کە هەردووکیان لە شاعیرانی جولەکە بوون ، ئەوە بوو (کنانە) ڕۆژی خەیبەر کوژراو ، خاتوو صفیە دیل کرا ، و لە تیروپشکدا درابە (دحیەی الکلبی)[1] ، ئەویش دای بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لەبری ئەو حەوت سەر مالاتی پێدا[2].

پاشان دوای ئەوەی پاك بووە وە ، مارەی کرد و ئازاد کردنی لە دیلایەتی کردە مارەیی . لە ئەنەسەوە ، دەڵێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) صفیەی کچی حیبی لە (دحیە) وەرگرت بە حەوت سەر ، و پاشان دایە دەست (ام سلیم) تاڵەلای ئەو عیدەکەی تەواو بکات و ئامادەی بکات .. لەوە لیمەکەشیدا (لە میوانداری یەکە شی دا) چەوری و پەنیر و خورما دابەش دەکران[3] .

وە صفیە (رضي الله عنه) ئافرەتێکی شەرەفمەند و ژیر و خاوەن ڕەچەڵەك و جوانی و دین بوو وە کەسێکی هێمن و بەوقار بوو ...

" خۆشەویستی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە ، دەڵێت : کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئازاری ئەو نەخۆشی یەی دەچەشت کە پێیەوە وەفاتی کرد ، صفیەی کچی حیبی پێی وت : سوێند بەخوا ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەز ئەکەم ئەو ئازارەی تۆ بێت بۆ من . خێزانەکانی پێغەمبەری خواش (ﷺ) لەو لاوە چاوێکیان لە یەکتر داگرت ..

---

[1] – هاوەڵێکی پایەبەرزە ، و کەسێکی جوانچاکە و جبریل لەوێنەی ئەودا دەبەزی .

[2] – صحیح / مسلم و احمد گێڕاویانەتەوە .

[3] – صحیح / مسلم دەرهێنانی بۆ کردووە (١٣٦٥) (٧٨)

پێغەمبەری خوا (ﷺ) چاوی لێیان بوو فەرمووی : (مضمضن) واتە بڕۆن ئاو لە دەمتان وەردەن .. وتیان لە چی ئاو لە دەممان وەردەین ؟ .

فەرمووی : (من تغامز کن بها ، و الله انها لصادقة)[1] . واتە : لەو چاو داگرتنەتان لە صفیە .. سوێند بەخوا ئەو ڕاست ئەکات .

" پێ لەسەر داگرتنی (حرص) پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆی "

ئەنەس دەڵێت : من و ئەبو طلحة لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێمان ئەکرد و صفیەش لە دواوە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەر پشتی وشترێك بوون ئەوە بوو وشترەکە پێی هەڵخلیسکاو کەوت و ئەوانیشی لەسەر کەوتن ، طلحة خێرا لەسەر وڵاخەکەی دابەزی و بەرەو لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە پەلە ڕۆشتن وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ سەلامەتیت هیچ ئازارێکت پێ گەیشت ؟

فەرمووی : (لا ، علیك بالمرأة) نەخێر ، بزانە صفیە چۆنە ..

ئەبو طلحةش کراسەکەی دابەدەم و چاویدا و بەرەو لای صفیە ڕۆیشت ، و کراسەکەی پیادا ، ئەویش هەڵسایەوە ، طلحة وڵاخەکەی بۆ توند کردنەوە و صفیە و پێغەمبەری خوایش (ﷺ) سەرکەوتن[2] .

خوێنەری بەڕێز : بڕوانە ئەو ئەدەب و ڕەوشتە بەرزەی طلحة ، دەم و چاوی خۆی دادەپۆشی و پاشان جلەکان ئەدابەسەر (صفیە)دا (رضي الله عنها) بۆ ئەوەی دەستی بەری نەکەوێت !! بەڕاستی لەم چاخەی ئێستاماندا ئەدەبی وەها زۆر کەمە و .. بەد ڕەوشتی لە ئەوپەڕی ناشیرینیدا خۆی نیشان ئەدات ..

"وەفاتی "

خاتوو (صفیە) (رضي الله عنها) ساڵی (٥٠)ی کۆچی وەفاتی کردووە ، وتراویشە ساڵی (٥٢) .. و وەلە بقیع سپاردە کراوە ..

---

[1] – ابن سعد دەرهێنانی بۆ کردووە (٨ / ١٢٨) پیاوانی جێی متمانەن ، بەڵام (مرسل)ە .

[2] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە / بخاری (٦ / ١٣٤) و مسلم (١٣٦٥) هەردووکیان گێڕاویانەتەوە

" ١٨ - رقیە (رضي الله عنه)ی کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

کچی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) و خاتوو (خدیجە) (رضي الله عنه) دایکیەتی .. پێش کۆچ (عتبەی کوڕی ئەبی لهب) مارەی کرد .

پاش ئەوەی ئایەتی : ﴿تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ(١)﴾ سورة المسد [١] . دابەزی باوکی بە (عتبەی)ی وت : سەرم لەسەرت حەرام بێ (واتە : حاشات لێ ئەکەم) ئەگەر کچی (محمد ﷺ) تەلاق نەدەی ، ئەویش پێش گواستنەوە لێی جیابوویەوە .

خاتوو (رقیە) لەگەڵ دایك و خۆشکەکانیدا موسڵمان بوو پاشان پێشەوا (عوسمان) خواستی .. ابن سعد دەڵێت : لەگەڵ (عوسمان)دا کۆچیان کردووە (هەردوو کۆچەکەی حەبەشە) .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (انهما لاول من ها جر الى الله بعد لـوط)[٢] .
واتە : ئەو دوانە یەکەمین کەسن کە بۆلای پەروەردگاریان کۆچیان کردبێت ، لە دوای لوط (سەلامی خوای لەسەر بێت) .

لە پێشەوا (عوسمان) ، (عبدالله)ی بووە و بە (باوکی عبدالله) ناویان دەهێنا و کە تەمەنی گەیشتە شەش ساڵ کەڵەشێرێك دەنووکی لە دەم و چاوکی داو دەم و چاوی وەرەمی کردوو پێیەوە وەفاتی کرد .

پاشان لە دوای پێشەوا (عوسمان) کۆچی کرد بۆ مەدینە و لە پێش جەنگی (بەدر) نەخۆش کەوت و پێغەمبەری خوا (ﷺ) (عوسمان) (رضي الله عنه) ی لەلا هێشتەوە و لە کاتێکدا موسڵمانان لە (بەدر) بوون وەفاتی کرد [٣]. ڕەزای خوای لەسەر بێت .

---

[١] – مانای ئایەتەکە : – دەستەکانی ئەبو لەهەب بشکێن و ڕیسوابێت ، بێگومان هەر ڕیسوا دەبێ .

[٢] – حافظ لە (الصحابە) (١٢ / ٢٥٨) بە لە فزێکی تر هێناویەتی و گێڕاویەتیەوە بۆ (ابن مندە) و دەڵێت : سەندەکەی بێ بەڵگەیە .

[٣] – ابن سعد (٨ / ٣٦) .

" ١٩ - ئوم كلثوم (رضي الله عنها) ، كچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) "

منداڵی چوارەمی پێغەمبەری ئازیزە (ﷺ) .. وتراوە كە (عتیبە)ی كوڕی ابی لهب مارەی كردووە و دواتر لێی جیا بووەتەوە .. ئوم كلثوم موسڵمان بووە و هیجرەتی كردووە پاش پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

كاتێ خاتوو (رقیە) ی خوشكی وەفاتی كرد ، پێشەوا (عوسمان) هێنای بە كچێتی لە مانگی (ربیع الاول) ی ساڵی (٣)ی كۆچیدا و هیچ منداڵی لێی نەبووە . وە لە شەعبانی ساڵی (٩) دا وەفاتی كردووە .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : (لوكن عشرا لزوجهن عثمان) ئەگەر دە كچم بوایە یەك لە دوای یەك (عوسمان) مارەی دەكردن .. (ابن سعد گێڕاوەتیەوە).

لە (انس)ەوە ، دەڵێت : چاوم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كەوت لەناو گۆڕەكەی (ئوم كلثوم)دا دانیشتبوو فرمێسك لە چاوەكانیدا دەهاتە خوارەوە[١] .

ڕوون كردنەوەیەك : ئەم ڕیوایەتە دژی ئەو فەرموودە نیە كە دەفەرموێت : (ان المیت یعذب ببكاء اهله علیه)[٢] ، واتە : مردووەكان بە گریانی خانەوادەكەیان بەسەریانەوە ئازار ئەدرێن .

مامۆستای ئەلبانی دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەڵێت : مەبەست گریان بەرەهایی نیە ، بەڵكو گریانێكی تایبەتی مەبەستە ئەویش ڕۆ ڕۆ كردنە[٣] .

نووسەر ، دەڵێت : فەرموودەی زۆریش هاتووە كە باسی لە گریانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و گریانی هاوەڵان ئەكات[٤] .

---

[١] – صحیح / بخاری دەرهێنانی بۆ كردووە (٣ / ١٢٦ ، ١٢٧) و غەیری ئەویش .

[٢] – صحیح / زانایان هاودەنگن لەسەری .

[٣] – احكام الجنائز (٢٨)

[٤] – بڕوانە كتێبی (الرسول یبكی) چاپی (دارالفجر للتراث) ی نووسەر .

" ٢٠ - سمیە کچی خباط (رضي الله عنه) "

خانمی بەڕێز (سمیەی کچی خباط)ی (مولاة)ی ئەبی حذیفەی کوڕ مغیرەیە و دایکی عەمماری کوڕی یاسرە [١]، هەر زوو لە مەککە موسڵمان بوو ، یەکێ بوو لەوانەی ئازار ئەدرا لە پێناوی بیروباوەڕەکەیدا و بەڵام ئەو لەسەر ئاینەکەی جێگیر و دامەزراو بوو، تا جارێ ئەبو جەهل ڕمێکی چەقاند ورگی و شەهیدی کرد . ئەو ئافرەتێکی بە تەمەن بوو وە یەکەمین شەهید بوو لە ئیسلامدا (رضي الله عنه) ... [٢] ، (یاسری کوری عامر)یش مێردی بوو . [٣]

د . محمود عمارە دەڵێ ئەبێ هەست بە قووڵی ئەو نەهامەتیە بکەین لە چاوی (عمار) دا کاتێ دەبینێ لەبەردەمیدا دایکی ئەکوژرێ بێ ئەوەی هیچی لە دەست بێ بۆی بکات . خۆ ئەگەر یاسری باوکی لە ژێر ئازاردا گیانی سپاردبێ ئەوا چارە نووسی دایکی زیاتر بۆی بە ئازار بوو وەك موسڵمانێك و وەك عەرەبێك ، بەڵام ئەوە تەنها بیروباوەڕ و (مبدأ) ەکە خاوەنەکەی وا لێدەکات لە پێناویدا گیانیان ببەخشن .

خوێنەری بەڕێز ئێستا ئەم بەڵاو نارەحەتی یە گەورەیە بهێنەرە پێش چاوی خۆت ..

ئێستا هەر کەسێ تاکە وشەیەك ببیستێت کە شەرم و ناموسی بریندار بکات ، بۆ داکۆکی کردن لە کەرامەتی ئامادەیە گیانی ببەخشێ ڕای گشتیش پاڵپشتی دەکەن .. هەر هیچ نەبوو یاسا تۆڵەی بۆ دەکاتەوە .

بەڵام (عمار) بە چاوی خۆی دەستی غەدر و ناپاکی دەبینێت کە ئەدا لە دایکی و گوێی لە ناڵە و هاواری دایکیەتی ، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی نیە و هیچ کارێکی پێ ناکرێت.

بەڵکو پێغەمبەری خوایش (ﷺ) لە دوعا زیاتر هیچی تری لە دەست نایەت بۆیان بکات .. بەڕاستی بەلاونەهاتەکە لەوکاتەدا ئیدی گەورەترە لەوەی مرۆۋ بتوانێ خۆی لەبەردەمیدا ڕاگرێ .. بەڵام (عەممار) بەسەر ئەو نەهامەتی یەدا زاڵ بوو ، بە بیروباوەڕی پتەو لێیەوە چووە دەر ، ئەگەر چی ماڵئاوایی لە باوکی و لە دایکی کرد ، بەڵام مانەوەی بیروباوەڕ و عەقیدەکەی بووە دڵدانەوە بۆی [٤] .

---

[١] – لە بەشی (پیاونێك لە دەورەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)) باسی ژیانیمان کرد .

[٢] – البدایە و النهایە (٣ / ٥٩) .

[٣] – ئەمیش لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوو .

[٤] – تأملات في السیرە النبویە . لاپەڕە (٧٦) .

" ٢١ - جوەیریەی کچی حارث (رضي الله عنها) "

" گەورەترین بەرەکەت بوو بۆ هۆزەکەی "

دایکی ئیمانداران ، جوەیریەی کچی حارثی ضراری (المصطلقي)یە .. ساڵی (٥) و لە غەزوەی (المریسع) دا بە دیل گیرا .. وناوی (برّە) بوو .. پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی گۆڕی بۆ (جویریە) . وە یەکێ بوو لە ئافرەتە پایە بەرزەکان .

لە عائیشەوە (رضي الله عنها) ، دەڵێت : کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دیلە ئافرەتەکانی (بني المصطلق) ی دابەش کرد ، جویریەی کچی حارث بە تیروپشك بۆ ثابتي کوڕی قەیسی کوڕی الشمس یان بۆ کوڕەمامێکی دەرچوو ئەوە بوو جوەیرەیە خۆی کڕیەوە لێی و هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێی وت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، من جویرەیەی کچی حارثی کوڕی ئەبی ضراري سەرۆك و گەورەی هۆزەکەیم .. خۆت ئەزانی ئێستا چیم بەسەردا هاتووە ، و کەوتمە تیروپشکی ثابتی کوڕی قیس ی کوڕی شماس یان کوڕەمامێکی ، و خۆم کڕیەوە ، ئێستا هاتووم داوات لێ ئەکەم یارمەتیم بدەی لە دانی بری (موکاتەبەکەدا) . فەرمووی : (فهل لك خير من ذلك ؟) لەوە باشترت ناوێت ؟ وتی : چی یە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ؟ فەرمووی : (أقضي عنك كتابتك و اتزوجك) واتە : بری (مکاتبە) کەت بۆ دەدەم و مارەت دەکەم . وتی : ڕازیم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

دەڵێت : ئەم هەواڵە گەیشتە لای خەڵك کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جویریەی کچی حارثی کوڕی ئەبی ضراری کردووە تە خێزانی ، خەڵك هەموو وتیان : بووینە خزمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

دەڵێت : هاوسەرگیری جویرەیە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووە هۆی ئازاد کردنی سەد ماڵ لە بنی المصطلق ، ئاگادارنیم هیچ ئافرەتێك ئەوەندە بەرەکەتی بۆ هۆزەکەی بوبێت[1] .

هەر کە (بەنو المصطلق) ئەم بالأیی و گەورەیی یەیان لە ئیسلام و موسڵمانان بینی هەموویان موسڵمان بوون و ئیمانیان بە خواو پێغەمبەرەکەی هێنا . هەر ئەمەش

---

[1] – صحیح : بخاری و مسلم گێڕاویانەتەوە .

بوو ئاوات و ئامانجی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆسەر خستنی بانگەوازەکەی لەناو خەڵکیدا .. جا چ خاوەن ڕایەکی دانا باڵاترە لەم ڕاوبۆچوونەی سەروەرمان (ﷺ)[1]. وە (ابن حجر) لە (الاصحابە) دا (٢ / ١٦٠) دەڵێت : کە (الحارث)ی باوکیشی هاتووە بۆ مەدینە و موسڵمان بووە .

" پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند وشەیەکی گشتگیری فێر دەکات "

لە جویریەوە ، دەڵێت : سەر لەبەیانی یەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات بۆلام (تەسبیحات)م دەکرد ، پاشان ڕۆیشتە دەرەوە و نزیك نیوەڕۆ هاتەوە فەرمووی : (اما زلت قاعدە ؟) ئەڵێی هێشتا دانیشتوانیت . وتم : بەڵێ فەرمووی : (الا اعلمك كلمات لوعدلن بهن عدلتهن ، أو وزن بهن و زنتهن ، يعني جميع ماسبحت ، سبحان الله عدد خلقه ، ثلاث مرات، سبحان الله زنة عرشه ، ثلاث مرات ، سبحان الله رضا نفسه ، ثلاث مرات ، سبحان الله مداد كلماته، ثلاث مرات) .

فەرمووی : ئاتەوێ چەند وشەیەکت فێرکەم کە ئەگەر لەگەڵ ئەو وشانەی تۆ دا کێشانە بکرێت کە لەو کاتەوە وتووتە ، هاوسەنگ و یەکتا دەردەچن وشەکانیش ئەمانەن: " هێندەی ژمارەی دروستکراوانی خوا هێندەی خوا خۆی پێ ی خۆشە و ئەندازەی سەنگینی تەختی پیرۆزی و هێندەی مەرەکەبی وشەکانی زاتی خۆی پاك و پێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار ..

" وەفاتی "

پاش گەشتێکی پاك و ژیانێکی ڕێزدارانە لە ژێر سایەی ئاڵای ئیسلامدا .. خاتوو جویریە ساڵی (٥٠) وەفاتی کرد (﵁) .

[1] – زوجات النبي الطاهران و حكمة تعد و هن / مامۆستا / محمد محمود الطواف (٧٤ ، ٧٥) .

" ٢٢ - سودەی کچی زمعە (رضي الله عنه) "

" بەڵام من حەز ئەکەم لە ڕیزی خێزانەکانی تۆدا زیندوو بکرێمەوە "

کێ یە ؟

دایکی ئیمانداران (سودەی کچی زمعەی کوڕی قیس ی قورەیشی عامری)یە و یەکەمین ئافرەت بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دوای خاتوو خەدیجە (رضي الله عنها) هێنای .

خانمێکی پایەبەرز و خانەدان بوو ... یەکەمجار خێزانی (سکرانی کوڕێ عەمر) بوو لەگەڵیدا کۆچیان کرد بۆ حەبەشە ، بەم کۆچەشی بنەماڵەکەی توڕەکرد . ئەوە بو کە لە هیجرەت گەڕایەوە ، هاوسەرەکەی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وەفاتی کرد ، کەیەکێ بوو لە پشتیوانە چاکەکان بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە مردنی (سوودە)ی بە بێ پشت و هاودەم بە جێ هێشت .. تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێنای وتەمەنی (سودە) ئەو کاتە (٥٥) ساڵ بوو ..

" چیت دەوێت "

ڕۆژان تێپەڕین و (سوودە) لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە ، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەر چەند هۆکارێك وای بینی کە تەلاقی بدات .

ئیتر چی ڕووی دا ؟

قاسم ی کوڕی ئەبی بەززە ، دەڵێت :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی تەلاقدانی (سوودة)ی پێ گەیاند سوودە لەسەر ڕێگەکەی دانیشت و وتی : سوێندت ئەدەم بەو کەسەی وەحی بۆ ناردویت ، بۆچی تەلاقت دام ؟ ئایا خوا فەرمانی پێ کردویت ؟

فەرمووی : نەخێر .

وتی : دەی سوێندت دەدەم بە خوا بمگەڕێنەرەوە (راجعني) ، خۆ من هیچ پێویستم بە پیاونی یە ، بەڵام حەز ئەکەم لە ڕیزی خێزانەکانتدا زیندوو بکرێمەوە .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) گێڕایەوە . دەڵێت : منیش ئەو ڕۆژانەی کە سەرەی من بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەلام بمێنێتەوە ئەمدایە (عائشە)[1] .

بەڵێ : دایکی ئیمانداران .. جا چ شانازی یەك خۆی دەدا لەم شانازی یە .. کە لە ڕۆژی هەڵسانەوە دا وەك هاوسەری کۆتا پێغەمبەری مرۆڤایەتی (ﷺ) حەشر بکرێیت .. خۆشیت لێ بێت .

خاتوو عائشەش (رضي الله عنها) ئەم چاکەیەی (خاتوو سودە)ی لە بیر نەئەکرد لە عائیشەوە ، دەڵێت هیچ ئافرەتێك نەبوو ئەوەندەی (سوودە) حەز بکات من لە جێگەی ئەوا بم (في مسلاخها) ئافرەتێك بو جۆرە توندی یەکی بوو (حدە) وە کاتێك چوو بە تەمەندا سەرەکەی خۆی لەلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخشی بە من[2] . خاتوو سودە (رضي الله عنها) لە سەردەمی پێشەوا عمری کوڕی خەتابدا وەفاتی کرد[3] .

---

[1] - دانەپاڵەکەی (صحیح)ە ، بەڵام (مرسل)ە . ابن سعد (٨ / ٥٤) .

[2] - صحیح / مسلم دەرهێنانی بۆ کردووە (١٤٦٣) .

[3] - بخاری لە (تاریخ) (١ / ٤٩ ، ٥٠)

" ٢٣ - میمونەی کچی حارث (﵂)

" لە هەموومان لەخوانرسترە و لە هەمووومان زیاتر پەیوەندی خزمایەتی بەجێ دێنێت "

فەرمایشتێکی عائشە (﵂)

پێناسی : مەیمونەی کچی حارث ی کوڕی حەزن ی .. هیلالی یە . خێزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خوشکی (ام فەزڵ) ی خێزانی (عباس) و پوری (خالدی کوڕی وەلید ، و پوری (ابن عباس)ە ، ڕەزای خوایان لەسەر بێت .

وە لە خانمان بوو ..

مجاهد دەڵێت : ناوی (بەررە) بوو ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) گۆڕی بۆ (میمونە)[١].

لە پێشدا و پێش ئیسلام مەسعودی کوڕی عەمری ثە قەفی هێنای و پاشان لێ ی جیابوویەوە .

دواتر (ابو روهم ی کوڕی عبدالعزی) هێنای و ئەمیش مرد .. ئەوجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دوای لێبوونەوە لە ئەنجامدانی (عمره القضاء) لە ساڵی (٧) دا و لە مانگی (ذي العقدة) دا هێنای .

لە (علی کوڕی عبدالله ی کوڕی عباس)ەوە ، دەڵێت : کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ویستی بچێت بۆ مەککە لە ساڵی (القضية)[٢] دا ، (ئەوسی کوڕی خولی) و (ابا رافع)ی ناردەلای (عەباس) ئەویش مەیمونەی پێ دا لە ڕێگا وشترەکانیان لێ ون بوو چەند ڕۆژێك لە (رابغ) مانەوە تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (قودەید) پێیان گەیشت و لەوکاتەدا حوشترەکانیان دۆزیبوووەوە لەگەڵیدا ڕێیان کرد هەتا گەیشتنە مەککە پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەکێکی ناردە لای (عباس) و لەلای باسی کرد ، خاتوو (مەیمونە) کاری خۆی دابوویە دەست (عباس) ەوە(﵁) ئەویش دوای داخوازیکردنی

---

[١] - وانە ساڵی ڕێکەوتن (ڕێککەوتنی حودەیبیە ، (وەرگێڕ) رحيق المختوم ص ٣٥٢ .

[٢] - حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە (٤ / ٣٠) دەڵێت (صحيح الاسناد)ە . زەهەبیش هاوڕایە .

لەلایەن پێغەمبەری خوا وە (ﷺ) ، پێیدا [1] .. ئەمیش دوایەمین ئافرەت بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێنانی .. وە کەسێکی دنیا نەویست و خواپەرست بوو .

مامۆستا رشید رەزا ، ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت ، دەڵێت : (هاتووە کە مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، (عباس) هانی داوە بیهێنێت (بیخوازێت) و هەر ئەویش دوای وەرگرتنی مۆڵەتی (میمونە) مارەی کردوون ، خۆ ئەگەر (عباس)(ﷺ) لەو هاوسەرگیری یە بەرژەوەندی یەکی مەزنی بەدی نەکردبایە ئەم هەموو چاودێری یەی لە مەیمونە نەئەکرد لە پێناوی ڕازی کردنی خێزانەکەیدا) .

هەروایش بوو ، بەرژەوەندی گەورە لەم هاوسەرگیریەدا نزیک بوونەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو لە هۆزی (هیلالی)یەکان ، ئەوە بوو ئەم پیاوەتی و جوامێری و هانایەیان لەلا بەنرخ و گەورە بوو ، بۆیە پۆل پۆل دەهاتنە ڕیزی ئیمانداران و بوونە پاڵپشت و پشتیوان و هاودەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) خواستی ، خاتوو (مەیمونە) بە ساڵا چوو بوو ، ئیتر خوێنەری بەڕێز هیچ شوێنەوارێك بۆ حەز و ئارەزوو لەم جۆرە هاوسەرگیری یە دابەدی ئەکەیت ؟

بەڵکو ئەمە گەورەیی و بەزەیی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نیشان ئەدات لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە سیاسەت و لێزانی و زیرەکی ئەو نیشان ئەدات ...

خۆ ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچ شوێنەوارێك یان نیشانەیەکی بۆ حەزو ئارەزو هەبوایە لە هاوسەرگیری یەکانیدا کە هەموویان بێوەژن بوون بێجگە لە (عائشە) ، ئەوا دەچوو کچانی هاوتەمەنی خۆی مارە ئەکرد وە هەموانیش بە ئاواتی ئەوە بوون کە خزمایەتی لەگەڵ ئەو زاتە خۆشەویست و لە دڵا جێگیر و بەڕێزەدا بکەن ، بەڵام ئەو زۆر لەوە باڵاترە کە بانگەوازی حەز و ئارەزوو وەڵامبداتەوە هەزار جار حاشا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەموو مرۆڤایەتی و لوتکەی ڕەوشت و پیاوەتی .. لەو قسە پوچ و بێ بنەمایانەی دوژمنانی ئیسلام دەیدەن بە گوێی خەڵکیدا .. بەڕاستی ئەو زاتێکی پارێزراو و (معصوم)ە لە هەموو گوناهێك [2] .

[1] – طبقات / ابن سعد (٨ / ١٣٢)

[2] – زوجات النبي المطهرات (٨١ ، ٨٢)

" خاتوو (میمونە) (رضي الله عنها) لەبەرەی جەنگدا !! "

خانمی بەڕێز مەیمونە ش (رضي الله عنها) لە جەنگدا بەشداری کرد تاوەکو ئەویش بەشی خۆی بیچڕێ لە خەبات لە پێناوی خوادا ، کاتێ کە خێزانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو !! مەگەر خوای گەورە نا فەرموویێت کە : ﴿ ... وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ سورة النساء ، آية (٩٥) .

واتە : خوا فەزڵ و ڕێز و پاداشتی گەورە و بێ سنووری ئەو تێکۆشەرە موجاهیدانەی داوە بەسەر ئەو دانیشتوانەدا (کە نەچوون بۆ شەڕ) .

کەواتە ئەو پێویستی بەو پاداشتە مەزنە هەیە !!

لە غەزوەی (تبوك) دا خاتوو (میمونە) لە ڕێزی خەباتکاراندا بوو ، تیماری بریندارەکانی ئەکرد و دڵنەوایی نەخۆشەکانی ئەکردن و لە پێناوی خوادا باشترین خەباتی ئەکرد .

وتراوە کە ئەو (رضي الله عنها) یەکەم ئافرەت بووە تیپێکی لە ئافرەتان پێکەوە ناوە بۆ بەدەمەوە چوونی بریندارانو هەڵسان بە ئەرکی خەباتکاران لە مەیدانی شەڕدا ، ئەوە بوو لە میانەی خەباتیدا بە تیرێك لە تیرەکانی دوژمن پێکرا لە کاتێکدا ئاوی بۆ بریندارەکان دەگواستەوە ، و ئەگەر سۆزی خودا نەبوایە ، دەیکوشت .

" وەفاتی "

پاش ئەوەی خاتوو (مەیمونە) لە ڕێوڕەسمەکانی (حەج) بوویەوە لە ئیحرامدا سەری تاشی ، و کاتێ وەفاتی کرد تازە مووی سەری هاتبوونەوە [1] ، لە (یەزیدی کوڕی

[1] – دانەپاڵەکەی (صحیح)ە / ابن سعد دەری هێناوە (٨ / ١٣٨) لە یەزیدی کوڕی ئەحمەدەی ارنۆوط دەڵێت : لەوانەیە میمونە (رضي الله عنها) ئەوەی پێ نەگەیشتبێ کە نابێ ئافرەت لە (حەج) دا سەری بتاشێت ، بەڵکو کورتی دەکاتەوە .. ابو داود (١٩٤٨) لە فەرموودەی (ابن عباس) دەرهێنانی کردووە (کە ئافرەتان ئەوەیان لەسەر نی یە کە سەریان بتاشن ، بەڵکو ئەوەیان لەسەر کە قژیان کورت کەنەوە) (حافظ) یش لە (التاخیص) دا ئیسنادەکەی بە (حسن) داناوە (٤ / ٢٦١) سیر (٢ / ٢٤٣) . پەڕاوێز

ئەصــەم)ەوە ، دەڵێــت : هــەر لــە ژێــر ئــەو کــەپرەدا ناشــتمان و ســپاردەمان کــرد کــە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تیایدا گواستیەوە ، ئەوە بوو سەری لە (حەج) تاشیبوو .. من و ابن عباس چووینە ناو گۆڕەکەی [1] .

لە (عطاء) ەوە ، دەڵێت : میمونە (رضي الله عنها) لە چۆلەوانیدا وەفاتی کرد ، من و (ابن عبـاس) چـووین بەدەمیـەوە ، وتـی : ئەگـەر تابوتەکـەیتان بـەرزکردەوە ، مەیهـەژێنن و مەیخزێنن [2] .

لە ڕیوایەتێکی ترداهاتووە ابن عبـاس (رضي الله عنه) فەرموویـەتی : " لەگەڵیـدا میهرەبـان بن ، ئەو دایکتانە " .

" پیاهەڵدان "

خـاتوو عائیشـە (رضي الله عنها) پـاش وەفـاتی میمونـە (رضي الله عنها) فـەرمووی : " ئـەوا مەیمونـە ڕۆیـشت .. والله .. لـە هـەموومان لـە خـواترس بـوو ، وە لـە هـەموومان زیـاتر پەیوەنـدی خزمایەتی بە جێ ئەهێنا [3] ! "

---

[1] – حاکم دەریهێناوە ، و دەڵێت : (صحیح الاسناد)ە و زەهەبیش هاوڕایە (٤ / ٣١) .

[2] – حاکم دەریهێناوە ، و دەڵێت : (صحیح الاسناد)ە (٤ / ٣٣) و زەهەبیش هاوڕایە .

[3] – جانەپاڵەکەی (حسن)ە / حاکم دەرهێنانی بۆ کردووە (٤ / ٣٢) و ارنؤوط بە (حسن) داینـاوە ، (سیر ٢ / ٢٤٤) .

" ٢٤ - ئوم وەرەقەی کچی حارث (رضي الله عنه) "

" لەگەڵمان وەرن با سەردانی ئەو شەهیدە بکەین "

فەرموودەی پیرۆز

کێیە ؟

هاوەڵی پایەبەرز ، ئوم وەرەقەی کچی عبدالله ی کوڕی حارث ی ئەنصاری یە موسڵمان بوو ، بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) .

ابن الجوزی ، دەڵێت : (ابن الحصین)بە ئیسنادێك لە ئوم وەرەقەی کچی عبدالله ی کوڕی حارثە وە هەواڵی پێ داوین کە قورئانی کۆکردوەتەوە (رضي الله عنه) و پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کردووە کە ئیمامەتی بۆ خانەوادەکەی خۆی بکات وە بانگبێژێکی هەبوو ، و ئیمامەتی بۆ خانەوادەکەی دەکرد [1] .

وە هەر لەوەوە ، لە ئەنکی یەوە لە دایکیەوە (ئوم وەرەقەی کچی عبدالله ی کوڕی حارث ی ئەنصاری یەوە : - پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی ئەکرد و بە (شهیدە) ناوی ئەبرد .. وە ئەو قورئانی کۆ دەکردەوە .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ غەزای بەدری ئەنجامدا ، ئوم وەرەقە پێی وت : مۆڵەتم بدە ، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) با لەگەڵتان بێم و تیماری بریندارەکانتان بکەم و بەدەم نەخۆشەکانەوەبم ، بەڵکو خوا شەهادەتم پێ ببەخشێت . ئەویش فەرمووی : (إن الله عزوجل مهد لك الشهادە) .

بێگومان خوای پەروەردگار شەهادەتی پێ بەخشیویت .. ئەوە بوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێ کرد بوو کە ئیمامەتی بۆ بنەماڵەکەی بکات .. تا جارێك لە نوێژدا کەنیزەکێکی و غولامێکی کوشتیان لەسەردەمی جێنشینایەتی پێشەوا (عمر) دا (رضي الله عنه) ، وتراوە کە ئوم وەرەقە کەنیزەك و غولامەکەی خۆی کوشتیان عمریش (رضي الله عنه)

[1] - فەرموودەی (حسن)، صحیح ی سوننەتەکانی (ابی داود) (٥٥٣) و ئەلبانی دەڵێت :(حسن)ە.

فـەرمووی : بەڕاسـتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ڕاسـتی فـەرموو کـە دەیـوت : وەرن باسەردانی (الشهيدة) بکەین [1]... " ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت .

وە لە لای (ابی داوود) هاتووە لە ئوم وەرەقەوە ، دەڵێت : کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو بۆ بەدر ، پێی وت : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، با منیش بێم لەگەڵتان بۆ مەیدانی شەڕ ، لەوێ تیماری بریندارەکان بکەم ، بەڵکو خوا شەهادەتم پێ ببەخشێ ، ئەویش فەرمووی : " قري في بيتك ، فإن الله تعالى يرزقك الشهاده " لە ماڵەکەی خۆتدا بمێنەرەوە ، بێ گومان خوا شەهادتت پێ دەبەخشێ . لەبەر ئەوە بە (شەهید) بانگ دەکرا .

دەڵێت : ئەو قورئان خوێن بوو ، مۆڵەتی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرگرت کە لە ماڵەکەیدا بانگبێژێك دانێ و بانگی بۆ بدات ، دەڵێت : کەنیزەکێك و غولامێکی لە ماڵەکەیدا هەبوو ، جارێك بە قوماشێك لە لۆکە دەمیان گرت هەتا خنکا و پاشان بۆی دەرچوون ، کە ڕۆژ بوویەوە (عمر ؓ)، وتاری بۆ خەڵکەکە دا و فەرمووی : هەر کەس زانیاری لە شوێنی ئەو دوانە هەیە یان بینیویەتی ، با بیانهێنێت بۆم ، ئەوە بوو فەرمانی کرد لە خاچیان دان ، و بوونە یەکەمین لە خاچدراو لە مەدینەدا [2] .

[1] – صفه الصفوه (٢ / ٥١) .

[2] – فەرموودەی (حسن) صحيح سنن ابی داود (٥٥٢) ، ئەلبانی دەڵێت : (حسن) .

"٢٥ - ئوم خلاد (رضي الله عنه) "

" لە دوای نۆ تەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

هەرچی مەینەتی بە ئاسانە "

ئوم خلاد ، خێزانی هاوەڵی پایەبەرز (عمری کوڕی جموح)ە[١] . " ئوم خەلاد (رضي الله عنه) لەگەڵ هاوسەرەکەی و کوڕەکەی و براکەیدا چوون بۆ شەڕی ئوحود ، و کاتێ هەرسێکیان شەهید بوون ئەم هاوەڵە پایەبەرزە بەسەر وشترەکەیەوە هەڵیگرتن و بەرەو مەدینە بەڕێ کەوت ، و لە ڕێگا عائشە ، (رضي الله عنه) ی پێ گەیشت بە ئوم خلادی فەرموو : دیارە کە هەواڵت پێیە ، دەنگ و باس چیە ؟ ئوم خلادیش (رضي الله عنه) فەرمووی : سەبارەت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە سوپاس بۆ پەروەردگار سەلامەتە ، و لە دوای ئەویش هەرچی کارەسات هەیە ئاسانە ، وە خوای گەورە لە موسڵمانان چەند شەهیدێکی بردەوە بۆلای خۆی ، عائشەیش(رضي الله عنه) فەرمووی : ئەمانە کێن ؟ (هەواڵی لە شەهیدەکان پرسی) وتی : براکەم و کوڕەکەم (خلاد) و هاوسەرەکەم عەمری کوڕ جموح)ن ، عائشە فەرمووی : ئەی بۆ کوێیان ئەبیت ؟ وتی : بۆ مەدینە و لەوێ سپاردەیان ئەکەم ، پاشان وشترەکە گیر بوو ، نەیتوانی بەردەوام بێ لەرێ کردندا ، کەچی کاتێ ڕووی حوشترەکەی وەرگێڕا بەرەو و مەیدانی جەنگەکە حوشترەکە بەپەلە ڕۆیشت ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوێ مایەوە تا شەهیدەکانی سپاردە کرد ، و پاشان فەرمووی : (ترافقوا في الجنة : عمر و ابن الجموح و ابنك خلاد ، و اخوك عبدالله) واتە : هەرسێکیان عەمری کوڕی جموع و کورەکەت (خلاد) و (عبدالله) ی برایشت لەبەهەشت پێکەوەن ..

ئوم خلادیش وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوا لە پەروەردگار بکە منیش بکاتە هاوەڵی ئەوان ، ئەویش دوعای بۆ فەرموو .. بەو ئەندازەیە ، بە پێوەری هەست کردن بە بەرپرسیارێتی و بەرگە گرتنی دەرئەنجامەکانی ، ئافرەتی خەباتکار ئارامی لەسەر ئەم هەڵوێست و میحنەتە هەرە گەورەیە گرتووە ، وە بووەتە نیشانێك لە نیشانەکانی هێز ، و لە ئاستی بەرپرسیارێتی ئیمان دا بوو بەو ئارامگری یە و بەو بەیانە

[١] - باسی ژیانیمان لە بەشی پیاوانی دەوری پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کرد .

جوانەی وێنەی ئەو (تحدی) ئیسلامی یەی نیشانی دوژمندا کە بووە درکێک لە گەروویاندا تاوەکو وانەزانن بەو سەرکەوتنە چاوەر واننەکراو و ڕفێنەرەیان موسڵمانانیان لەناو بردووە ...

خوێنەری بەڕێز لە بەهێزی ئەم دەروونە ورد بەرەوە ، لە جوانی ئەم دەربڕینەی ئوم خەلاد وردبەرەوە : (أما رسول الله فصالح) سەبارەت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوا سەلامەتە ...

جا چ سەلامەتی یەك هەیە بۆ ئوممەت بە بێ سەلامەتی سەرکردەیەکی بە ئیمانی بەهێز ، کە ئوممەتێکی لەگەڵ بێت لە کاتی نەهات و دژواریدا بەو وێنەیە پشتی بگرن . وە کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) مژدەی ئەوەی پێ دەدات کە شەهیدەکانی لە بەهەشتدان ، سۆز و شەوقی دەبزوێ بۆ هاوڕێیەتی یان لە بەهەشتدا ، وەك چۆن لەمەیدانی جەنگدا لە گەڵیاندا بوو .

بەڕاستی هەر نەتەوەیەك ئەم باوەڕە پتەوەی هەبێت و ئەم بڕیارەی دابێت .. هەرگیز نامرێت [1] . وە بە ژیانی ئەم هاوەڵە چاکەخوازە ، کتێبەکەمان تەواو دەبێت .

" والحَمدُلله أَلّذي بنِعمَةِ تَتم الصالِحات "

---

[1] – نحو اسره بلا مشكل د . محمود عماره (١٩٥ – ١٩٩) بەدەستکارییەوە .

" كۆتایی "

پاش ئەم کایە پیرۆزە ..

لەگەڵ پێشنەی پیاوچاکانی ئوممەت و هەڵبژێراوان .. وامان بینی کە : —

" خوای پەروەردگار بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ، لە مرۆڤەکان بەرێزترین نەژاد و لایقترین فیکر و بۆچوون و پاکترین و بە تواناترینیانی هەڵبژاردووە ، و لە ناو ژینگەیەکدا ڕوواندوونی کە بە گەورە پیاوان دەورەدراوە ، بەو جۆرە بلاوبوونەوەی بانگەوازی ئاینی لە پیاوانێکەوە کە ئەوە پلەو پایەیان بێت .. شتێکە لە جێی خۆیدایە ، چونکە کاری گەورە هاوتای گەورە پیاوان و ئافرەتانی مەزنە ...

وە ناساندنی خوای پەروەردگار بە خەڵکی و ڕێنیشاندانیان بۆ سەر ڕێگای ڕاست و کردنەوەی گرێ دەروونی و کۆمەلایەتی یەکانیان لە شەریعەتی خوادا ، هەموو ئەمانە پێویستیان بە کەسانی شایستە هەیە ، بە بەهرە و ئەهلیەت نەك بە قسە .. لەبەر ئەوەیە ابن مسعود دەڵێت : (خەڵکی حاڵیان باشە مادەم زانست لە گەورەکانیان وەرگرن ، خۆ ئەگەر لە بچوکەکانیان و پیاو خراپەکانیان زانست وەرگرن .. تیا دەچن)

مەبەست لە گەورەکان ئەوانەنین کە خاوەنی لاشەیەکی زل و خاوەن سامانێکی زۆر و پیشەو کارێکی سامناك بن ..

بەڵکو گەورەکان لە دیدی ئیبنو مسعوددا ئەوانەن کە خاوەنی هیمەتێکی بێ سنوور و مافدۆستێکی بالاّ و عیفەتێکی دیار و بەرچاو ڕوونیەکی ڕاست و دڵێکی پاکن ... بۆی هەیە لە پێشەوایان بن بۆی هەیە لەوان نەبن ، وە بۆی هەیە دەوڵەمەندبن ، بۆیشی هەیە نەداربن .. وە ئەوانە پارە و پێگەشتێکی تێپەڕ بووە لەلایان و هەرگیز توخنی بەها تایبەتەکانیان ناکەوێت و بە هیچ شێوەیەك شوێن لەسەریان دانانێت [1] .

هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو جۆرە بیریان کردوەتەوە ، وە حاڵی ئەم ئوممەتەش باش نابێت بەوە نەبێت کە حاڵی پێشینەکانی باش کردووە . خوای پەروەردگار یارمەتیمان بدات بۆ شوێن کەوتنیان و لە خراپەی (داهێنان — ابتداع) بمانپارێزێت ...

﴿ ... وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنْ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴾

سعد یوسف محمود ابوعزیز

ذوالعقدة ١٤١٩ كۆچی ، مارس ١٩٩٩ م .

وەرگێڕ : ١١ / نیسان / ٢٠٠٨ زاینی

---

[1] – (معركة الضعف في العلم الاسلامي) (١٢١ ، ١٢٢) .

((پێڕست))

بابەت	لاپەڕە
بەشی یەکەم	
" چاکە و فەزڵی هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێت) "	٧
" پیاوانێك لە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) "	١٥
١ - ئەبوبەکری صدیق (رضي الله عنه)	١٥
٢ - عومەری کوڕی خەتاب (رضي الله عنه)	٣٦
٣ - عوسمانی کوڕی عەفان (رضي الله عنه)	٦٦
٤ - علی کوڕی ئەبی تالیب (رضي الله عنه)	٨٠
٥ - تەڵحەی کوڕی عبیدالله (رضي الله عنه)	٩٨
٦ - زوبێری کوڕی عەووام (رضي الله عنه)	٩٩
٧ - ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح (رضي الله عنه)	١١٢
٨ - عبدالرحمن ی کوڕی عوف (رضي الله عنه)	١١٨
٩ - سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص (رضي الله عنه)	١٢٥
١٠ - سەعیدی کوڕی زەید (رضي الله عنه)	١٣٧
١١ - حمزەی کوڕی عبدالمطلب (رضي الله عنه)	١٤٣
١٢ - بەڕائی کوڕی مالك (رضي الله عنه)	١٥٤
١٣ - عبدالله ی کوڕی مسعود (رضي الله عنه)	١٥٩
١٤ - عبدالله ی کوڕی عباس (رضي الله عنه)	١٧٢
١٥ - ئەبو دەرداء (رضي الله عنه)	١٨٠
١٦ - قەتارەی کوڕی نعمان (رضي الله عنه)	١٨٦
١٧ - عامری کوڕی فهیرە (رضي الله عنه)	١٨٨
١٨ - بلالی کوڕی ڕباح (رضي الله عنه)	١٩٠

بەشی دووەم

له چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانەدا بن

له چاپ و دیزاین دا...

السراج المنير في ترتيب أحاديث (صحيح الجامع الصغير)

التذهيب في أدله (متن الغاية و التقريب)

له وەرگێران دا...

تسهيل فهم شرح الطحاوية

(ألف سوال و جواب في شرح العقيدة الطحاوية)

نوسينی: ابن أبي العز الحنفي

ئاماده كردنی: د. خالد بن ناصر بن سعيد ال حسين الغامدي

لەبڵاوكراوەكانی كتێبخانەی وەفایی